- خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

- سەرنووسەر

**ئازاد عەبدولواحید**

- بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

- مۆتیڤ و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**





# ١١٠

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ تەمووز ٢٠٠٦**

---

**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەڵاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەڕۆکی


**● پەیامی پیرۆزبایی**

نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە سەرنووسەر و کارمەندانی گۆڤاری ڕامان دەکات/ 3

**● سەروتار**

– گۆڤاری ڕامان مۆمی یازدە ساڵەی تەمەنی دادەگیرسێنێ/ سەرنووسەر/ 4

**● دەق**

– شەهیدان ماڵیان لە شووشەیە بەرد ناگرنە ماڵی کەس شەهیدەکان/ دلاوەر قەرەداغی/ 5
– ماڵی شیعر/ ئازاد دڵزار/ 7
– کۆلانەکانی ژن پڕ پڕن لە غەدری پیاو/ حەمە کاکەڕەش/ 9
– دەستانا کاوا و ئاژدەهاق/ ئارژەن ئاری.. ڤەگوهاستنا: خەولە نووری/ 10
– زەمەنی خولڤاندنی شتەکان/ زەکەریا تامر.. وەرگێڕان و بە شیعر داڕشتنی: پشکۆ نەجمەدین/ 18
– نیوە پیاو/ فەرهاد پیرباڵ/ 21
– ڕۆژێکی زۆر گەرم/ ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی/ 32
– زۆلستان/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 35
– جوانی/ سەلام مەنمی/ 38
– ئەویندارێتی لە پەراوێزدا/ لە فارسییەوە: ڕەسووڵ وەیسی/ 40

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نووسەر و شاعیری ناودار (عەبدولڕەزاق بیمار)/ ئا: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو/ 44
– دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەندی سینەماکار (جەمیل ڕۆستەمی)/ ئا: دڵشاد خۆشناو/ 55

**● لێکۆڵینەوە و ڕەخنە**

– کاتێک بۆ پەیڤینی فۆرم/ ڕەهبەر مەحموود زادە/ 63
– مەم و زین ڤەرێژەکا ئەفسانەییا یان ژی ڕاستیەکە هاتیە رویدان/ وەلید حاجی عەبدولقادر/ 72
– نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا/ سابیر ڕەشید/ 85
– با بە زمانی حەیزەران نموونەکان نەشێوێنین/ ئامر تاهیر/ 94
– مۆبایلە شیعر (شیعرییەتی کورتبڕیی)/ د. فوئاد ڕەشید/ 104
– زمان، وێژە، خوێندن/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین/ 109

**● وتار**

– مێژووی ئەدەبی کوردی/ مارف خەزنەدار/ 117
– خەسارەکانی شیعری کوردی/ کەریم حیکمەتی/ 120
– کولتوور وەک بابەتێکی لێکۆڵینەوەی زانستی/ لە فارسییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 122

**● تیۆری ئەدەبی**

– ڕەخنەی مارکسیستی/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 125

**● هزر و فەلسەفە**

– هزری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستمێکی سەرتاپاگیردا/ د. حەمید عەزیز/ 131
– خەون و واتاکانی خەون لە ڕوانگەی ئالفرێد ئادلەرەوە/ لە عەرەبییەوە: شوکور سلێمان/ 141

**● ئەزموون**

– لەسەر دەستی عادل سەلیم دەنووسم/ کاروان عومەر کاکەسوور/ 148

**● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**

– بوونی ئێستایی و مۆرفیمی ئێستایی/ د. شێرکۆ بابان/ 156
– بزاڤی ڕۆژنامەوانیی کورد/ ئارا ڕۆژهەلاتی/ 161

**● مێژوو - کەلەپوور**

– ئەفسانە و خەون/ محەمەد سلێمان عەباس/ 166

**● هونەر**

– شانۆگەری هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە/ کەمال غەمبار/ 170
– ڕێژیسێر و شانۆنامە/ د. فازیل جاف/ 173
– سەمای پەرستگا، یان گەشتی مەرگ و ژیان/ دانا ڕەووف/ 182
– تابلۆ (پۆرترێت)ەکانی ڤان کوخ/ حەمە هاشم/ 189
– وێنەی ڕۆژنامەنووسی لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا/ فارس سەعدی/ 194

**● خوێندنەوەی کتێب**

– ژیان کورتە/ هاشم سەراج/ 197
– سیمای هۆزانی ڕۆژهەلاتی کوردستان/ عەباس سلێمان سمایل/ 201

**● ئێستێک**

– چەکچەکیلە و مێوەی زۆڵەک/ مەحموود زامدار/ 208

# نێچیرڤان بارزانی بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی (١١) ساڵەی تەمەنییەوە پیرۆزبایی لە سەرنووسەر و کارمەندانی گۆڤاری ڕامان دەکات

لە ١١/ ٦/ ٢٠٠٦ی ئەم مانگە کە ڕێکەوتی یادی یازدە ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان) بوو، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ سەرنووسەر و کارمەندانی گۆڤارەکە نارد کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

## بەڕێزان سەرنووسەر و کارمەندانی گۆڤاری ڕامان



**سلاو و ڕێز**

داگیرساندنی مۆمی (١١) ساڵەی تەمەنی گۆڤاری ڕامان، بۆنەیەکی ڕووناکە کەوا لەو چەند ساڵەی بزاڤی ئێوەدا بەرجەستە و دیارە بۆ گرتنە باوەشی داهێنانەکانی تێکڕای نووسەرانی کورد و پەخش کردنی دەقی شایستە کە دەربڕی ئازار و خولیاکانی مرۆڤی کوردە.

لەم بۆنەیەدا پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو ئەو قەڵەمانە دەکەم کە بەشدارن لەو پەیامە ڕۆشنبیرییەی کە ڕامان پەیڕەوی دەکات، کە بەو تەمەنە پڕ شکۆیەی پەیکەرێکی بەرز لە دەق و لێکۆڵینەوەی پڕ ماناو جوانی و پڕ زانین و مۆرکی سەردەم و ڕەسەنایەتی هەڵگرتووە. بەردەوامیتان کاروانی وشەی کوردیمان ڕەنگینتر دەکات.

هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بن

لەگەڵ ڕێزدا

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**٢١/ ٦/ ٢٠٠٦**

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# گۆڤاری ڕامان مۆمی یازدە ساڵەی تەمەنی دادەگیرسێنێ

* بیرکردنەوە لە پرۆژەیەکی ئەدەبی- ڕۆشنبیری هەمەلایەن کە بایەخ بە داهێنانی داهێنەران و بەرهەمی نووسەران بدات و لەژێر دەست و پێی نووسینگەلی سیاسیی ناو چاپەمەنییەکانی تەرخان بۆ سیاسەت دەریان بهێنێ، لە ڕۆژگارێکدا کە دووکەڵی شەڕی نەگریسی خۆکوژی بەری ئاسمانی گرتبوو، بە مەرجێک ئەو پرۆژەیە دوور بێ لە دەستێوەردانی سیاسەتوانەکان، کارێکە بۆ ئەو کاتە سەرەتایەکی ئیش کردنە بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست، بۆیە لەو کاتەدا کە تروسکەی ڕووناکی و ئومێد کزبوو و بە زەحمەت لە ئاسۆگەدا بەدی دەکرا، کارێکی لەو جۆرە هەروا ئاسان نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیرادەیەکی لە پشتەوە بوو ئایندە و پاشەڕۆژی لەبەرچاو گرت و بوو بەو واقیعەی ئەمڕۆکە هەیە کە کەسانی خاوەن ویژدان ناتوانن نکۆڵی لە دەور و کاریگەرییەکەی بکەن.

* بەڵێ.. ڕۆژی ١٩٩٦/٦/١١ نۆبەرەی ئەم گۆڤارە کەوتە بەر دڵ و دیدەی خوێنەرانەوە، لەوکاتەدا کە نە چاپخانەی پێشکەوتوو، نە دیزاینەر، نە تایپیست و هەڵەچنی باش و کوردیزان، نە ئامێری کۆمپیوتەری زۆر و زەوەند لەبەردەستماندا نەبوون، هەموو چاپەمەنییەکانی دەزگای گوڵان بە (گوڵان)ی هەفتەنامە و (گولان العربي) و (ڕامان)ی مانگانە (٢) کۆمپیوتەرمان هەبوو، بۆیە گۆڤاری ئێمە کەوتە (١١)ی مانگی حوزەیران تا لەگەڵ کاری کەڵەکەبووی سەری مانگانی سێ چاپەمەنی و سەرقاڵیی کۆمپیوتەرەکان بەهۆی (تایپ) و (نەخشەسازی)، پاشان چاپ کردنیان لە چاپخانەی ڕۆشنبیری کارەکان تێکەڵی یەکتر نەبن.

* لەوکاتەدا کە (ڕامان)مان کردە ئەمری واقیع و ژمارەی (١)ی ئامادەکرا بۆ چاپ، من ئەوکاتە بە مەبەستی چاپ کردنی گۆڤاری گوڵان هەموو (١٠) ڕۆژ جارێک هاتوچۆی شاری دهۆکم دەکرد، چونکە ئەوکاتە کارەکانی بەڕێوەبەری نووسینی ئەو گۆڤارەم ڕادەپەڕاند، لە دهۆکیش چاپخانەیەکی سادە هەبوو کە هی کۆلێژی شەریعە بوو بەناوی (چاپخانەی شەریعە)، ئەو ژمارەیەمان لەوێ چاپ کرد. هەروەها ژمارە (١)ی گۆڤاری (گوڵان)ی عەرەبیشم هەر لەوێ چاپ کرد، پاشان ژمارە (٢ و ٣ و ٤)مان بردە چاپخانەی (خەبات) کە چاپخانەیەکی نوێ بوو لە لبنانەوە هێنابوویان. ئەو ژمارەیە (٦٠) لاپەڕە بوو، کۆمەڵێکی بەرچاو لە نووسەر و هونەرمەند و داهێنەرانی ناوداری کورد لە شارەکانی کوردستانەوە بە بێ دوودڵی و سڵ کردنەوە بەرهەمیان بۆمان نارد و بەشدارییان تێدا کرد.

* ژمار (٥-٦)ی گۆڤارەکە چاپەکەی کەوتە چاپخانەی ڕۆشنبیری شاری هەولێر، لە ژمارە (٦) بەو لاوەش یەکەم گۆڤار بووین بەو توانا تەکنیکییە ساکارەی لەبەردەست بوو بەرگەکەی بووە ڕەنگاوڕەنگ، لەبەر ئەوەی بەرگێکی جوان و بەرچاو بوو، لە دوای ڕاپەڕین ڕۆژنامەگەری کوردی شتی وای بەخۆوە نەدیبوو، بۆیە دەنگۆیەک بڵاوبۆوە کە گوایە بەرگەکەی براوەتە (تورکیا) یان (ئێران) چاپ کراوە. تا ساڵانێکی دوور و درێژیش دیزاینەرمان نەبوو، ئەگەرچی ناو بەناو کاک (عەبدولقادر عەلی مەردان) لە مەسیف سەردانی دەکردین و هەندێ تێبینی خێراو سەرپێی دەدایێ، بۆیە دەبوو لە تەنیشت کۆمپیوتەرەکان دابنیشم و ئەو سووکە زانین و زەوقەی لە ئەزموونی چاپکردنی کتێبە چاپکراوەکانم و خوێندنەوە و بەدواداچوونی خۆم لەمەڕ هونەری شێوەکاری هەمبوو لەوێدا بەکاری بهێنم، دەبوو بەردەوام سەرنج و تێبینی و پێشنیاری خۆمیان بدەمێ. لەبیرمە بۆ نەخشەسازی ژمارە (١)ی گۆڤارەکە لەسەر مێزەکەی کاک سەرۆ قادر نەخشەسازی و دانانی «کتلە»کان لەسەر بەرگی یەکەم و دواوە بڕیاری لێدرا.

* ئەمڕۆ ئەگەر ڕامان لەسەرپێی خۆی ڕاوەستاوە و لەبەرچاوانە و گەورە بووە و خاوەنی قورسایی و ناوبانگی خۆیەتی و لەناو توێژی ڕۆشنبیران ئامادەگی هەیە و حیسابی بۆ دەکرێ، ئەوە بەروبوومی دیقەت و کاری وردبینانە و جەددییەت و خۆ بۆ تەرخان کردن و چنینەوەی بەرهەمی چاکی نووسەران و تۆڕی ئەو پێوەندییە فراوانەیە کە لە ماوەی ئەو ساڵانە لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان و ئەورووپا دامەزراوە، بەرهەمی ڕاستگۆییە لەگەڵ بوارێکی زۆر ناسک کە فرۆفێڵ قەبووڵ ناکات، لەو کاروانەشماندا ناڵێین ڕێگەکەمان هەمووی هەر گوڵ و گوڵزار بووە، بگرە لە ڕەوتی ئیشوکاری خۆماندا تووشی بێ ویژدانی و ناهەقی زۆر هاتووین و ڕێگریمان لێ کراوە و زۆر بەربەست و تەگەرە و ئاستەنگمان بۆ دروست بووە، بەڵام کە ڕامان بۆ خۆی بەرهەمی سووربوون و پێداگرییە، کۆڵی نەداوە. ڕۆژنامەنووسیش یان دەبێ ڕۆژنامەنووس یان چتێکی تر بێ، چونکە کاری ڕۆژنامەوانی پێشناکەوێ ئەگەر خۆ بۆ تەرخان کردن و بەدواچوونی لەگەڵدا نەبێ، واتە کوڕێنی کردن بەسەر ڕۆژنامەگەرییەوە بەرهەمی چاکی لێ نارسکێ!

* ئێستاش کە ئێستایە ڕۆژانە ئۆفیسەکەمان وەک وەرشەیەک لێکردووە و لە ڕاپرسییەکی بەردەوام داین بۆ پرسیارکردن لە ئاست و کەموکوڕی ڕامان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان، ئەوەی لە توانا و دەسەڵاتی ئێمە دایە چارەسەریان دەکەین، ئەوەش کە لە دەسەڵاتی ئێمە بەدەرە بەردەوام لەگەڵ ئەوانەی سەرووی خۆمان داوای چاککردنیان دەکەین. ڕامان ئەگەر بە باشیش لە ناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دابەش نەکرێ، بەڵام هێدماستەری ڕامان ئەوە نیشان دەدا کە مانگانە بەسەدان و هەزاران کەس دەچنە سەرسایتەکەمانەوە و دەیخوێننەوە، لەسەردەمێکدا کە زۆرم کەم خوێنەری جدی ماوە تاقەتی خوێندنەوە و بەدواداچوونی هەبێ.

* ئەمڕۆکە ڕامان بووەتە واقیعی حاڵی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی و ڕەنگدانەوەی بەشێکی زۆری توانا و بەهرەو داهێنانی نووسەرانی کورد، چونکە تائێستاش باشترین دەق و نووسینی نووسەرانی کورد دەگرێتەخۆی و بڵاویان دەکاتەوە.

* ناکرێ لەو یاد و بۆنەیەشدا پشتیوانی بەردەوامی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەبیربکەین کە هەر لە سەرەتاوە پشتیوانێکی گەورەی ئەو پرۆژەیە بووە و دەستخۆشانە و پەیامەکانی بۆ ئێمە پاڵپشتی مەعنەوی گەورەن بۆ کۆڵنەدان و بەردەوام بوون لەسەر کاری خۆمان. جێگەی خۆیەتی هەر لێرەوە بڵێین ئەمڕۆکە لە پاش یازدە ساڵ پێویستە بایەخ و گرنگییەکی زیاتر و لایەقتر بەو مێژووەی ڕامان بدرێ، تا بتوانێ زیاتر لەم بارودۆخە نوێیەدا دەوری خۆی لە ناو توێژی ڕۆشنبیراندا بگێڕێ.

**سەرنووسەر**

# شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە بەرد ناگرنە ماڵی کەس شەهیدەکان!

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)



شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە
بەرد ناگرنە ماڵی کەس
دوو دوو و سێ سێ دێنەوە و
پۆلەکانی خوێندن پڕ دەکەنەوە
لە قەرەباڵغی
تا دوای دەرسی شەشەم ناڕۆنەوە
دیوارەکانی گەڕەک پڕ دەکەن لە شیعر
مەچەکیان بە دڵ و تیر دەکوتن
جادده پڕ دەکەنەوە لە پیاسە
بەدوای باشترین دەورەدا دەگەڕێن بۆ نەقاشیی
بۆ فێربوونی سەما
بۆ ژەنینی ئۆکۆردیۆن

شەهیدەکان کۆڵانێک دوورتر...
هۆدەو هەیوانێکی عەلا حەددە
لە حەوشی گەورەی سونبوڵدا بەکرێ دەگرن
دەبنەوە بە جیرانی کۆتر
هەمدیسان پەنجەرەیان بەرامبەر پەنجەرەی
ماڵی دادە ڕەیحانی ئافتاب
بەیانیی شەبەق باوکیان لە خەویان هەڵدەستێنێ
بۆ نانی گەرم کڕین
بەدیار گڕمە و گەرمای تەنوورەوە
لەبەر خۆیانەوە
گۆرانی دەڵێن و دەنوون و
خەون دەبینن
لە خەونیاندا
شەویان بەسەردا هاتووە.... شەوێکی گەرم
لە بێشەڵانێکی چڕدا ون بوون
تینوێتیی برستیان لێ دەبڕێ
دەڕۆن و قاچیان لەدوویان نایە

**بانگ دەکەن و دەنگیان... وشک**
**وەک بڵێی**
**لە قووڵایی بیرێکەوە بێت**
**نمناک و**
**تاریک و**
**تەنگ!**

**شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە**
**بەرد ناگرنە ماڵی کەس**
**ئەوان کە عاشق دەبن**
**ڕەشەبایەک هەڵدەکا و**
**قژیان تێکدەداتەوە**
**کە دایکیان جوان بۆی شانە کردوون**
**قۆپچە بە کراسە سپییەکانیانەوە ناهێڵێ**
**کە خوشکە بچووکەکانیان جوان بۆی ئوتوو کردوون**
**ئەوان کە عاشق دەبن**
**گێژەڵووکەیەک لە باخەکانیانا هەڵدەکا**
**چاویلکە هەتاوییەکانیان دەفڕێنێ و**
**چاوانیان پڕ دەکا لە لم**
**کۆڵانە و کۆڵان**
**بەخۆڵدا.... بە بیابانێک تەنیاییدا دەڕۆن**
**وەک بۆنێکی خۆش**
**تاوێک بە چیچکانەوە لەبەر دەرگا دادەنیشن**
**چاکوچۆنییەک لەگەڵ باجی مینای بەختگرەوەدا دەکەن**
**هەر منداڵە و چنگە نوقوڵی خۆی لێ دەبا**
**هەر ژنە و سەتڵی خۆی لێ پڕ دەکا**
**هەر ماڵە و ئینجانەی خۆی**
**پێ ئاو دەدا**
**هەر پیرەمێردە و سۆڵۆی تەنیایی خۆی**
**پێ لێدەدا**
**ئینجا دەڕۆن و بەدەم ڕۆیشتنەوە**
**هێند تەنک دەنوێنن**
**کاتێ دەگەنە سەری کۆڵان**
**خەمین**
**هێور**
**نم نم**
**وەک تەمێکی شینی کاڵ دیار نامێنن!**

**شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە**
**کاتیان نییە بەرد بگرنە ماڵی کەس**
**کاتیان نییە بۆ تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن**
**بۆ گوێڕادێران لە هەواڵەکانی شەڕ**
**بۆ خوێندنەوەی غەزەتە**
**بۆ چاوگێڕان بە بورجەکانی بەختدا**
**شەهیدەکان کاتیان نییە**
**بۆ ئیرەیی بردن بە کەس**
**ئەوان ئیتر هاووڵاتی جێگا و زەمەنێکی دین**
**شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە**
**خۆشبەختانە... کاتیان نییە**
**کاتیان نییە**
**شەهیدەکان**
**بەرد بگرنە ماڵی کەس..!**

کۆتایی ئەپریلی
٢٠٠٦



# ماڵی شیعر

ئازاد دڵزار

**عیبادەت**

**شەو تاریک بوو**
**بێ پەنگرو بێ کارەبا،**
**لەپشت پەردەی ڕەنگ فستقی**
**پەنجەرەیەکی بڵندا،**
**چرایەک گەش گەش دەئایسا.**
**یەکسەر زانیم ماڵی (شیعر)ە،**
**ڕاوەستام و بە ئەسپایی لە دەرگەم دا.**
**بینیم کچە شیعرێکی شۆخ**
**کەمەندی شاکەزی خۆی بۆم شۆڕکردبۆوە.**
**هەر کە پێیدا بەسەرکەوتم**
**دیم وا شاعیرێکی مەلوول،**
**کۆکتێلی گریەومەی لە دەست**
**مەست مەست،**
**بەسەرشانی عودێکەوە**
**لاربۆوە.**

هەولێر ١٥-١-٢٠٠٦

**هەرزە**

**پێم گوت بەودەم چەفتی هەرزە.**
**بەوسەرو ئەسکوردی خینگەو،**
**بەو پاشەڵە نزیک ئەرزە.**
**چیتر بەردمەخەرە ژێر پێت.**
**چیتر بەدارو دیواری ناخی شیعر**
**هەڵمەزنێ.**
**چونکە تاق و حەرەم سەرای**
**(ماڵی شیعر)،**
**عاسێ و بەرزە.**

هەولێر ١٥-١-٢٠٠٦

**شاری خەونەکان**

**ماڵ ساردوسڕ، تاریکستان.**

ئاسمان تووڕه، لافاو، تۆفان.
لەوهەردانه دەستی زریان،
تووی تەرزەو بەفرو گلێرەی دەوەشان...
ڕەشەبام لەخۆم ئالآندو،
بەناو لرفەی تۆف و بۆران
خۆم گەیانده (ماڵی شیعر)،
دەستم کرد بە دەرگە کوتان.
دیاربوو شیعریش خانه بەدەر،
چووبوو بە هاواری ماڵە (ئاوارەکان).
له هەژمەتان،
قاپێک بادەم بەسەرو کەللەمدا کردو
خۆم داگیرسان.
تا بەیانی،
له دەوری (شاری خەونەکان)
خولامەوە.
لەناو گێژەنی باهۆزو،
لەبەر تکەی ساردی باران.
هەڵگەڕابوو.
هەولێر ۱۰-۲-۲۰۰٦

لاولاو
دیسان چاڵە مەرگێکی تر
ئاشکرا بوو.
مەیت و کەلەش،
وەک بێستانی خرچەو زەبەش،
بەسەریەکا هەڵرندرابوو
دایکانی ڕەشپۆشم بینین
وەک چووبنه پەمۆ ڕنینێ
هەریەکەو جاغێکی سپی
پڕ ئیسقانی،
لەبەردەمی خۆی دانابوو
برادەرێکی بەندیخانەم بیرکەوتەوە.
دوای بەربوونمان،
پێناسی پارتیزانییەکەی
ئاشکرا بوو.
شەو لەناوێک چەند تارماییەک
خستیانه لاندکرۆزێکەوە.
هەتا ئێستا،
سۆراغێکی نەزاندرابوو.
تا ئەمرۆ لەو کێڵگەیەدا
دۆزیمەوە.
ببوو بەلاولاوێکی سپی،
به بالکۆنی (ماڵی شیعر)ا

نووری خوا
لەم ئێواره زستانییەدا
خۆرم بینی نەوی، نەوی
هێند نەوی بوو،
لەپشت چەتری
کچه شۆخێکی زانکۆدا
ئاوا دەبوو.
دەستی تیشکۆی،
له ئەگریجەی هینجانه (بیگۆنیا)یێکی پەمەییدا
هەڵدەلەرزی و لەگۆ دەچوو.
(ماڵی شیعر)یش گەرم، ڕۆشن
خۆری جوانی،
پڕی نووری خوا کردبوو.
هەولێر ۲۰۰٦/۲/۱۱

خۆکوشتن
هەر له ترسی قەنزەوەنزەی
باڵندەکان.
کاروانی قازو قورینگان ڕاگیرابوو.
کۆترومەلی خۆشەویستی
سەربڕا بوون،
خوێن لەو ناوەدا ڕژابوو.
لەمەراقان،
مانگ پشتی کردبۆ (ئاسمان)
لەسەر ڕا خۆی فڕێدابوو.
له حەوزی (ماڵی شیعر)دا
دۆزییانەوە،
سەراو کەوتبوو، خنکابوو.
هەولێر ۱۱-۲-۲۰۰٦

سووتان
لەسەرخوانی
ئێوارانی (ماڵی شیعر)ا،
مۆمێکی کز دادەگیرسێ
تا بەیانی،
ڕۆحم دەبێته پەروانەو،
بەدەوریدا
هەر دەسووتێ و هەر دەسووتێ.
هەولێر ۱۱-۲-۲۰۰٦

# کۆڵانەکانی ژن پڕ پڕن لە غەدری پیاو

حەمە کاکەڕەش
(سوێد)



بەم هەموو خەون و خەیاڵە
بەم هەموو کۆتر و ئەستێرە و باڵەوە
ناگەمە ئەو سەری کۆڵانەکانی مردن
ناگەمە ئەو سەری کۆڵانەکانی ژن
ئەوەی دەینووسم، شوێن پێکانی عەشقە
وەک جێگای ماچێ بە کاڵی
لە کۆڵانەکانی ژن بەجێماوە
کۆڵانەکان ڕەنگاوڕەنگن
کۆڵانەکانی مردن پڕن لە نائومێدی
کۆڵانەکانی ژن پڕن لە ئاو
کۆڵانەکانی مردن پڕن لە هیچ
کۆڵانەکانی ژن پڕن لە هەتاو
کۆڵانەکانی مردن نە باخچەیان لێیە و
نە جۆلانە و نە حەوزی مەلە و نەیاری منداڵان و نە گۆرانی و
نە پێکەنین و نە چاوشارکێ و نە شەڕە بەفر و نە شەڕە بەرد و نە شەڕە ئاو
کۆڵانەکانی مردن دەرگای لێ نییە
پەنجەرەی لێناکرێتەوە
ئەوەی دەڕوا ئیتر مەگەر خۆی بزانێ بۆ کوێ دەچێ و ئاخۆ جارێ تر دێتەوە
لە کۆڵانەکانی مردندا
کەس هیچ ناکڕێ، کەس دوکاندار نییە
کەس ژن ناهێنێ، کەس منداڵی نابێ
کەس سەیارە، کەس پایسکل لێ ناخوڕێ
کەس وێنەیەک ناگرێ بۆ یادگاری
کەس کۆتربازی ناکا
کەس باڵندەیەک نابینێ بفڕێ
کەس ژنێک نابینێ لەگەڵ تیشکەکانی کازیوەدا تەندور داخا
کەس ناچێ بۆ جەژن وردەواڵەی ڕەنگاوڕەنگ بکڕێ
کەس هیچ نانووسێ
کۆڵانەکانی ژن پڕ پڕن لە کۆتر، لە باران، لە ئاگر، لە سۆز
لە ڕوانین لە فڕین لە وەرین لە ئەوین
کۆڵانەکانی ژن پڕ پڕن لە غەدری پیاو.

# دەستانا کاوا و ئاژدەهاق

ئارژەن ئاری
ڤەگوهاستنا : خەولە نووری
(کەرکووک)



**ژ دەسپێکێ رە...**

(١)

**چیرۆکا کاوا و دەهاقێ بابلی
ئارەک گەڤەزە هێ ل ڤی ملی
قەتەک ژییانە ب پەیڤ و چیرۆکی
ئار دە وەژیا ئەو وەختا دیرۆکی
ئو بوو هەمبەری، تێهن دا ئادارا
هەر ڤێکەتی ما ل شوونا وارا.**

**چەند قرن بەرێ**

(٢)

**هەبوو زلدارەک ب ناڤێ دەهاق
راسەری ئۆرمیێ ل برجا چوارتاق
خوەش دچێژیا ب روو ئەهریمانی
جرنیسێ خوینێ ب کەی و قەرانی
قەت نە دناسی هونکر و مونکر
ژ زلمێ زابوو، زۆرداری دکر**

**ئو ووسا دگۆ:**

(٣)

**د سەر من رە کا، هەنە تاجدار
ل ڤێ گەردونێ میر وحوکومدار
دگۆت دیڤانێ، ما (زەردەشت) کی یە؟
ئەز کو خوەدا مە، ئەو یکی سەوی یە
ئومرێ من دگۆ، مێژوویا کورە
گور من دبینە لۆما دزورە**

**ل دیڤان و قۆناخێ**

(٤)

**قردکا دکەناند، وەنسا وی تانین**

ل بەر کابۆکێ جێریـێن نازەنین
خوارن و فێکی، تەعام و شیرایی
قازێ براشتی کەڤێن پیژیایی
رەقس و کەفێ، تا دەمێ رازانێ
دۆم دکر جۆشێ ل دیوانخانێ

**ب داری زۆرێ...**

(٥)

ژ دۆر خوە دستەند بیەش و دەمان
باج ئاڤێتبوو (ئوور) و (هەمەدان)
دەستێ زلێ بوو، دگها چیا
ژێ دترسییا (فەرعونێ قیتیا)
(جوها) ب جوهاتیی خوە دەماندن
پر جاران ژێ رە خەلات دشاندن

**کوردا گۆتییە**

(٦)

ئاهێ چاڤەک ئژ چاڤ رە نامینە
بزنا ب ستورەهـ یا کۆل دبینە؟
هێچاندنەکە، پێرە گۆتنە
باڤ وکالا ژ مە رە هشتنە
پشتی تەنگییان دزە فەرەحی
پێشییا فەرەحیێ تەنگی یە، ئەسەحی

**رۆژەک ل رۆژان**

(٧)

ئێشەک کەت سەری، هش پێ ڤە نەما
دەهاقێ مەزن کەت بەحرا خەما
رۆژ گها مەهێ، ئێش لێ گران بوو
خور لێ پەیدا بوو ئاڤێت لاش لێ دوو
تالی، پۆرێ قەر وەشیا ژ بنی
ئەلەمێ ل لاش گرت، ئو بیهنا گەنی.

**رەوش خەراب بوو...**

(٨)

نالەنال دکەت گوهێ دیوارا
شەڤت نەدمر ب پەل و پنجارا
هەواری دکر ب دەنگێ گریایی
د لاش دە دابوون سیرا کوتایی
کورمک مابوون کو باڤێتنا لاش
ژێ تێرگۆشت دبوون مار و گۆرنەباش.

**ب بیهنەک تەنگ...**

(٩)

ژ خولام رە گۆ، بانکە وەزیرا
نە کو دلێ وان بدن بەر تیرا!
ئەز ئی دەهاک بم، ب ئێش و ژان بم
د لڤینێ دە پور پەریشان بم...
مرزن ژ رووچک ژ من دگوهەرە
ولۆ ب بلین گۆ، د بەر خوە رە...

**وەزیرێن ئەڤدال...**

(١٠)

کتە کت هاتن، ب دلێ لەرزین
بێ حس و کپین ل دەهاق نەرین
دابوو روویێ وان ساڤێرا ترسێ
کا کێژانە کو کاری بە بپرسێ
یەک قەدمی هاتێ لنگێ تەخت
گۆتیێ فەرمۆ سولتانێ هەر وەخت

**ب خولقەکی تەنگ...**

(١١)

دەهاق ژی زرت گۆ، گەلی وەزیرا
ڤێ ئێشێ ز کرم رەنگێ هێسیرا!
ئەردێ دەرد دابە بزرەکە دەرمان
ما بێ عەلاجە ئەڤ نەخوەشییا هان؟
فەرمانا منە، لۆقمانا بینن!
ژ کو هوون تینن دەرمان ببینن

**فەرمان ب لەزن...**

(١٢)

مینا ئەورێ چر کو تەڤا شل ل دوو
فەرمانا روو– مر ل (ئەیران) بەلا بوو!
خوم خوم گەرپا ل دەشت و نەوالا
کەرا گوهـ ددان قسەتا لالا
ل سەرێ چیا دار دتەوییان
ژ سهائل ریا پرس دپرسییان

– رۆڤی رەڤیا، گۆ فەرمانا دەڤا یە
دەڤە بقەدن گۆ، دۆرا رۆڤیێ یە

ب فەرمانێ رە...
(۱۳)
ب فەرمچێ رە ژ چار هێلا (ئاریان)
حەکیم و لۆقمان ل قەسرێ باریان
برەک ب رەهبوون ب شاشک و عەبا
خوەدی تزبەحبوون ژ وان یەک حەبا
هلکشیان ژۆر ب گاڤێن ئەمین
تێ بگۆتا ئەو ن زانیارێ دەمێن

حەکیم و لۆقمان...
(۱٤)
جڤییان ل نەخوەش و نەخوەشیێ
ل بەر شەباکا بەرێ وێ ل چیێ
ئایەت خوەندن، پرتوک ڤەکرن
هوندرێ قەسرێ تژی دوو کرن
بانگ کرن روحا، بانگ کرن جنا
هەجان ل لاش دان، ئو مووییێن بزنا...

پشتی دوو رۆژان...
(۱٥)
بۆ بشێورن ب هزر و رامێ
دا بریارەکی تێخەن ئەنجامێ
جڤییان سەر هەڤ ل قاتا بانی
پرسا بەرسڤەک ب خوە رە نانی
یەکی ژ وان گۆ، هەیانی نووها
من نەدیتییە ئێشەکە وەها

یەکی دن گۆ...
(۱٦)
ئەڤ ئێشا هانێ ژ سێربازا یە
ئەڤ کار نە کارێ مە لۆقمانا یە
خوەر بەلاڤ بوویە، لاش دایە بەرخوە
کەتییە هەستی، ئو قۆق دایە بەر خوە
دبێژم گەلۆ، ئەڤ نفرکە...؟
دبێژم ئاهە... قردە، فەلەکە...؟

یەکی شاشکرەش...
(۱۷)
گەر ئەز بم گۆ، ژ ئەهریمانە
ئەڤ بەلا نە یا مە مرۆڤانە
خور و خومەخوم ما وە نەبهیست!
باش من گوهـ دایێ، مێژی ڤەدلیست!
یا باش قیزمکە ناشی، بەیەندی
ئەم بکن گۆری سەرێ ئەفەندی!

سەرۆکێ وان بوو
(۱۸)
گۆ، قوت بکن پەیڤێ، چ لەولەوە!
دەرمانێ ئێشێ کا هننەو کەوە؟
چەند رۆژێ مە نە ئەم ی ل دوونە
دەرمانێ ئێشێ ل گۆر من خوونە!
کا، چ خوونە گۆ، ئەز نە خەوزانم
جوها دبێژم، وێ پێ بزانن!
– نەخوەشییا بێدەرمان
دبێژن
خوەدا نەدە تو کەسان...

نەخوەشی بێدەرمانە...
(۱۹)
وەزیرەک هات جەم دەهاقێ نەخوەش
ب ترس ژێ رە گۆت ئەڤ خەبەرا رەش:
تاجدارێ م، ب تەخت و تاجا تە
لۆقمان نەدین دەرمانەک بۆ تە،
لۆقمانەکی گۆ ب ڤێ ئێشا ها
ئنجەخ بزانن سێحردارێن جوها!

ناڤبرەکێ ئەم بدن...
(۲۰)
کی یە یێ نەمر، کی یە تاجدار
ژ گەلان پێ ڤە کی مان حوکومدار؟
ئەو ئارتەشێن ب خشرێن هەسنی
ل کیژان نەقەبێ مانە سەکنی؟
شوورکێش و رمدار کا ئیسکەندەر بوو؟
(سارگۆن) ما نە چوو، (جەنگیز) نەدا دوو؟

ڤەزیر گۆتبوو دەرمان نەدنە
دەهاق ژێ رە گۆ فەرمانا منە:

**فەرمانا دەهاق...**

(٢١)

فەرمانێ ددم: نۆلا سەرسیرا
قۆقێ لۆقمانا باڤێژن بیرا!
ئو تەیرا بشینن نک (شاهێ جوها)
سێحردار بلا بێن وەکە ئا نوها!
هەتا سبحێ کو نەگهن ڤێ دێ
ئارتێشێ بشینن بەر ب وێ دێ!

**فەرمان فەرمان بوو...**

(٢٢)

فەرمان کەتە دەست قەرانێ کەنانی
هزرەکی ئەو بر، یەکێ ئەو ئانی
دەست دا بەر روو، کوور کوور فکری
ئانی بەر چاڤان زلما کافری!
ل راستێ فتلی، گۆ، گدی ب لەز
سێحردارا رێ کە ڤەزیرۆ، ب بەز!

**یابۆ فەرمانێ...**

(٢٣)

فەرماندار هەنە، فەرمان هێ هەنە
زلم هێ ددۆمە، هێ زلدار هەنە!
ئەو زلکار هەو ئاژی دەهاکە
بپەیڤ دیرۆک، ناڤێ وان بانگ کە؟
سەوتا وان هلێ ژ سەر ڤێ دنێ
(هیرۆشیما) کوشتن و (هەلەپچا) منێ!

**سێحرداران جوهویا...**

(٢٤)

ب فەرمجێ رە سێحردارێن جوها
گهان قەسرا دەهاقێ روو – زوها
مینا جننا بوون هنەکە ژ وان
کومکێن رەشبەلەک ل سەر سەرێ وان
دەڤ– روو وەندای د ناڤ رەێ دە
چاردەه کەس بوون، یەک کێم یەک زێدە

**ڤۆناخا دەهاق...**

(٢٥)

چیایێ (زاخرۆژ) بلند چیا یە
جیرانێ ئەزمان و ئەڤر و با یە
راسەری دەشتێ ئل سەرێ کۆکەلێ
ب هیمێن کەسکی ئژ گون ئەنەفەلێ
برجەکە بلند قەسرا دەهاق بوو
تەماشا وێ ژ چاڤ رە هەلاک بوو!

**دەهاق کا کی یە؟...**

(٢٦)

وی پڕ وەزیر هەبوون ل راست و چەپێ
یەک (تورانی)، یەک (جوهویێ حەلەبێ)
هنەک دبێژن، دەهاق (سامی) بوو!
بڕەک، نا دبێن، (ئاسوری) و عامی بوو!
هێ ژ دبێژن کا ژ کی قاومی یە،
چیرۆک و بوویەر دوو هەزار سالی یە!
– کا ئەم ڤەگەرن سەر سێحردار و سێحربازا...

**ب رەمل و رولا...**

(٢٧)

ل دۆرا دەهاق پەڤ رە جڤیان
ب رەمل و رولان ل دەرمان گەریان
ئەزمان ئانین خوار چیا هەژاندن
ئاورێن سێحری پر دور رەشاندن!
تار–بێژنگ کرن ئاخا سەر زەمین
تالی دەرمانێ ئێشا دەهاق دین!

**ل ڤێ تۆفانێ...!**

(٢٨)

سەحربازێ سەحربازا یەکی دەڤ– کلۆت
دەرمانێئێشێ ژ ڤەزیر رە گۆت:
ل گۆری رەملێ گۆ خوینە دەرمان،
خوینا دوو کوردا، دوو کوردێ جوان!
سحار و ئەڤاری خوینا ها
نەخوەش دێ ڤەخوێ هەتا نەهـ مەها!

**وەزیر مزگین دا...**

(٢٩)

وەزیر گها جەم دەهاقێ نەخوەش
ل بەر سەکنی، ب روویەکی گەش
گۆ: تاجدارێ ئم، ب تەخت و تاجا تە
سەحردارا دیتن دەرمانێ ئێشا تە!
گۆتن تاجدار هەیا نەهـ مەها
دڤە کو ڤەخوە خوینا دوو کوردا

**بهنا دەهاق فرەهـ بوو...**

(٣٠)

دەهاق گاڤا کو بهست ئەڤ خەبەر
ژ جەهـ کشیا، پشت دا بالگها زەر
ژ سەر تەخت گۆ:ل من مەیزە کە
کورکا سێحربازا ب تێر پەرە کە!
یادگار دکم، تو خوە بنەقینە
ژ میر شالۆم رە چل هەسپی بشینە!

**ئو فەرمانا خوە دا...**

(٣١)

دەهاق گۆ ڤەزیر، ل شوونا یەزدان
ئەزم کەیێ کەیان ل ئاخا ئەیران
هەر دوو گوها ڤەک، ئەز دکم فەرمان
هەر رۆژ دوو کوردا بکن ب قوربان!
گەر کورد دەرکەڤن دژی فەرمانێ
بین سەرێ وان عیبرەتا جهانێ!

**چارەنووسا بەخترەش...**

(٣٢)

کێ خۆف ژ ئار گرت، کێ لێ سلاڤ کر؟
فەریشتە هوونکر، خرابۆ مونکر؟
مە ئەو ب ناڤ کر مە گۆتیێ: خودا
ب دو رە هۆما، ب دو رە ئەزدا!
وی پشت نەدا مە، مە ژ دەڤ بەردا
زەردەشت غەیدی، (ئاڤێستا) گرتی ما!

**شوورێ جەلادێ....**

(٣٣)

ل سەر فەرمانێ مڤرەدکەر ئانین
شوورێ جەلادێ ل بەر وان دانین!
یەک یەک ب دۆرێ، بۆ ی سەرێ کوردا
شوورێ پاهن–پۆلا دان بەر مڤرەدا
ژ بەر دەڤێ شوور ئار ئاگر دچوو
تالی دەڤێ شوور هێچاندن ب موو!

**دوو خورت پەڤ رە....**

(٣٤)

ب فەرەج رە دوو کوردێ جوان
ئانین بەر دەرێ وی شوورێ گران
د بەر هەڤ دوو رە سەرک دانین
ب ڤەزێنا شوور رە خوینێ گۆ، هلین!
وەک دو ماسوورا هەرک ل هەڤدک
تەشتک دانە بەر دو رە شەربک!

**خوین کەنگێ سەکنی؟**

(٣٥)

هەر هەر کییە ل ڤان نەوالا
ل قادا چارچرا ل تاخ و مالا
دوو هەزار سالە مە دا نەقەدیا
ئو ئەم ئی کورد مان، ئو ئاخ ژ مەدیا
چار پارچە بە ژی، مێتنگەهـ بە ژی
گۆرا مە بوو ڤر و ژینا مە ژی...
–دبێژن دلێ جەلادان قایمن ...

**جەلادێ دەهاق،**

(٣٦)

ب وی ئاوایی هەر رۆژ ب هەڤ رە
دوو خۆرتێ ناشی تانین ژ شوور رە
ب دەستێ جەلاد شوورێ بێ ئنساف
روح ل دوو روحا، دشاند گرێ قاف
ما دقەدیان گۆری و قوربان!
دلێ جەلادان و رەحم و رەیان؟

**هاتنا چیرۆکێ...**

(٣٧)

تشتەک دن هەیە، کا ببین کو
جەلادێ دەهاق ژ باڤ دە کورد بوو!
گۆ: ئەڤ چەند مەهن، ئوسا ل سەر هەڤ

رۆژێ دوو خۆرتا داڤێژم بەر هەڤ
ئەدی ژ وانا هەر رۆژێ یەکی
ئەزێ بەرادم ل دۆر چیایەکی...

خوەدییە سۆزێ...
(٣٨)
جەلاد ئانی جە ئەو سۆزا کو دا،
ژ خۆرتان خۆرتەک سەربەست بەردا
ژ وان رە دگۆ، بچن برەڤن
هەڤالێن وە ئەدی شکەفت و شەڤن
ل هەڤ بگەرن هەڤ دوو ببینن
دا هون داوییا ڤێ زلمێ بینن!

بەشا دویەم
کاوایێ حەددات
(٣٩)
د ناڤ کوردان‌دا مێرخاس و مالبات
مەرڤەک هەبوو: کاوایێ حەددات!
هالەت چێدکر ژ هەسنێ رەش
ناسێ غەریبیا و خەلکێ بارەش
ب سێ کورا ڤە ناڤ و دەنگ دابوو
لەورا هەمبەرێ زلما دەهاق بوو.

د وێ وەختێ دە ...
(٤٠)
ئەو کارکەرەک بوو، ب کەد و خوێدان
دووری ئەهریمان... زەردەشت و ئنسان
ل دژی زلمێ مەرتال بوو هەردەم
نە بتپەرست بوو ئەوێ کەد– سەنەم
ل بەر ئارێ سۆر ێ هەسنبرێژ
سێ داهنێ رۆژێ دکر قەول و مێژ.

رۆژەک ئێککشەمێ...
(٤١)
دوو کورێ کاوا دوو بەژنێ جوان
بۆ دەهاق ئێرۆ دبوون ب قوربان
کەلگری بوو و هێسر ئانین خوار
دلێ وی داخ دان سەد تیرێ خەمبار
ل بەر چاڤێن وی کورێن وی برن
سەر ژ لاشێ وان دا بێت قوتکرن!

برینا کاوا...
(٤٢)
ل دوو دوو لاوا، دوو لاوێ روو هەیڤ
ژ دەڤ دەرنەکەت تو گالگال و پەیڤ
وەر ب حزن و شین ژ قەهرێ تژی
هناڤ هاتن خوار مێلاک هەرژی
دەست ڤەگرت و دوعایەک کر، کاوا
– ئەم ببەژن ئامین –
مەدە کەسا گۆ، خوەدا ئێشا لاوا!

ل هاور دۆرێ...
(٤٣)
ب دارێ زۆرێ ب زلم و زۆرداری
دیا گرێدان ل سەرا ل سەرا رەشچاری
شین دحەرکی ژ چاڤێن زەرکی
ل زلاما دابوو گونێ پرەکی
هەیهات و ئاخین! د ناڤا شینێ دە
ژین گەڤزیبوو دناڤا خوینێ دە!

چلە بهوری...
(٤٤)
دەمێ ل خوە گرت کراسێ خەمگین
ئەورێ شین پەڤ رە رەش رەش غەرقین
چرایا ناڤن بوو، دەر بوو ل باهجا
بەرفێ دا دەری و باسکێ پاجا
ڤێجا بهوری دەم ب قەفالی
رەنگێ کال رابوو، بوو بوهار تالی.

پەسنێ بوهارێ...
(٤٥)
بوهارا رەنگین بهوشتا دنێ
سەرهلدانا کورد، دەما کرنێ
تو چاخێ مە یی ب هەزار سالا
روومەتا مەیی، ژ باڤ و کالا
جەژن و عیدی تو، سەرسالە قەوی؛
پیرۆزیا گەل ی و پایا نەتەوی

**بوهار و کاوا...**

(٤٦)

ب ئێشان داخدایی دل کورا ئاگر
دەمسال بوهار بوو، هەسن راسدکر
د هەر دەربە دە دەهاقەک دکوشت
دەست و زەندێ خوە ب ئاگر دشوشت!
دا بقژن دەست نۆلا کەزەبێ
لە هەسنێ رەش هاتبوو غەزەبێ!

**پەسنێ کاوا یە..**

(٤٧)

ئاگرێ دارا، تیرێژا رۆژێ
شەڤقا ئادارا پێشەنگێ دۆزێ
دۆزا بوهاری، بیهنا نێرگزێ
کەوێ سەرداری، دەسپێکێ بەزێ
سەرداری تەیرا، تەیربازێ چیێ
(سپارتاکوسێ) ئارێ ئازادیێ...

**سحارەک ئاداری...**

(٤٨)

رابوو سەر پیان ب تیر و کەڤان
د ناڤملان دە چاکوچێ گران
گرێدایی بوو هەسپەک رەهوانی،
هەسپەک گەورە-بۆز ل سەر دانی
مینا تەیرەک باز، وەک کو فرییا
چاڤمچ و بەلکێ دە گها بەر چیا!

**هاتنا کاوا یە...**

(٤٩)

بنەڤش و بەیبوون، شینۆکا چیێ
ب نێرگزان رە رابوون پێشیێ
نکلێ دیکان، تومێن کەرەنگا
ژ قیڤار رە گۆتن، دە تو دەرەنگ ما!
ب نەفەلێ رە رابوون دیلانێ
پڤۆکێ خەبەر دا بوهارا جیهانێ!

**ئەرد ژی شا بوو..**

(٥٠)

کولیلکێن بوهاری یێن نوو-گهایی
ب هلم و ب بیهن یێن رەنگ-خوەدایی
ئەوێن کەسکە-سۆر ب بەر و گەوهەری
کێزک و کورمک تەیرێن پرپەری
گوە دانە چیێ وەک مێرێ بەرێ
تەڤ بوونە شاهد ل ڤێ تەڤگەرێ

**چیا ل هێڤیا رۆژەک ئەوسا بوو...**

(٥١)

ژ بنێ شکەفتا، بەرقەف و چالا
دەرکەتن هۆلێ رەڤیێن سالا
ل دۆرا کاوا گهانە هەڤدوو
شاهییە ژ زوو ڤە خوە ل بارەش دابوو!
وەک تیرێن رۆژا د سرا سبێ دە
رۆناقا یەکتیێ داکەت ب بەریێ دە!

**هێزێ تفاق ئانیبوو...**

(٥٢)

مزگێن زوو گها ئێل و گوندییان
عەشیر و باڤک رابوون سەر پییان
ب سۆند و ب عەهد هەمبەری زلێ
دەست ئاڤێتن سەر دەستێن نێر و مێ
چەکێ کو تانن داس و مەربێر بوون
یێن هنەکا شوور، خەنجەر و کێر بوون...

**ئارتێش ب رێ کەت...**

(٥٣)

جار و جیران ژ دۆرا هەمەدان
ژ رەخ نەینۆڤا، ئووروک و ئەیران
تەڤگەر بهستێن درێژ بوون رییان
هنەک سوواری، پەیە دبەزیان
بوو سەرهلدانەک، پێلا پێرگینێ
ئارتێشا گەل بوو ل ریا ژینێ!

**ئارتێش رەف ب رەف بوو**

(٥٤)

د هێلەکێ دە باڤک و عەشیر
رەنجبەر و غولام، خوییایی و ئەمیر
ل ئالییەکی ئەوێن لەپ مەرتال
رەخ هەڤ دە بوون گوندیێن کەد حەلال

قۆرێ پێشی دە کارکەرێن خوێدانێ
تیرا سەری دە لەهەنگێ سەرهلدانێ

**کاوا...**
(٥٥)
ئەوێ هەسنکەر، کاوایێ مێرخاس
پێشەنگ و رێبەر، بال و بەژن مساس
ئەوێ بۆزبەران، ئەو مێرێن دەست–شاخ
ئەوێ کەژی سۆر، ئەوێ زەند ب داخ
ئەو کورێ باڤا، کاوایێ حەددات
ئەوە چاکوچ–زەند، دەنگێ رۆژهلات!

**بەرێڤارەک ئاداری...**
(٥٦)
کاوایێ حەددات، راسکرێ هەسن
لەشکر ل پشتێ ئارتێشەک مەزن!
نیشانا وان بوو، کو خێترک پێکەتا
ئێریش دبرن سەر برج و حێتا،
پێرە ئار پێکەت، دادان سەر قەسرێ
دەم بەر عەشا بوو، ئو پشتی عەسرێ!

**جەنگ دژوار بوو...**
(٥٧)
شوور و مەرتال ل هەو دو دکەتن
ژ دەربا چرووسک، برووسک ڤێدکەتن
شەرەک ئەوسا بوو، کو کەسا نەدیبوو
دەهاق درەڤیا، کاوا ل دو بوو!
گۆتیێ مەرهڤە، خوینییێ زلدار
قاشۆ، تو کەی ئی...بزدۆک و تاجدار؟

**ب سەرفەرازی...**
(٥٨)
شەر فەرکی ب شاهیا غەزوێ
ئارتێشا دەهاق کەت ریا رەڤێ
کاوا ل دو بوو، شوورەک دابوو دەست
پەڤچوون نەدخوەست زلێ رادەست!
ژ کاوا رەدگۆ، کەتم بەختێ تە
من زلم کرییە ل تە و گەلێ تە!

**لاڤێ بەیتوشە بوو...**
(٥٩)
کاوا گۆ، بەخت مە نەدا ب تەخت
تە زلم دکر، ئو تە شەر دخوەست!
گۆتێ، نکارم تە ببەخشینم
تەخت و تاجا تە ئەزێ هلوەشینم!
ئو گۆ، یا یەزدان، چاکوچ ل سەر دا
تەرمێ بێمێژی پەر پتی ل ئەردا...

**ئالا کەسک و سۆر...**
(٦٠)
بانگ کر ئالدار، گۆ، هلدە ژۆرێ
وەرن هەڤالنۆ، بجڤین ل دۆرێ!
بلا بهەژێ ل سەر سەرێ مە
کەسک و سۆر و زەر، ئالێ دەما مە!
ئالێ تو هەبی گۆ، تو ب سەنەم بی
ل ئاخا کوردا تو عەهد و قەسەم بی!
... ئو هلکشیا سەر تەخت...!

**ژ دۆه دە، ئیرۆ...**
(٦١)
کاردۆخ و کودی مەدێن ئاریانی
نە بێ خوەدا مان و نە بێخانی!
دجلە و فراتە شێن و شیناهی
مەزرا بۆتایە وارێ رۆناهی
ب دێر و جامی ئەڤ ئاخا گران
دەستێن بیان دە ئەڤرۆ کوردستان

**راستیا چیرۆکێ...**
(٦٢)
ئەوە تەکۆشین، ئەو هەسنکەرەک
ل سەر ڤێ رێێ لەهەنگ و رێبەرەک
بوو ئارمانج و دۆز، ئو کەت ژیيا مە
نەمرن ب مە رە پر کاوایێ مە
ب ناڤێ سەعید، رزا و بەدرخان
ب نامێ قازی، مەحموود و بەرزان
ئو، ژیان ب مە رە...

چاڤکانی:
گۆڤارا (وار)، هەژمار (٣)، زڤستانا ١٩٩٨، ستەنبول، رووپەلێن (٤٢ – ٦٥).

# زەمەنی خولقاندنی شتەکان

زەکەریا تامر
وەرگێڕان و بە شیعر دارِژتنی: پشکۆ نەجمەدین
(سوێد)

یەکەم ڕۆژ، مرۆڤیان خولقاند،
دووەم ڕۆژ، جەللادەکانی!

سێهەم ڕۆژ، «وشە» لە دایک بوو،
چوارەم ڕۆژ، دوژمنەکانی!

پێنجەمین ڕۆژ، بۆ ئازادی و
شەشەم ڕۆژیش، نەیارانی!
حەوتەمین ڕۆژ، بۆ باڵندە و
هەشتەم ڕۆژیش، ڕاوکەرانی!.
نۆیەمین ڕۆژ:
خودا، لە کاری خۆی ڕاما..
چ کارێکی ترسناکە!
زەریایەک خوێنی لێ دەڕژێ!
*    *    *

ڕۆژی یەکەم:
شێر، پڵنگ و هەڵۆ خولقان.
ڕۆژی دووەم:
مێش و بۆق و ڕەوەکوللە!.
ڕۆژی سێهەم:
زەوی تەخت و ڕەوەکوللە داگیری کرد!
ڕۆژی چوارەم:
خوا سەیری کرد:
کارێکی پڕ مەخابنە...
ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرد!.
*    *    *



ڕۆژی یەکەم:
ئاو هاژەی هات،
ڕۆژی پاشتر، خوێن پێلی دا.
ڕۆژی سێهەم:
نەوت فیچقەی کرد.
ڕۆژی چوارەم:
شەتاوی خوێن، لە پێناوی زێڕی ڕەشدا!
ڕۆژی پێنجەم:
سەرۆکەکان لە دایک بوون.
ئەوان، لە ئاست ئێمە سەربەرز،
لەبەردەم دوژمنانیشدا:
گزگل، زەلیل... بەڵێ قوربان!!
ڕۆژی شەشەم:
خوا لە کاروباری ڕووانی:
ئەمە قاقای پێکەنینە لە تراژیدیای گریاندا!

*   *   *

ڕۆژی یەکەم:
نیشتمانی مرۆڤ خوڵقا و
بوو بە جەنگەڵی دڕندان.
ڕۆژی دووەم:
مرۆڤ وەکو برا هاتن،
کەچی هەندێک بوونە جەللاد،
هەندێکیشیان بە قوربانی..
هەندێک بوونە تەماشاکەر،
بۆ شانۆی شەڕی براکان!
کۆمەڵێک مات و مەلوول و
کۆمەڵێکیش، بێ پەروا لە هەڵآی زەمان!
ڕۆژی سێهەم:
پەیڤ لە دایک بوو،
تا ببێتە زایەڵەی ئازاری مرۆڤ،
کەچی بردیانە بازاڕ و لە کڕین و فرۆشتندا،
کێ زۆری دا، هەر ئەو بردی!.

نان دروست بوو، ڕۆژی چوارەم.
نان، جەللادێکی چەپێنەر، دڵ لە بەرد و
قامچی دەستی سووکایەتی لێ دەباری!.
ڕۆژی پێنجەم:
لە زایینی بێزاریدا،
«غەزەب» دەرکەوت،
بێ هێزەکان ئامێزیان بۆ واڵا کرد و
بەهێزانیش، میلی چەکیان لێ ڕاکێشا!
ڕۆژی شەشەم:
شمشێر خوڵقا،
تا پشتیوانی هەق بێت و
ناهەق بشکێ.
شمشێر، لە رووی زاڵماندا،
تەنیا چەند مانگێک ڕاوەستا،
لەسەر ملی مەزڵوومانیش، دەیان سەدە!!
ڕۆژی حەوتەم:
بەرد دروست بوو!.
لەبەرد، کۆشک و زیندانەکانیان ئاوا کرد.
بەردبوو بە چەک، بۆ بێ چەک و هەشبەسەران!

ڕۆژی هەشتەم:
ڕۆژی خوڵقاندنی ئەدیب!.
ئەدیبەکان، هەندێک ئەهلی درۆ و ڕیا،
هەندێک ڕێبواری ڕاستگۆیی...
وا دەبینین، درۆ تیشکی هەتاوێکە، ئاوی چاوی مرۆ دەبا.
ئەدیبی خێڵی هەقبێژان، وەکو کوێران،
لە تاریکی نیشتماندا، پەل دەهاوێ!.

ڕۆژی نۆیەم:
درەختەکان بۆ هێلانەی باڵندەکان،
لە زەویدا بەرزبوونەوە!.
لە باڵای یەکەمین درەخت،
یەکەم سێدارەیان چەقاند!.

**ڕۆژی دەیەم:**
**کورسی خوڵقا، بە هەزاران، فرکان فرکان،**
**تێی ورووکان، پێیان وابوو، ئەمە کەشتی ڕزگاربوونە،**
**لە گێژاوێکی بێ ئامان!.**
**.........**
**دوانزەهەم ڕۆژ:**
**ئەسپ و کەرگەل سەریان هەڵدا.**
**ئەسپ ڕۆژانێک سەرکەوتوو،**
**کەر، براوەی هەموو دەوران!**

**سیازدەهەم ڕۆژ:**
**قەل و قالاو، دەسماڵی ڕەش،**
**شینایی ئاسمانیان تەنی!**
**بە قیژوقاژ لەگەڵ چریکەی چۆلەکان،**
**وەشەڕ هاتن.**
**قالاو، بۆ چەند ڕۆژێ بەزین،**
**پاشان بوونە پادشای ئاسمان!**

**چواردەهەم ڕۆژ:**
**خەویان خوڵقاند.**
**خاوەن هەق خەوت!**
**هەقدز، پرخەی گەیشتە مالان.**
**خەوی خاوەن هەق بەتاڵە.**
**خەوی هەقدز، چرای ماڵە!**
**پانزەهەم ڕۆژ:**
**خودا فەرمووی: چیم کردووە من؟!**
**ئەم بارە، چۆن هەڵدەگیرێ؟**
**ئەمە کارێکی مەحاڵە!**
***   *   ***
**ڕۆژی یەکەم:**
**لانە و ماڵیان بەرزکردنەوە.**
**ڕۆژی دووەم: خاوەن مالانیش پەیدابوون.**
**ڕۆژی سێهەم: لاپرسەن و ناکەسبەچان،**
**ئاغای ماڵ و لە ئاسمان و زەمینەوە،**
**گوڵیان بەسەریاندا باراند!.**
**ڕۆژی چوارەم:**
**خوا لەسەر تەختی خۆیەوە،**
**لە حاڵی ڕەعییەتی ڕووانی و**
**فەرمووی: شایستەی زریانن!.**
**لەو ڕۆژەوە، چەوساوەکان، چاوەڕوانی زریانێکن،**
**هەرگیز نایەت!.**

٤ی مایس ٢٠٠٦

**سەرنج:**

١– ناونیشانی بابەتەکە، لە دەقە عەرەبییەکەدا (الفواتح العربیة) نووسراوە. واتە (دەستپێکە عەرەبییەکان) من، ناونیشانەکەم گۆڕیوە و کردوومە بە (زەمەنی خوڵقاندنی شتەکان).

٢– دەقە ئەسڵییەکە، بە شیعر دانەڕێژراوە، بەڵکە دەقێکی پەخشانئامێزی چڕوپڕە.

٣– من، لە پرۆسەی بەشیعرکردنی دەقەکەدا، مافی گۆڕین و ئازوگوێز پێکردنی هەندەک تێرم و پەیڤم، بەخۆم داوە، بەلام لە وێنە و مەبەستەکانی نووسەر، دوور نەڕۆیشتووم.

٤– وەرگێڕانی «دێڕێک»م بە پێویست نەزانیوە و وەلام ناوە!.

٥– بۆ بینینی دەقە ئەسڵییەکە، بڕوانە: زکریاتامر، هجاء القتیل لقاتله، ل١٣ تا ١٦، چاپی یەکەم ٢٠٠٣.

# نیوەپیاو

فەرهاد پیربال

لە گەڕەکی تەیراوە، لەژێر سێبەری پانوپۆڕی تانکییە ئاوە بڵند و زەبەللاحەکەی ناو قوتابخانەی (ئیبن مستەوفی)، لە خانووی ژمارە (ج/٨١٤)، ژن و مێردێک دەژیان. مێردەکە سەعاتچی بوو، پێیان دەگوت (نەسرەت سەعاتچی).. پیاوێکی تا بڵێی بە دۆست و برادەر، خۆشەویست و بەرچاو؛ بەڵام هیچ کەسێک (تەنانەت خزم و خۆیشەکانی خۆیشی) نەیاندەزانی کە ئەم پیاوە، تەنیا ڕۆژێک نا ڕۆژێک دەژی، واتە دوو ڕۆژ جارێک هەبوو.

ژنی نەسرەت سەعاتچی، باخان، بەم دۆخەی مێردەکەی ڕاهاتبوو: هەندێ بەیانییان کاتێ لەخەو هەڵدەستا، دەیدیت نەسرەت لەپاڵ خۆیدا، ئارام ئارام ڕاکشاوە و لە شیرین خەودایە.. ئیتر لەوکاتانەدا دەمودەست، بەمیهرەبانییەوە پەنجەکانی بەناو کاکۆڵیدا نقووم دەکرد و بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە بێداری دەکردەوە:

– نەسرەت!

دڵخۆش دڵخۆش دووپاتی دەکردەوە:

– نەسرەت گیان هەستە...

بەڵام بەیانیی ڕۆژی دووەم، باخان کاتێ لە خەو هەڵدەستا، دەیدیت مێردەکەی لەناو جێ نەماوە! ئیتر، سەرگەردان، دڵ تژی خەفەت، تا بەیانیی ڕۆژی سێیەم نەیدەدیتەوە.

نەسرەت شەوێک نا شەوێک نەدەما، بزر دەبوو.

نەسرەت سەعاتچی پیاوێکی کەشخە و قۆز، باڵابەرزی هەمیشە ڕێکپۆش، دڵێکی نەرم و دەروونێکی کراوە، تا بڵێی مەشرەفخۆش.. تەمەنی لە دەوروبەری (٤٠)



ساڵێک... هەموو جار بە ژنەکەی دەگوت:
- باخە گیان، تۆ دەزانی من بۆچی ئەم کارەی خۆمم هێندە خۆش دەوێ.
- بۆچی؟
- چونکە لە ژیان لەم کارە زیاتر هیچی دیکە نازانم تا پێی بژیم.
نەسرەت ئەم پیشەیەی لە باوکییەوە بۆ مابۆوە، هەر لە باوکیشییەوە فێری سەعاتچێتی ببوو. دوکانەکەیشی، کە کەوتبووە ناو زێڕنگرەکانی بازاڕی گەورە، هەمان دوکانە کۆنەکەی باوکی بوو، پێرار تەعمیراتێکی جوانی کردبۆوە.
بەم پیشە ساکارە، نەسرەت سەعاتچی، هەر پێش ئەوەی ژن بهێنێ، توانی بۆ خۆی خانوویەکی سێ صەد مەتریی جوان دروست بکا. سەفەرێکی ئەستەمبوڵ و بولگاریاشی کرد، ئنجا ژنی هێنا.
هەر بەم پیشە خاکەڕایە ناومالێکی خۆشیشی دانا. دوای ژنهێنان مارسیدیسێکی شینی مۆدێل هەشتاوپێنجیشی کڕی و..
- لە هیچمان کەم نییە، نەسرەت گیان.
هەموو جار باخان بە ڕازیبوونێکی نەوبووکانەوە، ئەمەی بە نەسرەتی مێردی دەگوت و شوکری خوای دەکرد.

.. بەڵام نەسرەت، کەی بوو تووشی ئەم دەردە هات؟!
نەسرەت هەموو جارێک کە بیری لەم پرسیارە دەکردەوە، خەفەتێکی قووڵ دڵی ڕنەک دەدا: کەی بوو؟ چۆن بوو؟ یەکەمین جار کەی بوو وای بەسەرهات؟ بۆچی؟
نەسرەت چەند هەوڵی دەدا، بیری دەهێنا و دەبرد.. بە هیچ شێوەیەک بیری نەدەکەوتەوە: نەیدەتوانی ڕوون و ئاشکرا بتوانێ بزانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ژنەکەیشی، دڵتەنگ دڵتەنگ دەیگوت:
- نازانم.
- چۆن؟
- نازانم. بەیانییەک لەخەو هەستام و لێرە نەمابوویت. بەبیرت نایەتەوە لێتم پرسی «لەکوێ بوویت؟». بەبیرت نایە؟ دوو سێ جاران ئەم پرسیارەم لێ کردیتەوە و هەر وەڵامت نەدامەوە، لە کۆتاییدا وەڵامت دامەوە و گوتت «دەی.. باشە.. چوومە ئیبراهیم خەلیل، باری تازەمان بۆ هاتبوو».
- من بەبیرم نایە چووبێتمە ئیبراهیم خەلیل.
- چۆن؟
- تۆ خۆت ناچارت کردم ئەم وەڵامەت بدەمەوە. وازت لێ نەدەهێنام و هەر پرسیارت لێدەکردم «لەکوێ بووی؟ لەکوێ بووی؟ دوێنێ شەو لەکوێ بووی؟».. منیش ئاوها وەڵامم دایتەوە و گوتم «لە ئیبراهیم خەلیل بووم..».
باخان گوتی:
- دووەم جاریش، کاتێ گەڕایتەوە، دیسان لێتم پرسی «لەکوێ بوویت؟» وەڵامت دامەوە گوتت «لە باشماخ بووم»، گوتت «بایی یازدە دەفتەر سەعاتی سویسری مۆدێل تازەم وەرگرت و هاتمەوە».
- من بەبیرم نایە چووبێتمە باشماخ.
- چۆن؟
- تۆ خۆت ناچارت کردم ئاوها بڵێم. وازت لێ نەدەهێنام و هەر پرسیارت لێدەکردم، منیش ئاوها وەڵامم دایتەوە و گوتم «لە باشماخ بووم..».
- ئەدی لەکوێ بووی؟ چووبوویتە کوێ؟
- نازانم.
- با. تەنانەت بەبیرمە کاتێ لێتم پرسی: «ئەدی بۆچی پێشتر بە منت نەگوت کە سەفەرت لەپێشە بۆ ئەوەی جەنتای سەفەرت بۆ دابنێم؟» لە وەڵامدا پێمت گوت «لەبیرم نەبوو پێت بڵێم.. بەیانییەکەیشی دڵم نەهات خەبەرت بکەمەوە». بەبیرت نییە؟
- ئەدی سێیەم جار؟
- سێیەم جار گوتت «لە بەغدا بووم. لەگەڵ کۆمپانیایەک کە بارەگاکەیان لە دوبەیە، گرێبەندێکم ئیمزا کرد و هاتمەوە».
- من لە ساڵی ١٩٨٣ بەملاوە نەچوومەتە بەغدا، هەرگیز.
- ئاوها ئیتر.. هەر جارێک و دەتگوت لە کارێک بووم.
باخان هەر لە مانگی سێیەمی بووکێنییەوە، بەم شێوەیە، وردە وردە، بەم حاڵە ڕاهات و.. ئەوە ئێستاش مانگی پێنجەمی ژیانی هاوسەرێتییان دەست پێدەکات و باخان بەتەواوەتی ڕاهاتووە، ڕاهاتووە بەوەی کە مێردەکەی تەنیا شەوێک نا شەوێک لە ماڵەکە لەگەڵی بێت.. ڕاهاتووە بەوەی کە نەسرەت تەنیا ڕۆژێک نا

ڕۆژێک لەگەڵ ئەو بژی، چونکە نەسرەت تەنیا دوو ڕۆژ جارێک لە ژیاندا دەردەکەوت. تەنانەت نەسرەت خۆیشی، وردە وردە لەگەڵ باخان، بەم حاڵەتە ڕاهاتبوو: بەلای نەسرەت خۆشییەوە شتێکی زۆر سروشتی بوو کە لە ماوەی ئەو بیست و چوار سەعاتەدا بزر دەبوو! ئەم دۆخە نائاساییە، وردە وردە، حاڵەتێکی ڕۆتینی لەلای خۆیشی دروست کردبوو: جار جار نەبێ، لەگەڵ یەکتر، بە خەفەتێکی قووڵەوە، دەکەوتنە گفتوگۆیەکی بێهوودەوە:

– باشە، حاڵەتەکە چۆنە؟ کەی وام لێ دێ؟

باخان هەموو جار بەم پرسیارەی ئەو پێدەکەنی:

– بڵێم چی؟ شەو پێکەوە دەنووین تا بەیانی. بەیانییەکەی کاتێ لە خەو هەڵدەستم، دیار نەماوی. تەواو. چیترت پێ بڵێم؟

– بڵێ..!

– ئیتر بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ناتبینمەوە، شەویش هەر ناگەڕێیتەوە، تا بەیانی ڕۆژی دواتر: کاتێ لە خەو هەڵدەستم دەبینم لەتەنیشتمەوە ئارام ئارام، وەک ئەوەی نە بات دیبێ نە باران، ڕاکشاویت و پرخەپرخت ڕۆژەڕێیەک دەڕوا.

– شەوێکیان بەبیرمە بەئانقەست هەر بە قات و قەرەوێتەوە نووستم.

– بۆ دووسبەی بەیانییەکەی، هەر بە هەمان قات و قەرەوێتیشەوە گەڕابوویتەوە.

هەموو ئەم قسانە، تەنیا لە سەرەتادا دەکران، بەڵام ئێستا، هەموو ئەم قسانە دۆخێکی گرژ و نائارامیان وەرگرتووە:

– باشە، هەر هیچ هیچ.. هیچت بیر نامێنێ؟

– چیم بیر بمێنێ؟

– شتێک لەو شتانەی لە ڕۆژی بزربوونتدا دەیانکەی؟

– نەخێر، هیچم بیر نامێنێ.

باخان بۆ حەوتەمین جار بوو هەمان پرسیاری پڕ غیرە و گومانی ڕووبەڕووی کردەوە:

– هەر هیچ هیچ؟!

نەسرەت لە وەڵامدا هەمیشە دەیویست لەکورتی بیبڕێنێتەوە و خۆی لەدەست ئەم پرسیارە «تووڕەهاتانەی» ڕزگار بکات:

– هیچ هیچ.

ئەم وەڵامە بێعارەی نەسرەت، دڵی باخانی زیاتر دەخستە بەر کڵپەی ئاگری غیرەوە.

نەسرەتیش خەفەتبار، وەک ئەوەی پێی بڵێت «تۆ بوختانم پێدەکەیت و قسەم بۆ هەڵدەبەستی»، یان وەک تاوانێکی کردبێت و لێی پەشیمان بووبێتەوە، دەیگوت:

– نازانم. هیچم لەبیر نییە.

باخان، هەمیشە، دوای ئەم وەڵامە، لەناو نیگەرانی و غیرەی خۆیدا پێدەکەنی:

– سەیر لەوەدایە، هەرگیزاوهەرگیز، ئوتومبیلەکەشت لەگەڵ خۆت نابەیت.

– ئەمە نیشانەیەکی دیکەی ئەوەیە کە من پاکم. هەرچی شتێکی دیکەی دەیڵێی، تەنیا وەهمی خۆتە و بەس.

– وەهم؟!

– بەڵێ، وەهم. تۆ لەناو وەهمێکدا دەژیت و منیشت لەگەڵ خۆتدا تووش کردووە.

باخان لەم دواییەدا جارێکیان گەیشتە تینی، پێی گوت:

– نەسرەت گیان، تۆ دەبێ چارەسەرێکی ئەم وەزعەی خۆت بکەی!

– چی بکەم؟

باخان دەستی کردە ملی:

– من زۆر دەترسم..

– لەچی؟

– لەوەی کە سیحرت لێکرابێ.

– چی؟!

– تۆ باوەڕەت بەوە نییە دوعایان لێت کردبێ؟

نەسرەت بەم قسەیەی ژنەکەی، دیسان نەختێک تووڕە بوو:

– من ئەسڵەن هەست دەکەم تۆیت کە منت تووشی ئەم وەسوەسەیە کردووە؛ وات لێکردووم بێم باوەڕیشت پێ بکەم.

– یەعنی من درۆ دەکەم؟

– نازانم.. نازانم چی لەگەڵ تۆ و ئەم وەزعە بکەم!

– دەبێ چارەسەرێک بدۆزیتەوە!

– ئاخر من نازانم بەڕای تۆ چیمە! نازانم بڵێم چیمە! چیمە؟ بڵێم چیمە؟!

باخان دیسان دەستی کردەوە ملی:

– با بچینە سەر شێخێک، مشایەخێک!

نەسرەت هێشتا جامی تووڕەیی خۆی بەسەریدا نەڕژاندبوو، باخان دیسان قسەیەکی دیکەی کردەوە کە نەسرەتی مێردی هەمیشە پێی تووڕە دەبوو:

– تۆ جادووت لێ کراوە.. نەسرەت گیان، دوعایان لێ کردووی.

بەم شێوەیە، هەر لە مانگی پێنجەمی بووک و زاوایەتی ئەم ژن و مێردەوە، گرژی و گومان و غیرە و ناتەباییەک، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان بیانەوێت و مەبەستیان بێت، کەوتە نێوانیان؛ وردە وردە زیاتریش تەشەنەی دەکرد و توندتر دەبوو.

نەسرەت بەدەست خۆی نەبوو: تەنیا ڕۆژێک نا ڕۆژێک هەبوو، تەنیا دوو ڕۆژ جارێک بەدیار دەکەوت.

– من وا هەست دەکەم ژنێکی دیکەی هەبێت و کەس نەزانێ!

– ئەیەڕۆ بۆ وا دەڵێی، هەی هەش بە سەرا؟

– ئەو ڕۆژە، باخان خۆی ئەم گومانەی لا درکاندم. خۆی وای دەگوت.

– دەیگوت چی؟

ژنی مەولوود محامی دراوسێی ماڵی نەسرەت، لەگەڵ خوشکە قەیرەکەی مامۆستا مەجید، لەبەردەم ماڵی خۆیانەوە، تەماشای پەنجەرە بڵندە پانوپۆڕەکەی ماڵی نەسرەت سەعاتچییان دەکرد (ئەو پەنجەرەیەی کە پەردە قوماشە کودەرییە گوڵ نارنجییەکەی، زەق زەق، لەبەر خۆرەتاودا دەدرەوشایەوە) بنێشتی کوردییان دەجوو و قسەیان دەکرد.

– دەیگوت «نەسرەت، ماوەیەکی زۆرە، گەلێک شەوان نایەتەوە ماڵ».

– ئەدی دەچێتە کوێ؟

– دەیگوت «نازانم».

– بۆچی لێی ناپرسێ؟

– چی لێ بپرسێ؟

– ژن هەیە لە مێردی خۆی نەپرسێ «دوێنێ شەو لەکوێ بووی؟»

– منیش ئەمەم پێی گوت.. گوتم «بۆچی لێی ناپرسیت لەکوێ بووی؟»

– گوتی چی؟

– هیچ وەڵامی نەدامەوە. دڵی زۆر پڕ بوو، خەریک بوو دەگریا.

– کچێ بەخوا ڕاست دەکەی. منیش ئەم ماوەیە زۆر کز و کڵۆڵ دەیبینم. جاران وا نەبوو. ئاخر باخان زۆر جوان و جاحێل و ڕەندە!

ژنی مەولوود محامی گوتی:

– ئەوە کاتی خۆیشی، جەباری مام مووسای حەللاق، زابط بوو، لەم گەڕەکی تەیراوەیە، ماڵەکەیان لە خوار ماڵی ئەم (قادر بەڕیە)ی خۆمان بوو، هەموو هەفتەیەک چەند ڕۆژێک، یان جاری وا هەبوو هەموو مانگێک حەوت هەشت ڕۆژێک، نازەنینی ژنەکەی خۆی جێ دەهێشت و دەچووە باشووری عیراق؛ دەیانگوت «دەچێتە دیوانیە و حیللە.. لەوێ زابطە». دوای تێپەڕبوونی ساڵێک و چەند مانگێک بەسەر جەنگی عیراق و ئێران، جەباری مام مووسای حەللاق لە سەنگەری دیزفوولەوە مەیتی گەڕایەوە.. شەهید کرابوو. هەر کە مەیتەکەی گەیشتەوە هەولێر، لەم گەڕەکی تەیراوەیە بووە هەرا..

– بۆچی؟

– دەرکەوت کە جەباری مام مووسای حەللاق، لەوێ، لە دیوانیە، ژنێکی دیکەی عەرەبی هەبووە و کەسیش پێی نەزانیوە.

– ئەیەڕۆ..؟

– کوڕێک و کچێکیشی لێی هەبووە..

– کەسیش پێی نەزانیوە!

– کەسیش پێی نەدەزانی.. چەندین ساڵ بوو.

– ئەدی پاشان چۆنیان زانی؟

– کاتێ مەیتەکەی لە دیزفوولەوە هێندرایەوە هەولێر، ژنە عارەبەکەی لە دیوانییەوە هات.. هات ئاشکرای کرد.. ژنێکی سەر و تەبەش پانی ئەسمەری خڕ.. دەتگوت چەترەفیلە.. دەم بە هاوار.. خۆی و دوو منداڵەکەی.. هاتن..

– ژنە چی دەگوت؟!

– چی دەگوت... ئنجا چی نەدەگوت؟! جەبار زابط بوو. ژنە دەیگوت «جەبار مێردی منە».

– ئنجا واش بوو.. ها؟

– هەموو بەڵگەنامەیەکیشی لەگەڵ خۆی هاوردبوو.. ئەرێ وەڵا دەیگوت «جەبار مێردی منە». داوای شەهیدانە و نەفەقەی خۆی و نەفەقەی منداڵەکانی خۆی دەکرد.

– چووبووە ماڵی باوکی جەبار؟

– بەڵێ، داوای شەهیدانە و نەفەقەی خۆی لێیان دەکرد.

– هەقی خۆی بووە.

– سەدام ئوتومبیلێک و پارچەعەردێک و نازانم چەند هەزار دینار پارەشی پێیان دابوو. ژنەی عارەب ناوی (فیدان) بوو، دەیانگوت «کێوەلییە» بەڵام ژنێکی ئەسمەری کەڵەگەت و زۆریش جوان بوو، ئەمە سەروتەبەشی بوو، دەتگوت مانگە. ئەرێ وەڵا هاتبوو. دەیگوت «جەبار مێردی من بووە و.. دەبێ بەشی خۆم لەو شەهیدانەیە بدەنێ. بەشی خۆم و منداڵەکانیش». ئەرێ وەڵا.. دەیگوت «جەبار مێردی منە».

– ئەو ژنە عارەبەش هەر نەیدەزانی کە جەباری مێردی، ژنێکی دیکەی لە هەولێر هەبووە؟!

– ئەسلەن! ئەویش نەیدەزانی ژنێکی دیکەی لە هەولێر هەیە و ناوی نازەنینە. حەلیمەکوێری دایکی جەبار پێی گوتبوو. نەیدەزانی.

– استغفر الله..

– بەڵێ. نازەنینی ژنی جەبار عەینەن شێتی لێ هاتبوو: نەیدەزانی بۆ جەباری مێردی؛ بگری.. یان نەفرەتی لێ بکات!

خوشکە قەیرەکەی مامۆستا مەجید گومان زیاتر دڵی ڕنەک دا:

– ویش.. تۆ بڵێی نەسرەتی مێردی باخانیش ژنێکی دیکەی هەبێت و باخان پێی نەزانێ؟!

نەسرەت سەعاتچی لە هەفتەکانی یەکەمدا واتێدەگەیشت کە ئەمە واهیمە و وەسوەسەی ژنەکەیەتی و دڵی لێی پیسە، بەڵام دوای ڕابووردنی چەند هەفتەیەک بەسەر ئەم دۆخە نائاساییە، وردە وردە بۆی بەدیار کەوت کە ژنەکەی ڕاست دەکا: نەسرەت ڕۆژێک نا ڕۆژێک دیار نامێنێ! بەڵام.. ئەرێ.. کەی بوو نەسرەت بۆ یەکەمین جار کەوتە سەر ئەوەی بەتەواوەتی قەناعەت بێنێ کە قسەی ژنەکەی ڕاستە! کەی بوو؟ ئا، ڕۆژێک مودیری شورتەی هەولێر کوڕە گەورەکەی خۆی ناردبووە لای، هاتە ناو دوکانە ژێرەوشانەکەیەوە:

– باوکم سڵاوت لێ دەکا، دەیگوت «ئەم سەعاتی چاڵمەیەمان، دیارییەکی ئازیزە و دەبێ هەر ئەمڕۆ بۆمانی چاک بکەیتەوە».

نەسرەتیش کە هەمیشە سەری قاڵە و لە هەر ڕۆژێکدا زیاتر لە دوازدە سەعاتی بۆ دەهێنن بۆ چاککردنەوە، بەو کوڕە گەورەیەی مودیرشورتەی گوت:

– ئەمڕۆ نا، بەڵام سبەی ئێوارە، سەعات چوار، بەڵێن بێ: وەرە بیبەوە!

بۆ دوو سبەی، سەعات چواری ئێوارە، نەسرەت سەعاتچی دیتی کوڕە گەورەکەی مودیرشورتەی هەولێر هاتەوە دوکانەکە و بە نەسرەت سەعاتچی گوت:

– کاک نەسرەت.. سەعاتەکەمان!

نەسرەت دوای ئەوەی لەبەر کوڕە گەورەکەی مودیرشورتە هەستایەوە و تەوقەیەکی لەگەڵ کرد و لەپشت خۆیەوە کەوتە گەڕان بەدوای سەعاتی چاڵمەکەیان، کوڕەگەورەی مودیرشورتە بەگازاندەوە گوتی:

– باوکم دەیگوت پێی بڵێ «لەمەودوا چیتر سەعاتمان نانێرینە لای».

نەسرەت، کە زۆر مەبەستی بوو ڕێز و خۆشەویستی خۆی بۆ مودیرشورتە دووپات بکاتەوە، سەری سوڕما و گوتی: «بۆچی؟»

– باوکم دەیگوت «دوێنێ ئێوارە سەعات چواری ڕێک بۆ خۆم چوومەتە دوکانەکەیەوە، کەچی دوکانەکەی قەپات بووە».

نەسرەت بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

– ئەدی من دوێنێ ئێوارە نەمگوت سبەی ئێوارە؟!

– ئێ باوکم دوێنێ، خۆی هاتبوو.

– دوێنێ هاتبوو؟

– بەڵێ دوێنێ سەعات چواری ئێوارە خۆی هاتبوو بۆ دوکانەکەتان.

– بەڵام من گوتم سبەی.

– ئێ باشە، تۆ پێرێ بوو کە پێت گوتم «سبەی وەرەوە».

– باشە تۆ دوێنێ نەبوو کە سەعاتی چاڵمەکەت بۆ هێنام؟

– نەخێر. من پێرێ بوو سەعاتی چاڵمەکەم بۆ هێنای.

– دوێنێ بوو.

– نەخێر پێرێ بوو.

ئەم ڕووداوە یەکەمین ڕووداو بوو مێشکی نەسرەت سەعاتچی داگیرساند و وای لێکرد بیربکاتەوە لەوەی باوەڕ بهێنێ کە قسەی ژنەکەی ڕاستە. دوای ئەم

ڕووداوەش هەر چەند حـــــاڵـەتێکی دیکە دووبارە دەبوونەوە: مـام زراری چایچی، نەژدەت زێڕنگر، کـەریم کەبابچی، وەسـتـا کـاکـۆی خـەیات، مـامـۆسـتـا دلێـری جـەنتـافـرۆش، مـحـامی سـەروەت و زۆر لە برادەرانی دیکەیشی.. جار جار لێیان دەپرسی:

– ئەرێ ئەوە دوێنێ بۆچی دوکـانەکـەت داخسـتـبـوو، نەسرەت؟

– ئەرێ نەسـرەت ئەوە بەسـتـر پێـرێ دوکـانەکـەت داخستبوو.. خێر بوو؟

– ئەو ڕۆژە سێ جـار هاتمە لات و دوکـانەکـەت قـەپات بوو.

ئەم قسـانە، بەردەوام، بەردەوام، لە کۆتاییدا باوەڕیان بە نەسـرەت هێنا.. باوەڕیان بە نەسرەت هێنا لەوەی کـە ئەو تەنیـا ڕۆژێک نا ڕۆژێک دەژی! نەسرەت سـەعـاتچی تەنیا دوو ڕۆژ جارێک لە ژیان دەردەکەوت و بەس!

نەســرەت نەیدەزانی چی بکـات و چی بەو خـــەڵکە بڵێ!؟ لەســەرەتادا هەوڵی دەدا پەشـۆکـاوی خـۆی لە خەڵک و برادەرەکانی بشارێتەوە، دەیگوت: «تەعزیەمان هەبوو» یان دەیگوت «بە ســەفـــەر چووبووم».. بەڵام دواتر، لەدوای مـانگی یەکەمەوە، کـاتێ بەتەواوەتی بۆی وەدیارکــەوت؛ ئیـــتـــر ناچار بوو ڕاست و ڕەوان وەڵام بداتەوە:

– من تەنیا ڕۆژێک نا ڕۆژێک دوکانەکەم دەکەمەوە.

– بۆچی؟

– شاگردم نییە.

هەندێ لە برادەرەکانی پێدەکەنین، ئەمیش دەیگوت:

– کاری دیکەم هەیە.. تەواو.

کەسیش نەیدەزانی نەسرەت ئەو کارەی دیکەی چییە؟! هیچ کەسیش (لە ژنەکەی خۆی زیاتر) بە ڕاستییەکەیان نەدەزانی؛ پرسـیـاری دیکەشـیـان لێی نەدەکرد و هێندە عـەوداڵی ئەوە نەبوون ورد و درشـتـی ژیانی «ئەم پیـاوە سەیر و سەمەرەیە» بزانن.

نەسرەت سـەعـاتچی بە دڵ و داوی خۆی ژنی هێنابوو. هەر کــە پەیمانگەی (تەصنیع عـــەسکەری) لە بەغـــدا تەواوکرد، یەکسەر گەڕایەوە هەولێر. هێشتا بەتەواوەتی دانەمـەزرابوو، باوکی وەفـاتی کـرد. نەسـرەت کـوڕی تاقانەی ماڵ بوو، زۆربەی سامانی باوکە ڕەحمەتییەکەی بۆ خۆی بەجێما، بۆیە وازی لە دەوامە حکوومـییـەکەی هێنا و چووە سەر دوکـانەکەی باوکی. هێندەی پێ نەچوو، دڵی کـەوتە سـەر ئەو باخـانەی ئێـسـتـا خـێـزانیـەتی، کـە هاوپۆلی نەجیبەی خوشکە بچووکەکەی خۆی بوو لە بەشی کـیـمـیـای کـۆلێـژی پەروەردە. دوای گـواسـتـنەوە، باخـان یەکسەر بڕیاری دا:

– نەسرەت گیان، جارێ تەعین نابم.

– بۆچی؟

– ئێـــمـــە جـــارێ تازە بووک و زاواین، حـــەزدەکـــەم ماوەیەک لە ماڵەوە دانیشم.

لای ژنانی دراوسێش «بەشانازییەوە» دەیگوت:

– بۆ خـۆم لە مـاڵەوە دانیـشـتـووم و خـزمـەتی مـاڵ و مێردی خۆم دەکەم.

بەڵام مـخـابن! ئەم دۆخە نائاسـاییـە خـەریک بوو وردە وردە ژیانی ژن و مێردایەتییانی لێ تێک دەدا! بێ ئەوەی نەسـرەت حـەز بکا: ئەم ژنە تازەبووکـەی، شـەوێک نا شەوێک لە مـاڵەوە بەتەنیـا بەجێ دەهێـشت! بێ ئەوەی نەسرەت هیچ نەخشەیەکیشی بۆ دانابێ، ئەم ژنە جوان و جاحـێـڵـەی، ڕۆژێک نا ڕۆژێک، لەناو چوار دیواری ئەم ماڵە گەورەیە بەجێ دەهێڵا. باخان گوناحی چییە؟ باخان هەقی خـۆیەتی ئەگـەر دڵـیشی لێ پیس بکـات و لە دڵی خۆیدا بڵێ «دیارە دەچێـتە لای ژنانی دیکە..». هەرچی بڵێ هەقــیـــەتی.. بیـــری بۆ هەرچی شـــتــێک بڕوا.. هەقیەتی. ئا.

حەیف! جاران گیروگرفتی نێوان نەسرەت و باخان تەنیا ئەو بۆڵەبۆڵە شـیـرینانە بوو، کـاتێ نەسـرەت کـەمـێک درەنگ لە بازاڕ دەگـەڕایەوە (ئەویش هەندێ جـار) باخـــان پێی دەگـــوت: «نەســـرەت.. بەقـــوربان.. ئەم مـەشرووب خـواردنەوەیە نەختـێک کـەم بکەوە و شـەوان کـەمێک بەوەخت وەرەوە لای ئەم ژنە جوانەت!». جـاران گیـروگرفـتیـان تەنیا پەرداخەئاوێک، دواکەوتنی چێشت لێنانێک، جلشـۆردنێک بوو کـە ئەمـانیش هەر تەنیـا بە چەند پرتەپرتێکی شیرین کۆتایی دەهات.. بەڵام ئێستا، ئەمـەتا ئەمڕۆ –نەسرەت خۆیشی باش هەستی پێدەکا: بەتەنیـا مـانەوەی باخـان، بێنازکـەوتنی بـاخـان برینێکی قووڵە و لەسەر دڵی هەردووکیاندا: پڕ سوێ.

باخان لە ناکاو دەزووی بیرکردنەوەی نەسرەتی پچڕاند: «نەسرەت..»

- بەڵێ

- من حەزدەکەم خوشکەکانت لەم حاڵەتەی خۆت ئاگادار بکەیتەوە!

- نەجیبە و لەیلا؟

- بەڵێ.

- لە چی ئاگاداریان بکەمەوە؟

- لەم دۆخەی خۆت. پێیان بڵێی کە تۆ تووشی حاڵەتێکی ئاوها هاتووی!

- بۆچی؟

- خۆزگە ئەوان بتوانن چارەسەرێکت بۆ بدۆزنەوە!

- دەتەوێ «بمبەنە سەر شێخ و مشایەخان»؟

- نەسرەت گیان ئاخر ئەم حاڵەتەی تۆ ئاسایی نییە..

- تۆ هەمیشە دەتەوێ حەیای من ببەی!

باخان دەستی کردەوە گریان:

- نەسرەت گیان تۆ سیحرت لێکراوە، دوعات لێکراوە. ئەم حاڵەتەی تۆ ئاسایی نییە.

نەسرەت، کە بەم قسانەی باخان هەمیشە قەڵس و تووڕە دەبوو، ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمین جار لە ژیانیاندا، دەمەدەمیان لەگەڵ یەکتر، نەسرەتی ناچار کرد تۆپەڵێک جنێو هەڵپڕژێنێتە سەر ڕوخساری پاکی باخان. بۆ یەکەمین جاریش، نەسرەت ئەو شەوە چوو، بێزار بێزار، جێگەی خەوتنی خۆی لە باخان جوداکردەوە.

باخان دەیزانی: ئەو شەوە، نۆبەتە شەوی ڕۆیشتنی نەسرەت بوو. لە دڵی خۆیدا تا بەرەبەیان، دەیگوت: «دەمێکی دیکە، خەونێک، وەهمێک، خەیاڵێک، ڕاستەقینەتر لە هێزی واقیع، دێ ئەم پیاوە بەهێز و جوانە لەگەڵ خۆی ڕادەپێچی و دەیبا..»

چەندین شەوی دیکەش «ئەو شەوانەی نۆبەتە شەوی نەسرەت بوو» باخان نەدەنووست. خۆی دادەنووساند، بە خشپە، لەسەر نووکی پەنجەکانی، خۆی دەگەیاندە بەردەم دەرگای ژووری نەسرەت، دەیدیت نەسرەت لەناو نوێنەکەی خۆیدایە. دوای چارەگە سەعاتێکی دیکە، دیسان، بە خشپە، لەسەر نووکی پەنجەکانی، خۆی دەگەیاندەوە قەراغ دەرگای ژوورەکەی نەسرەت، دەیدیت نەسرەت هێشتا لەناو نوێنەکەی خۆیدایە. دوای چارەگە سەعاتێکی دیکە، دیسان، بە خشپە، لەسەر نووکی پەنجەکانی، دیسان خۆی دەگەیاندەوە بەردەم دەرگای ژووری نەسرەت، دەیدیت دیسان نەسرەت هێشتا هەر لەناو نوێنەکەی خۆیدایە... چی بکا؟ هەندێ جار جاری چوارەم، هەندێ شەو جاری پێنجەم، هەندێ شەوی تریش جاری شەشەم یان حەوتەم، لەناکاو دەیدیت: نەسرەت لەناو نوێنەکەی خۆی نەماوە! لەناکاو بزر دەبوو.

چەندین شەو هەوڵدانەکانی خۆی سەرلەنوێ تاقی دەکردەوە، باخان هیچ جارێک و هیچ کاتێک هەر نەیدەتوانی؛ نەیتوانی پەی بەوە ببات ئاخۆ نەسرەتی مێردی لە چ ساتێکدا و بەتەواوەتی «کەی» دیار نامێنێ! کاتێ لێفەی لەسەر ناونوێنەکەی لادەبرد و ڕادەما، تەنیا دەیتوانی ئەوە ببینێ کە نەسرەت نەماوە.. بێ ئەوەی پاشماوەی تەنانەت لابردنی لێفەکەیشی لەسەر خۆی دیار بووبێت!

هەندێ جاریش، لەگەڵ گەردوگوڵی بەیانی، لەکاتێکدا باران نم نم لە پەنجەرەی ژووری تەنیایی نووستنی دەدا، باخان دەچوو، لەودیو پەنجەرەی حەوشەکەوە، تەماشای شوێن پێی پێڵاوەکانی نەسرەتی دەکرد، دەیدیت: پێڵاوەکانیشی بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە لە بەردەم دەرگاکەوە هەڵگیراون: بێ ئەوەی شوێن پێی هیچ کەسێک یان پاشماوەی هیچ دەستێک بەسەر هیچ شتێکەوە دیار بێت! یان دەچوو تەماشای عەللاگەی پانتۆڕ و کراسەکانی دەکرد، دەیدیت: پانتۆڕ و کراسەکەیشی بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە لە ناو عەللاگەکە هەڵگیراون: بێ ئەوەی پاشماوەی هیچ دەستێک بەسەر هیچ شتێکەوە دیار بێت!

لەسەرەتادا، باخان دەیگوت «قەیناکە.. ژن هەیە مێردەکەی پۆلیسە، پاسەوانە، پشتمێری وەزیر و مەسئوولانە، شەوێک لە ماڵە و دەیان شەو لە ماڵ نییە.. قەیدی چییە؟ ژن هەیە مێردەکەی قاچاخچییە، بازرگانە.. دەڕوا و دەیان شەو نایەتەوە.. مێردەکەی ئەویش گیرۆدەی ئەم دەردە بووە و.. شەوێک نا شەوێک با نەیەتەوە.. قەیدی چییە!» بەڵام وردە وردە، باخان، ئۆقرەی نەما، بێ تاقەت بوو.. جگە لەمەش دڵی لە نەسرەتی مێردی کرمێ بوو، دەیگوت: «نەخێر.. من چیتر لەناو ئەم تەنیایی و حەپسخانەیەی ماڵەوە هەڵ ناکەم.. نا.. جگە لەمەش خۆ نەسرەت بۆ کەسابەت ناڕوا.. ئاگایشی لە خۆیەتی کە دەڕوا.. مەبەست و ئامانجێکی هەیە کاتێ دەڕوا.. بێگومان.. دەچێتە شوێنێک.. حەتمەن شوێنێکی هەیە و بۆی دەچێ.. چونکە.. ماقووڵە

پیــاو شــەو و ڕۆژێک لە دنیــا بزر ببــێت و بۆ خــۆیشی نەزانێ بۆ کوێ چووە؟ ماقوولە بیریشی نەمێنێ لەکوێ بووە! نەخــێــر، ئا، باش دەزانێ بۆ کــوێ دەڕوا. ئەو وا دەزانێ من تا هەمیــشــە ساویلکە ساویلکە هەر باوەڕی پێ دەکــەم... خۆ.. هیچ دووریش نییــە ژنێکی دیکەی هەبێت و من پێی نەزانم.. تۆ بڵــێی.. چۆن بزانم.. یانیش ئەوەتا ئەو مــاوەیە هەمــووی لە قــومــارخــانە و مەلهایەک، لە فــاحیــشــەخــانەیەک بەسەر دەبات و.. وا دەزانێ هیچ کــەس نــاتوانێ پەی پــێ ببــات.. بڵــێم چی؟ لەوانەشــە...بڵــێم چی.. هەر چۆنێک بێ.. من.. وا باشترە چاوم بەردەوام لەسەری بێت.. ئەی چۆن...»

باخان، بەم گەردوگوڵی سپێدە باراناوییە، ئەم قسانەی لەبەرخــۆیەوە دەکرد و خــەریک بوو بڕیار بدا هەر ئێــســتــا بچێتە دەرەوە و شوێن پێی هەڵبگرێ، بەڵام بەرەو کوێ؟ بۆ کــوێ بڕوا؟ ئەو ڕۆژە لەلای باســیــاخــانی خــوشکی گەورەی خۆی، مرد ئەوەندەی بکڕووزێتەوە:

– ژیانمان بەتەواوەتی تێکچووە. بوونمان پێکەوە لەناو یەک ماڵدا هیچ مانایەکی نەماوە.

– ئەدی بۆچی پێشتر ئەمەت پێ نەدەگوتم؟

– دەمگوت «لەوانەیە تەنیــا مــاوەیەک بێت و.. چاک بێتەوە».

– دواتر بۆچی؟

– نەیدەهێــشت. ئێــســتــاش حــەزناکــا هیچ کــەس پێی بزانێ. تووڕە دەبێ.

باسیاخانی خوشکە گەورەکەی باخان واقی وڕمابوو، بەزەییشی پێیدا دەهاتەوە:

– لای هەر کــەســێکیش باسی بکەی.. باوەڕت پێ ناکا.

– تۆش باسی مەکە. تکات لێدەکەم.

– کەس باوەڕم پێ ناکا بڵێم: مێردی خوشکەکەم تەنیا ڕۆژێک نا ڕۆژێک هەیە.

باخان دەگریا:

– تەنیا دوو ڕۆژ جارێک لە ژیاندا دەردەکەوێ.

باسیاخان، حەپەساو، زارەترەک ببوو:

– کەس نەبینێ یاخوا..

پاشان وتی: «من ئێستاش باوەڕ ناکەم». ئنجا سەری باخانی خوشکی، نا بە سنگی خۆیەوە:

– مەگری، باخان گیــان. هەر کاتێک حەزت کرد.. ئەو ڕۆژانەی ئەو دیار نامێنێ، وەرە ماڵی ئێمە!

باخــان لەپڕمەی گــریانی دایەوە و ســەر سنگی باســیــای خوشکی بەجێهێشت:

– تا هەتایە، شــەوێک نــا شــەوێک بێم لە مــاڵی ئێــوە بنووم؟

– ئەدی چی بڵێم؟ چیت بۆ بکەم؟

باخــان، فرمــێسکەکــانی، هێند درشت و گەش و ڕوون بوون، قسەیان دەکرد:

– تا هەتایە.. ڕۆژێک نا ڕۆژێک بێمە ماڵی ئێوە!؟

بۆ باخــان ئەمــەش هەر چارەســەر نەبوو کاتێ بڕیاری دا کە شەوێک بچێت بەدیار ناونوێنەکەی نەسرەتەوە بێدار بێدار ئێشک بگرێت و نەنوێ تا ئەوکاتەی نەسرەت لەناو نوێنەکەی ڕەپێ دەبێتەوە و دەڕوا:

– ئەگەر حەزدەکەی سبەی شەو دێمە لات.

باسیای خوشکی ئەمەی پێ گوت.

– نا، باسیا گیان پێویست ناکا.

– دەترسی؟

– لە چی دەترسم؟ ڕاهاتووم.

– بەخــوا مــن دەڵێم هیچ نیــیــە، تووشی نەخــۆشی شەوڕۆیی هاتووە.

– ئەو کــەســەی شــەوڕۆ بێت خــەڵک دەیــبــینن کــە دەڕوا.. دەیبینن کە دەڕوا.. بەڵام ئەو، هەرگیز نەمبینیوە بڕوا؛ بەڵکو لەناکاو دیارنامێنێت و تەواو، دیار نامێنێت و بزر دەبێ.

– تا سپێدەی ڕۆژی داهاتوو؟

– هەر لە بوونی خــۆی دەچێــتــە دەرەوە؛ نامــێنێ.. تا سپێدەی ڕۆژی داهاتوو.

– تۆ قەت نەتدیوە بڕوا؟

– منیش دەمەوێ ببیــنم کەی دەڕوا؟ چۆن؟! دامناوە شەوێک بەدیار نــاونوێنەکەیەوە بێدار بمێنمەوە و نەنووم، نەنووم تا ئەوکــــاتەی دەیبــــینم لەناو نوێنەکــــەی هەڵدەستێتەوە.

– ئنجا پاشان بەدوایدا دەچی؟

– بەدوایدا دەچم و هەوڵ دەدەم نەمــبــینێ.. بزانم دەچێتە کوێ؟

– باخــان.. گــوێ بگرە؛ من ئەم شــەو یان ســبــەی دێمــە لات!

– نا، نامەوێ هەست بە هیچ بکات.
بۆ باخان ئەمەش هەر چارەسەر نەبوو کاتێ چەندین شەو بەدیار ناو نوێنەکەی مێردییەوە بێدار بێدار ئێشکی گرت و نەنووست: هەموو جارێک (زیاتر لە پێنج شەش جار) بەردەوام چاوی لە ناو نوێنەکەی نەسرەت نەدەترووکاند، کەچی لەناکاو، کاتێ نزیک ناو نوێنەکەی دەکەوتەوە، دەیدیت: دیسان نەسرەت لە ناونوێنەکەی خۆیدا نەماوە!

– بێهوودەیە.

شەوێکی دیکەش، دیسان، باخان (ئەم جارە لەگەڵ باسیاخانی خوشکی، پێکەوە) بەدزییەوە، بێ خشپە، بەدیار ناو نوێنەکەی نەسرەتەوە ئێشکیان گرت و نەنووستن، تا کاتژمێر سێ و نیوی بەیانی هەر نەنووستن، بەردەوامیش چاویان لە ناو نوێنەکەی نەسرەت نەدەترووکاند، کەچی لەناکاو، کاتێ نزیک ناو نوێنەکەی نەسرەت کەوتنەوە، دیتیان: دیسان، نەسرەت لەناونوێنەکەی خۆی نەماوە!

– پێت دەڵێم: بێهوودەیە.

باخان سەری بەسەر شانی باسیاخانی خوشکیدا شۆڕ کردەوە، وەک ئەوەی خەریک بێت بتوێتەوە:

– باسیا گیان.. نەسرەت متووی ژنێکی دیکەیە!

– چۆن؟

باخان لە پرمەی گریانی دا:

– دڵنیام.. نەسرەت.. لەگەڵ ژنێکی دیکە دەژی.

لەکۆتاییشدا وەک مردوویەک کەوتە باوەشی باسیا:

– نەسرەت ژنێکی دیکەی هەیە.

یەکێک لەو بەیانییە مرومۆنانەی نانخواردنی پێکەوەییان، باخان، گورجوگۆڵتر لە بەیانییەکانی جاران، هەستایەوە چوو مێزەکەی پاک کردەوە و پێش ئەوەی نەسرەت بچێتە دەرەوە، بە نەسرەتی مێردی گوت: «نەسرەت..»

– بەڵێ..

– دەمەوێ لە شوێنێک تەعین بیم.

نەسرەت ئەمەی بە لەناکاو زانی:

– تەعین ببیت؟

– بەڵێ، دەمەوێ دەوامێکم هەبێ!

– لەکوێ؟

– لە هەر شوێنێک.

– بۆچی؟

– رۆحم تەقی هەر بەتەنیا لەماڵەوە.

– حەزدەکەی لەکوێ تەعین ببیت؟

– لە هەرچی جێگەیەک! لە هەر کوێیەک تۆ حەز بکەی.. گرنگ نییە.

چەند مانگێک بەسەر تەعین بوونی باخان-دا تێپەڕی. هەردووکیان وایان لێهات بەو ژیانە تازەیە ڕابێن: هەموو بەیانییەک (تەنیا ئەو بەیانییانە نەبێ کە نەسرەت لەوێ نەدەبوو) پێکەوە لە خەو هەڵدەستان و پێکەوە نانی بەیانییان دەخوارد و ئیتر.. نەسرەت بەرەو دوکانەکەی خۆی و.. باخانیش بە تەکسییەک بەرەو دەوامەکەی خۆی، کە لە یەکێک لە بانقە قەرەباڵغەکانی ناوەندی شار بوو. نیوەڕۆیانیش (تەنیا ئەو نیوەڕۆیانە نەبێ کە نەسرەت لەوێ نەبوو) پێکەوە دادەنیشتن نانی نیوەڕۆیان دەخوارد.. ئێوارانیش بەهەمان شێوە.

نەسرەت، رۆژ بە رۆژ هەستی پێ دەکرد: باخان لەوەتەی تەعین بووە، حاڵی باشتر، ئارامتر، ئەسڵەن هیچ خەفەتێکیش لەو بزربوون و دیارنەمانەی مێردەکەی ناخوا. تەنانەت رۆژێک باخان خۆیشی گوتی:

– دەزانی نەسرەت؟

– چی؟

– خۆشترین ماوەی ژیانم لەگەڵ تۆ ئەم چەند مانگەی دواییمە کە تەعینت کردووم.

– بەڕاست؟

– خۆشترین ماوەی ژیانم لەگەڵ تۆ ئەم ماوەیەی دواییمە.

خوشکە گەورەکەی نەسرەت، لەیلا، شەوێک، لەناکاو تەلەفۆنی بۆ نەسرەت کرد و لەتوێی قسەکانییەوە لە نەسرەتی پرسی:

– نەسرەت..؟

– بەڵێ

– ئەرێ دوێنێ نیوەڕۆ لەکوێ بوون؟

– بۆ؟

– لەگەڵ منداڵەکانیشمان هاتینە ماڵتان و لە ماڵ

نەبوون؟
نەسرەت یەکسەر لێی پرسی:
- باخانیش لە ماڵ نەبوو؟
لەیلای خوشکی گوتی:
- هەر کەستان، هیچ کەسێکتان لە ماڵ نەبوون.
- دوێنێ نیوەڕۆ؟
- دە دەقیقە زیاتر هەر لە دەرگامان دا. هیچ کەستان لە ماڵ نەبوون: نە خۆت و نە باخانیش! لەکوێ بوون؟
نەسرەت پێی خۆش بوو کە باخان گوێی لەم قسانەی لەیلای خوشکی نەبوو؛ لە هەمان کاتیشدا سڕ بوو، حەپەسا، بەڵام نهێنییەکەی لەناو دڵی خۆیدا پاراست و خۆی ڕاگرت، لە باخانی ژنیشی نەپرسی: «دوێنێ نیوەڕۆ لەکوێ بوویت؟» یان «دوێنێ نیوەڕۆ بۆچی لە ماڵ نەبووی؟».

ڕۆژێکی تر، بەیانی بوو، نەسرەت تازە گەیشتبووە دوکانەکەی؛ ئەم جارەیان، خوشکە بچووکەکەی نەسرەت، نەجیبە، لەناکاو تەلەفۆنی بۆ نەسرەت کرد و لەتوێی قسەکانییەوە پێی گوت:
- ئەرێ دوێنێ ئێوارە لەکوێ بوون؟
- بۆ؟
- لەگەڵ منداڵەکانیشمان هاتینەماڵتان و لە ماڵ نەبوون؟
نەسرەت یەکسەر لێی پرسی:
- باخانیش لە ماڵ نەبوو؟
نەجیبەی خوشکی گوتی:
- کەستان، هیچ کەسێکتان لە ماڵ نەبوون.
- دوێنێ.. ئێوارە؟
- دە دەقیقە زیاتر هەر لە دەرگامان دا. هیچ کەستان لە ماڵ نەبوون: نە خۆت و نە باخانیش، لەکوێ بوون؟
نەسرەت، لەناو دوکانەکەی خۆیدا، دیسان سڕ بوو، حەپەسا: گومانی کەوتە سەر ئەوەی کە باخان بەڕاستی دوێنێ ئێوارە، بێ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە یان لێی بپرسێ، چۆتە جێگەیەک یان لای کەسێک!

ڕۆژێکی تر، پێش نیوەڕۆ بوو، ئەم جارەیان، نەژدەت زێڕنگری هاوڕێی، لەناکاو هاتە ناو دوکانەکەیەوە و لەتوێی قسەکانییەوە لێی پرسی:
- ئەرێ دوێنێ شەو لەکوێ بوون؟
- بۆ؟
- لەگەڵ منداڵەکانیشمان هاتینە ماڵتان و لە ماڵ نەبوون؟
نەسرەت یەکسەر لێی پرسی:
- باخانیش لە ماڵ نەبوو؟!
نەژدەت زێڕنگر گوتی:
- کەستان، هیچ کەسێکتان لە ماڵ نەبوون.
- دوێنێ.. شەوەکەی؟!
- دە دەقیقە زیاتر هەر لە دەرگامان دا. هیچ کەستان لە ماڵ نەبوون: نە خۆت و نە باخان خانیش. لەکوێ بوون؟
نەسرەت لەناو دوکانەکەی خۆیدا هیچ نیشانەیەکی حەپەسانی بەسەر ڕووەوە وەدیار نەکەوت، چونکە دڵنیا بوو: باخانی ژنی، بەڕاستی دوێنێ شەو، چۆتە جێگەیەک یان لای کەسێک.. هیچ وەڵامێکی نەژدەت زێڕنگری هاوڕێیشی نەدایەوە. کاتێکیش نەژدەتی هاوڕێی، ناو دوکانەکەی بەجێ هێشت، نەسرەت لەو دەمەدا، یەکسەر ئەو قسەیەی باخانی ژنی بیر هاتەوە کە چەند هەفتەیەک پێشتر پێی گوتبوو:
- نەسرەت گیان، خۆشترین ماوەی ژیانم لەگەڵ تۆ ئەم چەند مانگەی دواییمە کە تەعینت کردووم.

ڕۆژێکی تریش، نیوەڕۆ بوو، ئەم جارەیان، مەولوود محامی دراوسێیان، سەعاتێکی سویسری مارکەی ئۆریەنتی دەستی ژنەکەی خۆی هێنابووە لای نەسرەت تا بۆی چاک بکاتەوە، لەتوێی قسەکانییەوە لە نەسرەتی پرسی:
- ئەرێ دوێنێ شەو لەکوێ بوون؟
- بۆ؟
- لەگەڵ منداڵەکانیشمان هاتینە ماڵتان و لە ماڵ نەبوون؟
نەسرەت یەکسەر لێی پرسی:
- باخانیش لە ماڵ نەبوو؟
مەولوود محامی دراوسێیان گوتی:
- کەستان، هیچ کەسێکتان لە ماڵ نەبوون.
- دوێنێ.. شەوەکەی؟!
- دە دەقیقە زیاتر هەر لە دەرگامان دا. هیچ کەستان

له مـالٚ نـەبوون: نه خـۆت و نه باخـان خـانيش. لەكـوێ بوون؟

نەسرەت لەناو دوكـانەكـەی خـۆيدا هيـچ نيـشـانەيەكی حەپەسانی بەسەر ڕووەوە وەديار نەكەوت، چونكه دڵنيا بوو: باخـانی ژنی، دوێنێ شـەو، حـەتمەن له باخـەڵی پيـاوێكی ديكەدا بووە.. چونكه لێی يەقين بوو: ئەو ڕۆژ و شەوانەی كه نەسرەت بۆ خۆی ديار نامێنێت.. باخانی ژنيـشی، ئەمـيش بۆ خـۆی، مـاڵەكـه جێ دەهێـڵـێت و دەڕوا.. بەڵێ.. هەر بۆيەش بوو كه باخان ئەو ڕۆژە پێی گوت: «نەسرەت گيـان، خۆشترين ماوەی ژيانم لەگەڵ تۆ ئەم چەند مانگەی دواييمه كه دەوام دەكەم».

نەسـرەت سـەعـاتچی شـڵـەژا، نەيدەزانی چی بڵـێت، دڵـيـشـی وەك چۆلەكـەيەكی سـەربڕاو هەڵدەپەڕی، بەڵام خـۆی گـرت و توانی هيچ وەڵامـێكی مـەولوود مـحـامی هاوڕێی نەداتەوە و شـپـرزەيیـشی پێـوە دەرنەكـەوێت، كـاتێكيش مەولوود محامی هاوڕێی، دوكـانەكەی بەجێ هێـشت، نەسـرەت لەو دەمـەدا خـەفـەتبـار؛ وەك ئەوەی چەقۆيەك چەقيبێتە دڵی، ئازاری ئەو قسـەيەی باخانی ژنی، ديسان دڵی سمييەوە كاتێ چەند هەفتەيەك پێشتر پێی گوتبوو:

– نەسرەت گيان، خۆشترين ماوەی ژيانم لەگەڵ تۆ ئەم چەند مانگەی دواييمه كه دەوام دەكەم.

دواتريش.. ئێـوارەيەكی فـێنك و خـۆشی دەمـەوبەهار بوو، نەسرەت سەعاتچی، له (سەرچنار)، لەژێر سێبەری درەختـه به گەڵاوگوڵ سەوزەكانی يەكێك له شەقامە پڕ ئاواز و ڕەنگـينـەكــــانی ژێر پەڵكەزێڕيـنـەيەكی پاش بارانێكی زۆر؛ قۆڵی له قۆڵی كچێكی جواندا، باخانی ژنی خـۆی ديت (ئەويش، لەژێر سـێــبـەری درەخـتـه به گـەڵاوگـوڵ سـەوزەكـانی هەمـان شـەقـامـه پڕ ئاواز و ڕەنگينەكەی ژێر پەڵكەزێڕينەيەكی پاش بارانێكی زۆر، قـۆڵی له قـۆڵی كـوڕێكی قـۆز) پيـاسـەيان دەكـرد و پێدەكەنين.

هەردووكـيـان، نەسـرەت و باخـان، زۆر بەپەله و پڕ له تاسه، وەك ئەوەی هەر يەكێكيان ئەوەی ديكەی پێشتر له شوێنێك ديبێ.. نيگايەكی ڕێبوارانەيان لەگەڵ يەكتر گـۆڕييـەوە و دەسـتـيـان كـردەوە ملی (ئەمـيـان كـچـەكـەی دەزگـيـرانی و ئەويان پيـاوەكـەی دۆسـتی خـۆی) و.. له يەكتری ئاوابوون.

**ڕەشەميی ٢٠٠٦**

# ڕۆژێکی زۆر گەرم

**ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی**
**(سلێمانی)**



قرچەی ڕۆژێکی هاوین؛ دوو و چارەکی دوانیوەڕۆ، ئەو دەشت و گردۆڵکانە گڕەیان لێ هەڵدەستاو لە پووش و پاوەنەکەیان بێزار... دەتوت ساجێکە و ژێری پڕە لە سکڵ.

چاخانەی لای چەپی ڕێگاکەش جگە لە گڕەوگەرماکە، هەڵم و بۆتی (سیروان) لە پشتییەوە هێندەی تر پیاوی وەڕس دەکردو جارناجار تووشی تەنگە نەفەسیشی دەکرد... شێیەکی لینجی گەرمی ئاوێتە بە بۆنی زەل و قامیشەڵان دەیدا بە ڕوومەت و لامل و قۆڵ و باسکی ڕووتی ئەو سیانەی بەوەڕسیەوە چاوەڕێی گەیشتنی ماشینێ بوون و سێ چوار نەفەریان بۆ بێنێ و لەبەرامبەر ئەو نان و چاو ئاوەی دەیخۆن و دەیخۆنەوە شتێ پارە دانێن.

لەو سەحرایەدا؛ بەدیمەن چاخانەکە هەیکەلێکی جوان و پوخت و دڵگیری دەنواند، بەردو چیمەنتۆو کەمێ ئەقڵی ئەندازیاریی پێکەوە هێنابوویانەدی... لەوەبەر بینایەک بوو بۆ ئەو ترومپایانەی ئاویان لە سیروانەوە هەڵدەدا بۆ دوو حەوزی زەبەللاحی ئاسن لەسەر گردەکەی ئەوبەر شەقامە گشتییەکە، تا بە پوختەیی ڕەوانەی ئەو سەربازگە گەورەیەی ئەودیو بکرێ کە لیوایەک عەسکەری تێدا مۆڵ درابوو.

لە ڕاپەڕینەکەی ئەم دواییەدا داری بەسەر بەردەوە نەهێڵرا، تەنیا دیوار و پایەکانی مابوونەوە، بووبووە سەرەلوێنکی پیسایی ڕێبواران و سەگ و گیانداری شەوی. یەک دوو پەڕەسێلکەش بەسووچەکانی ژووری سەرەوە بەهاران لە قوڕ، وردو جوان، هێلانەیان

هەڵدەبەست و بە جیرەجیری دەنگیان ئەو ناوەیان ئاوەدان دەكــــرد، ژێرەوە بەڕووی ســـــیـــــرواندا، تەڕوتووشی و بۆسـاردییـەک گـرتبـووی، كـەس زاتی نەبوو بە پلیكـانە تاریكەكانیدا ژێركەوێ و چاوێ بگێڕێ... ئەوسالّە دوو دەڵ تێیدا ترەكی بوون... مرخەو مرەیان لەهەر سێبەرێ دەكرد، ترس و سامیان خستبووە ئەو جێ ترومپاو مەكینە دزراوو شكاوانە.

– (عـاسی) مـردم و خـۆم ناگـرم، دەچمـە خـوار كـەمێ دەحەوێمەوە

– كچێ میشوولە دەتخوا، لەو زیندانەدا خەوی چی؟!

– زۆر گەرمە، خۆ ماشینیش خوابڕیوە.

– بوەستە. بەشكم خوا بینێرێ.

چاوەڕوانی وەڵامی نـەكـرد. (خــاوەر) خـوارکــەوت و مـاوەیەک دەنگی نەبوو، ئەو سـەحـرایەش كش و مـات؛ خشـپـەی هەژگێ، گـەڵایەكیش نەبوو، ناوە ناوە جریوەی باڵندەیەكی تەنیـا لەنێـو قـامیـشـەڵان و تووترکی گـوێ ئاوەكەوە دەهات و نەدەما، یا لە مەلاولا گێژەڵووکەیەک تـۆزو دڕک و داڵـی لـوول دەدا بـەرەو حــــــــــەواو وەک هەژدیهایەک بە دەشتەكەدا دەڕۆیی.

عـاسی دەستی بەلامل و سـەروسنگی تووكنیدا هێناو دۆلـكەكـــەی لایـەوەی نابەســـەریەوە؛ بەڵام وای كـــرد بەلاشـەویلگەو دەم و لێـویدا داچۆڕێتـە سـەرگـەردن و سـەروسنگی... ئاوەكـە بەنێـوان تووكـە ڕەشـە پڕەكـانی سـەرسنگیـدا چۆڕاوگـەی بەست و لـە عـاست قـۆپچـەی داخراوی كراسە شینە خەت خەتەكەیدا نەدەما: قوماشەكە هەڵی دەمژی.

لایەكی كردەوە، (سەمەد) لەسـەر كورسییە فافۆنەكە وەنەوز دەیبردەوە.

– سەمەد، سەمەد... نەنووی، چاوكە بەشكم یەكێک بێ، ئەو چایە بۆتە دەم مردو.

– تەباخەكە دەگرێ.

– دەی خاسە.

لە پـلیـكـانـەكــــــــانـی ڕوانـی، دەنـگ نـەبـوو، بـەڵام فێنكاییەكی شێدار بە زەحمەت دڕی بە گەرماكە دەداو چكێكی دەگەییە لای ئەم.

هەستاو لە پلیكانەی دووەمەوە لە خوارەوەی ڕوانی.

سنووقە ساردیەكانیان دەم یەكدی دابوو وەک چەرپایە، لە ترسی مـارومێروو، نیوەڕوان لەسەری دەكەوتن، خاوەر لەسەر بەرەی ئەوێ لە پەوڕوو خەوتبوو...!!

گـەڕایەوە، دانیـشت، ڕوانیـەوە سـەمـەد.... وەنەوزی دەدا.

دیمەنەكە وەک گـێژەڵووكـە هەسـتی لوول دەدا... ڕان و سـمـتی خـاوەر، قـژەپڕەكـەی سـەرشـان و گـازەرای پشـتی گرتبوو، باسكی سپی.

– هەتیـو سـەمـەد، وریابە. دەچمـە خـوار سـەرخـەوێ دەشكێنم، كەسێ هات بانگم كەیت.

چاوەڕوانی وەڵام نەبوو، دەتوت پێ بە هێلكەدا دەنێ، چاوی كـردبووە سـەرپاوپووزی خـاوەر و ورد ورد پلەكـانی دەبڕی... كراسەكە لەسەریان هەڵكشابوو؛ لایەكی شان و ملی بەدیار كەوتبوو.

لایەوە ڕاكـشــا، ئەو نەنووســـتـــبـــوو، هەرخــۆی مت كــــردبوو.... بە پاژنەی پێی چەپی پووزی ڕاســـــتی خوران... كەوتە سەرپشت، سنگ و گەردنی كەوتنە ڕوو.

ئەو هەستی جوولا، دەستی برد.... بەڵام ئەم:

– ها، بزانم گــەرمــا هێنانی، یا... لە مــێــشــوولە ناترسی؟!

– ....

– عاسی، هەتیو هۆشت پێ نەماوە؟

دەوروبەرەكە هێند كپ و چۆڵ بوو، هەر زوو لە دوورەوە دەنگی ئەو ماشێنەی لە پێچی گردەكەوە بەدیاركەوت، دەتوت خـاڵێكی سوورە و لەناو شەپۆلی ئاودایە، لەناو گەرماكەوە دەنگەكەی دەدا بە گوێی سەمەدی خەواڵوودا!، گـورج ڕاپەڕی و چاوی كـردەوە، كـردیە سـەری ئەوسـەری جادەكەو لەبەرخۆیەوە:

– ئەرێ وەڵڵا، هەقەتی هات.

ئینجا بەدەنگی بەرز ڕووەو ژێرەوە: باوە، باوە....

بازووی توندی وا لەكـەمـەرەوە ئاڵاندبوو، بە زەحـمـەت خـۆی لێ ڕاپسكان، لەشی لینجی تەڕی دەربازكـردو وەلا كەوت.

– بانگت دەكا، ئەو كوڕە.

داتسـەنێكی دووتەنی، دووانی لێ دابەزین؛ كوڕێک و كچێكی باریكەلەی قژ زەردی جوان... ئەم گورج خۆی بۆ سێبەرەكە كوتاو ئەویش بۆنیـتی ماشینەكەی حەواخست و سـەرقـاپی ڕادێتـەرەكــەی بە وریایی هەڵـبـڕی و خـۆی وەلاخـــست... ئاوێكی كــوڵاوو هەڵـمــێكی خــەست سەرەوژوور دەرپەڕین.

که عـاسی سەرکـەوت تەنیـا شـەرواڵەکـەی لەبەردابوو، لەشی بریقـەی دەهاتەوە... ئەمـان سـەروپەرداخ ئاویان بە دەسـتـەوە بوو، لەباتـی بیـخـۆنەوە سـەروڕووی خـۆیان پێ تەڕدەکرد.

- بەخێرهاتن، گەرمە، وەنە؟

کـە لەو دووانەن ڕوانی سیـانزە سـاڵ لەمـەوبەری خـۆی هاتەوە یاد:

- دەتبەم... دەڕۆین بۆ ئەوپەڕی دنیا، با نەتدەن، ئەی خۆمان مردووین؟

کـچـەکە لەو دیمەنەی ڕوانی و تەمـاشـایەکی کـوڕەکـەی کردو بزەیەک گرتی.

- ئادەی سەمەد، بزانە چی دەفەرموون.

- چی هەیە؟

- ئەوەی مـــابێ... چی؟، دەتۆ چوار هێلکـەیان بۆ بکەرە ڕۆنەوەو وا تەماتەو خەیارەکەشیان بۆ حازر دەکەم.

- هەر باشە، چارچیە.

کوڕە بە کچەکەی وت.

لە نانخـواردن نەبوونەوە کـە خاوەر بەچاوی خـەواڵوو و قژی ئاڵۆسکاوو سنگ و قۆڵی ڕووتەوە سەرکەوتە لایان، ئەو دووانە لە یەکـیـان ڕوانی و زیاتر دڵنیـابوون، کـوڕە وتی:

- وای.... لەم دۆزەخەدا ئەمەش هەیە؟

کچە چرپانی: دەمی خۆت بگرە... ژیر بە.

- مێردتە؟. کچەکە لە خاوەری پرسی.

- ئەرێ، ئەوەش کوڕمانە.

زۆری نەویست ئەودوو (کلاوکوڕە) هەڵاتووە ئالوودەی ئەو خـێـزانە بچـووکـە بوون، سـەمـەد بردینیـە خـوارەوە بۆ سەرخەوێ.

- باوکت لێی دەزانێ؟

ئەمەی پرسی و سویچەکانی بۆ ڕاگرت.

- ئەرێ، بۆ؟

- با بیباتە ئەودیو... پشت چایخانەکە.

کە ڕۆیی کچەکە بە حەسرەتێکەوە وتی:

- بە قوربان... دەڵێی شەماڵی برامە.

ئێـوارە لە گوێ ئاوەکـە کوڕە هەڵاتنی هەردووکیـانی بۆ کاک عاسی دەگێڕایەوە.

- ئێستا بۆ کوێ؟

- بۆ دوور... لە کوێ گیرساینەوە.

خـــاوەر و کـــچـــەش پۆڕو ســـۆنەیەک بوون و یەک کەوتبوون.

- ئێ کە هاتین وێرانەبوو دەستـمـان پیا هێناو بووە ئەم شـــوێنەی دەیبـــینی.... باشــە لە خـــوا بەزیادبێ، دەمانژیەنێ.

- لە کوێوە؟

- دوور.... لەو دەوری کرماشانەوە.

* * *

عـاسی بەیانیـان بەر لە خـاوەر، زوو هەڵدەسـا؛ کـە بە ئاگاهات گوێی لە دەنگەدەنگێ بوو، ڕوانی خاوەر لەگەڵ سێ زەلامی کەتەی مل ئەستوور مشت و مڕێتی.

- وتم کـەسـمـان لانیـە، هەر خـۆمـانین، پیـاوەکـەم و منالێک.

- ئەی ئەو داتسەنەی پشتەوە هی کێیە؟

لەمـەداو کـوڕە هاتە ژووری... کـە چاویکردن سـست بوو.

دووانیـان دەم و دەست گـرتیـان و نایان بەدیوارەکـەوە، قریشکەو هاواری خاوەر تێکەڵ بە تەقەکانی دەمانچەکە بوو.

سێیـەم سەرکـەوتە سـەربان... لەوێش تەنیا تـەقـەیەک کرا.

ڕۆیشتن و داتسەنە سوورەکەشیان بردەوە.

ئەو سیانەش لە گرمەی فرمێسک و سام و ژندا کاس و گێژ بوون.... بە ماوەیەک

بەسـەر ئەو ڕووداوەدا پیکابێ کاڵەک هات، کە سـەرو خواریان کرد شۆفێرەکە وتی:

- خێراکە با دەرچین... مەسەلەکە شەرەفە.

# زۆڵستان

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(کەرکووک)**



ڕووداوە دڵتەزێنەکانی وەرزی خوێن. بوون بە ویردی سەر زمانی حیکایەتخوانانی زۆڵستان. لەگەڵ ئەوەڵ مژی جگەرەکەیدا. دووکەڵێکی پێچاوپێچی پڕ لە حەسرەت و ژان چوو بە ئاسماندا. حیکایەتخوانەکە بە چیرۆکی حەکیمە نالەبارەکە دەستی پێکرد. بیست ساڵ لەمەوپێش. زۆربەی زۆری ئافرەتانی زۆڵستان. بە دەم دەردی نەزۆکییەوە. دەتلانەوە. دیمەنی پیاوەکانیان. کۆسە و خۆڵەمێشی و مس ڕەنگ بوون. نشێوی لۆچەکانی ڕوومەتیان. ڕەش هەڵگەڕابوو. لە داخی ئەم ئافاتە قورسە بە شەو و ڕۆژ وڕ و گێژ بوون. چاوەکانیان چووبوون بە قوولا. حەکیمێکی ساختەچی بە شەو و بە ڕۆژ لە نێو ژووری خەڵوەتکێشانی درۆدا. لە هێزەکانی ئاسمان دەپاڕایەوە. بۆ نەمانی ئەو ئافاتە. ئافرەتانی نەزۆک لە فەرمانەکانی سەرپێچییان نەدەکرد. ئەو ڕۆژە لەگەڵ زەردەی ئاسۆدا. بە چواردەوری حەکیمەکەدا ئەڵقەیان بەست. حەکیمەکە بەرەو بنمیچەکە چاوەکانی ئەبڵەق ببوو. ئافرەتەکانی دەوری دەستەکانیان دەلێسایەوە. بە ڕوومەتێکی سۆفییانە و بە دەنگێکی نەرم هاتە گۆ:

– هەمووتان بڵاوەکەن.. ڕۆژانە تەنها دەردی دوانتان تیمار دەکەم. حەکیمە چرووکەکە بوو بە ئەسپێکی بوغرا و شەهوانی. لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی زۆری ئافرەتە قسرەکانی زۆڵستان ئاوس بوون.

کۆڵانەکانی زۆڵستان پڕ بوون لە زۆڵ. بە گەورەبوونی ئەوان. ئاڵای وەرزی خوێن. بەسەر زامی سینگی ڕاستیدا هەڵکرا. کۆمەڵی جەردە و دزۆزن و پیاوکوژان بە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا فرتەیان دەهات. شارەکە بوو بە

نەفرەت لێکراوی دەڤەرەکە.

یاسا بە دەم کەڵبەی گورگ مرۆکانەوە شیتاڵ شیتاڵ بوو. ژیانێکی نائاسایی و داستانێکی پڕ لە زام و گەردەلوولێکی خنکێنەر هاتنە کایەوە. سەرەتای وەرزی خوێن لە زۆڵستانا دەستی پێکرد. ئاوی ڕووبارەکان سوورهەڵگەڕا. قوتابخانەکان. یانە و گۆڕەپانەکان. سەر شۆستەکان. ویستگەی شەمەندەفەر و گەراجەکان. بازاڕ و مەیدانە گەورەکان. پڕ بوون لە زۆڵ. ئێوارەی ئەو ڕۆژە. بە شەقامە گشتییەکەدا بەرەو ماڵ دەڕۆیشتم. لە بۆسەیەکی مەحکەمدا بەسەر بازاڕەکەوە ڕایانگرتم. بە شێوەیەکی نامرۆڤانە یوخلەمەکرام. لەگەڵ چوار کەسی تردا لەلایەن زۆڵێکی کاڵفامەوە وەکو ئاژەڵ بە کۆڵانێکی تەنگەبەردا لەبەردراین. لەبەر دەرگایەکی گەورەدا ڕایانگرتین. چەند زۆڵێکی تر ڕاوەستا بوون. براینە ژوورەوە. بە پەیژەیەکی چل پێپلکەدا. دایانگرتینە خوارەوە. بەرەو سەردابێکی کۆنی بێ کەڵک. زۆڵەکانی زۆڵستان هەر هەموویان لە حەکیمە چرووکەکە دەچوون. چاو ئەبلەق و ڕەنگ خۆڵەمێشی و لچ شۆڕبوون. لە سووچی لای ڕاستی دەهلیزەکەدا ڕووناکییەکی کز بەدی دەکرا.

چەند زۆڵێکم بینی تەنافی سێدارەیان هەڵدەخست. لە پڕێکدا بوو بە وژە وژ و غەڵبە غەڵب. دوو جۆرە دەنگم بەرگوێ کەوت. دەنگێکی پڕ لە گریان و ئەی هاوار. دەنگێکی تری پڕ لە تووڕەبوون. هاواریان دەکرد:

«پردی زۆڵەکان هەرەس دێنێ و وەرزی خوێنیش ئەبێ ڕاگیرێ» هەر لەوێدا ئەوەم کەوتەوە یاد. چەند ڕۆژێک پێش ئێستاکە لە نێو ئاپۆرەی خەڵکە ڕاوەستاوەکەدا لە سووچی قوتابخانەکەدا گۆشەگیربووم. زۆڵەکان لە جرتوفرتدا بوون. سەرقاڵی ناردنی سووتەمەنی بوون بۆ بەرەکانی دۆزەخ. لە بڵندگۆکەدا هاواریان دەکرد:

– ئەوەی خۆی ئامادە نەکا خائنە و لە ئایین بەدەرە. ئەوەیشی ئەیەوێ بە سەربەستی بژێ. دەبا سەرکەوێ بۆ سەری ئەم شانۆیە و خۆی ناونووس بکا.

لە چەند کەسێک زیاتر کەس نەجووڵایەوە. زۆڵەکان کەوتنە سوخورمەدانی ئەو خەڵکە. بەرەو شانۆی پڕ لە خوێن و بێ ئەنجام. سەرەتای وەرزی خوێن و زامی قووڵ لەم زۆڵستانەدا دەستی پێکرد. ماڵ نەما بێ زۆڵ. بەسالاچووەکان نەیاندەوێرا لە نێو خێزانی خۆیاندا دەردی دڵیان بۆ یەکتر بگێڕنەوە. ڕێژنەی بارانی سوور بەردەوام وەرزەکانی خوێنیان ئاودێر دەکرد. ئەوانەی بەرەو سنوورەکانی دۆزەخ نەڕۆیشتبوون. بە ناوی یارمەتی تالان کران. زۆڵەکەی من لە هەمووی خراپتر بوو. نیوەی شەو دەگەڕایەوە ماڵ. هیچ حیسابێکی بۆ نەدەکرم. ئەو ڕۆژە ڕوومەتی حەبیبەی کچم بوو بە سەرنج ڕاکێشەرم.

– ئەم کچەم هەموو شێوەیەکی لە حەکیمە ساختەچییەکە دەچێ. هەڵسوکەوتی. هاوارەکەی. تووڕەبوونەکەی. پێکەنینەکەی. تۆرانەکەی. گریانەکەی. پاڕانەوەکەی. سەرەتای قێزەونێتی حەبیبە لە ناخمدا چرۆی دا. ئەو کاتەی تەماشام دەکرد. بەری چاوەکانم لێڵ و نابینا دەبوون. ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە لە نێو وەرزی زام و چەرمەسەریدا هەڵدەکورمان. بەسالاچووەکان لە نێو تەکێ و مزگەوتەکاندا. لە خەڵوەتگا و کەنیسەکاندا. لە هێزەکانی ئاسمان دەپاڕانەوە. لەم وەرزی خوێنە ڕزگاریان بێت. لەم شارە گڕگرتووەدا ڕەشەبایەکی پڕ لە هەوەسبازی مێشکی کچانی دەڕووشاند. ئافرەتانی شار ئاواتەخواز بوون هەر بە نەزۆکی بمایەن، کچانی لە ژێر ڕکێفی باوکان دەرچوون.

ئەو ڕۆژە حەبیبە دوو سەعاتیش پاش نوێژی شێوان گەڕایەوە من تووڕە بووم، بەڵام ئەو هاواری کرد:

– باوکە تۆ هەقی منت نەبێ. تۆ لەگەڵ نوێژ و مزگەوتی خۆتا خەریکبە. دایکان و باوکانی زۆڵستان گومان بوو بە خۆراکی شەو و ڕۆژیان. ئەو شەوە باوکی حەبیبە بۆ کاری پێویست لە ژوورەکەی چووە دەرەوە. لەگەڵ ڕاوەستانی ئۆتۆمبیلێکدا دەنگی دەرگاکەیانی بیست. دەرگەکەی کردەوە. تەماشای کرد. حەبیبە پانتۆڵێکی زەیتوونی تەنگی لە پێدایە و چوار زەلامی چەکداریش لە ئۆتۆمبیلەکەدان. خواحافیزی لێ کردن و دابەزی.

– ئەم کچەش هەر لە گرووپی زۆڵەکانە. ڕۆژێ دێ لەگەڵ ئەم زەلامانەدا کچێتی خۆی لە دەس ئەدا و ناموسم دەچێ. هیچ نەزان و کاڵفامی وا ماوەیەکی تر ئەڵێ شەوانەش ناگەڕێمەوە.

ئەو ڕۆژە لەگەڵ بولێڵی کازێوەدا. لە دەرگاکەمان درا. تەماشام کرد هەمان ئۆتۆمبیل ڕاوەستاوە. چەتەولێکی

ناقۆلا دابەزی و بە دەنگێکی کەرخ وتی:
– بەڵێ بە حەبیبە درەنگە.
چاوەکانم هەڵکشان بەرەو ژوور. بە تەوقی سەرمەوە ئەبلەق بوون. زۆڵستان بوو بە جەنگەڵێکی پڕ لە ئاژەڵی دڕندە. ئارامی و ئاسوودەیی هەتا دەهات ونتر دەبوو. درۆ و بێ باوەڕی لە هەموو خێزانێکدا گەرای دانا. ئەو ڕۆژە ڕەشەبای ژیانی سەخت و نەخۆشییەکی پڕ لە ئازار پاڵی پێوەنا بەرەو نەخۆشخانە. لە دەرگا سەرەکییەکەوە چووە ژوورەوە. تەماشای کرد خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرگای دکتۆرەکەدا ڕاوەستاون. هەر یەکە بەدەم ئازارێکەوە دەناڵێنێ.
زامی قەتماغ نەگرتووی سەر سینگی کچان. ڕەشبەڵەکی ڕەشپۆشانی بەردەرگای قشڵەکان. فیستیڤاڵی زام. ڕێگای سەختی بێ ئەنجام لە ڕووداوە سەختەکانی ڕۆژانەی ئەم زۆڵستانە بوو. پاش وەستانێکی زۆر بەپێی سەرە چووە ژوورەوە و موعایەنەکرا. ئاگادار کرایەوە پێویستی بە نەشتەرگەرییە. هاتە دەرەوە تەماشای کرد لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکەدا قەڵەباڵغێکی نائاساییە. چوار زەلامی پانتۆڵ زەیتوونی لەبەر. بە شپرزەییەوە تەرمێکی لوولدراویان لە بەتانییەکی قاوەییدا هێنایە ژوورەوە. لە ماوەیەکی کەمدا هەموو دکتۆرەکان لە ژوورێکدا بەسەریەوە کۆبوونەوە. یەکێ لە برینپێچەکان هاتە دەرەوە و وتی:
– کچێکی کوژراوی بێ سەرە. کەس نایناسێتەوە. کچێتی خۆی لە دەسی داوە.
یەکسەر بەسەر کاشییەکەدا درێژابوو. تەنها ئەوەندەی بۆ وترا:
– حەبیبە دوو شەوە نەهاتووەتەوە.
برینپێچەکە دووبارە چووە ژوورەوە دەرچوو.
– تەرمەکە کچێکی پانۆلەی خرپنە. پانتۆڵێکی زەیتوونی لە پێدایە. لەگەڵ تەواوبوونی وتەکەی برینپێچەکەدا. ئەزنەقی داو ڕاوەستا. بەڵام دووبارە لەسەر لا کەوت و ئاگای لە خۆی نەما. کاتێک چاوی کردەوە لە ماڵیاندا شین و زایەڵە و واوەیلایە.

# جوانی

سەلام مەغی
(سلێمانی)

(١)

بۆ یەکەم جار چاوم بە – کانیکوچەڵە– کەوتەوە و بینم پێوە ناو دەست و قاچم خستە ناوی بەر چاوم ڕوون بۆوە، دەروونم سارێژ و فێنک بۆوە و بەخۆمم وت:

– [نازە] لەو بڕوایەدا بوویت جـــارێکی تر ئاو لە. کـانیـکوچەڵە– دەخـۆیتـەوە و چاوت بە دەورو پشـــتی دەڕێژیت..؟! دوور نییە کێویش بەکێو بگات! خەیاڵێکی قووڵی دەستەو یەخە هێرشی بۆ هێنام و مێشکی لە جەڕو مـەنگەنە دام و لە– کـانیکوچەڵـە–ی دوور خسـتـمـەوەو دیسـانەوە بەرەو وڵاتی– لم و خـۆڵبـارین و ئازار– بـاڵی پێگرتمەوە [ئای لەو ڕۆژە چاو سـوورە، دڵپـڕ لەقـینەی گەورەو بچـووکمـانیـان بە کـێـزری تەپانە ناو دۆزەخەوەو دەممان چووبووە کلیلە، ئەبێ لاپەڕەکانی مێژوو ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەمە تۆمار نەکەن؟! ئەگەر تۆماریشیان کردبێ بە پەرێزی ئەم ڕۆژە ڕەشەدا نەچووە و زمان لە ئاستی لاڵەو ناتوانێ بەکرەیی لەو مەزرایەدا بکات، بەڵکو گەدە بەل و گـون لەسکەکـان پاڵەی ئەو مەزرایەن و شێـتی دروێنەی دڕک و داڵ و ئەو بۆ گەیەن...

لەو ڕۆژە شـومـەدا: پاڕانەوەو لالانەوە، بارەومـۆکـەو قـارەو قـوورسکەو لوورەو حـەپەو حـیلەو زەڕەو دەنگی گـوللە مـێشـکی مرۆڤـیـان خـانبڕ و لۆبڕ دەکرد، قـاچیـان پەیزەن و دەستیـان دەکردە کەڵەمە، هەر ژن بوو بەراویتە دەبوو، خـۆی و سکەکـەیان فـڕێ دەدانە خـوارەوەو مـردن گزرەی دەخستن، قەل و داڵ میـوانیان بوو بەسەر قەرەوڵی گـورگـەکـان دادەنران.. لەو ڕۆژەدا بەختـەوەرییـەک هەبوو پێـیـــان دەوت مـــردن.. کێ مـــردنی پێ ڕەوا دەبینرا؟! خـۆزگـەمـان بەوانە دەخـواست لەناو مـاشـێنەکـاندا زوو دەمردن و فڕێیان دەدانە خوارێ..

– بۆ کوێمان دەبەن؟! ئەم سەفەرە شوومە کولەوەیبابە کەی کۆتایی دێت..؟! هەر زوو لە کۆڵمان کەنەوە باشە، غەزەبمان لێ گیراوەو بووینەتە چەقەنەی ئاسیاو.!!



چییان پێ نەکردین..؟ هەمیشە دەمە دالانیانەو سون و کوللەن و.. لە ڕێوە هاتن مەڕەکەوە سوێرو بزنە هەمس و کارژۆلە بە لە پۆشیان لە حەوشەکەدا سەر بڕی و ژەقنە بووتیان کرد، وەک چەقەڵ هیزە ڕۆن و کەرەدانەکەشیان کرانەوە.. بۆرمێکی کەرتەشی لووت، لووتی ئەتوت کاڵەکی تەپیوەو کە پێی پیاناوە، خۆی فرێدایە سەر پشت ماین [سوور بۆرە.] و ئاوزەنگی لێدا، ئەتوت: شایی دایکێتی.... سوور بۆرە-ش غارو وێرغەی لەبیری خۆی بردبۆوە و وەک گۆڵەبارگیر لۆقەی دەکرد و مات و بێدەماخ و ئاو بەچاویا دەهاتە خوارێ.. خۆزگە ئەورۆژە بمردمایە کە هەڵی گرتم و لەبەردەم ماڵی خۆماندا دامی بەزەویداو خەڵتانی خوێنی کردم.

هەر گەماڵە بازوو مەردبوو هەرچەند بانگیان کردو نانیان بۆ ڕاگرت دوایان نەکەوت و گوندەکەی بەجێ نەهێشت..

(٢)

جیایان کردینەوەو خۆم لە ریزی کچە جوانەکاندا بینیەوە.. لە هۆڵێکی وراقی چراخاندا ریزیان کردین.. زۆربەی کچەکانم نە ئەناسی.. لە دوورەوە [گوڵناز و سارا-م بینی، لە بێدەرەتانی خووم شێواویدا سەیری یەکترمان نە ئەکردو هەرکەس کەوتبوو بەسەر کۆستی خۆیدا، لای خۆمەوە وتم:

[کێ دەڵێت ئەوانیش وەک من بنیان نەپژانوون و خەڵتانی خوێن نین..؟! ئەوە چارە نووسمانە و کۆچمان ئاوێتەی کۆچی سەگ وەڕە...

دەرگای هۆڵەکە کرایەوە.. هەر ئەفەندی و عەگاڵبەسەر بوو دەهاتنە ژوورەوەو وەک پیشانگا ریزیان لەسەر دەگرتین و وەک ئاژەڵ مامەڵەیان دەکردین.. کابرایەکی کەتەی عەبا بەشانی ناوچەوان لۆچاوی ددان بەل، لێم هاتە پێشەوەو چاوی تێبریم:

- ئەمە بەچەندە..؟

پاسەوانە شەندەمەکە وتی:

- سەد هەزار دینار..

- ......

زەلامێکی ملخووزی بارۆکە لەسەری داڵگۆشت، هاتە سەرم و خەریک بوو دەچووە ناو چاومەوە.. خیزەی سەر سینگی دەهات ئەتوت گوێرەکەیەو جن باری کردووە.

- بە چەندە..؟

- سەد هەزار..

- باشە ئەمیرەکان بەمە بزانن بە چوارسەد هەزاریش دەیکرن..

[ئاژەڵین و لە بازاڕی کڕین و فرۆشتن تەڕاتێن دەکەین.. ئای جوانی چ دووژمنایەتییەکت لەگەڵ کردم..؟! خەڵکی لە سایەتا بەرخی بازی دەکات و دەحەسێتەوەو بارانی بەختەوەری بەسەرا دەبارێ کەچی بۆ من بوویتە خۆرەو ریشەی گولی و مارەکەی شێخ هۆمەر..]

(٣)

هەر چۆنێک بوو فرۆشرام و لەو مردنە قوتارم بوو، بەڵام کەوتمە بەر کەڵبەی چەندەها مردنی تر، ئەویش ئەتک و ئەشکەنجەو شەونخوونی.... کێ مردنە سرووشتییەکەی چنگ دەکەوت؟! سەد خۆزگەم بەناو زیلەکە کەمیزم دەکردە ژێر و خەڵتانی خوێن بووم و چەندەها لاشەی ساردو سڕو نیوەگیان بەسەر سینگ و کۆشمەوە کەڵەکەیان دەکرد... لەمانەش کڵۆڵترو برستبڕاویتر ئەم سکە شوومەیە هەناوی دەسکەنە کردووم و جەرگی بەتەنوورەوەداوم.. کابرای مێردم! بەوورن کڕیارەکەم زۆر دڵی پێخۆشەو ئەڵێت:

- ئەگەر کوڕبوو بەناوی [قەحتان]ی باوکمەوە ناوی دەنێم.. منیش لای خۆمەوە دەموت:

- گەمژە خۆیشم نازانم لە کێیە.. بێباوکەو باوکیشی زۆرە.. دایکیشی مانگایەو بەزۆر کەڵەسوو کراوە..!!

(٤)

چوونت ئاشکرابوو.. باشە چۆن گەڕایتەوە..؟! هەر خۆت وەڵامی خۆتدایەوە: ئەوەی ڕاستی بێ چوون و گەڕانەوەم بە دەست خۆم نەبوو، لە جیهانی خەویشا گەڕانەوەم جێی پرسیار بوو..؟ خۆیشم ناتوانم ئەو داستانە سوورانە وەک خۆیان بگێڕمەوە.. بەڵێ خۆیشم نەمدەزانی چی بووم: دەمێک مرۆڤ بووم، دەمێکی تر ئاژەڵ..! ئەی [نازە.] سەرسەخت کێ لە ئاژەڵییەوە کردیتییەوە بە مرۆڤ..؟! کێ لە ژێر دەست و پێ و کەڵەسوێتی قوتاری کردیت و ئێستا بە ئارەزووی خۆت هەوای سەربەستی هەڵدەمژیت و لەسەر کانیکوچەڵەیت..؟! هەر خۆت وەڵامی خۆتت دایەوەو وتت:

- ئاشتی سەرباز، ئەو فریشتەیە بوو لە چاوی مردنا دەری هێنام.. ئەوە سەیر بوو پێی وتم:

- ئێرە [کوێتە کوێت] ڕێی هات و نەهاتە.. کە منیان گرت تۆیش تیا دەچیت، وەک وتم سەفەری مان و نەمان و ئێمە دوو سەربازی یاخین و لە دەست کەڵبەی مردن ڕادەکەین..

- بۆ هێشتا تیانەچووم.. دەمێکە خەو بەسەفەری نەمانەوە دەبینم..

(٥)

هاتنی دووکەس پەتی خەیاڵە قووڵەکەمیان پچڕان و بڕوام بە وشەی- مەحاڵ- لەق بوو، لەو بڕوایەدام کێویش بەکێو دەگات..!!

٢٠٠٦/٢/١٠

# ئەویندارێتی لە پەراوێزدا

مەهسا موحیب عەلی
لە فارسییەوە: ڕەسووڵ وەیسی
(ورمێ)



لەم چیرۆکەدا ئەویندارێتی ڕوودەدا. ئەویندارێتی لە چەشنی لاولاوێک ئەویندار و من دەنێو دێڕەکاندا تێکەوە دەپێچێتەوە، من و ئەویندارم و چەند فیلم و چیرۆکی تر وەها تێکەوە دەپێچرێینەوە کە لە یەکتر هەڵناوادرێین. قژی من کورت و خورمایین و بە هەنییەو لاجانگمەوە نووساون. کێشم چل و پێنج کیلۆیە و قەڵافەتم بە پێڵاوی پانیە بڵندەوە میترێک و شێست و پێنج سانتمە، لیسانسی ئەدەباتم لە زانستگای ئازاد وەرگرتووە. چەند ساڵێکیش لە ماڵ مامەمەوە هەتا لە میوانداری «سێزدەبەدەر»ی باغی یەکێ لە خزمەکان لەگەڵ ئەویندارەکەم ئاشنا بووم. ئەویندارەکەم چاوخومار و کاربەدەستی بانکی ناوەندییە، باڵابەرزو مەشرەف خۆشەو بابەتێکی تایبەتی دیکەی تێدا شک نابەم، جگە لەوە کە هەمیشە خەریکی مووی سمێڵەکانیەتی. ئەویندارەکەم بە چاوە خورمایی و سەرنج ڕاکێشەکانیەوە لە سووچێکی باغەکەوە لێم دەڕوانێ. ئەمنیش بە غەمزەو شەرمەوە سەر دادەخەم و لێی دوور دەکەومەوە. ئەویندارەکەم بە شوێنمدا دێ و پیاڵەیەکم بۆ ڕادەدێرێ. هەر لەو دەمەدا کە پیاڵە لە ئەویندارەکەم وەردەگرم، بۆ ماوەیێ نیگامان تێک دە هاڵێ. ئەویندارەکەم سەبرێکی دەستم بۆ لای خۆی دەکێشێ و پیاڵەکە تەژی لە خواردنەوەیەکی شێوە شەراب دەکا.

بۆ ئەوەی لەم بەشەی چیرۆکەکە باشتر تێ بگەن، بڕوانن مینیاتۆر لاپەڕەی بیست و سێ لە کارەکانی محەممەد تەجویدی لە دیوانی حافزدا، پێداچوونەوەی دکتۆر قاسم غەنی و عەللامە قەزوینی، چاپی بیست و سێیەم، ئەو جێگەیە کە پیاوی مینیاتۆر لە حاڵێکدا کە لاڵانەوە لە چاوەکانیدا شەپۆل دەداتەوە خۆی بە دامێنی ئافرەتەکەی مینیاتۆر هەڵواسیوە و پیاڵەی شەرابی بۆ

ڕادەدێرێ و ئافرەتەکە لە نێوقەدییەوە بەپێچەوانەی لایەنی پیاوەکە سووڕاوەو هەتا ئەو جێگەیە کە بۆی لواوە نیگای خۆی لەو دوور خستۆتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، دیارە کە تاسەیەکی شاراوەی لە دەرووندایە. ئەم تاسە شاراوەیە بەوەڕا دیارە کە سیلەی چاوی خستۆتە سەر پیاوی مینیاتۆرەکەوە. پێدەچێ ئافرەتی مینیاتۆر گەلێک ساڵ چاوەنواڕی ئەم کاتە بووبێ و هەنووکە دوای چەند ساڵ دەرفەتێکی بۆ غەمزەو ناز دەسکەوتبێ، ئەگەرچی سەر کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕاون، بەڵام لێبراوە خۆی هێمن و بێ لایەن بنوێنێ. دیارە کە پیاوی مینیاتۆر گوێی بەم وتانەوە ناچێ و بەو قژەوەش کە بەسەر هەنیەیدا پەخش و پرێشان بۆتەوە، زەق لە ئافرەتەکە دەڕوانێ، پیاوی مینیاتۆر تەنیا لەبیری ئەوەدایە بە دڵدارەکەی بگا و هیچ ترسێکی لەوە نییە بیچم و ڕەواڵەتی وەک مرۆڤە گەمژەکان لە مێژوودا تۆمار بکرێ.

ئەمن و ئەویندارەکەم لە ئاپارتمانێکی چل میتری کە لە شەقامی حافز بە کرێمان گرتووە، لە هەمبەر تەلەفزیۆن هەڵکورماوین و چاو لە زنجیرەی «هێلی کۆپتێری فریاکەوتن» دەکەین. ئەمن لە حەستەمترین بەشی چیرۆکەکە ڕادەبم، دەچمە ژووری خەو، «ڕۆبد شامبێر»ێکی سوور دەبەر دەکەم و لە بەر تەلەفزیۆن دەوێستم و قژم دادێنم و لە وەڵامی ڕەخنەی ئەویندارەکەمدا فریودەرانە لێی دەڕوانم و ئەو پێدەکەنێ؛ بەڵام هەروا دەیەوێ شوێن پێی چیرۆکەکە هەڵگرێ.

ئەمیش تەلی دووفلیقانەی تەلەفزیۆن لە پریز (١) دەردێنم.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم بەشەی چیرۆک، بڕواننە کتێبی «ئەمریکای هێمن»، شوێنەواری گراهام گرین، وەرگێڕانی عیزەتوڵڵا فوولادوەند، بڵاوکراوەی خارەزمی، چاپی یەکەم، لاپەڕەی ١٤٣، ئەو شوێنەی کە پایل، لە فاولێر، ڕۆژنامەوانی بە ئەزموونی ئینگلیزی دەپرسێ: قووڵترین ئەزموونی سێکس کە هەتا ئێستا بووتە، چ بووە؟

فاولێر، وەڵامی ئەمریکاییە گەنج و هێمنەکە بەم چەشنە دەداتەوە: «بەیانیەکی زوو لەنێو پێخەفەکەمدا ڕاکشابووم، چاوم لەو ئافرەتە بڕیبوو کە ڕوبد شامبێری سوور لەبەر، قژی دادەهێنا.» لەو دەمەدا گشت هەستی ئیرۆتیکی ئەو پیاوە پێگەیشتووە ئەمریکاییە بۆ ئەو دیمەنە ڕاکێشرابوو. دیمەنێک کە زۆر پێدەچێ لەگەڵ هیچ کام لە دڵدارەکانیدا تاقی نەکردبێتەوە، بەڵام لەو ساتەدا تەنیا دیمەنێک کە زەینی شەکەت و پەشێوی ئەو لە بیری بوو، ئەوەبوو کە لە پاڵ دوو سەربازی ڤێتنامی و پیاوە ئەمریکاییەکەی نێو قەڵاو لە نێو ترس و دڵەخورپێی هێرشی ڤێتگۆنگەکاندا شەوی دەکردەوە. زۆریش پێدەچی فاولێر لەو ساتەدا بیری لە هیچ کام لە دڵدارەکانی نەکردبێتەوە؛نە لە فۆئۆنگ، ئەو قەقنەسە جوانە ڤێتنامییە و نەلە خۆشەویستە ئینگلیزییەکەشی. ئەو دیمەنە ئاکامی گشت ئەوساتە ئەویندارانەیە بوو کە ئەو پیاوە ئینگلیزییە تاقی کردبۆوە.

ئەمن و ئەویندارەکەم لە چایخانەیەکی ڕۆخ زەریا دانیشتووین و «کاپۆچینۆ»کەمان مەزە مەزە دەکەین. ئەویندارەکەم تی شێرتکی سپی لەربەردایە کە بەهۆی شێداربوونی هەوا بە لەشییەوە نووساوە. ئەمن مانتۆیەکی سەوزی کاڵم لە بەرداو گوڵێکی ماگنۆلیای سپی گەورەم ناوەتە نێوان پشکۆژەکانی مانتۆکەمەوە. بۆنی ماگنۆلیاکەی ناوەتە سەر سینگم لەتەک بۆنی شێداری زەریا و بۆنی ئەو کاپۆچینۆیەی لە فینجانەکەمەوە دێ ئاوێتە دەبێ و سەرم پێی دەگێژەوە دێ. قامکەکانم دەخەمە سەر لاجانگم و هەناسەیەکی قووڵی بۆ هەڵدەکێشم. ئەویندارەکەم بە چاوانێکی تەژی لە پەرۆشییەوە لێم دەڕوانێ. لە ئەویندارەکەم دەوێ جارێکی تر کارەساتی خنکانی کیژو کوڕە گەنجەکەم بۆ بگێڕێتەوە. لە وەڵامدا دەڵێ لە دوێنێوە هەتا ئێستا پێنج جاری بۆم گێڕاوەتەوە و ئیتر وازی نەماوە.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم بەشە لە چیرۆک بڕواننە کتێبی «مێدراتۆکاتنابێلە»، کاری مارگرێت دۆراس، وەرگێڕانی ڕەزا سەید حوسێنی، بڵاوکراوەی زەمان، چاپی یەکەم ١٣٥٣، لاپەڕەی ٨٩. ئەو شوێنەی کە «ئان دێبارد» بەو جل و بەرگە دێکۆلتە و گوڵە ماگنۆلیایەی لە سنگییەوە داوە، پەشێو و شێواو لە پشت مێزی شیوی میوانی ڕادەبێ هەتا بچێتە چایخانەی ئەسکەلە و لە پاڵ «شوون»دا پێکێکی تری شەراب بخواتەوە و بۆ دوامین جار داوای لێ بکا هەتا حەقایەتی ئەو ئافرەت و پیاوە گەنجەی بۆ بگێڕێتەوە. «ئان دێبارد» لەو ساتەدا ئەوە بۆ یەکەم جارە بە هێزو توانای سیحراوی شەڕاب و گوڵی ماگنۆلی و هەر لەو کاتەشدا بە وێکچوونی باوەڕپێ نەکراوی نێوان ئەم دووە دەزانێ. «ئان دێبارد» لەو دەمەدا ئەوە تێدەگا کە عەتری ماگنۆلیا لە سەرەتادا زۆر پاک و بێ خەوش دەنوێنێ، هەروەک خواردنەوەی نەختێ شەراب، بەڵام عەتری گوڵەکە دوای ماوەیێ تەواوی مێشک دەتەنێتەوە، بە چەشنێک کە دەرفەت بۆ هیچ بیرکردنەوەیەک یا هەستێکی تر ناهێڵێتەوە و ئەوە ڕێک هەستێکە «ئان دێبارد»

لەوکاتەدا هەیەتی. سەرخۆش لە عەتری ماگنۆلیا و شەراب و زەینێکی کە جگە لە ئەوین، بیری لە هیچ شتێ نەکردۆتەوە. ئەوین لەوساتەدا وەک عەتری ماگنۆلیا تەواوی زەینی ئەوی تەنیوەتەوە و دیارە کە خەفەت بە هەمان ڕادەو هەر بەو کتوپڕیە زەینی داگیر کردووە.

ئەمن و ئەویندارەکەم هەر لە ئاپارتمانە چل میتریەکەماندایین. ئەویندارەکەم لەسەر قەنەفە(٢) لێی ڕاکشاوە و شەربەی تەژی لە سەهۆڵی ناوەتە سەر سنگی و جگەرەیەکی بە لالێویەوەیە. ئەو دە بنمیچ ڕاماوە و پرسیارەکانم کورت و بێ سەرەوبەرە وەڵام دەداتەوە. ئەمن لەسەر مۆبڵ دانیشتووم و لاقەکانم بە لێوارەکەیدا شۆڕکردۆتەوە و بە ڕک و تووڕەییەوە لاپەڕەکانی گۆڤاری «ئارت ئەند دیکۆرەیشن» هەڵ دەدەمەوە. بە ئەویندارەکەم دەڵێم سووتە جگەرەکەت دەتکێتە سەر عەرد. وەڵامێک ناداتەوە و هەروا چاو لە بنمیچ، دیسان جگەرەکە دەتکێنێتە سەر عەرد. دەچم لەسەر سەری دەوێستم، دەستم لەسەر سینگ تێک دەخەم و بەتووڕەییەوە چاوێکی لێ دەکەم. ئەویندارەکەم هەر بەو چەشنە کە چاوی بڕیوەتە بنمیچ، بزەی دێتێ. دەقیژێنمە سەری و دەڵێم لەو شێوە ئاکارانەی وەڕەز بوومە و لە خۆی و لەو شەربەیەی کە هەمیشە بە دەستیەوەیە بێزارم. ئەویندارەکەم لە حاڵێکدا کە لەژێر لێویەوە جوونم پێدەدا، شەلواری لە بەر دەکا و قایشەکەی توند دەکا. ئەمن لەبەر دەرگە وێستاوم و پێشم گرتووەو پێی دەڵێم واز لەم ئاکارە بێنێ و هێندە لاسایی قارەمانەکانی فیلمە ئەمریکایەکان نەکاتەوە کە لەدەس دڵدارەکانیان جاڕز بوونە. پاڵم پێوە دەنێ و دەرگەکە پێکدادەدا و دەڕوا.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم دیمەنە، بە هیچ کلۆجێ مەڕواننە فیلمی «هیپی ئێندە ئەمریکاییەن»، چونکە ئەمن وەک «جین فۆندا» یا «جۆلیا ڕابێرتس» وە شوێن ئەویندارەکەم ناکەوم هەتا لە پارک یا یەکێ لە چاپخانەکاندا وەیدۆزم و بیهێنمەوە بۆ ماڵ. بە دوای ڕۆینی ئەویندارەکەمدا، سی دی ئۆپێرای سالوومە، لە کارەکانی «ڕیشارد شتراوس» دەخەمە سەر زەبت(٣). لەسەر قەنەفە ڕادەکشێم و لاپەڕەی ڕۆمانی سالوومەی ئۆسکاروایلد هەڵدەدەمەوە و کاتێک کە هێرود لە سالوومەی دەوێ بە بۆنەی ئەو شەوە پیرۆزە سما بکا، منیش هاوڕێی ئەو سەمای حەوت حیجاب دەس پێدەکەم و لە ئاکامدا کاتێ کە سالوومە سەری بڕاوی یەحیا لە باوەش دەگرێ و ئەو لێوانەی ڕادەمووسێ کە لە سەردەمی ژیانیدا لە دەس لێدانیان خۆی دەپاراست، ئەمنیش قاپی وێنەی ئەویندارەکەم لەسەر تەلەفزیۆن ڕادەکەم و لێوەکانی ڕادەمووسم. هەستی تۆڵە سەندنەوە و ئازاردەرانەی من لەوساتەدا کەمتر لە هەستی سالوومە سەبارەت بە یەحیا نییە.

ئەمن و ئەویندارەکەم لەنێو «وان» (٤)دا ڕاکشاوین و لەشی خۆمان داوەتە بەر ئەو گەرما هێمنەی کە لە «وان»ەکەوە دێ و هێدی جگەرەکانمان بە با دەکەین.

ئەویندارەکەم یەک بین دەئاخوێ و ئەمن بە سووکە بزەیەک و دەنگێکی کز وەڵامی دەدەمەوە. چاوم ناوەتە سەریەک و هێشتا لە خەیاڵی چەند سەعات لەمەوبەرم ولام وایە ئەگەر ئەویندارەکەم بیزانیبایە لەو دەمەدا بیر لە چی دەکەمەوە، ئاخۆ چی بەسەر دەهات. تەنانەت بیر لێ کردنەوەشی لەشم وەلەرزین دەخا. ئەویندارەکەم دەڵێ باشترە لە وان بچینە دەرێ؛ چونکە ڕەنگە سەرمام لێدا.

بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری ئەم بەشە لە چیرۆک بڕواننە فیلمی «بێ وەفا» بە کارگێڕی «ئادریان لین»؛ سێکانسێک کە کیژەکە لە نێو واندا ڕاکشاوە و لە ناکاو چاوی بە نووسراوەی سەردڵی دەکەوێ. نووسراوێک کە لە کاتی خەوتنیدا، فاسقەکەی بەهۆی بەدفەڕییەوە لەسەر دڵی نووسیبووی، ئەم ساتە گرینگترین سات لە ڕەوتی پێکهاتنی پێوەندی ئەو و هاوسەرەکەیدایە.

هەتا ئەو دەمە گشت شتێ لە ڕادەی بەدفەڕی یا تەنانەت گاڵتەیەکدایە؛ بەڵام کاتێ ئەو ئیسفەنجی حەمام ڕادەکا و ئەو دڵە کون بووە دەسڕێتەوە. پەی بە هێزی سێحراوی نهێنی کاری دەبا. لەوە بە دواوە پێی ناوەتە قۆناغێکی تری ئەم کایەوە. بەر لەوە ڕەنگ بوو لە حاڵتێکی بێ خۆ بوون یا نەشە بووندا لە هەمبەر هاوسەرەکەیدا، دان بە هەموو شتێ دابنێ، بەڵام لەوە بەولاوە لە چێژی هەڵخرۆشانێکی شاراوە لە خەیانەتدا دەگا و وای لێدێ هەتا ئەم کایەیە بەردەوام مەترسیدارتر بکا.

ئەمن و ئەویندارەکەم دەس لە ناو دەسی یەکتر لە میوانی دەگەڕێینەوە. ئەمن کراسێکی پێسیردارم لە بەردایە و ئەویندارەکەم وەک هەمیشە شەلواری جین و تی شێرتی لەبەر دایە. هەرتک بە یەکەوە بە دەنگی بەرز گۆرانی «ئەم شەو مانگەشەوە» دەچڕین. جاروبار ڕەتێک دەبەین و خۆمان بە قۆڵی یەکتر هەڵدەواسین و بڕێ جاریش لە پێکەنینان کە فەزگ دەبین. ئەویندارەکەم هەرکە دەگا بە وشەی خۆشەویستەکەم، برۆکانی تێک دەنێ و بە سیمایەکی جیددییەوە قامکی بۆ لام ڕادەدێرێ و لەگەڵم دەدوێ. ئەمنیش بە دەنگێکی بە قەرا «ئۆکتاوێک» (٥) نزمتر هاوڕێیەتی دەکەم.

بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەم پاژەی چیرۆک بڕواننە

دیمەنی دەسپێکی فیلمی «چ کەسێ لە ڤیرجینیا ڤۆڵف دەترسێ» . لەم دیمەنەدا «ئەلیزابێت تایلۆر» و «ڕیچارد برتۆن» ، هەرتک لە هەوڵی ئەوەدان هەتا هەستی ڕاستەقینەیان سەبارەت بە یەکتر شاراوە ڕابگرن و ئەم کارە بە گەپ و ڕەشقەنێک درێژە پێ دەدەن کە ئەگەر وریاش نەبن بە سانایی لێیان دەبێ بە جنێو و قسەی سووک کە دیارە فەرامۆشیش بە هانایانەوە دێ. فەرامۆشی کارێ دەکا کە بیرەوەریەکانی ڕابردوو تووشی ئاڵوگۆڕ بن و برێ جار دەهانای زەین یا هەستی زامارەوە بێن. هەستێکی سەرچاوەگرتوو لە مەرگی مناڵ، یا مناڵ لە بارچوون، یا خەیانەتێک کە هیچ کات بە دروستی لە قاو نەدراوەو ڕوونە کە هیچ کاتیش لە قاو نادرێ.

ئەمن و ئەویندارەکەم لە ئاپارتمان دانیشتووین و بە خەفەتەوە جگەرە دەکێشین. ئەمن بەبێ وازی لەسەر قەنەفە ڕادەکشێم و جگەرە دەکێشم و ئەویش خەفەتبارتر لە پاڵ شوومینە(٦) پاڵ دەکەوێ و جگەرە بەبا دەکا. خەفەت وەکو لاولاوێک دەست و پێمان بەیەکەوە گرێ دەدا. ئەمن پێم باشە یەکێکمان ئەوی تر جێ بهێڵێ؛ چونکە لەم هەلومەرجەدا زۆرجار یەکێ لە ئەویندارەکان ئەوی تر تەنیا دەهێڵێتەوە. ئەویندارەکەم لەسەر کەلەکەی وەردەسووڕێ و دەڵێ سەبر و حەوسەڵەی ئەوەی نییە لە شەقامەکاندا وێڵ بێ و ئەگەر ئەمنیش ماندوو بوومە، دەکارم بەجێی بێڵم. بە ئەویندارەکەم دەڵێم عادەتەن شووەکان دەبێ ماڵ بەجێ بێڵین، بەڵام ئەویندارەکەم دان بەوەدا نانێ و لە هەمبەر پێداگریەکانمدا بەو چاوە خومارانەوە هەر لێم دەڕوانێ. دیسان پێی دەڵێم ئیتر ناشێم هەروا بە خەفەتەوە جگەرە بکێشم و لە خەفەتبارانە جگەرە کێشانی ئەویش بێزم دەبێتەوە. ئەویندارەکەم مژێکی تر لە جگەرەکەی دەداو دەڵێ بە بڕوای ئەو هیچ کارێکی تر بە ڕادەی جگەرەکێشان بەم جوانیە خەم و خەفەت ناخاتە ڕوو. ئەمن لە کاتێکدا کە لێوی سەرەوەم بەهۆی زۆر تووڕە بوونەوە هەڵداوێ، دەچمە ژووری خەو و سی دی «سۆناتی سی بێمل شۆپێن» دەخەمە سەر پەخشی سەوت و لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێم و بیر لە چەند بابەتی هیچ و پووچ دەکەمەوە.

ئەگەر ویم وەندێرس فیلمی پارس تێگزاسی لە چەند دیمەن پێشترەوە دەس پێکردبا ، واتا لەو شوێنەوە کە ژن و مێردی چیرۆک تووشی پەژارە دێ، ئێوە دەشیان بۆ ئەم فیلمە بگەڕێنەوە، بەڵام ئێستا واباشە هەر بڕواننە ئەو سۆناتی سی بێمل مینۆر شۆپێنە. ئەم شوێنە کە نۆتگەلی چەنگ دەنگی یەک چەشنی باران و مەینەتباری شۆپێن لە دووڕگەی ماژۆرک بیر دەخاتەوە. ئەودەمەی شۆپێن لەو ویلایەی کە لەسەدەی شازدەیەمدا لەسەر ڕەوەزە بەرداندا هەڵکەوتبوو لە پشت پیانۆ دانیشتبوو و نۆتە خەماوی و وێرانکەرەکانی ئەم سۆناتەی دەنووسییەوە، تەنیا بیری لە شتێک دەکردەوە: مەینەتباری. مەینەتباری ئەوین. مەینەتبارییەکی لە چار نەهاتوو کە دوای سەردەمێکی درێژخایەنی ئەوینداری، دوای ئەم گشت خەیانەتانە، بێ ئاوەزانە، لەبیرکردنانە، شەڕانە، مەستیانە و سەرخۆشیانە، بەرۆکی مرۆڤ دەگرێ و ڕێگەچارەیەک ناهێڵێتەوە جگە لەوە کە وەک شۆپێن، لە کاتێکدا گوێ لە دەنگی باران و وێک کەوتنی قەڵبەزەکان لەگەڵ ڕەوەزە بەردان هەڵدەخەی، بێ سەرنجدان بە لاسارییەکانی ژۆرژساند، ئەو نۆتە مەینەتبارانەیە کە هەڵگری جۆش و خرۆشی تۆفانێکی وێرانکەرن، بێنییە سەر کاغەز. هەرچەند کە ڕەنگە ژۆرژساندیش لە هۆدەی پاڵدەستەوە خەریکی نووسینی چیرۆکێک بووبێ کە لەودا دڵدارێک بە هۆی خەم و خەفەتەوە ئەویندارەکەی دەکوژێ. بەم پێیە ئەمن لام وایە ئەگەر شۆپێن و ژۆرژساند لە جیاتی ئەوەی بچنە دووڕگەی ماژۆرک، بچوونایە ئارێل، ئەو شوێنەی ڤان گۆک ئەو گوڵە بەڕۆژە جوانانەی لێ کێشاوە، بێ شک بەر لەوەی کارەکەیان بگاتە ئەو مەینەتە تاقەت پرووکێنە، بەرەو ئەو شێتایەتییە دەچوون کە بێ گومان یەکێک ئەوی تری دەکوشت یا هەر نەبێ وەک ڤان گۆک کە گوێی خۆی بڕی، یەکێک لەو دووانە ئەندامێکی لەشی لێ دەکردەوە یان دەیبڕی.

**پەراوێز:**

**(١) پریز: سۆکێت، ئەو شوێنەی کەرەسەکان بە هێزی کارەباوە دەبەستێتەوە.**

**(٢) قەنەفە: تەخت، قەنەپە، قەرەوێڵە.**

**(٣) زبت: موسەجەلە، ئەو ئامێرەی دەنگ وەردەگرێ و بڵاویشی دەکاتەوە.**

**(٤) وان: تیانە، حەوزی ناو گەرماوە، گۆلی بچووکی ناو حەمام.**

**(٥) ئۆکتاو: پێوانەیەکە بۆ دیاری کردنی بەرزی و نزمی دەنگ.**

**(٦) شوومینە: ئەو زۆپایەی بۆ جوانی لەنێو دیواری ژوورەکاندا دامەزراوە.**

عەبدولڕەزاق بیمار لە جووڵانەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا ناوێکی دیارە و جێ دەستی ڕوونە. لە زۆر بواری جیا جیای ئەدەبیدا چالاکی نواندووە، وەک: شیعر، شانۆگەری، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و دەربڕینی باری سەرنج. لەو بوارانەشدا بەرهەمەکانی بە پێی سەردەم و قۆناغی خۆی ئاست و گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام بە لای خۆیەوە خاڵی درەوشانەوەی لە بەرهەمهێنانیدا لە شیعردا دەبینێ، هەر بۆیە ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕوومان کردووەتەوە لە دەوروبەری شیعر خولاونەتەوە و ئارامیان گرتووە.

ئەم نووسەرە بێجگە لە کتێبە چاپکراوەکانی لە بواری شانۆ و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەدا ، ئەم کۆشیعرانەشی بە چاپ گەیاندووە: (دیوانی بنەوشەکان، کانیلە و خۆشەویستی، دڵداری ئێمە، ناوچەوان). بە پێی تێگەیشتنی خۆی لە سنوور و ئاسۆی شیعرییەتدا بوێر و ڕاشکاوانە هاتە گۆ و ئەزموونی نیو سەدە زیاتری خودی داگیرساوی لە هەمبەر بوون و داهێنان لەم هەڤپەیڤینەدا خستەڕووە.



# عەبدولڕەزاق بیمار:
# شیعری نوێخوازی کوردی لە زمان و کەشوهەوای ڕەسەنی خۆی دوور نەکەوتووەتەوە

**هەڤپەیڤین: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو**
**(بەغدا)**

* له ژماره پێنجی نووسەری کورد، ساڵی ١٩٨٦ شیعرێکت بەناوی (بە چرپە) بڵاوکردەوە، شیعرەکە ڕێک لە ژیاننامەی خۆت دەچێت و لە سەربردەی ئەشقێکی ناکام دەدوێت، ئایا دەتوانین بپرسین سەرهەڵدان و بە کوێ گەیشتنی ئەم ئەشقەمان بۆ باس بکەیت؟

– زۆر بە بایەخەوە سەیری ئەم سەرنج و پرسیارەتان دەکەم، ئێوە زۆر ورد لێی دەکۆڵنەوە و شیعرێکی پێش بیست ساڵ بڵاوکرابێتەوە ئەمڕۆ لە منی دەهێننەوە پێش. دیارە مافی خۆتانە وەک ڕەخنەگر لەسەر چەند و چۆنیی (دەق) و خاوەنەکەی باز نەدەن، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێک باری نالەباریش بۆ من پەیدا بکات.

ئەو دڵدارییە، یان ڕەنگدانەوەی دەوری ناکامیی هەرزەکاریی ئێمەمانانە کە لە ژینگەی بێ بەشی و دوور لە ڕەگەزەکەی دیدا تافی هەرزەکاریمان بەسەر بردووە و لەوانەیە تا پیریش جۆرێک لە جۆرەکانی هەرزەکاری بەسەرماندا دەسەڵاتدار بێت، یان ئەنجامی پایزی تەمەنە کەوا لە پیاو دەکات دان بەوەدا نەنێ کە تەمەن بەرەو کۆتایی هەنگاو دەنێت، بۆیە گەرموگوڕییەکی وەها پێشان دەدات کە بەرەو هەر چرپەیەک ڕوو وەربگێڕێت و لای وایە بانگی دەکەن. دەبێ گوڕ ببەستێ و بچێت.

شاعیریش وا ڕسکاوە دڵتەڕ و بەرامبەر جوانی بێ دەسەڵاتە. جا ئەو ڕووداوەی لە شیعرەکەدا دەرکەوتووە، یەکێکە لەو حاڵەتانە و ئەنجامەکەشی خۆشەویستییەکی یەک لانی بووە.

* دوای گۆران تۆ هەڵبژێردراوێکی بەهێزبووی بۆ ئەوەی ئەو ئاماژە شێوازیانەی مامۆستا گۆران لە بەرهەمەکانی خۆی دابوونی تۆ ئەم ئاماژانە گەورەتر بکەیت و نوێخوازییەکی ڕوونی لێ بەرهەم بهێنی؟

– دوای مردنی گۆرانی ڕێبەرمان لەبیرمە محەمەدی مەلا کەریم دەیگوت، جێگری (گۆران) مەگەر سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ دەنا کەسی وا لە باری دا نییە بە تەنیا ئەرکی هونەری ئەو هونەرمەندە ئەنجام بدا. بەڕاستی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ڕێنمایی کردنمان، کاریگەرییەکەی زۆر بوو، بەتایبەتی لەلایەنی زمانەوە، زمانی شیعری گۆران جادوویەکی تایبەتی کوردانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەتا من بە کاریگەریی بزووتنەوەی نوێی شیعری عەرەبی لە پەنجاکاندا. بەتایبەتی گۆڤاری (الآداب)ی بەیرووتی سەرەڕای ڕێبازی وجودیانەی دەورێکی گەورەی هەبوو لە برەوپێدانی شیعری نوێ و نوێکردنەوە لە ئەدەبدا بە وردی دەمخوێندەوە. هەندێک ئاسۆی هونەریم فراوانتر بوو، زۆر بە دوای شیعری ڕۆژئاوادا دەگەڕام، کۆمەڵێک نموونەم وەرگێڕا، هەندێکیانم بڵاوکردەوە. وا بزانم لە هەندێ شیعردا نموونەی خۆ دەرخستن و کۆششی بەرەوپێشەوەچوونم پێشان دابوو. چەند دانەیەکیان بڵاوکرانەوە، هەندێ پارچە لە (شانۆی کوردستان) و هەندێ پاشماوەش لە (دیوانی بنەوشەکان)دا بەدی دەکرێت. تا ساڵی ١٩٦٢ دوای (شانۆی کوردستان) کۆشیعرێکم بەناوی (ترووسکەی ئاوات) بۆ چاپ ئامادەکرد، بەڵام ئەنجامی کوودەتا ڕەشەکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ ئەو کۆشیعر و شانۆنامەیەکی هۆنراوە و هەندێک گەڵاڵەی نووسینم لەناوچوون.

ئەوەتا لە (دیوانی وەنەوشەکان)دا شێوەنێکم بۆ نووسیوە و دەڵێم ئەو نەمر بوو، خاوەنەکەی مردوو بوو مایەوە.

**نەمردوو مرد و مردوومایەوە**
**دیارە نەمربوو بۆیە باوکەکەی**
**لە پاش مردنی (نەمێرد) مایەوە**
**زەوی نەزۆک بوو، کانی (ئەستێور)**
**پاش ئەو بۆ گوڵێک هەر نەزایەوە.**

جا لەو مێژووە تا بیست ساڵ ئەنجا پێم بە جەرگی خۆمەوە نا، ساڵی ١٩٨٢ یەکەم کۆشیعر بڵاوبکەمەوە. کاریگەریی بەندیخانە، باری ڕۆژگاری ساڵانی دوای کوودەتاکە بەسەر سۆز و هەستی ناسکمدا قورس و سەخت بوو، تەنانەت تووشی نەخۆشی و بێ هێزیی بیرەوەری بووم و بیروباوەڕی سیاسی و حزبایەتیم لەلا لەق بوو.

لەو بارە نائومێدی و بێ هێزییەدا لە نموونە پێشکەوتووەکانی ئەدەبی عەرەبی دابڕام، هەروا لە بیرمە دەچوومە کتێبخانەی گشتی، دەگەڕامەوە سەر نموونەکانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی میسری و لوبنانی. کەوا نەختێک دڵدانەوە و هاودەنگیی خەم و گریان و نائومێدیم تێدا دەدیت.

* کە گرووپی ڕوانگە بەیاننامەکەی خۆیان جاڕدا، ئەو

کات تۆ شاعیرێکی پێگەیشتوو بووی، ئایا بۆچی لەگەڵیان نەبوویی؟

– کە گرووپی ڕوانگە بەیاننامەکەی خۆیان جاڕدا، ڕەنگە من یەکەم کەس بووبم وتارێکم لەو بارەوە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکردەوە، لەم وتارەدا ڕەخنەم لە ڕاوێژی بەیانەکە گرتووە. بەڕاستی بەیاننامەکەیان هەر لە جاڕدانی کوودەتا سەربازییەکانی ئەو سەردەمە دەچوو، لەلایەکی تریشەوە لاسایی کردنەوەی (البيان الشعري)یەکەی چەند نووسەرێکی عەرەبی وەک (فازیل عەززاوی) و هی دی بوو کە خۆیان بە یاخی دەزانی، نەهلیست و یاخی لە هەموو بنەڕەت و بیروباوەڕ و نەریتێک. کە ئەو ڕێژاوە لە دوای کوودەتاکەی ساڵی ١٩٦٣ و بە زینە حەیابەرەکەی ساڵی ١٩٦٧ بەرامبەر بە ئیسرائیل سەری هەڵدا و وێنەدانەوەی شکستی و نائومێدی و زەبروزەنگی سەربازی بوو.

لەم وتارەدا پیرۆزبایم لە تازەکردنەوە کردووە، دەوری ئەو لاوانە و بەهرەدارییانم دەست نیشان کردووە، بەڵام ڕەخنەم لەوە گرتووە کە هاتوون کوڵنگی تێکدانیان لە ڕووی چەند بوت و دامودەزگا و قەڵاتێکی خەیاڵکرد لە ئەدەبی کوردیدا بەرزکردووەتەوە. دەمگوت: برا ئێمە کوا لە کوێین؟ کوا ئەدەبی کلاسیکیمان؟ کوا ئەدەبی مەیوو و کۆنەخواز؟ کوا دەسەڵاتی خنکێنەری هەوای تازەکردنەوە. تا بێین دەست بە ڕووخاندن بکەین و بوتەکان بشکێنین؟ خۆ ئێمە تا ئەو سەردەم بە دوای پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەی شاعیرێکی بەر لەخۆمان دەگەڕاین تا چاپی بکەین. دیوانی کەڵە شاعیرانمان هیچیان بە تەواوی چاپ نەکرابوون. تا ئەو دەم ڕەخنەی ئەدەبی، چیرۆک، شانۆیی، ڕۆمان و چەندین جۆری ئەدەبییمان ئەوەندە ساوابوون هەر لە حاڵی نەبوون دابوون. جا ئەو شێوازی یاخی بوونە ڕۆمانتیاکیانەم لا سەیر بوو، دەتوانن وتارەکەم لەو کتێبەی کە (حوسێن عارف) دەربارەی بزووتنەوەی (ڕوانگە) بە ناونیشانی (ڕوانگە و یاران و نەیارانی) کۆی کردووەتەوە بخوێننەوە. لە ڕاستیدا پرسیان پێ نەکردم لەوانەش دەیانزانی من هاوبەشییان ناکەم. نەوەیەکیش پێش ئەوان بووم.

**زمانی شیعری گۆران جادوویەکی تایبەتی کوردانەیە**

لەو بڕوایەدام، پاش پچڕانەکەی ساڵانی دوای کوودەتاکەی ٨ی شوبات، تا ساڵی ١٩٧٠ کە لەو ماوەیەدا وشکی و نەبوونی تووشی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیری و ڕەوتی ئەدەبی هات، هەروەها حزبەکان بە چەپ و ڕاستەوە تووشی دووبەرەکی و لەت لەت بوون هاتن. بێ گومان هەردەبوو لاوان دوای ئەو دابڕانە بەشێوەیەکی تازە بێنە پێشێ. هەرواش بوو. هەندێک لەوان و نووسەرانی تریش لە دەرەوەی گرووپەکە بەهرەی تازەگییان نواند شتێکی تر ماوە باسی بکەم. بزووتنەوەکەی ڕوانگە بەهۆی کارکردن، یان نزیکیی لاوەکان لە ڕۆژنامەنووسییەوە جموجووڵ و هات و باتیان سەرنجی خوێندەوارانیان ڕاکێشا. هەر چۆنێک بێت لەو بڕوایەدابووم بزووتنەوە پێشکەوتنی بەدوادا دێت.

* تۆ شاعیرێکی مولتەزیمی بە بیری مرۆڤ دۆستی، ئایا ئەو مولتەزیمییەیت وای لێ کردووی کەمتر بچیتە ناو فەنتازیا، لە کاتێکدا خاڵی دەروشانەوەی شیعر فەنتازیایە؟

– بەڵێ، ئێستاش من لەو بڕوایەدام کە نووسەر ئەوەی دەینووسێت، با زۆر خۆپەرستانە و تاکیەتی و دوور لە کۆمەڵ بێت، دیسان لە ڕەنگدانەوەی ژیان و دەوروبەر و واقیع بەدەر نابێت، مادام لەو ڕۆژگارەدا دەژیت. خۆیشی پێ نەزانێت. دەچێتە ناو چوارچێوەی ژیانی ئەو سەردەمەیەوە. ژیانیش ئەوەندە وشک و تەسک و بێ دەرەتان نییە کە نووسەر لە بەرامبەریدا دۆش دابمێنێ و لەسەر داهێنان و تازەیی و بەرەوپێش چوون لە بەرهەمەکەیدا پەکی بکەوێت. نووسەری داهێنەر لە واقیعی ژیانەکەی دەریایەک دیمەن و ڕووداو و سەرنج و دیاردەی ناو کۆمەڵ دەبینێت و لە بەرهەمەکەیدا بە کەڵکی دێنێت، بەڵام نەک هەر بە زمان و ڕاوێژە میللییەکە، بەڵکو بە زمانی شیعر و هونەر.

منیش وەکو ڕێگەگیر و خاوەن ئامانجێک لە ژیانی کۆمەڵ و تێکۆشان بۆ هێنانەدیی داد و یەکسانی و سەربەرزیی مرۆڤ و خەبات دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی –بەتایبەتی نەتەوە نامرادەکەی خۆمان– هەر لە کلاوڕۆژنەی ڕیالزمەوە دەمڕوانییە بەرهەمی ئەدەبی. ڕێبازی ئایدیالی و سۆفیانە بەلامەوە ئاڵۆزی و

تێنەگەیشتن و نادیاریی لە دەربڕیندا دروست دەکەن.

* زمان لە بەرهەمەکانی ئێوەدا زمانێکی نەرم و بێ گرێ و بێگەردە، ئایا دەتوانین بپرسین زمان لە پێکهاتەی ئەدەبدا ڕۆڵی چییە؟

- بەرهەمی ئەدەبی پێش هەموو شتێک بریتییە لە زمان، هەر لە زمانەکەدا شێوە و ڕوخسار و وێنە دەگووڕێت. من لام وایە دەبێ زمانی ئەدەب زمانێکی ڕەوانی لە ڕووی ڕێزمانەوە دروست و ترپەدار بێت. زۆر هەوڵم داوە وشەگەلی هەڵبژاردە و دوور لە کاریگەریی زمانانی بیانی بەکاربهێنم. نووسینی کوردییەکی پەتی و دوور لە وشە و دارشتەی ناقۆڵا، زمانی ناسکی ڕۆمانسیانە بێت. با وشەکان جۆرە ئاواز و ترپەیەک دروست بکەن، توانای ئاماژە و هێماداریییان هەبێت، بەڵام زمان بۆ گەیاندنە.

* تۆ لە زۆر بواردا بەرهەمداریت وەک شیعر، شانۆنامە، لێکۆڵینەوە. لێکۆڵینەوەکەش ڕووبەری فراوانە، هەم لە ئەدەبی کلاسیکی و هەم لە ئەدەبی نوێ، لە ڕۆژنامەگەری و پەخشان.. تا دوایی، ئایا هەست ناکەیت وەرگرتنی ئەم ڕووبەرە فراوانە بووبێتە هۆیەک بۆ کەمتر دەرکەوتنی شاعیریەتیت. لە کاتێکدا شاعیرییەتیت لە بەرهەمهێنانی تۆ لە هەموو ڕووەکانی تر درەوشاوە ترە؟

- لەو چەشنە ئەدەبیانەی باستان کرد، تەنیا ڕۆمان نەبێت زۆر چەشنم تاقی کردوەتەوە، ئەمانەش چ شیعر، شانۆ، چیرۆک، وتاری ئەدەبی، سەرچاوەکەیان ڕوانین و هەست و سۆزی نووسەرە. لە توانادایە یەکێک لەم چەشنانەدا بەهرە بنوێنێ.. ڕەخنە و لێکۆڵینەوەش بنەمایەکی تێڕوانینی (تیۆری) نووسەرەکەیە بۆ ڕوانین و بەرهەم هێنانی، لەوانەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێباز و مەبەستەکانی هونەرەکەی بە کەڵک و پێویست بێت، بەڵام ئەدەبەکەی ئێمە ساوایە، ماوەیەکی دێر و دوور نییە چاپخانە و کتێب و گۆڤار و کتێبخانە و قوتابخانەمان هەیە. جا کە مەیدانەکە بە چۆڵی ببینین ناچارین بەپێی توانا پەلێک بهاوێین و کارێک بکەین نەکرابێت، یان کەم کرابێت. بە نموونە کتێبێکم نووسی لەسەر کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، هەروەها کتێبێکیش لەسەر (پەخشان) بە لێکۆڵینەوە و دیاری کردنی جۆر و هونەرەکانی و دەقی کۆن و نووسەرانی پەخشان نووس. ئەم دوو کتێبە ئەگەر هەر نرخێکی ئەدەبییان هەبێت، نرخەکە لە وەدایە کە دەست پێشکەرین، لەو کاتەدا کە مەیدان چۆڵ دیتراوە، بەڵام کارکردنم لە بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردی دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و کردنە کوردیی خوێندن لە سەراپای قۆناغەکانی خوێندن بە ناوەندی و ئامادەییشەوە ئەرکێکی تازەی خستە سەرشانم. کارکردن لە پێداچوونەوە، بژار، سەرپەرشتیی چاپ، زاراوەسازی، وەرگێران و کاروباری گۆڤارێک زۆر خەریکی کردم، ئەگەرچی لە پسپۆڕەکانی بواری زانستی هەمەجۆر لە سلێمانی و هەولێر لیژنە دروست دەکرا بۆ وەرگێران، بەڵام ئامادە و سەرپەرشتی کردنی دەیان کتێبی قوتابخانە پێویستی بە کاری شەو و ڕۆژ بوو. نزیکەی ماوەی پازدە ساڵ لەو دایەرەیەدا بەردەوام ئەوە کارم بوو. لێرەشدا هاوڕێیەتی وەک: (شوکور مستەفا، نووری عەلی ئەمین، فەرەیدوون عەلی ئەمین، هەژار موکریان)، هەروەها هاوکاریی چەند مامۆستایەکی دی لە دەرەوەی دایەرەدا وەک: (د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، محەمەدی مەلا کەریم، د. کەمال مەزهەر) کردیانە کارێک دایەرەکە لە بزاوتێکی گەرموگوڕ دابێت. هەر خۆی لە وەرگێران و زاراوە دارشتندا کۆڕی زانیاری بوو، لە ئامادەکردنی بە هەزاران هەزار دانە کتێب و چاپکردنی فەرهەنگ و نامیلکەی پەروەردەیی منداڵان و یارمەتیی بەرهەمی نووسەران دەزگایەکی پەخش و چاپەمەنی بوو. جا ئەم کارە هەرچەندە لە بازنەی زمان و خوێندەوارییەوە دەرناچێت، بەڵام فڕی بەسەر شیعر و کەشوهەوای شیعر دانانەوە نەبوو. بۆ نموونە یەکەم کتێبی زانستی ئابووریی (پێنجی ئامادەیی)م لەگەڵ دوو مامۆستا (د. سامال مەجید و مووسا سەمەد) کردە کوردی، بە دارشتنی زاراوەگەل و وەرگێڕانی برگەی وشکی ئابوورییەوە خەریک بووم. ئەمە جگە لە چەندین کتێبی دیکەی قوتابخانە لە مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی، زانست و..تاد.

کارکردنیشم لە ڕۆژنامەنووسیدا وەکو لە ڕۆژنامەی بیری نوێ، چاپەمەنیی دەزگای ڕۆشنبیری، تەئاخی، عێراق. هەر بۆ دانەبڕانم بووە لە کاروانی ڕۆشنبیری -

پاش ئەو ماوە سەختەی پێیدا تێپەڕبووم- بێ گومان بووەتە هۆی سست کردنی هەستی ئاوڕدانەوە و خۆ تەرخان کردنم بۆ شیعر.

* کە ڕووبەڕووی شاکارێکی جیهانی دەبێتەوە، نموونە وەک: (کۆمیدیای خواوەندی) دانتی، هەست ناکەی کورد لە ئاست بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا کورتی هێناوە؟

– بەڵێ، بەبێ دەمارگیری و بێ خۆ بە کەم زانین دان بەوەدا دەنێم ئێمە لەم جۆرە شاکارانەمان نییە، ئەدەبی کۆنمان قوتابخانەی تایبەتی خۆی نەبووە، بۆیە ئەگەر بەرهەمێک هەبووبێت پەرتەوازە بووە و لەناوچووە.

هەر ئەم هەست بە نەبوونی کردنە وای لە (عەلائەدین سجادی) کردووە بێت لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی لەگەڵ پەندی پێشینان و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی بەرامبەر و بەراورد بکات.

ئەو گەلەی ئێمە تا بڵێی پێویستی بە خزمەتە، هەمووی وا چەند گرێ ساڵێکە بە کاروانی ڕۆشنبیریی جیهان گەیشتووە، هیوامان وایە نەوەکانی داهاتوو لە کەشوهەوای خاوەندارێتیی خۆیان و ئازایدا بتوانن بەرهەمی شاکار پێشکەش بکەن و سەرنجی خەڵکانی جیهانی پێ رابکێشن.

گرنگ نییە ئێمە ئەو شاکارانەمان نییە، گرنگ ئەوەیە سەرباقی ئەو هەموو مەرگەسات و کاولی و پێ پەستییەی بێگانان وەکو گەلێک هەر ماوین و زمان و ئەدەب و هونەری خۆمان هەیە و کەسێتیی خۆمان پاراستووە.

هەرچی (بەزمەساتی خوایی) دانتی-یە، ئەگەرچی داستان نییە چونکە قارەمانێک نییە لە بەرهەمەکەدا ڕووداوەکان بە دەوری ئەوا بسووڕێنەوە، بەڵام چیرۆکی ئەو دنیایە بە دۆزەخ و پاکژگە و بە هەشتەوە لە چوارچێوەی بڕوایەکی پتەو بە مەسیحیەت و خۆشەویستیی خوایی و بوونایەتیی هەتا سەرمانەوەدا، بەسەر باڵی ڕووناکی و هێزی یەزدانیدا هەڵکشان بەرەو ئاسمان. بەزمەساتێکە وەکو شیعرێکی دڵداریی نایاب بە دڵ و داوێن گەورەیی و ڕێزداریی خۆشەویستی پیشان دەدا پایەی (یار)ەکەی گەیاندووەتە پایەی فرشتان.

لەلایەن بیروباوەڕەوە لەم جۆرە، لە ئەدەبی کوردیماندا، بەتایبەتی لە شیعری سۆفیانە و خواناسی و پارێزگاری وەکو مەهدی نامە، میعراجنامە و لە هەندێ بەیتی ئایینیدا دەبینین، بەڵام ئەم بیناسازییە پتەو و ئەو ڕیزبەندییە ڕێک و ئەم هێز و گڕی شاعیرییەتەی دانتی کارێکی دەگمەنە. مەگەر هێزی دارشتنی (نالی)، یان سۆز و خەیاڵی (گۆران) لە بەرامبەریدا. پێکەوە کارێکمان بۆ بکەن.

* ئایا شیعری نوێی کوردی لە هەڵچوون ڕزگاری بووە و چووەتە ناو قۆناغی شیعری تێرامان و بیرکردنەوە. ئەگەر وەک نموونە لە هەندێکیان بدوێیت؟

– هیوادارم بازنەی شیعر ئەوەندە تەسک نەکەنەوە، بەتایبەتی ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لە کۆنەوە تا ئێستا بە جۆرێکی جیاوازتر لە ڕۆژئاوایی لە شیعر دەڕوانین، ڕۆژهەڵاتەکەمان هەر خۆی شیعرە، تەنانەت هیگڵ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا شیعری ڕۆژهەڵاتی بە داستان و لیریک و شیعری سۆفیانەوە بە جودا باس کردووە و تایبەتییەکانی پێشان داوە. جا ئەگەر بەپێی دابەشکردنی قۆناغ بێین شیعر لە هەڵچوون دابڕین، مانای وایە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی شیعرمان بەلاوە ناوە کە ئەویش سۆز.

**با وشەکان جۆرە ئاواز و ترپەیەک دروست بکەن، توانای ئاماژە و هێماداریان هەبێت، بەلام زمان بۆ گەیاندنە**

هەر شیعرێک تەنیا هی ڕامان و هۆش بێت. سۆزی تێدا نەبێت، لە پاشاندا وشک و لە خەڵک بەدەر دەبێت. ئێستا لە ڕۆژئاوا شیعر تەنیا بۆ دەستە خوێنەوارێکی هەڵبژاردەیە، ئەگەر شیعری (کاولە زەوی)، یان (چوارشەممەی خۆڵەمێش)، یان شیعرەکانی دیکەی (ئیلیەت) لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی زۆری لەگەڵ نەبیت و ئاگاداری هەندێ ئەفسانە و ئایینی مەسیحیەت نەبێت، لێ تێگەیشتنی سەختە.

من لام وایە هاوکاری کردنی سۆز و ژیری شیعرێکی هاوچەرخ بەرهەم دێنێ، ئەرکی شیعر هەر ڕامان و هەڵکشان بەرەو جیهانی سۆفیانە و ئایدیالیستی نییە، ئەرکی شیعر لە گۆرانی و چیرۆکە شیعر و (بەیت) و شیعر بۆ منداڵان و شانۆ و هی تردا جۆشدانی هەست و سۆز و شادی و دڵخۆشی بەخشینە.

ئەو ئەرکانە لای ئێمە ڕۆژهەڵاتی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام لای ڕۆژئاوا زیاتر لە ڕۆمان و شانۆیی و چیرۆکدا بەدی دێن. لای ئێمەش خۆ وەنەبێ شیعر هەر زادەی هەڵچوون بێت و مەیدانی لیریکی پڕکردبێتەوە، شیعری جەلالەددینی ڕۆمی، حافز، چوارینەکانی خەییام، شیعری جزیری، خانی، مەولەوی زادەی بیروڕامانن، بەڵام لە بەرگی شیعری پڕ لە سۆزی لیریکدا.

لە شاعیرێکی عەرەبم خوێندوتەوە کە شیعری نوێ دەبێ بە تەواوی لە لیریک (گۆرانی ئامێزی) بە دوور بێت، ئەنجا ئەگەر ئەمە بێتەدی، دەبێ چ مەتەڵێکی ئاڵۆز و تەونێکی ڕەق و تەق تووش بین. تەنانەت خواستنەوەی دراما، یان دەمامک، یان شێوەکاری و هی دی چارەی ناکات.

* ئایا چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە کێشەی لادێ ڕزگاریان بووە و هاتووەتە ناو ململانێی شار لە کاتێکدا ڕۆمان بەرهەمی شارستانیەتە؟

– ڕاستە ڕۆمان بەرهەمی شارە، چیرۆک و چیرۆکی زۆر کورتیش هەر ڕۆڵەی شارن، لە چاو ئێمەدا ئەو هونەرانە نوێباون. لەبەر باری ژێردەستەیی گەلەکەمان، شارەکانمان گەشەیان نەکرد، کارخانە و پیشەسازی و دەزگا و بانک و بۆرسە و پرۆژەی گەورەی کشتوکاڵمان نەبوو، چینی کرێکار پێ نەگەیشت. کوردستان هەر لە ڕژێمی شێوە دەرەبەگیدا مایەوە. بۆرژوازی نیشتمانی کەم دەست و پێوەندیی کۆمەڵایەتی هەر شێوە کۆنەکەی هەبوو، لەبەر ئەوە لە توانادا نەبوو چیرۆک و ڕۆمان لە کێشەی لادێ ڕزگاریان بێت و قارەمانان لە شار هەڵبژێرن. پاش سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردیمان، زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی (برایم ئەحمەد، شاکیر فەتاح) هەر لەم جۆرەن، بەڵام لە ساڵانی پەنجاکان بەدواوە کورتە چیرۆک بەگشتی لە ململانێی ناو شار بابەتیان وەرگرت و کۆمەڵێک چیرۆکنووسی لێهاتوو هاتنە کۆڕەوە.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە ڕۆمانی (کێخوا سێوێ)ی عەزیزی مەلای ڕەش ئەگەر لەوانە بێت بڵێین لە کێشەی گوندنشینان دەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەیەکی سیاسی زۆر گرنگ دەخاتەڕوو ئەویش شالاوهێنانی عەرەبە بۆ داگیرکردنی گوندەکانی قەراج و دەشتی هەولێر. مەسەلەی بە عەرەبکردنی بەشێوەیەکی ڕەمزیی ڕوون و ڕەوان خستۆتە بەردەم خوێنەرانەوە.

* هەست دەکرێ ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی لە ئاست بەرهەمهێنانی شیعرییت کەمتەرخەمە، ئایا ئەم هۆیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– پەسندکردن، هەڵسەنگاندن، لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لە بەرهەمی ئەدەبی بە زۆر نییە و نابێ بە خاتر و خوایشت بێت. شاعیر دەقی خۆی دەخاتە ناو کتێبخانە، لەوانەیە پاش ماوەیەک لە بیرچوونەوە و تۆزگرتن، بە کەڵکی ئەوە بێت تۆزی لێ داتەکێنن و وەکو بەردی بناغەی ئەدەبی سەردەمەکەی هەڵی سەنگێنن. بەرهەمی شیعری من وەکو خۆم شەرمن و خاکی و بێ هەڵپەن، جۆرێکی دەم بە هاوار نین، بابەتی شیعرەکان وا دیارە سەرکەش و تایبەتین، بەڵکو تایبەتییەکی سەیریان هەیە لە شێواز و ترپە و مۆسیقادا. جا من بە تەمانیم لەوە زیاتر بکەونە ناو بازنەی تیشکی ڕووناکییەوە.

تا ئێستا چەند ئەدیبێک سەرنجی ڕەخنەگرانەیان ئاراستە کردووە، لەوانە: (د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، کاکەی فەلاح، محەمەد مەولوود مەم، د. ئیحسان فوئاد، کەمال غەمبار، کەریم شارەزا، جەمال نووری، وەحیدەددین بەهائەددین، حوسێن جاف، حەمەکەریم هەورامی).

* ئەدەبی نامە و گەشت و بیرەوەری سێ لکی گرنگی ئەدەبن، کەچی لەناو ئەدەبی کوردی گرینگی بەم لایەنانە نەدراوە. هەست ناکەیت ناتەواوییەک لەم بارەوە هەیە؟

– گەشت نامە و یادداشت و نامەی ئەدەبی لکی ئێجگار گرنگی ئەدەبن، من لە کتێبی (پەخشانی کوردی) لەلاپەڕە ۱۸۱-۲۲۱ باسێکم لەسەر نووسیوە. بایەخەکەی لەوەدایە نووسەرێک دێ سەرنج و تێبینی خۆی بەرامبەر شوێن و ڕووداو و کارەساتی سەردەمی خۆی بەوپەڕی سەربەستیی تا کانە تۆمار دەکات، بەڵام کە وێنەی سەردەم و جێ و ڕێ و باری ژیان وێنە دەگرێت مانای وایە بەرهەمەکەی تاکانە نییە و هەر لە خزمەتی کۆمەڵدایە. ئەوەی تۆماری دەکات دەبێتە موڵکی مێژوو. شێوازی نووسینی ئەم ئەدەبە پەخشانەش مەرج نییە زۆر پشت بە دارشتنی بەرز و ڕەوانبێژی ببەستێ، زیاتر وەکو شێوەی ڕۆژنامەنووسی نووسەر بینییەکانی خۆی بە

سەرنج و تێبینییەوە و هەندێ جار بە بەڵگەنامەوە تۆمار دەکات.

لە کوردیدا لەم چەند گەشتنامە و یادداشتانە ئاگادارم: (گەشتی فەقێیەتی چروستانی، گەشتی حوسێن حوزنی لە سلێمانی و کۆیە و بەغدا- گەشتی ڕەفیق حیلمی لە ڕواندزەوە تا ئێران و تورکیا لە بەرگی حەوتەمی کتێبی یاداشت-دا -گەشتی شارباژێڕ، سروچک، هەڵەبجە، هەورامان و پێنجوینی شاکیر فەتاح- گەشتێک لە کوردستاندای عەلائەددین سەجادی- گەشتێک لە ئەوروپادای محەمەد فەهمی هەمەوەند) یادداشتیش (هەر حەوت بەرگەکەی یادداشتی ڕەفیق حیلمی دەربارەی سەردەمی شێخ مەحموود، یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەریی مەلا عەبدوڵڵای زێوەر لە کتێبی گەنجینەی مەردان-دا بیرەوەرییەکانی یوونس ڕەئووف دڵدار- یادداشتی شێخ لەتیفی حەفید- گەشتی ژیانی مەسعوود محەمەد - یاداشتی ئەحمەد تەقی و ئەحمەد خواجە).

هەرچی نامەی ئەدەبییە، ئەوە تایبەتمەندییەکی بایەخداری هەیە، چونکە نووسەر لە بازنەیەکی تەسکدا هەرچی ڕازی دڵ و دەروون و تێبینی و بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە بەبێ دەست گرتنەوە و ترس بۆ نامەوەرگری هەڵدەڕێژێ. لەوانەی گەلێک نهێنی و ڕووداوی شاراوەی وا باس بکات کە پێوەندییان بە پەروەردە و کەسێتیی خۆی و گوزارشتی بەرهەمەکانییەوە هەیە، بۆیە وەکو دەڵێن نامەی ئەدەبی ئاوێنەی دەروون و وێنەیەکی خۆیەتیی ڕاستی نامەنووسە. لەبەر ئەوەیش دەقی نامە وەکو وتارێک نییە لەلاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤاراندا بڵاوبکرێتەوە، نووسەر سەربەستە لە دەربڕینی هەر چ مەبەست و شێوازێک. مەگەر ئەو نامانەی بەسەر والاییی بەناوی (نامەیەکی کراوە) لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە. ئەمەش بەڵێ بۆ یەکێکی ناونیشان دیاریکراو نووسراوە، بەڵام زیاتر بە وتاری ئەدەبی دادەنرێت.

دیسان من لە کتێبی (پەخشانی کوردی) ل ٢٤٤ بەولاوە باسی دوو نامەم کردووە، نامەیەک لە ئەستەمبوڵەوە کە لە ١٩٢٢ لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و محەمەد ئەمین زەکی نووسیویەتی، نامەی دووەمیش گۆران ساڵی ١٩٣٢ بۆ پیرەمێردی شاعیری ناردووە کە نموونەی پەخشانی هونەری و نامەی ئەدەبییە.

**جاڕدانی بەیاننامەی ڕوانگە هەر لە جاڕدانی بەیاننامە سەربازییەکانی ئەو سەردەمە دەچوو**

*** یەکەم چەکەرەی نوێخوازی شیعری کوردی لە کوێ و لەلای کێ سەری هەڵدا؟**

- پاش قوتابخانە نوێیە ڕەسەنەکەی شیعری گۆران، کۆمەڵێک شاعیر سەر بە قوتابخانەکە دوور و نزیک بزاوتیان هەبوو. یەکە سروشتی شیعری ئەو قۆناغە مانەوەی سیاسەتی گەل دۆستی و خەبات و پێشکەوتنخوازی بوو، لە کەشوهەوای زمانێکی ڕەسەنی کوردی دانەبڕان. بە لاسایی کردنەوەی بیانی دەسبەرداری تاموچێژی شیعری نوێی کوردی نەبوون. لەوان: (ع. ح. ب، حەسیب قەرەداغی، جەمال شارباژێڕی) هی دی.

دوای ئەم وەچەی لاوانی تر هاتنەپێشەوە، هەرچەندە ئەوان لە سەردەمی قوتابخانەکە دوورکەوتبوونەوە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی چەژگە کوردایەتییەکە دەنگی تازەیان بەرزکردەوە، ئەمانە لە ساڵانی حەفتاکان بەولاوە، لە کەشوهەوای ئازادی پاش ڕێککەوتننامەی ئادار و دەرگاکرانەوەی ڕۆژنامەنووسی و چاپەمەنی و دامەزرانی چەند دەزگایەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵە و چالاکیی ئەدەبی و هونەری. ئەم لاوانە لە پەنجەرەی هەوڵی تازەخوازی عەرەبییەوە سەیری نموونەی یاخییەکان و سریالی و مۆدەرنیزمیان دەکرد. وا بزانم زیاتر سەرسامی نموونەکانی ئەدەبی (ئەدۆنیس) بوون. لە چەند لاوە دەستکاریی شێواز و بیناسازیی شیعریان دەکرد، مایەی هیوای تازە بوون. لەوان: (ئەنوەر قادر محەمەد، ڕەفیق سابیر، دڵشاد مەریوانی). هەرچی (لەتیف هەڵمەت)ە بوێرانە کەسێتیی سەربەخۆیی سەرچڵانەی خۆی ڕاگەیاند. دەنگی تازەخوازی بەرز کردەوە. هەر لەو کاتەدا لە هەولێر کۆمەڵێک شاعیر لە دەرگای تازەخوازییەوە هاتنە ناو و هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوە هەڵ هێنا لەوانە: (عەبدوڵڵا پەشێو، ئازاد دڵزار، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی) و هی دی، بەڕاستی تا ئەو سەردەمە هەولێر ئەو گوڕ و تینەی لە بواری شیعردا نەبووە، ئەوان توانیان دەنگ

بەسەر ناوچەکانی تری کوردستاندا ڕابهێڵن.

هەرچی (شێرکۆ بێکەس)ە، لام ئەستەمە لە هیچ گرووپێک قەتیسی بکەین. هەر لە سەرەتاوە کانیاوی شیعری لێشاوی هێنا و لە ماوەی دە ساڵێکدا کۆمەڵێک بەرهەمی پەسندی نوێی بڵاوکردەوە. کە گیانی ڕەسەنیی زمانەکەیان پێوە دەدرەوشایەوە. ئەگەر سەرنج بدەنە بۆچوونەکانم، دیارە من جەخت دەکەمە سەر خۆماڵێتی و ڕەسەنیی زمان، سەیرکردنە نموونەی جیهانی و ئاگاداربوون لە ڕێژاوی تێڕوانینی ئەدەبی تازەی ڕۆژئاوا نابێ ئەدەبەکەمان لە ڕەسەنی و خۆماڵێتی دابڕێ. بەو بڕوایە کە لە زەمینەی خۆمانەوە ستوون داکوتین و پێی بەرزبینەوە. ئەزموونی شاعیرانی وەک: (نازم حیکمەت، ڕەسووڵ هەمزەی داغستان، لۆرکای شاعیری قەرەجان و ئەرنستۆ کاردینالی قەشەی ئەمەریکای لاتینی) هەمووی لە خۆماڵییەوە بەرەو ناسراوی و جیهانی بوون هەڵکشاون.

دیارە من لە جغزی ڕیالزمدا بانگ بۆ تازە و نوێخوازی دەدەم، بەڵام ئەزموونی شاعیرانی تریش بیر ناکەم کە (سەرسەختانە) بەڵێ سەرسەختانە بەدوا بانگی (نوێخوازی)یەوە چوون، ئەمانە ئەگەر بەهرەدار و ڕاستگۆ بووبن، نامۆیی و چاوبڕینە بیانییان لێ نابێتە عەیب. با لە تەلاری شیعری کوردیدا پەنجەرەی هەمەڕەنگ و جیاواز بکرێتەوە، با ڕێبازی نوێ تاقی بکەنەوە، چۆن حەز دەکەن وا بنووسن، بێ گومان لە دوابیدا بزاوتێکی دەمەتەقە و دەبێ و نابێ پەیدا دەبێت و خەرمانی شیعری کوردی پێ پڕ دان دەبێت. ئەو چەند شاعیرە کە بە سەرسەخت ناویان دەبەم، لە خۆشەویستی و سەرسامیمە بە بوێری و هەتەری و بابڵێین سەرچڵییان. ئەمانە بێ پرسی من و تۆ تێشووی گەشتیان هەڵگرتووە و بەڕێ کەوتوون. لەوانە: (هاشم سەراج، ئەنوەر مەسیفی، سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵڵا) و هی دی.

داخەکەم زۆر ئاگاداری بەرهەمی دوای ساڵانی نەوەدەکان نیم بەهۆی دابڕانمان لە کەشوهەوای ئازادیی کوردستان ناتوانم بەرهەمی ئەم ماوەیەوە هەڵسەنگێنم. پاشان دەبێ دان بەوەدا بنێم کە وەڵامی ئەو پرسیارە خۆ تەرخان کردنێکی تەواوی دەوێ بۆ لێکۆڵینەوە و دەق کۆکردنەوە و ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لە کتێبێکی تایبەتیدا.

✱ ئایا بەهرە بە تەنیا فریای شاعیریەتی دەکەوێت، یان لە ئاستێکدا ڕایدەگرێت و پەکی دەخات، یان بەهرە ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا چییە؟

– بەهرە یەکە مەرجی شیعر و شاعیریەتە، هەر بەهرەیە چەندین شاعیری میللی و نەخوێندەواری بە گەل ناساندووە، هەر بەهرەش شاعیر هان دەدات لە ئاقارێک نەوەستێ و گۆڕەپانی دی تاقی بکاتەوە. لە کۆن ڕۆڵەیەکی پیرۆزی بەهرەیان لە شیعردا دەست نیشان کردووە و بە (ئیلهام) ناودێریان کردووە، بەڵام سەرباری بەهرە دەبێ تاقیکردنەوەی ژیان و ئەزموونی دەوروبەر بچێتە پاڵ. شاعیر ڕاستگۆیانە لە هەست و سۆزی خۆی شیعر هەڵێنجێ. بێ گومان خوێندنەوە، ڕووناکبیری، ڕامان و بیرکردنەوە ئەمانە تەواوکەری مەرجەکانی شیعری بەهرەدارێکن.

جارێکیان لەگەڵ برادەرێک دەیدەنیی شاعیرێکی لاومان کرد. دەفتەری شیعری دەرهێنا و بۆی خوێندینەوە برادەرەکە بەبێ سێ و دوو گوتی من توانای نووسین لە تۆدا دەبینم، بەڵام حەز دەکەم لە جیاتی شیعر، چیرۆک بنووسیت. بەو بڕوایە بەهرەی تێدا بەدی نەدەکرد.

زۆر کەس گاڵتەی بە بەهرە دێ، بەڵام وا نییە. شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆیی باپڕ بن لە کەرەستەی ڕۆشنبیری و فەلسەفە و جوانیکاری، کە خاوەنەکەیان بەهرەدار نەبێت کارەکە وەکو ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمییانە دەردەچێت کە قوتابییەکی زیرەک دەتوانێ لە هەر بوارێکی ئەدەبیدا (تێز)ێک پێشکەش بکات، بەڵام پاشان بە هیچ جۆرێک بەلای بابەکەوە ناچێت و لێی نامۆ دەبێ، چونکە زیرەک بوو، بەڵام بەهرەدار نەبوو.

✱ ئەگەر بڵێین نەخشەیەکی فراوانی شیعری کوردیمان بدەیتێ لە هەموو قۆناغەکان. چیمان دەدەیتێ، یان دەنگە دیار و کاریگەرەکانی هەریەک لە قۆناغەکانمان بۆ دەست نیشان بکە و لە چۆنیەتیی کارکردنیان بدوێ؟

– وەکو عەرزم کردن دیارکردنی قۆناغەکانی شیعری کوردی و دەست نیشان کردنی دەنگە دیار و ڕەسەنەکانیان. بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە، دەڵێم با سەرپێیانە قسە نەکەم، بەتایبەتی قۆناغی ساڵانی

نەوەدەکان. کەوا بەرهەمێکی زۆر و چاپەمەنییەکی زۆر دنیای رۆشنبیرییان رووناک کردووەتەوە.

* لە چرکەی سرووش و سات و دەمی نووسیندا، ئایا گوێ لە گۆرانی و مۆسیقا دەگریت، یان گۆرانی و مۆسیقا لە پێکهاتەی ئەدەبیدا ڕۆڵیان چییە؟

– دەربارەی چرکەی سرووش و دەمی نووسین. گەلێ سەربوردە و نەریتی سەیری نووسەرانم خوێندووەتەوە، وەکو ئەوەی کە دەڵێن هەیە لەو کاتەدا دەبێ گوێ لە مۆسیقا بگرێت. ڕەنگە هەبێ حەز لە خۆراکی نەرم و گەرم و چەور بکات لای بێ. بیستوومە کەوا (جاک لەندەن) کە دەینووسی دەرگای ژوورەکەی بە کلیل کلۆم دەدا. پەردەی ئەستووری بەسەر پەنجەرەکان دادەدا.. شاعیرێکی تر ناوەکەم لە یاد نییە کلافەیەک پرچی یارەکەی لەناو دەفرێکی نەخشیندا لەبەردەمی خۆی دادەنا. شاعیرێکی لای خۆشمان هەتا قۆرییەک چا. دیشلەمەی نەخواردباوە، شیعری نەدەنووسی.

ئەمانە وا، بەڵام نووسین خۆ تەرخان کردن و ئامادەکاری پێ دەوێ. لەو کاتەدا بۆ نووسەر بێ دەنگی و کشوماتی لە هەموو شتێک پێویست ترە، بۆیە بەلای منەوە ئەگەر دەنگی گۆرانی و مۆسیقا بێتە گوێی لەوانەیە بیروخەیاڵی بۆ شوێنی جیاجیا پەرت و پەخشان بێت. خۆتان دەزانن مۆسیقاش زمانی هەیە و مانا و مەبەستێک دەبەخشێت، جگە لە هەست جووڵاندن و دڵڕاکێشان. جا ئەگەر بۆ بەر لە کاتی نووسین پێویست بێت، وەکو درویشان کە بەهۆی دەنگ و ئاوازی مۆسیقاوە بەرەوخرۆشان و گەشکەگرتن دەچن، ئەوە حاڵەتێکی شیعریانەیە، واتا خۆی شیعری پێک هێناوە، بەڵام نووسەر ناتوانێ شیعری تێدا بنووسێت.

وا باوە (کولەریدج) شیعری درێژی (قەبلای خان)ی لە باری بەنگ کێشاندا داناوە، چونکە زۆربەی شیعرەکە کە پێچ و پەناو ورێنە و بێ ئاگایی پێوە دیارە، بەڵام ڕەخنەگران ئەوە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن کولەریدج با ئەو خووەشی هەبووبێ، واتا تلیاکی کێشا بێت، بەڵام تلیاک کێش لە کاتی کێشانیدا ناتوانێ بیریکی ڕێک و بە ئامانج وەبەربهێنێ. ئاخر. تاقەتی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی نییە، بەڵام کە دەپرسن گۆرانی و مۆسیقا لە پێکهاتەی ئەدەبیدا ڕۆڵیان چییە؟ بەڵێ، هەر شیعرە دەبێ بە گۆرانی و هەر چیرۆکە دەبێ بە بناغەی سیمفۆنیا و ئۆپەراو بالێ. خۆ ناونانی پارچە مۆسیقاکان بەناوی جوان جوان و مەبەست گەیێن دەیان کا بە شیعر و چیرۆک. لەلایەکی تریشەوە شاعیران لە سیمفۆنیا، سەرەتا و کۆمەڵێک دەنگی جیاواز و ترپەی دوایی دەخوازنەوە و لەسەر شێوەی ئەو شیعر دادەڕێژن، خۆ ڕەمزییەکان بە جارێ شەیدای مۆسیقا بوون. هەر هەوڵیان دەدا جۆرە ئاوازێکی مۆسیقایی بخەنە ناو تانوپۆی شیعرەکانیان. وەکو گوتم مۆسیقا هەر دەنگ و ئاواز و خەیاڵ نییە، بەڵکو ماناشە. خۆ دیومانە لە جیاتی دوعا، یان شیعری شێوەن، لە هەورامان بە شمشاڵ مردوو بەرێ دەکەن. هەرچی دەهۆڵ و زوڕنای شایییشە، ئەوە مەلایەک دەیگوت: «بە زمانی ئەجندان قسە دەکەن و ختووکەی شەیتان بە دڵی ئاهەنگ گێڕان دەڵێن».

زۆر پارچە شیعر بەهۆی ترپەی کێش و ئاهەنگی دەنگی پیتە ڕیزبەستووەکان دەڵێی گڕی مۆسیقای لێ هەڵدەستێ. ڕەنگە (نەزار قەبانی) ئەو کاریگەرییە مۆسیقاییەی مەبەست بوو بێت، بۆیە کۆشیعرێکی پڕ لە دەنگ و ترپە و ناسکی ناو ناوە (سامبا).

* جوانیی شوێن لە ئەدەبدا دەوری چییە. تۆ لە کۆیە لە دایک بوویت و ژیاویت، ماوەیەکی زۆریشە لە بەغدا دەژیت، لە کاتی نووسیندا شوێنی لە دایک بوون گرنگە، یان شوێنی ژیان؟

– دەم و جێ، یان کات و شوێن دوو ستوونن گەردوونیان هەڵگرتووە. شوێن لە ئەدەبدا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت. شیعری مرۆڤانی بیابان، یان وڵاتانی بەفر و بەستەڵەک، یان دەشت و بەراو، یان چیاو دارستان وەکو یەک نییە. مۆرک و دروشمیان ڕەنگدانەوەی دەوروبەری شوێنەکەی.

پێشتر (بەزمەساتی خوایی) دانتیمان باس کرد. تۆ سەیر کە ئازار و ئەشکەنجەدانی دۆزەخیان لای دانتی بە سەرما و سۆڵە و شەختەیە، بەڵام دۆزەخەکەی ئێمە ئاگر و گەرما و داروبەردی داغە. ڕەخنەگران ڕەخنەیان لە هەندێک شاعیری عەرەب دەگرت کە وێنەی بەفر و سەهۆڵبەندانی ناو ئەدەبی ئەوروپایان دەگواستەوە ناو شیعرەکانیان، لە کاتێکدا نەدیتوویانە و نە شوێنەکەی

خۆیان لەو وێنانە نزیکە.

ئەو شارەی لێی ژیاوین؛ گەرەک، کۆڵانە، بازاڕ، حەوشە، پەنجەرە. هەمووی لە قووڵایی نائاگایی نووسەردا وێنەیان چەسپاوە، ئێمە هەمیشە یادیان دەکەینەوە و بەتاسەوە لەبەر دیدەی خەیاڵماندا دەبرووسکێن. هێشتا (کۆیە) و دیمەنی رووبار و گەرمووک و کانیلە و گۆڕستانی دەروێش خدر و مزگەوتی مەلا ئەسعەدی، ژوورە تاریکەکەی شێخ عەبدوڵڵا هەر لەگەڵمدا دەژین. با لە بەغداش بم. یادگارەکان ناسڕێنەوە. بۆیە لەگەڵ مستەفا بەگی کوردی دەڵێم:

**ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری**
**جا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرە و ئەوێ**

سەیری کە (دیدەی خەیاڵ) چ دارشتەیەکی هونەر کرد و جوانە، بەڵام شوێن لە ژینگەی بەغدادا ئەویش کاریگەریی خۆی هەر هەیە، لە هەندێ شیعردا دیمەنی دارخورما، رووباری مەند، مانگ، تریفەی مانگەشەو، قرچەی گەرمای ئاب و ئەیلوول. شەوانی بەغدام پیشان داوە، تەنانەت پارچە شیعرێکم بەناوی (دارخورما) بۆ ئازەربایجانی وەرگێڕدراوە، بەڵام بۆ گرنگی. بێ گومانم شوێنی (هێلانە) ئێجگار لە شوێنی ژیانی دوای ئەو گرنگترە. بەتایبەتی کە رووداو و هاتوباتی سەردەمی منداڵیی تا گەورەیی و پیربوون کاریگەرییان بەسەر کەسێتیی مرۆڤەوە هەیە.

پیرەمێردی شاعیر گووتویەتی کاتێک لە ئەستەمبووڵ لە تەلاری میر و شازادەکاندا دەخەوتم، بەشەو خەونم بە باخەکانی گوندی وێڵەدەری شارباژێڕەوە دەدیت کە بە منداڵی هەنارم لێ دەدزی.

* پێوەندییەکانی مۆسیقا و شێوەکاری بە شیعرەوە چییە. کە مۆسیقا و شێوەکاری دوو ڕەگەزی گرنگن و بوونیان بەردەوام لەناو شیعردا هەیە؟

– یەکێک لە بنەما گیانییەکانی شیعر مۆسیقایە. کێش و ترپەی ناوەوە، دەنگی پیتە هاوئاهەنگ و پیتە چرپەدارەکان ئاوازێکی مۆسیقایی دروست دەکەن. زۆر ڕستە و دێرە شیعر وشەکانی بریتین لە پارچەیەک مۆسیقا – چ شادی و چ خەمگینی–ی پێنج خشتەکییەکی عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب، هەندێ شیعری مستەفا بەگی کوردی بە نموونە بڵێسەی مۆسیقایان لێ هەڵدەستی. جاران دەیانگوت ئەم جۆرە شیعرانە بە زەمزەمەن. لێرە ماوەی ئەوە نییە هەندێ نموونە پێشکەش بکەم.

بێ گومان شیعر دەبێ کێش و ترپەی تایبەتی خۆی هەبێت تا لە پەخشان جودا بکرێتەوە. لە کوردیشدا کێشی عەرزوومان هەیە کە لەسەر بنەڕەتی ڕیزبوونی برگەی کورت و درێژ و جۆراوجۆریان دروست دەبێ، هەروەها کێشی هیجا، یان ژمارەییمان هەیە کە پشووی نێوان چەند برگەیەک و ترپەی گشتی دێڕەکە و جۆری خوێندنەوە ئەرکی مۆسیقاکەی بەجێ دەگەیەنن. زانایان دەڵێن شیعری بێ کێش و مۆسیقا لە دنیادا نییە و گیانی شیعر مۆسیقایە. لەلایەن شێوەشەوە شیعری درێژ سوود لە بنیاتی سیمفۆنیا دەبینێ.

شیعر کەوا مۆسیقایە هونەری شێوەکاریشە، چاوەندازی سروشت، یان دیمەنی رووداوی کۆمەڵایەتی و وێنەی پەرێشانی و پەژارەی مرۆڤ و دەربڕینی هەستەکانی ناخی بە شیعر ئەمانە هەمووی ڕەسم و نەخشاندنی نیگارن. هەندێ دیمەنی ناوەوەی دەروون ئەگەر نەتوانرا بە ڕەنگ و هێڵ و مەودا پیشان بدرێت، ئەوە لە شیعردا بەهۆی وشەوە، ئەنجا بەهۆی هێماکردن و نیشانەوە دەتوانرێ بە ئەنجام بگەیەنرێت، بەڵام هونەری شێوەکاری و شیعر جیاوازییەکی سەرەکییان هەیە. لە تابلۆدا ڕیزکردنی ڕەنگ و تێک چرژانیان و دانانیان بەبێ ئامانج، جوانییەک هەر پەیدا دەکات. کەوا تیشکی ڕەنگەکان وەکو پەلکەڕەنگینە، ئاڵوواڵایی، بریق و باق و درەوشانەوە لە ئاوێنەی چاوی بینەر دەدەن و هەستی جوانیی دەبزوێنن، بەڵام ڕیزکردن و دانانی وشە بەبێ ئامانج و بەو ئاژاوە و تێکڕاییە شیعر دروست ناکات. بیشیکات، شیعرێکی بێ مەبەست و بێ هوودە دەبێت.

* کێشەیەک لەناو شیعری کلاسیکدا هەیە، هەندێک دەڵێن: شیعری ئایینیمان هەیە و شیعری تەسەوفمان نییە. هەندێکیش دەڵێن: شیعری مەحوی و جزیری شیعری تەسەوفن. ئەگەر بکرێ لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکەیت؟

– هەروەکو شیعری سۆفیانە هەیە شیعرێکیش هەیە بە عەرەبیی (زوهد)ی پێ دەڵێن. ئەگەر هەردووک لە

دینداری و خواپەرستیدا لە ئامانجی دوور یەک بگرنەوە، بەڵام لە بناغە و فەلسەفە و بونیادا جیاوازن.
سۆفیاتی بزووتنەوەیەکی (فیکری)یە و لە ڕێگەی هەندێک کاریگەریی واتایی گیانی و کاریگەریی هەستاریی جەستەییەوە تاک ئامادە دەبێت بۆ پەروەردە بوون لەسەر پێڕەو و بەرنامەیەکی تایبەتی کە دڵی بە خۆشەویستی وا مشتومالْ بێت، کە لە ڕێگەی تێکۆشانەوە بۆ نادیار بەرزبێتەوە و بە خۆشەویستیی خوا بگات. ئەم ڕێبازە فیکرییەش هەر تایبەت نییە بە ئیسلامەتی. لە کۆن و ئێستاش لەلای هەندێ دەستە و ئایینزای هیندی و ئاسیایی هەر هەبووە و هەیە. سۆفیاتی لە دڵەوەیە و سەودا لەگەڵ دڵە، زوهد لە ژیرییەوەیە.
شیعری سۆفیاتی زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە و ناوی قۆناغ و پایەکانی پێگەیاندنی مرید و گەیشتن بە نادیارەکە و حاڵەتەکانی مریدی تێدا دەخوێندرێتەوە. سەیر دەکەی شیعرەکە یەک پارچە دڵدارییە، بەڵام ئەو زاراوە و ئەو حاڵەت و قۆناغانەی سۆفیاتی تێدا دەبینین ئەوسا دەزانین ئەمە سەر بەو ڕێبازەیە. دەربڕینی ئەو حاڵەتانەش زۆرجار شیعرەکە چڕ دەکەن و جگە لە دیوی دەرەوەی ئاشکرای، دیوی ناوەوەی شاردراوەی پێ دەدەن. یەکێک شارەزای بیر و فەلسەفەکە نەبێت لێی تێ ناگات، یان بە وڕێنە و (شطحات)ی دادەنێ.
کورد لە سۆفیاتیدا دەوری دیاری هەبووە، لە کۆنەوە ناوی هەندێ شێخی کوردی سۆفیاتی لە ئەدەبیاتدا دەبینین. لە سەدەکانی پێشوودا ڕێبازی (قادری) سەر بە عەبدولقادری گەیلانی لە کوردستاندا پەرەسەندوو بوو، لە سەدەی نۆزدەمیشدا مەولانا خالیدی شارەزووری ڕێگەی نوێکەرەوەی (نەقشبەندی) بڵاوکردەوە. مرید و لایەنگرێکی زۆری نەک هەر لە کوردستان، لە عێراق و شام و تورکیاشدا بەدواکەوت، بەڵام شیعری (زوهد) موناجات و پاڕانەوەی لە خودا و ستایشی پێغەمبەر و یارانە و هاندانی خەڵکە بۆ لە خواترسان بە باسی مردن و قیامەت و دۆزەخ و دەستبەرداری دنیای فانی و پەیڕەوکردنی بنچینەکانی ئیسلامەتی.
شاعیرانی کۆنمان وەکو شاعیرانی تری ڕۆژهەڵات لە نووسینی شیعری سۆفیاتی دوانەکەوتوون. هەر بۆ نموونە چوارینەکانی بابە تایەری عوریان، دیباجەی مەم و زینی خانی و هەر چیرۆکەکە خۆیشی. ئەنجا دیوانی مەلای جزیری نموونەی جوانی شیعری سۆفیانەن. بابەتایەر لە ململانێی سۆفیانەی نێوان خۆی و دڵەکەی، کە دڵ کانگەی خۆشەویستی و ناسینی خوایە. کەوتووەتە مۆلەکە، چونکە ناگاتە ئامانجی پێک گەیشتن:

**مەگەر شێر و پڵنگی ئەی دڵ ئەی دڵ**
**بە موو دایم بە جەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ**
**ئەگەر دەستم ڕەسەد خوونت بریجەم**
**بوینم تا چ ڕەنگی ئی دڵ ئەی دڵ.**

سافیی هیرانیش یەکێکە لە شاعیرانی ڕێگەی (قادری) و لە خۆشەویستیی (قوتب)دا تواوەتەوە و دیوانەکەی دەڵێی کەمانچەی خۆشەویستیی دەروێشانەیە. هەموو ئاوازی دڵی عاشقی بە دنیادا دەوەشێنێ. شیعری مەحوی کە دەبوو سەرچاوەیەکی شیعری سۆفیانە بووایە، بەڵام داخەکەم ململانێی نێوان ڕێگەی قادری و نەقشبەندی وای لەو شاعیرە کردووە کە ڕوو لە شیعری (زوهد) بکات. ئەوەتا دان بە سووکیی و نزمی پایەی خۆی لە شێخایەتی سۆفیانەدا بنێ:

**چبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس**
**خۆشم نەگەیە ئەو کەسە، ئەو من بکا بە کەس**

یان نەدەبوو بکەوێتە شەڕە قسە و بڵێ (کەسێ بەردم تێ بگرێ من بەرقی تێ دەگرم). کەچی بابەتایەر وەکو شێخ عەبدولقادری گەیلانی خۆی بە بازی هەمەدانی و مەلی ئاگرین داناوە:

**منم ئان ئاجرین مورغێ کە فی الحال**
**بسووجەم عالەمێ گەر بەر زەنەم بال**
**(مصور) گەر کەشەد نەقشم بە دیوار**
**بسووجم عالەم أز تأثیری تیمثال**

جا لێکۆڵینەوەیەکی بە پشوو، بێ گومان گەلێک نموونەی بەرزی شیعری سۆفیانە لە دیوانی شاعیرانی کۆنماندا بەدەردەخات، بەتایبەتی لە دیوانی مەحوی-دا کە لە زۆر لاوە دەرەوشانەوەی ڕێبازی سۆفیانەی لێ بەدی دەکرێت.



سینەما، ئەو هونەرەی بە هونەری حەوتەم ناوزەد کراوە، لەم سەردەمە و لە هەندێ وڵات و ناوچەدا تەنیا وەکو هونەر نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە سەنعەت و لەو شوێنانەشدا پێی دەڵێن هونەر – سەنعەتی سینەما. لەم ساڵانەی دوایی چەندین فیلمی کوردی لە سەرانسەری جیهاندا لە چەندان فیستیڤاڵی جیهانی و هەرێمیدا خەڵاتی زێڕین و زیوینیان وەرگرتووە، زۆر جاریش لێرەو لەوێ بە پشت بەستن بە وەرگرتنی ئەم خەڵاتانە باس لەوە دەکرێت کوردیش بۆتە خاوەن سینەما، یان خەریکە بەرەو ئەوە دەچێت ببێت بە خاوەن سینەما، بەڵام ئاخۆ بەم چەند خەڵاتە و بە نمایش کردنی چەند فیلمێک لە فیستیڤاڵەکانی جیهانیدا دەبین بە خاوەن سینەما. زۆر کەس وا دەزانن سینەما و بەخاوەنبوونی سینەما تەنیا دەرهێنانی چەند فیلمێک و وەرگرتنی چەند خەڵاتێکە. ڕاستە ئێمەی کورد دەرهێنەری باشمان هەیە، بەڵام ئاخۆ وێنەگری سینەمایی باشمان هەیە؟ ئەمە جگە لە دیکۆراتیور و ئاوازدانەر و کارەکانی تری سینەما. ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تریش لەم دیمانەیەدا لەگەڵ هونەرمەندی بەشداربووی خەڵاتی ئۆسکاری ٢٠٠٦ جەمیل ڕۆستەمی دەخەینە بەر باس و گفتوگۆوە.

# جەمیل ڕۆستەمی:
# وەک چۆن بە چەند گوڵێک بەهار نایەت، ئاواش بە چەند فیلمێک کورد جارێ نەبۆتە خاوەنی سینەما

**ئا: دڵشاد خۆشناو**
**(سلێمانی)**

* به بڕوای ئێوه سینەما بۆ میللەتان چەند پێویستە، یان زەرورەتی سینەما بۆ میللەتان چییە؟

– خۆشحاڵم کە لە نزیکەوە لەگەڵ گۆڤارەکەتاندا قسە دەکەم، پێش ئەوەی کە دەست پێبکەین و بڵێین سینەما بۆ میللەتەکان و نەتەوەکانی تر چ زەروورەتێکی هەیەو چ پێویستییەکیان بە سینەمایە؟ دەبێ بپرسین بۆچی سینەما لە کۆتایی (١٨١٠) واتە سەرەتای سەدەی بیست دەست پێدەکات، سەرەتا وەکو داهێنانێکی ئاسایی سەیریان کرد، وەک ئەلکتریک، کە کەس نەیدەزانی ڕەوتی کارەبا وای لێ دێت و گۆڕانکاریی ڕیشەیی و پێشکەوتنی تریش لەگەڵ خۆیدا دێنێت، ئەو ڕۆژەی ئەدیسۆن دانیشت و شتێکی لە شێوەی گڵۆپ داهێنا، بیری نەدەکردەوە ئەم هەموو ئامێر و پێداویستییانەی لە داهاتوودا لێ دروست ببێت، کە ئێستا بێ کارەبا ناتوانین ئیش بکەین و تەنانەت ژیانیش بێ کارەبا مەحاڵە، سینەما کە جاران بەناوی (براکانی لۆمێر) لە دنیا و فەرەنسا دەناسرا، ئەدیسۆن بوو کە داهێنانە سەرەکییەکەی داهێنا، بە واتایەکی تر، ئەدیسۆن سینەمای هێنا کە لەنێوان ئەوە کێشەیەک هەیە کە ئایا سینەما بە ئەدیسۆن بناسێنین یا بە برایانی لۆمێرەوە، بەڵام دنیا بە ناوی براکانی لۆمێرەوە دەیناسن، لەبەرئەوەی کامێراکەیان تەکمیل کرد و ئەو ژوورە تاریکەی کە هەیە وەکو کارتریجی فیلم دروستیان کرد، فیلمی ئەملیسیۆنی داری کیمیاییان دروستکرد، دوای ئەوە هاتنە سەر شەقام و فیلمێکیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دروستکرد، ئەوکاتە بیریان نەدەکردەوە سەردەمێک دێت ئەم شتە وەک هونەر چاوی لێ دەکرێت، داهێنانێکیان کرد وەک هەرشتێکی تازە، وەک تەلەفزیۆن وەک ئەو شتانەی تر کە هاتنەکایەوە، سینەما ژیانی ڕۆژانە وێنە دەگرێت، هێواش هێواش پێشکەوت تا وای لێهات خەونەکان چیرۆکداربوون، پیاوێک لەماڵەوە دێتە دەرەوە و دەڕوا بۆ فەرمانگەکەی کێشەیەکی بۆ دروست دەبێت، چیرۆکەکانی تۆزێ قووڵتر بوون، ئێستا بۆ نموونە دەیەوێت ڕۆمانێکی زۆربا، (سەفەر بۆ مانگ) لە بیستەکاندا بکاتە فیلم، بۆ نموونە کەسێکی وەکو جۆرج نەبی ئەستان ئێستا چی بکات؟ ئەو ڕۆمانە دەکرێتە سیناریۆیەک، خۆ هەموو ڕۆمانەکەی دەق بەدەق ناکرێتە سیناریۆ، ئەو ڕۆمانە دەشێ بەخوێندنەوەیەکی تازە، یان چاولێکردنێکی تازە بەچاوی کامێرا ببینرێ، واتە وەک مۆسیقا دانیشیت و ڕستەی نۆتەی بۆ بنووسی، ئەو ڕستە نۆتییە لەسەرەتاوە دەبێ تۆ لەگەڵ سیناریۆیەکدا وەزنی بکەی کە کامێرا چۆن ببینێ، چۆن چاوی لێ بکات لەجیاتی قەڵەم، خۆ قەڵەم نووسیوێتی و ڕوونکردنەوەی خۆ نووسیوە، بۆ نموونە بیست لاپەڕە یان سی لاپەڕەی تەنیا وەسفە، بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی سەدەی هەژدەو نۆزدەیەم. بەتایبەت ئەوانەی کە لە فەرەنسا بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە (ڤیکتۆر هۆگۆ) لەسەر شێواز و هەیکەلی یەک ژن پەنجا لاپەڕەی نووسیوە، لە سینەما هەمووی بەیەک لەقتە جێبەجێ دەکرێت و پتریش مەعنا دەدات، ئێستا ئێمە چی بکەین ئەو مەعنای پەنجا لاپەڕەییە لەیەک لەقتە یان لە دیمەنێکدا جێبەجێ بکەین، وەختێ کە توانرا چیرۆک بهێنرێتە ناو سینەما، ئەو دەقە بەچاوێکی تر چاوی لێکرا، واتە بە خوێندنەوەی لێنز و زووم چاوی لێکرا، بینی کە دنیا عەجەب ڕیکلامێکە و تۆ دەتوانی خەونەکانت، دیدەکانت، بەسەرهاتەکانت، یان بۆ ئێمەی کورد، چیرۆکە کۆنەکانمان، بەیتەکانمان، یان ئەدەبیاتی سەرزارەکیمان کولتوورمان، شتە دۆکیۆمێنتییەکانمان، لە ڕێگەی سینەماوە بە خەڵکانی تر بناسێنین، بۆ نموونە من شتەکانی ڕەش پێستەکان یان سوورپێستەکان لەمەلاوە دەبینم، یان سپی پێستێک ئەدەبیات و بەسەرهاتەکانی سوورپێستەکان دەبینێت و لەکولتووری ئەفریقا تێدەگات، جاران لە کتێب دەنووسرا وەک سەفەرنامە و سیاحەتنامە، بەڵام ئێستا فیلم وانییە بە چارەکێک ئەو کارە دەکات، میللەتەکان بیریان کردەوە کارێکی وابکەن بۆیە دەستیان کرد بە دۆکیۆمێنت دروستکردن، لێرەوەیە دەتوانم بڵێم سینەما واتە دۆکیۆمێنت. پێناسەیەکی تریش ئەوەیە کە ئەسڵەن دۆکیۆمێنت بوونی نییە، لەبەرئەوە هەر کاتێک تۆ زاویەیەک و کامێرایەک دابنێی یا ئەوەی تۆ هەڵتبژاردووە دۆکیۆمێنت نییە، واتە شتەکە بەڵگەنامەیی نییە پێناسەی ئەوەی کە موستەنەدە، واتە وەک تەعریفی موستەنەد چاو لە سینەما بکەین، بێ ئەوەی مەسەلەی بوونی دۆکیۆمێنت یان نەبوونی لەبەرچاو بگرین، کە براکانی لۆمێر لە سەرەتادا فیلم وا لێ دەکەن، بۆ نموونە کە دێن بۆ ئێران و لە سەفەری ناسرەدین شا فیلمەکە دەگیرێ دەبێتە دۆکیۆمێنتاری، ئەوەیە سەرەتای مێژووی

سینەما کە لە ئەوروپاوە دێ بۆ ئێران، لە سەد و پێنج بۆ سەد و شەش ساڵ لەمەوپێش کە دوو سێ ساڵ دوای ئەوروپا سینەما دێ بۆ ئێران، سەرەتا ژیانی ڕۆژانە کرا بە فیلم، دواتر چیرۆک دێتە ناو سینەما، پاشان بیر لەوە دەکرێتەوە ئەم چیرۆکانە ببەن بۆ وڵاتانی تر و لە ڕێگای سینەماوە ئەو سیاحەتنامەیەی ئەم ببینێ و ئەو وەزعی ئەو ببینێ، دوای ئەو سیاحەتنامەیە و شتی دۆکیۆمێنتی، هەندێ جار بۆ نموونە شەڕیش دێتە ناو سینەما، وەک شەڕەکانی کە لەنێوان سوورپێستەکان و ڕەشپێستەکانی ئەوکاتەی ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا، بەم هۆیەوە میللەتان تێگەیشتن کە بەم هۆیەوە دەتوانن هەم کەڵک وەربگرن و هەم دەتوانن سوودی خۆیان بکەن. بەم جۆرە سینەمایان وا لێکرد کە چیرۆکدار بێت. دوای ئەوە سینەما وەک هەواڵ و ڕیپۆرتاژیش ڕۆڵی خۆی هەبووە، بۆ نموونە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا زۆر بە جوانی هەمووی وێنەگیراوە، خۆت دەتوانی ببینی کە کێ کوێی بۆمباران کردووە، تۆپ لە کوێی داوە، تا ئێستاش هەموو شتێک وەکو بەڵگەنامەیەک ماوەتەوە کە ئەویش شتێکی موتڵەقە، سینەما موتڵەق دەبینێ، چاوی من لەگەڵ ئەفریقیاییەکان موتڵەق دەبینێت، ئەوە نییە تۆ ڕۆمانێ، یا چیرۆکێ، یا کتێبێک بخوێنیتەوە وێناکردنی من لەگەڵ ئێوە، یا تێبینی من لەگەڵ ئێوە جیا بێت، سینەما ئەو موتڵەقییەی هێنا، بە جۆرێک کە شەڕی دووەمیشیان هەروا وێنەگرت، تا هێواش هێواش وای لێهات ئێستا چیرۆکی بۆ دروست بکەن، واتە تۆ پاڵەوانێک بهێنی لە چیرۆکێکدا دابنێی وەک ڕۆمانی نۆبێڵ یا شورت ستۆریک و تا ئێستا وابکات کەوتنە بیری ئەوەی داستانێ بێت، چیرۆک بێت تا ئێستا هاتۆتە پێشەوە سینەما کە فەنتازیاشی ڕۆژ بەڕۆژ دەڕواتە پێشەوە لقی زۆری لێ بۆتەوە، یەکێک لەو فەنتازیایانە (ئەنیمەیشن) بوو کە فیلمی ئەفلام کارتۆن و ئەوانە بووە، ئەوەش تایبەتمەندیی خۆی هەبووەو بەش بەش دەبێت، لقی تریش هەیە سینەمای چیرۆکدارە کە زۆتر خەڵکی دنیا لەبەرئەوەی حەزیان لە چیرۆکە، پێیان خۆشە سەعات و نیوێک بۆ دوو سەعات لە فیلمێکدا دانیشن و چیرۆک ببینن، ئێستا خەڵکی دنیا وەک ڕابواردنێکی هونەریی دەیبینن کە تۆ ئەو چیرۆکانە وەک زەرورەتی ژیانتە یا




ئەو پاڵەوانییە، یا ئەو قارەمانە کە لە ژیانتدا نەبووە ئەو شتە کە لە ژیانی خۆتا نەبووە تۆ لە پاڵەوانێکدا لەسەر شاشەی سینەما دەیبینی و لەجیاتی تۆ مست لە خەڵک دەدات، لەجیاتی تۆ بریندار دەبێت، لەجیاتی تۆ عاشق دەبێت یا مەعشووق دەبێ، لەجیاتی تۆ دەتوانێ خۆی بخاتە بەحرێک، ئەو شتانەی کە تۆ نەتبووە ئەو دەتوانێ لەجیاتی تۆ بیکات، ئەمەش لە دەروونناسیدا پێیدەڵێن کەسناسی، ئەوەی کە کابرا خۆی دەنێتە جێی کەسێکی تر.

* کەواتە فیلمی سەرکەوتوو ئەو فیلمەیە کە خەڵک خۆی تێدا دەبینێتەوە؟

– دەتوانین وا بڵێین یا بڵێین خەڵکێک کە دژی خۆی تێدا ببینێتەوە، بۆ نموونە من فیلمێک دەبینم کە لەگەڵ ئەو کەسانەی لەگەڵ مندان ئەگەر پیاوخراپن، ئەو پیاوخراپانە دەبینم لە فیلمەکەدا چیان بەسەردێت، من ئەو ئۆخەیە دەکەم کە ئەو پیاوخراپە بە سزای خۆی گەیشتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە من سەرکەوتووبووم، یان هەندێ جار من خۆم لەکەسایەتی کەسێکی تردا

دەبینم، وەک سینەمای هیندی کە ئێستا وایە هەموویان گۆرانی دەڵێن، هەموویان جوانن، چونکە هیند ئەوەندە جوان و دەوڵەمەندی تیا نییە لە ماڵی گەورە گەورەدا دەژین، سەیارەی جوان جوان، هەموویان دوو مەتر باڵایان هەیە، کچی جوان، کوڕی جوان، دوایی کێشەیەکی زۆر ئاسایی، کێشەیەکی شارییان هەیەو کوڕەکە لە باوکی جیادەبێتەوە، یان کچەکە لەباوکی جیا دەبێتەوە، هەربۆیە هەموو هیندییەک پێویستە هەموو ڕۆژێک فیلمێک لە سینەمادا ببینێت، ئەوە زەروورەتی میللەتەکانە کە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر جیاوازی هەیە. ئەمە زەروورەتە کۆمەڵایەتییەکەی بوو، زەروورەتی سیاسیشی هەیە، بۆ نموونە یەکێکی وەکو هیتلەر لەشەڕی دووەمی جیهانیدا ریفلێنشتاین ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی فیلم دروست بکات لەبارەی مانۆڕە سەربازییەکانی، هیتلەر بۆ ئەوەی توانا و سەربازەکانی خۆی نیشانی جیهان بدات و بڵێت من ئەمەم، ئاگاتان لەخۆتان بێت. ئەوە کێشەی سیاسییە. یان ژاپۆن دێت هێرۆشیما و ناکازاکی وێنە دەگرێ، بۆ ئەوەی بڵێ ئەها چییان لێ کردووین! لەلایەنی کۆمەڵایەتی شتێکی وا هەیە، چونکە خەڵکەکەی خۆی دەناسێ چۆنە، ئێرانیش وەک هەر میللەتێک و نەتەوەیەکی تر لە جۆرێک چیرۆک یان ڕۆمان کەڵکی وەرگرتووە.

* دەتوانین بڵێین سینەما بۆتە کەرستەیەک بۆ خستنەڕووی گیروگرفت و کێشەکان یان خۆشی و ناخۆشییەکانی میللەتێک؟

– بەڵێ لەبەرئەوەی وەک عەرزم کردی کارەکە موتڵەقە، تۆ نەوەت دەقیقە لە هۆڵی تاریکی سینەمایەک دادەنیشی، واتە خوێندنەوەی تۆ خوێندنەوەیەکە لە تێڕامانی دووبارە، واتە خوێندنەوەکە یەک شتە، بۆ نموونە دەڵێین یەک دانە کاسێت، یەک دانە لامپ، لامپ ئەوەیە کە دەیبینین واتە خوێندنەوەی هەمموومان لە لامپ یەک شتە، تێبینی یان چاولێکردنمان، زاوییەکەمان جیاوازە و ئەوەش دەبێتە تێڕامانێکی تر، واتە تۆ یەک فیلم دەبینیت بۆ نموونە فیلمێکی هیندی دووبارە لە هیند دێنمەوە، چونکە زۆر ئەم ناوچەیەی داگرتووە یا فیلمێکی عەرەبی، یا فیلمێکی فارسی، تۆ ئەو فیلمە دەبینی موتڵەق پاڵەوانی کچەکەو پاڵەوانی کوڕەکە ئەوەیە فیلمەکەشی تەواو دەبێت بەخۆشی یا ناخۆشی زۆرتر ئەو داستانە خۆشە کوڕەکە بەکچەکە دەگات، یان هێزی باش بەسەر هێزی خراپ سەردەکەوێت، بەڵام دوای ئەوە تێڕامانی تۆ کە ئەو چی کردووە، چی مەبەستە دەبێتە تێڕامانی هەرکەس بەتێبینی خۆی بەزانیاری و تێگەیشتنی خۆی.

* هەندێک جار شتێک هەیە لەئەدەبیاتدا، نووسەر یا دانەر شتێک بۆ بینەر یان خوێنەر بەجێدەهێڵێ کە ئەو کەسەی ڕووبەڕووی دەقەکە دەبێتەوە خۆی بەدوای شتێکدا بگەڕێ، ئایا لە سینەمادا شتێکی وا هەیە؟

– بەڵێ زۆریش، بەتایبەت ئێستا کە ڕۆژ بەڕۆژ سینەما بەرەو ڕۆمان و چیرۆکی مۆدێرن دەچێت، کە لە سەدەی بیستەمدا بنەڕەتەکەی لە لایەن(جایم جۆنس و مارسۆ پرۆستۆ) داڕژراوە، مۆدێرنیتەی سینەماو مۆدێرنیتە ئەوەیە کە ئەو شتە هاتۆتە ناو سینەما، سینەمای مۆدێرن دەڵێ ئێمە دەبێ دژی گێڕانەوەو دژی چیرۆک بین، بۆ نموونە دەبێت تۆ کۆتایی فیلمەکەت ئاوەڵا بکەی. یان بڵێین هەرکەسە و بە تێگەیشتنی خۆی لێکدانەوەی بۆ هەبێت، بەڵێ ئەمە لە سینەمادا هەیە، بەتایبەتی ئەو میللەت و نەتەوانەی تازە لەگەڵ سینەمادا ئاشنا دەبن زۆرتر بەم شێوەیە کاردەکەن، ئیتر لە کلاسیکەکە ئیش ناکەن، واتە ئەو شتەی کە لە فیلمی هیندی هەیە ئەوە ناکەن، بازێکی گەورە دەدەن بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە مۆدێرنانە بیر دەکەینەوە.

* قسەیەکی ڕەسووڵی هەمزاتۆفم دێتەوە بیر، کە دەڵێ: ئەوەی دەمانچە بە ڕابردووەوە بنێت، داهاتوو تۆپی پێوەدەنێت، پێت وانییە ئەگەر ئێمە ڕابردوو نەخوێنینەوە، ناتوانین داهاتوویەکی ڕوونمان هەبێت ؟

– من وابیر دەکەمەوە کە پێویستە کەڵک لە ڕابردوو و مێژووی گەلانی تر وەربگیرێت نەک ئەوەی کە گەلانی تر پێش سەد ساڵ ئەنجامیان داوە ئێمەش تازە بێین لە ئەلفوبێوە دەست پێبکەین. ئەگەر ئێمە لە سەرەتاوە وەکو ئەوان دەست پێبکەین تا بەوان دەگەین ئەوان دووسەد ساڵ لە ئێمە لە پێشترن.

* من مەبەستم ئەوە نییە ئەو شتە وەکو مێژوو دووبارە بکرێتەوە، مەبەستم ئەوەیە بەڕای ئێوە دەبێت وەک فەرزێک وەکو شتێکی پێویست مێژوویەک دراسە بکەیت و بیخوێنیتەوە، ئینجا دەتوانی شتی نوێتر بکەیت؟

– منیش هەروا بیر دەکەمەوە.

* بەڕای ئێوە خۆراک پێدانی سینەما چییە؟

– سەرەتا پێویستە سینەما وەکو کالاّیەکی بازرگانی ئەمڕۆ چاوی لێ بکەین، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی مۆسیقاش هەر وایە، کتێبیش هەر وایە، تابینەرت نەبێ یا خوێنەوارت نەبێت ناتوانی گۆڤارێک، کتێبێک دەربکەیت. کە بەرهەمێکی مۆسیقات هەبێت بۆ کێی دەکەیت، تۆش دەبێ بزانی بازاڕەکە چییە، یەکەم سینەما بازاڕەکەی ئەوە نییە تۆ لەسەر جادە شتێکی وەکو سیدی یا شتێک بفرۆشی، سینەما شوێنێکی تایبەتی دەوێ بۆ نمایشکردنەکەی واتە هۆڵی دەوێت، سالۆنی دەوێت، زۆر شتی تریشی دەوێ، لەولاوە زەرووەرەت وا دەکات بزانی بینەرت کێیە، هەموو ئەوانە دەشێ ئامار بکرێن، تۆ ئێستا بۆ نموونە لەکوردستاندا چ فیلمێک هەیە، چ فیلمێک نابێ هەبێت، تا ئێستا ئەگەر فیلمێکی ڕووت بێنی، یان تۆزێ پۆرنۆگراف بێت ڕەنگە منداڵانی چواردە تا شازدە ساڵ لە کوردستاندا حەزبکەن ببینن، خەڵکی تر هەمووی قەدەغەی دەکات، فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژهەلاتی، کولتووری کورد لەگەڵ ئەوەدانییە کە تۆ بڕۆی فیلمێکی سێکسی یان هەر شتێ چاو لێبکەی، کەواتە تۆ بازاڕی ئەوەت نییە، ئەگەر هەشبێت بازاڕێکی ژێرزەمینییە، واتە وەکو پاریس تۆ ناتوانی بڵێی لە فلان شەقام دوو سینەمای لێیە، بە تەنیا بۆ کوڕ و کچ تەنیا بۆ خۆیان دەڕۆن فیلمی پۆرنۆگرافی یان فیلمی سێکسی دەبینن. ئەوە زانیمان کە بازاڕەکەمان چی دەوێ، ئێستا لە کوردستاندا بەڕای من فیلمێکی دەوێ کە باس لە پاڵەوانێتی و کەسایەتی، یان مەزڵوومییەتی کورد بکات، یان چیرۆکێکی عاشقانە بەزمانی کوردی و جلوبەرگی کوردی، لەلایەکی ترەوە بۆ دەستپێکردن، ئێستا کە تۆ گەیشتیتە ئەوەی دەتەوێ سینەما دروست بکەیت، ئەگەر بەناوی هونەری حەوتەم سەیری بکەیت ئەوا سەنعاتێکی زۆر گرانی ئەمڕۆییە، واتە تەنیا هونەرە کە گرانترین سەنعەتە لە دنیادا، چونکە فیلم تاقیگەی دەوێت، کامێرای دەوێت، کامێرامانی چاکی دەوێت، ئدیتۆری دەوێت و چەندان کادیری تریش، مەبەستمە بڵێم فیلمێکی زۆر ئاسایی لانی کەم سەد کەس لەپشتەوە کاری تێدا دەکات، هەموو ئەوانەش پەروەردەیان پێویستە، دراسەیان پێویستە، چیرۆکیان پێویستە، سیناریستیان پێویستە، ستۆدیۆی دەوێت، لەهەمووی گرنگتر کە دەگەیتە سەنعەتەکەی پارەیەکی دەوێ لەگەڵ کەسێک کە بزانێ پارە بۆچی خەرج دەکات.

* دەمەوێت بەپرسیارێک بپەڕمەوە ناو مەسەلەی کوردو سینەما، پێت وایە چ بکرێت تا بتوانرێت ئەو کەسانەمانە هەبێت، تاوەکو ستافێک هەبێت بۆ کارێکی ئاوا ؟

– ئێستا قسەی ئەوەمان دەکرد کە ئێمەش کەڵک لەو مێژووە چەند ساڵەی سینەما وەربگرین، ئێمە لەسەرەتای خۆمانین، بەڵام لەسەرەتای جیهان نین، جیهان چی کردووە، دەڵێن ئەوروپا لە هەموو وڵاتانی دی پێشکەوتووترن، بۆ ناوچەی خۆمان و جیهانی سێیەم من شارەزام لە ئێراندا دەژیم، ئێران چی دەکات، ئێران پێش ئەوەی سینەما بێت کۆمەڵێ فیلمی وەکو میسرییەکان و تورکییەکانی دروست کردووەو بەهیچ شوێنێک نەگەیشتووە، هەیە بەڕێکەوت چوار پێنج ساڵ یەک فیلمی وەکو قەیسەر و گاو چی و چی دروست دەکات دوای ئەوەی حکومەتی شا دەڕووخێ سیاسەتی ئەوان دەڕووخێ دێ دەست دەکات بەدروستکردنی فیلمێکی تر، لەو فیلمانە زۆرە هەر هەشت ساڵ پێنج فیلم چ بەڕێکەوت یان بەزانستی، یان بەوە کە خۆیان بیانەوێ بەئەقڵییەتی خۆیان دەست پێبکات بەسینەمایەکی فەنتازیی بە تەنیا ئەم بیست و حەوت ساڵە چەند فیلم هەیە لەئێران، پێشکەوتووترین سینەمای هەیە لەعەقڵییەت و لەهەست و لەچیرۆک، سینەمای ئێران چی دەکات لەم چەند ساڵە کە پێش ئەوەش لەزەمانی شا کراوە، سینەمایەکی بەناوی سینەمای ئازاد کە ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بە (ئەنجوومەنی سینەمای لاوان)، وەکو پەیمانگە و وەکو زانکۆ شتێکی ئەهلی کە تۆ دەڕۆی پێت خۆشە ئینگلیزی بخوێنی یان بڕۆی هەر شتێ فێربیت، خولی فێربوونی سینەما دەکاتەوە، چوار مانگ بۆ پێنج مانگ یان ساڵێک دوو ساڵ، فۆتۆگرافی هەیە، فیلمسازیی هەیە، دانە دانە ئەوانە بەش بەش هەر کام لەوانە لەتەرحەوە دەست پێدەکات هەتا سەری سەرەوە، وەکو شاری سنە کە بڵێم شارێکی کوردییە، شارێکی وەکو سنە ئەویش لقێکی هەیە لەوانە کە ئەنجوومەنی سینەمای لاوان لقی سنە، لەو لقە ساڵێک سەد تا سەد و پەنجا کچ و کوڕ دەچنە ئەوێ دەورە دەبینن لەو سەد بۆ سەدو پەنجا کەسە ئەگەر لە ساڵێکدا یەک کەسی

هەڵکەوێ لە دەساڵدا دە کەست هەیە، دە فیلمساز دەیانەوێ بیر بکەنەوە هەمووشیان دەیانەوێ ببنە دەرهێنەر زۆربەشیان دەبنە دەرهێنەر، بۆچی هەموویان پێیان خۆشە ببنە دەرهێنەر، ئەوە ئیتر عادەتێکە لە ئێراندا زۆرە، ئێمە دەتوانین شتێکی وابکەین کە بێین بەشێکی وا بکەینەوە، بەشێکی وا بەشێکی تازە بە کولتوورێکی نوێ نە فارسی بێ نەعەرەبی بێت، بڵێین هەموو شتێکی کوردییە، ئێستا ئەوانەی دەرچوون و زانکۆیان تەواوکردووە لە کوردەکاندا کەمیان کردوویانە، تۆ بگەڕێ و بزانە، من زۆر برادەرم هەیە لەئێران ئەوان چوون لە ڕووسیا خوێندوویانە، یا لەئەوروپا دراسەیان کردووە هەموویان لە شوێنێک کۆدەبنەوە و دەست دەکەن بە پەروەردەی منداڵی سێزدە – چواردە ساڵە تا بیست ساڵە دوای ماوەیەک بە ساڵێک یەک کەسی هەڵکەوتوو دەبێتە بینەرێکی جوان، ئێستا دەرهێنەرمان هەیە هەموویان دەزانن کە کەمن کۆیان بکەینەوە بڵێن کاکە سیاسەتی ئێمە یەک دوو سێ چوار لەسەر ئەم سیاسەتانە سیناریۆمان هەیە چی بکەین، بەم جۆرە زانستییانە بێتە بەرهەم، کۆمپانیایەک دابنێین دەوڵەت پشتیوانی لێبکات.

* هەموو بەرهەمێک کە دروست دەبێت پێویستی بەبازاڕێک هەیە، پێت وایە بازاڕی سینەما لە کوردستان وا بە ئاسانی بڕەخسێ؟

– ئەگەر پەخشەکەی دابین بکرێت بەڵێ.

* ئەگەر باسی پێوەندیی کورد بە سینەماوە بکەین بەڕای ئێوە لەکوێوە بچینە ناوی؟

– کورد چونکە وڵاتی نەبووە ئاوا قسە بکەین ناتوانین بڵێین کورد وەکو وڵات، کورد وەکو نەتەوە ئیشی زۆریان کردووە، من لەم ڕۆژانە ئیشێکم دی (١٩٢٥) یان (١٩٢٦) ئەگەر هەڵە نەکەم لە ڕووسیا لەسەر کوردەکان کردوویانە شتێکی دۆکیۆمێنتی و چیرۆکدارە، بەڵام دیکیۆمێنتی لەسەر ئێلێکە، ئێلەکە عەشایەرێکن لەسەر سنوورەکان جا یان ئەرمنستانە یان تورکیایە، چونکە لەجلوبەرگیان دیارە کە بەزمانی کرمانجی قسە دەکەن، چونکە زمانێک نییە ئەوکاتە، دەنگ نەبووە لە سینەما کەپشن هەبووە، کەپشنەکەش ڕووسییە ناتوانین بیخوێنینەوە، ئیتر نازانین دەرهێنەرەکەی کوردە یا ڕووسییە، ئەگەر ڕووسیش بێ کورد بێ لە ئەرمنستاندا، کوردێکی ئێرانە کوردی عیراقە نازانین دیار نییە، بەتایبەتی ئەگەر وا دەست پێبکەین بڵێین لە حەفتاکاندا ئیتر هێواش هێواش، چونکە کوردەکانی تورکیا زۆرتربوون، سەنعاتکارتر بوون، نزیکتر بوون لە ئەوروپا هاتووچوونیان بووە، ئەو هەڵسوکەوتە وای لێکردووە کوردەکانی تورکیا ئەو شتە مێژووییە من نازانم یان ناتوانم قەوارەی چل بۆ پەنجا ساڵ لەمەوبەرم ئێستا کوردەکانی تورکیا تا ڕادەیەک پێشکەوتووتر بوون، لەبەرئەوە جەماوەریشیان زۆربووە، تێکەڵاویشیان لەگەڵ ئەوروپاو تورکەکان زۆرتربووە، بەڵام لە عەقڵیەتدا کوردەکانی ئێران پێشکەوتووترن، لەبەرچی لەبەرئەوەی کولتوورێک وەکو کولتووری دووهەزار و پێنج سەد ساڵەی زانستی فارسی لە پشتەوەیە، فارس بەتەربیەتترن و بە ئەدەبترن و شاعیرترین میللەتن لە سەر گۆی زەمیندا، بەلای منەوە لەبەرچی، لەبەرئەوە ئەو هەمووە هاتۆتە سەر فارس، ئەوانیش گۆڕاون گۆڕانکاریی حکوومەتیان بووە یەک کتێبیان نەفەوتاوە، یەک شوێنیان نەڕووخاوە، دایم ئاگایان لە هونەرمەندو ئەدیب بووە، میللەتەکەی ئەوە نییە بڵێن ئەوە شا ڕووخا ئێستا خومەینی هاتۆتە سەر حوکم کتێبخانەکە بسووتێنن نا وتوویانە ئاگاتان لەم کتێبخانەیە بێت، ئاگاتان لەمە بێ ئەمە کولتوورە بزانین ئەوکاتە چیان کردووە، پەنجا ساڵ حکومەتی پەهلەوی بزانین چیان کردووە، دایم ئاگایان لەم شتە بووە ئەوە فەرهەنگ و کولتوورێک دەدات کە فارسەکە ماوە، ئەو کوردانەی کە لەوێش ژیاون لەبەرئەوەی تەربیەتەکە تەربیەتێکی فارسییە ئەو حاڵەتە بووە، ئێستا ئەم چەند ساڵە دەبینی کە لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو هەموو فیلمە دێت و لەکوردستانی ئێراندا فیلمەکە دێ ئەوە نییە کە ئەوان زۆر زیرەکن، کولتوورەکە لە منداڵییەوە لەگەڵیانە، لە منداڵییەوە لەگەڵ تەلەفزیۆنی باشا، لەگەڵ هەڵسوکەوتی باشا، تەربیەتی باشا، کەواتە شتێکی غەریب نییە بڵێی مەسەلەن کوردێکی سوریا یا کوردێکی عیراق یا تورکیا بۆچی نازانن، لەبەرئەوەی نەیانبووە لەبەرئەوە ئەو هۆشمەندیی و زیرەکییە خۆ لە کوردەکانەوە نییە، واتە شتێکی تایبەت نییە بە هۆشی فەردییەوە کۆمەڵگە وای لێکردووە ئەو وا بیر بکاتەوە.

* بەو چەند فیلمە کوردییەی کە لە فیستیڤاڵەکاندا سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنا، بەمە دەتوانین بڵێین

کورد بۆته خاوەنی سینەما ؟

– نەوەڵڵا دەتوانین بڵـێین خـەریکە تۆزێک دەیانەوێ بجووڵێنەوە، چونکە بە سێ چوار دانە گوڵ بەهار نایەت، ناکرێت بڵێین ئەگەر فیلمێک یان دووان دروست کرابێت بڵێین ئیتر هەموو شتێک دروست بووە.

* ئەگەر باسی قۆناغەکانی بەرەو سینەما بوون بکەین، تۆ چۆن پۆلێنیان دەکەی؟

– ئێستـا یەکەم قـۆناغ وەکو ئەپشن پری بکەینەوە، ئەپشنی یەکەم ئەوەیە تۆزێ فیلمەکانمان تەکنیکی ترو جیهانی تر ببینن، واتە ئەوەی کە چیرۆکی جوانمان هەیەو تەرحێکی جوان و ئەوەی کە زۆر تەئکیدی دەکەمەوە کە ئێمـە مـەزوڵمین تۆزێ تەکنیکی تر بیکەن با عـالەم چاومان لێ بکات، چەند کۆمپانیایەک بهێنین واتە تۆ فیلمێکی وەکو شیوەنی بەفر وەکو کیسەڵەکان یان هەر فیلمێکی تر وەکو ئەوەیە کە بە ئەندازەی فنجانی چا پارە نابا لەچاو فیلمەکانی هۆلیۆددا، ئەو پێی خۆشە بێتە وڵاتێکی تازەو ئەوەی کە تۆ بتوانی چەند کۆمپانیایەکی بەهێز بهێنیت، هۆلیۆدیش نەبێت ئەوروپاییەکان بێن لێرە دەست پێبکەن، بەوە کە ئیش بکرێت یا دوانیان کورد بێت شەشیان بیانی بۆ سەرەتای تەکنیکەکە بێنین بازارێک بۆ خۆمان بکەینەوە لە فرۆشگایەک لە شوێنێک کابرا بڵێ فیلمی کوردی چی تازەی هاتووە وەکو مۆسیقا، ئێستـا مۆسیقای کوردی ئەوە نییـە لە چاوپێکەوتنێکدا بڵـێی چیت هەیە، لەبەرئەوەی ئیش نەکراوە لە مۆسیقای کوردیدا، خۆمان وا دەزانین زۆر سەرکەوتووین، لە هیچ وڵاتێک و لە ئەوروپا نییە شوێنێکی دانابێ بنووسێ عەرەبی، هیندی، بەڵام تۆ مۆسیقا نابینی بەناوی مۆسیقای کوردی لە شوێنێکی تایبەتیدا بێ، بازارێکی وا بکەین بەتایبەتی سینەما زووتر دەتوانی وەک لە مۆسیقا ئەوە بکا.

* بەشێکی سەرەکی و گرنگی فیلمیش وەکو هەر شتێکی تر بینەرە، یەکێک لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە کە تۆ بتوانی ئەو بینەرەت یان ئەو کڕیارەت چی پێویستە تۆ بتوانی لە بازاڕەکەدا بیخەیتە ڕوو، ئایا لە کوردستان ئەم مەسەلەیە چۆن دەشکێتەوە؟

– کوردستان وەک عەرزم کرد تێبینی زۆرم هەیە لەسەر بینەری کـوردسـتـان، لە یەک شت بە گـشـتی وردنەبووینەتەوە، جـارێ ورد نەبینەوە باشـترێکە، بە گشتی ئێستا بەس ئەوانە کە عایلە بڕواتە سینەما، فیلمێک دەشێ هەڵبژێرێت تۆ وای لێبکەیت عائیلە بە جەماعەت پێنجشەممەیەک، جومعەیەک ڕۆژێکی تایبەت مەوعیدی بۆ دابنێین بڕۆن بۆ سینەما، هەرفیلمێک توانی ئەو شـتـە بکات ئەوە توانیـوێتی بنەڕەتێکی تازە، مێژوویەکی تازە لەسینەما بونیاد بنێت، بەمەرجێک وەکو هەوڵەکە بێ، من ئەو هەوڵە دەدەم و دەتوانم ئێستا کە بە شیوەنی بەفریش بەرهەمی هاوبەشی نێوان ئێران لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا فیلمەکەش خۆیان لە کۆگادا هەیانە.

* بێینە سەر باسی پیشەسازیی سینەما یان سینەمای پیشەسازیی ئێمە وەکو کورد لە کوردستانی عیراقدا ئایا تەنیا بەکارهێنەرین، ئێمە پێتوایە چۆن بتوانین سینەما وەکو سەنعاتێک لێرە بەرەو پێش بەرین یان بیهێنینە کوردستان و سوودی لێوەربگرین ؟

– من وەکو هاووڵاتییەک کە دێم یەکەم جار کوردستانم بینی لە هەموو شتێکدا وڵاتێکی نەوتە، مەسەلەن نەوتیش لەدەست کوردەکاندا نەبێت لەدەست حکومەتی مەرکەزیدا بێت لەوڵاتێکی نەوت تۆ غەیری نەوتەکە، لەناویشیاندا سینەما غەیری نەوتییە، ئێمە لە شتی ئابوورییەوە هەموو شتێکمان باش نەبووە وەک تۆ بتەوێت، ئاخۆ هەر دەوام نەکات لەبرساندا دەمرێت، واتە کاسبییەکی هەیە واتە یەک دەقە بۆرییە نەوتییەکان ڕابگرن کەس ناتوانێت بژی، هەمـووی لە پارەی نەوتە، واتە سەنعەت و ئابوورییەکە دەگەڕێتەوە بۆ شتە سیاسییەکە، بەڵام سینەما نییە، ئێستا گەورەترین کێشە لە کوردستاندا کە من تێبینی دەکەم ئەوەیە کە تەنیا بەکارهێنەرین، ئەمیش کێشەیەکی سیاسییە، کێشەی من نییە، ئێستا لە کوردستاندا پایە ئابوورییەکە نوقسانە، تۆ بڵێی دە ڕۆژ نەوت نییە هەموو شتێ قەپاتە، بەڵام بە پارەی نەوت دەتوانین بژین.

* با لە سینەما دوورنەکەوینەوە بێینە سەر باسی ئۆسکار ئەگەر بکرێت باسێکی ئۆسکار و چۆنیەتی پێشکەوتنی ئەو فیلمە لە ئۆسکار بکەن؟

– ئۆسکار ئێستا ساڵی (٢٠٠٦) حەفتاو هەشت ساڵە بەڕێوەدەچێت، ئۆسکار ئەکادیمییە و هەر لیژنە لیژنە لەهەر بوارێکدا پسپۆڕێتی خۆیان تێست دەکەنەوە، نمرەی پێدەدەن، کامێرا و دەرهێنەر و سیناریۆ و هەموو شتێکی تر ئەو هەموو پسپۆڕێتییەی کە هەیە، یەک ئۆسکاریان

داناوه بۆ فیلمی غەیری زمانی ئینگلیزی واته بیانی، کە هەر ساڵێک دەیدەن بە وڵاتێک ئەویش بەو لیژنەیە کە سەد بۆ دووسەد کەسن، باری سیاسی یان ئابووری ڕەنگە ڕۆڵی لە هەڵبژاردنی فیلمەکە هەبێت، چونکە هەموو ئەو شتانە نمرەی هەیە، وەکو یاری ئاسن کە کابرا تەمەنی چەندە، چەندەمین خولە کە بەشداری دەکات و ئەم جۆرە شتانە. عیراق تا ئێستا فیلمی نەچووە بۆ ئۆسکار، واتە ساڵی (٢٠٠٥- ٢٠٠٦) بەڕێوە دەچێت ئۆسکار یەکەم فیلمی مێژووی ئۆسکار لە عیراقدا شیوەنی بەفرە، ئەو فیلمەش بەوەی کە زمانی ڕەسمی وڵاتەکە عەرەبییە دوای ئەوە کوردییە فیلمەکە بە زمانی دووەمە ئەو فیلمە کە چووە بۆ ئۆسکار بە نوێنەرایەتی عیراقە بە زمانی دووەمە، نەک بە زمانی یەکەم کوردی زمانەکەیەتی، دەرهێنەرەکەی کوردە، جلوبەرگ هەمووی کوردییە، شوێنەکەی و لۆکەیشن و هەموو شتێکی کوردییە، ئەکتەرەکان کوردن، فیلمەکە ئەوین و ئەویندارییە، فیلمەکە شەڕی تێدا نییە، ئەگەر شەڕێکی تێدا بێت شەڕی کۆمەڵایەتییە، ئێستا فیلمەکە واتە وڵاتی عیراق لەگەڵ وڵاتی فیجیا هەردووکیان ڕیکۆرداری ئۆسکارن. ئەمساڵ دوو وڵات زیاد بووە بۆ ئۆسکار. یەکی فیجی، یەکی عیراقییە. ئەو دوو وڵاتە تازە هاتوونەتە ناوەوە، لەم لاوە ئێمە توانیمان بەس یەک شت بکەین تا ئێستا هاتووین، بەڵام نەچووینەتە پێشەوە.

* وەک دەزانین ئێستا لە سلێمانین، پێدەچێت کارەکەتان لێرەبێت، پرۆژەی داهاتووتان چییە؟

- پرۆژەی ئێستا کە خەریکین پرۆژەیەکە لە چلەکان و پەنجاکانی سلێمانییەوە باسی ئەو ساتە دەکات لە سلێمانی، باس پچ پچ و هێواش هێواش خەریکە خەڵکەکە دەزانن کە حکومەتە بەکەڵک نایەت و ئەو عەمەلیات و شتە ژێر زەمینەکان دەست پێدەکات خەریکم بەتایبەت لە بەشی دیکۆر و بەشی ئەکسسوار و جلوبەرگدا زۆر زەحمەتە لێرە ئیش نەکراوە.

# کاتێک بۆ پەیڤینی فۆرم

## «ئاوڕدانەوەیەک لە هەندێک لایەنی فۆرمێکی شیعری هێمن»

ڕەهبەر مەحموود زادە
(شنۆ)

-١-

کاتێک هەوڵی ئەوە دەدرێ زمانێتی زمان بەدیار بکەوێ و زمان خۆی بەرجەستە بێتەوە، ئەو دەم فۆرم دەبێ بە مانا. ئەم حوکمە یەکێک لە ئەسڵە گشتییەکانی ڕەخنەی فۆرمالیستییە و دەکرێ بڵێین ڕەوشتناسی ڕەخنەی فۆرمالیستی و ئاراستە گشتییەکەی لەسەر ئەم بۆچوونە ساغ دەبێتەوە، بەڵام ئەو حوکمە ئەگەر بە تەنێ ڕەچاو بکرێ، لە ئاستی تیۆرییەکی ڕووت واوەتر ناچێ. لە بیرمان نەچێ باسەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەبەرئەوەی مەیلەو دەقن و ڕوویان لە نموونەی بەردەستی دەقی ئەدەبییە، دواجار باس و خواسێکی ئەزموونگەر واتا تەجرەبەگەران، نەک کۆمەڵە باسێکی نەزەری ڕووت، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەقی ئەدەبی، کەواتە ئەو حوکمەی لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسی لێوەکرا، دەبێ بە شێوەیەکی ئەزموونگەرانە لە مەحەکی ئەو دەقانە بدرێ کە تیایاندا زمان بەرجەستە بۆتەوە و زمانێتی زمانیان لێ بە دیار کەوتووە.

-٢-

بەڵام مێژووی تیۆری ئەدەبی نیشانی داوە کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەزموونە هەر لە یەکەم هەنگاودا تووشی گرفت دەبین و ئەگەر ڕێگاچارەیەکی تیۆریکی شیاوی بۆ نەدۆزینەوە، لەناو قاپێلکێکی قەپاتدا حاسێ دەبین و ڕێگا بەرەو ئەزموون کردنی حوکمە باسکراوەکە دەرنابەین.ئەم گرفتە لێرەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەوانەیە نەتوانین دەقێک بدۆزینەوە کە زمان تێیدا سەدا سەد

بەرجەستە بوویێتەوە و کارکردە ئەدەبییەکەی- بەم مانایەی یاکۆبسن باسی لێ دەکا- نەگا بەوپەڕی خۆی و دەقەکە جیا لە کارکردی ئەدەبیی، کارکردی غەیری ئەدەبیشی تێدا بەدی دەکرێ.

شاعیر دەڵێ:

**هاتووم "با" فێرم کات**
**چۆن رووبار ڕاژەنم**
**هاتووم بەرد فێرم کات**
**لەسەر ئەو چۆن بڕوێم**
**هاتووم ڕەگ فێرم کات**
**لە کوێوە بگەمە دڵی خاک**
**(شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە)**

لەم شیعرەدا ئەوە کارکردی ئەدەبی دەقەکەیە وامان لێدەکات گریمانەی بوونی چنراوەیەک (بافت) بۆ دەق بکەین کە تێیدا رووبار بە دەستی مرۆڤەوە ڕادەژەندرێ و مرۆڤیش لەسەر بەرد دەڕوێ، بەڵام جگە لە کارکردە ئەدەبییەکەی دەق، دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکی کەمیش کارکردێکی سۆزدارانە «عاطفی» کە رووەو کەسی بێژەرە- وەک ئەو کاتەی کەسێک بۆ دامرکاندنی تووڕەیی خۆی دەڵێ "هەیهوو"- یان کارکردێکی هاندەرانە «ترغیبی» کە ڕووەو کەسی بەردەنگە- وەک ئەو کاتەی کەسێک ڕاستەوخۆ ڕووەو بەردەنگەکەی دەڵێ"هۆی کابرا"- تێیدا بەدی دەکرێ.

-٣-

فۆرمالیستەکان و ئەو بیرداڕێژانەی تا ڕادەیەک لە سوننەتی ڕەخنەیی ئەوان نزیک بوون، بە دوو شێوە ویستوویانە ئەم گرفتە چارەسەر بکەن:

**یەکەم:** یاکوبسن بە هێنانە ئارای چەمکی "لایەنی زاڵ" باسی ئەوەی کرد کە وانییە ئەو شەش کارکردەی خۆی پێشتر بۆ دەقی دەستنیشان کردبوون و(بریتین لە کارکردی ئەدەبی، سۆزدارانە، ئیرجاعی، هاندەرانە، هاودڵانە، سەروو زمانیی)، هەر جارە، بە شێوەیەکی خالیس و پەتیی خۆیان دەردەخەن، بەڵکو بە پێی توانا هەرچی دەقە لە یەک کاتدا، هەندێک لەو کارکردانەی سەرەوەی پێکەوە هەیە، بەڵام لەناو ئەم کارکردانەدا،



هێمن

یەکێکیان لەوانی تر زاڵتر و لە زەبرترە. ئەم کارکردە لە زەبرە، لایەنی زاڵی دەقەکە پێک دێنێ.

"(ڕاستە) دەقی ئەدەبیی، ڕوویان لە خۆیانە(واتە ئاراستەیان بۆ لای فۆرمی خۆیانە و ئەو جیهانە دەرەکییەی وا دێتە بەرچاو دەقە ئەدەبییەکان ئیرجاعیان بۆی هەیە، جیهانێکی ڕۆنراو و داستانییە و بوونی نییە)، بەڵام بەم حاڵەشەوە زۆر کەمن ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی نەکرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ ئەو جیهانەی تێیدا دەژین، لێک ببەسترێنەوە، بە دەربڕینێکی دیکە، دەقەکان بە کردەوە زیاتر لە ئاراستەیەکیان هەیە و لە ئەنجامدا، هاوکات پتر لە نەخشێکیان دەبێ، بەڵام بۆ پێکهاتەخوازەکان گرینگ ئەوە بوو کە کامەیەک لەم ئاراستە یان نەخشانە، نەخشی زاڵە. چەمکی "لایەنی زاڵ" زەمینە خۆشکەری پێکهێنانی ڕوانگەیەکی چەمەواز (انعطاف پذیر) بۆ دەقی ئەدەبییە، واتا ڕوانگەیەکی چەمەوازتر لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکان. (لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە دەڵێین ڕاستە) ئەدەب لە بنەڕەتدا، ئیرجاعی بۆ خۆیەتی، بەڵام هەر لەو کاتەشدا، ئیرجاعی بۆ جیهانی دەرەوەش هەیە.(١) ئەم ئەنجامە، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەکاری دەقە ئەدەبییەکان ئێجگار گرینگە، چونکە ڕادەی ئەدەبییەتی هەموو دەقێک وەکو یەک نییە.

ڕەخنەگــر ناتوانێ کــوێت و بەندی ئەم پێش گــریمانە ئاراســتــە قــبــوڵ بکا کــە دەڵێ هەرچی دەقی ئەدەبییــە، دەبێ سەدا سەد ئیرجاعی بۆ فۆرمی خۆی بێ و تەواو بێبەری بێ لە بوونی ئیرجاعی دەرەکی. ئەگەر ئەو گریمانە ناڕاستە قبووڵ بکەین، چیمان هەیە بۆ نموونە لەسەر ئەو شیعرەی شێرکۆی بلێین کە بە ئاشکرا ئیرجاعی بۆ هەندێک ڕووداو و کەسایەتی جیهانی واقیع هەیە:

**بەناوی هەڵەبجە و پێنج هەزار مانگەوە**
**بەناوی مەولەوی و پێنج هەزار گوڵەوە**
**بەناوی گۆران و پێنج هەزار کۆترەوە**
**بۆ زانای بلیمەتەکانی وڵاتی پووشکین،**
**وڵاتی جاک لەندەن**
**وڵاتی بایرۆن، وڵاتی جاندارک، وڵاتی بسمارک**
**وڵاتی گــاریبــاڵدی،وڵاتی ڤــان کــوخ...وڵاتی...**
**وڵاتی... وڵاتی**
**سوپاس بۆ ئەو دیارییەی کە بە کۆمەڵ**
**ســــەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ لە ڕێگەی بەغداوە بۆ گوڵ و**
**کۆتر و منداڵ و شیعری کوردستانتان ناردبوون.**

(شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە)

**دووەم:** فــۆرمــالیــســتــەکــان، لە هەوڵە تیــۆریکەکــانی دواتریاندا، چەمکی"ناســیــاوی ســڕینەوە" یان لەگــەڵ چەمکی"بەرجەستە کردنەوە" گۆڕییەوە. زۆرجاران دیتراوە ئەم دوو چەمکە وەک دوو چەمکی هاوتا و هاومانا، لە جیــاتی یەکــتــر بەکــار هێندراون، بەڵام ئەم دوو چەمکە یەک نین و جیاوازییان هەیە.

"بەرجەستە کردنەوە، کاریگەرێتییەکی ئەوتۆی هەیە کە ڕەگەزە ناو دەقــیــەکــانی دەوروبەری خــۆی ئۆتۆمــاتیــک دەکــا."«٢» هەر لە بنەڕەتدا ڕادەی بەرجەستــە بوونەوەی ڕەگەزە ناو دەقــیــەکــان بەهۆی ڕادەی ئۆتۆمــاتیــکبــوونی ڕەگەزە ناو دەقییەکانی تری دەوروبەریان، دیاری دەکرێ، چونکە:" ئەوەی ڕەگــەزێک لە ڕێگای بەرجەستە بوونەوە وە دەستــی دێنێ، هەر ئەو شتــەیە کــە ڕەگــەزێکی تر لە ڕێگای ڕادرانی بۆ پەراوێزەوە، لە کیسی دەدا.«٣»

ئەوە لە حــاڵێکدایە کــە بە گــوێرەی چەمکی ناسیــاوی سڕینەوە، چۆنیــەتی پێوەندی ڕەگــەزە بەرجــەستــەکــان و ڕەگەزە ئۆتۆماتیکەکان، بە ئاشکرا وە پشت گوێ دەخرێ و نامــۆبوونی ڕەگــەزە بەرجــەســتــەکــان بە تەنێ و وەکــو تایبەتمەندییەکی زاتی، سەرنجی پێ دەدرێ.

دەبینین دیســان هەر بە شێوەیەکی دیکە، گەیشــتینەوە ئــەنجــــــامی وێکــڕا بوون و تــێکــڕابــوونی ڕەگــــــەزی بەرجــەســتــەکــراو و ڕەگــەزی ئۆتۆمــاتیک، یان کــارکــردی ئەدەبی و کــارکــردی غــەیری ئەدەبی. با ئەم بۆچوونەش بەهۆی چەند دەقــێکەوە ڕوونتــر بکەینەوە. ئەم بەشــە لە هەڵبەستێکی جگەرخوێن پێکەوە دەخوێنینەوە:

**ئەبرۆ شەڤێ**
**شرین دەڤێ**
**لێڤ ە نکڤێ**
**خانم!**
**ئەز نەخوەشم**
**نەسەرخوەشم**
**دەری ڤەکە**
**جانم!**

(جگەرخوێن، ڕۆناک)

ئەو هۆکــارانەی لەم شیــعــرەدا، تایبەتمەندی بەرجەستــە بوونەوەیان داوە بە پاژەکانی دەق، یەکێکیــان ئــەو ڕیتــمــە توندەیە کــە وەکــو مــۆســیــقــایەکی ناوەکی- وەک ئەو مۆسیقایەی لە هەندێک شیعری مەولەوی ڕۆمیدا بەدی دەکــرێ- لە هەردوو بەندی ســەرەوەدا، سێ ڕێکەوەند «عــبــارت»ی یەک لە دوای یەکی پێکەوە کــۆ کــردۆتەوە. دوامــیــنیــشــیــان، بوونی دوو ســەروای جــیــایە کــە لە بەندەکاندا دووپات دەبنەوە، بەڵام ئەم ڕەگەزە بەرجەستانە لەلای ڕەگەزێکی ئۆتۆماتیکدا بەرجەستەبوونیان وەدیار کــەوتــووە، ئەم ڕەگــەزە ئۆتۆمــاتیکە کــامــەیە؟ دیارە ئەم ڕەگــەزە بریتــیــیـــە لە ڕووتێکردن و بە بەردەنگ دانان «خطاب»ێک کە لە هەردوو بەندا بە وشەکانی خــانم و جانم سازدراوە، چونکە ئەوە لە کاتی وتوو‌یژی ئاسایی و ڕۆژانەدایە کە ئێمە یەکتر بە بەردەنگ دادەنێین.

(هاوســەروا بوونی دوو وشــەی خــانم و جــانم-یش پێکەوە، دەبێ وەکو سێیــەمین ڕەگــەزی بەرجــەستــەکــراو چاوی لێ بکرێ.)

دەبینین لەم دوو بەندەی خــوارەوەشــدا، دیســان هەر ئەم ڕەگــەزە بەرجــەســتـــە و ئۆتــۆمـــاتیــکانە، بە تــەرزێکی هاوشێوە، وە بەرچاو دەکەون، جیاوازییەکە تەنیا لێرەدایە

که له دوایی ئەم بەندانەدا، لە جیاتی بە بەردەنگ دانان، کەڵک لە شێوەی پرسیارکردن و ئەمر پێکردن وەرگیراوە کە هەردووکیان شێوەی ئاشنای هەڤپەیڤینن.

**ئەی دلبەرێ**
**پەیخامبەرێ**
**لێڤ شەکەرێ**
**کا سۆز و پەیمانا بەرێ؟**
**بسکان ڤەکە**
**زلفان شەکە**
**دل پیر مەکە**
**مە ژ بیر مەکە**
**جارەک ژ پشت پەردێ دەرێ**
(جگەر خوێن - ڕۆناک)

-٤-

با جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر حوکمە سەرەتاییەکەی ئەم وتارە: "کاتێک هەوڵی ئەوە دەدرێ زمانێتی زمان بە دیار بکەوێ و زمان خۆی بەرجەستە بێتەوە، ئەو دەم فۆرم دەبێ بە مانا." تا ئێستا ئەم حوکمەمان بەم شێوەیە، هەموار «تعدیل» کردۆتەوە کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا، لە پاڵ بە دیار کەوتنی زمانێتی زمان و بەرجەستە بوونەوەی بەرێژەی جۆراوجۆر تا ڕادەیەکیش، ئۆتۆماتیک و ئاشنابوونی زمان و کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی زمانی باوی نووسین و ئاخافتنیش وە بەر چاو دەکەوێ، کەواتە ئێستا دەمانهەوێ ئەم حوکمە بەم شێوە سنووردارە، لە محەکی چەند دەقێکی شیعری بدەین و بە تایبەت هەوڵ بدەین لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە سەرنجێک بدەینە لایەنە فۆرمیکەکانی شیعری هێمن، بەڵام بۆ ئەوەی بەر لە چوونە ناو جیهانی شیعرەکانی هێمن و تاوتووکردنیان بەهۆی ئەم حوکمە، حوکمەکەمان سەلماندبێت، یەکەم جار لەسەر دەقێکی دیکەی تاقی دەکەینەوە، شاملوو لە کۆمەڵە شیعری "هوای تازە"دا شیعرێکی هەیە بەناوی «کیفر»، دوو دێڕی سەرەتای ئەم شیعرە ئاوایە:

**در اینجا چار زندان است**
**به هر زندان دوچندان نقب، در هر نقب چندین حجره،**
**در هر حجره چندین مرد در زنجیر**

**(چوار زیندان لێرەدایە، هەر زیندانە چوار ڕەهەند و هەر ڕەهەندە چوار چاوە و هەر چاوەیەش چەندین پیاوی بە زنجیر قۆڵبەست کراوی تێدایە.)**

دەمانهەوێ لەم برگە دیاریکراوەی شیعری شاملوودا، ئەوە نیشان بدەین کە چۆن فۆرم دەبێ بە مانا. لە خوێندنەوەی یەکەم جارماندا، هەر بە تەنیا سەرنج دەدەینە مانای ئەم دەقە و جارێ

بە شێوەیەکی کاتیی فۆرمەکەی پشت گوێ دەخەین، لەم سەرنجدانەدا دوو خاڵمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

**یەکەم:** بیناسازیی ئەو زیندانەی باسی لێوە دەکرێ، بیناسازییەکی پێچەڵاو پێچ و بەناویەکدا چووە. زیندانەکە چوار بەشە و هەر بەشێکیان دوو هێندە ڕەهەندی هەیە و لە هەر ڕەهەندێکیشدا، چەند چاوەیەک هەن و لە هەر چاوەیەکیشدا، چەند پیاوێک، زنجیریان لە دەست و پێ خراوە.

**دووەم:** جگە لە بیناسازیی بەندیخانەکە، دیمەنێکی بەرچاوی دیکە کە لەو وەسفەدا وە بەرچاو دەکەوێ، دیمەنی ئەو پیاوانەیە کە زنجیریان لە دەست و پێ خراوە. زمانناسان دەڵێن ئەگەر پاژەکانی ڕستەیەک وەکو موبتەدا و خەبەر لێک جیا کەینەوە، هەرچەندە لە بەشی خەبەرەکە، زیاتر بچینە پێشەوە، زانیاری تازەترمان، وە دەست دەکەوێ. دوایین بەشی خەبەر، لەم شیعرە، بریتییە لە دەستەواژەی"چندین مرد در زنجیر" ئەمە هۆی بەرچاوتر بوونی دیمەنی ئەو بەندییە زنجیر لە دەست وپێ خراوانەیە. ئێستا دەمانهەوێ، لە خوێندنەوەی دووەمدا، نیشان بدەین کە چۆن فۆرمی ئەم دەقە، جگە لەو شێوە ئاساییەی بۆ دەلالەت کردن هەیەتی، هەر بەهۆی فۆرمبوونی خۆیەوە بەم شێوە تایبەتە، ئەو دوو مانا سەرەکییە بەرهەم دێنێتەوە.

گوتمان ئەم دەقە باسی بەندیخانەیەک دەکا کە بیناسازییەکی پێچەڵاوپێچ و بەناویەکداچووی هەیە، ڕەخنەگرێک بەناوی «محەمەد نەبەوی» دەڵێ پێکهاتەی موبتەدا - خەبەریی ئەم دەقە جارێکی دیکە و سەر لە نوێ ئەم بیناسازییە بەناو یەکدا چووەمان بۆ وێنا دەکا«٤». لەم برگە هەڵبژێردراوە لە شیعری «کیفر»دا، چوار ڕستە هەیە. بە سەرنجدان بە پێکهاتەی موبتەدا - خەبەریی ڕستەکان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە هەموو

ڕستەکاندا-جگە لە ڕستەی یەکەم کە موبتەداکەی ناچارەکی تازەیە- هەموو موبتەداکان بریتین لە خەبەری ڕستەی پێشوو. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین."بەهر زندان دوچندان نقب (است) وشەی"زندان" لە موبتەدای ئەم ڕستەیەدا، لە خەبەری ڕستەی پێش خۆی واتە "چار زندان است" وەرگیراوە، یان لە ڕستەی "در هر نقب چندین حجرە (است)"، وشەی "نقب" لە موبتەدای ئەم ڕستەیەدا لە دەستەواژەی "دو چندان نقب" لە خەبەری ڕستەی بەر لە خۆی وەرگیراوە و... ئەم چنراوەیە هەر بەم شێوەیە دەچێتە پێش.(هەڵبەت لە بیرمان نەچێ کە ئێمە لەو شیعرە ئامالٚ درێژەی شاملوو دا، تەنیا دوو دێڕمان هەڵبژاردووە و لە ڕاستیدا گشت پێکهاتەی شیعرەکە، هەر بەم شێوەیە هەڵچندراوە.)

دوای ئەم پێشەکییە و قبووڵ کردنی ئەم بۆچوونە زۆر سانایە کە ئەم شێوە پێکهاتەیە لەیەک کاتدا هەم بیناسازی بەناو یەکدا چووی بەندیخانەکەمان پیشان دەداو هەم بە فۆرمی خۆی فۆرمی زنجیریشمان بۆ وێنا دەکا.

پێم وایە ئێستا خوێنەر بە باشترین شێوە توانیویەتی ڕاستی حوکمە سەرەکییەکەی سەرەتای ئەم وتارە بسەلمێنێ.

-٥-

دوایین شیعری دیوانی تاریک و ڕوون، شیعرێکە بەناوی "ڕقی پیرۆز" کە بە خەتی هێمن خۆی نووسراوەتەوە.

**دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم**
**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**
**دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەم دادێمەوە**
**کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە**

ئەم نیوە بەیتانە لەگەڵ هەندێک شیعری تری هێمن، لەلایەن نووسەرێکەوە ئاوا هەڵسەنگێندراون:

"ئەمانە هێندە سادە و کاڵن، ڕەنگە بۆ هوتاف کێشانی ڕێپێوانیش دەست نەدەن و زیاتر لە ئاخاوتنی کاتی تووڕەیی، یان لە نەڕەنەڕی ڕادیۆی شۆڕش بچن، ئەوەندە هەیە کە کێش و سەروایان بۆ کراوە"(٥)

من تاوتووکردنی فۆرمیکی ئەم شیعرە لە هێنانەگۆڕی ئەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەم: ئایا لەم شیعرەدا، جگە لە بوونی کێش و سەروا، هیچ لایەنێکی فۆرمیکی دیکە بوونی نییە کە بکرێ وەکو جوانکارییەک باسی بکەین و بیکەینە بەڵگەیەک بۆ بوونی هەندێک لایەنی فۆرمیکی جوان و شاراوە لە شیعری هێمندا؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە و هەروەها بۆ نیشاندانی چۆنیەتی گۆڕانی فۆرم بۆ مانا و هاوڕێژەیی «تناسب» فۆرم و مانا لەم شیعرەدا هەوڵ دەدەین لەنگەرێک لەسەر فۆرمی ئەم شیعرە بگرین، هەتا دواتر بتوانین بە ئەنجامی ئەوتۆ بگەین کە بکرێ لەگەڵ خوێنەر، هەردووکمان لەسەریان ڕێک کەوین.

لەم شیعرەدا، سێ نیوە بەیتی یەکەم، خاوەنی پێکهاتەیەکی وەک یەکن، نیوە بەیتی چوارەم، پێکهاتەیەکی جیا لە سێ نیوە بەیتەکەی سەرەتایی هەیە.

کەواتە دەکرێ ئەم چوار نیوە بەیتە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین:

بەشی یەکەم:

**دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوور ترم**
**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**
**دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەم دادێمەوە**

بەشی دووەم:

**کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە**

جاری مەودای لێ وردبوونەوەکەمان هەر بەتەنێ بارتەقای بەشی یەکەمی شیعرەکە بەرتەسک دەکەینەوە. بە سەرنجدانێکی سووک لەم بەشە، بەم ئاکامە دەگەین کە هەرسێ نیوە بەیت لە دەربڕینی کردەوەیەک و دژە کردەوەیەک پێک هاتوون. هەرسێ ڕێکەوەندی «دەمگرێ، لێم دەدا و دەمکوژێ» دەلالەت دەکەن بۆ کردەوەی مرۆڤێکی زۆردار و چەوسێنەر.

لە بەرامبەر ئەوانەدا، سێ ڕیکەوەندی: (ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم، ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم، ئەمما بەگژ جەللادەکەم دادێمەوە) دەلالەت دەکەن بۆ دژکردەوەی مرۆڤێکی چەوساوەی بەرهەڵستکار. (جاری دیار نییە مرۆڤە زۆردارەکە کێیە و مرۆڤە زۆرلێکراوەکە کێیە)کەواتە پێکهاتەی هاوبەشی

ئەم سێ نیوە بەیتە دەکرێ بەم شێوەیە نیشان بدرێ:
کردەوەی مرۆڤێکی زۆردار و چەوسێنەر+ دژ کردەوەی مرۆڤێکی چەوساوەی بەرهەڵستکار

هەتا ئێرەی باسەکەمان هەر بە تەنیا شیکاری و دابەش کردنێکی ساکاری فۆرمی بەشێک لەم شیعرەمان کردووە و باسی ئەوە نەکراوە کە چۆن فۆرم دەبێ بە مانا و بەم شێوەیە مانایەکە، چەسپاوتر و شوێن دانەرتر دەبێ. لە ڕاستیدا ئەم شیعرە جگە لە شێوەی دەلالەتی ئاسایی بەرێکخرانی تایبەتی فۆرمەکەشیەوە، مانای بەرخودان و بەربەرەکانی بەرهەم دێنێتەوە. دەکرێ بەڵگەکانی ئەم بۆچوونە بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان بکرێن:

(أ) ئەگەرچی لە هەرسێ نیوە بەیتی سەرەتای ئەم شیعرەدا، هاوکات باس لە کردەوەی مرۆڤی زۆردار و دژەکردەوەی مرۆڤی بەرهەڵستکار دەکرێ، بەڵام هێمن زۆر شارەزایانە لە کاتی تەرخانکردنی وشە و دەربڕینەکان بۆ ئەم دوو بەشە وەکو یەک بەشی پێ نەداون و جیاوازییەکە لە کورت بوون و درێژ بوونیاندا وەبەرچاو دەکەوێ، دەربڕینێ تایبەت بە کردەوەی مرۆڤی زۆردار، دەربڕینێکی کورتە و لە ئانوساتێکدا دەبڕێتەوە، وەک ئەوەی دەلالەت بکا بۆ پشوو کورت بوون و (لەوانەشە بۆ بەرچاو تەنگ بوونی) بکەری ئەم کردەوانە.
بەڵام دەربڕینی دژ کردەوەی مرۆڤی بەرهەڵستکار، دەربڕینێکی بەر درێژتر ودرێژخایەنترە و ئەو بەشە لە جیاتی ئەوەی وشەیەک لە خۆ بگرێ، زنجیرەیەک لە وشەکانی تێک ئاڵقاندووە، وەک ئەوەی دەلالەت بکا بۆ پشوودرێژ بوونی بکەری ئەم دژ کردەوانە، جارێکی دیکە سەرنج بدەنە کورتی و درێژی دەربڕینەکان:

| | |
|---|---|
| **دەمگرێ** | **ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم** |
| **لێم دەدا** | **ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم** |
| **دەمکوژێ** | **ئەمما بەگژ جەللادەکەم دادێمەوە** |

(ب) بەرهەمهێنانەوەی مانای بەربەرەکانی و بەرهەڵستکاری بەهۆی فۆرمی شیعرەوە، هەر بە تەنیا بە تەرخانکردنی وشە و دەستەواژە بۆ ئەم دوو بەشە خەنیمە و بەرکورت بوونی یەکێکیان و بە درێژبوونی ئەویتریان کۆتایی پێ نایە.
هەروەک چۆن باسی تێکهەڵچوون و بە گژیەکداچوونی دوو مرۆڤ دەکرێ، لە ئاستی دەنگیی «آوایی» شیعرەکەشدا، تەنانەت دەنگەکانیش بە گژیەکدا کراون و پێک هەڵپڕژێندراون، بەم شێوەیە بەربەرەکانییەکی دەنگیی ساز کراوە، با ئەم بۆچوونە وێڕای ئێوە تاقی بکەینەوە. بە بڕوای ئێوە لە بەشی یەکەمی نیوە بەیتی سەرەتاییدا، واتا لە وشەی «دەمگرێ»دا، کامەیەک لە دەنگەکان پتر لەوانی دیکە وەبەر گوێ دەکەون؟ ئەم دەنگانە، دوو دەنگی «گ» ، «ڕ»ن کە پێکەوە دەنگێکی تێکەڵی گڕ بەرهەم دێنن، لەبەشی دووەمی هەر ئەم نیوە بەیتەدا، نەک هەر ئەو دەنگانە، لە وشەی " گرتووخانە"دا دووپات دەبنەوە، بەڵکو لە مۆرفیمی ڕق-یشدا، تێکەڵ بوونی دوو دەنگی «ڕ» و«ق» کە دەنگێکی زۆر گڕتر لەو دەنگە تێکەڵاوەی پێشوو بەرهەم دێننەوە، لە هەمبەر وشەی "دەمگرێ" دا ڕادەوەستن.
نیوە بەیتی دووەم بە وشەی "لێم دەدا" دەست پێدەکا، لەم وشەیەشدا، دوو دەنگی «د» و «ا» لە دەنگەکانی دیکە بەرجەستەترن، لە بەشی دووەمی ئەم نیوە بەیتەدا، دەبینین هەر ئەم دەنگانە لە وشەکانی "داوا" و "ڕەوا"، لەگەڵ دەنگی «ڕ»دا دووپات دەبنەوە و لە بەرامبەر وشەی "لێم دەدا" دا ڕادەوەستن.

لە سەرەتای نیوە بەیتی سێیەمیشدا وشەی" دەمکوژێ" بە بەرجەستە کردنەوەی دەنگەکانی «ک» و«ژ»، دەور دەگێڕێ. لە بەشی دووەمی ئەم نیوە بەیتەدا تێکەڵاوێک لە دەنگەکانی «گ» و «ژ» لە مۆرفیمی "گژدا" و هەروەها دەنگەکانی «ج» و «ل»ی موشەددەد لە وشەی "جەللاد»دا بەگژ دەنگەکانی وشەی "دەمکوژێ"دا کراون و شەڕێکی سەداییان پێ ساز کراوە، دەبێ ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە لەبەر ئەوەی دەنگەکانی «ک» و«ژ» نەک بە تەنیا ، بەڵکو وێڕای وشەی "دەمکوژێ" هاتوون، لە ئەنجامدا دەنگێکی نەرم و نیانیان لێ دەکەوێتەوە، کەچی لە مۆرفیمی"گژدا"، بە ئاشکرا دەبینین ئەم نەرم و نیانییە، جێگای خۆی دەدا بە توندو تیژییەکی دەنگی.

(پ) کاتێک ئەو دوو باسە فۆرمیکەی سەرەوە، لەگەڵ ئەم خاڵانە کۆبکەینەوە کە لە هەرسێ نیوە بەیتی سەرەوەدا، دەربڕینی دژ کردەوەی مرۆڤی بەرهەڵستکار، بە وشەی "ئەمما"وە دەست پێدەکات-"ئەمما" یەک بەو «م» موشەددەدی کە تێکەڵ بە دەنگی پێداگر و کراوەی «ئەلف» بووە، لە پاڵ وشەکانی ڕق ئەستوورتر و سوورتر کە بەشێوەی «صفت تفضیلی-ن»- بەم ئەنجامە دەگەین

که مانای شێلگیری و سووربوونی مرۆڤی بەرهەڵستکار، پشت ئەستوورتر و قایمتر دەبێ، ئەوەش لەولا ڕاوەستی کە ئەو ئەممایە لە دەسپێکی بەشی دووەمی هەر سێ نیوە بەیتدا، وەکو دیوارێکی بەرز و قایم و وەکو مەتالێکی پتەو لە نێوان مرۆڤی زۆردار و مرۆڤی بەرهەڵستکاردا ڕاوەستاوە؛ وەک ئەوەی مرۆڤی بەرهەڵستکار، لە یەکەم دژکردەوەی لە بەرامبەر زەبری ئەوەی گورچووبڕی دوژمنیدا، ویستبێتی مەتاڵی قایمی"ئەمما" بەرز بکاتەوە و ئینجا بپەرژێتە سەر بەرهەڵستەکانی دواتری.

گوتمان دێڕی کۆتایی ئەم شیعرە «کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە»، بە تەنێ بەشی دووەمی دەق پێک دێنێ. زانیشمان لە بەشی یەکەمی دەقەکەدا، هەوڵی ئەوە درابوو بە دەلالەتە ئاساییەکانی فۆرم، مانای بەرخودان و بەربەرەکانی بەرهەم بێت و بە ڕێکخرانی تایبەتی فۆرمیش، ئەم مانایە بە شێوەیەکی تر بەرهەم بێتەوە و بچەسپێ.

لەم نیوە بەیتەی کۆتاییدا، مانای سەرکەوتن بەرهەم دێت، بەبێ ئەوەی باسی سەرکەوتن بکرێ، واتە لەم بەشەدا بە پێچەوانەی بەشی پێشوو، فۆرم بە شێوەیەکی سەربەخۆتر و بەو شێوە ڕێکخرانە تایبەتییەی خۆی، مانایەکی دەستنیشان کراو،واتە مانای سەرکەوتن بەرهەم دێنێتەوە. پرسیار ئەمەیە کە ئەم نیوە بەیتە، چۆن ئەم ئەرکە بەڕێوە دەبا؟

باسی ئەوەمان کرد کە لە بەشی پێشوودا، هەرسێ نیوە بەیت، لە دوو بەشی چکۆلەتر پێکهاتوون. لە بەشێکدا، مرۆڤێکی زۆردار، دەورگێڕبوو و لە بەشەکەی تردا مرۆڤێکی بەرهەڵستکار. کەچی کە لەم بەشەی دواییدا، جگە لەوەی باسی شوناسی مرۆڤە بەرهەڵستکارەکە واتە کوردبوونەکەی کراوە و ئەم مرۆڤە بە سیمایەکی دیارتر و ناسراوترەوە هاتۆتە مەیدان، مرۆڤە زۆردارەکەش هەر نەماوە و بە یەکجاری شورت و گوم بووە. لێرەدا دەنگ، هەر بە تەنیا دەنگی کوردی بەرهەڵستکارە کە دێتەگوێ و نەعرەتەی نێرانەی ئەم مرۆڤە، بەری بە بوونی خەنیمە دڵڕەشەکەی نەهێشتووە و بێبەری کردووە لە بوونێکی زۆردارانە.

جگە لەمە، لەم نیوە بەیتەدا، پەیامی :"ناتوێمەوە"سێ جار دووپات بۆتەوە و ئەم دووپات بوونەوەیەش جگە لەوەی داکۆکیکردنە لەسەر ئەو سووربوون و شیلگیرییە، کە لە بەشی یەکەمی دەقدا، باسی لێ کرابوو دەتوانێ لە خۆگری ئاماژەیەکی فۆرمیکیش بێ و هەرجارە لە دەربڕینی سێ جارەی "ناتوێمەوە" ئیرجاعی بۆ یەکێک لە کردەوەکانی مرۆڤی زۆرداربێ، بەم شێوەیە:

**دەمگری، ناتوێمەوە**
**لێم دەدا، ناتوێمەوە**
**دەمکوژێ، ناتوێمەوە**

دیسان دەبینین ئەو بەرابەر بوونەی ژمارەی دووپات بوونەوەی وشەی ناتوێمەوە لەگەڵ ژمارەی کردەوەکانی مرۆڤی زۆردار، دەرفەتێکی تر بۆ پەیڤینی فۆرم پێک دێنێ.

-٦-

هێمن لە هەندێک شیعری دیکەشیدا نیشانی داوە کە زۆر چاک دەتوانێ بە شێوەیەکی هاوڕێژە «متناسب» فۆرم و مانا لێک ببەستێتەوە و تەنانەت لە کاری مانا خولقێنیدا جگە لەو ئەرکە ئاساییەی فۆرم لە ئەستۆی بووە، دەورێکی کاراتری دیکەی بداتێ و باشتر پتانسیەلەکانی بتەقێنێتەوە. نموونەیەک لەو یەکگرتنەوە چالاکەی فۆرم و مانا لە شیعری هێمندا، لە چەند بەشێکی شیعری" بەهاری کوردستان"دا وە بەرچاو دەکەوێ. شاعیر لەم شیعرەدا دەیهەوێ ژیانەوەی سروشت بە هەموو ڕەنگاوڕەنگ بوونەکەی و بە هەموو دەنگاو دەنگ بوونەکەی (پۆلی فۆنیک بوونی) و بە هەموو جموجۆڵی سروشتی بێ گیان و ئاژەڵ لەلایەک و مرۆڤ لەلایەکی دیکە، نیشان بدا.

لە سێ بەندی ئەم شیعرەدا کە شاعیر دەیهەوێ باسی دەنگە دەنگ و هەراو هۆریایەک بکا کە لەم جەنگەیەدا ساز دەبێ، بە کردەوە بۆ خۆی بە وشە و دەستەواژەکانی ناو شیعرەکەی،

زەنازەنایەکی هاوڕێژە لەگەڵ مانای مەبەستی ساز دەکا. لە خوێندنەوەی ئەم سێ بەندەی خوارەوەدا، بەتایبەتی سەرنج بدەنە بەندی نێوەڕاست:

**دیسان هات وەکو جاران**
**هەو هەوی شۆڕە سواران**
**ویرەی جلیت و داران**
**خرمەی ناڵ و بزماران**

**هات خرینگەی زەنگ و قۆڕ**
**لوشمە لوشم و هۆڕە هۆڕ**
**هۆقە هۆق و بۆڕە بۆڕ**
**حیلەی جانو ئەسپی تۆڕ**

**کارو کووری بزن و مەڕ**
**لرفە لرفی لۆک و نەڕ**
**کوڕژنی ئەسپی بەدفەڕ**
**گوێچکەی پیاوی دەکا کەڕ**

بە ڕاستی پێویست ناکا شاعیر لە پێشدا بەرنامەی بۆ هەموو ئەو وردەکارییانە داڕشتبێ و بۆ نموونە لە پێشدا بڕیاری دابێ وشەی گڕ، بنێرێتە شەڕی وشەی دەمکوژێ، ئینجا شیعرەکەی گوتبێ.

زۆر جار ئاگاداری بەسەر ئەم وردەکارییانە، لە نەستی شاعیردا هەن و وردەکارییەکان هەر لە ناخود ئاگا و نەستی دەقیشدا جێیان خۆش دەکەن. هەروەک چۆن زۆر شاعیر بەبێ ئەوەی ئاگاداری ڕێساکانی عەرووز بن، زۆر بە جوانی دەتوانن وەزنە عەرووزییەکان لێک جیا بکەنەوە و لە قالبی هەر کامەیاندا شیعریش بڵێن.

هێمن شاعیرێکی وشەناس و قسەزان و دیواندڕە، ئەو بە جوانی بایەخی دەنگ و وشە لە جێگای خۆیاندا دەناسێ و شارەزایانەش لەجێگای خۆیاندا بە کاریان دێنێ، بۆ نموونە با سەرنج بدەینە سێ ڕەدیفی جیاواز کە هێمن لە سێ پارچە شیعریدا زۆر وەستایانە بەکاری هێناون.

لە غەزەلی "بارگەی یاران"دا کە سەرلەبەری تەعبیر لە حەسرەتێکی جوانپەرستانە لە بەرامبەر دەستەوەستانی و بێ توانایی و بێ هێزی کاتی پیریدا دەکا، کەڵک لە ڕەدیفی "من چبکەم" وەرگیراوە. لەم غەزەلەدا دەستەواژەی" من چبکەم" یازدە جار دووپات دەبێتەوە و هەموو ئەو (من چبکەم)انە، زۆر جوان تێکەڵاوبوونی مانای دەستەوەستانی و حەسرەت دەچەسپێنن.

**دێت و ڕادەبرێ وەکو سەرووی ڕەوان من چبکەم**
**کە بە قوربانی نەکەم ڕووحی ڕەوان من چبکەم**
**قەدی ئەو شۆخە وەکو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس**
**پشتەکەم کۆمە وەکو ماڵی کەوان من چبکەم**

لە شیعری"گەرمەشین" دا کە شاعیر شینگێڕی بۆ شەهیدانی نیشتمانی دەکا، ڕەدیفی "دەگریم" هەڵبژێردراوە کە کەش و هەوایەکە خەمینترو گریاناویتر دەکا:

**بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم**
**بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێ سەرو بێ شوێن دەگریم**
**بۆ هەموو پیر و جوانێکی لە سەر کوردستان**
**چوونە بن داری بەبێ وەی کە بشلوێن دەگریم**

جگە لەم شیعرە ئاماژە پێکراوانە، هێمن، لە تاریک و ڕووندا غەزەلێکی بە بڕشتی بە ناوی "ناسۆری تەشەنا" هەیە. ناوەزەبوونی ئەم غەزەلە بێجگە لە هەڵبژاردنی ڕەدیفێکی شیاو و بەهێز لەو ڕاوێژە تەغەززولی-حەماسییە دایە کە شیعرەکە هەیەتی. ڕاوێژ، یان لەحنێکی ئەوتۆ کە لەوانەیە نموونەی لە ئەدەبی کوردیدا بە دەگمەن بۆ بدۆزرێتەوە و سەرچاوەکەی لە ئەدەبی فارسیدایە.

دەزانین غەزەلەکان بە هۆی ئەو مانا ئەویندارانەیە کە هەیانە، خاوەنی ڕاوێژێکی نەرمی تەغەززولین و هەندێک جاریش کە شاعیرەکان عارف مەشرەب بوونە، لەگەڵ ڕاوێژێکی نەرمی عارفانەدا بەرەو ڕوو دەبینەوە.

بەڵام"سەعدی" غەزەلێکی هەیە کە وەک مامۆستایەکی سەعدیناس بەناوی (د. ضیاء موحد) دەڵێ ئەم غەزەلە، دەسپێکی پێکهاتنی زمانێکی حەماسی و عارفانە لە ئەدەبی فارسیدایە.«٦» لەم غەزەلەدا، نێوەڕۆکێکی نەرم و نیان لەگەڵ ڕیتمێکی توند کە تایبەت بەڕاوێژێکی حەماسییە، تێکەڵ دەبێ و لە ئەنجامدا ڕاوێژێکی تەغەززولی حەماسی دەخوڵقێ:

**به جهان خرم از آنم که جهان خرم از اوست**
**عاشقم بر همه عالم که همه عالم از اوست**
**به غنیمت شمر ای دوست دم عیسی صبح**
**تا دل مرده مگر زنده کند کاین غم از اوست**

سەعدیناسی گۆرین دەڵێ، شوێن دانانی ڕاوێژی سەعدی لەم غەزەلەی سەرەوەدا، لەسەر ئەم غەزەلەی حافز وەبەرچاو دەکەوێ:

**در ازل پرتو حسنت ز تجلی دم زد**

**عشق پیدا شد و آتش به همه عالم زد**
**جلوه‌ای کرد رخت دید ملک عشق نداشت**
**عین آتش شد از این غیرت و بر آدم زد**

هێـــمنیش لە " ناســـۆری تەشـــەنا"دا ئەو ڕاوێژە تەغـەززولی وحەماسـییـە، هەر لە بەحری ئەم شیـعرە فارسییانەدا- واتە بەحری (رمل مثمن مخبون محذوف) - بەکـار دێنێ، بەڵام هێـمن بۆ هەڵبـژاردنی ڕەدیفی ئەم غـەزەلەش، هونەرمـەندییـەکی زۆر جـوانی نواندووە. ڕەدیفی ئەم غەزەلە، (کەم)ە. لەم شیعرەدا کە یازدە جار وشـەی "کـەم" وەکـو ڕەدیف دووپات بۆتەوە، جگە لە دوو شوێن، لە هەموو شوێنەکانی تردا وشەی "کەم" بە مانای "بکەم" بەکـارهێندراوە.(لە دوو شـوێنەکەی تردا"کـەم" لە دژی مانای "زۆر" بەکارهاتووە).

دیارە کـاری "بکەم" کە لە چاوگەی "کردن"ەوە دروست کـــراوە، خـــاوەنی ئاراســـتـــەیەکی کـــردەگـــەرانە و پراگمـیتـاستیـانەیە و ئەو ئاراسـتە کردەگەرانەیە، لەگەڵ لایەنی حەماسی غەزەلەکەدا زۆر باش یەک دەگرنەوە.

**وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەو شۆ خەمی دڵ کەم کەم**
**لووزەوم بەردە سەرێ نامەوێ جورعەی کەم کەم**
**تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان**
**زامی کۆنە و بەمەیی کۆنی دەبێ مەڵحەم کەم**
**مشتومالّی دەوێ ئاوێنەی ژەنگاوی خەیاڵ**
**مەست وگێژم کە، هەتا گاڵە بە جامی جەم کەم**
**ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانەیە جێم**
**من کە ڕۆژێک دەمویست میللەتەکەم بێ خەم کەم**
**تا نەڕووخاوە، بلا پڕ بێ لە خۆشی و مەستی**
**تازە پێی ناوێ ئەمن هۆدەیی خۆم مەحکەم کەم**
**چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا تێ گەییوم**
**لەو ولاتە هەموو شت زۆرە، بەنی ئادەم کەم**
**پیرو زورهانم و ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ**
**سەر و ماڵم بە فیدای خەت و خاڵ و پەرچەم کەم**
**داستانی مەم و زین کۆنە، کچێکم گەرەکە**
**شلکەڕانی بگوشم بۆنی لەسینەو مەم کەم**
**من لە جوانی دەگەڕێم، تێپەڕە زستانی دزێو**
**کچ کە ڕووم نادەنێ با سەیری گوڵ و شەونەم کەم**
**شەڕە بایە لە چیاکان و هەوا تووشە دەنا**
**وەکو شێتان دەمویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم**

دەبینین کـاتێک شیـعرەکە دەگاتە بەیتی (مشـتومالّی دەوێ ئاوێنەی ژەنگاوی خەیاڵ/ مەست و گێژم کە هەتا گـاڵە بە جـامی جەم کـەم) ئەو ڕاوێژە حـەمـاسـیـیـە و ئەو ئاراسـتە کردەگەرانەیە، دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و ڕەدیفـیش لەم شوێنەدا، کاریگەرێتی خۆی هەیە.
ئەو سێ بەندە کـە لە شـیــعـری بەهاری کــوردســتــان هەڵبژێردرابوون و وەکو نموونەیەک کە تێیاندا فۆرم و مانا بە شێوەیەکی بەرچاو هاوڕێژن و فۆرم بە شێوەیەکی نوێ خـەریکی مـانا خـولقـێنیـیـە و هەروەها ئەم سێ پارچە شیعرەی دوایی کە ڕەدیفەکانیان زۆر شارەزایانە- جا بە ئاگــایانە بووبێ، یان نا ئاگــایانە- و هاوڕێژە لەگــەڵ کەشوهەوای گشتی شیعرەکە، هەڵبژێردرابوون، هەموویان وەک بەڵگەگــەلێک بۆ ســەلماندنی وشــەناسی و دەست ڕەنگینی هێـمن بۆ چەسـپـاندنی ئەو باسـانەی لەسـەر شیعری "ڕقی پیرۆز" کرابوون هاتنە ئاراوە.

کەواتە دەڵێین لە شیعری"ڕقی پیرۆز"دا، جگە لە کێش و سەروا زۆر وردەکاری و جوانکاری شاراوەی ئەوتۆ هەیە کە لەوانەیە لە خوێندنەوەی یەکەمدا وەبەرچاومان نەیە.


**سەرچاوەکان:**

**١- ولیم برتنز، یوهانس،١٣٨٢، نظریەی ادبی، برگردان فرزان سجودی، انتشارات هنگ دیگر، تهران ص ٦٥**

**٣،٢ -سەرچاوەی پێشوو.ل٦٦**

**٤- نبوی، محمد ، مهاجر،مهران ١٣٧٦، بەسوی زبان شفاهی شعر، نشر مرکز، تهران، ص ١٢١-١١٨**

**٥- ئەحمەد حەبیب، بەدران،٢٠٠٤، دیسانەوە شیعر، گۆڤاری شین، ژمارە ٦،ل٥**

**٦- موحد، ضیاء، ١٣٧٨، سعدی، انتشارات طرح نو، تهران، ص ١٠٣**

# مەم و زین ڤەڕێژەکا ئەفسانەییە یان ژی راستیەکە هاتیە رویدان

## ڤەکۆلینەکا بەراوردکارییە و بۆچوونەکە دەربارەی داستانا مەم و زینا نەمرا خانی

وەلید حاجی عەبدولقادر
(دوبەی)

(٢-٢)

(٣) خانی و مەم و زین

بەرەپێشین دبێژم، کو چوونەژوورا دناڤ جیهانا خانی دا، هەروەکو چوونە ژوورا دناڤ میحرابەکا فرە ئال و پڕ ئاراستەیە، چونکە دهەر رازونیازەکێ دا پێویستی ب قومباسەکێ هەیە تاکو پێ بگەهتە مەبەستا وی دڤێت.. و (خانی) ب پەیڤێن خوە ڤە خویا دبیت کو چ زانایەکی مەزن و شارەزایەکێ هێژایە دگەلەک زانستان دا.. هەلگرێ رەوشەنبیری یێن سەردەمێ خوە بووە.. ل پەی لۆژیکا ئەرستۆی مرۆڤی دکێشیت، کو بۆچوون و تێگەهشتنا خوە ب گەرناسی فەراهەم دکەت کو هەر کەسەک بەرەڤ فەلسەفا وی یا هزری و ژیاری بچیت، هەرچەندە بۆچوونا وی یا رۆهن و ئاشکرایە د شرۆڤەکرنەکا باوەرپەروەرییا ئیسلامیدا ل سەر گەردوون و ژیانێ ئەو خوە دبیننەڤە.. لێ ئەو تشتی پتر سەرنج راکێشە ئەو هەژمارا مەزنە ژ جەڤەنگ و رامانێن تێدا هاتینە بەحسکرن، کو زانستا نهو گەلەک شرۆڤەکرنێن وان دناڤ رەوشەنبیری یێن مللەتێن دەوروبەردا دەستنیشان دکەت.. و تشتەکی زێدەگاڤ نیە ئەگەر بێژین کو ئەم دکارین دگەل گولڤەدانا- بۆچوونێن هزری یێن (میزوپوتامیا)ێ دا تۆمارکریە، کو دێ دگەل داستانێن مەزنێن ڤەرێژا دیرۆکێ دانین هەروەکو، داستانا گلگامێش، یان ئینومالیش،... عەشتارو تەمووز، ئەلیازە.. و هنەکێن دی لدویڤ تایبەتمەندییا هەریەکێک ژ ئەوان و گرنگییا وێ دڤەرێژا زەمەنی- ئەبستمۆلۆژی هەتا پلەیا تیۆرکارایێ دناڤ ڤەرێژا زەمەنیدا، لەوما زنجیربەندی یا برگە- هەلبەستێن دەقێ رامانێن فەلسەفی هەبوون. تشتەکی خوەرایی نەبوو کو ژ نەبوونێ-

بێدەنگیێ... ژ هیولییێ دەستپێبکەت و ژیان دروست ببیت.. ژ چنەیێ و نەبوونێ دەستپێ کرییە.. هەروەسا لدویڤ بنەمایەکا ئازاد کو لدویڤ قەناعەتا خوە، و زۆر ب کورتی کو خودێ تەعالا چاوا دشەش رۆژان دا دنیا ئەفراند و ل رۆژا هەفتێ ل سەر عەرشێ عەزیم رونیشت.. و ئەڤە ژی دیسان مە بۆ چەمکی زەمەنی دبەتەڤە، کو ب تشتەکی فەر دزانم هنەک ل سەر راوەستین، چونکە گرنگیا خوە هەیە: ئیرۆ نە تنێ رۆژەکە د زەمەنێ فۆلکلۆریدا، ئەڤە ژی قورئانا پیرۆز جەخت ل سەر کرییە، هەروەکو د ئایەتەکێ دا هاتیە دەستنیشانکرن، رۆژەکە تەمەت پێنجی هەزار سالانە، و دجهەکی دندا رۆژەکە تەمەت سیه هەزار سالانە.. هەروەسا هنەک چیڤانۆکێن مەیێن مللی ژی بەحسا چەند کەسەکان دکەن کو داڤێن شەڤ و رۆژان ددەستێن وان دایە و، رۆژ و سالان پێ دادنێن- بۆ نموونە هەڤرکییا سیامەندی دگەل ئەوی فەلەکا داڤێن زەمەنی د دەستی دایە.. لەوما ژی زەمەنێ فۆلکلۆری ب پیڤەرێن ئەڤی سەردەمی ناهێتە پیڤان... لڤێرە دیار دبیت کو شاعیرێ مەزن ئەحمەدی خانی چاوا ئەڤ پرسە فەهم کرییە و ڤەرێژەک یان تەمەنەکێ زەمەنی داخراو دەستنیشان نەکرییە- ب تایبەتی ئەگەر چیرۆکا ئەڤینیا دناڤبەرا مەم و زین تێدا رویدابیت- ئەڤە ئەگەر هاتو ب راستی دوو مرۆڤ بووینە و، ل ئەوی سەردەمی هەبووینە و ئەڤ پرسا زەمەنی دێ مە بەتە ئەوی جهی کو بۆتانە، چما ئەو- یاراستر ژی ئەوە بێژین- کو باژار- سەنتەر بوونە شوین و رویدانێن ئەڤێ داستانێ تێدا قەومینە؟.. چونکە شوین د فۆلکلۆری دا جهەکێ تایبەتی و گرنگ هەیە د هزرا کۆمەڵگەهێدا، و ب رامانەکا دن ئەوی جهی پیرۆزییەک تێدا هەیە کو رەوشەکا پیرۆزیێ بدەتە رویدان- زەمەنێ دهێتە ڤەگێڕان دناڤ حیکایەتێ دا، ولجەم گوهدێر- وەرگری دەنگبدەتەڤە... لدویڤ ئەڤێ بۆچوونی (بابل)ێ پیرۆزییەک دناڤ رەوشەنبیریا (بابل)یدا و، خوداوەندان وەکو باژارەکی پیرۆز دادنا و کربوونە مەلبەندێ خوە، لەوما ژی فەرمانا دروستکرنا پەرستگەهان ددا و، ئەردێ وێ یێ پیرۆز جهێ خوە یێ پیرۆز و تایبەت هەبوو، لجەم لایەنگیر و شوینکەفتیێن خوداوەندێن بابل ڤە. و ئەم ئەڤێ رەوشی لجەم ئاینێن یەکتاپەرستییێ ژی دبینین وەکو- قودس- مەکە- مەدینەی منەوەرە...هتد. لێ لبارەی ئەڤێ داستانێ- مەم و زین- وجهێ وێ بۆتان، ئەز بۆچوونا خوە دناڤ ڤەرێژا فۆلکلۆریدا هۆسا دەستنیشان دکەم: ئەو پێزانینێن دیرۆکی دچەندین ئالییێن هەمەچەشندا هەنە وەسا دیاردکەن، کو بۆتان ژ مەلبەندێن ئادەمیزادێن کەڤنێن دیرۆکییە، ل- میزوپۆتامیا- بەلکو گەلەک وەسا ژی دادنێن- لدویڤ پێگریا ئایینی- کو یەکەم مەلبەند پشتی تۆفانێ هاتیە ئاڤاکرن- وەکو نوح پێغەمبەر و یاوەرێن خوە ل گەمییێ هاتینە خوارێ و ل سەر چیایێ جۆدی پەیابووین و گوندێ هەشتکا ئاڤاکری و لێ ئاکنجی ببوون، هەتا نها ژی ئارامگەهەک و مزگەفتەکا نوح پێغەمبەر ل وێرێ هەیە. هەرچەندە ڤەکۆلینێن شوێنەوارییێ ئەوێن بەرنامەرێژکری زۆر دکێمن ژبەر هنەک هۆ و ئەگەرێن سیاسی یێن ئاشکرا، لێ بەلێ چەندین بەلگەنامەیێن دیرۆکی بەحسا وی دکەن وەکو مەلبەندەک- باژارەکی گرنگ ل کێلەکا چیایان و لهنداڤ دەشتێن بەرین کو رووبارێ دیجلە دناڤرا دچیت، بەلگەنامەیێن ئاشووری ب ناڤێ، کادسترا دحلات،(١٣) هاتیە و هنەک بەلگەنامە بـ، کاردۆ، دادنێن، ئەو شارێ کاشییان لێ دەستپێ کری و ئیمپراتۆریەتا خوە یا مەزن ئەوە، دبێژنێ، ئیمپراتۆریەتا کاردۆنیاش، لێ دامەزراندی دناڤبەرا سالێن ١٦٠٠- ١٢٠٠ پێش زایینێ.. ئەوا لڤێرە مە پێ مەبەست ڤەرێژا گشتیا داستانێیە و مەلبەندێ بۆتان... هنەک ژێدەرێن ئاشووری و سریانی یێن کەڤن- تەنانەت د گۆتارا سیاسییا هنەک پارتی و کۆمەلە یێن وان یێن نەتەوەپەرست، بۆ نموونە بزاڤا دیموکراتییا ئاسووری،- دەستەواژەیا ، تۆرعابدی- عەبدین- عەڤدین، ژبۆ ئەوان شکێرەچیایێن ل دۆرماندۆر بۆتان ب کاردهێنن، ئەوا د دیرۆکێ دا زانراوە کو گەلەک هەرێم ب ناڤێ خوداوەندێن وانێن ناڤچەیی دهاتنە ناڤکرن... ئاشووری ڤەدگەرێنەڤە ڤەدگەرێنەڤە بۆ خوداوەندێ خوە ئاشوور و، کاردونیاش لدویڤ ناڤێ خوداوەندێ وان، دانیاش بوویە. لەوما ژی- لدویڤ بۆچوونا من- ئەو چیایێن ل دۆرماندۆری بۆتان- و ئەو ژی دگەلدا- دەڤەرەکە لدویڤ رێچکا خوداوەندێ ناڤچەیی- سەرەکی عەڤدین بچن و، بۆتان ناڤەندا پەرستگەها وییە، چونکە بیاڤەکە پێککەهشتنێیە دناڤبەرا، تۆر، چیایان، و دویڤدا ل دەشتێ وەکو پێگەهەکی جوگرافی. لێ چما تێ گۆتن عەبدین یان عابدین- عەڤدین کو دگەلەک کتێبێن گەرۆکێن جوگرافی

يێن موسلمان دا هاتيه(١٤) و، پاشان ئەڤ ناڤه ب باژارەکێ بچووک رە ژی تێ گۆتن، هەتا نها ژی ل وێ دەڤەرێ باژارۆکێ- تۆرعابدین- مایە؟ ژبۆ بەرسڤدانا ئەڤێ پرسیارێ ئەز وەسا دبینم کو دەبیت پشت ب ژێکنیزیکبوونەکا ئاخفتنێ و زمانەڤانی ببەستین، دگەل فەهمکرنا منا دروست ژبۆ چەمکی جێگۆڕکیێن زمانەڤانی ب تایبەتی گۆڕانکاریێن ئەوان ژ گروپەکا زمانەڤانی ژبۆ یەکا دن(١٥)- ئەڤا هەردوو رامانێن ناڤلێنانا عەڤدین- عەبدین دگەل ئەبدال- ئاڤدال هەڤدوو دبڕن و، هەر ئەڤەیە خانی کریە کەسایەتیەکا تەوەربەندا ناڤەندی کو رەسەنا میرێن جەزیرا بۆتان پشت لدویڤ پشت ژێ هاتینە، زینەدین، و هەردوو خوشکێن وی!!؟.. ژینەنیگارا، خانی، دبێژیت کو ل باژارەکی ل دەڤەرا هەکاری ژ دایکبوویە و، چ وەکو رێڤینگ و چ ب ئاکنجیبوون زۆربەی باژارێن ب ناڤودەنگێن وەلاتێن بوسلمانان دیتینە، لێ بەهرا پتر ل بۆتان مایەڤە. د زڤرینەکا بلەزدا ژبۆ بنەجها وی یا سەرەکی، ژبۆ کویراتیا دیرۆکا هەکارێ، دێ بینین کو تەنها شانشینا حۆریان بەردەوام بوویە و هەمیشە بەرسینگێ پەلامارێن هۆڤاتی یێن ئاشووریان گرتیە و، چو جاران لبەر هێرشێن وانێن بەردەوام نەشکەستینە و هەردەم خوە راگرتیە، هەتا کو کەمیری، کو یەک ژ تیرێن میدیا بوو هاتین و دناڤ ئیمپراتۆریەتا خوی دروستبووی تەڤلی هەڤبوو ل سالا (٦٠٥) پێش زایینی، ئەڤ شانشینە ژی ب ناڤدکەن، (١٦) و هەتا نها ژی عەشیرەکا کوردان هەیە ب ئەڤی ناڤی. لێ مخابن هەروەکو شاعری ب خوە رەسەنا ئەوان بریەڤە سەر سەجەرا خالدێ لاوێ وەلیدی، لێ ڤەرێژا گشتی ئەڤێ عەشیرێ دبەتە ڤە سەر شانشینا مە بەحسی لێکری، لێ بەلێ لدویڤ ئەوێ نەریتا جڤاکێن پاشکەفتی پەیرەو دکەن کو دڤێن رەسەنێن خوە ژبۆ مالباتێن مەزن بزڤرینەڤە- چ ژبۆ خوداوەندان یان قارەمانان- و دناڤ بوسلمانیەتیێ ژی دا خوە گەهاندنا خەلکی ژبۆ سەجەرا سەردارێن عەرەب و یاوەرێن پێغەمبەری پەیدابیوو. و ژبەر نێزیکبوونا هەردوو ناڤان د سەردەمێن دویڤدا ئەڤ ناڤە گەهاندە خالدێ لاوێ وەلیدی، هەروەکو هنەک ئاباسا دگەهیننە ڤە ژبۆ سەجەرا عەباسیان. هنەکێن دن هەنە سەجەرا سەلاحەدین ئەیووبی دزڤریننەڤە ژبۆ ئەمەوییان.. هتد. ئەرێ بۆتانا جەزیرە- باژارێ کوڕێ عەمرۆیێ تەغلبییە کو ئەوی دامەزراندییە و ئاڤاکریە و ئەڤ هەموو دەرهاوێشتەیێن دیرۆکی- پێشترێ مە بەحسی کربوو- تێدا هەنە، و لدویڤ ئەو هێلا دەستەسەرداگرتنێن عەباس کوڕێ غەنەمی، کو دگۆتنێ، باکوردێ، بەری کو عەباس بستینیت و عومەرێ کوڕێ خەتابی ژ عەشیرا تەغلب را ببەخشیت(١٧)!!.. دناڤ کەلەپوورێ ئەدەبێ خانی دا خویا دبیت کو ئەوی گەلەک حەز ژ دیرۆکێ کرییە و کەیف ب چیرۆکێن کەلەپووری یێن مللی هاتیە.. لەوماژی- مەم و زین- و یووسف و زولەیخا- و زەمبیل فرۆش(١٨) دارشتینە. ب ئەڤێ رێچکەیێ شیایە چاندو رەوشەنبیرییا دەڤەرێ هەمییێ دناڤدا کورت بکەتەڤە و، دناڤ- مەم و زین-دا شارەزاییی کویراتیا رەوشەنبیرییا وی یا فۆلکلۆری دبینین و، گرنگیپێدانا وی یا زۆر ب حیکایەتێن مللی یێن عەرەبی و فارسی و یۆنانی... و هنەکێن دن ژی، پشت پێ دبەست و دناڤ چیرۆکا خوە دا بەحسکرینە.. شیرین و ئەبرویز.. فەرهاد و شیرین.. لەیلا و مەجنون.. هتد. و تشتەک سەیر نییە کو زانایەکی وەکو وی ب کویری خوە دابهێلیتە دناڤ کەلەپوورێ مللی دا و، ب هۆشیاری هەر پیتەکێ ژی یان پەیڤەکێ یان رستەیەکێ کو دناڤدا هاتی دابڕێژیت.

ولڤێرە بەری کو هەلوەشاندنا سەرەکی یا داستانا وی دەستپێ بکەین و هزرا وی ل سەر مەم و زینا شرۆڤەبکەین، یا فەرە بزڤڕینەڤە ئەوی عەردێ ئەڤ داستانە لێ شینبووی و، خانی ژێ وەرگرتی و کەرستەیێن خوە لێ خرڤەکرین- مەبەستا من- کەلەپوورێ هزری- زارەکی یێ خەڵکێ بۆتانە و هەموو تشتێن حافیزەیا مللی- هەتا نها- پاراستین- ژ وێنەیان دەربارەی ئەبدال.. مەمۆ.. زینێ... بەکۆ... ئەو د هزرا مللی یا بۆتان دا دچاوانن:

– ئەبدال/ ئەڤدال/ ئەڤدەلی: حافیزەیا مللی دبێژیت کو ئەڤدال دگەل پیرەبابێ خوەدا بوو و ل چیایەکی رێک ژێ بەرزەببوو و، دەم هاڤین بوویە و بێ نان و ئاڤ مابوونەڤە و، ژتێهنا دا بابێ وی کەسیرە ببوو، و نەدشیا رێڤەبچیت، ئەڤدالی پشتا وی دا کەڤرەکی وچوو ژ خوارنەکێ بگەڕێت، چو نەدیت هنەک گیایێ هشک و قورمکێن داران بوونە قسمەت، قەفتەک ئانی و گڤاشتە سەردەڤێ بابێ خوە و رزگارکر...

– مەم/ مەمۆ / مەمێ ئالان.. مەمێ شڤان... مەمێ ئاباسی: ژبلی سەروسیمایێن جوانی و دەلالیێ و

فێهرسی و جوامێرییا وی.. ئەو کوڕێ وەزیرەکی بوو. و هنەک جاران تێ گوتن کو کوڕێ هەژارەکی بوویە، یان ژی وەکو مێڤانەکی هاتیە باژاری، لاوکێ بیانی،...هتد، ستیازین.. زینێ: هەتا نها حافیزەیا مللی هەموو پەسنێن شوخ و شەنگی و جوانیێ د دەلالییا یەک کەسدا دبینیت، ئەو ژی، ستیازین،ە و گەلەک جاران ژی وەکو تشتەکی گۆمانبر تێ ڤەگێڕان کو مەم و یەک کەسانا دی هەبوویە ب ناڤێ- ستیازین- وەسا خویا دبیت کو ئەو پەیڤ ژ دوو پشکان پێکهاتیە و رامانا- خاتوون، خانم، زینێ- ددەت، و پاشان دویڤ ڤەڕێژا ڤۆناغێن داهاتیدا، هاتیە گوتن وەکو دوو پەیڤ و ژبۆ دوو خۆشکان بکارهاتیە ستی و زین... و دهنەک شێوازێن مللی دا کچەکە دناڤ چیرۆکێ دا هەیە ژ بلی خاتوو زینێ، ئەو ژی «زینا» کچا بەکۆیە کو خوداما تایبەتیا خاتوو زینێ بوویە و، گەلەکا جامباز بوویە.. وەکو بابێ خوە پشکداری د رویدانان دا کرییە..هتد.

- بەکۆ: لڤێرە گەلەک قسە و گۆتن و لێکدان و شروڤەکرن دناڤ هزرا مللی دا هەنە.. و ژبلی ئەو پەسن و قیل و خالێن دەربارەی ئەڤی کەسێ فێلباز و مەکرباز و فتنەکەر و خاپینۆک... لێ بەلێ لدویڤ- بۆچوونا من- ئەڤە کەسانەکە دەبیت پتر هەموویان لێکۆلین و لدویڤگەریانێن بەرفرەهە ل سەر بهێنەکرن، چونکە گەلەک سەخلەت و سیمایێن گۆڕانکارییا جڤاکی- ئابووری تێدا هەبووینە کو ئەو گەهاندییە پلەیەکا هەڤرکبوونێ- کو ل دۆر وی- زۆرانبازییەکا گوندیاتی ب هەردوو ئالییێن- کو ل دۆر وی- زۆرانبازییەکا گوندیاتی ب هەردوو ئالییێن خوەیێن کشتوکالی و شڤانتی ڤە دگەل جڤاکا باژارڤانی یا بازرگانی- پیشەیی، لەوما ژی گەلەک جاران خەلک هنەک دیاردەیێن هەژی گوتن و بەحسکرنێ ب ئەڤی کەسایەتیی ڤە گرێددەن، ژ ئەوانا:

- خەلکی بۆتان- وەکو سوحبەت و پێکەنین- شانازیێ ب خوە دکەن، کو دەما زارۆکەکێ وان ژ دایک دبیت دبەنە سەر گۆڕی وی و ل دۆر مەزارێ وی دزڤڕین، داکو بیرمەند و زیرەک ببیت... و گوندی و کۆچەر نکارن بخاپینن..

- گوندی و کۆچەر دبێژنە- خەلکێ باژارێ بۆتان- ئەوێن کارێن خوە ب رێکوپێک و دەستپلی ئەنجام ددەن کو- نەڤیێ بەکۆ-یە. و ئەگەر هاتو یەکێ خەلکی جزیرێ بێ هور و گێژ و ساویلکە بوو، دبێژن ئەرێ هێشتا تو نەبرییە تەوافا مەزارێ (بەکۆ)ی؟.. لێ بەروڤاژی ژی ئەگەر یەک زۆرزان و مەکرباز بوو دبێژنێ- نەڤیێ بەکۆ-یە.

بۆ زانین ئەو هەڤرکیا سوحبەت و گالتەجاریی دناڤبەرا بۆتان و گوندێن دەردۆرا وێ گەلەک چیرۆکێن حەنەک ئامێز و سەرهاتییێن جوان تێدا هەنە، کو زۆربەی جاران گوندی دبنە پارییەکێ خوەش و پەنیشتێ ناڤ دەڤێ بۆتیاندا.. لێ ئەڤان چیرۆک و سەرهاتیان ژی دەربرینەکا جوڕێ ژیانا دناڤبەرا باژار و گوندیدا هەیە، و دئالیەکێ دندا دناڤبەرا ئەوان و کۆچەران دا، کو ئەوێن دگەل پەزێ خوەدا، و هنەک جاران رامانەکا دن هەیە کو گوندی و کۆچەران پێکڤە دجەمینیت، ب تایبەتی دەما دبێژن- تە ژ ئاڤا شەتی ڤەخوارییە- وشەت لجەم وان رووبارێ دیجلەیە.

گوتناخانی و بۆچوونا وی یا دوماهیێ- مەم و زین وەک نموونە: چێدبیت ئەڤ برگەیە زەحمەتترین و ئالۆزترین برگەبیت- و پێشتر ژی من ئاماژە بۆ کربوو- قادا خانی یا فرەهـ و بەرینە مینا فرەهیا زانین و ئاسۆیێن هۆشیاری و زانستێن وی، و بێی کو بچینە دناڤ میکانیزما ئەوێ داستانێ و برگەیێن وێ یێن سەرەکی و لاوەکیدا، لدویڤ دانانا وان ژ لایێ خانی ڤە، لڤێرەدا یا فەرە بێژین.. خانی ناڤونیشانێن برگەیێن وێ و رێزبەندیا وان لدویڤ دیدگەهەکا رۆهن و ئاشکرا هەلبژارتینە، کو ژ پەیڤێ دەستپێ کرییە،- د بنەما دا ئاگابوونە- ئانکو خودی یە- و پاشان بێدەنگی/ نەبوون.. کوراتی/ هەیولی.. پاشان هەبوون، هۆسا رەوشەنبیرییا وی و هەموو بۆچوونێن وی د یەک ئاراستەدا کۆم دبوون، ئەو ژی لاهووت بوو- وەکو چارچووڤەکێ گشتی- و پشت ب کەلەپوور و شرۆڤەکرنا ئیسلامی ژبۆ گەردوون و ئافراندن و ژیانێ دبەست، کو ئەو ژی درێژەپێدانا بیاڤا شرۆڤەکرنا ئیسلامی ژبۆ گەردوون و ئافراندن و ژیانێ دبەست، کو ئەو ژی درێژەپێدانا بیاڤا شرۆڤەکرنا- لدویڤ بۆچوونا زۆربەی دیرۆکنڤیس و نڤیسکارێن کەلەپوورێن عەرەبێن سەردەم- ئەحبارێن جوی کو بەری ئیسلامێ ئەسفارێن تەوراتێ شرۆڤەکرینە(١٩).. و لڤێرە- من دیت- کو جەخت لەسەر کەسایەتی و بنەمایێن سەرەکی یێن د دەڤێ دا هاتین بکەم کو دگەل ئەوان رویدانێن خانی بەحسکرین یەکدوو دگرنەڤە، بێ کو بچینە دناڤ شرۆڤەکرنەکا

دوورودرێژا هەمـوو کـەسـایەتـی یێن دناڤ داسـتـانێ دا هاتین، کـو زۆربەی شێـوازێن وێ درێککەفـتـینە ل سـەر هەبوونا وان، هەر چەندە مـەبەسـتـا منا سـەرەکی لڤـێـرە تەنیا- مـەم و زین- ئەحمەدی خانییە. ولڤـێـرە یا فـەرە گـوتنەکـا گـرنگ بەحس بکەین کـو زۆربەی ڤـەکـۆلینێن ئارکـۆلۆژی و ئەدەبی باوەڕیێ پێ دهینن ئەو ژی زانسـتێ لانگوسـتـیکە- ئانکو ڤەکـۆلینێن زمـانەڤـانی. زۆربەی تشـتـان دناڤ ڤـەڕێژا وێ یا دیرۆکـیـدا رامـانێن خـوە وەرگـرتـینە.. ئامـاژە یێن دەنگدار دەربڕینێن وانە، ولدویڤدا بووینە ناڤ، و پاشـان ئەو ناڤ بووینەڤـە ئەو تشت، ب رامـانەکـا فـرەوانـتـر، ئەو ناڤ یێ بوویە پێکهاتەیا ئەوی تشتی ب خوە... و زمان، هەر زمانەک بیت د دیرۆکا خوەدا چەندین گولڤـەدان و گۆڕانکاری ب سەردا هاتینە چ ژ ئالیی هەڤواتایێن خوەڤە، و چ ژ ئالیی تێکهەلکێشی و جێگۆڕکییا پیت و بڕگەیێن وێ، ئەوی ژی چ دناڤ کـۆمـەلا وێ دا یـان ژی دناڤ چەندین کـۆمـەلەیێن هەڤـپـشکێن وەکهـەڤدا.. ئەڤ چەندە دناڤ زمـانێ کـوردی ژی دا ب روهن و ئاشکرایی خـویا دبیت و، لدویڤ ئەڤێ چەندێ ئەمێ لجـەم چەند ناڤـێن کەسایەتییێن سەرەکی یێن دناڤ داستانێدا راوەستین و رامانێن وان و گۆڕانکارییێن فۆنۆتیکی راوەستین. ئانکو ب رامـانەکـا دن، ئەمێ ڕەهەندێن زمـانەڤـانیـا ناڤـێن ئەبدال- زینێ- مەمۆ شرۆڤەکەین:

– ئەبدال: ل جهەکی دن دا، من بـەحس کربوو، کو ئەڤ ناڤـە چاوا دهێـتـە گـوتن، هنەک جـاران ئەبدال و هنەک جارێن دن ئەڤدال یان ژی ئاڤدەلی و، ئەگەر ئەم بزڤڕینەڤە ژبـۆ شـێـوازێن ئاخـفـتنا زارەکی و تێکەلکێـشـیـا هەردوو پیـتـێن «ڤ-ب» د زمانی کوردی دا هەروەکو «ل-ر» ژی د وەسانە. و ب ڤـەبڕینا پەیڤا ئاوێـتـەیی و زڤـڕاندنا وان ژبـۆ هـەردوو رەهـێـن وانـێـن سـەرەکی ئـاب+دال و کـەلەڤـاژیکرنا وان دێ ب ئاسـانی رامـانا وێ بـۆ مـە دیاربیت کو پەیڤەکا نوییە ئەو ژی ئاڤدارە.

– زینێ: هەروەسـا یەکـتـربڕینا ئاشکرایا هەردوو پیـتـێن- دەنگێن- زمـانێ کـوردی «ز-ژ» و هەتا نـهـا تێکەلکێشیـەک ئاشکرا دناڤبـەرا ئەڤان پیتێن هەردوو زاراڤـەیێن کـوردی» سـۆرانی و بەهدینانی-دا هەیە. بۆ نموونە پەیڤـا (زین) د سـۆرانی دا مـانا ژیانێ ددەت و (ژین) د بەهدینانی دا هەمان رامانێ ددەت، و ئەگەر ئەم ئەڤێ پەیڤێ کەلەڤاژی بکەین یان ژی وەکو خوە بهێنیت، ئەڤ پەیڤـە- ناڤـە- مـانا ژیانێ ددەت. ب باوەڕیا من ناڤێ زینێ مەبەست ژێ هەڤواتا- رامانا عەرەبی- ئانکو خەمـلاندی و جـوانی نەبوویە، هەرچەندە خەمل و جـوانی سـیـمـایێن رۆخسـارا زینێ بووینە.. هەروەسا ئەو ناڤێ خـانی ژبـۆ برایێ وێ مـیـر- زینەدین- دانای، مـەبەست ژێ- ژ ئەوی ناڤێ- ژیانا ئاییـنی- نەبوویە.

– مەمۆ/ مەم: رەوشەنبیـرییا جڤاکێن کشـتوکالیێن دێرین د سـەرەتایا قـۆناغـێن نڤـیـسـاندنێـدا، بەهاو حـورمـەتەکـا مـەزن ژبـۆ ئاڤێ دانابـوو- ئەوژی لدویڤ گرنگیا ئاڤێ ژبۆ ژیانا وان و پیرۆزیەکا هەژی دابوویێ، لەوما ژی دێ بینین کو کەفتیە دناڤ پێکهاتەیا گەلەک ناڤ و رامانان... چێ دبیت ناڤێ -مەمۆ/ مەم-یەک ژ پێکهـاتەیێن «مـوو» بیت کـو ئەو ب خـوە ئاڤـە، و مـە دبێژەیا فیرعەونیدا نموونەیا «مووسا» هەیە. پەیڤا «موو» مانا ئاڤێ ددەت و «سا» ب مـانایا کوڕ دهێت و هەردوو پێکڤە دبیتە کوڕێ ئاڤێ و ئەڤ ناڤە خێزانا فیـرعـەونی دانابوو سـەر وی کوڕی ئەوێ دئاڤێ دا هاتیـە دیتن و وێ بۆ خـوە خودانکری...(٢٠) ئەوا لڤێـرە مە پێ مـەبەست رەوشـەنبـیـرییـا کـوردییـە، لێ با هنەک هزر بکەین: زارۆکەکی کوردێ بچووکێ شیـرخۆر دکەتە گری و دایکا وی هێـور دکـەت و شـیـری ددەتێ... پاکژدکـەت... هەر دکەتەگـری... دایک لێـڤـێن خـوە دبزڤـینیت و نمـەکی دکـەت وەکـو «مـەبا مـەبا» یان دەمـا زارۆکی ئاڤ دڤـێت هەمـان دەنگان دەردکـەت و پاشان دایکا وی دبێژتێ یان ئەو دبێـژیت: -مـەم- مـەمی- دایک دبێـژیت تە مـەم دڤێ.. ب رامانەکا دن لڤێرە مەم زاراوەیەکە ژبۆ «مووه» بکاردهێت... لێ ئەم دکـارین مـانایەکا ژ پەیڤا- مـەم- بزانین و ب تایبـەتی دزمـانێ کـوردی دا، کـو رامـانا «سـینگێ ئافـرەتێ-یە، و ئەم هەمـوو گـرنگیـا سـینگ- مەمک-ێ ئافرەتێ دزانین، چونکە ئەندامەکێ سەرەکییە ژبۆ بەردەوامـبـوونا ژیانێ دەربارەی زارۆکێ ژنوی ژ دایکبووی.. ئەو میکانیزما بەردەوامبوونا وییە دژینێ و وەراربوونێ و پەیوەندییـا وی دگەل ئەوێ سـەروکـانییێ یا هەردەم مـرۆڤی ب دایکێ ڤـە گـرێ ددەت... و ئەڤـە ژی تشـتـەکێ سـەیر نییە کو خوداوەندێ حوریان یێ گەهینێ ئافـرەتەک بـوو و چەندین مـەمک پێـڤـەبوون(٢١)، ئەڤـە ژی رێزگـرتنەک بـوو ژبـۆ مـەمکی کـو چەندین رامـانان ژبۆ گەهین و ژیانێ ددەت.. هۆسا ئەم دبینین کو هەردوو مـانا بهـەڤرانە.. ئاڤ ژبۆ جڤاکێ- تەڤایا ژیانێ.. و مەمک-

سـسینگ ژبۆ مـرۆڤی دەمێ ئەو ل دەسـتـپـێـکا ژینا خوەدایە... لەوانەیە بهێتـە پرسیـارکرن کـو ئەڤ هندە بۆچوون و درێژکرنە بۆچنە؟..

ڤـەگـەڕیانەک ژبۆ رەوشـەنبیـری یێن دێرین- رەهێن میزوپۆتامیا «ژ ئەوانا سومەری و ب تایبەتی بابلی»- لەوانەیە تشتەک سەیربیت لجەم گەلەک کەسان کو هنەک ژ ئەڤان ناڤان دناڤ داستانێن هەردووکاندا هاتینە.. ژبۆ نموونە: دهێـتـە گـوتن- ئادار- کـویەکـە ژ خـوداوەندێن دێرینێن ســومــەریان ئەوا- ئەوێ دناڤ پێکهـاتەیا- هاریکارا بارانان(٢٢).. لێ بەلێ مـەمـۆ- و ئەڤە خـالا پرسیارکرن و دەستپێکا منا یەکەمە د ئەڤێ خستنەڕوویێ دا، کـو ئەڤـە یەکـەکـە ژ ئەوان سێ خوداوەندێن پێشین. ئانکو ژ گـروپا خوداوەندێن باب- مـاک، ناڤێ وی دگەل «ئەبسۆ» و «تامات» و لڤێرە وەکو وەزیرەک ژبۆ هەردوو خـوداوەندان(٢٣)، و چاوا ئەوی ئالیکاریـیـا تـامـاتی کربوو ژبۆ کۆشتنا خوداوەندێن کوڕک، و چاوا دەمێ ئەو جڤیـای فـەرمـان دایە خـوداوەندێ کـوڕک کـو «مـەردۆخ» تامات و لەشکرێ وێ ژناڤبـبـەت، لەومـا سـەرکـەفت و تامـات کـرە دوو پارچە، ئێنا نیـڤـا وێ یا سـەری بوو ئاسمان و نیڤا خوارێ بوو زەڤی، و مەردۆخی مەمۆ گرت و ب زنجیـران گـرێدا وجـهێ وی لهنداڤ دەریا و روباران دانا، لڤـێـرە ناڤێ مـەمـۆ ببـوو پێکهاتەیەکا بەردەوام و دگـەل شـەهـتـەرِی و خـۆناڤێ دهێت چونکە جـهێ وی لهنداڤ دەریا و رووباران بوو.. کانی و دۆلان. داستانێن سومەریان رووداناکا دن ژبۆمە دیاردکەن کو جهێ پرس و گۆمانانە...!! نە تەنێ ژبۆ داستانا مەم و زینێ، بەڵکو ژبۆ بنەمـاییێن گـەلەک ئاینێن یەکـتـاپەرسـتـیێ.. هەتا دەمـەکێ نێـزیک پەیڤا سـومـەری- نەنتی- دهاتە زانین کـو- خـاتوونا ئەندامـە- لێ ڤـەکـۆلینێن نوی وەسـا دیاردکەن کو ئەڤ پەیڤە رامانا- خاتوونا ژیانێ- ددەت. و ڤەگەڕیانەک ژبۆ ئاینێن یەکتاپەرستیێ و کتێبێن وان یێن پیرۆز «تەورات، ئینجیل، قورئانا پیرۆز» و چیرۆکا ئافـراندنێ «ئادەم و حـەوا» نەمـازە کـو پەیڤـا حـەوا ب زمانێ عیبری و بەرامبەر وێ د زمانێ عەرەبیدا پەیڤا «حەیات» دهێت(٢٤).. ئەرێ مە ئەو مـاف نابیت کـو پرسیـاربکەین؟ ئەرێ ئەڤ هەمـوو پێکگەهشـتنە دناڤ- پەسنان دا تشتەکێ ژ ناکاوە و رێکەفتنە(٢٥)...؟ ئەز وەسـا هزر دکـەم کـو دەربارەی رەهەندێن خـانی د مـەم و زینێ دا و ئەو ڤـەڕێژا زارەکییـا دهێتـە گـوتن ب ئەگـەرا هۆکـارەکێ رێککەفـتنێ و ژ ناکـاو نیـیـە، بەڵکو ئەڤی هۆکـاری ب تشـتـەکێ دوور د زانم و دێ هەول دەم ئەڤێ رەوشی د ئەڤان دوو بڕگەیێن خوارێ دا رۆهن بکەمەڤە:

١- خانی دڤیـا چ بێژیت یان بنڤیـسیت دناڤ مەم و زینێ دا؟ لڤێرە ئەزێ ل سەر بنەماییێن سەرەکی د چیرۆکی دا راوەستم. پێشتر ل شوینەکا دن من گوتبوو- کو خانی زەمەن ب پیڤەرەکی ژمارەیی دەستنیشان نەکربوو، بەڵکو بەحـسـا دوو نفشـان کـربوو باب- ئەبدال وەکـو سـتـوونا نفشێ زینەدین و هەردوو خۆشکێن وی، ئەو بابە- ئانکو ئەبدال- و پشـتی وی سـەردەمێ کچا وی زینێ و مـەمی هات، وەکو پیڤەرەکێ فۆلکلۆری ئەم دکارین ل سەر ئەوێ رۆژێ- هەلکـەفـتێ راوەسـتین، ئەوا دیدارا- ئازادا بڕیاردەر- تێـدا هاتیـەکـرن ئەوا زەمـەنێ سـەرەکی دەستنیشانکری رووداناکا داهاتی، و ب رامانەکا هویرکتر، ئەوا زەمەنێ رووداناکا ل سەر هاتیە ئاڤاکرن و، مەبەستا من رۆژا نەورۆزێ بوویە کو مەم و تاجدین ب دیدارا زینێ و ستیێ شادبووین..

٢- هەلبـژارتنا خـانی ژبۆ ئەوێ رۆژا ناڤـبـری کـو رێککەفـتـیـیـە دگـەل جـەژنەکی کـو درەهەندێن خـوەدا ڤـەرێژەکـا فـۆلکلۆری د هەلگریت... هەروەکـو ڤـیـایە قۆناغەکا دوورا دیرۆکی ب ساتەدەمەکی فۆلکلۆری کورت بکەتەڤە و، مە ب سەر رەوشەکا نەبوونێ- بێدەنگیێ- هیولی بازبدەت و بگەهینیتە دەسپێکێن ژیانێ.. هەروەسا هەلبژارتنا خانی کو رێکەکا گشتی کریە- جهێ دیدارا یەکەم- ژ خوڕایی نەبوویە... رێک جهەکێ گشـتییە و رێک د فۆلکلۆریدا(٢٦) گەلەک سەنتێن تێکەلبوویی- هێلێن سـەر رێڤـەچوونێ یێن یەکـتـربڕێن ئاراسـتـەکـری بخـوەڤـە د هەلگریت، چاوا جەژن تشـتـەکی فـۆلکلۆرییـە هەروەســا رێکێ ژی تایبــەتمەندی یێن خــوە هەبوونە، هەرچەندە کۆتایا وێ- یا سەرڤە- دوو شێوەیێن هەڤدژێن دوو هەڤـالان بوویە کـو دوو خـۆشک دیتین.. تاجدین و ستی سەرکەفتن، لێ مەم و زین- لڤێرە دیسا جەخت ل سەر شێوەیێ سەرڤە دکەم- سەرنەکەفتن... ب کـورتی ئەو رۆژ- جـەژن د زەمـەنی فـۆلکلۆری دا تەنهـا رۆژەکـا رووت نیـیە، بەلکو د بنەرەتدا جەڤەنگەکە گەلەک رامان تێدا بەرجەستەدبن. ئەڤـەژی- ب دیتنا من- مـەبەسـتـا خـانی بوویە، کـو رۆژا دیدارا یەکێ و ئەڤـینیـا دژوار د جەژنا نەورۆزێدا بەرجەستـە کرییە، ب هەمـوو رامـانێن خـوەیێن هەمـەچەشن و، وەسـفکرنا رەوشا خـەلکی کـو

هەموو بهەڤرا چووینە دەرڤەی باژاری و ل سروشتیدا ئاهەنگگێڕاین- ئەریٚ ما ئەم نە پێویستی ب گەلەک تشتێن ژ ئەڤێ روهنترین، داکو ژ خانی تێبگەهین هەروەکو ئەوی ڤیای- هەروەسا رێکا گشتی- خالا پێکگەهشتنێ- کو گەلەک ئاسۆیێن ڤەکری ل سەر شوین و زەمەنی تێدا هەنە و، هەموو سەنت و دیدگەهـ ل بەر سینگێ کارێکتەرێن رویدانێ ڤەکری هێلاینە و دناڤ دا سەنت و دیدگەهێن خوە ئاڤا دکەن. لەوما ژی خانی تاجەدین وستی بەرەڤ دوماهیەکا بەختەوەر برن.. بەرەڤ مالپێکئانینێ، و ئەوان ژی دزڤرینتەڤە ژبۆ نفشێ قورەیشی- بۆ خالدێ کوڕێ وەلیدی- کو سەرچاوەیا ئیسلامێیە- هەروەکو دڤێت بێژیت کو ئیسلام سەرچاوەیا بەختەوەریا دنیایێ و رۆژا ئاخرەتێیە، کو ئەڤان هەردوو کەسایەتیان بۆچوونێن مرۆڤایەتی و رەوشتێن هێژا هەبووینە.. و هەر د ئەڤی چارچۆڤەی دا هەلویستەیەکا دن لجەم خانی دهێتە دیتن، کو هنەک کارێکتەرێن دن ب رەنگەکی دیکە دزڤرینیت... زینەدین برایێ زینێ میرەکێ بالا دەستە و نفشێ وی ژبۆ عەرەبێن قورەیشی دزڤرینیت، ئەوێن ئالایێ پەیاما ئاسمانی هەلگرتی، و بەکۆیێ خولام... شرۆڤەکرنا کەسایەتیا زینەدینی وەکو میرەکێ ب تەمامەتی کەفتیە ژێر سرێما دلۆڤانیا خولامێ خوە، و هەموو هەست و جەزێن خوە دابوونە دەستێ وی و دل لێ ژەنگی کربوو، لەوما هەلویستەیەکی نەرینی هەبوویە بەرامبەر چیرۆکا ئەڤینیا خۆشکا خوە و مەمی. و ئەو روودان قەومین، و ل دوماهیێ بەکۆ هەموو بەرپرسیارێتیێ د هەلگریت. و ئەو بناسکەر و فتنەچی بوویە، ب درۆ و دەلەسەیێن خوە میر ب سەردابر... ئەڤەژی بەرگریکرنەکا رۆهن و ئاشکرایە ژ میری بەلکو دوور ژی تێخیت ژ هەموو بەرپرسیاریەتییەکێ ژ ئەوێ روودانێ.. ئەڤە ژی دبنەتاردا بەرگریکرنەکە ژ سەرچاوە و ماکا میر ژێ هاتی- کو قورەیشی و ئیسلامە- هەروەسا بەرجەستەکرنا رەوشەکا دیکەیە- شەیتان «ئیبلیسی» و بەکۆ. ئەرێ ما ئایینا مە نابێژیت کو شەیتان مرۆڤان ب سەردادبەت و ئەو بناسکاری هەموو کارەساتێن بەنی ئادەمایە..» هەرچەندە ئەز ب تەمایا شرۆڤەکرنا سەنت و ڤەرێژێن کارێکتەرێن داستانێ نیمە، لێ دڤەخویندنەکا هویرا هێلێن سەرەکی یێن وێ دا دێ گەلەک ئالیێن گرنگ بۆمە رۆهن بنەڤە: دیدارا یەکێ- بڕیاردانا ئازاد- ئەوا د نەورۆزێ داو ل سەر رێکی هاتیەکرن و ئەڤینیەکا دژوار لدویڤ خوە هێلای... و دیدارا دوویێ- دیدارا ب رێکەفت- کو شاعری د وەرزەکێ یان رۆژەکێ دا دەستنیشان نەکربوو، بەڵکو پشت ب زەمەنەکێ فۆلکلۆری یی ڤەکری بەستبوو.. لێ بەلێ وەرن با بهەڤرا شێوازی دیدارێ و چاوانیا رێزبەندکرنا شێوەیێ دیدارێ د داستانێدا ببینین:

میر فەرمانێ ددەتە زەلامان کو خوە ئامادە بکەن دێ چنە راڤێ... سوارچاک بەرهەڤ دبن تەنها مەمۆ نەبیت، ئەوژی دەستویریێ وەردگریت ژبەرکو یێ نەخوەشە و نکاریت دەربچیت... کاروان برێدکەڤیت... مەمۆی سەبر و هەدارا وی ناهێت، دچیتە ناڤ باخچەی داکو هنەک خوە ژبیر ڤەکەت... هەروەسا-زینێ - ژی برێکەفت هزر دکەت بیستەکێ بچیتە ناڤ باخچە و چیمەنان، ژ نشکەکێڤە هەردوو دکەڤنە بەرامبەر یەک و کولێن دلێن خوە بۆ هەڤدوو بەحس دکەن و، بهەڤرا دچنە ناڤ شانشینا میری ڤە ودەردێن خوە بۆ یەکدوو دبێژن... و هەروەسا ب رێکەفت میر و کاروانێ وان ژ راڤێ دزڤرنەڤە و میر دخوازیت بچینە ناڤ باخچەی و ل شانشینا خوە دا هنەک بێهن ڤەدەت، ئەو موقەدەر رویدەدەت.. من ئەڤ نموونە ژبەر دوو تشتان گۆت:

یەکەم:... هەر چەندە خانی زەمەن- ئەو وەرز-ێ دیدار تێدا چێبووی دەستنیشان نەکریە، لێ لدویڤ سروشت و کەشوهەوایێ کوردستانێ و سوورینا سەقای و وەرزێن نیچیرراڤێن وێ، ئەم دکارین نیشانێن ئەوێ وەرزا میرو یاوەرێن خوە تێدا دەرکەفتین بزانین، ب تایبەتی ئەگەر ئەم باخچە و چیمەن جهێ بێهڤەدان و سەیرانێ نەو، چویچک ل سەر داران دخوینن و مێڤان دبن سێبەرا داران دلخوەش دبن... لێ بەلێ ئەو هەموو رێککەفت- روویدانێن ژ نشکە کێڤەیێن دویڤ یەکراهاتین- تشتەکی ب تەنێ دڤەرێژا روودانان دا رۆهن دکەن ئەو ژی دلساخی و وەفاداریا تاجدینیەو، ب مرنێ ڤەهاتیەبەر ژبۆ هەڤالێ خوە (مەمۆ)ی، وەکو تابلۆیێن ڤەدەرێ یێن هەڤگرتی خویادبن مەمۆ تووش بوویێ و دگەل زینێ بەرەف چارەنڤیسێ خوە برین، ئەڤە ژ ئالییەکی ڤە، لێ ژ ئالییەکی دن ڤە فیدا کارییا (تاجدین)ی ژ سەخمەراتی ئەوان دیاردبیت...

دووەم: هەردوو دیدارێن مەم و زینان د شێوازی (خانی)دا و، شێوەیێ مللی ئەوێ دیداران ل سەر کانیەکی دەستنیشان دکەت، رامانێن خوە یێن دەمی

هەنە. خانی ژ خالەکا هەڤچووت دگەل رابردوویی- مێژوویا زەمەنی دەستپێ کریە، ئانکو بەردەوامبوونا سەردەمێ ئەبدال و هاتنا نەورۆزێ بوویە کو زەمەنەکێ ڤەکرییە، و ب پێنگاڤێن سەرخوە بەرەڤ ئایندەی قەدەر و چارەنڤیسان دکێشیت، لێ نەیێ دائێخستیە. وەسا دیاردبیت کو هەموو رووداو د زەمەنەکێ دەستنیشانکری دا قەومینە، دیەک سال دا روودانە، ل سەرسالێ- نەورۆزێ - دەستپێکرینە و هێشتا نەگەهشتیەڤە وەختێ خوە- ئان ژی بەحس نەکرینە- ب کۆتایی دهێن... و ئەو ئەنجاما من دڤێت بگەهمێ ئەڤەیە: هەردوو دیدارێن سەرەکی* بەری تەشەنەکرنا روودانێ ل زەمەنێ- وەکو مێسۆلۆژیا میزوپوتامیایێ دبێژتێ ڤەژین- گەریان بۆ ژیانێ- خولا ژینا بەهاری- روودانە، لەوانەیە ئەو هزر پتر بۆ مە رۆهن ببیت، ئەگەر دناڤ بۆچوونا خوە دا، رامانێن هەریەک ژ مەم و زینێ رۆهن بکەمەڤە: پێشتر مە گرنگیا ناڤەندیا ئاڤێ دناڤ رەوشەنبیریا- دۆلا دووزێییان-دا دیت و، چەند داستان و ئەفسانە ژبۆ خویاکرنا ئەڤی چەمکی هاتبوونە دارشتن، ئەو هزر ل سەر بنەمایا هەبوون و بەردەوامبوونا ژینێ دهاتە مژارەکرن.. و ئاڤ لدویڤ گوتنا- مەرسیا ئەلیاد-ی تێنەکا بەردەوامبوونا مەزن تێدایە «ئەو تشتان ژناڤدبەت و ناهێلیت... پاشان گیانەکێ نوی... شێوەیەکی نوی ددەتەڤە بەرێ(٢٧). هەر جهەکێ ئاڤ لێ هەبوو، دەبیت تۆ لدویڤ دیاردەیێن ژینێ بگەرێی، لەوما ژی تشتەکی سەیر نییە چاخێ ئەرکۆلۆژی دناڤ ڤەکۆلینێن خوەدا دەربارەی کۆمەلگەهێن دێرین پتر ل دۆر سەروکانی و شیپال و کەنارێن دەریایان دگەرێن... ئەڤ تێنا ئاڤ دبەخشیت ئەوە کریە پێدڤییەکا ژینێ و تۆخمێ وێ یێ سەرەکی و پالنەر، لەوما ژی تشتەکی سەیر نییە چاخێ دبینین کو چەندین وەلات ژناڤچووینە و چەندین باژار خرابببووینە ژبەر هۆکارێ هوشکاتییێ دەمێ ئاڤهەوا هاتیە گۆرین.. و لدویڤ بۆچوونا من هەر ئەڤەیە خانی دەستنیشانکری کو هەڤچووتبوونەک هەیە دناڤبەرا (مەم)ی وەکو زاراوەیەک ژبۆ ئاڤێ و (زین) ژبۆ ژینێ.. و ئاماژە پێکرنا وی ژبۆ دیدارێن وان د وەرزێ بهارێ دا. لەوانەیە لڤێرە پرسیارەک بهێتەکرن کو چما هۆکارێ بەرامبەربوونێ دیاربیا شەترەنجێ و هەڤدیتنا ژێرزەمینێ/ زیندانێدا بوویە پالنەرەکێ دلئارامیێ ژبۆ (مەمۆ)ی و، د حالەتی یەکێ دا بەرەڤ سەرکەفتنێ بری و، ل حالەتێ دوویێ دا بەرەڤ ژینێ بری و ب تایبەتی دەما زینێ بریارا میری ژێ رە گوتی.. و بەرسڤ ژی ئەو تێنا رۆخینەرا ئاڤێ بوو- ئەوا من پێشتر بەحسکری- لەوماژی روودان- چیرۆک بەرەڤ کۆتایەکێ دچیت، کو لەوانەیە د فەهمکرنا سەرڤەیا- دیاربوویی دا، رامانا تراژیدیایەکا خەمگینا مرنا دوو عاشقان بدەت. لێ بەلێ مانە ئەڤێ مرنێ ژی رەهەندەکا خوەیا فۆلکلۆری هەیە!؟... جەڤەنگەکە - ب توندی ئەز برم- کو روودانا مرنێ دەلالەتا بەرجەستەکرنا دیمەنەکییە ئەوێ ب درێژییا سالان ل سروشتی روودەدەت.... باران دباریت، ئەردی ئاڤدەدەت، دویڤدا تۆڤێ بنئاخکری چالاک دبیت، شین دبیت و هۆسا... لڤێرەدا مرن زاراڤەیەکا فۆلکلۆرییە بەرامبەر نەمریێ دهێت و شاعرێ مە (خانی) کریە بەر مەم و زینێ... مرنەکە ژین لدویڤدا دهێت و دیسان مرن.. و هەتا ئەڤرۆ. لڤێرە زەمەن یێ دەستنیشانکرییە- لدویڤ بۆچوونا شاعری یا دوماهیێ- و ئەو رۆژ ژی رۆژا قیامەتێیە و چارەنڤیسا وان ئەوە کو دێ ل بەهەشتێ زەوجن... و دناڤ دەڤا مللیدا ئەم دکارین بگەهینە ئەنجامەکێ ل سەر ئەڤێ هزرێ، ئەو ژی ئەڤ گۆتنا مللی یە کو گۆرێ مەم و زینێ دارەکا دوری ل سەر شینبوویە.. جەڤەنگا بەهارێ. لێ گۆرێ (بەکۆ)ی سترییەکا زەرا تیژ داپۆشییە... ویا دیارە کو ل وەلاتێ مە سترا زەر مانا چ وەرزێ ددەت..

بەراوردکرنەکا پێدڤی(٢٨):

دجهەکێ دن دا، من گۆتبوو کو تێکەلکێشبوونەک دناڤبەرا تێکستا داستانا مەم و زین و داستانێن دۆلا دووزێییان هەیە، لڤێرەدا تشتەکێ سوودمەند و مفادارە کو ئەم بەراوردکارییەکا سەرەتایی دناڤبەرا هنەک روودانێن داستانێ و ئەوین مینا وێ دناڤ داستانێن دن دا بکەین:

**ئا: دۆموزی و ئەینانا/ مەم و زین:** د داستانا ئەینانا و دۆمۆزی دا- وەکو پێشتر مەدیتی- ئەرشکیجال دۆمۆزێ مێرێ خۆشکا خوە ئەینانا درەڤێت و ودبەتە جیهانا ژێرین. ئەینانا گەلەک خەمگین دبیت و خوارن و ڤەخوارنێ ژخوە حەرام دکەت، هەتا دگەهتە رەوشەکا خراب و پڕ زەحمەت، لێ هەرا بەردەوام بوو ل سەر دالەڤایی و پارانەڤێ لجەم خوداوەندی داکو مێرێ وێ ژ داڤێن خۆشکا وێ رزگار بکەت، خوداوەندێ جیهانا ژێرین (ئانکی) دوو مفردیان دنێرتە جیهانا ژێرین... لێ ئەو نکارن ئەوی بزڤریننەڤە ژبۆ ژینێ د خولا وێ یا تەمام

دا، بەلکو دزڤرییننەڤە ژبۆ ژینەکا نیڤەرۆیی/ هەر وەکو مەپێشتر زانی/... بەلێ د (تەمووز و عەشتار)ێ دا، عەشتار ب خوە دچیتە جیهانا ژێرین داکو مێرێ خوە/ دەزگرێ خوە ژ دەستێ خوداوەندێ جیهانا ژێرین ڕزگار بکەت و، لدویڤ ڤـــــەڕێژا بۆری دکـــــاریت ئەوی رزگاربکەت. و د (مەم و زین)ێدا- شێوازێ خانی- ب پیلانا (بەکۆ)ی میر- برایێ زینێ- فەرمانا مرنێ بۆ (مەمۆ)ی دەردکەت، لێ تاجدین و براییێن خوە ناهێلن و رکابەرییێ دگەل میری دکەن، لەوما ژی فەرمانێ ددەت کو پاڤێژنە د زیندانەکا ژێر زەمیندا، زین بێ ئومێد دبیت و بێچارە دبیت، چونکە خوارنێ ژ خوە حەرام دکەت... هەروەها حالەتێ مەمۆی ژی بەرەڤ خرابی دچیت. دلێ میری ب خۆشکا خوە دسۆژیت و ب تەکبیرا بەکۆی میر ژ مەمۆی ژی دبۆریت و داخوازێ ژ زینێ دکەت کو ئەو بخوە بچیتە جەم وی و فەرمانا میری پێڕابگەهینیت و دگەل خوە بینیت، ئەو ل سەر زەواجا وان رازی بوویە.

**ب- گلگامش و ئەنکیدۆ/ مەم و تاجدین:** لڤێرە ژی هنەک ڤـەڕێژێن روودانا کەسایەتی دناڤبەرا دوو قارەمانان کو هەریەک د داستانەکێدایە یەکدگرنەڤە.... گلگامش پادشاهە و ژ نفشێ پادشاهانە و تاجدین ژی میرە... ئەنکیدۆ ژی رکابەرەکە خودێ بۆ گلگامشی هنارتی، ل چۆل و چیان دژیت و پاشان ئۆرۆک دهینیت و دگەهینت داکو زۆرانبازیێ دگەل گلگامشی بکەت و، دویڤدا هەڤالینیەکا وەکو برایان دەستپێدکەن... و مەمۆ ژی دناڤ شێوازی مللی دا دهێتە ناڤ شاری و کەسانەکێ بیانییە. ولجەم خانی ئەو مرۆڤەکێ ئاساییە لێ فیهرس و سوارچاکەکێ زیرەکە و هەڤالێ تاجدینە... گلگامش و ئەنکیدو د چەندین سەربۆر و هەڤرکیاندا دبۆرن و دەمێ ئەنکیدو دمریت هەڤالێ وی ژ نەمرییا هەتا هەتاییێ دگەڕییێت... و د (مەم و زین)ێدا ژی مەمۆ دمریت و هەولێن تاجدینی جهناگرن.. هەردوو گلگامش و تاجدین گەلەک خەمگین و داخباردبن کو هەڤالێن وان دمرن،

ئەڤـــە دوو نموونە نە ژ حـــالەتێن پێکگەهشتن- بەراوردکارییێ دناڤبەرا مەم و زین و دوو داستانێن ژ ناڤترین داستانێن دۆلا هەردوو زێیان.. لێ حالەتەکی پێکگەهشتنا دن ژی هەیە و هەژییە بهێتە بەحسکرن: د پەرتووکا- فیدا- پەرتووکا پیرۆزا هندستانێ حالەتەک هەیە بیرا مە ل حالەتەکی ڤێکگەهشتنێ دگەل مەم و زینێ دهینیت- وەکو بەکۆ بەکو میر زینەدینی هانددەت کو شەترەنجێ دگەل مەمۆی بکەت داکو راستیا خوە بدرکینیت کو زین دڤێت و دویڤدا روودان دەستپێدکەن... و د فیدا یێ دا دەما پسمامێ ماراجونا- فەرمانڕەوا و هەڤڕکێ وی و هەر پێنج براییێن وی... رکابەرییا وان دکەت د یارییا تاولێ دا... برایێ مەزنێ ماراجونای دهێتە ناڤ یارییێ دا.. و دگەل فیلبازییا رۆهن و ئاشکرایا پسمامێ وان، لێ برایێ مەزن هەر بەردەوام دبیت و ئەو ژنا خوە یا هەڤپشکا برایان ژ دەستددەت... و یاری لڤێرە حالەتەکێ وەکو یەکە کو چەند فێلبازی تێدا هاتینەکرن.

**ل جیاتی کۆتاهییێ(٢٩):**

لەوانەیە من درێژدادرِی کـــربیت، یان هنەک دەستەواژەیان هزرێن من، ب دروستی روهن نەکر بنەڤە... هەرچەندە ژی ئەز باش دزانم کو ئەڤ بۆچوونێن من پێویستی ب بەرفرەهکرنەکا زێدەتر هەیە و، پتر پێویستی ب بەلگە و دیکومەنتان هەبوویە دەما من بەحسا نیشان و روودانان دکر. رۆژەکێ ئەزێ زڤرمە ڤە سەر ئەڤێ تێکستی تاکو دناڤبەرا ئەڤان دێڕان دا ئەو هەموو سەروکانی و ژێدەران بەحس بکەم و ئەو ئاماژە و نیشانەیێن دناڤ دیوانا خانیدا هاتینە دەستنیشانکرن تێدا تۆماربکەم. کو یافەربوو لڤێرەدا هاتبان... و من نموزەکا دن ژی هەیە کو سەرچاوە و ژێدەر لبەردەست هەنە و ئەڤ ئاماژەپێکرنە وەسا پێویست دکەن کو مرۆڤ جارەکا دن ژی بگەڕێتە ڤە سەرێ و ببیتە ئەگەرا نە تێگەهشتنا من ژبۆ هنەکان یان ژی نە شرۆڤەکرنا وان کو ببنە سەدەما هندێ کو گینگەشە و گفتوگۆ هەر د بەردەوامبن و پتر ڤەبکێشن.. و بەری کو ئەز ئەڤێ وەغەرا بلەز کۆتاهی بینم، دکارم بێژم کو مەم و زین شێوازەکە ژ شێوازێن داستان- ئەفسانەیێن دێرینێن کوردی و بەردەوامبووینە هەتا کو (خانی) دارِشتییەڤە و کراسەکێ ڕیالیزمێ کرییە بەرێ... هەروەسا پرسا هەڤڕکیا بەکۆی ژ ئالییەکی ڤە و مەم و زینێ ژ ئالییەکی دن ڤە، کو دناڤ روودانێن ئەڤێ داستانی دا هەڤڕکیا دوو جۆرێن جڤاکی هەنە... باژار و گوند، بۆ نموونە سەخلەت و پەسنێن (بەکۆ)ی وەکو کارامەیی و زیرەکی و دڕناسیێ... کو ئەڤە سەخلەتێن پیشەدار- بازرگانێ خەلکێ شاری نە... و ب رەنگەکێ هویر تر هەڤڕکییێ دناڤبەرا شارستانیەتێ ژ ئالیەکی و دناڤبەرا گوندی و

کۆچەران ژ ئالیەکی دن ڤە... ئەڤە ئەگەر مەزانیبیت کو جۆرێ بازاری لدویڤ کۆمەلگەها گوندیاتیا بچووک و کۆچەرییێ هاتیە بەلکو ل سەر ملێن ئەوان هەردووکان گەشەو وەرارکرییە.. ئەڤێ دبێژم و ئەز باوەرم کو ئەڤ هەمـوو ئەگەر و گریمانە دەبیت د چارچۆڤێ پرسیاراندا بمینن هەتا ئەم هەمـوو بهـەڤـرا بکارین.. و لەوانەیە بارودۆخێن داهاتی ژی یارمەتیا مەبدەن و ئالاڤێن دن ژی پەیدابن کو ئەوان هەمیان بەرسڤێن پێدڤی تێدا هەبن.. و هەتا ئەوێ رۆژێ هەر پرسیارکرنەک یا رەوایە کو بێتەکرن... هەروەسا هزرکرن و دەربرینا بیروڕایان ژی- ئومێد و هیڤیەکە دەبیت ب جورئەتڤە بهێنەکرن.

**پەراوێز و دەهمەن:**

* ئەڤ خستنەڕوویە کورتکرنا ڤەکۆلینەکا فرەوانە، کو پشت ب گەلەک نیشانگەهـ و بەلگە و سەرچاوەیێن یەکتربڕ دبەستیت، ژ دیوانا خانی- مەم و زین- یان کۆمەلەیەکا تێکستێن وەرگێرایی ژ داستان و ئەفسانەییێن وەلاتێ دۆلا هەردوو زێیان- لێ مخابن من نکاری ئەوان هەموویان د ئەڤێ خستنەڕوویێ دا تۆماربکەم، چونکە هەموو سەروکانی و تێبینییێن من یێن نڤیساندی ل سووریایێ ماینەڤە. هێڤیدارم ل نێزیکترین دەم دا دەلیڤەکا باش دەستخوەبێخم، تاکو دارشتنا داوییێ ئەڤان بۆچوونێن خوە بێخمە بەر گفتوگۆ و گێنگەشێ... لێ دەستەواژەیا «ڤەرێژەکا ئەفسانەیی» ئەوا دناڤونیشانی دا هاتی، رامان ژ پەیڤا ئەفسانە تێگەهشتنا گشتی یا سەرڤەیا وێ نییە کو تشتەکێ پووروپووچ و نەراست و دروست بدەت، بەلکو مەبەستا رامانا وێ یا زانستی- زاراوەییە وەکو هۆشیارییەکا هزری یا میللەتێن دێرین.

١- ئیبن لباجریقي: ئەو محەممەد لاوێ عەبدولڕەحیمە لاوێ عومەر کو ب ئیبن لباجریقی ناڤدارە، چونکە خەلکێ گوندێ (باجریق)ێ بوویە، ئەوا نێزیک بازارێ بۆتان و هەروەسا نێزیک دێرکێ ل سووریا یا نها... ئەوی داستانەکا بناڤودەنگ هەبوو کو ژ چەندین جەڤەنگ و هەژمارێن زەحمەت و ئالۆز بوو. ماوەیەکی ل دیمەشق ئاکنجی ببوو و گەلەک مورید و یاوەر ژێ پەیدابوون... ئایینزایا مالکی فەرمانا کوشتنا وی دەرکربوو. رەڤیا چوو قاهیرە و ل ئەزهەری دەرسداری کرییە، لێ هند پێڤەنەچوو دیسان ژبەر بیروباوەڕێن وی فەرمانا کوشتنا وی هاتە راگەهاندن. رەڤیا هاتە بەغدا و ماوەیەکێ ل وێ دەرێ ژییا، پاشان جارەکا دن زڤڕییەڤە دیمەشق و ب دزیڤە دناڤ موریدێن خوەدا ل (قابون) نێزیک دیمەشق ژیانا خوە برەسەرێ هەتا ل (٧٢٤) کۆچی چوویە بەردلۆڤیا خودێ و ل چیایێ قاسییون هاتە ڤەشارتن، داستانا وی هاتە ونداکرن- یان ژی ژناڤبرن- و تەنها (١٢) دێڕ ژێ ماینەڤە ئەوێن ئیبن خەلدونی دکتێبا خوە یا بناڤودەنگدا (ئەلموقەدیمە) بەحسکرین.. بۆ زێدەتر زانیاریێ- دکارن بنێڕنە- پەرتووکا: د.سهیل ابراهیم- التأریخ العربي و المؤرخون- الجزء الرابع- و کذلك مقدمة ابن خلدون.

٢- بەهەشتی مەلا ئەمینی بۆ من ڤەدگێڕا کو ئەو دگەل هنەک زانایێن ئایینی بوو، دەما زەلامێن شاندەکا ئیتالی ئەو دیتین و ئەو بەر/ نڤیسارۆک یان چارگۆشە بوو ب قەوارەیا کێلا گۆڕەکی و هنەک هێل و نیشان ل سەر هەبوو، ئەوی هیچ ژی فەهم نەکربوو، و پێڤە دچوو دگۆت کو گۆڕستانا جەزیرێ ل سەردەمێ جەنگا جیهانیایەکێ کەفتبوو بەر تالانەکا مەزن ب تایبەتی دەمێ جەنرال جەمال پاشای سەرکێشیا لەشکرەکی دکر و بەرەڤ شامێ دچوو و ببوو والییێ وێ دەرێ. ئەو لەشکر سێ رۆژان دناڤ گۆڕستانی دا ماڤە و گەلەک دزی و تالان کرن، هەتا دهێتە گۆتن و کو گەلەک سەربازان بارێن هێسترێن خوە دهاڤێتن و پڕ دکرن ژ گەنجینە و شوێنەوارێن گران بەها..

٣- هێشتا دحافیزەیا مللی دا، ناڤێ ئەوێ دەڤەرا گۆڕستان تێدا ل بۆتان مایەڤە و دبێژنێ «میر ئاڤدەلی» بێی کو پەیڤا مزگەفت بکاربینن.

٤- ژبۆ زێدەتر زانیاریان و پشتڕاستکرنا ئەوێ گۆتنێ، دکارن بزڤڕنەڤە بۆ «فتوح البلدان للبلاذری- ب تایبەتی پشکا (فتح اذربیجان) و ئەوا ددویڤدا..

٥- مزگەفتا سۆر: ناڤەندەکا زانستی یا بناڤودەنگ بوو، چەندین سالان گرنگترین زانینگەهـ بوو ل دەڤەرێ. ئەو مەدرەسەکا مەزن بوو و گەلەک زانایێن پایە بلند ل مێژوو و کەلەپوورێ ئیسلامێ ژێ دەرچووینە، ژ ئەوان بۆ نموونە: کوڕێن ئەسیری یێن جزیری... لاوێ خەلەکان و

گەلەکێن دن.. ژ مامۆستایێن وێ یێن بناڤودەنگ شاعرێ مەزن «مەلایێ جزیری» بوویە، کو گۆڕێ وی ژی د ژێرزەمینەکا وێ دایە.. و ماوەیەکێ زۆر ئەحمەدی خانی ژی ل وێرێ بوویە.. هەتا نها مایە و فەقەهێن ئایینی لێ دخوینن، هەر چەندە هۆکارێ زەمەنی گەلەک کار ل پەیکەربەندێ وێ کربە.. لێ هێشتا گەلەک گۆڕێن چاک و زەلامێن بۆتان... ژ میر و شاعران تێدا ماینە و ئاشکرانە، دوو بۆچوون هەنە کو ناڤێ وێ مزگەفتا سۆرە:

بۆچوونەک دبێژیت کو دناڤ خەلکی دا بەلاڤە و ب مەلایێ جزیری ڤە دهێتە بەستن کو دبێژیت: ل بەردەرگەهێ سەرەکی یێ تەرەفی قیبلەیێ/ باشووری خشتێفکەک هەبوو، و کەڤرەکی هێسیلەیێ سەر شێوەیەکی کورسییێ لێ بوو، و دویڤدا خانییێ مالەکا فەلە هەبوو و، دبێژن کو ئێڤاریان مەلایێ جزیری دهات و ل سەر ئەوی کەڤری دروینشت و شیعرێن خوە ڤەدخویندن و، ژ بەر گورِ و تێناوی کەڤرەکە سۆردبوو و ژ گەرماتیا پشتا مەلای جۆش دگرت و، دەمێ مەلێ دچوو یەکسەر ئەو ژنکا فەلە ب لەز دهات و هەڤیرێ خوە پێڤە دداو، نانەکێ سۆرگولی لێڤە دکر..

و بۆچوونا دوویێ دبێژیت- کو ئەر ژی پتر دگەل وێ دامە- ئەڤ مزگەفتە ب بەرێن سۆر و قۆرِا سۆر هاتبوو ئاڤاکرن لەوما دبێژنێ مزگەفتا سۆر.

٦- دەرگەهێ رۆمێ: ل ئالییێ ژووریێ کەلهێیە و بورجا بەلەک و دیجلە ل وێ دەرێ نە... دبێژنێ دەرگەهێ رۆمێ چونکە نەخشێ ئاڤاکرنا وی ل سەر تەرزێ هونەرەوەریا رۆمی یەو، ژ ئالیەکی دن ڤە، ئەڤ دەرگەهە بەرەڤ وەلاتێ رۆمێ یە.

٧- هەڤدیتنەک دگەل سەرۆکێ شاندا ئەلمانیا یا شوێنەواران، ئەوا گەرِیانێن خوە ل گوندێ تەللخنیدیج دەستپێکرین:

تەلەفزیۆنا دیمەشق- ل کۆتاهیا وەرزێ لێگەرِیانا هاڤینا سالا (١٩٩٤)ێ، هەرچەندە هێشتا ئەڤی شاندی لێگەرِیانێن خوە ب دوماهی نەئانینە... هەروەسا دکارن بزڤرِنەڤە ژبۆ بۆچوونا مێژووناس ئەرنۆلد توینبی، دەربارەی نفشێ سومەریان و ئەو دەڤەرا ئەو ژێ هاتین.

٨- نڤیسینا سومەریان دبێژنی «نڤیسینا میخی» ئانکو بزماری.

٩- هەتا نها ژی ل دەڤەرێن کەنارێ دەریا ناڤەرِاست هنەک ئاهەنگ دهێنە گێرِان و دبێژنێ (جەژنێن تەمووز)ێ. ئەو ژی ب شێوەیێ دوو جەژنان یەک ل پاهیزێ و دبێژنێ خەمێن تەمووز، و رۆژێن وی ژی هەموو شینی و بەهی و نهار وتازینە ژبۆ کۆچکرنا تەمووزی... و جەژنێن کەیف و شادیێ ب هەلکەفتا زڤرِینا وی بۆ ژینێ ل وەرزێ بەهارێ، کو خوەشی و بەختەوەربیە و ئەڤ جەژنە ل دەڤەرێن کەنارێ سووریا و لوبنانی هەبوویە، لێ ل سەردەمێ ئیسلامێ سیمایەکی نوی ب خوەڤە هەلگرتیە، و دەکرێت ئەڤ روودانە دگەل رۆژێن عاشوورایێ و دیاردەیێن خوە قۆتان و هەوارێن شیعە دکەن بهێتە بەراوردکرن.

١٠- دەربارەی دیاردەیا «لاوک» من بۆچوونەک هەیە ژبۆ گفتوگۆکرنێ و دگۆڤارەکا کوردی یا کو ب زمانێ عەرەبی دەردچیت بەلاڤکریە. لێ ئەڤە رێکێ ژ رۆهنڤەکرنا هنەک تشتان ناگریت... ئاڤرییەکا هویرا ب تەنێ ژبۆ «دارا مرادا» یان «لاوک و کچک» بەسی هەندێ هەیە کو چو گۆمان نامینن ل سەر تێکەلبوونا ئەڤان هەردویان دگەل تێکستا مەم و زینا دناڤ حیکایەتێن مللی داو، ژ ئالیەکی دیکەڤە تەڤلیهەڤبوونا ئەوان دگەل کۆمەلەکا حیکایەت و داستان و ئەفسانەیێن حافیزەیا مللی نکاریە بپارێزیت ژبەرکو د ئەڤێ دوماهیێ هاتبوونە پشتگوە ئاڤێتن و نەهاتبوونە تۆمارکرن.. و ئەوا دهێتە گوتن کو «گرێ ئەیلەم» و هەروەسا «دارا مرادا» کو من ب خوە دیتینە، مینا یاریگەهەکێ یان قادەیا ماراسوونێ و پادشا و میرێن دەڤەری دهاتنە وێرێ و ئوردی یێن خوە یێن وەکو جەژن و فیستەڤالان ڤەددان و پێشبەزی و یاریێن سوارچاکیێ و چالاکیێن رەوشەنبیری لێ دهاتنە ئەنجامدان... ئەرێ ئەڤ دیاردەیە و ب تایبەتی دیمەنێ ئەرکولۆژیێ سەرڤەیێ ئەڤێ پێگەهێ «گوندک» نیشانا ئەوێ نادەت کو ئەڤ شوینەوارە پەرستگەهەکا گرنگ بوویە ل ئەڤێ دەڤەرێ. کو د شێوەیێ بناغە و خێمەیێن مایی، و بەراوردکرن دگەل گوتنێن دانعەمر و پیروکالان، و دگەل ئاهەنگێن بابلیان- بۆ نموونە- ل سەرسالا بابلیان، هەموو نیشانێن سەلماندنا بۆچوونا سلالن.

١١- بۆ زێدەتر زانیاریان دەربارەی ئەڤی بابەتی، دکارن بزڤرِنەڤە بۆ گۆتارا- عەلی لقەیم- رۆژنامەیا تشرین رۆژا (٢٢) یان (٢٤)ێ تشرینا یەکەم سالا (١٩٨٢)ێ، و هەروەسا پەرتووکا وی: الموسیقی تأریخ و أثر- اصدارات دمشق، هەروەسا گۆڤارا:

الحولية الاثرية السورية- عام ١٩٧٩- عدد خاص عن اوغاريت- اصدارات مديرية المتاحف و الأثار السورية- هەردوو گۆتارێن رائوول فیتالی. هەروەسا هەژمارا هەڤپشکا (٣ و ٤) ژ گۆڤارا وەرزییا کوردی - الحوار- ئەوا ب زمانی عەرەبی ل سووریا- قامشلی دەردکەڤیت. گۆتارا- تأریخ الموسیقی.

١٢- دلۆک: پەیڤەکا گشتگیرە، دگەلەک دەڤەرێن کوردستانێ ژبۆ جۆرەکی سترانان دهێتە گۆتن، وەکو: (دلۆکەکە سەرا) یان (دلۆکەکە ئەڤینی) یان (دلۆکەکە ژ پەیزۆکا)... هتد...

١٣- گۆتارا دکتور محمد غندور- الجامعة اللبنانية- قسم التأريخ- د یەکەک ژ هەژمارێن گۆڤارا (الفکر العربي).. ل ژێر ناڤێ- جزيرة ابن عمر و التأريخ و الحاضر...

١٤- بنێرە/ معجم البلدان- یاقوت الحموي- باب حرف الطاء.

١٥- زانایێن زمانان زمانێ ئاشووری و سریانی- ئارامیا کەڤن- بۆ کۆمەلا زمانێن سامی دزڤرینندڤە، کو پیتا (ع) تێدا هەیە. لێ بەلێ زمانی کوردی ژبۆ کۆمەلا زمانێن هندو - ئەوروپی دزڤریننەڤە کو پیتا (ع) تێدا نییە، کەلەڤاژی دبیت ژبۆ (ئا).

١٦- بۆ پتر زانیاریێ دەربارەی ئەڤی بابەتی، دکارن بگەرێنەڤە ژبۆ پەرتووکا مێژووناسێ ناسراو ئەرنولد توینبی: موجز تاريخ البشرية- الجزء الأول، ترجمة نيقولا زيادة، اصدار دمشق، سوريا ١٩٩٠م.

١٧- دەربارەی ناڤلێنانا ئەوان دەڤەران: دیاربەکر... دیارموزر... جزیرا ئیبن عومەر و... هەر ل سەردەمی خەلیفەی عومەری کوری خەتاب ئەو دەڤەرێن دهاتنە ستاندن هەر ل ژێر دەستهەلاتیا سەرۆکی وی لەشکری د ماڤە و حوکم لێدکر و، زۆربەی سەرلەشکر ژی هەر سەرۆک هۆزێن عەرەبان بوونە.. و هۆسا ئامەد و میافارقین ژ پشکا (بەنی بەکر) بوونە و بۆتان بۆ (تەغلب) و مووسل بۆ (موزر) و ئورفە بو (قەیسی). و دبێژن کو بۆتان دوو بەش بوویە (پشک بوویە): باکردێ- و بازفتی «بازبەدی» و باکردێ شارێ ئاشتی و ژیانا ئاسایی و شوینا وێ یا نها دبێژنێ (غێدایێ) نێزیک عەین دیوارێ ل سووریا و نها خرابە گوندە. لێ (بازبەدێ) کەلهەکا ئاسێ بوو و، رۆژێن جەنگ و شەڕ و تەنگاڤیان خوە تێدا حەشار ددا، یان دەمێ بۆتی دچوونە شەری، زارۆ و ژن و خێزانێن خوە تێدا دپاراستن هەتا دزڤرینەڤە، یان ژی دەمێ هێرشێن دژمنی دهاتنە سەروان خوە تێدا ئاسێ دکرن... و هەتا نها ژی ل نێزیک بۆتان گوندەک هەیە ناڤێ وی (بازفتێ)یە.. و ژبۆ زێدەتر زانیاریان دکارن بگەرێنەڤە ژ بۆ ئەڤان سەرچاوەیان:

- فتوح البلدان، للبلاذري.

- معجم البلدان، ياقوت الحموي...

١٨- پشت بەستن ب وەرگێڕانا دکتور محەمەد عەبدولنەجاری یا داستانا زەمبیل فرۆشی بۆ زمانێ عەرەبی، کو یەکێک ژ تێکستێن وێ دزڤرینتەڤە ژبۆ شاعرێ مەزن ئەحمەدێ خانی.

١٩- ژبۆ نموونە بنێرە «تأريخ الطبري» کو ژ دەستپێکا ئافراندنا گەردوونی/ ژیانێ و لدویڤ شرۆڤەکرنا ئەحباران یا تەوراتێ هاتیە خوارێ.. هەر ئەوە ژی کو بیرمەندێن عەرەب یێن هەڤچەرخ رەخنەی لێ دگرن و وەکو شرۆڤەکرنەکا جوییان ژبۆ ئەسفارێن پەیمانا کەڤن دادنێن... ژبۆ نموونە بنێرە:

- مشروع رؤية جديدة للفکر القومي العربي- الدکتور طيب تيزيني... هەروەسا بەرهەمێن (سەیدلقەمنی) یێن کەلەپووری. و هنەکێن دن ژی...

٢٠- یا فەرە بهێتە رۆهنڤەکرن کو «موە» ژ زاراوەیەکا نیمچە گشتی یا د رەوشەنبیریا دەڤەرێ و هەتا (دۆلا نیل) ژی دا هەبوو. ژبۆ زێدەتر زانیاریان بنێرە پەرتووکا- ئەرنولد تۆینبی- موجز تأريخ البشريه- سەرچاوەیەکە پێشتر هاتیە بەحسکرن. هەروەسا پەرتووکا- علي سيد القمني- اسرائيل- التوراة- التضليل/ اصدارات دار کنعان، دمشق ١٩٩٢.

٢١- پەیکەرێ خوداوەندی پیت و بەرەکەتێ یێ حوریان کو چەندین مەمک پێڤەبوون... ئەڤ پەیکەرە د یەکەک ژ شوینەوارێن حوریان ل باکوورێ سووریێ هاتە دیتن و نها ل مۆزەخانەیا نیشتمانیە ل حەلەب- سووریا.

٢٢- ئادار: ناڤێ هەیڤا بارانایە لجەم ئەوان و، بەرامبەر وی ژی د کوردی دا (ئاڤدارە).

٢٣- ژبۆ زێدەتر زانیاریان دکارن بگەرێنەڤە ژبۆ- داستانا ئافراندنا بابلی «ئینومالیشی» ب هەموو شێواز و جۆرێن وەرگێڕاندنا وێ، هەروەسا هنەک ئەفسانەیێن فیرعەونی یێن کەڤن.

٢٤- ژبۆ فراوانبوونێ د ئەڤی بیاڤیدا و، ژبۆ زێدەتر زانیاریان دکارن بگەرێنەوە پەرتووکا: س. هـ. هۆک،

منعطف المخيلة البشرية- دراسة في الاسطورة- ترجمة نهاد خياطة، دمشق ١٩٨٤.

٢٥- بەراوردکرنا ناڤێ سومەری نەنتی ئانکو خاتوونا ژینێ دگەل ناڤێ کوردی یێ مللی- ستیا زین-

٢٦- ژبۆ زێدە زانیاریان دکارن ڤەگەرێنە ڤە پەرتووکا- الزمان و المکان في الروایة - میخائیل بختین.

* خانی دناڤ داستانێدا چار حالەتێن دیداران بەحس دکەت- دیدارا دناڤبەرا (مەم و زین)ێدا و، من دیدارایەکی ب بڕیارا ئازاد ناڤلێنایە، کو مەم و تاجدین خوە گۆڕیبوو،... و دیدارا دووەم، ئەو دیدارا ب رێکەفت دناڤ باخچەی دا چێ ببوو.. لێ هەردوو دیدارێن دوماهیێ ب دەستێ وان نەبووینە، یەک ل دەمێ یاریا شەترەنجێ بوو کو یا پلانرێژ کری بوو، یا دوویێ مۆرکەکێ ستەمکاریێ پێڤە دیاربوویە، چونکە د بارودۆخەکێ نەئاساییدا روودابوو، مەمۆ د زیندانێ دابوو، ئەوێ دیدارێ ژی مۆرکەکێ پلانرێژکری هەبوویە.

٢٧- ژبۆ زێدەتر چوونە دناڤ ئەڤێ هزرێ دا، بگەرێنەڤە بۆ: رمزیة الطقس و الاسطورة، مرسیا الیاد، ترجمة نهاد خیاطة، دمشق.

٢٨- د ئەڤێ بیاڤێ دا و زۆر ب کورتی مە بەحسێ سێ داستانان کرییە، هەرچەندە تێکستا خانی گەلەک هەڤبەندی و تێکەلکێشیا دگەل زۆر داستانێن دیکە بخوەڤە د هەلگریت. ئەڤ بۆچوونە ژی بەهاو گرینگیا خانی نائینیتە خوارێ بەلکو نیشانەکا گۆمانبڕە کو ئەو کارییە هنەک ئالاڤان بکاربینیت کو رەوشەنبیرییا دەڤەرێ پێ بگڤیشیت و د بەرژەوەندیا کارێکتەر و تێکستا خوەدا بکاربینیت.

٢٩- چێدبوو من ئەڤ بابەتە پتر درێژکربا و ناڤێن گەلەک کارێکتەرێن دیکەیێن دناڤ تێکستا خانی دا بەحسکربان، هەر ژ سەخمەراتی دەستخوەئێخستنا رەهەندێن تەمامێن میسۆلۆژی، لێ من تەنها ئەو کارێکتەرێن ناڤێن وان هاتین بەحسکرن، چونکە لدویڤ باوەرا من هەر ئەو دگەل ناڤونیشانا بۆچوونێ وەکو ڤەکۆلینەکا بەراوردکاری یا دەستنیشانکری دگونجێت.

*** ئەم وتارە لە بنەڕەتدا بە زمانی عارەبی نووسراوە و بۆ گۆڤارەکەمان هاتووە، (ڕامان) وەری گێڕاوە.**

# نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا

سابیر ڕەشید

**نۆڤلێت وەک زاراوەو پێناسە و قەوارە**

بێگومان هەموو چەشنەکانی ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و نۆڤلێت و چیرۆک و کورتیلە چیرۆک، جۆری جیا جیان لە پەخشانی ئەدەبی، بەڵام لە ڕووی قەوارەو سیماو تایبەتمەندییەوە جیاوازن و بەناوی جیاوازەوە ناو دەبرێن «چیرۆک و ڕۆمان، وەکو دوو ژانری ئەدەبی لە ڕووی قەوارەی بچووکی و درێژییەوە چەند چەشنێکیان هەیە، وەکو ڕۆمانی کورت، ڕۆمانی درێژ، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، کورتیلە چیرۆک، ئەم چەشنانە بە پەخشانی ئەدەبی دەژمێردرێن هەتا ئەگەر خەیاڵی، یان زانستی، یان مێژوویی، یان ڕیالیزمی بن ڕستەیەکی چاکیش لە پەخشانی ئەدەبیدا..». (١)

(ڕەئوف حەسەن)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس بۆ مەسەلەی ناونانی ڕۆمان، یان کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت ڕای وایە کە «پەخشانی هونەریی لە چیرۆکی (پەنجا) وشەییەوە هەیە تا بە هەزاران لاپەڕەو.. خۆنابێت بۆ هەر یەکەیان ناوێک دابنێین.. تەنیا چوارپێنج ناومان هەیە بۆ ئەوەی کەمێک لە یەکدییان جودا بکەینەوە.. کورتیلە چیرۆک، چیرۆکی کورت، نۆڤلێت، ڕۆمان». (٢)

(شێرزاد حەسەن)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسیش پێی وایە «ئەگەر لە ڕوانگەیەکی کلاسیکییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەڵێین: نۆڤلێت لە کورتە چیرۆک درێژترەو لە ڕۆمانیش کورتترە، یان ئەوەتا بە ژماردنی وشەکان (نۆڤلێت) لە (ڕۆمان) جیا دەکەنەوە، هەریەکەو ژمارەیەک جیا لەوی دیکەیان دەدا. لە ڕووی مێژووییەوە ڕەخنەگران بڕوایان وایە کە (کورتە ڕۆمان) لە (ئەڵمانیا) سەرپێ کەوتووە و گەشەی کردووە، پتر لە هەر شوێنێکی

دیکە، بەڵام دیارە کە ئەمڕۆکە لەهەر چوارقوڕنەی دنیایە (کورتە ڕۆمان) بازاڕی گەرمی هەیە و بە ملیۆنەها خوێنەری لە دووری خۆی کۆکردۆتەوە.

هەڵبەتە وشەی، یان زاراوەی (ڕۆمان) بە کوردی نزیکە لەوەی (romance) وەک ئاخافتن، نەک بە مانا، خۆ لە چەند زمانێکی تازەی ئەورووپیدا بەکاردەهێنرێ. وشەی (Novel) کە هەردەکا ڕۆمان بەشێوەیەکی کەمێک شێواو و ناجۆر لە وشەی (novella)ی ئیتاڵییەوە هاتووە کە دەکا (شتێکی بچووک و تازە)، هەڵبەتە ئەمڕۆکە ئێمە لە زمانی خۆماندا وشەی (نۆڤلێت) بەکاردەبەین کە دەکاتە کورتە ڕۆمان کە دیارە هەم تازەیە و هەم بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمان کورتترو بچووکترە..».(٣)

(ئەنوەر محەمەد تاهیر)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسیش دوای بەراورد کردن لەنێوان ئەم دوو ژانرە و لە وەڵامی تەوەری (ڕامان)دا هۆسا دبێژێ «نزانم گەلەک جارا لەتێک دچێت بەراوردکردن لناڤ بەینا نۆڤلێت و ڕۆمانێ هندەک نۆڤلێتێ ب دەم و ڕوویدا گرێدەن کۆ دبێت ماوەیێ ڕوویدانا ژ سالەکێ کێمتر نەبێت. بەلێ هەکە ئەم لدویڤ پێناسا ئنگلیزی بچین کو (Novel) چیرۆکا درێژە.

ئەڵبەت گەلەک ڕۆمانیش هەنە نۆڤلێت نڤیسینە وەک- گابریل گارسیا مارکیز- و نۆڤلێتا (کۆلۆنیلێ کەس نینە ژێرا کاغەزا بشینیت)، یان سەرهاتیا دەریاڤانەکێ خندقی)، یان نوڤلێتا (سوورو)، یان سومرست-ی، یان (باغچەیێ ئاژەلا)، یان جۆرج ئۆریل گەلەک رومانا- پیرەمێرد و زەریا، یان همنگوای ب نۆڤلێت دان چونکی ماوەیێ وێ کێمە ئەو ژی دەست پێ دکەت دەمێ سانتیاگۆ- دچیتە ناڤ دەریای تا دزڤریتەڤە ئەوماسییا راڤەکری- قرشا یا خاری هەر هۆسا گەلەک عەرەب و کورد هەنە چیرۆک یا نڤیسای و نۆڤلێت ژی نڤیسایە.»(٤).

بەڵام ئەو ناونانەو لێکتر جیاکردنەوەیە بەلای (جەبار جەمال غەریب)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس تەنیا زمانە ئەگەرچی ئەو پێی وایە کە ناونانەکەی ئەو بایەخەی نییە بەڵکو چڕکردنەوەی زمانە کە نۆڤلێت دروست دەکات وەک دەڵێ: «هۆکاری هەرە سەرەکی سەرهەڵدانی نۆڤلێت زمانە، زمان و بەس، ئەو زمانەی نۆڤلێتی پێ دەنووسرێ هەمان زمانی شەفافی ڕۆمان نییە، هەرگیز مەودای ئەوە نییە ڕۆمانێکی دووسەد، یان سێ سەد لاپەڕەیی بەو زمانە پڕ سیحرو (ئایینەی) نۆڤلێت بنووسرێ. ئەو زمانەی نۆڤلێت کە لە چڕکەی نووسیندا دەخوڵقێ ڕۆمانی پڕ کێشە و ڕووداوی پێ نانووسرێ. هەرچەندە ناونان لای من هیچ بایەخێکی نییە، بەڵام کاتێک نۆڤلێت هەموو دەلالەتەکانی ڕۆمان لە مانایەکی دیکەدا هەڵدەگرێ ڕۆمانە، یان دەکرێ بڵێین هەر ناونانی نۆڤلێت هەڵەیەو نۆڤلێتیش ڕۆمانە بە زمانێکی چڕتر، کە ئەو چڕی و فرە مەوداییەی زمان بواری ئەوە ناداتە نووسەر هەروا بە ئارەزوو سەدان ڕستەو وشە بۆ دەربڕینی حاڵەتێک بەکاربێنێ و لە ئەستووربوونی کتێبەکەی بە خەرجیان دات، دەشێ نۆڤلێت ئەو ڕۆمانە شیکە بێت کە لەگەڵ دنیا خۆی نوێ دەکاتەوە.»(٥)

**هەموو چەشنەکانی ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و نۆڤلێت و چیرۆک و کورتیلە چیرۆک، جۆری جیاجیان لە پەخشانی ئەدەبیدا**

بەڵام نۆڤلێت لای (ناسر وەحیدی) ڕۆماننووس و چیرۆکنووس دیاریکردنی قەوارەکەیەتی کە جێگای ڕۆمانی چەند بەرگی دووروودرێژی کلاسیکی گرتۆتەوە وەک دەڵێ: «ئێستا چیرۆکیش لەباری قەوارەوە خەریکە بۆزو ناحەز دەبێ.

زۆر دەمێکە چیرۆک (نۆڤلێت) جێی بۆشایی ڕۆمانگەلێکی چەند بەرگی چەشنی سێ تفەنگدار- ئەلکساندەر دۆما، گەوجە- داستایوڤسکی، دۆنی ئارام- شۆلۆخۆف، گیانی شەیدا- ڕۆمەن ڕۆلان، کەلیدەر- دەوڵەت ئابادی، ئاگر بەبێ دووکەڵ- نادر ئیبراهیمی... پڕ کردۆتەوە.. چیرۆک (نۆڤلێت) ئەگەر وەک نووسراوەیەکی ئەدەبی لە ڕۆمان کورتتر و لە کورتە چیرۆک درێژتر لەبەرچاو بگرین، هەروەک ئەوەی کە لە قامووسگەلی ناودێری جیهان «وبیستر، کارڵ بیکسۆن و ئارتورگینز» لەبەرچاو گیراوە.

هەرچەند کە لە زۆر زاراوەگەلی ئەدەبی جیهانی، بۆ ڕۆمان، چیرۆک و کورتە چیرۆک یەک مانا دانراوە، ئەوەی کە گرنگە لێرەدا باری ناوەڕۆک و ناوئاخنی ئەم شێوە چیرۆکانەیە، کە دەبێ تایبەتمەندی ڕۆمان و کورتە چیرۆکیان هەبێ، بەڵام ئەم تایبەتمەندییانە کامانەن؟..»(٦).

(حەسەن سلێڤانی) چیرۆکنووس و شاعیریش هەر لەو مێزگردەی گۆڤاری (ڕامان)دا کە تایبەتە بە نۆڤلێتی

کوردی ڕای وایە کە «نۆڤلێت نڤیسین، بیاڤێ وێ بەرفرەهترە، ڕەنگەکێ شارستانییێ هەفچەرخە ژ ڕۆمانێ زایە، خوە ب چ تیتال و رەوشتێن نەلڤ ناگرێدەت، نڤیسەرێ وێ خوە دبینیت ئازاد و بەردایی، ڕویدان و کەس و پەهلەوان دێ ب تەمامی هێتە خواندن. ئیرو روژا نوڤلیتێیە.»(٧).

(محەمەد ئەمین ئەحمەد)ی چیرۆکنووسیش بە چاوی گەردوونیی و پێشکەوتن و ئاستی ڕۆمانی پێشکەوتنی دنیاو سەردەمی جیهانگەرایی ئەمڕۆ سەیری نۆڤلێتی کوردی دەکات و دەڵێ: «ڕۆمان و نۆڤلێت، حاڵەتێکی بەردەوامبوونی، بوونە، ڕۆمان بەهرەو قانوون و تەکنیک و بیروهۆش و واقیع و سەرووی واقیع و سەرووی دڵ و دەروون ڕووحیش دەگرێتەوە، کەی ئەو ڕۆمان نۆڤلێتە گەردوونییە، کەوتەوە، ئەوا دەبێ وەرگرو ڕەخنەگریشی لە ئاستی ئەو داهێنانە دابن..»(٨).

(د. عادل گەرمیانی)یش لە لێکۆڵینەوەیەکی دا بەناونیشانی «چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب»دا دوای باسکردنی ڕۆمان و چیرۆک و پێوەندی و جیاوازی هەریەک لە ڕۆمان و ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و بەتایبەتیش جۆرەکانی پەخشان و دوای نیشاندانی جیاوازییەکانی نێوان چەشنەکانی چیرۆک و چەشنەکانی ڕۆمان دەستنیشانی قەوارەی هەریەک لەم ژانرانەی کردووە و دەڵێ: «قەوارەی (کورتیلە چیرۆک (٥٠٠- ١٥٠٠) وشەیەو قەوارەی چیرۆکی کورت (٥- ٦) هەزار وشەیەو قەوارەی چیرۆکی درێژ ٢٠- ٣٠) هەزار وشەیە، قەوارەی ڕۆمانی کورت (٤٠- ٦٠) هەزار وشەیەو قەوارەی ڕۆمانی درێژ لەوانەیە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار وشەیە بۆ نموونە ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) تۆلستۆی (١٨٢٨- ١٩١٠) بریتییە لە زیاتر لە (٦٠٠) هەزار وشە..»(٩).

(چنار بێجان جندی)یش لە باسی دەرچوونی دا کە پێشکەشی کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی کردووە بەسەر پەرشتی (د. فەرهاد پیرباڵ) و بەناونشانی (تەکنیکی گێڕانەوە لە نۆڤلێتی مەرگی بازنەیی دا) و لەم باسەی دا کە بەشێکی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردی دا بەم شێوەیە پێناسەی نۆڤلێت دەکات و دەڵێ: «نۆڤلێت، یان کورتە ڕۆمان جۆرێکە لە چیرۆک کە لەنێوان ڕۆمان و کورتە چیرۆکدایە، ئەگەرچی کورتی، یان درێژی تاکە پێوەرە کە ئەم بابەتانە وەک ژانرێک لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش بابەتەکە زیاتر دیاری دەخات کە ئەم تێکستە دەخرێتە ڕوو کامە جۆریانە، لەوانەشە نووسەریش ڕۆڵی هەبێت لە دەستنیشانکردنی و پۆلێنکردنی کە لەسەر تێکستەکەی دەنووسێ جا چ بە کتێب بڵاوی دەکاتەوە، یان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا..»(١٠).

(عەبدولڕەحمان پاشا)ش لە کتێبی (الروایة الكردیة)دا لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دوو بیبلیۆگرافیا بۆ ڕۆمانی کوردی و کورتە ڕۆمان کە ئەو بە عەرەبی ناوی ناوە چیرۆکی مامناوەندی (القصة الوسطی) لەم کتێبەدا تەنیا ئەم بیبلیۆگرافیایەی بۆ کردووە و لە پەراوێزی بیبلیۆگرافیاکەشدا بەم شێوەیە پێناسەی کردووە و قەوارەی دەستنیشانکردووە کە دەڵێ: «القصة الوسطی: قصة نثرية أطول من القصة القصيرة و أقصر من القصة الطويلة و الرواية ويتراوح عدد كلماتها بين ١٥ و ٣٠ الف كلمة».(١١)

(حەیات سەعید عەبدولکەریم)یش لە ماستەرنامەکەیدا کە بە ناونیشانی (نۆڤلیت لە ئەدەبی کوردیدا- ١٩٧٠- ٢٠٠٠) پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێ: «تیۆریستانی ئەدەب و ڕەخنەگران لە مشتومڕدان دەربارەی درێژی ڕۆمان (نۆڤل) و کورتە ڕۆمان (نۆڤلێت) چ دەقێک ڕۆمانەو چی تریش نۆڤلێتە، یان کورتە چیرۆکە ئەمانە هەمووی جێی پرسیارن. وا دیارە یاساو دەستوورێکی کەم لە ئارادایە بۆ جودا کردنەوەی ئەم ژانرە ئەدەبیانە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی نووسیندا زۆربەی تیۆریستانی ئەدەب لەو ڕایەدان کە ڕۆمان واتە (نۆڤل) دەبێ لەنێوان (٦٠- ٧٠) هەزار وشە بێت، نۆڤلێتیش کە بە کورتە ڕۆمان، یان چیرۆکێکی درێژ وەسفی دەکەن لە ڕووی درێژییەوە لەنێوان ڕۆمان و کورتە چیرۆک دایدەنێن، یان بە واتایەکی تر نۆڤلێت درێژترە لە کورتە چیرۆک و کورترە لە ڕۆمان».(١٢)

## نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا

نۆڤلێت، یان کورتە ڕۆمان وەک زاراوە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهاتووە بەتایبەتیش بۆ جیاکردنەوەی ئەم چیرۆکە درێژەی کە بە

قەواره لە ڕۆمان کورتترەو لە کورتە چیرۆکیش درێژترە.

بابەتەکە خۆی دەستنیشانی خانەبەندییەکە، یان پۆلینکردنەکە دەکات، چونکە ئێستاکە نووسەران خۆیان دەستنیشانی بابەتەکانیان دەکەن و خۆیان پۆلینیان دەکەن کاتێ کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە یانیش کاتێ کە بەکتێبی سەربەخۆ چاپیان دەکەن و لەسەر بابەتەکە وادەنووسرێ (ڕۆمان، کورتە ڕۆمان، نۆڤلێت، نۆڤل، داستان، ڕۆمانۆکە، چیرۆکی درێژ، چیرۆک، داستانی کوردەواری.... تاد).

ئەمە ئەم دەستنیشانکردنە تا ساڵانی نەوەدەکان واتە تا قۆناغی ڕاپەڕین، هەر نووسەرە بۆ خۆی بە میزاجی خۆی دایدەناو پۆلینی دەکرد، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بەگشتی بەهەموو جۆرەکانییەوە بۆ چەند جۆرێک پۆلین کران (ڕۆمان، کورتە ڕۆمان، نۆڤلێت، ڕۆمانۆکە، نۆڤل، چیرۆک، کورتیلە چیرۆک). لەگەڵ ئەمەش بەر لەم مێژووە و پێش ساڵانی دەستنیشانکردنی و هەر لە ساڵانی بیستەکان بە دواوە دەیان کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت چ بە شێوەی کتێب و چیش لەسەر لاپەڕەی گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام وەک زاراوە هیچیان لەسەر نەنووسراوە، یان هەندێکیان تەنیا لەسەریان نووسراوە چیرۆک، بێگومان ئەگەر (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب) بە کورتە ڕۆمان دابنێین هەندێک لێکۆڵەرەوە و توێژەری بواری چیرۆک بە کورتە ڕۆمانی دادەنێن ئەوا سەرەتای نۆڤلێتی کوردی بە ساڵی ١٩٢٥ وەک دەسپێک و یەکەم تۆمار دادەنرێ لەم بوارەدا.

**ڕۆمان بەهرە و قانوون و تەکنیک و بیر و هۆش و واقیع و سەرووی واقیع و سەرووی دڵ و دەروون و ڕۆحیش دەگرێتەوە**

ئینجا ئەم مشتومڕەی ڕۆمانە، یان کورتە ڕۆمان (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جاف)یش دەگرێتەوە کە هەندێک توێژەری چیرۆک بە ڕۆمان و هەندێکیش بە کورتە ڕۆمانی دادەنێن(١٣)، بێگومان مێژووی نووسینی لە ساڵی (١٩٢٧)بووە، بەڵام چاپ نەکراوە.

جا لەبەر ئەوەی هیچ ڕایەکی چەسپاو لەبارەی ئەم دوو بەرهەمە نییە، من ڕای تایبەتی خۆم مەسەلەی ویژدان بە ڕۆمان دەزانم و (لەخەوما)ش بە کورتە ڕۆمان دەزانم بۆیە ناتوانین لەساڵانی بیستەکان جگە لە (لەخەوما)ی جەمیل سائیب هیچ بەرهەمێکی دیکە بدۆزینەوە بۆیە لە دەیەی بیستەکاندا بەتاکە نۆڤلێت دەمێنێتەوە.

لە ساڵانی سییەکاندا دووکورتە ڕۆمانی (ئەلهوێ کوردستان) و (قراڵی کوردستان)ی (کامیران بەدرخان) چاپکراون. دوای ئەمەش کورتە ڕۆمان (هەڵاتناسیێ)ی (نووری هیزانی) لە ساڵی (١٩٣٤) چاپکراوە.

کەواتە هەر لە ساڵانی بیست و سییەکاندا چەند هەوڵێک هەبووە و دوای ئەم مێژووەش بەتایبەتی لە دەیەی پەنجاکان و شەستەکاندا چەندان چیرۆکی درێژ چ لە شێوەی کتێب و چ لە گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە و هەندێکیان لە ڕووی قەبارەو ناوەرۆکەوە و لە ڕووی هونەریشەوە دەکرێ وەک نۆڤلێت دابندرێن، بەڵام نووسەرەکانیان هیچ پۆلینێکیان بۆ نەکردوون، یان لە سەریان نووسراوە چیرۆک.

بێگومان هەندێک لەم چیرۆکانە ئەگەرچی لەسەریان نووسراوە چیرۆک و وەک کتێبی سەربەخۆش چاپکراون، بەڵام لە ڕووی قەبارە و شێوە و ناوەرۆکەوە ناچنە ناو خانەی نۆڤلێت و هەر بەشێوەی چیرۆک دەمێننەوە ئەگەرچی وەک کتێبی سەربەخۆش چاپکراون لە مانەش دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانیان بکەین:

١- عیسا عەلی، کەڵەکۆک، ڕەواندز- چاپخانەی زاری کرمانجی، ١٣ل، ساڵی ١٩٢٦.

٢- پیرەمێرد، مەم و زین، سلێمانی- چاپخانەی ژین، ٢٢ ل، ساڵی ١٩٣٤.

٣- پیرەمێرد، دوانزە سوارەی مەریوان، سلێمانی- چاپخانەی ژین، ٣٦ل، ساڵی ١٩٣٥.

٤- محەرەم محەمەدەمین، مام هۆمەر، هەولێر چاپخانەی کوردستان، ٢٧ل، ساڵی ١٩٥٤.

٥- مستەفا ساڵح کەریم، زرەی زنجیر، سلێمانی چاپخانەی ژین، ٢٢ل، ساڵی ١٩٥٨.

٦- خالید دلێر، کەوای نەکرای، بەغداد چاپخانەی المعارف، ١٦ل، ساڵی ١٩٥٨.

٧- محەرەم محەمەدەمین، گردی شەهیدان، سلێمانی چاپخانەی کامەران، ٢٤ل، ساڵی ١٩٥٨.

٨- محەمەد عەلی مەدهۆش، نەریمان چی لێهات، سلێمانی چ ژین، ٣٢ل، ساڵی ١٩٦٨.

٩- عەزیز عەقراوی، تۆڵە سەندن، بێ شوێن و ناوی چاپخانە، ١٩ل، ساڵی ١٩٦٨.

١٠- حەمەکەریم عارف، گۆرانی غەریبان، بێ شوێن و ناوی چاپخانە، ٢٤ل، ساڵی ١٩٩٢.

١١- عەزیزی مەلای ڕەش، حزبی کەران، چاپی ڕۆنیۆو فۆتۆکۆپی، ٣٦ل، ساڵی ١٩٩٤ بێگومان ئەم بەرهەمانەی کە دەستنیشانمان کردن ناچنە ناو خانەی، یان بیبلیۆگرافیای کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت بەهۆی قەبارەی لاپەڕەیان کە هەر لە قەبارەی چیرۆکە و چیشی بەهۆی لایەنی هونەرییەوە کە لە کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت جیا دەکرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش چەندان بەرهەمی دیکەیش هەر لە دەیەی پەنجاو شەستەکانەوە لە شێوەی کتێب چاپکراون، ئەگەرچیش هەیانە نووسەرانیان لەسەریان نووسیون چیرۆک، یان هیچیان لەسەر نەنووسیون، واتە لەژێر پۆلینکردنی کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت بڵاونەکراونەتەوە بەهۆی بڵاو نەبوونەوەی ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیدا لەم سەردەمەی ئەوسا واتە دەیەی پەنجاو شەست و بەدواوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دەکرێ بەگوێرەی قەبارەو شێوەو ناوەرۆک و لایەنی هونەرییان کە نە چیرۆکن و نە ڕۆمانیشن بۆیە لە شێوەی کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت دەخوێنرێنەوە، دڵنیاشم لەوسەردەمە ئەگەر خاوەنەکانیان واتە نووسەرانیان لەسەریان نووسیبا نۆڤلێت، یان کورتە ڕۆمان ئەوا بێشک دەبوون بە پێشەنگ لەم بوارەدا، بەڵام بەداخەوە ئەم پۆلینەیان بۆ نەکراوە، یان لەژێر ناوی چیرۆک بڵاوکراونەتەوە بۆ نموونە لە دەیەی پەنجاکاندا چەند بەرهەمێک شایانی ئەوەبوونە کە بە نۆڤلێت لە قەڵەم بدرێن چونکە وەک قەبارەو لایەنی هونەری دەچنە ناو ئەم خانەیەوە وەک (لالۆکەریم)ی جەمال نەبەز کە لەساڵی (١٩٥٦) بە قەبارەی (٧٢) لاپەڕە چاپکراوە. هەروەها (خانزاد)ی جەمال بابان کە بەقەبارەی (٥٦) لاپەڕە چاپکراوە و هەمدیس (کاروانی) محەمەد ساڵح سەعید بە قەبارەی (٦٠) لاپەڕە چاپکراوە. ئەمە تا ساڵانی هەشتاکانیش چەندان بەرهەمی بە قەبارەو ناوەرۆک دەبینرێن، بەڵام ناویان لێنەنراوە نۆڤلێت، یان کورتە ڕۆمان بەڵکو هەر چیرۆکیان لەسەر نووسراوە بۆ نموونە کۆ چیرۆکی (گەلەگورگ)ی حوسێن عارف کە بریتییە لە چوارچیرۆک و لەسەر بەرگەکەشی نووسراوە چوارچیرۆک ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە هەردوو نۆڤلێتی (گەلەگورگ) و (شالاوی دڵ) بێشک نۆڤلێتن بەڵکو دوو نۆڤلێتی جوان و سەرکەوتووشن چ لە بارەی شێوە و چیش لەبارەی ناوەرۆکەوە کە گەلەگورگەکەی (٥٥)ی لاپەڕەی قەوارەی کتێبە و (شالاوی دڵ)یشی بە قەبارەی (٦٠) لاپەڕەی کتێبەکە کە قەبارەی کتێبی گەورەیە.

دوای ئەم دەقانەش چەندان هەوڵی دیکە دەبینین کە لێرەو لەوێ بەناوی چیرۆک، یان هەر ناوێکی دیکە بێت تۆمار و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام داخەکەم تا کۆتایی دەیەی هەشتاکان ناچنە ناو پۆلین و بیبلیۆگرافیای کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێتی کوردی، ئەگەرچی زۆر لەم دەقانە ئەگەر حیسابی قەبارەو ناوەرۆک و تەکنیکییان بۆ بکەین بێشک بە نۆڤلێت حیساب دەکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پێناسەی دەقە، یان پۆلینکردنەکەیان لەسەر نەنووسراوە ئەوا نۆڤلێت، یان کورتە ڕۆمان تۆمارەکەی دەکەوێتە دەیەی هەشناکان چونکە لەم دەیە بە دواوە ئەم ژانرە ئەدەبییە چ وەک بابەت و چ وەک دەستنیشانکردن و پۆلینکردنیشی و چ وەک زاراوەش زیاتر پەرەی سەند و خۆی چەسپاند ئەگەرچی جگە لەم دوو بەرهەمەی (حوسێن عارف) کە باسمان کرد هەر لە دەیەی هەشتاکان دەیان بەرهەمی هونەری دیکە بڵاوکراونەتەوە کە لە ڕووی هونەری و قەبارەوە کورتە ڕۆمانن، یان نۆڤلێت، بەڵام نووسەرەکەی لەسەری نە نووسیوە کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت بۆ نموونە (زەلیل)ی (حیسام بەرزنجی) کە لە قەبارەی (١١٢) لاپەرە و ساڵی (١٩٨٢) چاپکراوە نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوە (چیرۆکی درێژ)، یان (پایزە خەون)ی (محەمەد مەولوود مەم) کە لە ساڵی (١٩٨٧)دا چاپکراوە بە ڕاستیش کە نۆڤلێتێکی هونەرییە، بەڵام نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوە (داستانی کوردەواری).

هەروەها لەساڵی (١٩٩٦) (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەسەر بەرگی (سۆناتای ڕۆح)ی نووسیوە (نۆڤل). (عەزیزی مەلای ڕەش)یش لەسەر بەرگی (کرمانج)دا نووسیویەتی (وتارە چیرۆک). هەر (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەساڵی (٢٠٠١)دا کاتێ لە هەندەران (ونگە) چاپ دەکات لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیویەتی (نۆڤلێت- ڕۆمانۆکە)، بەڵام هەردوو بەرهەمەکەی لە چاپی دووەمدا کە لە ساڵی (٢٠٠٥)دا چاپکراوە لەسەریانی نووسیوە (نۆڤلێت) بەڵام یەکەمین تۆمارەکان لە ئەدەبی کوردیدا بەم شێوەیە دەکەوێتەوە: یەکەم بەرهەمی چاپکراو لە ئەدەبی کوردیدا کە نووسەرەکەی خۆی پۆلینی کردبێت و لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا نووسیبێتی (کورتە ڕۆمان)، لە (شار)دا (ماڵئاوا گوڵی خەم)ی (هیمداد حوسێن)ە کە لە ساڵی (١٩٨٨) لە بەغدا چاپکراوە، بەڵام یەکەم تۆمار لە چاپکراوەکانی (شاخ)دا کە لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسرابێت کورتە ڕۆمان (نامەیەکی بەپەلە)ی

**نۆڤلێت، یان کورتە ڕۆمان وەک زاراوە لە کۆتایی ساڵانی هەشتایەکان لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهاتووە**

(کاروان عەبدوڵڵا)یە کە لەساڵی (١٩٨٧) لە چاپخانەی حیزبی شیوعی کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام تیراژەکەیان زۆر سنووردار و کەمبووە تەنانەت شێوەی تایپ و چاپەکەشیان پێشکەوتوو و جوان نەبووە(١٤)، ساڵی دواتریش واتە ساڵی (١٩٨٩) هەر (کاروان عەبدوڵڵا) و هەمدیس لە شاخ دا کورتە ڕۆمانی (کێوی مەزن)ی چاپ و بڵاوکردەوە کە ئەمیش لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (کورتە ڕۆمان) و هەر لە شاخیشدا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە و بابەتی ڕەخنەیی باشی لەسەر نووسراوە.

یەکەم بەرهەمیش لە ئەدەبی کوردیدا کە نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوە (نۆڤلێت) ئەوا وەک تۆمار (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حەسەن)ە کە لەساڵی (١٩٩٦) چاپکراوە.

لێرەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە وەک زاراوە و بەکارهێنانی کورتە ڕۆمان یەکەم تۆماری دەکەوێتە ساڵی ١٩٨٧ و نۆڤلێتیش یەکەم بەکارهێنان و تۆماری دەکەوێتە ساڵی ١٩٩٦.

نۆڤلێت، یان کورتە ڕۆمان چ وەک شێوە و ناوەڕۆک و چ وەک ناوهێنان و پۆلینکردنی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین بە دواوە پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دیوە، چ بەشێوەی چاپکردنی کتێبی سەربەخۆ و چ وەک بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا و وەک زاراوەش توانی خۆی لە ڕۆمان و کورتە چیرۆک جیا بکاتەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت و وەک جۆرێکی پەسند و پێویستی سەردەم خۆی بەخوێنەرانی کورد بناسێنێ و لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرانی چیرۆکیش وەک جۆرێکی نوێ باسی بکەن، ئەمەش زیاتر بایەخی پێدەدرێ و دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لەم سەردەمە جەنجاڵەی ئەم ڕۆژگارەشماندا نووسەرانمان کە ناتوانن بپەرژێنە سەر ڕۆمانی درێژ دەتوانن پەنای بۆ بەرن و ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەن و ڕۆمانی درێژیش بۆ هێز و توانای دیکە جێبهێڵن و ئەمانیش لەلای خۆیانەوە ببن بە تەواوکەری یەکتر بۆ پەرەپێدانی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بەگشتی.

پێم باشە هەر لەگەڵ ئەم نووسینەدا بەگوێرەی تواناو ئەوەندەی من ئاگادارم و بەدوایدا چووبمە دەمەوێ بیبلیۆگرافیایەکی نۆڤلێتی کوردی هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە تا ساڵی (٢٠٠١) تۆمار بکەم تا ببێتە سەرچاوەیەک بۆ زانیاری و ئەم لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگر و قوتابیانەی کە دەیانەوێ زیاتر بەدوایدا بچن و زیاتر لێی بکۆڵنەوە و بەڵکو ئەگەر لەم بیبلیۆگرافیایەدا ئەگەر من شتێکیشم لەبیرکردبێ، یان تۆمارێکم نەکردبێ خەڵکی دیکەیش بێن تەواوی بکەن و بیخەنە سەر بەتایبەتیش ئەم تۆمارانەی دوای ئەم ساڵەی (٢٠٠١) کە من دەستنیشانم کردووە کە تۆمارەکە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە و خەرمان بەرەکەت، بەڵام من بۆ ئەوەی نەخشەی تەواوی نۆڤلێت بۆ خوێنەران بخەمە ڕوو تا ئێرەم هێناوە.

لە بیبلیۆگرافیاکەدا * بەم شێوەیە هێماکان دادەنێم ناوی نۆڤلێتەکە، ناوی نووسەرەکە، (چ) لە جیاتی چاپخانە، شوێنی چاپ تەنیا شارەکە دەنووسرێ، (ل) لە جیاتی ژمارەی لاپەڕەکانی نۆڤلێتەکە و (س)یش لە جیاتی ساڵی چاپکردنی دەنووسین.

١- لە خەوما، جەمیل سائیب، بەغدا، چ کۆڕ، س ١٩٧٥، ٧٨ل- ساڵی ١٩٢٥ نووسراوە.

٢- لالۆ کەریم، جەمال نەبەز، هەولێر، چ کوردستان، ٧٢ل، س١٩٥٦.

٣- خانزاد، جەمال بابان، بەغدا، چ تمدن، ٥٦ل، س ١٩٥٧.

٤- کاروانی، محەمەد ساڵح سەعید، بەغدا، چ سلمان الاعظمی، ٦٠ل، س١٩٥٧.

٥- پەڵە هەورێکی چڵکن، جەمال بابان، بەغدا، چ المعارف، ٩٨ل، س ١٩٥٨.

٦- خولەو بلە، خالید دلێر، بەغدا، چ اللواء، ٨٠ل، س ١٩٥٨.

٧- ئاوات، مستەفا قەرەداخی، بەغدا، چ المعارف، ٧٠ل، س ١٩٥٨.

٨- شەهیدانی قەڵای دمدم، مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ٥٠ل، س ١٩٥٨.

٩- ڕێگای ئازادی، محەرەم محەمەدەمین، سلێمانی، چ کامەران، ٦٤ل، س ١٩٥٩.

١٠- جوان، مەحموود ئەحمەد (ئازاد)، سلێمانی، چ ژین، ٦٤ل، س ١٩٦٠.

١١- سەرگوڵ، محەمەد عەلی مەدهۆش، سلێمانی، چ کامەران، ٧٤ل، س ١٩٦١.

١٢- گەردەلوول، عەبدولمەجید ماوەتی، سلێمانی، چ

ژین، ٨٨ل، س ١٩٦١.
١٣- شمشاڵی شوان، محەمەد ساڵح سەعید، بەغدا، چ سلمان الاعظمی، ١٠٨ل، س ١٩٦٧.
١٤- داستانی دووپاڵەوان، ڕەمزی قەزاز، بەغدا، چ الجاحظ، ٩٦ل، س ١٩٦٨.
١٥- بووکە شووشە، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، چ ئەسعەد، ٥٨ل، س ١٩٦٩.
١٦- کولەمەرگی، عەبدوڵلا ئاگرین، سلێمانی، چ کامەران، ٨٨ل، س١٩٦٩.
١٧- ئەنجامی تەماعکاری، سۆران مەحوی، سلێمانی، چ کامەران، ٩٠ل، س.١٩٧٠.
١٨- لەسەر زمانی گیانداران، سەلاح محەمەد بەهائەدین، سلێمانی، چ ڕاپەرین، ٥٣ل، س ١٩٧٠.
١٩- زێرینیای ئامێدی، محەمەد ئەمین مەنگوڕی، النجف، چ الغریبی، ٥٢ل، س ١٩٧١.
٢٠- فەیروزخانی پشتکۆ، محەمەد ئەمین مەنگوڕی، النجف، چ القضاء، ٨٤ل، س ١٩٧١.
٢١- ئایا گوناهبارە؟، یووسف دەربەدەر، بەغدا، چ الایمان، ٥٠ل، س ١٩٧١.
٢٢- خوێنی بە ناهەق ڕژاو، سۆران مەحوی، سلێمانی، چ کامەرانی، ٥٦ل، س ١٩٧١.
٢٣- جووتیارێکی کۆڵنەدەر، سەلام مەنمی، سلێمانی، چ کامەرانی، ٥٢ل، س ١٩٧١.
٢٤- ماهراکۆ، محەمەدەمین مەنگوڕی، سلێمانی، چ ڕاپەرین، ٧١ل، س ١٩٧١.
٢٥- کاسەی جەژن، سۆران مەحوی، سلێمانی، چ کامەرانی، ٩٦ل، س ١٩٧٢.
٢٦- گلێنەی گۆڕیچەدراو، سەلام مەنمی، سلێمانی، چ ڕاپەرین، ٦٤ل، س ١٩٧٤.
٢٧- دەستی دایک، عەمرێکی سەردار، ئیریڤان، ڕەوان، ٩٨ل، س ١٩٧٤.
٢٨- چوزەرەی بن پەردوو، سەلام مەنمی، سلێمانی، چ ڕپەڕین، ١٠٠ل، س ١٩٧٩.
٢٩- زەلیل، حیسام بەرزنجی، بەغدا، چ الحوادث، ١١٢ل، س ١٩٨٢.
٣٠- گەلەگورگ، حوسێن عارف، بەغدا، چ الادیب البغدادیە، کۆ چیرۆکی گەلە گورگ، ٥٥ل، س ١٩٨٣.
٣١- شالاوی دڵ، حوسێن عارف، بەغدا، چ الادیب البغدادیە، کۆ چیرۆکی گەلەگورک، ٦٠ل، س ١٩٨٣.
٣٢- ڕاوە ماسی، فازل کەریم ئەحمەد، ئەلمانیا، چ بنکەی هەنگاو، ٩٢ل، س ١٩٨٦.
٣٣- نامەیەکی بە پەلە، کاروان عەبدوڵلا، چاپی شاخ، حیزبی شیوعی، س ١٩٨٧.
٣٤- پایزە خەون، محەمەد مەولوود مەم، بەغدا، چ دار الحریة، ٨٠ل، س ١٩٨٧.
٣٥- ماڵئاوا گوڵی خەم، هیمداد حوسێن، بەغدا، چ الحوادث، ٨٤ل، س ١٩٨٨.
٣٦- کێوی مەزن، کاروان عەبدوڵلا، چاپی شاخ، بێ ناوی چاپخانە، ١١٢ل، س ١٩٨٩.
٣٧- وێنە یەکتربڕەکان، حیسام بەرزنجی، کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، چ/١، چ/٢، گ (کاروان)، ژ (٤)، س ١٩٩٢.
٣٨- چاوەڕوانی، ئارام کاکەی فەللاح، سوید، س ١٩٩٢.
٣٩- تاریکی خۆر، حەمە عەلی و هاشم سەڕاج، گ (کاروان)، خوڵی ڕاپەڕین، ژ (٤)، س ١٩٩٣.
٤٠- پیری کێوان، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، گۆڤاری (کاروان)، ژ (١٠)، س ١٩٩٤.
٤١- فیلەکەی نادرشا، موحسین ئەحمەد عومەر، پاریس، ٥١ل، س ١٩٩٥.
٤٢- حەسار و سەگەکانی باوکم، شێرزاد حەسەن، هەولێر، چ وەزارەتی پەروەردە، ٨٠ل، س ١٩٩٦.
٤٣- سۆناتای ڕۆح، عەبدوڵلا سەڕاج، هەولێر، چ هایدلبیرگ، ٦٦ل، س١٩٩٧.
٤٤- ژنانی ئاو، جەبار جەمال غەریب، گ (ڕامان)، ژ (١٨)، س ١٩٩٧.
٤٥- بەیداخ، حەمە کەریم عارف، گ (ڕامان)، ژ (١٣)، س ١٩٩٧.
٤٦- کۆڵووی پەنگ، محەمەد ساڵح سەعید، گ (ڕامان)، ژ (١٤)، س ١٩٩٧.
٤٧- یاقووتی ئەڵوەن، جەبارجەمال غەریب، گ (ڕامان)، ژ (٢٥)، س ١٩٩٨.
٤٨- گەمەی وردە ماسی، سەلاح عومەر، گ (ڕامان)، ژ (٢١)، س ١٩٩٨.
٤٩- کرمانج، عەزیزی مەلای ڕەش، بلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (میدیا)، بێ ناوی چاپخانە، هەولێر، ٥٦ل، س ١٩٩٨.
٥٠- مزگێنی، محەمەد ڕەمەزانی، گ (ڕامان)، ژ (٢١)، س ١٩٩٨.
٥١- کەمتیار، کەریم دەشتی، سلێمانی، چ داناز،

٨٦ل، س ١٩٩٩.
٥٢- مەرگی بازنەیی، سابیر ڕەشید، هەولێر، چ ڕۆشنبیری، ٤٨ل، س ١٩٩٩.
٥٣- قیامەت، کەریم دەشتی، گ (نووسەری نوێ)، ژ (٨)، س ١٩٩٩.
٥٤- کەپک، عەزیزی مەلای ڕەش، گ (نووسەری نوێ)، ژ (٨)، س ١٩٩٩.
٥٥- عەلەبەستێ، حەسەن جاف، سلێمانی، بێ ناوی چاپخانە، ١١٤ل، س ١٩٩٩.
٥٦- بورجی چاودێری گەردوونیی- ئەرارات- پاش ساڵی (٢٠٠٠)، محەمەد ئەمین ئەحمەد، گ (ڕامان)، ژ (٤٠)، س ١٩٩٩.
٥٧- گوڵستان و شەڤ، حەسەن سلێڤانی، دهۆک، چ هاوار، ٩٨ل، س ٢٠٠٠.
٥٨- ڕمووزنات، ڕۆشنا ئەحمەد، گ (ڕامان)، ژ (٥٥)، ساڵی ٢٠٠٠.
٥٩- ونگە، عەبدوڵڵا سەراج، ئەڵمانیا، چ هاڤیبون لە بەرلین، ١٢٠ل، س ٢٠٠١.
٦٠- مولازم تەحسین و شتی تریش، د. فەرهاد پیرباڵ، سلێمانی چ داناز، ١٣٦ل، س ٢٠٠١.
٦١- بەردەژن، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، هەولێر، بێ ناوی چاپخانە، ١١٦ ل، س ٢٠٠١.

**نۆڤلێت لە لێکۆڵینەوە و باسی ئەدەبی کوردیدا**

ئەوەی تا ئێستاکە لە نێو بەشەکانی زمانی کوردی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی بەغدا لە تێزو نامە ئەکادیمییاکاندا پێشکەش کراون وەک: (د. عادل گەرمیانی) لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی پێداوە تەنیا (٢) نامەی دکتۆرا (٤) نامەی ماجستێر لەبارەی ڕۆمانی کوردی تا ئێستاکە پێشکەش کراون(١٥)، بەڵام ئەم نامانە هیچیان تایبەت نین، یان بەشێکیان تەرخان نەکراوە بۆ لێدوان لە کورتە ڕۆمان، یان نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردی دا، تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٥) حەیات سەعید عەبدولکەریم نامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا کە پێشکەشی کۆلیژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی کرد و بەسەرپەرشتی د. عەبدوڵڵا حەداد تایبەت بوو بە نۆڤلێتی کوردی و لەژێر ناونیشانی (نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا- ١٩٧٠- ٢٠٠٠)، بێگومان ئەمەش جێگای دڵخۆشییە کە ئەم بابەتە گرنگە و نوێیە بەشێوەی زانستی و وەک نامەی ماجستێر پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکرێت، ئەگەرچی پێش ئەمەش من خۆم وەک باسێکی ئەدەبی گرنگ دەربارەی نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا بە زمانی کوردی و عارەبی لەسەرم نووسیوە و دیاریشە بۆ (حەیات سەعید عەبدولکەریم) بووە بەسەرچاوە و ئەم بەرهەمە زانستییەی لێ هەڵێنجاوە و دەستخۆشی لێدەکەم، بەڵام دیسان من خۆشم لێرەو لەوێ هەندێ هەڵەو کەموکوڕی و هەندێ سەرچاوەم لەبیرکردبوو، یان هەندێکیانم نەدیبوو.. بەم دواییە دوای دووجار دەسکاری و پێداچوونەوە، ئێستا تا ڕادەیەکی باش لێی دڵنیام بتوانم وەک سەرچاوەیەک باسەکەم بەزیاد کردنی چەند بەشک و دروستکردنی بیبلیۆگرافیاوە بیخەمەوە بەردەست قوتابیانی زانکۆ و خوێنەرە ئازیزەکانی و دڵنیاشم دوای منیش کەسانی تر باشتر و تێروتەسەلتر لێی دەدوێن و بەتایبەتیش ئەو بیبلیۆگرافیایەی کە من تا ساڵی ٢٠٠١ دروستم کردووە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەیهێنن.

لەنێو لێکۆڵینەو باسە ئەدەبییەکانی کوردیش دا کە تایبەت بن بە ڕۆمان و نۆڤلێتی کوردی، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە عەبدولڕەحمان پاشا لەم کتێبەی کە بەناونیشانی (الرواية الكردية) و ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن دەزگای ئاراس چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە چەند شوێنێک ئاماژەی بەکورتە ڕۆمان داوە و لەژێر ناوی (القصة الوسطى) هەم پێناسەو قەوارەی دیاریکردووە و هەمیش بیبلیۆگرافیاشی بۆ چەند کورتە ڕۆمانێک کردووە، کە لە (لالۆکەریم)ی جەمال نەبەز، ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێکردووە تا (نازە)ی (ئیسماعیل ڕۆژبەیانی) کە لە ساڵی ١٩٨١ چاپکراوە، ئەگەرچی ئەوەی دواییان لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسراوە (ڕۆمان)، بەڵام دیارە (ع. پاشا) بە کورتە ڕۆمانی داناوە.

بێگومان لە نامەی ماجستێری (د. ئیبراهیم قادر محەمەد) و نامەی ماجستێری (د. عادل گەرمیانی)ش کەم تا زۆر لە هەندێک باسی ڕۆمان و گفتوگۆدا موناقەشەی کورتە ڕۆمان کراوە وەک (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف کە د. ئیبراهیم بە ڕۆمانی داناوە، بەڵام د. عادل بە کورتە ڕۆمانی داناوە، بەڵام وەک نامە و باسی و لێکۆڵینەوە و تەوەرە و مێزگردنی تایبەت بە نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەی کە تا ئێستاکە لە بارەیەوە نووسراوە بەم شێوەیە کە بەیەک بە دوای یەکی باسەکانەوە نووسیومانە:

١- ناسر وەحیدی، جەبار جەمال غەریب، حەسەن

سلێڤانی، ئەنوەر محەمەد تاهیر، شێرزاد حەسەن، ڕەوف حەسەن، محەمەد ئەمین ئەحمەد، نۆڤلێت لە دیدی نۆڤلێتنووسانەوە، مێزگردی گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٥٠) لە (٥)ی ئابی ٢٠٠٠.

٢- صابر رشيد، الرواية القصيرة- نوڤليت- في الآدب الكوردي، جريدة (خه بات)، العدد (١٠٥٠) في ٢٠٠١/١١/٢.

٣- چنار بێجان جندی، تەکنیکی گێڕانەوە لە نۆڤلێتی مەرگی بازنەیی دا، بەسەرپەرشتی د. فەرهاد پیربال، باسی دەرچوون کە پێشکەشی بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ساڵی ٢٠٠٤.

٤- سابیر ڕەشید، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی ئەدەبی (ستایل)، ژمارە (١٩) لە ٢٠٠٥/٣/١٥.

٥- حەیات سەعید عەبدولکەریم، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠- ٢٠٠٠)، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی د. عەبدوڵلا حەداد، پێشکەش بە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە، تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**(١) د. عادل گەرمیانی، چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ٢٠٠١، ل١١٦.**

**(٢) ڕەوف حەسەن، مێزگردی گۆڤاری (ڕامان)، نۆڤلێت لە دیدی نۆڤلێتنووسانەوە، ژمارە (٥٠)، ٥ی ئابی ٢٠٠٠، ل ١٤٨.**

**(٣) شێرزاد حەسەن، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٦.**

**(٤) ئەنوەر محەمەد تاهیر، هەمان سەرچاوە، ل١٤٤.**

**(٥) جەبار جەمال غەریب، هەمان سەرچاوە، ل١٤١.**

**(٦) ناسر وەحیدی، هەمان سەرچاوە، ل١٤١.**

**(٧) حەسەن سلێڤانی، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.**

**(٨) محەمەد ئەمین ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٣.**

**(٩) د. عادل گەرمیانی، چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ٢٠٠١، ل١١٨.**

**(١٠) چنار بێجان جندی، تەکنیکی گێڕانەوە لە نۆڤلێتی مەرگی بازنەیی دا، باسی دەرچوون، بەسەرپەرشتی د. فەرهاد پیربال، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠٠٤، ل٦.**

**(١١) عبدالرحمن پاشا، الرواية الكردية، ط/١، دار ئاراس للطباعة و النشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١، ص٩.**

**(١٢) حەیات سەعید عەبدولکەریم، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠- ٢٠٠٠)، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی، د. عەبدوڵلا حەداد، پێشکەش بە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، ل٣٠.**

**(١٣) د. عادل گەرمیانی لە ماجستێر نامەکەیدا (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیدا) پێی وایە کە (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف کورتە ڕۆمانە و پاساویشی بۆ هێناوەتەوە، بەڵام د. ئیبراهیم قادر محەمەد لە ماجستێر نامەکەیدا (ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا) پێی وایە کە (مەسەلەی ویژدان) ڕۆمانە و بەیەکەم نۆبەرەی ڕۆمانی کوردیشی داناوە، هەروەها د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و د. عەبدوڵلا دەباغ و هی دیکەیش لە نووسینی جیاجیادا ڕای جیاوازیان لە بارەی بە ڕۆمان بوون و نەبوونی مەسەلەی ویژدان و لە خەومەاو بەرهەمی دیکە داوە، منیش لای خۆم (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەدی موختار جاف بە ڕۆمان دادەنێم و (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)یش بە نۆڤلێت دەزانم بۆیەش بەسەرەتای نۆڤلێتی کوردیم داناوە، بەڵام د. عادل گرمیانی لە چاوپێکەوتنێکیدا کە لە ژمارە (٢٠٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی گۆڤاری (کاروان)دا ڕاکەی خۆی لەمەڕ (مەسەلەی ویژدان) گۆڕیوە و لەم هەڤپەیڤینەدا بەسەرەتای ڕۆمانی کوردی داناوە.**

**(١٤) حەیات سەعید عەبدولکەریم، هەمان سەرچاوە، ل١٣٤.**

**(١٥) د. عادل گەرمیانی، سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردی و ئاستی واقیعی ئەمڕۆ، هەڤپەیڤین، ئا: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٠٠)ی ساڵی ٢٠٠٥، ل ١٠٥.**

**(*) بۆ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا سوودێکی زۆرم لە هەردوو کتێبی (مستەفا نەریمان) وەرگرتووە:**

**١- مستەفا نەریمان، بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی- ١٧٨٧- ١٩٧٥، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧.**

**٢- مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٦.**

# با بە زمانی حەیزەران نموونەکانمان نەشێوێنین

ئامر تاهیر
(فەرەنسا)

ماوەیەک بوو لە سەر ئینتەرنێت و لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەنگ و باسی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی (زمانی حەیزەران)ی د. فەرهاد پیربال-م دەخوێندەوە. زۆرم پێ خۆش بوو بتوانم هەرچۆنێک بێت بەرگێکی ئەو کتێبە بە دەست بێنم. ئەم پەرۆشییەی من لە لایەک لە خۆشەویستیم بۆ نووسینەکانی د. فەرهادەوە سەرچاوەی دەگرت و لە لایەکی تریشەوە لە حەز و ئارەزووم بوو بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی دەگمەن کە تێیدا نووسەر هەوڵ دەدات گوزارشت لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان بکات و زمانحاڵی بێت. خۆشبەختانە بە یارمەتی برادەرێک کتێبەکە لەگەڵ کتێبێکی تری د. فەرهاد "شیعری نوێی کوردی" پاش ماوەیەکی کەم گەیشتنە دەستم. هەر بە گەیشتنیانەوە کەوتمە سەر خوێندنەوەی کتێبی "زمانی حەیزەران"، بەڵام بەداخەوە بە خوێندنەوەی چەند دێڕی سەرەتاکەی کەمێ ساردبوومەوە. هەرچەندە ساردبوونەکە نەبووە هۆی وەستانم لە خوێندنەوەی و تا کتێبەکەم تەواو نەکرد، وازم لێ نەهێنا.

دیارە لە سەرەتای کتێبەکەیەوە تا کۆتاییەکەی د. فەرهاد هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە کۆمەڵگاکەمان بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژاوا، پێکهاتەیەکی باوک سالارە و باوکە پیرەکان دەستیان بە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا گرتووە و ڕێگایان لە کوڕی گەنج لە بوون بە شەنگستی پێشخستن و پەرەپێدانی کۆمەڵگا گرتووە. ڕاستە کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی نییە، بەڵام نووسەر لەو شوێنەی پێویست دەکات پشت بە بەڵگە و نووسراوە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی کوردی و بیانی دەبەستێت و دەیانکاتە

پاڵپشت بۆ گوتارەکانی.

لە سەرەتای کتێبەکەیدا و لە بەشی "ئیسماعیل پێغەمبەر"دا نووسەر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە باوکسالاریەتی مرۆڤی کورد و پێچەوانەشی لای ئەورووپییەکان بۆ ئەو کانگا قووڵەی لە ناو بێ ئاگایی دەستەجەمعیی؛ لە دەروونی هەردووکیاندا هەیە، ئەو کانگایەی دەروونناسەکان ناوی دەنێن لا شعووری جەمعی Conscience Collective(1)، دەگەڕێتەوە، پشت بە دوو بەڵگەی ئەدەبی ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتی کۆن دەبەستێت. کە بریتین لە تراژیدیای "ئۆدیب پاشا"ی "سۆفۆکلیس"ی یۆنانی و ئەفسانە شیعرییەکەی "روستم و سهراب"ی شاعیری گەورەی ئێرانی "فیردەوسی":

لە کولتووری ڕۆژئاوادا زۆرانبازی نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێ زۆرانبازییەکی خوێناوی و شەڕانگێز نییە. بۆ نموونە باوک (ئەگەر وەک سمبوولێک لەم جەنگەدا وەربگرین) باوکی ڕوژئاوایی هەمیشە بڕیار و مافی بڕیاردان دەبەخشێتە کوڕ خۆی، واتە کوڕ ئازاد بەجێ دەهێڵێت: کەچی هەمان ئەو زۆرانبازییەی نێوان باوک و کوڕ لە کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا زۆرانبازییەکی خوێناوی و شەڕانگێزانەیە. لە سەر بنچینەی دکتاتۆریەت و فەرمانڕەوایی باوک دامەزراوە، هەر بۆیەش دەبینین لە زۆرانبازییەکەی ڕۆژهەڵاتدا هەمیشە باوک دەیباتەوە. بۆ نموونە، تۆ تەماشاکە لە ئەفسانە یۆنانییەکەدا، لایۆس پاشای باوکی ئۆدیب، کاتێ دەزانێ ئۆدیبی کوڕی، غەریزە و هەوەسێکی سێکسی بەرامبەر دایکی خۆی پەیدا کردووە، ناچێ ئۆدیبی کوڕی خۆی بکوژێت، بەڵکو بۆ دوورگەیەکی دەنێرێ و لە دایکی خۆی دووری دەخاتەوە. کەچی لە ئەفسانە ئێرانییەکەدا، کاتێ ڕۆستەمی باوک پشتی زۆرابی کوڕی خۆی لە عەرد دەدات، دەمودەست - بۆ ئەوەی بۆ خەڵک نیشانی بدات کە باوک چەند ئازا و فەرمانڕەوایە - قلنجەکەی دەچەقێنێتە هەناوی کوڕەکەی خۆی. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر زۆرابی کوڕ، لە کاتی پشت لە عەرد دانی باوکی خۆیدا، جەسارەت و دڵی ئەوەی نەهات باوکی خۆی بکوژێت!(٢)

لە بەردەوامی نووسینەکەیدا نووسەر بە ئاشکرا ئەم دوو نموونەیە دەکاتە بناغەی حوکمدانێکی فەلسەفی:

بەراورد کردنی ئەم دوو ئەفسانەیە، خاڵە جەوهەرییەکانی جیاوازی نێوان فەلسەفەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوامان لەبارەی ئەم مەسەلەیەی جەنگی نێوان نەوەکان تێدەگەیەنێت و بە ئاشکرا پێمان دەڵێت: ڕۆژئاوا هی کوڕە، بەڵام ڕۆژهەڵات هی باوکە(٣)..

چەند پەرەگرافێک خوارتریش ڕاشکاوانە دەڵێت کە ئەم دوو نموونەیەی سەرەوەی بۆ سەلماندنی ڕاستی قسەکانی هێناوەتەوە:

دوای ئەم قسانەی لە سەرەوەدا کردمن و ئەم دوو نموونە سەلمێنەرەشم بۆ بەڕاستگەڕاندنی قسەکانم هێنایەوە، کەواتە، ئێستا دەتوانم ڕێ بە خۆم بدەم و بڵێم: بە درێژایی مێژووی کورد، وا پێدەچێ تاکی کورد، ئەگەر کوڕ ئەگەر کچ (کە مەبەستم گەنجی کورد و نەوەی نوێی کوردە) بام ویستبێتی جیاوازیش بیر بکاتەوە و هەندێ جار حەزیشی کردبێت خۆی ئازاد بکات و دوای کەڵکەڵە و هەوەسەکانی خۆی بکەوێت، بەڵام ئەم هەست و حەز و ویستەی هەرگیزاو هەرگیز نەکردۆتە جەنگێک دژی باوک یان دژی نەوەی کۆن یان دژی عەشیرەتەکەی. نەیتوانیوە بوێرێت ئەمە بکا(٤)..

پشت بەستن بە نموونە ئەدەبی و ئەفسانەییەکان بۆ ئانالیزی باوەڕێکی هزری فەلسەفی لە خۆیدا شتێکی تازە نییە. تراژیدیای ئۆدیبی پاشا کە د. فەرهاد سوودی لێ دەبینێت، بنەمای هەندێ لە ئانالیزە دەروونناسییەکانی "فرۆید" بووە لە مەڕ هەستی خۆشەویستی لە نێوان کوڕ و دایک لە لایەک و باوک و


د. فەرهاد پیرباڵ

کچ لە لایەک و بە کومپلێکسی (گرێی) ئۆدیب ناوی لێ بردووە و بۆ یەکەمجار لە نامەیەکیدا بۆ Wilhem Fliess بە کاری دەهێنێت(٥)، بەڵام نابێت ئەم بەڵگانە بە چەواشەیی بە کار بهێنرێن. چونکە نموونەی چەواشە کراو و شێوێنراو بۆی هەیە بە جێ بوونی هزرە رووخراوەکە و پاشماوەی نووسینەکە و ڕاستی ئەنجامەکان بخاتە ژێر گومان و پرسیار. بە ڕای من د. فەرهاد هەردوو نموونەی "ئۆدیبی پاشا" و "روستم و سهراب"ی چەواشە کردووە و ڕاستی ئەفسانەکان وا نییە کە ئەو لە کتێبەکەیدا باسی دەکات، بەڵام لێرەدا دەمەوێت ڕاشکاوانە ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە سەلماندنی چەواشەبوونی بەڵگەکانی بە هیچ شێوەیەک بەو مەبەستە نییە کە ڕاستی پاشماوەی نووسینەکانی بخەمە ژێر گومان و ئامانجم ئەوە نییە بەم چەند دێڕە حوکمی شەخسی خۆم لە سەر ناوەڕۆکی کتێبەکەی بدەم. تەنیا ئەوە نەبێت کە دەمەوێت وەکو یەکێک لەو گەنجانەی د. فەرهاد بە درێژی نووسینەکەی لەم کتێبەدا داکۆکی لە مافەکانیان دەکات، وەکو قوتابییەک کە لە بەردەستی هاوکارانی فێری زانست بوون و بە زانستی نووسین ئاشنا بووە و [شانازیشی پێوە دەکەم] و تا ئێستاش هەر خەریکی فێر بوونە، بە بەڵگەوە و بە شێوازێکی زانستی پیشان بدەم کە د.فەرهاد نموونەکانی شێواندووە و ئەو نموونانە بە هیچ شێوەیەک نابن بە بناغە بۆ بیرۆکەکەی دەربارەی کێشەی نێوان نەوەی نوێ و نەوەی کۆن لای کورد و ئەوروپاییەکان (یان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە گشتی).

تراژیدیای "ئۆدیبی پاشا" کە یەکەم نموونەیە د. فەرهاد پشتی پێ دەبەستێت، یەکێکە لە بەرهەمە هەرە ناودارەکانی سۆفۆکلیس (٤٩٦ - ٤٠٦ پ.ز.) تراژیدیا نووسی ناوداری یۆنانی کۆن(٦). بابەتی سەرەکی تراژیدیاکە قەزا و قەدەری خواوەندەکانە کە بە سەر پاڵەوانەکاندا زاڵە. سۆفۆکلیس لە تراژیدیاکەدا دەیەوێت ئەوە پیشان بدات کە ئەو چارەنووسەی خواوەندەکان بۆ پاڵەوانان دایان ناوە هەر چۆنێک بێت جێبەجێ دەبێت و پاڵەوانەکان ناتوانن خۆیان لێ بدزنەوە. قەزا و قەدەری ئۆدیبیش ئەوە بووە کە باوکی خۆی "لایۆس" بکوژێت و "ژۆکاست"ی دایکی خۆی مارە بکات. لێرەدا کورتەیەکی تراژیدیاکە دەخەمە ڕوو، بەڵام خستنە ڕووی خودی تراژیدیاکەم مەبەست نییە، بەڵکو دەمەوێت پیشانی بدەم کە باوکی ئۆدیب - وەکو د. فەرهاد دەڵێت - نەفی ناکات، بەڵکو کوشتنی کوڕەکەی پێ مەبەست بووە.

تراژیدیاکە بەوە دەست پێدەکات کە دەستەیەک لە شاری "تێب"ەوە بە سەرکردایەتی پیاوێکی ئایینی داوا لە ئۆدیبی پاشای شارەکە (کە شوێنی لایۆسی گرتووە) دەکات کە بۆ نەهێشتنی ئەو نەخۆشییە گشتگیرەی یەخەی دانیشتووانی شارەکەیانی گرتووە، لە خواکان بپاڕێتەوە و ناوبژیوانییان بکات. ئۆدیب بۆ ئەم مەبەستە "کرێئون"ی خزمی خۆی ڕەوانەی "دێلف" کردبوو تا پەیامی خواکانی بۆ بهێنێتەوە. پەیامەکەش بریتییە لەوەی کە شارەکە دەبێ لە بوونی ئەو کەسەی لایۆس پاشای کوشتووە، پاک بکرێتەوە. ئۆدیب فەرمان دەدات کە تاوانبار دەبێ دان بە تاوانی خۆیدا بنێت و خۆی ئاشکرا بکات، بەڵام "تیرزیاس" کە پیاوێکی ئایینییە و ئاگای لە ڕاستییەکانە، پەردە لە سەر نهێنییەکە هەڵدەداتەوە و ڕایدەگەیەنێت کە ئۆدیب خۆی بکوژی لایۆسی باوکێتی و نەفرەت لێکراوە و بەم زووانە لە شارەکە دەر دەکرێت. [ئۆدیب تا ئەو کاتە خۆی بە کوڕی "پۆلیب"ی پاشای "کۆرەنت" دەزانی. لەوەتی لە بیریەتی هەر لە لای پۆلیبی پاشای کۆرەنت و ژنەکەیەتی، واتا مێرۆپ گەورە کراوە و هەمیشە بە دایک و باوکی خۆی ناسیون. تا ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێکی سەرخۆش جنێوی پێی دەدات و پێی دەڵێت "حیز" (بیژی، زنازادە). ئەمیش سەرەڕای ئاگادارکردنی پۆلیبی باوکی و دڵنیا بوون لە وەڵامەکەی (کە وەکو هەمیشە بە کوڕی ڕاستەقینەی خۆی ناوزەدی دەکات)، بۆ ئاشکرا کردنی ڕاستییەکانی لە دایک بوونی خۆی، لە ئەپۆلۆن(٧) دەپاڕێتەوە، بەڵام ئەپۆلۆن لە جیاتی وەڵامی پرسیارەکەی ئۆدیب، باسی قەزا و قەدەرەکەی بۆ دەکات. ئۆدیبیش بۆ ئەوەی باوکی خۆی (کە پێی وابوو پۆلیبە) نەکوژێت و دایکی خۆی (مێرۆپی ژنی پۆلیب) لە خۆی مارە نەکات، لە کۆرەنت ڕادەکات و لە ڕێگادا تووشی پیاوێکی شاهانە و هەندێ لە هاوڕێیانی دەبێت و لە نێوانیاندا شەڕ دەقەومێ و جگە لە خزمەتکارێک، پیاوەکە (کە لایۆسی باوکی ڕاستەقینەی ئۆدیبە) و هاوڕێیانی بە دەستی ئۆدیب دەکوژرێن. ئۆدیب دەگاتە شاری تێب و بە هۆی لێهاتوویی خۆی دەگاتە تەختی پاشایەتی و ژۆکاستی ژنی لایۆسی (کە دایکی ڕاستەقینەی خۆیەتی) لە خۆی مارە دەکات.] هەر لەو بەینەدا خەبەری مەرگی

پۆلیبی باوکی دەگاتێ و بەوە وادەزانێت کە وا تیرزیاس نیازی خراپە و لە دژی دەسەڵاتەکەی پیلانگێڕی دەکات، کەچی کاتێ ژۆکاستی ژنی بۆ دڵنیا کردنی لەوەی کە بکوژی لایۆس نییە، بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەو و مێردەکەی خۆیان لە منداڵەکەیان قورتار کردووە و هەروەها چۆن مێردی پێش هاتنی ئۆدیب بۆ تێب [بە شایەدی ئەو خزمەتکارەی کە قورتار بووبوو] بە دەستی کۆمەڵێ بیانی کوژراوە، ئۆدیب لە بەر لە یەکچوونی ڕووداوەکان ترسی زیاتر دەبێت و لە سەر ئاشکرا کردنی ڕاستییەکان مکوڕتر دەبێت(٨). ژۆکاست بۆ ئۆدیب ئاوها باسی لەناوبردنی کوڕی خۆی و لایۆس دەکات:

**ژۆکاست:** ئەمەیە ئەو شتەی ئازارت دەدات؟ هیچ بیری لێ مەکەرەوە. گوێم لێ بگرە و باش بزانە کە کەس لێرەدا نهێنییە خوداییەکەی لە لا نییە. بە دوو وتە من بۆتی دەسەلمێنم پەیامێکی خودایی گەیشتە لایۆس (لە خودی ئەپۆلۆنەوە، نەبوو دەبێ ئەوەش بڵێم، بەڵکو لە ڕاوێژکارانی) قەدەری ئەوەیە کە بە دەستی کوڕی خۆی کە لە منەوە لە دایک دەبێت، بکوژرێت، کەچی هەمووان دەیڵێنەوە کە لایۆس بە دەستی هەندێ بیانییەوە کوژراوە. سەبارەت بە منداڵەکەشەوە، هێشتا سێ ڕۆژی تەواو بەسەر لەدایک بوونی تێپەڕ نەببوو کە باوکی بە لاقی بەستراوەوە هەندێ کەسی ڕاسپارد کە لە کوژبنێکی بزر لە ناو چیاکاندا بە جێی بێڵن. هیچ لە وتەکانی ئەپۆلۆن نەهاتنە دی (٩)، بەڵام کاتێ ئۆدیب داوا لە ژۆکاست دەکات کە باسی نیشانە ڕوخسارییەکانی لایۆس و چۆنییەتی و شوێنی کوژرانی بۆ بکات، دەبینێت نیشانەکان زۆر لە هی ئەوانە دەچن کە لە سەر ڕێگای بەرەو تێب بینیبوونی و کوشتبووی و ترس هەموو گیانی دادەگرێت. تەماشای وەڵامی ژۆکاستی دایک و ژنی ئۆدیب بکەن کاتێ ئۆدیب داوا دەکات ئەو خزمەتکارەی کە لە ڕۆژی کوژرانی لایۆس لە مردن قورتار بووە، ئامادە بێت و شایەتی بدات کە لایۆس نەک بە دەستی یەک کەس، بەڵکو بەدەستی کومەڵێ چەکدار [وەکو پێشتریش وا شایەتی داوە] کوژراوە.

**ژۆکاست:** نا، بە ڕاستی ئاوها شایەتییەکەی داوە و دەتوانی لەوە دڵنیا بیت، مومکین نییە لێی پاشگەز بێتەوە. هەموو شارەکەش بیستوویەتی و من تەنیا کەس نیم، تەنانەت ئەگەر شایەتییەکەی کەمێ لە هی پێشتر جیاواز بێت، ئەمە بەس نییە شتەکان هەموویان وەکو پێویست بۆسەلماندنی ئەم کوشتنە بخرێنە نێو چوارچێوەوە مەگەر ئەپۆلۆن نەیگوتبوو کە لایۆس بە دەستی ئەو کوڕەی دەکوژرێت کە لە منەوە لە دایک دەبێت؟ کەچی بکوژەکەی، کوڕەلە بەستەزمانەکە نەبووە: خۆی زۆر پێشتر مردبوو(١٠).

بەڵام دوایی بە شایەدی ئەوانەی لە سەردەمی لە دایک بوونی ئۆدیب دا لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بوون، وا دەردەکەوێت کە ئۆدیب کوڕی ڕاستەقینەی پۆلیب نییە و شوانێک کە کاری بۆی دەکرد ئەوی لە شوانێکی تر کە بۆ لایۆس کاری دەکرد وەرگرتبوو و بردبوویە لای پۆلیب. پۆلیبیش لە بەر ئەوەی مێرۆپی هاوسەری نەزۆک بوو، وەکو کوڕی خۆی بەخێوی کردبوو، بۆیە ئۆدیب لە بەدواداچوونی نهێنییەکانی لە دایک بوونی خۆی ڕژدتر دەبێت.

لە بەردەوامی تراژیدیاکە ئۆدیب داوای ئامادە بوونی شوانە کە دەکات کە ئێستا زۆر پیر بووە و پرسیاری لێ دەکات بۆ ئەوەی بزانێت لە ڕاستیدا ئەو بووە کە منداڵەکەی داوە بە شوانە بیانییەکە و بۆچی؟

**ئۆدیب:** تو منداڵەکت پێ داوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە.

**شوان:** بەڵێ، من پێم داوە....خۆزگە لەو ڕۆژە



بمردمایە.

**ئـۆدیـب:** هەر ئەوەشـە کە چاوەڕێت دەکـا ئەگـەر ئەو شتانەم پێ نەڵێی کە مافی خۆمە بیزانم.

**شوان:** بەڵام بۆ من، ئەگەر بیڵێم... واتا دەبێ ڕەنجی هەزار مەرگ بچێژم!

......

**ئـۆدیـب:** لە کـوێ هێنابووت؟ هی خـۆت بوو یا هی کەسێکی تر؟

**شوان:** هی من؟ نا، لە کەسێک وەرم گرتبوو.

**ئۆدیب:** لەم شارە؟ لە کێ؟ لە چ ماڵێک؟

**شوان:** تو خوا سەروەرم، لەوە زیاترم لێ داوا مەکە؟

**ئـۆدیـب:** ئەگـەر ناچارم کـەی پرسـیـارەکـەم دووبارە بکەمەوە، دەتکوژم.

**شـوان:** ڕاسـتییـەکەی.... کۆرپەلەکە لە مـاڵی لایۆس بوو.

**ئۆدیب:** خزمەتکارێک؟ یا لە خێزانەکەی؟

...

**شـوان:** کوڕی خۆی بوو، وا بۆیان گێڕابوومەوە، بەڵام کـەسـێکت لێـرە هەیە کـە لە هەمـوو کـەسـێک باشـتـر دەتوانێت زانیاریت پێ ببەخشێت: هاوسەرت.

**ئۆدیب:** ئەو بوو مناڵەکەی پێ دای؟

**شوان:** بەڵێ سەروەرم.

**ئۆدیب:** بۆ چی؟ چی دەویست؟

**شوان:** کە من لە ناوی ببەم.

**ئۆدیب:** ئەو، مناڵەکەی؟ قوورِ بەسەری!

**شوان:** پەیامێکی مەرگباری خوایی ترساندبووی.

**ئۆدیب:** کامە؟

**شوان:** واگوترا بوو کە دایک و باوکی خۆی دەکوژێت.

**ئـۆدیـب:** جـا بۆ چی مـنداڵەکـەت دایە دەست ئەم پیرەمێردە؟

**شوان:** بەزەییم پێدا هاتەوە، سەروەرم. (۱۱)

لێرەیە کە هەمـوو ڕاسـتییـەکان بۆ ئۆدیب ئاشکرا دەبن کە قەدەر وای لێ کردووە بێ ئەوەی بزانێت، بـاوکی خۆی بکوژێت و دایکی خـۆی مـارە بکـات. بە پێـچـەوانەی نووسراوەکەی د. فەرهاد پیربال کە بە درێژایی تراژیدیاکە چەند جـار بۆمـان ڕوون دەبێـتـەوە کـە یەکـەم: بڕیاری لە ناوبردنی ئۆدیب لە لایەن بـاوکیەوە لە بەر ئەوە نەبووە کە ئۆدیب هەسـتـی سـێکسـی لە بەرامـبـەر دایکی پەیدا کـردووە، بەڵکو لەبەر پێـشـگۆییـەکی خـوایی بووە لەمـەڕ کـوشـتـنی بـاوکی و مـارە کـردنی دایکی. ئەمـەش لە کـاتێکدا کـە ئۆدیب تازە لە دایک ببـوو. دووەم: لایۆسی باوکی و ژۆکاسـتی ژنی کە دایکی ئۆدیبە، کاتێ پەیامی ڕاوێژکـارانی ئەپۆلۆنیـان پێ دەگـات بڕیاری کـوشتن و لە ناوبردنی کۆرپەلەکەیان دەدەن و پیلانێکی بۆ دەکێشن و هەر لە سـێـیـەم ڕۆژی تەمـەنیـدا جـێـبـەجـێی دەکـەن و پیـلانەکـەش وەکـو لاگۆست خۆی و شـوانەکە لە سـەرەوە دانی پێـدادەنێن، بۆ کـوشتن و لە ناوبردنی منداڵەکـەیان بووە و بریتی بووە لە بە جێهێشـتنی کۆرپەلە بە دەست و پێ بەسـتراوی لە قـوژبنێکی بزری نێوان شاخە دوورەکان بۆ ئەوەی لە نـاو بچێت. (جـا لە برسان بێت یا بە دەست گیـانلەبەرێکی دڕندەوە...!). ئەمەش بە هیچ شێوەیەک لە نەفی کـردنێکی بـاوکـانە (وەکو د. فـەرهاد بۆی چووە) ناچێت. ئەگـەریش منداڵەکە زیندوو مـاوە و نەکـوژراوە، لەبـەر بەزەیی بـاوکی نەبووە، بەڵکو لە بەر ئەوە بووە کـە ئەو پیـاوەی ئەرکی لە نـاوبردنی پێ سـپـێـردرابوو بەزەیی پێ هاتووەتەوە و منداڵەکـەی داوەتە دەست شـوانێکی بیانی تا لە وڵاتی خۆیدا بەخێوی بکات.

نموونەی دووەمی د. فـەرهاد کوژرانی زۆراب بە دەستی باوکی خۆی ڕۆستەمە کە لە داستانی ئەفسانەیی "روستم و سـهــراب"ی گـەورە شـاعـیـری نـاوداری فـارسـی "فیردەوسی" وەرگیراوە. ئەم داستانە ئەفسانەییە یەکێکە لە دەیان داسـتـانـی "شاهنامـە"ی شاکارە شیـعـرییـەکەی فیـردەوسی و بەوە دەست پێ دەکـات کـە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕۆستەم بە هەسپە نموونەییەکەیەوە "رخش" دەچێتە نزیک سنووری تووران (وڵاتی تورکـان) بۆ نێـچـیـرگـرتن. نێـچیـرەکـەی ڕاودەکـات و خـەریکی خـواردنی دەبێت و پاشان ساتێک دەحەسێتەوە. لەو بەینەدا هەندێ تورکی شاری "سمنگان" هەسپـەکەی لێ دەدزن «آمـدن رسـتم بنخـچیـرگـاه» (۱۲). ڕۆسـتـەم بە دوای هەسپـەکە دێتـە شـارەکە و داوای هەسـپـەکە دەکـات. لە بەر ناوبـانگی لە لایەن شـا و گەورەکانی شارەکەوە پێشـوازییـەکی گەرمی لێدەکرێت و دەبێتە میوانی شەویان (آمدن رستم بە شهر سمنگان). بە شەو کـاتێ ڕۆسـتـەم لە سـەر تەختـەکەی، خـۆی بۆ نووستن ئامـادە دەکـات، "تـهـمـیـمـە" ی کـچی سـمـنگان دێتـەوە لای و دڵدارییـەکـەی خـۆی پێ ڕادەگـەیەنێت. ڕۆستەمیش دەسبەجێ کچەکـە لە باوکی دەخوازێت و داواکەی بە خۆشحاڵییەوە پەسەند دەکرێت و

هەر ئەو شەوە دڵدارەکان پێکەوە دەخەون. بەیانییەکەی ڕۆستەم کە بە دیتنەوەی هەسپەکەی شاد بووە، دەبێ سمنگان بە جێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، بۆیە موهرەیەک کە بە زەندی خۆی بەستبوو، دەکاتەوە و دەداتە تهمیمە و داوای لێدەکات کە ئەگەر منداڵەکەیان کچ بوو موهرەکە بە مووی سەریەوە بەند بکات و ئەگەر کوڕیش بوو وەکو باوکی بە زەندییەوە ببەستێت (آمدن تهمیمە دختر شاه سمنگان نزد رستم)(١٣).

لێرەوە تا شەڕی ڕۆستەم و زۆراب، گەلێ ڕووداوی تر لە شاهنامە باس کراون و مەبەستم نییە لێرەدا هەموویان بە دوور و درێژی بخەمە ڕوو و هەرکەسێ بیەوێت، دەتوانێت ڕووداوەکان بە وردەکارییەکانیانەوە لە خودی شاهنامەدا بخوێنێتەوە. من زۆر بە کورتی باسیان دەکەم و دێمەوە سەر مەسەلەی ڕۆستەم و زۆراب، بۆ ئەوەی پیشان بدەم چۆن ڕاستی ڕووداوەکە لە لایەن نووسەری "زمانی حەیزەران" چەواشە کراوە و لە کاتی کوشتنیدا ڕۆستەم نەیزانیوە کە زۆراب کوڕێتی.

زۆراب هەر لە منداڵییەوە لە دایکییەوە نیشانەکانی باوکی خۆی وەرگرتووە و دەزانێت ڕۆستەم باوکێتی. هێشتا زۆر گەنجە کاتێ سواری ئەسپ دەبێت و خۆی ئامادە دەکات بچێتە شەڕی "کاووس"ی شای ئێران (لە بیر نەکەین کە زۆراب لە ناو تورکەکان و لە وڵاتی تووراندا گەورە بووە). ئەمەش بیانوویەکە بۆ ئەوەی باوکی خۆی ڕۆستەم ببینێت (گزیدن سهراب اسب را)(١٤). دەنگۆی خۆ بەرهەڤ کردنی زۆرابی گەنج دەگاتە "ئافراسیاب"ی پاڵەوانی توووران. ئەویش دوو لە جەنگاوەرە زیرەکەکانی خۆی بە ناوەکانی "بارمان" و "هومان" لەگەڵ دە هەزار شەڕکەری سوار ڕەوانەی سمنگان دەکات تا لە شەڕەکە دا یارمەتی زۆراب بدەن و داوایان لێ دەکات کە:

**چنین گفت کین چاره اندر نهان**
**بدارید و سازید کار جهان**
**پسر را نباید که داند پدر**
**ز پیوند جان و ز مهر طهر**
**چو روی اندر آرند هر دو بروی**
**تهمتن بود بی گمان جنگجوی**
**مگر کان دلاور گوسال خورد**
**شود کشته بر دست این شیر مرد**
**چو بی رستم ایران بچنگ آوریم**
**جهان پیش کاؤس تنگ آوریم**
**وز آنپس بگیریم سهراب را**
**ببندیم یکشب بدو خواب را**
**وگر کشته گردد بدست پدر**
**از آن پس بسوزد دل نامور(١٥)**

واتە: هیچ نابێت ڕۆستەم بزانێت کە زۆراب کوڕیەتی. ئەگەر زۆراب ڕۆستەمی کوشت، ئەوە ئێرانی بێ ڕۆستەم زۆر بە ئاسانی داگیردەکەین و پاشان خۆمان زۆرابیش لە کاتی نووستندا دەکوژین. ئەگەریش ڕۆستەم زۆرابی کوشت، کاتێ زانی کوڕی خۆی کوشتووە، جەرگی دەسووتێت؛ (فرستادن افراسیاب بارمان و هومانرا بنزدیک سهراب).

زۆراب لە یەکەم قۆناغیدا بەرەو وڵاتی ئێران دەگاتە قەڵای سپی (دژ سپید) کە لە ژێر بەرپرسیارەتی "هجیر" ناوێک دا بووە. بە بینینی زۆراب هجیر لە قەڵا دێتە خوار و لەگەڵ زۆراب شەڕ دەکات، بەڵام دەیدۆڕێنێت و لە زۆراب دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی نەیکوژێت. زۆراب دەیبەستێتەوە و بە هومانی دەسپێرێت (رسیدن سهراب بدژ سفید). پاشان لەگەڵ "گردافرید"ی کچی "گژدهم" ی پیری دانیشتووی قەڵا شەڕ دەکات. کچەکەش دەدۆڕێنێت، بەڵام بە فێڵ خۆی لە دەستی قورتار دەکات (رزم سهراب با گرد افرید). گژدهم نامەیەک بۆ "کاوس" شای ئێران دەنێرێت و داوای یارمەتی لێ دەکات. کاوسیش نامەیەک بۆ ڕۆستەم لە "زابلستان" دەنێریت و ئاگاداری دەکاتەوە کە سنوورەکانی ئێران بە مێرخاسییەکانی زۆراب ناوێک لە ژێر مەترسی پەلاماری سوپای تووراندان و داوای یارمەتی لێدەکات (نامە کاوس برستم و خواندن او ز زابلستان). بەیانییەکەی زۆراب هێرش دەباتە سەر قەڵا، بەڵام قەڵاکە شەرکەری تێیدا نەماوە و هەموویان لە ڕێگەیەکی ژێر زەوییەوە بە شەو هەڵاتوون. زۆرابیش کە خۆشەویستی گردافرید لە دڵیدا هێلانەی کردووە، لە پەیدا کردنی نائومێد دەبێت (گرفتن سهراب دژ سفید را). ڕۆستەم لە زابلستانەوە دێتە لای کاوس و پێکەوە سوپایەک پێک دێنن و بەرەو قەڵاکە بەرێ دەکەون (لشکر کشیدن کاوس با رستم). لەوماوەیەدا زۆراب لە هجیری دەسبەسەرکراو ناونیشانی پاڵەوانە ئێرانییەکان دەپرسێت، تاکو بتوانێت زیاتر زانیاری لەبارەی باوکی خۆی، واتا ڕۆستەم چەنگ

بێنێت، بەڵام هجیر لە ترسی ئەوەی ڕۆستەم بە دەستی ئەم پاڵەوانە بکوژرێت و سوپای ئێران بە هۆیەوە شکست بخوات، لە بارەی ڕۆستەم زانیاری ئەوتۆ ناداتە دەست زۆراب (پرسیدن سهراب نام سرداران ایرانی از هجیر). ئیتر هەرچۆنێک بێت هەر دوو سوپای ئێران و تووران بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە(١٦). هەردوو پاڵەوان بە شەڕ دێن بێ ئەوەی یەکتر بناسن. ڕۆستەم لە ئازایەتی و بەهێزی زۆراب زۆر سەری سوڕماوە. پاش جەنگێکی زۆر بێ تاقەت دەبن و لە یەکتر جودا دەبنەوە(رزم رستم با سهراب). شەو دادێ و هەر یەکێکیان دەچێتە ناو سوپای خۆی. زۆراب شەوەکەی بە هومان دەڵێت:

**بهومان چنین گفت کین شیر مرد**
**که با من همی گردد اندر نبرد**
**زبالای من نیست بالاش کم**
**برزم اندرون دل ندارم دژم**
**بر و کتف و یالش همانند من**
**تو گویی که داننده بر زد رسن**
**زپای و رکابش همی مهر من**
**بجنبد بشرم آورد چهر من**
**نشانهای مادر بیابم همی**
**بدل نیز نختی بتابم همی**
**گمانی برم من که او رستمست**
**که چون او نبرده بگیتی کمست**
**نباید که من با پدر جنگ جوی**
**شوم خیره روی اندر آرم بروی(١٧)**

واتە: ئەم شێرە پیاوە کە شەڕم لەگەڵدا دەکات، جەستەکەی بە بەرزی جەستەی منە. دڵی لە کاتی شەڕدا نەترسە و سنگی، شانەکانی، دەستەکانی وەکو هی من وان. کە تەماشای لاق و ڕکێبی دەکەم، هەست بە دلۆڤانی دەکەم و شەرم ڕوومەتم دادەگرێت... لەو نیشانانەی دایکم باسی دەکرد لای ئەو پیاوە دەبینم. وابزانم ڕۆستەمە، چونکە نموونەی ئەم پیاوە دلێرە لە ئێران زۆر کەمە. نابێ لەگەڵ باوکمدا بە شەڕ بێم...

دیارە زۆراب هەستی بەوە کردووە کە لەوانەیە ئەم پیاوە ڕۆستەمی باوکی بێت، بەڵام هامون بە درۆ پێی دەڵێت کە چەند جار ڕۆستەمی لە شەڕەکاندا بینیوە و چاک دەیناسێت و ئەو شەڕکەرە ڕۆستەم نییە. بەیانییەکەی هەردوو پاڵەوان دیسان دێنەوە گۆڕەپانی شەڕ. پێش ئەوەی دەست بە شەڕ بکەن، زۆراب بە گرژینەوە بە ڕۆستەم دەڵێت:

**زرستم بپرسید خندان دو لب**
**تو گفتی که با او بهم بود شب**
**که شب چون بدی روز چون خاستی**
**زپیکار دل بر چه آراستی**
**ز کف بفکن این گرز و شمشیر کین**
**بزن جنگ بیداد را بر زمین**
**نشینیم هر دو پیاده بهم**
**بمی تازه داریم روی دژم**
**به پیش جهاندار پیمان کنیم**
**دل از جنگ جستن پشیمان کنیم**
**بمان تا کسی دیگر آید برزم**
**تو با من بساز و بیارآی بزم**
**دل من همی بر تو مهر آورد**
**همی آب شرمم بچهر آورد**
**همانا که داری ز گردان نژاد**
**کنی پیش من گوهر خویش یاد**
**ز من نام پنهان نبایدت کرد**
**چو گشتی تو با من کنون در نبرد**
**مگر پور دستان سام یلی**
**گزین نامور رستمی زابلی(١٨)**

واتە: بە شەو چۆن بووی و بەیانی کە لە خەوهەڵسای چۆن بووی؟ بۆچی خۆت بۆ شەڕ ئامادە کردووە؟ ئەم گورز و شمشێرەی قین و ئەم جەنگە بێدادە فڕێ دە. با پێکەوە دانیشین و بە مەی ڕوخسارە دژوارەکانمان کەمێ تازە و نەرم بکەینەوە. لە بەرامبەر خوا پەیمان بدەین کە ئیتر شەڕی یەکتر نەکەین و لێی پەشیمان ببینەوە. بمێنە با کەسێکی تر بێتە جەنگم. بمێنە تا پێکەوە بەزم و هەرایەک ساز بکەین. من حەزی تۆم لە دڵدایە و ئاوی شەرم بە سەر ڕوومەتدا. مادام بە بنیات ڕەسەنی، پێم بڵێ لە چ ڕەگەزێکی. مادام شەڕم لەگەڵدا دەکەیت نابێ ناوی خۆتم لێ بشاریتەوە. ئەرێ تۆ ڕۆستەمی ناوداری زابلستان، کوڕ و بژاردەی سامی پاڵەوان نیت؟

ڕۆستەم کە نەیدەزانی ئەوە کوڕێتی لە بەرامبەریدا وا قسە دەکا، پێی وابوو نەیارەکەی بە تەمای پیلانێکە، بۆیە ناوی خۆی پێ ناڵێت و داوا دەکات شەڕ بکەن و هەرچی خوا بیەوێ وا دەبێت. زۆراب-یش کە وەڵامەکە

دەبیستێت، هەڵمەت دەبات و شەڕ سەرلەنوێ بەرپا دەبێت. پاش لەیەکترخستنێکی چاک، زۆراب لە پڕێکا دەلیڤەی بۆ هەڵدەکەوێ کە ڕۆستەم بە جەستەوە بخاتە سەر زەوی و دەیەوێت بە خەنجەر سەری ببڕێت کە ڕۆستەم دێتە ئاخاوتن و دەڵێت:

**بسهراب گفت ای یل شیرگیر**
**کمند افکن و گرد و شمشیر و تیر**
**دگر گونه تر باشد آیین ما**
**جز این باشد ارایش دین ما**
**کسی کو بکشتی نبرد آورد**
**سر مهتری زیر گرد آورد**
**نخستین که پشتش نهد بر زمین**
**نبرد سرش گرچه باشد بکین**
**وگر بار دیگرش زیر آورد**
**بافگندنش نام شیر آورد**
**روا باشد ار سر کند زو جدا**
**برین گونه بر باشد آیین ما (١٩)**

واتە: ئەی پاڵەوانی شێرگر، کە شارەزای نواندن بە شمشێر و کەمەند و گورز و تیری: ئێمە دابونەریتمان جۆرێکی ترە و ئاوها نییە. کەسێ کە لەیەکتر خستندا سەری پاڵەوانێک دەخاتە ژێر گەرد و تۆز، واتا یەکەم جار پشتی لە زەوی دەدا، جا بە قینیش بێت، نابێ هەر لە یەکەم جار سەری لێ ببڕێت، بەڵکو جاری دووەم کە پشتی بەرامبەرەکەی لە زەوی دەدا، نازناوی شێر بۆ خۆی وەدەست دێنێت، ئینجا سەری دەبڕێت. دابونەریتمان ئاوهایە:

**دلیر جوان سر بگفتار پیر**
**بداد و ببود این سخن دلپذیر**
**یکی از دلیری دوم از زمان**
**سوم از جوانمردیش بی گمان**
**رها کردش از دستش و آمد بدشت**
**بدشتی که بر پیشش آهو گذشت(٢٠)**

واتە: زۆرابی دلێریش گوێی دایە قسەکانی پیرەمێرد و پێیانەوە کاریگەر بوو و لە بەر دلێری و جوامێری خۆی و هەروەها لەبەر ئەوەی قەدەر وای ویستبوو وازی لێ هێنا و بەرەو دەشت بەرێ کەوت... [نەک وەکو د. فەرهاد دەڵێت، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەوە باوکێتی و بەزەیی پێدا هاتەوە..!]

ئێوارەکەی زۆراب هەموو ئەمانە بۆ هومان دەگێڕێتەوە و هومان ئاگاداری دەکات کە نەیارەکەی فێڵی لێکردووە و نەریتێکی وا لە هیچ شوێنێکدا بوونی نییە. ڕۆستەم-یش کە هەستی بە لاوازی خۆی دەکرد لە خوا دەپاڕێتەوە کە هێزی زیاتری پێ ببەخشێت و ئەو ترسەی بە دڵیدا تەشەنەی کردووە لە ناو ببات (افگندن سهراب رستم را). بەیانییەکەی جارێکی تر هەردووکیان دێنە گۆڕەپانەوە و ئەم جارە ڕۆستەمە کە لە پڕێکا پشتی زۆراب دەخاتە سەر زەوی، بە خەنجەرەکەی، سنگی ئەو شێردڵە دەدڕێنێت. زۆراب کە دەزانێ کوشتنی بە دەستی نەیارەکەی سووچی خۆیەتی کە فێڵی لێ کرد، بە ڕۆستەم دەڵێت:

**نشان داد مادر مرا از پدر**
**زمهر اندر آمد روانم بسر**
**همی جستمش تا ببینمش روی**
**چنین جان بدادم بدین ارزوی**
**دریغا که رنجم نیامد ببر**
**ندیدم درین هیچ روی پدر**
**کنون گر تو در آب ماهی شوی**
**و یا چون شب اندر سیاهی شوی**
**وگر چون ستاره شوی بر سپهر**
**ببرگی ز روی زمین پاک مهر**
**بخواهد هم از تو پدر کین من**
**چو بیند که خشتست بالین من**
**ازین نامداران و گردنکشان**
**کسی هم برد نزد رستم نشان**
**که سهراب کشته است و افگنده خوار**
**همی خواست کردن ترا خواستار(٢١)**

واتە: دایکم نیشانێکی لە باوکم پێدا بووم و خۆشەویستی باوکم منی ڕەوانەی مەرگ کرد. هەر گەڕام تا ڕوخساری ببینم و ژیانی خۆم قوربانی ئەو حەزەم کرد. بەداخەوە ڕەنجەکەم سوودی نەبوو هیچ چاوم بە ڕوخساری باوکم نەکەوت، بەڵام ئەگەر ئێستا ببی بە ماسی ناو دەریا، یان وەکو شەو خۆت لە ناو تاریکیدا بشاریتەوە، یان وەکو ئەستێرە بچیتە ئاسمان و هەتاو لە زەوی دوور بخەیتەوە، باوکم کە بزانێت ئێستا خاک بالینی منە، تۆڵەی من لە تۆ دەکاتەوە. یەکێ لەم پاڵەوانە ناودارانە

دەنگ و باسی ئەم ڕووداوە بۆ ڕۆستەم دەباتەوە کە زۆراب لە کاتێکدا کە بە دوای تۆدا دەگەڕا، کوژراوە و زەلیل کراوە.

لێرەدا بە ئاشکرا و بێ هیچ تارماییەک دیار دەبێت کە لە شەڕی کۆتاییاندا زۆراب هیچ گومانی باوکایەتی لە نەیارەکەی ناکات و دڵنیایە کە ئەمە باوکی نییە شەڕی لەگەڵدا دەکات و دەیکوژێت. با بزانین وەڵامی ڕۆستەم چییە و دەیزانی خەریکی کوشتنی کوڕی خۆیەتی؟

**چو بشنید رستم سرش خیره گشت**
**جهان پیش چشمش همه تیره گشت**
**همی بی تن و تاب و بی توش گشت**
**بیفتاد از پای و بیهوش گشت**
**بپرسید از آنپس که آمد بهوش**
**بدو گفت با ناله و با خروش**
**بگو تا چه داری ز رستم نشان**
**که گم باد نامش زگردنکشان**
**که رستم منم کم ماناد نام**
**نشیناد بر ماتمم زال سام(٢٢)**

واتە: کاتێ ڕۆستەم ئەوەی بیست، سەری سوڕما و جیهان لەبەر چاوەکانی ڕەش و تاریک بوو، تاقەت لە جەستەی نەما و لە هانا چوو. کاتێ بەهۆش هاتەوە بە ناڵە و زارییەوە گوتی زۆراب: پێم بڵێ چ نیشانەیەکت لە ڕۆستەم پێیە کە ناوی لە هی پیاوە گەورەکان بزر بێت. ڕۆستەم منم کە زاڵی کوڕی سام [باوکی ڕۆستەم] بە ماتەمینی مەرگی من دانیشێت.

**چو سهراب رستم بدینسان بدید**
**بیفتاد و هوش از سرش بردمید**
**بدو گفت گر زآن که رستم توئی**
**بکشتی مرا خیره بر بدخوئی**
**زهر گونه بودم ترا رهنمای**
**نجنبید یکباره مهرت زجای**
**کنون بند بکشای از جوشنم**
**برهنه ببین این تن روشنم**
**چو برخاست آواز کوس از درم**
**بیامد پر از خون دو رخ مادرم**
**همی جانش از رفتن من بخست**
**یکی مهره بر بازوی من ببست**
**مرا گفت که این از پدر یادگار**
**بدار و ببین تا که ؟ید بکار**
**کنون کارگر شد که پیکار گشت**
**پسر پیش چشم پدر خوار گەشت(٢٣)**

واتە: کاتێ زۆراب ڕۆستەمی لەم حاڵەدا بینی، کەوت و لە هانا چوو. پێی گوتی: ئەگەر ڕۆستەم تۆی، منت بە سروشتە خراپەکەتەوە کوشت. بە هەموو شێوەیەک تۆم ڕێنمایی کرد، بەڵام هیچ نەرمییەکت نەنواند. جا وەرە جۆشەنم بکەرەوە و لاشە ڕووناکەکەم ببینە. کاتێ دەنگی دەهوڵی شەڕ لەبەر دەرگای ماڵم هەستا، دایکم بە ڕوومەتی سوور لە فرمێسکی خوێن هاتە لام. بە هەواڵی چوونی من گیان لە جەستەی نەما. موهرەیەکی بە زەندم بەست و پێی گوتم: با ئەم یادگارییەی باوکت لەلات بێت و لە کاتی پێویست بیری لێ بکەرەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر بە درەنگی و پاش ئەوەی شەڕ کرا و کوڕ لە پێش چاوی باوکی زەلیل بوو، ڕۆڵی خۆی نواند؛ با بزانین حاڵی ڕۆستەم چییە کاتێ موهرەکە دەبینێت:

**چو بگشاد خفتان و آن مهره دید**
**همه جامه بر خویشتن بر درید**
**همی گفت کای کشته بر دست من**
**ستوده به هر جای و هر انجمن**
**همی ناله کرد و همی کند موی**
**سری پر زخاک و پر از آب روی(٢٤)**

واتە: کاتێ ڕۆستەم جۆشەنی زۆرابی کردەوە و موهرەکەی بینی، هەموو جلەکانی خۆی دڕاند و گوتی: ئەی کوژراوی دەستی من، ئەی پەسن کراوی هەموو شوێنێک و هەموو جڤاتێک. دەیناڵاند و پرچی خۆی دەردێنا و خاکی بە سەری خۆیدا دەکرد و دەگریا.؛ (کشته شدن سهراب از رستم).

لێرەدا دەردەکەوێت کە ڕۆستەم تا ئەو کاتەی زۆراب باسی موهرەکەی بۆ نەکردووە، هەر بە بیریشی نایەت کە ئەو گەنجە مێرخاسە کوڕی بێت و کاتێ دەزانێت کە کوڕی خۆی کوشتووە! جیهان لە پێش چاوی تاریک دەبێت. بزانن ناوەڕۆکی ئەفسانەکە چەند لەگەڵ گێڕانەوەکەی د. فەرهاد جیاوازە.

«کاتێ ڕۆستەمی باوک پشتی زۆرابی کوڕی خۆی لە عەرد دەدات، دەمودەست – بۆ ئەوەی بۆ خەڵک نیشانی بدات کە باوک چەند ئازا و فەرمانڕەوایە – قلنجەکەی

دەچەقێنێتە هەناوی کوڕەکەی خۆی. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر زۆرابی کوڕ، لە کاتی پشت لە عەرد دانی باوکی خۆیدا، جەسارەت و دڵی ئەوەی نەهات باوکی خۆی بکوژێت!» (٢٥) خوێنەریش ئەگەر پێشوەخت ئاگای لە ناوەڕۆکی ئەفسانەکە نەبووبێت، بە خوێندنەوەی نووسینەکەی د. فەرهاد وابیر دەکاتەوە کە باوک و کوڕ یەکتریان چاک ناسیوە و سەرەڕای ئەوەش کەوتوونەتە گیانی یەکتر و کوڕ کاتێ بۆی هەڵدەکەوێ باوکی خۆی بکوژێت، لەبەر ئەوەی دەزانێ باوکێتی، بەزەیی پێدادێتەوە و نایکوژێت. کەچی باوک کاتێ هەلی بۆ دەڕەخسێ کوڕی خۆی بکوژێت، هەرچەندە دەشزانێ کوڕێتی، بۆ ئەوەی باوکێتی و زۆردەستی خۆی بسەلمێنێت، لە کوشتنی کوڕەکەی دریغی ناکات! ئەمەش وەکو بینیمان بە پێچەوانەی ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەفسانەکەیە.

کەواتە ئەم دوو نموونەیە بۆ سەلماندنی بیرۆکەی گوتاری د. فەرهاد، نموونەی بە جێ نین و بە هیچ شێوەیەک پیشاندەر و پشتڕاستکەرەوەی ئەو هزرە نین کە ڕۆژاوا هی کوڕ بووە و ڕۆژهەڵاتیش هی باوک. بە ڕای من نووسەر دەیتوانی بۆ سەلماندنی قسەکانی پەنا بباتە بەر هەندێ نموونەی تری مێژوویی یان ئەدەبی: یان هەر بە بێ نموونەی وا بیروباوەڕەکانی خۆی بخاتە ڕوو، بێ ئەوەی لە بەها بابەتییەکەیان کەم ببێتەوە. بە هەر حاڵ دەبوایە بە لانی کەمەوە نموونەکانی خۆی لە سەرچاوەکانیان پشت ڕاست بکاتەوە، پێش ئەوەی وەکو بنەمای گوتارەکەی بە کاریان بهێنێت. کەواتە با بە زمانی حەیزەران نموونەکانمان نەشێوێنین، چونکە کورد گوتەنی «گوناه لە هەر کەسێکەوە بێت عەیبە و لە مەلاش عەیبترا!».

**پەراوێزەکان:**

**١- فەرهاد پیربال، زمانی حەیزەران، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦، ل ٨.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ل ٨و ٩.**

**٣- هەمان سەرچاوە، ل ٩.**

**٤- هەمان سەرچاوە، ل ٩و ١٠.**

**٥- بەشێکی نامەکەی فرۆید کە لە ١٥/ ١٠/ ١٨٩٧ بۆ Wilhelm Fliess ناردوویەتی لێرەدا دەخەینە ڕوو:**

**هەر وەکو لای هەموو کەسێک، لە ناخی خۆمدا هەستم بە دڵداری بەرامبەر بە دایکم و حەسوودی بەرامبەر بە باوکم کرد: هەستێک کە بە ڕای من لای هەموو منداڵێک هەیە... کەوا بێت، دەتوانن بە پێچەوانەی هەموو دژبەریەکی لۆژیک کە بەرامبەر بە بیرۆکەی چارەنووسی نەگۆڕ دەوەستێت، لە ئەنجامی سەرنجڕاکێشی ئۆدیبی پاشا تێبگەین.؛**

**ژمارەی ئەم نامەیە لە کتێبی نامەکانی فرۆیدا (٧١)ە. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:**

**FREUD, Sigmund, La Naissance de la psychanalyse, lettres a Wilhelm Fliess, notes et plans 1887 - 1902, trad. Anne Berman, Paris, Presses Universitaires de France, 1956, p. 198.**

**Les tragiques grecs, Eschile, Sophocle, Europide, trad. V. H. DEBIDOUR, Paris, Livre de Poche, coll. Classiques Modernes, 1999, pp. 17-19.**

**٧- کوڕی زیۆس و هێزی ڕووناکی کە بە سەر هێزە تاریکەکاندا سەردەکەوێت و خوای خواوەندی (divination) بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٩٠٨.**

**8- Ibid. pp. 513-556.**

**9- Ibid. pp. 533.**

**10- Ibid. pp. 536.**

**11- Ibid. pp. 545 - 546.**

**١٢- شاهنامە فردوسی، جلد دوم، تهران، شرکت سهامی کتابهای جیبی، تهران، ١٣٦٩، ص ٣٨.**

**١٣- هەمان سەرچاوە، ل ٤٠-٤٢.**

**١٤- هەمان سەرچاوە، ل ٤٤ و ٤٥.**

**١٥- هەمان سەرچاوە، ل ٤٦.**

**١٦- هەمان سەرچاوە، ل ٤٧-٧٥.**

**١٧- هەمان سەرچاوە، ل ٨١.**

**١٨- هەمان سەرچاوە، ل ٨١ و ٨٢.**

**١٩- هەمان سەرچاوە، ل ٨٢ و ٨٣.**

**٢٠- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.**

**٢١- هەمان سەرچاوە، ل ٨٥.**

**٢٢- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.**

**٢٣- هەمان سەرچاوە، ل ٨٥ و ٨٦.**

**٢٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٨٤و ١٨٥.**

**٢٥- فەرهاد پیربال، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.**

# مۆبایله شیعر
# (شیعرییەتی کورتبڕیی)

د. فوئاد ڕەشید
(کۆلێژی ئاداب - زانکۆی دهۆک)

ئاشکرایه ڕەهەند و ئاستـه هەمـەجـۆرەکـانی ژیانی مرۆڤایەتی، به درێژایی قۆناغه جیاجیاکانی- کەم یان زۆر- گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و هونەر و ئەدەبیش، بەشێوەیەک له شێوەکان نێزیکی و پەیوەست بوونه بەم گۆڕانکارییانەوە. هەندێ جار هونەر و ئەدەب کەناڵێکی زەمینەسازکەری گۆڕانه و هاوکات لەگەڵ گۆڕانه سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستییەکاندا، تەکنیک و نێوەرۆکی ئەدەب خۆیشی وەبەر شاڵاوی گۆڕانکارییەکان کەوتووەو زۆرجاریش تێکسته ئەدەبییەکان گوزارشتیان له دیمەن و ڕووە جیاوازەکانی ئەم گۆڕانکارییانه کردووە.

کەواته فۆرم و بابەتی نێوەرۆکی ئەدەب، نەگۆڕ و چەسپاو نەبووەو نییه، هەر لەم سۆنگەیەوە دەگوترێ «هەر قۆناغێک له قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، پێوەندی ئیستێتیکی خۆی به جیهانەوە له ڕێگای چەند ژانراو چەشنێکی ئەدەبیی دیاریکراوەوە دەردەبڕێت». (١)

جا ئەگەر له هەلومەرجی قۆناغێکدا، بۆ نموونه شیعری داستانی (Epic)، فۆرم و ژانری باوی سەردەم بووبێت، یان ئەگەر له ڕۆژگارێکدا، چەند دێڕە شیعرێک لەسەر پارچه پێستەیەک نووسرابێتەوە، ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە لەسەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژیی بوارەکانی پەیوەستکاری و ڕاگەیاندندا، چەند دێڕە شیعرێک لەسەر ڕووبەری شاشەی داهێنراوێکی تەکنۆلۆژی تۆماربکرێت و بۆ نموونه (مۆبایله شیعر)ی لێبکەوێتەوە و هەر لێرەیشەوە قسه و باسی سەرهەڵدانی ژانرێکی، یان چەشنێکی دیکەی شیعر نووسین بێته ئاراوە.

هەڵبەته حاڵی حازر ئەوەی لەبەردەستی ئێمەیه، وەک نموونەیەکی ئەم جۆرە بەرهەمه ئەدەبییه، بریتییه له کتێبی

(مۆبایلە شیعر)ی شاعیر (زانا خەلیل).(*) ئەم کتێبە بە قەبارەی (١٥×٢٠سم)ەو لە (٩٧) لاپەڕە پێکهاتووەو هەروەکو لەسەر بەرگی پێشەوەی نووسراوە (٢٣٦)ی (SmS)ی شیعریی لە خۆگرتووەو لەلایەن کتێبخانەی (سۆران)ەوە لە شاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئەگەرچی لە پێشەکییەکەی (د. سەروەر عەبدوڵڵا) و چاوپێکەوتنی نێوان شاعیر و ڕۆژنامەنووس (مەحموود زامدار)دا، بەکورتی ئاماژە بە هەندێ لایەنی ئەم جۆرە نووسینانە کراوە، ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین کەمێک ڕوونترو زیاتر هەندێ ئەدگار و سیمای هونەریی و بابەتیانەی ئەم نامە و کورتیلە شیعرییانەی پەیوەست بە مۆبایلەوە بخەینە ڕوو:

### بەر لە مۆبایلە شیعر

هەڵبەتە دیارترین و سەرەکیترین ئەدگاری هونەرییانەی (مۆبایلە شیعر) وەک فۆرمێکی شیعری، چڕی و کورتییەکەیەتی. جا لەم لایەنەوە ئەگەر تەماشای مێژووی شیعری کوردی بکەین، تێبینی دەکەین لە قۆناغە جیاجیاکاندا، چەند چێوە و فۆرمێکی هاوشێوەی (مۆبایلە شیعر)مان هەیە: (**)

### تاک (فەرد)

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، یەکێک لە فۆرمە هونەرییەکانی داڕشتنی شیعر، بریتییە لە فۆرمی (تاک= فەرد) کە بریتییە «لە دێڕە شیعرێک. (لە نیوە دێڕی یەکەم و نیوە دێڕی دووەم) پێک هاتووە. ئەم بابەتە شیعرە بۆ قسەیەکی نەستەق، یان پەندێکی پێشینان، یان بیرێکی فەلسەفی، یان وێنەیەکی جوان بۆ ژن و دڵداری و وەسفی سروشت دادەنرێ».(٢)

### چوارینە

چوارینە وەک فۆرمێکی شیعریی، بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە چوار نیوە دێڕە شیعر و نیوەی دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم لەسەر یەک قافیە دەبن. (٣) ئەم فۆرمە شیعرییە کە یەکێکە لە فۆرمە دێرینەکانی شیعری کوردی لە ڕووی قەبارەوە (کورتی و کەمییەوە) زۆر نێزیکە لە فۆرمی (مۆبایلە شیعر)ەوە.

### شیعری نوێی کوردی

لە شیعری نوێی کوردیدا، هەندێ جار شاعیران بەچەند پەیڤ و ڕستەیەکی کەم و کورت، گوزارشتیان لە ڕامان و مانا و مەبەستێک کردووە و چەند وێنەیەکیان بەرجەستەکردووە. خودی ئەم جۆرە شیعرانەش بەزاراوەی جیاجیا ناونراون، وەک:

(پۆستەرە شیعر، کورتە شیعر، کۆپلە شیعر، خونچە شیعر، پشکۆ شیعر، برووسکە شیعر، کەڤاڵە شیعر).(***)

وەکو بەرهەم و دەقی ئەدەبی کە لەژێر ئەم زاراوانەدا بڵاوکرابێتەوە و نووسەری ئەم چەند دێڕە، بەرچاوی کەوتبێت، دەکرێ بڵێم، (کازیوە)ی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر، نموونەیەکی دیاری پۆستەرە شیعرەو گەلێ جاریش لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا، دەقی شیعریی لەژێر ناوی (کورتە شیعر و کۆپلە شیعر و خونچە شیعر)ەوە بڵاوکراونەتەوە.

لە کۆشیعری (کۆچی هەورەکان)ی (بورهان ئەحمەد)ی شاعیردا، زاراوەی (پشکۆ شیعر) بەدی دەکرێت و (فەهد شوانی)یش لە کۆشیعری (خەمەکان لە ناخی منەوە چرۆدەکەن) زاراوەی (کەڤاڵە شیعر)ی بەکارهێناوە.

هەندێ جاریش دوور لەم زاراوانە، چەند کورتیلە شیعرێک هەر بەناوی (شیعر) و (دەق)ەوە بڵاوکراونەتەوە. بۆ نموونە (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر لە دووتوێی شیعرەکانیدا، چەند کورتیلە شیعرێکی وەک (نیشتمان، بێ تۆ نوختەیەکم، غەیب) بەدی دەکرێت.

(مەریوان وریا قانیع)یش، چەند کورتیلە شیعرێکی وەک شیعرەکانی (دوژمن، سێکس، ئاین) هەر بە ناوی (شیعر)ەوە لە (کتێبی دڵشکان)دا بڵاوکردۆتەوە. (٤)

ئەوەی ئەم جۆرە شیعرە بێ زاراوە تایبەتییانەو ئەو شیعرانەشی وا لەژێر زاراوەکانی (پۆستەرە شیعر و برووسکە شیعر و کورتیلە شیعر....)دا نووسراون و لە (مۆبایلە شیعر)یان نزیک دەکاتەوە، مەسەلەی هاوبەشی قەبارەکانیانە، بەو مانایەی زۆربەی ئەم جۆرە شیعرانە کورتن و شاعیران موفرەداتێکی زمانەوانی کەمیان تێدا بەکارهێناوە، لێرەوە دەکرێ بڵێین (مۆبایلە شیعر) (فۆرمێکی کۆنی نوێ)یە. جا ئەگەر ئەوە سیمای کۆنی بێت، ئەی ڕووکاری نوێی لە چیدایە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو بۆ پتر ڕوونبوونەوەی تایبەتمەندێتی (مۆبایلە شیعر) دەکرێ بەراوردکارییەکی دوو لایەنە بکەین:

(١) کورتیلە شیعر لە نێوان شیعری کلاسیک و شیعری هاوچەرخدا:

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشای فۆرمی کورتیلە شیعر بکەین، دەبینین لە شیعری کلاسیکی کوردیدا مەسەلەی کورتیی لە فۆرمی شیعری کورتدا، دیاریکراوو سنووربەندکراوە، بەڵام کورتیلە شیعر لە ئەدەبیاتی نوێدا، سنوورێک بە ژمارەی وشە و برگە و ڕستە بۆ ئەم فۆرمە دیاری نەکراوە.

(٢) مۆبایلە شیعر و فۆرمە هاوشێوەکانی:

لە ڕووی بابەتی نێوەرۆکی (مۆبایلە شیعر) و فۆرمە هاوشێوەکانیدا، جۆرە جیاوازییەک بەدی دەکرێت. ئەمەش لەولایەنەوە تێبینی دەکرێت کە (مۆبایلە شیعر) زیاتر گوزارشت لەحەزو ئارەزوویەکی تاکەکەسی دەکات لەبەرامبەر کەسێکی دیکەدا، بەڵام نێوەرۆکی پۆستەرە شیعر و برووسکە شیعر و کورتیلە شیعر، هەر ئەم لایەنە نییە، بەڵکو زۆرجاریش بابەتی سیاسی و فەلسەفی و جڤاکی لە خۆگرتووە. لێرەوە دەکرێ شوێن و نەخشەی کاری (مۆبایلە شیعر) و فۆرمێکی دی، لەنێو پرۆسەی پەیوەستکاریدا بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە:




واتا پرۆسەکە لە بازنەیەکی داخراودا و لە بابەتێکی داخراوی نێوان دوو تاکدا بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە لە میانی فۆرمێکی دیکەدا شێوەیەکی تریشی هەیە، بۆ نموونە لە فۆرمی (پۆستەرە شیعر)، یان (برووسکە شیعر)دا ئەم شێوەشی هەیە:





زانا خەلیل

دەکرێ بڵێین، پەیامی (مۆبایلە شیعر) پەیامێکی پتر (زاتی)یە و پەیامی فۆرمێکی وەک (برووسکە شیعر، پۆستەرە شیعر) زۆرجار پەیامێکی بابەتییە. هەڵبەتە ئۆباڵی زاتیبوونی (مۆبایلە شیعر) تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەستۆی میکانیزمی کاری بەرهەمە تەکنۆلۆژییەکەدایە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە کورتی (مۆبایلە شیعر) هەر بۆ ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە دوێنێدا کورتبوونی فۆرمێکی شیعری پەیوەست بووبێ بەپێوەرێکی هونەریی، یان ڕەوانبێژی، ئەوە ئەمڕۆ لە (مۆبایلە شیعر)دا تەکنۆلۆژیا زیاتر ئەم کورتییە دیاری دەکات و سروشت و سیستەمی کاری ئەم وا دەخوازێت.

**کورتە نامە شیعرییەکانی (زانا خەلیل)**

پێویستە ئاماژە بە بەها و بایەخی ئەو دەستپێشخەرییە هونەرییە بکەین کە (زانا خەلیل) لە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە فۆرمە شیعرییانەی ئەنجامی داوە بە (مۆبایلە شیعر) و چەند زاراوەیەکی دی ناودەنرێت.

لەلایەک ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە گوتاری شیعری نوێی کوردی دابڕاو نییە لە گۆڕانکارییە هەمە لایەنەکانی ژیان و لەلایەکی دیکەشەوە بەشێکی ئەم دانەبڕان و ئاگاداری و بەپیرەوە چوونە، بۆ شیان و هۆشمەندیی هونەرییانەی خودی شاعیر دەگەڕێتەوە. ئەم کارەی (شاعیر) پرۆژەیەکە، بێگومان بەرهەمی هاوشێوەی بەدوادا دێت و ئەو دەمە زیاتر سیماو تایبەتمەندی دەق و ستایلەکان ڕوون دەبنەوە، هەر چۆنێک بێت هەنگاوێکی سەرەتایی

پرۆژەیەکە، کە دەکرێ لە ڕەهەندو ئاستە جیاوازەکانی بکۆڵدرێتەوە.

هەڵبەتە تێکڕای دەقەکانی نێو کتێبی (مۆبایلە شیعر)- هەروەکو (د. سەروەر)یش ئاماژەی پێداوە- لەیەک ئاستی هونەریدا نین. لەم ڕوانگەیەوە چەند سەرنجێکی بابەتی و هونەریی لەسەر خودی هەندێ لەم دەقانە دەخەینە ڕوو:

* لە ڕووی بابەتی نێوەرۆکی دەقەکانەوە- هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا بابەتێکی تەواو (تاکەکەسی= شخصی)یە و لەنێو ئەم شەخسیبوونەشدا بابەتی (ئەڤینی) و (پێوەندی) بەسەریاندا زاڵە.

ئەگەرچی زۆربەی دەقەکان هەست و سۆزی خۆشەویستی و ئەڤینییان لێدەچۆڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکی دیکەیان لەدوای پرۆسەی هاوسەربوونەوە، گوزارشت لە بوونی جۆرێک لە (پێوەندی) دەکەن. ئەمە زیاتر لە (SMS)ەکانی ژمارە (١٠٨)، (١٦٥)، (١٧١) بەرچاو دەکەوێت.

دیارە نێوەرۆکی دەق، پێوەندە بە جیهانبینی و ئەزموونی ئەدەبی نووسەرەوە و ڕەنگە خۆی لە خۆیدا کێشەیەک نەبێت، بەڵام لێرەدا ڕەنگە پرسیارێک سەرەتاتکێ بکات و بپرسێت، ئاخۆ ناکرێ کورتیلە نامە شیعرییەکان شتێکی دی لەخۆ بگرن؟ ئایا ئۆباڵی ئەمەش هەر لە ئەستۆی تەکنۆلۆژیادایە؟ یان لە پاڵ ئەمیشدا ژینگەی کۆمەڵایەتی شاعیرو سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەخۆشی و ناخۆشییەکانیەوە ڕۆڵی خۆیان دەبینن؟

بەنیاز نین خشتەیەک بۆ شاعیر دابڕێژین و بڵێین، جارێ ئەمە بنووسەو پاشان ئەوی دی...! بەڵام پێمان وایە ڕەنگاوڕەنگ کردنی ئەزموونی ئەدەبی دەقەکان پرۆژەکەی جوانترو تایبەتمەندتر دەکرد، خۆ ئەگەر شاعیری ناوبراو لە داڕشتن و نووسینی ئەم دەقانەدا لە سۆنگەی ژیانی هەندەرانی و لاساییکردنەوەی نووسەرە ڕۆژئاواییەکانەوە، دووچاری ئەم تاکڕەهەندییە (یەک بابەتییە) بووبێت، ئەو لێرەدا ژیواری خۆمان دەڵێت: (ئێرە لە یاد مەکە) و کچ و کوڕێکی هەولێر، یان سلێمانی، یان کەرکووک، یان زاخۆ، لە پاڵ ڕازونیازی ئەڤینداری قسەگەلێکی زۆری دیکەش یەخەیان دەگرێت و کەم و زۆر شتێکی لەبارەوە دەڵێن. یان (شاعیر) باوەڕی وایە (مۆبایل) و کورتیلە نامەکانی بە تەنها بەکەڵکی قسەوباس و خواسی خۆشەویستی دێن..؟

لەسەروبەندی ئەم قسانەدا چەند نموونەیەکی دەقی (بەشێک لە برووسکەکانی ژیان)ی (بورهان ئەحمەد)ی شاعیر دێنمە نێو قسەکانمەوە، کە پێم وایە جۆرێکی تایبەتین لە کورتیلەنامەی شیعری و (مۆبایلە شیعر)، بەو مانایەی جۆرێکن لە هونەری دواندن و پرۆسەی پێوەندیکردن (Communication)، کە فرە بابەتن و بە ڕادەی جیاوازیش بەهای ئیستێتیکی خۆیان پاراستووە.

**بەشێک لە برووسکەکانی ژیان (٥)**

**لە گەڕەکی وەفاوە بۆ شاری یەڵدا**
**من و تۆ هەر دەبێ دەستەویەخە بین**
..............................
**لە گوڵێکەوە بۆ کچێک**
**حەسوودیت پێ دەبەم**
....................
**لە کوژراوێکەوە بۆ گوللەیەکی وێڵ**
**پڕ بەدڵ سوپاست دەکەم**
......................
**لە نیگایەکەوە بۆ تریفەی مانگی چواردەیەک**
**ئاوها گەماڕۆت دەدەم**
...................
**لە ماڵی ئەمەکەوە بۆ کووچەکانی خیانەت**
**ئێوە چەندە گەمژەو نەفامن**
.......................
**لە دڵێکەوە بۆ زمانێک**
**ئەم دوورییەت کوشتمی**
.....................
**لە دەریایەکەوە بۆ کانیەک**
**فێری سەمای تریفەییم ناکەی؟**
........................
**لە باخچەیەکی شووشەبەندەوە بۆ تەڵێک پوونگە**
**نیگات پڕە لە عەتر**

لەم کورتیلە شیعرانەدا کە شاعیر ناڕاستەوخۆ کردەی (دواندن)ی لەنێو (دواندن)دا ئەنجام داوە و ئەگەر لێیان وردبینەوە، تێبینی دەکەین، شاعیر لەمیانی ئەو ڕستەو دەربڕینە کورتانەدا بابەتگەلێکی هەمەجۆری بەرجەستەکردووە.

* لە ڕووی بەهای ئیستێتیکییەوە، تێبینی دەکەین ژمارەیەک لە (SMS)ەکان قسەیەکی زۆر ئاسایی ژیانی ڕۆژانەن، بۆ نموونە کورتیلە نامەکانی ژمارە (٢،

١٣، ٣٨، ٤٠، ٥٩، ٧١، ٧٦، ٩٥، ١١٢، ١٢٧، ١٣٧، ٢٢٠، ٢٢٥) هێندەی لە زمانێکی (تەقریرییەوە) نزیکن، کەمتر زمانێکی ئیستێتیکین و پێم وایە شاعیر بەدیاریانەوە قووڵ نەبووەتەوەو جۆرێک لە خێرایی و پەلەپەلی پێوە دیارە.

هەڵبەتە لە هەندێ دەقی دیکەشدا شاعیر هێندە هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردووە، کە هەندێ جار لە کێشانی وێنە شیعرییەکاندا (موفاجەئە)ی لەگەڵ زەین و زەوقی خوێنەر (پەیامگر) کردووە. هەر بۆ نموونە ڕواڵەتێکی ئەم گەمە زمانەوانی و هونەرییە لە (SMS)ەکانی ژمارە (١٢٨، ١٧٢، ١٨٣، ١٩٢) بەدی دەکرێت.

دەمێنێتەوە بڵێین، شیعرییەت و ئیستێتیکای فۆرمی (کورتیلە شیعر، برووسکە شیعر، مۆبایلە شیعر،...) لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بە پەیڤ و دەربڕینێکی کورت و کەم و هونەرییانە، دیمەن و ڕووکار و دۆخێکی ژیان بخەیتە بەرچاوو پرسیارێک لە پرسیارەکانی ئەم ژیانە جەنجاڵە بورووژێنی.

وا چێترە دەقنووسە گەنجەکانمان ئەوە لەیاد نەکەن کە دەشێ هەر ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ژیان (سایکۆلۆژی، ئیدیۆلۆژی، فەلسەفی، سۆسیۆلۆژی،... تاد) بچێتە نێو برووسکە شیعر و مۆبایلە شیعرێکەوە و دەقبوونیش هەر بە ڕیزکردنی (بۆت سووتام و شێتی تۆمە) چێناکرێت و ئەرکی زمان لەم جۆرە فۆرمە شیعرییانەدا لە ئاستی مانا و جوانیدا، بە ئاستێکی ستوونیی، نەک ئاسۆیی کاردەکات.

**پەراوێزەکان:**

**(١) د. عبدالمنعم تليمه، مقدمة فى نظرية الأدب، ص١٢٣.**

**(*) کەواتە لەم نووسینەدا هەر قسەکردنێکمان دەربارەی ئەدگاری هونەری (مۆبایلە شیعر) زیاتر ئەم بەرهەمەی (زانا خەلیل) دەگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەر کەسێکی دی دەقی مۆبایلیی بەهەمان تەکنیک و زمانی (زانا) بنووسێت.**

**(**) لە ئەدەبیاتی جهانیشدا، فۆرمی کورتیلە شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە. بۆ نموونە شیعری هایکۆ (haiku) کە بە کورتترین چێوەی هونەری شیعری ژاپۆن دەژمێردرێت، لە حەڤدە برگە پێک دێت و بەسەر سێ دێڕدا دابەش دەبێت. بڕوانە: مجدى وهبه، معجم مصطلحات الأدب، ص٢٠٢.**

**(٢) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، ل٥٥.**

**(٣) بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل١٦١.**

**(***) بە ئەرکی ئەم نووسینەی نازانین، قسە لەسەر کرۆنۆلۆژیای بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بکەین و ئاماژە بەوە بکەین کێ پێش کێ فلانە زاراوەی بەکارهێناوە. هەروەها ئێمە بە دووری نازانین، لەم میانەدا، زاراوە و بەرهەمی دیکەش هەبێت چی وەک (دەق) و چی وەک (لێکۆڵینەوە). هەر بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی کاک (ئازاد عەبدولواحید)ی نووسەر و ڕەخنەگر لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٥٢)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٨)دا نووسینێکی بە ناوونیشانی (پۆستەر و پەراوێزێکی ڕەخنەیی) بڵاوکردۆتەوە، هەروەها بۆ درێژەدان بەو بابەتە نووسینێکی دیکەی لە گۆڤاری ڕامان ژمارە (٨٠)ی ساڵی ٢٠٠٣دا بە ناوونیشانی (گەڕانەوەیەک بۆ پۆستەرە شیعر)، کاک ئازاد لەم دوو نووسینەیدا بە درێژی لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو فۆرمە شیعرییەی کۆڵیوەتەوە و لەناو شاعیرانی کورد و لەسەر شێوازی نووسینی (هایکۆ)ی یابانی وەستاوە، هەروەها بە چڕی باسی خاسییەتەکانی ئەو فۆرمە شیعرییەی کردووە. وەکو (دەق)یش کاک (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (وێران)دا بیست (ڕستەی شیعریی) بڵاوکردۆتەوە، کە ئەویش فۆرمێکی دیکەی شیعری زۆر کورتە، بەڵام ئێمە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم نووسینەدا هەر هێندەمان لەبەردەست و لە زەین و خەیاڵدا بووە.**

**(٤) لەم نموونانەی (عەبدوڵڵا پەشێو) و (مەریوان وریا قانیع)دا، هەر دوو شاعیر لە ڕووی زاراوەیەکی ناسنامەی ژانرەوە، زاراوەیەکی تایبەتییان بۆ ئەم کورتیلە شیعرانە دانەناوە و بۆ نموونە (مەریوان) کورتیلە شیعری (دوژمن)ی کە لە (٨) پەیڤ و چەند ڕاناو و ئامرازێک پێک هاتووە، لەگەڵ شیعرێکی (١٨) لاپەڕەیی وەک شیعری (کپ بوون) هەر بە ناوی (شیعر)ەوە داناوە.**

**بێگومان ئەم حاڵەتە و هاوشێوەکانی پتر پێوەندە بە چۆنێتی ڕوانینی شاعیرەوە لەبەرامبەر چەمکی (دەق) و (ئیستێتیکای دەق)**

**(٥) بڕوانە: بورهان ئەحمەد، ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم (شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٥.**

**هەر بۆ زانیاریش ئەم دەقەی (بورهان ئەحمەد) بۆ یەکەم جار لە ساڵی (٢٠٠٠) لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاوکراوەتەوە.**

# زمان، ویژە، خوێندن

مەهرداد. ر. ئێزدی
لە تورکییەوە: یووسف عزەددین
(ئوستراليا)

## زمان

زمانی کوردی لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر زمانە هیند و ئەوروپییەکان. هەربۆیە زۆر وشەی کوردی و ئینگلیزی لە یەک دەچن. بۆ نموونە:

(گەمە game= gama)، (مارە marry= mara) (ستێر Star= Ster) (ڕووبار river= ru-bar) (دۆڵ dale= dol) (برا brother= bra) (مانگ moon= mang).

لەگەڵ ئەمەشدا نزیکترین زمانێک لە زمانی کوردییەوە، زمانی فارسییە؛ کە لە ئێران و ئەفغانستان و تاجیکستاندا بەکاردەهێنرێت. نزیکێتی زمانی کوردی و فارسی، وەک نزیکێتی زمانی ئەڵمانی و دانیمارکی وایە.

دوو باڵی سەرەکی لە بنەڕەتی زمانی کوردییەوە جیا دەبێتەوە:

١- بادینانی (کرمانجی باکوور).

٢- سۆرانی (کرمانجی ناوەڕاست).

شێوەزاری دملی (زازایی) و (گۆرانی)یش، هەروەک شێوەزاری هەورامی و لەکی، بە بنەچە دەچنەوە سەر شێوە زمانی (پەهلەوانی) کە زمانێکی کۆنی کوردییە و هەزار ساڵێک لەمەوپێش و بگرە زۆر لەوە لەمێژتریش دەقە ئەدەبییەکانی ئەو دەمەی پێ نووسراوە.

مینۆرسکی پێی وایە کە وشەی کرمانجی لە هەردوو وشەی (کورد - مەد)ەوە وەرگێراوە. پێی وایە لێکدانی هەردوو وشەی (ماند Mand-یان، Manna مانا) و (کورد)، وشەی کرمانجی لێ پێک هاتووە، بەڵام ئەم بۆچوونەی مینۆرسکی ناچێتە عەقڵەوە، چونکە پانتایی

نیشتمانی کوردەکان، زۆر لە ناوچەی حوکمڕانێتی کوردە (مانییەکان- ماناکان) بەرفراوانترە؛ کە دوا سنووری حوکمڕانێتی کۆنی کوردە مانییەکان سنووری شاری هەکاری تێپەڕ نەدەکرد.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد؛ گۆرانی و دملی دوو شێوەزاری زمانی پەهلەوانین، بەڵام شایەنی باسە کە لە ئێستادا، زمانی پەهلەوانی وەک خودی زمانێکی یەکانگیر، نەماوە و بەکار ناهێنرێت لە ئاخافتندا. گەرچی تاوەکو سەدەکانی ناوەڕاستیش، لەلایەن نووسەرانەوە بەکارهاتووە.

وشەی پەهلەوانی (Pehlawani لە وشەی (Pahla)؛ کە بەواتای (سەربە - :relating to belonging to) و پاشگری (wand) کە دواتر چۆتە سەری، پێک هاتووە.

شوێنجێگەی لە دایکبوونی زمانی پەهلە (Pahla)، ڕەنگ (باشووری کوردستان - باکووری لورستان) بوو بێت. پێدەچێت پاش جیابوونەوەی ئەو هۆزانەی کە بەو زمانە قسەیان کردووە، وشەی (وەند wand) بووبێتە پاشگری (Pahla). کە دیارە وشەی (Pahla) پاش شێوان و گۆڕانێکی زۆر بۆتە (فەیلی)، کە هێشتاکە لە ناوچەکانی لەدایکبوونی زمانی (پەهلە)دا دەژین.

کورد هیچ کاتێک دەوڵەتێکی وای نەبووە، تا بتوانێت ستاندارتێک (Standart) بۆ زمانەکەی دابنێت، بەڵکو بگرە لەوە زیاتر و بە بەردەوامیش ڕووبەڕووی گوشارێکی توند و ڕاستەوخۆ بووە بۆ سەر زمانەکەی، کە دیارە هەموو ئەو گوشارانە دەرئەنجامەکەی ناکامی بووە و هێشتاکە زمانی کوردی زۆر شێوازی هەیە و لە ئاخافتندا بەکاردەهێنرێت.

ئەگەر زمانە ئەوروپییەکان لە ڕووی لێکچوونیانەوە بە نموونە بهێنینەوە، ئەو پێوەندی و لێکچوونی زمانی کوردی و پەهلەوانی، وەک پێوەندی نێوان زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی وایە. یان ڕەنگە چاکتربێت بڵێین، وەک پێوەندی نێوان زمانی فەرەنسی و ڕۆمانی وایە کە هەردووکیان بە بنەچە دەچنەوە سەر زمانی لاتینی، کە لە ئێستادا بەکارناهێنرێت.

زمانی کوردی مۆدێرنیش (modern)، گەرچی بنەڕەت و بنەچەی تەواو ساغ نەبۆتەوە، بەڵام ڕەنگە بە بنەچە بچێتەوە سەر شێوەزمانی (مەدییەکان) وا پێدەچێت کە باڵێکی زمانی (ئەرکایک- arkaik) بێت. کە دەمێکە پووکاوەتەوە و نەماوە.

## نزیکێتی زمانی کوردی و فارسی وەک نزیکێتی زمانی ئەڵمانی و دانیمارکی وایە

کرمانجی و پەهلەوانی، هەروەک زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی؛ لە ئێستادا بە دوو زمانی جیاو سەربەخۆ ناسراون. هێندە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کە بە پێی کریتەرەکان (-Criterion= Krit er) ناکرێت بە دوو شێوە زمانی یەک زمانی سەرەکی لە قەڵەم بدرێن.

لە سەدا حەفتا و پێنجی کورد بە کرمانجی دەدوێن و لەسەدا بیست و پێنجیشی بەشێوەزارەکانی پەهلەوانی دەدوێن.

کۆچ و ڕەو و ڕاگواستنی بەردەوامی کورد؛ بە درێژایی مێژوو نەک هەر کاری کردۆتە سەر زمانەکەی، بەڵکو کولتوور و ژیانی کۆمەڵایەتیشی گۆڕیوە. سەرباری ئەوەی کە لە زۆر شوێندا، کە لە ئێستادا زمانی کوردی تێدا دێتە نووسین، شێوەزارێکی زمانی کوردی بەسەر شێوەزارێکی دیکەدا سەپێندراوە. هەروەک ئەوەی ئەم جەنجاڵی و پشێوییەی کە زمانی کوردی تێکەوتووە، بەس نەبێت. هێندەی تر لینگوستیک زانەکانی ڕۆژئاوا و بگرە کوردەکان خۆشیان بارەکەیان ئاڵۆز کردووە. بەهۆی نەبوونی ستاندارتێکی (نۆمێنکەڵچەر - -no menclature)ی زمانی کوردی، سەریان لێشێواوە و نەیانزانیوە کامە شێوەزاری زمانی کوردی بگەڕێننەوە بۆ کامە لق و باڵی زمانەکە.

هەر بۆیە کوردەکانی باکوری کوردستان، لەبەر ئەوەی دملییەکان پیتی (ز) لە ئاخافتندا زۆر بەکاردەهێنن، ناویان لێ ناون (زازا). دملیەکانیش شێوەزاری کرمانجی باکوور، بە (هەڕە- وەرە) ناودەبەن.

هەروەک چۆن سۆرانییەکان بەشێوەزاری هەورامی دەڵێن (ماچۆ ماچۆ) و هەورامییەکانیش بە شێوەزاری ئاخافتنی سۆرانییەکان دەڵێن (کوڕ کوڕەو واوە- -Kor kora - wawa).

تا ماوەیەکی نزیک و پاش هەوڵێکی زۆری ڕۆشنبیرانی ناوەو دەرەوەی کوردستان جگە لە سۆرانییەکان کە بەشێوەزاری ئاخافتنی خۆیانیان دەگوت (زمانی کوردی)، نە هەورامییەکان و نە کوردەکانی تورکیا (باکوری کوردستان) بە زمانی ئاخافتنی خۆیانیان نەدەگوت (زمانی کوردی). کوردەکانی باکووری

کوردستان شێوەزاری ئاخافتنی خۆیان بە (کرمانجی) ناودەبرد. بە ڕاستی ئەم دیاردەیە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە. لەکاتێکدا کوردەکانی باکوور وەک ژمارە لە هەموو کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان زیاترن. شایەنی باسیشە دملیەکانی تورکیاش بە شێوەزاری ئاخافتنی خۆیان دەڵێن (دملی).

گەرچی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئێستادا، بۆ ناوهێنانی هەر شێوەزارێکی کوردی زاراوەی ڕاستەقینە بەکاردەهێنن.

بەڵام هێشتاکە وەک ناوەتۆرەیەک و بۆ کەمکردنەوەی ئاست و ڕێزی دملیەکان، لە ناوهێنانیاندا (زازا) لە جێی (دملی) بەکاردەهێنن.

سەبارەت بەشێوەزاری سۆرانی و بادینانیش، لە ڕاستیدا لێکچوونێکی بەرچاوی تێدا دەبینرێتەوە و دەکەوێتە پێش چاو. بە چەند ڕۆژێک تێکەڵی و ئاخافتنیان، تارادەیەکی باش دەتوانن لە یەکتر تێبگەن و حاڵی بن.

ڕەنگە لێکچوونی هەردوو شێوەزارەکە، بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاماوەی پێش (٤٠٠- ٦٠٠) ساڵێک لەمەوپێشیش، لە بنەڕەتدا یەک شێوەزاری زمانی کوردی بووە و دواتر لێک جیابوونەتەوە، بەڵام جیاوازی بەکارهێنانی ڕاناوەکانی مێینە و نێرینە، وەک جوداکارییەک هێشتاکە لە شێوەزاری کرمانجی باکووردا ماوە. لە کاتێکدا لە شێوەزاری سۆرانییدا نەماوە و لە ئاخافتندا بەکارناهێنرێت.

بە هەمان شێوەش لە شێوەزاری هەورامیدا، ڕەچاوی جیاکردنەوەی ڕاناوە بەکارهاتووەکانی نێوان مێینە و نێرینە دەکرێت، لەکاتێکدا لە شێوەزاری لاکیدا نەماوە.

زۆر لەو نووسەرە لینگوستیک زانانەی کە لەمەوپێش توێژینەوەیان سەبارەت بە زمانی کوردی کردووە، بە هەڵە شێوەزاری کرمانجی باکووریان بە تەنیا وەک شێوەزارێکی ڕەسەنی کوردی لە قەڵەم داوە و شێوەزارەکانی دیکەشیان خستۆتە دەرەوەی زمانی کوردییەوە. ئەی ئەگەر وابێت بۆ تا ئێستاش کوردەکانی باکووری کوردستان بەشێوەزاری ئاخافتنیان دەڵێن (کرمانجی). لەکاتێکدا کە سۆرانییەکان بە شێوەزاری خۆیان دەڵێن (کوردی). هەر ئەو نووسەرانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، هەموو ئەو کوردانەی کە بە زمانی (پەهلەوانی) دەدوێن؛ وەک نەتەوەیەکی غەیرە کورد تێیان ڕوانیون. کە دیارە هەموو ئەم بۆچوونە چەوت و هەڵانە لە کەمی و نەبوونی بەڵگە مێژووییە پێویستەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەڵام دیارە ڕاستییەکەی پێچەوانەی بۆچوونی ئەو نووسەرانەیە و ئاشکرایە کە (گۆرانی و دملی) کۆنترین شێوازێکی ئاخافتنی زمانی کوردی و زۆر لە شێوە زاری کرمانجیش کۆنترن. ئەوان هەر لە هاتنی ئیسلامەوە؛ بۆ ناوچەی کوردستان چ لە لایەن کەسانی دیکەوە بە کورد ناسراون. چ خۆشیان حاشایان لە کورد بوونی خۆیان نەکردووە و هەردەم خۆیان بە کورد زانیوە.

جا لە ڕووی لینگوستیکەوە شێوەزاری ئاخافتنیان چۆن پۆلێن دەکرێت و دەدرێتە پاڵ کامە لق و باڵی زمانێکی دیاریکراو؛ گرنگ نییە.

گرنگ ئەوەیە، کە ئەوان کوردن. کوردایەتیشیان وەک حەقیقەتێک جێگیر و نەگۆڕە.

### وێژە

وێژە و ئەدەبی کوردی؛ پانتاییەکی بەرفراوان و مێژوویەکی دێرینی هەیە. کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر پێش ئیسلام و بەمیراتگری ئەدەب و نووسینی ئەو سەردەمە دەزانرێت، بەڵام دیارە ئەدەبی نووسراوی کورد بە هۆی کۆچ و ڕەو و هەشت سەد ساڵەی کۆچەرێتی کوردەوە، زۆربەی لە ناوچووە و ون بووە.

لە ئێستادا کەمێک ڕەشنووس و لاپەڕەمان لەبەردەستدا ماوە، کە کۆنترینیان بەشێوەزاری (گۆرانی) نووسراوە؛ گەرچی لەمڕۆدا شێوە ئاخافتنی ژمارەیەکی کەمی کوردە، بەڵام سەردەمانێک شێوەزاری (گۆرانی و هەورامی)، زمانێکی باڵادەستی نێو ناوچەکانی کوردستان بووە؛ کە تا بڵێی زمانێکی شیرین و ناسک و جوانی شیعر نووسینە.

لە سەردەمی حوکمڕانێتی میرنشینی ئەردەڵانیشدا (١١٦٨- ١٨٦٧) و تا ڕووخانی میرنشینەکەشیان، هەر بە شێوەزاری گۆرانی قسەیان کردووە. کۆنترین دەقێکی نووسراوی زمانی کوردیش، بە شێوەزاری پەهلەوانی نووسراوە. شایەنی باسیشە، کە هیچ دەقێکی کۆنی نووسراوی شێوەزاری (کرمانجی)یان لەبەر دەستدانییە.

یەکێک لە دەقە کۆنە گرنگەکان، چوارینە شیعرییەکانی باباتاهیری هەمەدانییە کە لە ساڵانی ١٠٠٠- ١٠٥٤ی زایینیدا ژیاوە. خەیام وەک شاعیرێکی ڕۆژهەڵات، کە لە ئێستادا لە هەموو دنیادا ناسراوە و گرنگی پێدەدرێت لە

ڕاستیدا لە نووسینی چوارینە شیعرییەکانیدا چاوی لە باباتاهیری هەمەدانی کردووە.

باباتاهیر بە شێوەزاری (لەکی و گۆرانی) شیعری نووسیوە و بە حوکمی ئەوەی کە لە زمانی فارسیشدا، زۆر بە سەلیقە و شارەزا بووە، بەرهەمەکانی بەلای هەردوو میللەتی کورد و فارسەوە گرنگە. کێشی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر دێرینی پێش ئیسلام.

شێخ (عەدی) ئێزیدیانیش، بە کێشی شیعرەکانی باباتاهیر، (جیلوە)ی نووسیوە. شایەنی باسیشە کە لەمڕۆدابابا تاهیر، پلەو پایەیەکی بەرز و پیرۆزی لای کورد هەیە.

هەندێکی تریش، لە نموونەی نووسەرە کۆنەکانی کورد، ئەمانەن:

پەرێشان دیناوەری، کە شاعیری شیعری لیریکی بووە و لەساڵی (١٣٩٥)ی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە./ محەمەد قاندولایی لە کۆتایی سەدەی هەڤدەدا کۆچی دوایی کردووە./ خانای قوبادی (١٧٠٠- ١٧٥٩)/ سەرهەنگ ئەڵماس و میرزا شافی دیناوەری کە لەنێوەڕاستی سەدەی هەژدەدا ژیاون./ سەیدی هەورامی (١٧٨٤- ١٧٥٢)/ ئەحمەد بەگی کۆماسی (١٧٩٦- ١٨٨٩)/ محەمەد زەنگەنە غەمناک کە لە کەرکووک و لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا ژیاوە/ محەمەد وەلی کرماشانی کە لە ساڵی ١٩٠١دا کۆچی دوایی کردووە/ شاعیری بێ هاوتا و بەناوبانگ (مەستوورە - ماه شەرەف خانی قادری زەند) لە ساڵانی (١٨٠٥- ١٨٤٨)دا ژیاوە و شیعری بە هەورامی و لەکی نووسیوە و یەکێکە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد./ (فەقێ تەیران)ی نووسەری (شێخی سەنعان) کە لە ساڵانی (١٥٩٠- ١٦٦٠) ژیاوە و بەشێوەزاری کرمانجی نووسیویەتی.

**گۆرانی و دملی کۆنترین شێوەزاری زمانی کوردین و زۆر لە شێوەزاری کرمانجیش کۆنترن**

جا ئەگەر بێینە سەر نووسراوی ئایینی، ئەوە دەبینین کە کۆنترین نووسراوێکی زمانی کرمانجی، کتێبی پیرۆزی ئێزیدیانە بەناوی (مەسحەفی ڕەش)؛ کە لە سەدەی سیانزەدا و لەلایەن شێخ حەسەنەوە نووسراوە. ئەو بابەتە ئەدەبییانەی کە لەمڕۆدا لەبەردەستماندایە و بە شێوەزاری کرمانجی نووسراون، ئەمانەن:

دیوانە شیعری (مەولود- Mewlud)ی مەلا ئەحمەدی هەکارییە، کە لە ساڵانی (١٤١٧- ١٤٩٤)دا ژیاوە/ دیوانە شیعری (یوسف و زولەیخا)ی سەلیم سلێمانە کە لە ساڵی (١٥٨٦)دا نووسیویەتی/ فەرهەنگۆکێکی (کوردی - عەرەبی - فارسی) بۆ لاوان، ئیسماعیل بایەزیدی کە لە ساڵانی (١٦٥٤- ١٧١٠)دا ژیاوە نووسیویەتی./ (مەم و زین) یان (مەمی ئالان و زینێ بۆتان)- ئەحمەدی خانی لە ساڵی (١٦٩٤)دا نووسیویەتی، کە بەتەواویی گوزارشت لە ڕووداوە مێژوویی و میتۆلۆژییەکانی کورد دەکات. بیرۆکە و هزری خۆشەویستی نیشتمان و نیشتمانپەروەریتی تێدا دەبینرێتەوە. لە داستانی (مەم و زین)دا، مەمی ئالان و زینی بۆتان یەکتریان خۆشدەوێت. بەکر ناوێک دەبێتە باعیسی نێوانیان و بە هەموو شێوەیەک ڕێگە لە بەیەک گەیشتنیان دەگرێت. ئەو دەمەی مەم دەمرێت، زینیش پاش ئەو لە پاڵ مەمدا دەمرێت و هەر لەوێشدا دەنێژرێت.. بەڵام بەکر پاش مردنیشیان وازیان لێ ناهێنێت و لەنێوەڕاستی هەردوو گۆڕی عاشقەکەدا خۆی مەلاس دەدا.

ئیدی خەڵکانێک زۆر بەمە تووڕە دەبن. بەخراپترین شێوە و لە شوێن خۆیدا دەیکوژن، بەڵام بەکر بەوەش واز لە دوو عاشقەکە ناهێنێت و لەنێوەڕاستیاندا دەبێتە دڕک و بنج دادەکوتێت.

شایەنی باسیشە، کە داستانی (قەڵای دمدم)یش، یەکێکە لە شاکارە گرنگەکانی کورد. کە تێیدا هێرشی شای سەفەوییەکان لە سەدەی حەڤدەیەمدا بۆ سەر قەڵای دمدم، کە لەو دەمەدا (میرخانی لەپ زێڕین) حوکمڕانی قەڵاکە بووە، دەخرێتە ڕوو. داستانێکی تراژیدی و سیمبۆل ئامێزە. گەرچی چەند گرفتێکی کرۆنۆلۆژیکی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودی داستانەکە گرنگییەکی ئەدەبی گەورەی هەیە. لەزۆر ڕووەوە جەنگی (ترواده- نزووا)مان بیردەخاتەوە. جا چ لە ڕووی چەشنی ئابڵۆقەدانی قەڵاکە و چ لە ڕووی کوژرانی هەر کەسێکی نێو قەڵاکە.

پاش هەزار ساڵێک لە نووسینی دەقی کوردی بە شێوەزاری گۆرانی، ئینجا بەشێوەزاری سۆرانی نووسراوە. کە یەکەمینیان نووسینەکانی (مستەفا کوردی)یە کە لە ساڵەکانی (١٨٠٩- ١٨٦٦)دا ژیاوە.

دواتریش حاجی قادری کۆیی، درێژەی بە بەکارهێنانی

شێوەزاری سۆرانی داوە لە نووسینی شیعرەکانیدا کە لە سـالّەکـانی (١٨١٧- ١٨٩٧)دا ژیاوە و زۆربەی شیعرەکانی شیعری نیشتمانپەروەرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ شێوەیەک ناچێتە ریزی کەڵەنووسەرانی وەک هەریری و خانی و جەزیری. ناشکرێت بەیەک چاو تەماشا بکرێت و بەراوردکردنیشی ئەستەمە.

یەکێک لەو شاعیرانەی کە دەکرێت وەک ریزپەرێک ئاماژەی پێ بدەین تەنیا لەبەر ئەوەی کە بەشێوەزاری سۆرانی شیعری نووسیوە لێرەدا ناوی دەهێنین، ئەویش (شێخ رەزای تاڵەبانی)یە، دیارە بە شیعرە هەجو ئامێزەکانی ناسراوە، کە پێدەچێت دوژمن و نەیار و ناحەزێکی زۆری هەبووبێت. ناوبراو لە سالّەکانی (١٨٣٥- ١٩٠٩)دا ژیاوە.

پێش بیست سی سالێک لەمەوپێش، باس لە دۆزینەوەی کەوڵە پێستێکی نووسراو کرا، کە گوایە بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست نووسراوەو پێکهاتووە لە کۆمەڵێ شیعرێک کە باس لە هاتنی ئیسلام دەکات بۆ ناوچەی کوردستانی ناوەڕاست. بابەتی شیعرەکانیش تایبەتن بە نەمان و ڕووخانی ئاتەشگای زەردەشتییەکان. گەرچی وەک بەڵگەیەکی گرنگی مێژوویی خراوەتەڕوو، بەڵام بێگومانم لەوەی کە بەڵگەیەکی دروستکراو و ناڕاستە چونکە گەر لە سەردەمی هاتنی ئیسلامدا نووسرابا، ئەوە بێ سێ و دوو بەشێوەزاری گۆرانی دەنووسرا.

جگە لەوەی کە لەو سەردەمەدا و لەناوەڕاستی کوردستاندا کریستیان و یارسانییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی نیشتەجێ بوون. بەشێکی زۆرکەمی دانیشتووانی کوردستان، جوولەکە و زەردەشتی بوون.

تا ئێستا سەبارەت بە مێژووی نووسینی ئەو شیعرانە، هیچ مێژوویەکی دیاریکراو نەخراوەتە ڕوو. جگە لەوەی کە نازانرێت کە بە چ ڕێنووسێک نووسراوە. شایەنی باسیشە کە هیچ فۆتۆگرافیکی نەگیراوە.

ڕەنگە ئەم جۆرە ساختەکارییە، لە کەسێکی بێ ئومێدی نەتەوەپەرست وەشابێتەوە. بۆ ئەوەی بیکاتە بەڵگەی ئەوەی کە گوایە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست دەمێک ساڵ لەمەوپێش هەبووە و بەکارهێنراوە.

شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، گەرچی بۆ خۆشی لەژێر کاریگەری و گوشارێکی سیاسی دیاریکراودا گەیشتۆتە ئەم قالبە بەکارهاتووەی ئێستای و فۆرمالیتە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بێت، لە ڕۆژگارێکدا یەکێک بووە لە خاڵە سەرەکییەکانی دابەشکردنی کوردستان.

لە ماوەی حەفتاو پێنج ساڵی پێشوودا، وەک شێوەزارێکی کاریگەر بەرهەمێکی زۆری ئەدەبی و سیاسی پێ نووسراوە و بڵاوبۆتەوە. لەکاتێکدا کە شێوەزاری کرمانجی باکوور، لەلایەن تورکەکانەوە تا ئەم دواییەش بە تەواویی قەدەغە کرابوو.

بە پێویستی دەزانم، کە جارێکی تریش ئاماژە بەوە بدەم، کە کۆنترین دەقێکی نووسراوی کوردی، بەشێوەزاری گۆرانی نووسراوە کە پێش هەزار ساڵێک لەمەوپێش نووسراون و لە ئێستادا دە دەقی نووسراوی شێوەزاری گۆرانیمان لەبەردەستدایە. ئەمە جگە لە هەشت دەقی نووسراوی شێوەزاری کرمانجی باکوور، کە دواتر نووسراون.

شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستیش، تەنیا دوو سەد ساڵێکە پێی دەنووسرێت. گەرچی لە سەدەی بیستەمدا، شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، باڵادەستییەکی تەواویی پیشان دا لە نووسیندا، بەڵام لە ئێستادا وا خەریکە ئەو هاوکێشەیە دەگۆڕێت، بەتایبەت پاش ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ساڵی (١٩٩٢) بەدواوە لە تورکیادا ڕوویدا. بەرهەمێکی ئەدەبی زۆر بەشێوەزاری کرمانجی باکوور هاتۆتە نووسین. ٨٠٪ی کوردەکانی باکووری کوردستان، بە شێوەزاری کرمانجی باکوور دەدوێن. زۆربەی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە بڵاوبۆتەوە، لەلایەن ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرانەوە نووسراوە کە لە تورکیا هەڵهاتوون و وەک پەناهەندە لەتاراوگەدا دەژین. دیارە بڵاوبوونەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەرانی باکوور، بەشێوەزاری کرمانجی باکوور، مایەی خۆشحاڵی هەر کوردێکە.

لە تورکیادا و تا ئەم ساڵانەی دوایی نەک هەر نووسین، بەڵکو ئاخافتنیش بە زمانی کوردی قەدەغە بووە و سزاکەشی زیندان بووە. بەڵام لە ساڵی (١٩٩١)دا، تورگوت ئوێزال، ڕێگەی پێدان کە قسەکردن بە زمانی کوردی لەناو چوارچێوەی خێزانیدا ئازادبێت، بەڵام سیاسەتمەدار و نووسەر و ئەکادیمیستەکانی تورک ئەم تۆزە مافەشیان بۆ کورد بە ڕەوا نەبینیوە و کەوتنە هاتوهاوار. بەڵام حکومەتی ئەو دەمەی تورکیا گوێی لێ نەگرتن و بگرە ڕێگەیشی بە کوردەکان دا کە لە سنوورێکی دیاریکراودا ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەدەبی بڵاوبکەنەوە، بەڵام بە مەرجێک بە سانسۆردا تێپەڕێت

و قبووڵ بکرێت. شایەنی باسیشە کە تا ئێستا خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی لە تورکیادا قەدەغەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنیسانسێک لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیدا دەکەوێتە پێش چاو.

کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووش، گەرچی بە ژمارە کەمن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی دەسەڵاتداریێتی حکومەتی پێشووی سۆڤیەتدا، ئازاد بوون لە خوێندنی هەردوو زمانی ڕووسی و کوردی. هەر بۆیە نووسەری زۆر ناودار و بەتوانایان تێدا هەڵکەوتووە. ڕەنگە هۆکاری ئەم ڕێگە پێدانەشیان لەلایەن حکومەتی سۆڤێتی پێشووەوە، کەمی ژمارەیان بووبێت. جگە لەوەی کە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانە زیندووەکانی دنیا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی سۆڤیەتەوە، وەک پڕوپاگەندەیەک بەکارهێنراوە.

پاش ڕووخانی دەسەڵاتداریێتی سۆڤیێتی و سەربەخۆبوونی کۆمارە جیاجیاکانی ژێردەسەڵاتی پێشوو؛ کوردەکان ئەو پشتگیری و کۆمەککردنەی پێشوویان لە دەست دا و لە ئێستادا وەکو جاران ڕێگەیان پێ نادرێت.

ئەرمینیا، پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، موسڵمان و کوردە ئێزدییەکانی ناچاری هەڵهاتن و بەجێ هێشتنی وڵات کرد. کە دیارە پێشتر و لە ژێر گوشاری یەکێتی سۆڤیەتدا، بە ڕووکەشی زۆر بە باشی لەگەڵ کوردەکاندا دەجووڵایەوە.

گەرچی لە ڕاستیدا هەردەم کوردەکانی ئێریڤان، دووچاری ناخۆشترین هەلومەرجی ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجەدان بوون و ئەمەش لە کاتی هێرشی ئەرمینیا بۆ سەر ئازەربایجان، بە تەواویی پەردەی لە ڕوو داماڵرا و ڕاشکاوانە کوردەکانی ناچاری هەڵهاتن و کۆچ و ڕەو کرد. کە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆریان لە ئۆردوگای ئاوارەکاندا ژیان دەبەنەسەر. ئاماژە پێدان و باسکردنی باری ناهەمواری کوردەکانی ئەوێ؛ لە لایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئەرمینییەوە، ڕێی پێ نادرێت و جێگەی باس نییە. کوردەکانی ئێران و عێراق (ئەلف و بێی، عەرەبی - فارسی) بە کەمێک چاککردن و دەستکارییەوە، لە نووسیندا بەکاردەهێنن.

کوردەکانی تورکیاش؛ هەروەک چۆن «کامەران بەدرخان» ئەلف و بێی لاتینی بەکەمێک دەستکاری و بەشێوەیەک کە لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی کوردیدا بگونجێت، بەکارهێناوە. لە ئێستادا هەر ئەو جۆرە ڕێنووسە لە نووسیندا بەکاردەهێنن.

کوردەکانی سۆڤیەتی پێشووش، لە پاش ساڵی ١٩٢٠وە ئەلف و بێی ئەرمەنییان لە نووسیندا بەکارهێناوە. پاش ساڵی ١٩٢٧یش گۆڕیویانە بۆ ئەلف و بێی لاتینی. دواتر و لە ساڵی ١٩٤٥ بە دواوە ئەلف و بێی (کیریل)یان بەکارهێناوە. لە ئێستاشدا هەردوو ڕێنووسەکە لە نووسیندا بەکاردەهێنن.

شێوەزاری لەکی و گۆرانیش بەدرێژایی مێژووی نووسینەوەیان، ئەلف و بێی فارسی وەک ڕێنووسێکی جێگیر بەکارهاتووە و لە ئێستاشدا هەمان ڕێنووس لە نووسیندا پەیڕەو دەکرێت.

دملیەکانیش تەنیا لە ئەڵمانیادا، بڵاوکراوەیەکی تایبەتی نووسراو بەشێوەزاری خۆیان بڵاودەکەنەوە. کە پەیڕەوی خودی ئەلف و بێی لاتینی و ئەلف و بێی ئێستای نووسینی شێوەزاری کرمانجی باکوور لە نووسیندا دەکرێت. پاش ساڵی ١٩٩١ کوردەکانی تورکیا، ڕۆژنامەیەکیان بە مەبەستی نزیککردنەوەی هەردوو شێوەزاری کرمانجی باکوور و دملی بڵاوکردەوە. لە چل لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا دوو لاپەڕەی تایبەت بوو بە نووسینی شێوەزاری دملی، بەڵام دیارە ئەمە هەوڵێکی ناکام بوو، چونکە هێشتاکە لەنێو کوردەکانی تورکیادا هەل و مەرجێکی وا نەڕەخساوە؛ لە ڕووی فیکریی و ئایدۆلۆژییەوە تا هەوڵێکی ئاوای لێک نزیک کردنەوە و یەکخستنی هەردوو شێوەزارەکەیان پێ قبووڵ بکرێت. هەربۆیە و پاش ماوەیەک و دوای ئەوەی کە نەیتوانی درێژە بەکاری خۆی بدات، پاش چەند ژمارەیەک، دەرچوونی ڕۆژنامەکە ڕاگیرا.

بە حوکمی ئەوەی کە لە ئێستادا، ئەلف و بێیەکی (پان - کوردی) ستاندارت نییە. هەر بۆیە هەر شێوەزارێک، بەپێی هەلومەرجی ناوچەیی ئەلف و بێی تایبەت بەخۆی بەکاردەهێنێت. گەرچی لە زۆر ڕووەوە ئەلف و بێی (عەرەبی - فارسی) لە بارە. بە تایبەت زۆرێک لەو دەقانەی کە ڕەنگە گەر بە ڕێنووسی لاتینی یان کیریل نووسرابا، بە تەواویی فۆنەتیکی پیتەکانی وەدیار نەخستبا، بەڵام

**لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە بەرهەمێکی ئەدەبی زۆر بە شێوەزاری کرمانجی باکوور هاتۆتە نووسین و لەلایەن ئەو نووسەرانەوە نووسراون کە لە تاراوگەدا دەژین**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ستانداردێکی (پان – کوردی) بۆ زمـانـی کــوردی دابنرێت. ئەوە واچاکــتــرە ئەلف و بێی ڕێنووسی لاتینی هەڵبژێردرێت و بکرێتە ڕێنووسی زمانی کوردی.

**خوێندن**

تاکە میللەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تا ئێستا زمـانێکی یەکگرتوو و سـتـانداردی نەبێت، مـیللەتی کـوردە، هەمـوو ئەو هەوڵانەی کـە دەسـتـەیەک لە کـورد و غـەیرە کـورد، بە مـەبەسـتی یەکـخـسـتنی زمـانی کـوردی داویانە، ئاکـامـەکـەی بەشکست هێنان و نشـووسـتی کۆتایی هاتووە. سـەرباری ئەوەی کە جەنگ و ئاشووبی نێـو خـودی کـوردسـتـانیش، هیچ کـاتێک ڕێخـۆشکەری هەوڵدانێکی لەو چەشنە نەبووە. گـرفـتـەکـەش هەر لەوەدانییـە کـە زمـانی کوردی یەکبـخرێت، بەڵکو زیاتر لەوەدایە کە ئاخۆ کامە شێوەزاری کوردی بەکاربهێنرێت.

زمـانێکی کـوردی (پان- سـتـاندارد) دەبێـتـە مـایەی بەرەو پێش چوون و فراوانبوونی زمانی کوردی. سەرباری یەکگرتنی کەلەپوور و میراتی ئەدەبی پەرتەوازەی کورد. دەکرێت کوردەکـان لەم بوارەدا، چاو لە عـەرەب و فـارس بکەن. ئاشکرایە کـە عـەرەب زمـانی نووسـینی قـورئانی کـردە سـتـانداردی زمـانی عـەرەبی. لەو ڕێگەیەشـەوە توانیـیـان پێـوەندیکردن و تێگەیشـتنی ئاخـافـتنی شێوەزاری جیاجیای عەرەبی هاسان بکەن. هەر بۆ نموونە لە ئێستادا عەرەبەکانی باکووری ئەفەریقا و عـەرەبەکانی سعوودیە لە یەکتر تێ دەگەن. کە پێشتر حاڵی بوونیان لە یەکـتـر لە ئێـسـتـای تێگەیشـتنی نێـوان شـێـوەزارە جیاجیاکانی کورد خراپتر بوو.

بەڵام دیارە کوردەکان؛ زمانێکی پێشووی یەکگرتوویان نیـیـە، هەروەک ئەو زمـانە یەکگرتووەی عـەرەب کـە لە قورئاندا هاتووە. ئەدەبێکی واشیان لەبەردەستدانییە، کە بەزمـانێکی یەکگرتوو نووسرابێت، هەروەک چۆن ئەدەبی فارسی بە زمانێکی بنەڕەتی و یەکگرتوو نووسراوە.

لە زۆر ڕووشـــەوە، نەبوونی زمــانێکی یەکگرتووی کــوردی بۆتە هۆی دەوڵەمـەندبوونی زمـانەکـە . بەهۆی بەکارهێنانی شێوەزاری جیاجیا لە نووسینی دەیان دەقی ئەدەبیدا.

هەر بۆیە پێکهـاتنی زمـانێکی یەکگرتووی کـوردی، بێگومـان دەبێـتە هۆی سڕینەوە و نەمانی بەشێکی زۆری ئەو دەقە ئەدەبییـانەی کە بە کەلەپوورێکی گرنگی کورد دادەنرێت، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لە ڕووی دەرکـەوتنی ناسنامـەیەکی نەتەوەییـەوە، قـازانجێکی زۆری بۆ خـودی کێشەی کورد دەبێت و ماهیەتی نەتەوەییانەی کورد بەرەو پێش دەبات. گـرنگیش نیـیـە چ شـێـوەزارێک دەکـرێتـە بنەڕەتی زمانە یەکگرتووەکە.

لە ئێـسـتـادا جیـاوازی لەنێـوان ئاخـافـتنی کـەسێکی خـوێنەوار و نەخـوێنەواری کـورد، بەشـێـوەیەکی بەرچاو دەبینرێتـەوە. نیـشـتـەجێ بوون لە شـارە گـەورەکـانی کوردستاندا کاریگەرییەکی تەواوی هەیە لە یەکخستنی شێوە ئاخافتنی کوردیدا.

لە عێراقدا هەر لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە، زمانی کوردی و عەرەبی وەک دوو زمانی ڕەسمی خوێندن و فێربوون ناسێنراوە. تەنانەت زمانی کوردی لە خوێندنی زانکۆیشـدا ڕێی پێدراوە. ژمـارەی خوێندەوارانی کوردی عـێـراق، گـەر بەراوردی نەکـەین بە کـوردەکـانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتی پێشوو، ئەوە ڕێژەی خوێندەوارانی لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان زیاترە.

بەپێی ئامارێکی ساڵی ١٩٨٦، ڕێژەی خوێندەوارانی سـەرجـەم شـارەکـانی ئێـران ٦٠,٩٦٪ بوو. ڕێژەی خوێنەوارانی کوردەکانی ئێرانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

کوردەکـانی ئازەربایجان ٤٧٪، کـوردەکانی کرمـاشان ٥٠٪، کـوردەکـانی ئیـلام ٥٢٪، کـوردەکـانی هەمـەدان ٥٧٪ [شایەنی باسە کە بەشێکی هاووڵاتیانی هەمەدان کوردن]، کوردەکانی بلووچستان ٢١٪.

بەپێی ئەو ئامـارەی سـاڵی ١٩٨٦، کـە لە (٢٤) ناوچەی جـیـاجـیـای کـوردسـتـانی ئێـراندا بە ئەنجـام گەیەندرابوو. نزمترین ئاستی ڕێژەی خوێندەوارانی کورد لە شاری دێرینی کورد (قەسر شیرین)دا بوو.

پێش سـالی ١٩٧٩، لە ئێـراندا هەمـوو جـۆرە بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردی ڕێی لێدەگیرا، نەدەهێڵرا بڵاوبکرێتـەوە، بەڵام پاش سـاڵی ١٩٧٩ ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی ئەدەبی بەزمانی کوردی درا و تائێستاش ڕێی لێ نەگیراوە. کە دیارە ئەمەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرزکـردنەوەی ئاسـتی فـێـربوونی خـوێندن لە کـوردسـتـانی ئێـراندا. کـە دواتر بەهۆی ئامـارێکی سـاڵی ١٩٩٠، ئەو ڕاستـیـیـە کـەوتە ڕوو. تورکیـاش بە پێچەوانەی ئەو بەندەی کە لە پەیماننامـەی لۆزاندا هاتووە و بۆ خۆی ئیمزای کردووە کە دەبوو ڕێ لە هیچ نەتەوەیەکی نێو تورکیا نەگرێت، تا ئازادانە بتوانن پرۆگـرامی فـێـربوونی خـوێندن و نووسین و مـافی

بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک کە بیانەوێت پیادە بکەن.
پاش ساڵێک لە ئیمزاکردنی پەیماننامەکە، کەوتە ویژەی کوردەکانی تورکیا و تەنانەت قسەکردنی بە زمانی کوردیشی لێ قەدەغەکردن.

پاش پەنجاکانی سەدەی پێشووش شتێک ڕێگەی بە کوردەکان دا تا هەندێک بڵاوکراوە لە ئاستێکی سنووورداردا بڵاوبکەنەوە، بەڵام لە هەشتاکاندا بە تەواویی و لە جاران خراپتر قەدەغە کرا. سەربارى ئەوەی کە تا ئەمڕۆش هەموو جۆرە خوێندن و فێربوونێکی زمانی کوردی قەدەغەیە.

هەربۆیە بۆ کۆمەکی ئەو کوردانەی کە پێشتر لە تورکیا هەڵهاتوون و لە ئێستادا لە دەرەوەی وڵات دەژین لە دوو توێی پرۆگرامێکدا زۆر قوتابخانەی فێربوونی خوێندن و نووسینی زمانی کوردییان بۆ منداڵەکانیان کردۆتەوە، کە لە ئێستادا لە هەوڵی بەرفراوانکردنیدان.

لە نووسینی شێوەزاری کرمانجی باکووریشدا، هەروەک چۆن کامەران بەدرخان و عەلی بەدرخان، شێوە ڕێنووسی ئەلف و بێی لاتینیان کردە ستاندار لە ئێستاشدا هەر ئەو شێوە ڕێنووسە بەکاردەهێنرێت.

کامەران و عەلی بەدرخان، لە سەردەمێکدا کە سوریا لە ژێر دەستی فەڕەنسیەکاندا بوو لە سنووری سوریاوە هەردوو گۆڤاری (هاوار- ١٩٣٢-٤٣) و گۆڤاری (ڕوناهی- ١٩٣٥)یان دەگەیاندە ناو کوردستانی تورکیا و لەنێو خوێندەواراندا بڵاودەکرایەوە.

هەر لەو کاتەوە و لە هەر دەرفەتێکدا کە کوردەکانی تورکیا توانیبێتیان بڵاوکراوەیەک بڵاوبکەنەوە. ئەو شێوە نووسینەیان بەکارهێناوە.

لەسەرجەم ئەو وڵاتانەی کە کوردە پەناهەندەکانی تورکیای تێدا دەژی بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی تورکیای تێدایە، وەک ئەڵمانیا و فەڕەنسا و نەمسا و سوێد چاپخانەی تایبەتیان داناوە، کە سەدان کتێب و ڕۆژنامە و کتێبی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی بۆ قوتابیان چاپ دەکات.

سەبارەت بە کوردەکانی سوریاش، هیچ ئامارێکمان بەدەستەوە نییە. ئەمە جگە لەوەی کە ناوچە کوردنشینەکان خراوەتە سەر ناوچە عەرەب نشینەکان، کە ژمارەیان زۆر لە کوردەکان زیاترە.

کوردەکانی سوریا لە نووسیندا، سوودیان لە شێوە نووسین و ڕێنووسی ناوچەکانی دیکەی کوردستان وەرگرتووە. ئاشکراشە کە ڕێژەی خوێندەواریان هێجگار کەمە.

بەرزترین ڕێژەی خوێندەوارانی کوردیش لەمڕۆدا، لەنێو کوردەکانی (ئەرمینیا و گورجستان)ە.. سەرباری ئەوەی کە لە رووی ژمارەیانەوە، بە بەراورد لەگەڵ هەر پارچەیەکی کوردستاندا؛ زۆر کەمن.

شایەنی باسیشە، کە خوێندن بە زمانی کوردی لە (ئازەربایجان و تورکمانستان و کازاخستان و قرقیزستان)دا نییە. لە پاش جەنگی جیهانی دووەمیشەوە دەسەڵاتدارانی ئازەربایجان بە تەواویی کوردەکانیان، لە هەموو کارێکی دەوڵەتی و ڕەسمی دوورخستەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ژمارەیەکی زۆر کەمی کوردەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەوە ناومان هێناوە؛ تا ئێستا داوای خوێندنیان بە زمانی کوردی کردووە. کە دیارە ئەمەش جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانە.

**تێبینی:** ئاشکرایە کە زارەکانی زمانی کوردی پێکهاتوون لە:

١- کرمانجی باکوور.
٢- کرمانجی ناوەڕاست.
٣- کرمانجی باشوور.
٤- کرمانجی ڕۆژهەڵات (گۆرانی).

گەر کرمانجی ناوەڕاستیش، بە نموونە بهێنینەوە دەبینین لەم شێوەزارانە پێکهاتووە: «موکری، سۆرانی(هەولێر)، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی»، بەڵام (مەهرداد. ر.ئیزدی) لەم بابەتەدا، لە جێی سەرجەم زاری (کرمانجی ناوەڕاست)، (سۆرانی) بەکارهێناوە.. بەو پێیەی کە پێمان ڕاست نەبوو؛ دەستکاریمان کرد و (سۆرانی)یەکانمان کردە (کرمانجی ناوەڕاست).

شایەنی باسیشە لە جێی کرمانجی باکووریش (بادینانی) بەکارهێناوە؛ هەربۆیە ئەویشمان کردە (کرمانجی باکوور).

**سەرچاوە:**

**KURTLER/ MEHRDAD. R. IZADY/ DOZ YAYNILARI/ ISTANBUL/ 2004, Sayfa/ (299-303) (310-318) VI. Bolum/ Dil, EDEBIYATVE BASIN.**

# مێژووی ئەدەبی کوردی

لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕەشنووس و کەرەستە و سەرچاوەکانی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)م ئامادە بوو. لە ڕۆژگارێکی سەردەمی منداڵیم بیرم لەم پرۆژەیە کردبووەوە، بەشێکی زۆر لە نووسینە بڵاوکراوەکانم و نامەی خوێندنی باڵام لە ڕووسیا بەرکوڵی ئەم کارە بوون.

لە ساڵی ١٩٦٤ەوە کە هێشتا لە ڕووسیا بووم، دەستم دایە کارەکە. ساڵانی کارکردنم لە جەزائیر و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا (١٩٨٣- ١٩٨٨) بەشی زۆری ڕەشنووسی کارەکەم ئامادە کردبوو تا لەدوا ساڵانی سەدەی بیستەم لە هەولێر بڕیارم دا دەست بە پاکنووس کردنی کارەکە بکەم من وام دەزانی بە شەش بەرگ تەواو دەبێ. هەر بەرگی ساڵێکی گەرەک بوو پاکنووس بکرێ و ئامادە بێ بۆ چاپ. لەو ڕۆژانەدا بۆم ئاشکرا بوو ناتوانم لەسەر کیسەی خۆم چاپی بکەم. هەروەها ئەوەشم دەزانی کەسێک، یان لایەنێک نییە بەرهەمەکە چاپ بکا وەکو خۆم دەمەوێ و بەو جۆرەی نووسیومەتەوە، لەبەر ئەوە پرۆژەکەم ئەوە بوو تەنیا ڕەشنووسەکان پاکنووس بکەم، ئەمەش بە مەزەندە شەش حەوت ساڵی پێویست بوو، لەدوای ئەمە بیر لە چاپ کردنی بکەمەوە.

لەدوا ساڵی سەدەی بیستەمدا ٢٠٠٠ دەستم بە پاکنووسی کارەکە کرد، هێشتا لە سەرەتای پرۆژەکە بووم، دۆستی بەڕێزم بەدران ئەحمەد حەبیب پێشنیاری ئەوە بوو

---

**مارف خەزنەدار**

دەست بکەین بە چاپ، منیش ئەوکاتە هێشتا بەرگی یەکەمم پاکنووس نەکردبوو. هەر چۆنێ بێ بەناوی ئەوەی خەتی من بۆ کۆمپیوتەر خۆشە و کادیری لێزانی باشی هەیە لە چاپ. زیاد لەسەر ئەوەش پێشتر کتێبێکی دیکەیان بۆ چاپ کردبووم «ئەدەبی ڕووسی و کێشەی پاستیرناک» و شارەزاییان لە جۆری نووسینی من هەیە، ئیتر ناچار بووم بەڵێنی پێ بدەم، بەم پێیە کارەکەم قورستر بوو، چونکە دەبوو بەرگەکانی دیکەشی هەریەکەیان لە ماوەی ساڵێکدا پاکنووس بکەم، لەو کاتەی هەر یەکەی دوو ساڵی پێویست بوو. بەم جۆرە کە ڕەشنووسی بەرگی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠٠ ئامادە بوو و لە ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکرایەوە، دەبوو پاکنووسی بەرگی دووەم لە ساڵی ٢٠٠١ ئامادە بکرێ و لە ساڵی داهاتوودا بڵاوبکرێتەوە. بەم ڕەنگە بڵاوکردنەوەی بەرگی شەشەم کەوتە ساڵی ئێستا ٢٠٠٦.

بەپێی ئەو بەرنامەیەی دامنابوو، دەبوو بە شەش بەرگ تەواو بێ، بەڵام بوو بە حەوت بەرگ. ناچار بووم ئەگەر لە ساڵانی پێشوو، پێویست بووبێ ڕۆژانە دە سەعات کاربکەم، دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٥ زیاتر لەو ماوەیە، خەریکی پاکنووسی کتێبەکە بم بۆ ئەوەی هەردوو بەرگی شەشەم و حەوتەم ئەم ساڵ بڵاوبکرێنەوە.

ئەم زیادە کارکردنە بووە هۆی هاتنە خوارەوەی هێزی تەندروستیم و تا ئێستاش لە ئێش و ئازاری ڕزگاریم نەبووە.

بڵاوبوونەوەی هەر حەوت بەرگی «مێژووی ئەدەبی کوردی» (نزیکەی چوار هەزار لاپەڕەیە بە خەتی ورد) ئارامی گیانم بوو، چونکە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە ئەوپەڕی هیوا و ئاواتی خوێندەواریم بوو. کتێبەکە بەگشتی لە سێ بەش پێک هاتووە:

١- ژیانی خاوەنی بەرهەمە ئەدەبییەکان: بۆ دەور کردنەوەی ژیانی شاعیر و نووسەران و ئەوەی بە ڕاستم زانیوە وەرم گرتووە، ئەوەی بەڕاستم نەزانیوە پشت گوێم خستووە، چونکە کاری من لەم ماوەیەدا لەچوارچێوەی مێژوو دایە و لە ڕەخنە دەچێتە دەرەوە. زۆربەی زانیارییەکانم مەیدانییە، لە نزیکەوە ڕاستەوخۆ لە شاعیر و نووسەرەکانم وەرگرتووە، یان لە کەسانی باوەڕ پێ کراوەوە، لەبەر ئەوە هەر زانیارییەک لە بارەی کەسێکەوە ئەگەر لە ژیانیدا زۆر زەق بووبێ و من باسم نەکردبێ، مانای ئەوەیە باوەڕم پێی نەبووە، یان بەرامبەری دوودڵ بووم.

٢- نموونەی بەرهەمی شاعیر و نووسەران: بەشێکی زۆر کەم لە دیوانی شاعیرانی کورد بە کەڵکی ئەوە دێن باوەڕیان پێ بکرێ، بەوەی چاپەکانیان بە چاپێکی زانستی حسێب دەکرێن. زۆربەی ئەوانی دیکە بە جۆرێک سەریان لێ شێواندووم ناچار بووم ماوەیەکی زۆر خەریکی ساغ کردنەوەی تاکە غەزەلێک بم لەسەر لاپەڕەی دیوانی چاپ کراو و دەسنووس و بەیازێکی زۆرەوە.

ئەو نموونانەی لە کتێبەکەدا هێنراونەتەوە تەعبیر لە چێژی ئەدەبی خۆم دەکەن، لەبەر ئەوەیە لەناو نامەخانەی هەموو نەتەوەیەکدا چەند کتێبێک دەکەوێتە بەرچاو بە ناوی «مێژووی ئەدەب»ەوە.

جگە لەلایەنی چێژی ئەدەبی، هەڵبژاردەکانی بەرهەمی ئەدەبی کوردی هیچ پێوەندییەکیان بە ئیدیۆلۆجییەت و بیری نەتەوەیی و بۆچوونی سیاسی و دیپلۆماسییەوە نییە. من تەنیا لە قسەی، جوان «داهێنانی ئیستێتیکی» گەڕاوم. قسەی جوانی کوردیم لە بابەت هەموو سووچێکی ژیانەوە هەڵبژاردووە: ستایشی خوا و پێغەمبەر «شیعری ئایینی»، سۆفیزم، وەسفی جوانی ژن و سروشت، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد «کوردایەتی»، داشۆرین، شیعری کراوەی سێکس (ئیرۆتیک)، دژی ئیمپریالیزم، چەوساندنەوەی کورد لەلایەن هاوسێکانییەوە، بەرگری کردن لە هەژار و بێنەوایان، لە جووتیار و کرێکاران، چوونە مەیدان لە دژی دەرەبەگ و چاوچنۆک و نیشتمان فرۆشی و هەموو کاسەلێسێک و گەلێ دیاردەی دیکە، دەبێ ئەوە ئاشکرا بێ (ئەدەب ئاوێنەی ژیانی ئادەمزادە).

لەبەر ئەوەی مێژووی گشتی کورد بە درێژایی ڕۆژگار هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆی بووە، بەشی زۆری شیعری لە سەدەی بیستەمدا خەریکی نیشتمانپەروەری و سیاسەت و کوردایەتی بووە. لێرەشدا من تەنیا ڕەچاوی «قسەی جوان»م کردووە، بەپێی ئەو تیۆرییەی باوەڕم پێی هەیە «جنێویش ئەگەر جوانکاری و ڕەوانبێژی هونەری تێدا بێ، بەرهەمێکی بەرزە».

٣- بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو بەڵگانەی لە کتێبەکەدا هاتوون، شێوازێکی تایبەتم بەکارهێناوە، ئەویش ڕوون کردنەوەی هەڵسوکەوتی بەرهەمەکە و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوەیە خاوەن بەرهەم ئیلهامی لێ وەرگرتووە.

زیاتریش هەوڵم داوە ئەگەر ڕەمز و ئیشارەت و وێنەی ڕەوانبێژی و تەمومژی ڕۆمانتیکی تێدا بێ، ڕوونیان بکەمەوە. جگە لەوەی بەشێکی یەکجار زۆر لەو بەرهەمانە لە نزیکەوە ئاگاداریم لێیانەوە هەیە، چونکە لەگەڵ شاعیر و نووسەرەکانیاندا ژیاوم. هەروەها زانیاریم لە خۆیان وەرگرتووە لە بابەت بەرهەمەکانیانەوە، واتە بایەخم بە هەڵسوکەوتی دەرەوەی بەرهەمەکە داوە، نەوەکو ناوەوەی، ئەمەیانم بۆ خوێنەر و خوێندەوار و مامۆستا و قوتابی ژیری ئەدەب بەجێ هێشتووە. مانای وشەی قورس و تەعبیری شیعری و وشە و زاراوەی فەرهەنگی و ئەنسیکلۆپیدی و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئیدیۆم و گەلێ شتی دیکەم بۆ ئەوان بەجێ هێشتووە بەپێی ئەو تیۆرییەی دەڵێ: «خوێندەوار و مامۆستا و قوتابی ئەدەب بەو کتێبە زانیاری زیاتر دەبێ لەو کاتەی لە هەموو شتێکی ناگا و ئاراستەی دەکا و ڕێی پیشان دەدا بۆ سەرچاوەی دیکە لەپێناوی ئەوەی لە زانیارییەکان بگا و پلەی خوێندەواری خۆی پێ بەرزبکاتەوە».

بێگومان ئەم کتێبە لە ڕووی هەڵەی چاپی و هەڵەی فاکتی (کات و جێگە و زانیاری) ڕەنگە لەو کتێبە دەگمەنانە بێ کە ئەم جۆرە هەڵانەی کەمە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڵگەیەی لێرەدا دەیخەمەڕوو، بۆ من دەبێتە مایەی پێکەنین، هەموو کەسێک ئەم هەڵەیە بکا نابێ من بیکەم.

بۆ کۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی نووسراوە: لە ڕۆژی ٤ی ئاغستۆسی ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بە نەخۆشی هەرەسی ناو مێشک کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێش بە خاک سپێررا.

من ئەوکاتە لە ڕووسیا بووم، کە ئەو هەواڵەم بیست نامەی ماتەمم بۆ شەوقی ڕەفیق حیلمی نووسی، هەر لەو نامەیەدا سڵاوم بۆ کۆچ کردوو و هەموو مردووەکانی گۆڕستانی گردی سەیوانی سلێمانی نارد. جگە لەوەی کە گەڕامەوە نیشتمان یەکەمین کارم لە سلێمانی ئەوە بوو سەردانی گۆڕی ڕەفیق حیلمی بکەم، کەچی لە «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا نووسراوە ڕەفیق حیلمی لەبەغدا نێژراوە.

بێگومان وردە هەڵەی وا لە کتێبەکەدا هەیە، لەوانە وێنەی شاعیرێک بۆ شاعیرێکی دیکە دانراوە. هەندێ وردە هەڵە لە لیستی ناوی کەسان و لیستی ناوی جوگرافیدا هەیە، ئەم هەڵانە پێویستە لە چاپی داهاتوودا ڕاست بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە تکا لە هەموو دڵسۆزێکی ئەدەبی کوردی دەکەم ئەو هەڵانە دەست نیشان بکا، یان هەر بیروڕایەکی لە بابەت ئەم کتێبەوە هەیە ئاگادارمان بکاتەوە.

ئەوی ڕاستی بێ ئەم چاپەی «مێژووی ئەدەبی کوردی» بە چاپێکی سەرەتایی، یان بەرکوڵ دادەنێم، بەڵام کەڵکی بۆ خوێندەواری کورد هەیە و دەسنووسی کتێبەکەی لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار کردووە.

چاپی داهاتووی پێویستە بە خەتێکی درشت بێ و هەموو هەڵە چاپی و فاکتی و تەکنیکییەکانی بەپێی بەرنامەی باسی زانستی ڕاست بکرێنەوە.

بەهۆی تەواوبوونی پرۆژەی چاپی یەکەمی «مێژووی ئەدەبی کوردی»یەوە، سوپاسی دۆستی بەڕێزم بەدران ئەحمەد حەبیب دەکەم کە لەم ماوە درێژەدا بە هاوکاری و هەروەزی هەردووکمان توانیمان ئەم کتێبە بە خاوەنی خۆی بگەیەنین کە خوێنەر و خوێندەواری کوردە. هەروەها سوپاسی کارگەرانی دەزگای ئاراس دەکەم بەتایبەتی تیپ لێدەر تریسکە ئەحمەد حەمید و دەرهێنەری هونەری ناوەوە و بەرگ ئاراس ئەکرەم. کۆششی دڵسۆزانەی ئەوان بووە هۆی ئەوەی کتێبەکە بەم شێوەیە چاپ بکرێ و بڵاوبکرێتەوە.

دوا ئارەزووم لەم بابەتەوە ئەوەیە بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی خۆم، یان منداڵەکانم هیچ کەسێک، یان لایەنێک، یان دەزگایەک مافی ئەوەی نییە «مێژووی ئەدەبی کوردی» و هەموو نووسینەکانی دیکەم بڵاوبکاتەوە، هەروەها نابێ بەهیچ جۆرێک ئەوەی لە کتێبەکەدا تۆمار کراوە دەسکاری بکرێ، نابێ لێی کەم بکرێتەوە، یان زیاد بکرێ.

ئەمە و مافی چاپی یەکەمی «مێژووی ئەدەبی کوردی» درا بووە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بە ئارەزووی خۆم و بە خۆڕایی پێشکێشم کردبوون، تەنیا ئەوە نەبێ لە بەرگی یەکەم و دووەم سەد و پەنجا دانە و لەبەرگەکانی دیکە سەد دانەیان وەک دیاری پێشکێشم کردبوو، ئەویشیان ناچاربووم زۆرترینیان وەک دیاری بۆ دەرەوەی نیشتمان بنێرم.

**هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی، ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٦**

# خەسارەکانی شیعری کوردی

کاتێ باس لە شیعر دەکرێ، بێ گومان دەشێ پێناسە، بۆچوون و دیاردەیەکی تایبەتیمان بۆ ئەم پێناسەیە هەبێت، جیاوازی شیعر و ئاخاوتنی ئاسایی چییە؟ هۆی نەمری و هەرمانیەتی شیعر لە چیدایە؟

بێگومان زۆر کەس لە زۆر ڕوانگەوە شیعریان پێناسە کردووە یاخۆ بۆچوونیان هەبووە، بۆ وێنە شاملوو دەڵێ شیعر نەک بەشێ لەژیان، بەڵکو خودی ژیانە. یان زۆر کەسی تر گوتوویانە شیعر دەبێ لە کەرەسەگەلی هەست، خەیاڵ، وێچواندن (تەشبیە) و... وەدی هاتبێ. من بۆ خۆم لام وایە شیعر گەورەترین خاڵی بەهێز بوونی مرۆڤایەتییە، هۆی هەرمانی شیعریش لە دوو شتدا دەبینم.

**یەکەم:** ئەوەی کە لەزمانێکی پتەو و تازە (خەللاق) کەڵکی وەرگرتبێ.

**دووەم:** ئەوەی کە شیعر، یانی دووری لە خۆپەرستی و خۆبینی، چونکە شیعر لە کانگایەکی زۆر ڕوونەوە هەڵدەقوڵێ و دەبێ ئەم حاڵەتە نەفسانییە لە شیعرەکەدا ببیندرێ و وشەکان پێکەوە تەبا و گەرموگوڕ بن، واتە خوێنەر بە خوێندنەوەی شیعرەکە ئەم هەستەی تێدا بەدی بێ.

کەوابوو یەکێک لە دیاردە هەرە گرینگەکانی شیعر ئەوەیە خاوەن زمانێکی چڕ و دینامیک بێت. هایدگەر گوتەنی: «زمان ماڵی بوونە» خاوەن ڕایان دەڵێن: زمانی شیعر ئەوەیە کە چەند کوچکە بێت و لەخاڵێکی دیاریکراو نەدوێت، واتە لە ڕواڵەتدا باسی مەبەستێ بکا

**کەریم حیکمەتی**
**(بۆکان)**

و ئێمە مەبەستێکی تری لێ هەڵکرێنین.
جا لێرەدایە کە پێویستی بە محەکی شیعر، زمانی شیعر و ناشیعر یاخۆ ئاخاوتنێکی ئاسایی شێوە دێتە ئاراوە وەک وێنەیەک بۆ شیعر و زمانی قووڵی شیعری، نموونەیەک لە نالی دێنمەوە:

**هەرچەندە کە ڕووتم بەخودا مایلی ڕووتم**
**بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە**

کاری نالی لەم تاقە بەیتەدا بە حەق شاکارە، چونکە زمانێکی چڕی خوڵقاندووە، ئەو زمانەی کە لە سایەی ئەودا مانای جۆراوجۆر ورووژاوە و مەیدانێکی هێندە بەرینی خوڵقاندووە کەوا خوێنەری تێدا ون و نغرۆ دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر بە سەرسامی و سەوداسەرییەوە شیعرەکە ڕاڤە بکات و زۆرجاران بچێتەوە سەر شیعرەکە، لێرەدایە کە شیعر بۆ خۆی پێناسەی خۆی دەکا و دەچێتە خانەی هەرمانەوە.

**دیاردەکانی شیعری هەرمان:**

١- قەزاوەت و دادوەری ناکات و ڕێگا بۆ کەس نیشان ناکات هەتا خوێنەر بە دڵخوازی خۆی لە فەزای شیعرەکەدا پیاسە بکا و بژی «لە زۆرەملێ و تاک ڕەهەندی خۆ دەپارێزێ».

٢- وشەکان لەگەڵ یەکدا گەرموگوڕن و حاڵەتێکی قووڵی نەفسانی لە پانتایی شیعرەکەدا بەدی دەکرێ.

٣- تازەگەری لەسەرتاپای شیعرەکە دەبارێ و شێوە دارشتنی تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەت شیعرێکی باشی ئەوڕۆیی دەشێ زۆر سەربەخۆ بێت، بەو مانایەی کە لە کەرەسەگەلی شیعری کلاسیکی وەک وێنەی کۆن شوبهاندن و دووپات خۆ ببوێرێ و شاعیر دەنگی تایبەت بەخۆی هەبێ، یانی دەشێ ئەگەر شیعری چوار شاعیر بەبێ ناو و ناسناو لەگۆڤارەکاندا چاپ کران، خوێنەر هەست بەجیاوازی دەنگ و فۆڕمی ئەم شیعرانە بکا.

ئەگەر بە چاوێکی دادوەرانەوە لە کتێبخانەی شیعری کوردی بڕوانین دەشێ بڕوامان بەوە هەبێ کە لە سێ دەستەدا کاری شیعری کراوە، دەستەی یەکەم ئەو کارانەن کە ناوی شیعریان لەسەرە، بەڵام شیعر نین، ئاخاوتنێکی ئاسایین و لە باستیلی سەروادا یەخسیرن. (نەسری مەوزوون)

دەستەی دووەم کاری ئەو شاعیرانە دەگرێتەخۆ کە بەرهەمەکانیان لە جەوهەری شیعریی کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام نەیانتوانیوە خۆیان ببیننەوە و دەنگی تایبەت بەخۆیان هەبێ و هەر بە جێ پێی ئەم و ئەودا هەنگاویان ناوە و شیعرەکانیان پڕە لە وێنە و تەشبیهی کۆنە و دنیایەکی دووپات و چەقبەستوو.

دەستەی سێیەم ئەو شاعیرانەن کە توانیویانە سنوورە ئاساییەکانی زمان تێکدەن و لە دووپاتبوونەوە خۆ دەرباز کەن و دەنگی تایبەت بەخۆیان هەبێ. وەکو نیما، شاملوو، سوهراب، فرووغ و... لە شاعیرە فارسەکاندا و مامۆستا گۆران، سوارە، شێرکۆ، پەشێو و... لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

ئەگەر سەرنج بدەین زۆربەی شاعیرانی کورد، تەنانەت شاعیرە بەنێوبانگەکانی دوای سوارە و گۆرانیش شیعریان هەر لە وێنە و تەشبیهدا تەواو کردووە و کەمتر توانیویانە شیعر بکەنە دیالۆگ و هەر بە تەشبیه و وێنەدا ڕۆچوون، کە هەروەک ئاماژەمان کرد هۆی هەرمانی شیعر، لادانە لەم کەرەسە سواوانە:

**من نزیکم بەسەرەتای زەوی**
**نەبزی گوڵەکان دەگرم و**
**لەگەڵ چارەنووسی تەڕی ئاو و**
**عادەتی سەوزی درەختا**
**ئاشنام**
**نەمدی بێیەک، سێبەرەکەی**
**بە پارە بدا بە زەوی**

«سۆهراب سپێهری»

هەروەک دەبینین لەم شیعرەی سوهرابدا وێچواندن، کەمترین ڕۆڵ دەگێڕێ، ئەگەر باسی گوڵ دەکا، بەلێو باڵا و.... ناشوبهێنێ، بەڵکو دێت و نەبزی دەگرێت! وەک وێنەیەک بۆ جیاوازی دەنگ و دنیای جیاواز، پێویستە ئاماژەیەک بە سوهراب و نیما بکەم و بەراوردیان کەم. شیعری نیمای ڕچەشکێن و کلاسیک شکێن، جگە لەوەی کە کەم تا کورت، پێوەندی و پابەندی خۆی لە زۆر شیعردا بەکێش و سەرواوە پاراستووە، لە ئیماژیش زۆر کەڵک وەردەگرێ، لە حاڵێکدا شیعری سوهراب سپێهری، ڕەنگ و بۆنێکی عیرفانی- فەلسەفییان هەیە و پابەندی هیچ کێش و سەروایەک نین و بە تەواوی مانا ئازادن، کە هەر ئەم جیاوازییانەش، جیاوازی دنیای بەرینی ئەم دوو شاعیرە پێکدێنن، دروست وەکو ئەو دنیا جیاوازانەی کە لە شیعری کوردیدا، گۆران، سوارە ئێلخانی زادە، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو و... خوڵقاندوویانە.

# کولتوور وەک بابەتێکی لێکۆڵینەوەی زانستی

ئەگەر ئەمڕۆ تەماشای مرۆڤناسی بکەین، -گەر نەڵێین خوێندنەوە لەبارەی مرۆڤەوە- بەرەوە شتێکی ناماقووڵ و گاڵتەئامێز دەڕوات، ئەوە هیچ نەبێ، دەبێ بەکارێکی خۆپەرستانە. زۆربەی بەشە زانستییەکان، چ کۆن بن یا نوێ، پایەوپلەدار بن، یان تازە لە دایکبوو، لە هەوڵی دۆزینەوەی سروشت و کارە مرۆییەکان و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بوون. هەموو ئەم بەشانە دەتوانن داوایەک بن بۆ خوێندنەوەی مرۆڤ.

گومانی تێدانییە کۆنترین ئەو شتانە بریتین لە پەیامگەلێک دەربارەی ڕەوشت - خواناسی- مێژوو- ئەفسانە و وانەکانی ئاداب و داب و نەریت و ئەو مافانەی کە پێشینان بە میراتی بۆیان جێهێشتووین.

دەستڕۆیشتوویی هەندێ لە بەشەکان، بریتین لە خوێندنەوەی ئەو کولتوورانەی کە دوابەدوای سەردەمی بەرد هاتوون و لە شارستانیەتەکانی کۆنی چین و هیند و میسر و ڕۆژئاوایی ئاسیادا شکۆفەیان کردووە.

پاشان بەشەکانی تری وەک ئابووری و مافناسی، سیاسەتناسی، ئیستاتیک، زمانناسی، ئارکیۆلۆژی و ئاییناسی هاتوونەتە کایەوە ئەمانەش میراتی زانستی مرۆڤایەتیان دەوڵەمەندتر کردووە. دووسەد ساڵێک دەبێت دەروونناسی، واتە لێکۆڵینەوە لەبارەی زەین و ڕۆحی مرۆڤ خزاوەتە نێو خوێندنی دانشگاکانەوە. هاوکات بە ماوەیەکی کەم پاش دەروونناسی، بەشی سۆسیۆلۆژیش، واتە لێکۆڵینەوە لەبارەی پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەوە سەری هەڵدا. مرۆڤناسی واتە ئەو

**برۆنیسلاڤ مالینۆفسکی**
**لە فارسییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان**
**(هۆڵاند)**

زانسـتـەی لە هەمـوو ڕوویەکـەوە مـرۆڤ دەخـوێنێـتـەوە، ئەمــەش بەشـێکەو تا ئێـســتــاش لە دانشگاکــاندا جێگایەکی بۆ تەرخان نەکراوە.

مرۆڤناسی گشتیترین و لە ڕووی مێژووییشەوە دواین بەشی زانستە مرۆییەکانە. بۆ مرۆڤناسی وا پێویست بوو چاک یان خراپ مەیدان و بابەت و شێوازی خۆی دیاری بکات، بەهەرحــــاڵ ئەو پەراوێزانەی لەلایەن بەشـــە زانستەکانی دیکەوە بە خاڵی بەجێ هێڵرابوو ئەم داگیری کـردن، تەنانەت لە هەندێ ڕووەوە دەسـتـدرێژیشی کـردە سەر ماڵ و موڵکەکانیشیان. لە حاڵی حازردا بەشەکانی لایەنی مـرۆڤناسی بریتین لە: (ناسینی کـۆمـەڵگاکـانی پێش مێـژوو، فـۆلکلۆر، مـرۆڤناسی فـیـزیکاڵی (واتە خـوێندنەوەی مـرۆڤ لە ڕووی ژیانەوە.... وەرگـێـڕ)، مـرۆڤناسی کـولتـووری. هەریەک لەم بەشـانە لە هەندێ ڕووەوە دەست وەردەدەنە نێـو سنووری شـەرعـیـیـەکـانی بەشـەکــانی تری زانســتی مــرۆیی و ســروشــتی، ئەو بەشـانەش دەتوانین لەژێرەوە ناویان بێنین: دەروونناسی، مـێـژوو، ئارکـیـۆلۆژی، کـۆمـەڵناسی و ئاناتۆمی، یان زانستی هەڵکۆڵین.

زانســتی نوێی مـرۆڤناسی لە سـەردەمی پڕ شـەوق و زەوقی گــەشــەکـردنگەراییـدا، لە سـەردەمی شێــوازی ئانتـرۆپۆمـیـتـریک (بە مـرۆڤکردن یان بەرجەسـتـەکـردن لەشێوەی مرۆڤدا.... وەرگێڕ) و دۆزینەوە مەزنەکـانی پێش مێژووی مرۆڤدا لە دایک بوو. لە سـەرەتای کاردا کــۆشـــشی بەشی مـــرۆڤناسی لە سنووری دۆزینەوەی سـەرهەڵدانی سـەرەتای مـرۆڤ و بازنە ونبـووەکـانیـدا بەرجــەســـتـــە ببـــوو، هەروەها کـــۆشش بووە بۆ دەسـتـنیـشـانکردنی ئەو لێکچـوواندنانەی لەنێـوان دۆزینەوەکـانی پێش مێـژوو و کـردە ئەتنۆگـرافـیـیـەکـاندا هەبووە. چاو خــشــانـدنێک بەو ئەنجــامــانەی لە لێکۆڵینەوەکـانی سـەدەی ڕابردوودا بەدەست هاتووە و هەروەها بە پۆلینکردنی بابەتەکـان، تەنیـا لە بینینی کــۆمـــەڵێ پاشــمــاوەی ئالاو والادا کـــە هەڵگری ئەتنۆگرافیایەکی فراوانە لە زانین، شانبەشانی ژمارەیەک لە ئێـسک و پرووسک، هەروەها کـۆمـەڵێک زانیـاری هەستی لەبارەی باوباپیرانی پێش- مرۆییـمانەوە زیاتر هیچی تر نادۆزینەوە. بەم پێیە نابێت بە کەمی بڕوانرێتە کــارە ســەرەتاییــەکــان و ئەو هەنگاوانەشی لە بواری

کـولتـووری جێبـەجێگەریدا و هەروەها ناشبێ بە کـەمی بڕوانینە بەهای ئەو لێکۆڵینەوانەی کـە نراوە لەلایەن هزرڤــانە مـەزنەکــانی وەک: هربرت ئەسـپـنەر، ئادۆلف باسـتیـان، ئا. ب. تایلۆر، ل. هـ. مۆرگـان، ژەنەڕاڵ پیت ریور، فـردریک راتزل، دەبڵـیـو. ج. سـامـەر، ئارِ. ئێس. شـتـاین میـتز، ئەمـیل دۆرکهـایم، ئا. چ. کیللەر ئەنجام دراون. ئەم مـەزنانە لە بواری ڕێکخستن و تۆمـارکـردنی تیۆری زانستی لەمەڕ ڕەفتاری مرۆڤ یەکەمین هەنگاویان هاویشت.

ئەگـەر ئەمـڕۆ ئێـمـە زیاتر شارەزای سروشـتی مـرۆیی، کـۆمـەڵگای مرۆیی و کـولتـووری مـرۆیین، هۆکـەی بۆ ئەم هزرڤانانە دەگەڕێتەوە.

بەرامـبـەر بەمـەش کـاتێ مـرۆڤناسێ بە وردکـردنەوەی ڕەوەندی زانســـتی خــوێندنەوەی مـــرۆڤ هەڵدەســـتێ ڕووبەڕووی ئەرکێک و بەرپرسیارییەکی گەورە دەبێتەوە. ئەرکی مرۆڤناس بریتییە لە دەستنیشانکردنی پێوەندی ڕاستەقینە و یەکخستنی لقە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤناسی. دەبێ مـرۆڤناس شوێنەواری مرۆڤناسی لە نێـوان زانسـتـە مرۆییەکاندا دیاری بکات و سەرەڕای ئەمەش جارێکی تر دەرگای ئەو باسە کۆنانە بکاتەوە کە لە بارەی هاوسەنگی زانستیبوونی زانستە مرۆییەکانن

ئامـانجی ئەم وتارە نیـشـاندانی ئەم خـاڵەی ژێرەوەیە: چوارڕیانی واقیعی تێکڕای بەشەکانی مرۆڤناسی بریتین لە خـوێندنەوەی زانسـتی کـولتـوور. کـاتێ کـە مـرۆڤناسی فـیـزیکاڵی (١) ئەوەی قـبـووڵ دەبێت کـە «نەژاد واتە بەدەسـتـهێنانی ئەو»، تا ئەوکـاتەی کە ڕووی سـروشـتی دیاریکراو لەگەڵ داهێنانی کولتووری ڕەگەزێکدا پێوەندی دانەمــەزرێنی، دەبێ بە ناچاریش ئەوە قــبــووڵ بکات. ئەوکاتە نە پێوانە و پۆلینکردنەکان، نە وەسفکردنی شێوە سـروشـتییـەکـان، هیچ پێـوەندییـەکیـان پێکەوە نابێت. ئەرکی زانسـتی پێش مـێـژوو، هەروەها ئارکـیــۆلۆژی (پاشـماوەناسی) بریتـییـە لە دووبارە دروست کـردنەوەی کـــولتـــوورێکی مـــردوو، بەپێی خـــوێندنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەر دەستایە و ئەو بەڵگەنامانەی تەنیا لە شـێـوەی مـاتریالیـدا لەبەردەستن ئەو زانسـتـە دەبێ دروسـتی بکاتەوە بەشـێــوەیەکی زیندوو و چالاک بەو شێوەیەی کە لەسەردەمی کۆندا هەبووە ئەو مرۆڤناسەی چ بەشێوەی سەرەتایی، یان ناسەرەتایی ئیلهام لە کولتوورە

هاوچەرخەکان وەردەگرێت، بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ڕابردوو، لەسەر پایەی ڕێبازی گەشەکردوو، یان پڕۆپاگەندە ناتوانی ڕێڕەوی کاری خۆی لەسەر بەدەستەوەدانە دانراوەکان بونیاد بنێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەویش ئەوەیە پێش هەموو شتێک بزانێت کولتووری واقیعی و کامڵ چییە. سەرەنجام ئیتنۆگرافیک بۆ تێبینیکردن دەبێ بزانێت چ شتێک پێوەندیدارو چ شتێک بونیادخوازە تا بەم پێودانگە توانای لابردنی هۆکارە لابەلایی و لەپڕەکانی هەبێ. بەمجۆرە پێوانەی زانستیبوونی هەر لێکۆڵینەوەیەکی مرۆڤناسی پەیوەستە بە تیۆری کولتوورییەوە ئەو تیۆرەی بەکاردەهێنرێ، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی شێوازەکانی بینراو لەسەر زەمینە و چەمکی کولتوورەکە چ وەک پرۆسە و چ وەک بەرهەم.

لە قۆناغی دووەمدا ئەگەر مرۆڤناسی سیمایەکی زانستییانە بدۆزێتەوە بۆ ئەو بەرهەمەی کە لێی دەکۆڵێتەوە (واتە بۆ کولتوور)، ئەوا خزمەتێکی بێ وێنە پێشکەش بە بەشەکانی تری زانستی مرۆیی دەکات.

کولتوور کە ئاشکراترین لایەنەکانی ڕەفتاری مرۆڤ لە خۆ دەگرێت، بۆیە گرنگییەکی زۆری بۆ هەمووان هەیە هەر لە دەروونناسەوە بۆ کۆمەڵناس، لە مێژووناسەوە بۆ زمانناس. بە بڕوای من لێکۆڵینەوەکانی ئایندەی زمانناسی بەتایبەت لە بواری بەشی ماناناسیدا، لەژێر سایەی خوێندنەوەی زمان لە هەلومەرج و ئاووهەوای کولتووریدا ئەنجام دەدرێت کە بەسەریدا زاڵە. بۆ من جێگای سەرسووڕمان نابێت، گەر هاتوو زانستی ئابووری کە باس لە سامان و خۆشحاڵی وەک نموونەیەک لە شێوازەکانی گۆڕینەوە و بەرهەمهێنان دەکات بڕوای تەنیا بە گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی مرۆڤی ئابووری و بڕواشی وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی دابڕاوە لە تێبینی و چالاکییەکانی تر، جێی سەرسوڕمان نییە کە خوێندنەوەی مرۆڤ وەک شتێکی واقیعی (ئەم میزبانە فەزایەکی ئاڵۆز و چەند مەودایی‌یە، نیازە کولتوورییەکانی لەخۆ گرتووە) بکا بە بناغەیەک بۆ پرنسیب و بەڵگەکانی. لە کرداردا، قوتابخانە مۆدێرنەکانی زانستی ئابووری، بەو ناوانەشی کە هەیەتی وەک، دەروونناسی، مێژوویی، بە دانانی مرۆڤی ئابووری لە دنیایەکی پڕ لە هۆکارو ئارەزوو، ئادەت، واتە دانانی مرۆڤ بەوشێوەی کە بوونی هەیە لە دەوروبەرێکی کولتووری ئاڵۆز، کە بە تەواوی لە عەقڵانیەت و هەستەکان پێکهاتووە، ئەمەش تیۆرە دێرینەکانی ئابووری پەتی تەواو دەکات.

لە بواری زانستی مافپەروەریشدا پرنسیبەکانی دادوەری باشێتی و سەربەخۆیی، وتەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و دەچنە پاڵ باقی سیستەمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە. لە دەرەوەی دەزگا تەواو شێوەییەکان، دەبێ یاسای دادگاکان و پۆلیس، ڕووبکەنە چەمکەکانی وەک مەبەست، بەها، پابەندبوونی ڕەوشتی، تواناو کارامەیی. لەگەڵ ئەمەشدا بۆ خوێندنەوەی مرۆڤ لە هەموو لایەنێکەوە، نەک تەنیا مرۆڤناسی، بەڵکو دەبێت تەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و شێوە نوێیەکانی.. سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی. هاوکاری بکەن بۆ دۆزینەوە و گونجاندنی ئەو کەرەستە زانستییەی کە هاوبەش بێت لە نێوان هەموو بەشە زانستە مرۆییەکان.

**پەراوێز:**

**١- physical anthropologist (واتە مرۆڤناسی ژیاری).**

**سەرچاوە:**

**نظریه ای علمی درباره ای فرهنگ،**

**برونیسلاو مالینوفسکی،ترجمه: عبدالحمید زرین قلم.**

# ڕەخنەی مارکسیستی

**راجێر وێبستر**
**لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

لەم قـۆناغـەدا، بە دەسـتـەوەدانی چەند نموونەیەکی ڕەخنەی مارکسیست- تەوەر یارمەتیدەر و بەکەڵکە. بۆ ئەم مـەبەسـتـە، باسی چەند ڕەخنەگرێک دەکەین کـە لە ڕوانگەیەکی جیا لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی هیـومـانیـست (مرۆڤگەرا) لە مەڕ ئەدەبیاتیان کۆڵیوەتەوە. سەیر نییە گەر دەبینین کـە سـەرنجی سـەرەکیی ئەم چەشنە ڕەخنەیە سـەرەتا ڕووی لە ڕۆمـان و بەتایبـەتی ڕۆمـانی سـەدەی نۆزدەهـەم، بـوو. مـــارکس لێکۆڵـینەوەی ئـابووری و کـۆمـەڵایەتیی خـۆی بۆ ئەم سـەردەمـە تەرخـان کـردبوو و خۆیشی خوێنەرێکی تامەزرۆی ڕۆمانەکانی دیکێنز بوو. بەگشتی بابەتی نووسراوەکانی ڕەخنەگرانی مارکسیست پتر کۆمەڵایەتی بووە، نەک تاکەکەسی. ئەم نووسراوانە خۆیان بەلایەنی کۆمەڵناسانەی دەقی ئەدەبییەوە سەرقاڵ کـردووە کە لەگەڵ دەروونشـیکاری کەسایەتیگەلی تاک دژایەتی هەیە.

لە شیکردنەوەی بارودۆخی کەسایەتییەکاندا، زۆر جار لە هۆگـەلێکی کـۆمـەڵایەتی و مـێـژوویی بەربڵاو دەکۆڵدرێتـەوە کە کـەسایەتی وەک بەرهەم و دەسکەوتی ئەوان لە قەڵەم دەدرێن. لە دەیەکانی ١٩٢٠ و، ١٩٣٠، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بەرچاو لە ڕەخنەی مارکسیستی هاتە ئاراوە کـە پتـر لەسـەر بابەتی «ڕیالیـزم» چەقی بەسـتـبـوو. بەناوبانـگتـرین و ڕەنگە شـوێن دانەرترین ڕەخنەگری ئەم بوارە، جۆرج لوکاچ-ی مەجارستانییە کە کـارەکـانی پتـر سـەبارەت بە ڕۆمـانی سـەدەی نۆزدەهەم و

پرسەیلی پێوەندیدار بە ڕیالیزم بوو. لوکاچ وەک زۆربەی ڕەخنەگرانی مارکسیستی سەردەمی خۆی، پێی وایە ڕۆمان دەشێ لە ڕوانگەی توانایی و بڕشتییەوە بۆ نواندنی بارودۆخی مێژوویی و مادی کۆمەڵگا هەڵسەنگێندرێ و ئەمانە پێوانەی سەرەکیی دەنیشان کردنی ڕیالیزم لە ڕۆماندان. توێژینەوەکەی ڕالف فاکس (Ralph Fox) بە ناوی «ڕۆمان و خەڵکی» (١٩٣٧) نموونەیەکی پڕ بەپێستی کاری ڕەخنەگرێکی مارکسیستی ئینگلیزیی سەر بەهەمان قۆناغەکە چەشنە ڕوانینێکی هاوشێوەی هەیە. ڕیالیزم بریتی نییە لە توانایی دەق بۆ نواندنی ڕەسەنایەتی یان نیشاندانی بە ڕواڵەت ڕێکوڕاستی دیاردەکان لە ڕێگای وەسف کردنی بابەتیانە و بە وردی، بەڵکو بریتییە لەوەی ئەو دەقە تا چەندە دەبێتە ئاوێنەی باڵا نوێنی پێوەندیگەلی بنەڕەتیی مێژوویی، و «گشتێتی چڕوپڕ» (١)ی بەرهەمێکی هونەری چۆن چۆنی لەگەڵ «گشتێتی بەربڵاو» (٢)ی ڕوانگەی مارکسیستی بۆ مێژوو پێوەندی پێکدێنێ. ئەوەی ڕاستی بێ، تێڕوانینی لوکاچ سەبارەت بە ئەدەبیات تەواو ئایدیالیستییە، با بە ڕواڵەت دژی میتافیزیکی بێت. لوکاچ زۆر لەسەر ئەم بابەتە دەڕوات کە کەسایەتییەکان پاژێکن لە زەمینەیەکی گشتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، گەرچی لەوانەیە سەرنجی وی دژی تاک خۆ بنوێنێ. لوکاچ و مارکسیستەکانی تر سروشتی زەین گەرایانە و تاقیکارانەی زۆربەی شوێنەواری مۆدێرنیستی ڕەت دەکەنەوە، چونکی (بەڕای ئەوان) ئەم ئاسەوارە لە ڕادە بەدەو خۆیان بە زەینییەتی تاکە کەسییەوە خەریک دەکەن و ڕوانگەی «بابەتی» (objective) پشت گوێ دەخەن، بەڵام لوکاچ لە بەراورد کردنی دیمەنی پێشبڕکیی سوارکاریی «نا نا» (١٨٨٠) بەرهەمی ئیمیل زۆلا و «ئاناکارنینا» (١٨٧٤-٦) بەرهەمی تۆلستۆی، بەرهەمی دووهەم بەسەرکەوتوو دەزانێ، چونکی کەسایەتییەکان لە دەروونەوە دەبینرێن و بێ بەری لە خەسڵەتی مرۆڤانە و بێ گیان نین.

سەرباری ئەوە، ڕالف فاکس نوێنەری دژایەتیی ڕەخنەگرانی مارکسیستە لە بەرامبەر وەسف و تیۆریی پێوەندیدار بەشێوە تۆکمە و چڕ و پڕەکانی تاک گەرایی:

بێگومان، دەروونشیکارانی سەردەمی نوێ تا ڕادەیەکی فراوان زانیارییان بەخەزێنەی مەعریفەی ئێمە زیاد کردووە و ئیمڕۆ گەر ڕۆماننووسێک هەڵکەوێت و بەشی ئەوان لەبەرچاو نەگرێ، ئەوە بە ئەندازەی بابەیەکی بێ ئاگا لە دنیا نەزانە، بەڵام ئەم دەروونشیکارانە بە هیچ کلۆجێک نەیانتوانیوە تاک وەک گشتێتی و وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی چاو لێ بکەن، ئەوان بەردی بناغەی تێڕوانینێکی هەڵەیان سەبارەت بەژیان دامەزراندووە و هەر ئەم تێڕوانینە بۆتە هۆی ئەوەی کە پرۆست و جۆیس تاکە ئامانجی هونەر نەک لە خوڵقاندنی کەسایەتیدا، بەڵکو لە لێکهەڵوەشانەوەی ئەودا ببینن.

دەروونشیکاری و زانستی هەڵکۆڵینی ناخ، سەرەڕای توێژینەوەی زیرەکانە و ئازایانەی لەسەر قووڵایی شاراوەی کەسایەتی، هەرگیز بەم هەقیقەتەی نەزانیوە کە تاک تەنیا پاژێکە لە گشتێتییەکی کۆمەڵایەتی و یاسا و ڕێساکانی ئەم گشتێتیە کە وەک ئەو کۆمەڵە تیشکەی کە لە بلوورێک تێدەپەڕێ و لە دەزگای دەروونیی هەر تاکێکدا لێکدەڕەوێتەوە و دابەش دەبێ، سریشتی هەر تاکێک دەگۆڕێ و دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

هەڵبەت ڕەخنەگرانی مارکسیست، وانییە بڵێین هەر هەموویان لەگەڵ تاقیکاری و داهێنان دژایەتییان کردبێت. لەسەردەمی شۆڕشی ڕووسیادا، بەر لە گەڕانەوە بۆ تیۆرییە نەریتیترەکانی ڕیالیزم لە ڕووسیا، وەک چۆن پێشتر باسمان کرد، تیۆری داڕێژانێکی ڕادیکاڵی لە چەشنی ڤیکتۆر شکلۆڤسکی وایان لێک دەداوە کە ئەدەبیات دەشێ سەرسوڕهێن بێ، «ناسیاوی سڕینەوە» بێنێتە ئاراوە و بۆچوونی ئێمە لە بابەتی باو بەراوەژوو بکاتەوە. دوو کەس لە ڕەخنەگرانی مارکسیستی دەیەی ١٩٣٠، کۆمەڵێک ڕێکاری تیۆریک و ڕەخنەگرانە و داهێنەرانەیان هێنایە ئاراوە کە لە چاو تێڕوانینی لوکاچ، سەبارەت بە ئەدەبیات بۆچوونێکی تەواو جیاوازە، بێرتۆلد برێشت-ی شانۆنامە- نووس، لە ڕێگای تێکشکاندنی داب و نەریتە باوەکانی ڕیالیزم لە شانۆدا، پەرەی بە چەمکی ناسیاوی سڕینەوەدا. برێشت لە بری هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی وەهمی واقیع لەسەر سەکۆی شانۆ، میکانیزمی داهێنانی بۆچوونێکی ناڕاستی لەم چشنەی بۆ شانۆ هێنایە بەر چاوان تاتەماشاکەر لەسەر

ئەو کـردە داسـتـانـیـیـەی کـە پـیـشـان دەدرێت، بە وردی بیربکەنەوە و لە شێوەکانی بەرهەم هاتنی خورد ببنەوە و ئەلتـەرناتیـڤی مـومکینی بۆ لەبەرچاو بگرن. ئەو زاراوەیەی کە برێشت بۆ ئەم تەکنیکە بەکاری دێنێ «تاو تەئسیری نامۆیی» (٤)یە. کارەکانی برێشت ئەوەمان پێ دەڵێن کە گەر شانۆ لە بری بەدەستەوەدانی «واقیعی» وەهمی، وەک بابەتێکی داهێنراو بنوێندرێ و شانۆنامەش تێرامانێک بێت لەسەر کۆمەڵگا، ئەوکات کۆمەڵگاش خۆی وەک بابەتێکی داهێنراوی لێ دێت، داهێنراوێک کە بۆی هەیە گۆڕانکاری بەسەردابێت، ئەدەبیات لەبری ئەوەی نوێنەرێکی خەسیو بێت و پەرە بە بەهاو ڕێسا ڕەگ داکوتاوەکانی کۆمەڵگا بدات، دەتوانێ هۆکارێکی هەڵسوور یان کاتالیزۆرێک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بێت. لوکاچ پێی وابوو ریالیزم هەڵگر و خاوەنی جۆرە گشتێتیەکی یەکگرتوو یان ئۆرگانیکە، لە کاتێکدا شانۆ «حەماسە»ی(٥) برێشت لەسەر بنەمای پارچە پارچە بوون و لێکدابڕاوی دەخوڵقێ. بەپێی پێوەرەکانی کلاسیک سەبارەت بە یەکێتی فۆرمی کە لە بیرۆکەکانی ئەرەستۆوە ئاو دەخۆنەوە، دەکرێ حەماسەی برێشتی لە گۆشە نیگای جوانی ناسییەوە، بەشانۆیەکی خراپی لە قەڵەم بدەین، بەڵام مەسەلەکە هەر ئەمەیە. برێشت نیشانی داین کە جوانی ناسی و ئایدۆلۆژی بەشێوەیەکی لێکدانەبڕاو پێکەوە پێوەندییان هەیە و بۆ گۆڕانی ئایدۆلۆژی زاڵ و باڵادەست، بنەماکانی جوانی ناسیی زاڵ دەشێ تێک بڕمێنرێ و سەر لە نوێ چێ بکرێنەوە.

وێڕای تیـۆری و شـێـوازی شـانۆیی برێشت، لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگری ئەڵمانی، ڤالتر بنیامین-یش خاوەنی گرینگایەتییەکی فراوانە. بنیامین لە وتارێکیدا بە ناوی «کاری هونەری لەسەردەمی بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا» (٦) (١٩٣٣) وای لێکدایەوە کە شۆڕشی پیشەسازی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە بواری میدیا و بڵاوکردنەوەی فراوانی هەموو چەشنە دەقێک، بۆ ئەو کەسانەی کە تا ئەوکات نەیان هێشتبوو دەستیان بە شوێنەواری هونەری ڕابگات، بەشێوەیەکی هێزەکی هۆکارێکی سەربەستی هێن بوو: هەنووکە هەر کەس خۆی دەرەتانی ئەوەی هەبوو هونەرمەند بێت، چونکی ئامرازی دەربڕینی هزر و هەستیان خەریکبوو وە دەست دەکەوت. بە بڕوای بنیامین، هونەر زۆری پێوەندی بە پرسی مرخی تاکەکەسییەوە نییە، بەڵکو پتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرگرفتی مادی وەدەسهێنانی ئامرازی پێوەندی. سەرباری ئەمە، دوو میدیای نوێ، واتە فیلم و فۆتۆگرافی توانییان بۆچوونی نەریتگرایانە بۆ هونەر وەک بابەتێکی دوورە دەست، بڕەوێننەوە: نەک هەر کامێرا کە هاسانتر وەدەست دەکەوێ، بەڵکو سینەماش دەتوانێ نواندنەوەی نوێی واقیع و هەروەتر گۆڕان و حەرەکەتی خێرا کە بۆی هەیە ئەو جودایی و دابڕانەی کە برێشت لە داهێنانی شانۆیی خۆیدا خوازیاری بوو، خۆیا بکات، بنیامین لە وتارێکی دیکەدا بەناوی «نووسەر وەک بەرهەم هێنەر» (٧) ١٩٣٤ کە ماوەیەک دواتر چاپ بوو، هونەرمەند وەک بەرهەم هێنەرێکی بێ لایەنی واقیع لە قەڵەم نادات، بەڵکو هونەرمەند ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە واقیع و وەک پاژێکی لێکدانەبڕاوی واقیع دێنێتە ئەژمار. ئالێرەدا بوو کە شێوازەی ئەو تێڕوانینە کلاسیکەی کە پێی وابوو هونەر ئاوێنەیەکە لە هەمبەر ژیان، لێک هەڵوەشایەوە.

گرووپێکی تری ڕەخنەگران و فەیلەسووفانی مارکسیست کە سەرجەم بەناوی قوتابخانەی فرانکفۆرت ناسراون، بە توندی بەرپەرچی بۆچوونەکانی بنیامین سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی فراوانی شوێنەواری هونەری، دەدەنەوە.

ئەندامانی سەرەکی ئەم گرووپە بریتی بوون لە تیۆدۆر ئادۆرنۆ و ماکس هۆرکهایمر و هێربرت مارکوزێ کە «بنکەی تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی»ی فرانکفۆرت-یان دامەزراند. لێکۆڵەرانی ئەم بنکەیە ساڵی ١٩٣٣ لە ئەڵمان شار بەدەرکران، ڕوویان کردە ئەمریکا و لەوێ بنکەکەیان دامەزراندەوە و هەمیسان ساڵی ١٩٥٠ گەڕانەوە بۆ ئەڵمان. تێڕوانینی ئەم تاقمە لەگەڵ تێڕوانینی لوکاچ و برێشت و بنیامین یەک ناگرنەوە. ئەوان ڕیالیزمیان لە سۆنگەی ئەوەی پەرە بە شێوازە باوەکانی تێفکرین دەدات، ڕەت دەکردەوە و هەر وەتر حاشایان لەشێوە عام پەسندەکانی کولتوور دەکرد کە پێیان وابوو شێوەیەکی جاڕزکەرن.

سەیر لەوەدایە کە ئەم ڕەخنەگرانە لە هەندێ شوێن

لەگەڵ ف. ر لیڤیس (F.R. Leavis) یەک دەگرنەوە، لە کاتێکدا لە گۆشە نیگای سیاسییەوە دژ بەیەک راوەستاون. ئەو ئەدەبیاتەی ئەوان پەسندیان دەکرد، ئەدەبیاتێکە کە لە واقیع جودا دەبێتەوە، هەر وەتر پێیان وابوو زۆربەی بەرهەمە مۆدێرنیستییە ئەزموونگەراکان خاوەن ئەو تێبینی و تێڕوانینانەن کە ئاسواری نەریتگەرا بە کەناریشیاندا تێناپەڕن، مانا و مەبەستی خوازراوی ئادۆرنۆ لەمەڕ هونەر، بەتایبەتی لەو سۆنگەیەوە نوخبەگرایە کە ئەو دێت و لەسەر بەزاندنی سنووری ئەو شتانەی کە بۆ خوێنەرەوانی ڕەشۆکی و عام جێی ڕەزامەندییە پێدادەگرێت، ئەو خوێنەرەوە ڕەشۆکییانەی کە دانی خێر بە هیچ بەرهەمێکی ئەزموونگەرایانەدا نانێن، چونکی بەرهەمی لەم چەشنە بۆچوونی باویان دەشڵەژێنێ.

وەک چۆن لەسۆنگەی ئەم تێڕوانینە کەمووزۆر سەرەتاییانەی مارکسیستییەوە دەزانین، هەڵەیە گەر بێت و پێمان وابێت تیۆری و ڕەخنەی مارکسیستی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی هاوشێوە و هاوچەشنن. لە شوێنەواری مارکسیستی دوای دەیەی ١٩٦٠، بەدامەزران و سەقامگیر بوونی قوتابخانەیەکی تیۆریکی هەمەلایەن بەناوی پێکهاتە خوازی (Structuralism) و قوتابخانەکانی دوابەدوای ئەو کە پتر بەناوی پاش پێکهاتە خوازی (Post- structuralism) و پێکهاتە هەڵەشێنێ (Deconstruction) ناسراون، ئەم بابەتە پتر وەراست دەگەڕێ. تیۆرییەکانی پێکهاتەخواز پتر بە چەشنێک لە زمان یان سیستمگەلی دەلالەتگەر دەڕوانن وەک بلێی خاوەن گرینگایەتییەکی بنەڕەتی بۆ ژیانی مرۆڤن، لە کاتێکدا بە باوەڕی ڕەخنەگرانی نەریتگەرای مارکسیست، مێژوو و بارودۆخی مادی ژیان کە لە دەرەوەی زمانن، بەردی بناغەی ژیانی مرۆڤن. هەوڵێکی فراوان بۆ ئاوێتە کردنی ئەم تێڕوانینە بە ڕواڵەت دژوازانە و دواجار بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ئەدەبیات وەک ئەنجام، هاتۆتە ئاراوە. لوسین گۆڵدمەن(٨)، تیۆری داڕێژی ڕۆمانیایی، لە کتێبی «خوای شاراوە»دا (١٩٦٤) وای لێکداوەتەوە کە ئەدەبیات پتر لە هەر بابەتێکی تر، توانایی دەربڕین و گوتنی ئەو شتەی هەیە کە ئەو پێی دەڵێ «دیدی جیهانی»(٩) و مەبەستی «سەر لەبەری ئەو بیرۆکە و ئاوات و هەست و خوستانەیە کە ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی پێکەوە کۆدەکاتەوە (گرووپێک کە زۆرتر وەک چینێکی کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار) و ئەوان لە بەرامبەر و دژ بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر دادەنێ.» بە پێچەوانەی زۆر یەک لە تێڕوانینەکانی پێکهاتە خوازان، گۆڵدمەن دەسنیشان کردنی جێگە و پێگەی دەقەیلی ئەدەبی لەو قۆناغ و سەردەمە مێژووییانەی کە تێیدا بەرهەم هاتوون بە پێویست دەزانێ، بەڵام بە پێچەوانەی زۆرینەی مارکسیستەکان پێوەندیی پێکهاتەیی و بنچینەیی نێوان سێ پانتایی تەواو جیاواز، واتە ئەدەبیات و مێژووی کۆمەڵایەتی و ئایین دەسنیشان دەکات، دوو تیۆری داڕێژ و ڕەخنەگری مارکسیستی فەرەنسەیی تریش، واتە لویی ئالتوسێر- کە پێشتر لە بەشی ئایدۆلۆژیدا باسی بۆچوونەکانیمان کرد- و پیەر ماشێری (١٠) سەبارەت بە ئەرک و دەوری ئەدەبیات کۆمەڵێک باسوخواسیان هێناوەتە ئاراوە کە شوێن و دۆخێکی تایبەت بۆ ئەدەبیات قایل دەبن. ئالتوسێر پێی وایە ئەدەبیات بەگشتی ئەرک و کارکردێکی تەمومژاوی و بەپێچوپەنای هەیە، بە واتای ئەوەی کە دەقی ئەدەبی وەک جۆرە ئایدۆلۆژییەک دەکەوێتە کار و هەر بۆیە خەڵک لە بارودۆخی ڕاستەقینەی ژیانیان غافڵ دەکات. بەڵام ئالتوسێر لەسەر ئەم باوەڕەشە کە ئەدەبیات دەتوانێ هەر لەو ئایدۆلۆژییەی کە تێیدا بەشدار و کاربەدەستە جیا ببێتەوە، لێرەوەیە کە دەقی ئەدەبی بۆی هەیە سەرنجی خوێنەرەوەی خۆی بۆ ئەو پێوەندییە خەیاڵکردەی کە وەسفی دەکات، ڕابکێشێ. ئەوەی ڕاستی بێت، ئالتوسێر دەخوازێ پێمان بڵێ کە ئەدەبیات هەیە بەها باڵادەستەکان پڕ و پاراو دەکات، ئەدەبیاتیش هەیە گومان لەو بەهایانە دەکات، و ئەدەبیاتی واش هەیە هەر تکا کار دەکات. ماشێری لە کتێبی «تیۆرییەک سەبارەت بە بەرهەمهێنانی ئەدەبی»(١١)دا (١٩٦٦) لە ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە دەگاتەوە بەردەمی هەمان دۆخی تەمومژاوی کە ئالتوسێر پێی گەیشتبوو. ماشێری باسەکەی بەم چەشنە دێنێتە ئاراوە کە دەق لە دوو ئاستدا ئەرکی خۆی بەجێ دێنێ: یەکێکیان ئایدۆلۆژیی دیارە کە ئێمە لەم

ئایدۆلۆژییەدا لە پێوەندییە سروشتی و ئاشکراکانی ڕووداوگەل ئاگادارین، و ئەوی تریان ئایدۆلۆژیی نادیار یان ناخود ئاگایە کە لەودا کەموکوڕییەکان دەردەکەون و ئێمە بە ناتەواوی و نوقسانییەکانی یەکێتیی گریمانەیی دەق دەزانین. ئەم ساتەوەختە ناخود ئاگایانە لەوانەیە بەشێوەی بێدەنگی یان غیاب (و ئامادە نەبوون)بن، واتە ئەو شتانەی کە ڕێگایان پێ نادرێت بێنە نێو پانتایی گوتاری ئایدۆلۆژیکی بالادەستەوە، یان بەشێوەی دژوازی و ناسازگاری لەگەڵ گوتاری بالادەست، خۆیا دەبن.

با جارێکی تر ڕۆمانی «پارکی مەنسفیلد» بە نموونە بێنینەوە، لەم دەقەدا دژوازییەک سەبارەت بە ڕاستکاری زاتی «فەنی پرایس» و پێوەندی سروشتی ئەو لەگەڵ پیاو ماقوولانی گوند، کە لە ڕێگەی هەستی ئەوەوە سەبارەت بە ماڵی ناسراو بە «پارکی مەنسفلید» وێنا دەکرێ، لە ئارادایە کە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، بەلام بارهێنانی ئەو لە ماڵێکی شێواو و دەسکورتی بنەماڵەکەی لە پۆرسماوت شیکردنەوەیەکی بۆ کەسایەتی وی نییە.

ئەو دوو ڕەخنەگرەی کە لەوانەیە زیاترین بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی تیۆریی مارکسیستی هاوچەرخدا هەبووبێت، لە بریتانیا تێری ئیگلتۆن (Terry Eagl-ton) و لە ئەمریکا فرێدریک جیمسۆن- (Fredric Jameson). ئەم دوو ڕەخنەگرە کۆمەڵێک چەمکی جیا لەیەکیان لە تۆژینەوەی ئەدەبیدا هێنایە ئاراوە و ئەوەی ڕاستی بێت ڕێکوپێکیەکیان بەم چەمکانە بەخشی. ئیگلتۆن لەسەر پێداویستی تێروانینێکی تیۆریزەکراو بۆ ئەدەبیات پێدادەگرێ و لە ڕاستیدا هێرشی کردۆتە سەر ڕیمۆند ویلیامز کە زۆر پابەندی تیۆریی مارکسیستییە، چونکی ئیگلتۆن پێی وایە کە ویلیامز بنەمای کاری خۆی زۆرتر لەسەر ئەسڵی ئەزموون دامەزراندووە. تێروانینی ئیگلتۆن. خۆیشی لەگەڵ هەڵوێستی ئالتوسێر و ئەو مارکسیستانەی تر کە ئەرکێکی تایبەت دەخەنە ئەستۆی ئەدەبیات تەواو جیاوازی هەیە، گەرچی وێدەچێ کە لە تێروانینی ئەودا بۆ نووسەرانێکی لە چەشنی بلێیک یان برێشت ئەو جیاوازییە زۆر بەرچاو نەبێت.

ئیگلتۆن پتر لەو مارکسیستانەی تر کە خۆیان بە باسی ئایدۆلۆژییەوە سەرقاڵ کردووە، لە ئایدۆلۆژی وەک بابەتێکی پڕ پێچوپەنا دەڕوانێ و پێی وایە کە ئەدەبیات بەرهەم هێنانەوە و سەر لەنوێ نووسینەوەی پڕ پێچوپەنای ئایدۆلۆژییە. بۆ وێنە، ئیگلتۆن لە وتارێکیدا سەبارەت بە ڕۆمانی «مەئمووری نهێنی» (١٢) (١٩٠٧) بەرهەمی کۆنراد، دەقێک کە وەک ڕەخنەیەکی ڕادیکال لەسەر سەرمایەداری لێی دەڕوانرێ، باسی ئەوە دەکات کە ئەم ڕۆمانە لە ڕێگەی ستراتیژییە پڕپێچوپەناکانییەوە، دواجار دەبێتە هۆی بەهێزبوون و گەشەسەندنی بارودۆخی بەردەست. ئیگلتۆن هەر وەتر ئاشکراتر لە جاران، گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی بە تۆژینەوەی ئەدەبیاتەوە دەلکێنێت و وای لێک دەداتەوە کە لە ڕێگەی گۆڕانی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبیات بە واتای پێکهاتەیەک لە کولتوور و مەعریفە، دەکرێ تێروانینێکی دیکە بۆ ئەدەبیات دەستەبەر بکرێ. ئیگلتۆن لەگەڵ قوتابخانەی ڕەخنەیی «پێکهاتە هەڵوەشێنی» (١٣) کە لە فەرانسەوە سەرچاوەی گرتووە و لەساتەوەختی ئێستادا تەواو ئەمریکاییە، دژایەتی دەکا و وای لێک دەداتەوە کە ئەم قوتابخانەیە حاشا لە هەر چەشنە مانایەکی نەگۆڕ لە مەڕ واقیع یان مەعریفە دەکات. قبووڵ کردنی ئەم بابەتە بۆ ڕەخنەگرێکی مارکسیست، ئەگەر نامومکینیش نەبێت، گەلێ ئەستەمە، فرێدریک جیمسۆن مارکسیزم بە تاکە دژەژار لە بەرامبەر پێشکەوتی ئەو سەرمایەدارییە دەزانێ کە پاوانی ڕۆژئاوایە. جیمسۆن لە کتێبی «مارکسیزم و فۆرم» (١٤) (١٩٧١)، و لە شیکردنەوەی بنەمای بیرۆکە و هزری ڕەخنەگرانەی مارکسیستی سەدەی بیستەمدا، شان بەشانی ئیگلتۆن لەسەر ئەرک و ڕۆڵی ڕەخنەی ئەدەبی پێدادەگرێ و ئەو شتەی کە وەک «ڕەخنەی دیالێکتیکی» ناوی دێنێ بە بابەتێکی پێویست لە قەڵەم دەدات و بانگەشەی بۆ دەکات. جیمسۆن بیر و باوەڕی خۆی بەم چەشنە دەردەبڕێ و دەڵێ: «هەڵسەنگاندنی ئێمە سەبارەت بەهەر بەرهەمێکی تاکی ئەدەبی، دواجار هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە.» ئەو ئەدەبیات بە پاژێک لە پرۆسەیەکی بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندا دەزانێت کە لە

پلەی یەکەمدا پابەندی دۆخی ڕەخنەگر، یان خوێنەرەوەیە.

زەمینەی مێژوویی خوێندنەوە، لە بری زەمینەی نووسینی بەرهەم، کە لە پلەی دووهەمی گرینگی دایە و ڕەخنەگر دەیبووژێنێتەوە و سەر لەنوێ جێی دەکاتەوە، دەبێتە بواری داهێنانی مانا، جیمسۆن لە بەرهەمێکی نوێتریدا بەناوی «ناخودئاگای سیاسی» (١٥) (١٩٨١) تێڕوانینێک دێنێتە ئاراوە کە شێوەی ڕوانگەی ماشێری دەدات و بەپێی ئەم تێڕوانینە ئەدەبیات وەک چەشنە گوتارێکی ئایدۆلۆژیکی دەکەوێتە کار کە هەقیقەتی مێژوویی سەرکوت دەکات، بەڵام بە گوێرەی شیکردنەوەی فرۆیدی، دەکرێ لە ڕێگەی ئەو بۆشایی و زمان گیران و بێدەنگییانەی کە هێمای سەرکوت بوونن پەی پێ ببەین. جیمسۆن ئەمە ڕوون دەکاتەوە کە گشت شێوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی یا ستراتیژییە ڕاڤەییەکان سریشتێکی ئایدۆلۆژیکیان هەیە، واتە ئەوەی کە گشت گوتارەکان خۆیان وەک شێوەکانی «هەقیقەت» نیشان دەدەن یان چێ دەکەن. و نووسەران و لەنێو ئەوانیشدا ڕەخنەگران، ناتوانن لە هاودەستی بۆ ئەم پرۆسەیە خۆیان دوور بخەنەوە، وەڵامی جیمسۆن ئەمەیە کە ئێمە دەشێ تا ئەو شوێنەی دەگونجێ ئاگاداری ئایدۆلۆژیایی ئایدۆلۆژی بین، ئەم خود-ئاگاییە بەسەر ئەو گوتارانەدا کە سەرنجێکی ئەوتۆ نادەنە میکانیزمی بەرهەمهێنانی هەقیقەت سەرەتی هەیە.

ئەوەی تا ئێستا لێی دواین، تەنیا پوختەیەک بوو لە باسی ڕەخنەی مارکسیستی، بەڵام دیارە ئەم تێڕوانینە بوارێکی گرینگی لێکۆڵینەوەی تیۆریکە و لەگەڵ بوارەیلی تیۆریک و ڕەخنەگرانەی تردا جیاوازی بەرچاوی هەیە. لەوانەیە باشتر وابێت کە تیۆری مارکسیستی هێندە لەسەر دەستی ئەم ڕەخنەگر یا ئەو ڕەخنەگری مارکسیست، بەو جۆرەی لەلاپەڕەکانی پێشوودا کردمان، شی نەکەینەوە، بەڵکو پتر وەک مەعریفە یان گوتارێکی بەردەست لێی بکۆڵینەوە بە گشت ململانێ و دژوازی و نموونە گێڕانەوەییەکانی خۆیەوە، بەڵام لە بیرمان بێت کە ئەم تێڕوانینە (واتە ڕەخنەی مارکسیستی) لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕێسای تایبەتی سەبارەت بە سریشت و جەوهەری کۆمەڵگا و مێژوو دامەزراوە.

**ژێدەر:**

**Studing Literary TheoRy**
**An Introduction, Roger Webster**
**Great Britain, 1993, PP 61- 65**

**ئاماژە: ئەم وەرگێڕانە بەشێکە لە کتێبی «توێژینەوەی تیۆریی ئەدەبی، پێناسەیەکی پوخت» کە بەم زووانە چاپ دەبێ و دێتە بڵاوکردن.**

..................

**١- intensive totality**
**٢- extensive totality**
**٣- defamiliarize**
**٤- alienation effect یان verfremdungs ef-fekt**
**٥- epic**
**٦- The Work of Art in the Age of Me-chanical Reproduction**
**٧- The Author as Producer**
**٨- Lucien Goldman**
**٩- World Vision**
**١٠- Pierr Macherey**
**١١- A Theary of Literary Production**
**١٢- The Secret Agent**
**١٣- ئەم بابەتە لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەسەر دەکەینەوە.**
**١٤- Marxism and form**
**١٥- The Political Vnconscious**

# هزری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستمێکی سەرتاپاگیردا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب)

بابەتی هزر و بیری کۆمەڵایەتی دوای پشت کردنە ستایل و شێوازی ئەفسانە و داستان و ئایینە کۆنەکانی دۆڵی نیل (فیرعەون) و بابل کە سەرتاپاگیرانە بوون بەو دەفرەی کە سیستەم و ڕێژیمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بگرە هەموو لایەنەکانی ژیان و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی دەوڵەت، نەک هەر ئایینەکە ڕەنگی ڕشتبوون و سنووری بۆ دانابوون، بەڵکو ڕێژیم و سیستەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە لە خۆیدا، بە کوڵک و پێستەوە لە بنەڕەتەوە ئایینی بووە، مەبەست و ئامانج و سیاسەتە دوور و درێژخایەنەکانیش لە ئاکارییەکی نموونەیی -ئایدیالیستی بەولاوە نەبوون (١).

ڕێژیمە سەرتاپاگیرەکە کە لە کۆمەڵدا دەستبەکاربووە لە باوەشی سارد و سڕی ئایینەکەدا -میسر، بابل، هیندستان، چین، فارس- سیاسەت و قانوون و بابەتەکانی ئاکار و پەروەردە و ئابووری و لاهووت و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیشی کۆکردۆتەوە و لە سایە و سێبەرەکەیدا چرۆیان کردووە، لە سنوور و بازنەیەکی دیاریکراوی تەنگەبەردا گەشەیەکی بێنازیان کردووە.

دوای ئەم قۆناغە، قۆناغی هاتنەکایەوەی کەش و هەوایەکی تر کە تیایدا بیر و هزری کۆمەڵایەتی خەت و خاڵی داوە، چ لەلای سۆفستاییەکان و سوکرات یاخود لەلای ئەفلاتوون PLaton، وڵاتی یۆنانی پێش قۆناغی لە دایک بوونی حەزرەتی عیسای مریەم بووە بەو مەڵبەندەی تیایدا ئەم بابەتە لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا گۆڕانی مەزنی بەسەردا هێنراوە. ئەم ژینگە و کەش و هەوایەی جاران، ئەو دەفر و چوارچێوەی کە تێیدا دادەڕێژراو ئەو زەمینەیەی چەکەرەی تێدا دەکرد تاڕادە و سنوورێکی سەرنج ڕاکێش ئاڵوگۆڕکراوە و گۆڕانی

بەسەردا هاتووە.
ئەفسانە و داستان و ئەدەب و ئایینی جاران لە یۆنانی کۆندا مەیدانیان بۆ بابەتی فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی چۆڵ کردووە، فەلسەفە بووە بەو دایەنەی لە باوەشە گەرم و گوڕەکەیدا بیروهزری کۆمەڵایەتی گۆش کراوە و پێگەیشتووە. لێرەوە دەکرێ شان بە شانی فەلسەفەی یۆنانی باسی بابەتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بکرێت کە بە تێکرایی بریتی بووە لە بیروهزری کۆمەڵایەتی بە هەموو لایەنە فرەڕەنگ و بە پیت و پێزەکانییەو. لەناو گەنجینەی پڕ بایەخی ئەو فەلسەفە کۆمەڵایەتییەدا کە تێیدا کەرەسەی زانست و سیاسەت و ئابووری و پەروەردە و لاهووتی سەردەمی خۆی و بابەتی بیروهزری کۆمەڵایەتی گرتۆتە خۆی، مرۆڤ توانیویەتی، پشت ئەستوور بە ژیر و بیرکردنەوەی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی ستەمی ئایینەکانی یۆنان، بگاتە ئەو ڕاددەیەی لە نێوان دوو بابەتدا کە دەکرێ، لە هەمانکاتدا، بە دوو دیاردەی لە یەکتری جیاواز و سەربەخۆی و توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراو دابنرێن، جیاوازی بکات:
یەکەم: دیاردە سروشتییەکان
دووەم: دیاردە کۆمەڵایەتییەکان (٢)
لە بارەی دیاردەی یەکەمەوە کە بەپێی ناوەکەی لە سروشتەوە کەوتۆتەوە و بابەتێکە ڕۆژانە سەرنج ڕادەکێشێ و هەست بە بوونی دەکرێت، بەهۆی ئەوەوە کە ڕاستەوخۆ لە ژیان و دەوروبەردا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، بە شێوازی جیاواز، بەپێی سەردەم و قۆناغ و پێشکەوتنی ڕەوشی شارستانییەت و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەڵوێست لە بارەیەوە نوێنراوە و دیاری کراوە.
لە کاتێکدا دیاردە سروشتییەکان تاڕادەیەک ساکار و دیار و سنووردار دێنە بەرچاو و دەرکەوتوون، بۆیە ئاسانتر مرۆڤ توانیویەتی لێوەیان بکۆڵێتەوە و خێراتر بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە بگاتە ئەنجامی هەست پێکراو. خۆ ئەوەش نابێ لە بیر بکرێت کە لایەنێکی زەبەندەی ئەفسانە و داستان و ئایینە سەرەتاییەکان جۆرە دەستنیشانکردنێکی هەڵوێستی لەبارەی سروشتەوە تێدایە. هەروەها فەلسەفەی یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زایین پتر، بەڵام بە شێوازێکی پێشکەوتووی پشت ئەستوور بە ژیر و مەنتیق، جۆرە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەیەکی سروشتی دەوروبەر بووە کە مرۆڤی بیرمەندی ئەو سەردەمە سەرگەردانی گەڕان بووە بە دوای ئەو کەرەسە و هەوێنە سروشتییەی کە بوون بە گشتی و گەردوون و سروشت بەتایبەتی لێوەی پەیدا بوون.
تالیس (٦٢٤ - ٥٤٦.پ.ز) نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بابەتەیە. بەپێی پێشکەوتنی بیری زانستی ئەو سەردەمە و پەرەسەندنی ئامرازەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بەپێی گەوهەر و پێکهاتەی فیزیکی سروشت خۆی نەکراوە و لە توانادا نەبووە لە پەیڕەو و ڕێبازی دیاریکراو بۆ توێژینەوەی دیاردەکانی سروشت بگیرێنە بەر. ئەو پەیڕەو و ڕێبازانە بریتی بوون لە سەرنجدانی ژیرەکیی و لێکدانەوە و توێ توێ کردن و ئینجا ئەنجامگیریی کە لە هەموو بارێکەوە دیاردە سروشتییەکان لە دەرەوەیانەوە سەرنجدراون و لە تێگەیشتن بەولاوە، وەک ئەنجامێک بە دەگمەن شتێکی تر کەوتۆتەوە و بەدەست هاتووە.
بە پێچەوانەوە، دیاردەکەی تر، کە وەک لە ناوەکەیەوە تێیدەگەیشترێ، دیاردەی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتین بە تێکرایی تیشکدانەوە و نیشانی پێکهاتە و پرۆسەی بزووتنەوە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، بە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵەوە، بە بیروهزر و بۆچوون و دام و دەزگاکانیەوە، لەچاو دیاردە فیزیکییە- سروشتییەکان پتر بە پیت و پێز و فرەڕەنگ و ئاڵۆز و چڕوپڕن وا بە ئاسانی بە ڕێباز و پەیڕەوی سروشتییانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکرێت، هەروەها ئەگەر لە دەرەوەیان سەرنج بدرێن و لێوەیان بکۆڵرێتەوە ئەنجامێکی ئەوتۆ بە دەست نایەت، بۆیە دەبێ کۆمەڵ بە ناوەرۆک و ڕوخسارەوە کە پێکهاتەیەکی زیندوو و کاریگەرە، فرە ڕەنگ و بە پێز و هەمەجۆرە لە ناوەوەیدا لێوەی بکۆڵرێتەوە. دیاردەی سروشت و دیاردەی کۆمەڵایەتی دوو بابەت و کەرەسەی ناوەرۆک و ڕوخسار لە یەکتری جیاوازن، ئەو ڕێباز و پەیڕەوەی بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەی سروشت بگونجێت بۆ توێژینەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی دەست نادات. یەکەمیان دەکرێ لە دەرەوە سەرنج بدرێت و دووەمیان دەبێ لە ناوەوە، لە ناخیدا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت.
ئەم ڕەوشە نوێیە کە لە یۆناندا هاتۆتە پێشەوە ئەنجامێک بووە لەو گۆڕان و پەرەسەندنە سەرتاپاگیرانەی کەوتۆتەوە کە بەسەر ئەم وڵاتەدا هاتووە و بابەتەکانی هزر و بیری کۆمەڵایەتی و ئامرازی لێکۆڵینەوە بەلایەکی تردا بردووەو بۆتە مایەی ئەوەی لە ناوەرۆک و ڕوخساردا لە قۆناخی پێشتر جیاواز و پێشکەوتوو بن.
شان بەشانی دیاردە بێگیانەکانی سروشت و فەلەک و

ئەستێرەناسی لە یۆنانی کۆندا، بیرمەندان لە دیاردە فرەڕەنگییەکانی کۆمەڵیان کۆڵیوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەگەڵ پەیدابوون و دەرکەوتنی فەلسەفە لە چوارچێوەی جیهانبینی فەیلەسوف و بیرمەندەکاندا چ بیروڕاو بۆچوون بووبێ یاخود هزر و بیر، ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنێک بووە لە کەشوهەوا و هەلومەرجی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەریدا پیادەکراوە. ئەم ڕەوش و دۆخە دەکرێ لە دوو خاڵدا کۆبکرێتەوە و نیشان بدرێت:

یەکەم: بریتی بووە لە تەتەڵەکردن و ڕەخنەگرتن لە دابونەریت و ڕێوشوێن و دەستوورەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی ئاکار و دۆگم و دامەزراو و بۆچوون و دەزگاکانی ئایین.

دووەم: لەلایەنی دووەمدا ئەم پرۆسەیە بریتی بووە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئازادانەی پشت ئەستوور بە ژیر و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی قانوون و ڕێوشوێنەکانی دەستووری بەڕێوەبردن و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەم ڕەوش و پرۆسەیە کە لە کەش و هەوایەکی ئازاد دا دەستبەکاربووە پەنای بردۆتە بەر ئامرازی ڕەخنەگرتنی بابەتییانە و بە هەمان سەنگ و ڕەنگ کۆششی ئازادانەی کردووە لە جیاتی ئەو دۆخەی لە ئارادابووە، ئەم سیستەم و داوودەزگا و ڕێژیمانەی کە تەتەڵە و شەن و کەوی کردوون و کەم و کوڕی و کەلێن و کەلەبەرەکانی خستوونەتە بەرچاو، هەر نەبێ بە بۆچوون و لە بیردا بە تیۆری جۆربەجۆری ڕەنگرێژراو پێشنیازی داوودەزگا و دامەزراوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کردووە کە لە جێگا و لە جیاتی ئایین و داب و نەریتی کۆنی بە ساڵدا چوو لەلایەن ژیر و مەنتیق و بیری زانستییەوە کۆنترۆڵ بکرێن و بە یاسا و قانوون بەڕێوە بچن. (٣)

ئەمە ئەو گۆڕانە فرە لایەنە قووڵ و بەپێزە بووە کە لە ژیانی ڕۆژانە و چۆنێتی پرۆسەی کردنی هەڵوێست لە بارەی کێشە و بابەتە گرنگەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پیادە کراوە کە دەکرێ بەبێ سڵ و پارێز بە جۆرە شۆڕشێک دابنرێت، ئەو شۆڕشەی بریتی بووە لە وەرچەرخانێک خۆی لە ڕەوش و هەڵوێستێکدا نواندووە پوختەکەی بەم جۆرە بووە:

– پاشەکشێ کردنی دەور و ڕۆڵ و دەسەڵاتی لە سنوور بەدەری ئایین لە ژیاندا.

– ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دەوڵەت و کۆمەڵ و شرۆڤەکردنی ڕێوشوێنەکانی ئاکار بەبێ پەنابردنە بەر ئایین و پشت بەستن بە دۆگم و بنەماکانی.

– ژیر و مەنتیق و بۆچوونی مرۆڤی بیرمەند بوون بە سەرپشک و ئامرازی چالاکی هزریی و پەیڕەوکراون.

ڕێک و پێکترین کۆششێک کە لەم کایەیەدا کراوە لەلایەن بیرمەند و فەیلەسووفی یۆنان ئەفلاتوونەوە بووە.

ئەفلاتوون (٤٢٨-٢٤٧پ.ز) لە سێ شاکاردا: کۆمار Der Staat، سیاسی، قانوون، بۆ یەکەم جار لە مێژووی شارستانێتی مرۆڤدا لە چوارچێوەی سیستەم و ڕێژیمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەدا لەبارەی دەوڵەت و کۆمەڵ و تاکەکەسان، لە قەوارەیەکی ڕێکوپێکی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتیدا بۆچوونێکی فرەڕەنگی بەپێزی تۆمار کردووە.

کتێبی کۆمار کە ناوەرۆکەکەی پێوەندی بە بابەتی هزر و بیری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ناوەکەی لە بنەڕەتدا لە وشەی یۆنانی پۆلیتیا Politia واتە سیاسی کەوتۆتەوە و لە دواییدا وشەی کۆمار- دەوڵەتی بۆ براوەتەوە.

شاکاری «کۆمار» لە دە بەش پێکهاتووە، کاتی خۆی هەر بەشە بە کتێبێک دانراوە. لە حەوت بەشدا بە تێروتەسەلی باسی داد و دادپەروەریی (عەدالەت) و لایەنە جۆربەجۆرەکانی دەکات و چەندین پێناسەی دادپەروەری توێتوێ دەکات. لە ئەنجامدا دان بە چاکەکارییەکی نەفسی مرۆڤ و سیستەم و ڕێژیمی دەوڵەت دادەنێ، ئیتر هەر بۆیە لە سەرەتاوە مرۆڤ (تاکە کەس) لەگەڵ دەزگای دەوڵەت بەراورد دەکات و لە سروشتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە هەوڵ دەدا چۆنێتی پەیدابوون و پێکهاتنی دەوڵەت ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو هەلومەرجانە کە پێویستن و پیادەکردنی دادپەروەری لە مرۆڤ و دەوڵەتدا دەستەبەر دەبن، دیار و دەستنیشان بکات. (٤)

هەر لەم بەشەدا بە ڕێکوپێکی بۆ لایەنی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵ، پێگەیاندنی پاسەوان و کاربەدەستانی دەوڵەت و دەوڵەتی خۆیشی سەرنج ڕاکێشراوە. لەم ئەرکە مەزنەدا کە دانای یۆنانی گرتوویەتیە ئەستۆی خۆی بێوچان هەوڵی داوە پشت ئەستوور بە شی کردنەوە و توێژینەوە و پێناسەکردن و بە کەڵک و سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و ئەو ئەنجامانەی دوای سەرکەوتنی ئەتین بەسەر لەشکری فارسدا، لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین، کەوتوونەتەوە، هێز و توانای ژیر و

زانست لەگـەڵ دەسـەڵاتی سیـاسی توندوتۆڵ پێکەوە ببەستێ و بگرە، هەردووک لایانی خستوونەتە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە بۆ ئەوەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و دەسـەڵات و کـۆمـەڵ و چاککردنی ڕەوشی حوکمڕانی کردن و بۆ ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی دام و دەزگـاکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی نەخشـەیەکی فـراوانی ڕەنگ بۆ ڕێژراودا سـوودیان لێـوەربگرێت و پیادەیان بکات.

سـەرەڕای ئەم لایەنە گـرنگە، بەپێی سـەرچاوە مێژووییەکان، ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەتی شار Stadtstaat پتر لە برەو و پێشکەوتندا بووە، ئەم دۆخە جۆرە پێشبڕکێ و ڕقە بەرییەکی لە نێوان ئەو دەوڵەتە شارانەی کە لە سەرانسەری دوورگەکانی هێلینا (یۆنان)دا دەستبەکاربوون، هەڵگیرساندووە. هەر بۆیە وەک ئەنجـامـێکی ئەم بارودۆخـە، پتـر بیـر لەوە کراوەتەوە کە گیانی پێشکەوتن و شارستانیەت لەچاو جاران، بەسەر چالاکی و پرۆسە و گیانی میلیتاریزە و سەربازی و لەشکری و پەیداکردنی کەرەسـەی جەنگ و تفاقی شەڕدا زاڵ بکرێت.

گۆڕانی قۆناخی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە قۆناخی ژیانی تیرەگەری و خێڵەکی و شوانکارەوە بەرەو شێوازی ژیانی لادێ- کـشـتـوکـاڵ کـە لەلای خـۆیەوە هوشـیـاریـیـەکی مـەدەنیـەتی و سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی هاووڵاتیـیـانی وروژاندووە و ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی نوێی بە پەیڕەو و ستـایلی ژیانی سیاسی بەخشیوە، پلەوپایەی دەوڵەتی شـاری چاکـتـر جـێگیـر و چەسـپـاندووە، وردە وردە و لەسـەرخـۆ کـار و پیـشـە و سنعـاتی گـونجـاو لەگـەڵ قۆناخەکەدا بڵاوبوونەوە و دەرکەوتوون.

لەبارەی مـرۆڤ خـۆیەوە کـە بنەمـا و گـەوهەرێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیە، نابێ و ناکـرێ ئەو ڕەوشـە لەبیـر بکرێت کـە بەهۆی چالاکی کاریگەری سۆفستاییەکانەوە کەوتبۆوە، بەتایبەتی کە ئەو بیـروبۆچوون و وێنەیان لە مـێشکدا چەسپـاندبوو: مرۆڤ بوونەوەرێکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتییە، پێودانگ و پێـوەر و سـەرپشکی هەمـوو شـتـێکە بە بوون و نەبوونەوە، شت فـێـردەبێ و دەزانێ، توانای کـار و کـارکـردنی هەیە و شـتی لە دەست دێت و دەتوانێ شت بکات.

ئەوەی لێرەدا پێوەندی بە بابەتی هزری کۆمەڵایەتییەوە هەیە لەناو شیرازەی توندوتۆڵی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا Sozial philosophie ئەفلاتوون بە چەند بنەمایەک پشت قـایم بووە، کـردوونی بە بناخە و جـیـهـانبـینیـیـە فـراوانەکەی لەسـەر دامـەزراندووە. ئەم بنەمـایانە دەکرێ لەم خاڵانەدا پوختە بکرێنەوە:

یەکەم: دوو ڕەنگی Dualismus لە هەموو شتێکدا سـەر مـەشق و دەستـبـەکـار بووە. (٥) هەر لە زانینەوە تاوەکو جیهانی فیزیکیی دەوروبەر.

بۆ سـاخ کـردنەوەی ئەم بۆچوونەی بەتایبـەتی لەبارەی زانین و پرۆسـەی فـێـربوون و شت زانین و پەروەردەوە بە دووروودرێــژی نمــوونــەی ئــەشــکــەوت -Hoeh lengleichnis لە بەشی حـەوتەمـدا (پەرەگـرافی ٥١٤) لە کتێبی کۆماردا دەخاتە بەرچاو. ئەم نموونەیە لە قـالـبـێک دەچێ تیـۆری بە پیت و پێـزی زانینی ئایدیالیستی تێدا داڕێژراوە (٦). جیهانی ئێمە، بەپێی ئەم تیـۆرییـە، سێـبـەر و لاسـاییکردنەوەی جیـهـانی ژیرەکییـە. ئەو زانینەی ئێستـاکە مرۆڤ لەم جیـهـانەدا هەیەتی بەشـێکی بچـووک و هەندەکیـیـە لە زانینێکی ڕاسـتـەقـینە کـە نەفـسی مـرۆڤ پێش ئەوەی بێـتـە ناو لەشەوە هەیبووە.

دووەم: داد و دادپەروەریی گەوهەری ژیانە و مەبەستی سەرەکی پرۆسەی سیاسییە و ئەو پەیوەست و شیرازەیەیە کە ساخی و توند و تۆڵی کـۆمەڵ ڕاگیـر دەکات، دەبێـتە مایەی ئەوەی وەک ئۆرگان و پێکهاتەیەک ڕۆڵ و دەوری سەرەکی خۆی لە ژیانی ئەندامانیدا بگێڕێ.

ئەوی لەم کایەیەدا سەرنجی ئەفلاتوونی ڕاکێشاوە، بە چاوی خـۆی دیویەتی و لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەسـتـی پێکردووە، هەمـوو ڕێژیمە یەک لە دوای یەکـەکـانی سەردەمی خۆی کە لە سەرکاربوون چەوت و بەدکاربوون دەستوور و قانوونەکانیشیان ئەوەندە ناڕەوا و بێکەڵک بوون بەبێ موعجیزەی خواوەند نەکراوە بە هیچ جۆرێک بیر لە چاککردنیان بکرێتەوە. (٧)

ئەم دۆخ و ڕەوشە وای لە ئەفلاتوون کردووە کە بێتە سەر ئەو باوەڕەی لە دوو ڕێگا بەولاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە سەختە شتێکی تر شک نەبات:

«دەبێ ئەو فەیلەسووفانە دەسەڵاتی حوکمڕانی کردنیان بدرێتە دەست کە بەڕاستیی پەیڕەوی فەلسەفە دەکەن، یاخود: چینی فەرمانڕەوا کـە کـاروباری سیـاسـیـیـان بەدەستەوەیە بە موعجیزەی خواوەند ببن بە فەیلەسووفی ڕاسـتـەقـینە» (٨) ئەگـەر مـرۆڤ لە ڕوانگەیەکی مـێـژووییـانەوە نەک بە پێـودانگی مـۆدێرنی سـەردەم، سـەرنجی ئەو قـسـەیەی ئەفلاتوون بدات دەکرێ لە دوو خـاڵدا، لە دوو لایەنەوە نەک هەر پاکـانەی بۆ بکرێت،

بەڵکو بە شتێکی ڕاستەقینەی سەردەمی خۆی وەربگیرێت:

١- لەبەر ئەوەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چ لە ژیان و چ لە زانیندا ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووس ساز دەگێڕن، پێویستە ئەم پرۆسەیە بەبێ جیاوازی و بەیەکسانی هەموو کەسێک بگرێتەوە. ئەم بۆچوونە لە خۆیدا پشت ڕاستکردنەوەی تیۆرییەکەی سوکراتە کە وتوویەتی: زانین چاکەکارییە و نەزانین بەدکارییە.

ئەگەر مرۆڤ، بەپێی ئەم تیۆرییە، زانا و شارەزابوو، زانین و شارەزاییەکەی کار لە بیروبۆچوون و کردارەکانی دەکەن ئەو کاتە بێ سڵ و پارێز، بە ئازادی و زانینی تەواوەوە چاکە دەکات و خۆی لە بەدکاری و خراپە دوورەخاتەوە!

٢- فەلسەفە چ وشە و چ ناوەڕۆک کە ئەفلاتوون بەکاری هێناوە بریتی بووە لە ئینسیکلۆپیدییەک چوارچێوە ئاسا هەموو بابەتەکانی تری ژیر و بەرهەمی بیری مرۆڤی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە هەر لە پەروەردە و زانین و ڕەوانناسی و هزر و بیری کۆمەڵایەتی و سیاسەت و.. تاوەکو دەگاتە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی..تاد.

سێیەم: ئەفلاتوون، وەک خۆی وتوویەتی، سەرگەرمی پیادەکردنی داد و چاکەکاری Tugend بووە، بە دوای ڕاستی و ڕاستەقینەدا گەڕاوە. بەلایەوە چاکەکاری و ڕاستی و ڕاستەقینە بێ سنوور و ڕەهان و بە هیچ جۆرێک پابەندی قۆناخ و کات و شوێن و ژینگەی تایبەتی نین، بۆیە ئەو دەوڵەتی شارەی کە دەخوازرێ دابمەزرێت پێویستە ئەوەندەی لە تواناداهەیە و دەکرێ سەقامگیر، ئارام و لە هەموو جۆرە گۆڕانێکەوە دوور بێت. بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەت و ڕێژیمە لەو نموونەیەوە نزیک بێتەوە کە لە ئاسماندا هەیە، واتە لەسەرروو سروشتەوە، دەبێ بە تەواوەتی لە گۆڕان، لە ماددەوە دوور بێت و پابەندی هیچ جۆرە کات و شوێنێک نەبێت.

ئەگەرچی ئەفلاتوون لەگەڵ فیتاگۆرسییەکان لەو باوەڕەدا بووە کە باوەڕ، دڵنیایی بوون، دووربوون لە گومان و دڵکرمێبوون بابەتێکی ناخی دەروونی مرۆڤن و ناکرێ ئەم ڕەوشە دەروونییە بە کەسانی تر بگەیەنرێ و بخرێتە ناخیانەوە، چونکە بابەتەکە لە خۆیدا بەشێکی گرنگی شێواز و ڕێگاوچۆنێتی ژیان و بەسەربردنی ژین پێک دەهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وای داناوە کە دەبێ مرۆڤ ئەگەر سیاسەتمەداربێت و کاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بدرێتە دەست بە ڕێگای دیسپلینی گیانی و ڕێوشوێنی ئاکاریانەوە وا ڕا بێت کە چاکەخواز بێت و بتوانێ چاکەکاریی لە بەدکاریی جیابکاتەوە یەکەمیان هەڵبژێرێ و سڵ و پارێز لە دووەمیان بکاتەوە و بگرە بیانخاتە لاوە، چونکە ئەو کەسانەی ئەم پەروەردە و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەیان نەدیبێ و پێدا تێنەپەڕیبن، یاخود بەشدارییان تێدا نەکردبێ و کاروباری بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی کردنی دەوڵەتیان پێ بسپێردرێ دەبنە مایەی شێواندن و چەواشەکردن و تێکدانی دەوڵەت خۆی و لەوانەیە ڕێژیمە دامەزراوەکەش لەناوبەرن.

ئەنجامێک کە لەم بۆچوونەی ئەفلاتوون دەکەوێتەوە، کە گوایە پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کارێکی پێویست و ناچارەکین، ئەوەی مرۆڤی شارەزا و دانا و ئەرک و چالاکی داناییانە وا پێویست دەکات کە ئەو کەسی دانایە خەریکی هیچ جۆرە کار و پیشەیەک نەبێت، بەڵکو دەبێ هەمیشە کات و چالاکی و بیرکردنەوە و دەرفەتی تەواوی خۆی بۆ هەڵسووڕاندنی ئەو کار و ئەرکە گیانییە ببێت کە پێی سپێردراوە. (٩) دەوڵەتیش مووچە و پێویستی ژیانی بۆ دابین بکات. کار و پیشە و کاسبی بۆ پەیداکردنی پێداویستی ژیانی ڕۆژانە کۆسپ و تەگەرە دەبێ لەبەردەم دانایی و زانین و شارەزایی و کارمەندی و دەستبەکاری مرۆڤی دانا و بیرمەند و سیاسەتمەداری کاری پێ سپێردراو، بۆیە دەبێ ئەو جۆرە مرۆڤانەیە خەمی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و خێزانیان نەبێت و ئەو پێداویستییانەیان بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی بێ پسانەوە دەرفەتیان هەبێ لە جیهانی بێگەردی بیرکردنەوە و ڕەوشی هزری و گیانییدا بە ئارامی سەرگەرمی کۆشش و هەوڵدان و کارکردن بن و هیچ شتێک ناڕەحەت و سەخڵەتیان نەکات و بەلای شتی تری لاوەکیدا نەیانبات و خەریک نەبن.

ئەم جۆرە دەرفەتە کە کاتی خۆی ئەفلاتوون بۆ سەرۆک و شا و کاربەدەستە پایەبەرز و سیاسەتمەدارانی دەوڵەت پێشنیازی کردووە لەلایەن پەرەسەندنی شارستانییەوە، بە هەموو لایەنەکانییەوە، ساخ و پشتڕاست کراوەتەوە.

لەگەڵ پرۆسەی ئاڵۆز و درێژخایەنی پەرەسەندن کە کۆمەڵی لێ پەیدابووە ئینجا دەوڵەت کەوتۆتەوە، دەوڵەت وەک ئۆرگان و ڕێکخراو و پێکهاتەیەک کە بە جۆری جیاواز بەپێی کات و شوێن و قۆناخ پێناسە کراوە و لێکدراوەتەوە، ئەو پرسیارە لە مێشکدا وورووژاوە، ئایا پەیدابوونی کۆمەڵ پێویستییەکی سروشتی بووە ژیان و گوزەران سەپاندوویەتی، یاخود جۆرە چالاکییەکی هەرەمەکی بووە و لە خۆیەوە کەوتۆتەوە، یان جۆرە بەند و ڕێککەوتنێک بووە لە نێوان تاکەکەسانی کۆمەڵدا کە

خواست و ئیرادەیانی دەربڕیوە و پیادە کردووە؟!
بە پێچەوانەی سۆفستاییەکانەوە ئەفلاتوون لەم کایەیەدا هەموو جۆرە کاریگەری و ئاسەوارێکی خواست و ئیرادەی مرۆڤی بردۆتە دەرەوە و لەو باوەڕەدابووە کە پەیدابوونی کۆمەڵی مرۆڤ- دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی سروشتییانە پەیدابووە و کەوتۆتەوە و جۆرە هۆکارێکی پاڵنەری زگماکی (غەریزە)- Instinkt لەم گۆڕەپانەدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە.
ئەفلاتوون لەو بۆچوونەیدا بەوە پشت ئەستوور بووە کە مرۆڤ لە سروشتەوە گەوهەر و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ناتوانێ بەبێ خێزان و کۆمەڵ و شار و دەوڵەت ژیانی بەسەربەرێت. ناچاری و پێداویستی کۆمەڵایەتی دەبنە مایەی ئەوەی شار -دەوڵەت- یەکەم ڕێکخراو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت، ئەمەش لە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێت. (١٠) دەوڵەت لە خۆیدا لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، لە کۆیەکی ڕێک و پێکی خەڵک و مرۆڤ بەولاوە نییە. داهاتی دارایی و دەرامەتی ڕێژیم و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگە و خاکی دیاریکراو ئەو بنەما و بنەڕەتانەن کە بوونی دەوڵەت پێیانەوە بەندە. بۆیە پەیدابوونی دەوڵەت شتێکی سروشتییە و لە هەموو هەڕەمەکییەکەوە دوورە، بەڵکو ئەنجامێکە لە هۆکار و فاکتەر و قانوونەکانی سروشت خۆی دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێت.
بەلای ئەفلاتوونەوە دادپەروەری کە بابەتی سەرەکی ژیانی سیاسی و کەرەسەی سیاسەتە خۆی ناوەکەی لە وشەی ساخ و ڕاستییەوە Richtigkeit وەرگیراوە. لە کاروباری دەوڵەتدا، لە بیروکردار و ڕەفتاری مرۆڤ خۆیدا، لە قانوون و دام و دەزگا و دامەزراوەکاندا پێویستە و دەبێ هەموو شتێک ساخ و ڕاست و دروست بێت، پێویستە لەگەڵ نموونەی ڕاستیی دیسپلین و ڕێکوپێکی بەڕێوەبردندا، گونجاو و تەبابێت، (١١) ئەمەش وا پێویست دەکات کە ئەم لایەنە بە گرنگ دابنرێت:
مەبەست و ئامانج لێرەدا ئەو شتە نییە کە دڵی مرۆڤ دەیخوازێ و بە هیوایەتی پێی بگات، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە پێویستە مرۆڤ وەک ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێی بکات و ڕاییپەڕێنێ.
مرۆڤ دەبێ ئەو کارە بکات کە سروشت بۆی داناوە و بۆی بڕیوەتەوە، بێگومان مرۆڤ شایستەی ئەوەیە کە سروشت بۆی دادەنێ، بۆیە ئەفلاتوون وتەنی: ڕاستی و ژیری و دانایی و دەستپاکی و ئاکار جوانی، دەبێ بنەمای ڕاستەقینەی سیاسەت بن... ئەگەر ئەو قسەیەی ئەفلاتوون بایەخێکی مێژوویی هەبێ، ئەوا لەگەڵ بارودۆخی مۆدێرن و شارستانییەتی سەردەمدا بڕ ناکات. کەسێک لاری لەوە نییە کە سیاسەت ئەو هونەر و هێز و توانایەیە Kunst des moglichen کە ئەو شتانە وەدی دێنی و پیادەیان دەکات کە شیاوەکێن و لە توانادان، ئیتر ئەم شیاوەکی و دەستپاکییە لە سیاسەتدا بەیەکەوە دەگونجێن یان نا؟ بابەتەکە ناکرێ لەگەڵ بۆچوونی ئەفلاتووندا بخرێتە دوو تای یەک تەرازووە.
ئەفلاتوون، بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجەی ئەفلاتوون بۆ سیاسەت دایناوە، پشت بە دوو بنەما دەبەستێ:
یەکەم: بەراوردکردنی مرۆڤ- تاکە کەس لەگەڵ دەزگا و پێکهاتەی دەوڵەتدا.
ئەفلاتوون دەڵێ: «دادپەروەری بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان. ئەگەر ئەم دادە وەک چاکەکاری لە تاکە کەساندا هەبێت، ئەوا لە دەوڵەتیشدا دەبێت هەبێ، بەڵام دەوڵەت لە مرۆڤ مەزنترە... کەوابوو لە وێنەی گەورەی دادپەروەریدا باشتر بابەتەکە دەرکی پێدەکرێت، بۆیە پێشنیاز دەکەم یەکەم جار لە سەرەتاوە لە سروشتی دادپەروەری لە دەوڵەتدا بکۆڵینەوە لە دواییدا لە تاکەکەساندا، دەبا لە گەورەوە بەرەو بچووک دەچین و هەردووکیان پێکەوە بەراورد بکەین.» (١٢)
دووەم: ڕۆڵی گرنگی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. چاککردنی کۆمەڵ بە تێکڕایی، ئیتر هەر کۆمەڵێک بێت، کە بویسترێ چاک بکرێت، بە گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و دابونەریت و ڕێوشوێنەکاری ئاکار و شێوازی پەروەردەی ئەندام و تاکە کەسانییەوە بەندە، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە، دەبێ پەیڕە و سیستەمێکی نوێی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بگیرێتە بەر و پیادە بکرێت، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بێت کە چاکەکاری زانینە و بەدکاری لە نەزانینەوە پەیدا دەبێ.
هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام و بەروبوومی نەفسی مرۆڤن، ڕێژیم و قانوون و دادیش لەلای خۆیانەوە لە چالاکی ژیروبیری مرۆڤ بەولاوە نین. (١٣) کۆمەڵی نوێ کە دەخوازێ ڕەنگی دامەزراندنەکەی بڕێژدرێ پێویستی بەوە هەیە نەوەیەکی نوێ دەستەبەر ببێ و بە جۆرێک پەروەردەیان بکات مانەوە و پاراستنی دەوڵەتی نوێی نموونەیی خوازراو دەستەبەر ببێ، چونکە، ئەفلاتوون وتوویەتی:
ناکرێ بۆ ئەم مەبەستە نوێیە پشت بە نەوەی پێشوو

ببەستریّ، چونکە خوورەوشت و ڕەوشی کۆنی کۆمەڵایەتی مێشکی تێک داون و داد و دیموکراتی و ئازادی لە بیر بردوونەتەوە.!

ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ دەوڵەتدا بەراورد بکرێت دەبێ هەر لە سەرەتاوە سروشت و دەروونی مرۆڤ کە بوونەوەر و گەوهەرێکی کۆمەڵایەتییە شرۆڤە و توێتوێ بکرێت، مرۆڤ وەک ئەفلاتوون بۆی چووە لە سێ بەش، لە سێ هێز و توانا پێکهاتووە، بەرامبەر بە هەر بەش و هێزێکی دەروون و سروشتی مرۆڤ لە دەوڵەتەکە و کۆمەڵدا تاقمێک، دەستەیەک توێژێک هەیە. ئەو خەسڵەت و نیشان و تایبەتمەندییانەی لە دەوڵەتدا هەن، لە ئەندامان و تاکەکەسانیشدا هەن، چونکە دەوڵەت ئەم خەسڵەتانەی لە تاکەکەسانەوە پێبڕاوە بۆیە:

«ناکرێ مرۆڤ وای بۆ بچێ کە خەسڵەتی هەڵچوون و تووڕەیی و توندوتیژی کە لە دەوڵەتی تراکییەکان و سکودییەکان و گەلانی باکووردا بە گشتی هەیە، یاخود خەسڵەتی

مەیل بوون بۆ زانست لەلای ئێمە، یان حەزکردن لە ماڵی دنیا کە یەکەم خەسڵەتی فینیقیەکان و دانیشتوانی میسر (١٤) » لە تاکەکەسانەوە بۆ دەوڵەتەکەیان نەچووە.!

ئەگەر بویسترێ دەوڵەتێکی نموونەیی دوور لە مەترسی تێکچوون دابمەزرێنرێ، پێویستە هەر لە سەرەتاوە پشت بە سیستەمێکی تایبەتی پەروەردە ببەسترێ و ئەو خەسڵەت و دابونەریت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە لاببردرێن کە لەم بوارەدا وەک کۆسپ و تەگەرە دێنە بەردەم و لەسەر ڕێگا قووت دەبنەوە.

مرۆڤ، بە باوەڕی ئەفلاتوون لە سێ هێز و توانا پێک هاتووە:

- ژیر
- تووڕەبوون
- زاووزێ. (١٥)

بەرامبەر بەو سێ توانایە دەبێ دەوڵەت لە سێ تاقم پێک بێت، چونکە دەوڵەت بەم پێیە سێ جۆرە ئەرکی کەوتۆتە ئەستۆ:

- بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵ و دەوڵەت، ئەمە بەرامبەر بە فاکتەر و هێزی ژیرە لە لەشی مرۆڤدا.
- داکۆکی کردن و بەرگریی، پاراستنی دەوڵەت و کۆمەڵ بە پێکهاتە جۆربەجۆرەکانییەوە. ئەم لایەنە بەرامبەر بەهێزی تووڕەبوونە لە مرۆڤدا.
- بەرهەمهێنان. ئەگەر زاووزێ سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ بێ، ئەوا دەوڵەت بەهۆی چین و توێژی دیاریکراوەوە واتە چینی سێیەم، بەند و کۆیلە و بۆرە پیاوان پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵ و کاربەدەستانی دەوڵەت دابین دەکات. دادپەروەری مرۆڤ ئەگەر کاتێک دەستەبەر ببێ کە سێ هێزە سەرەکییەکەی دەروون و لەشی، لە ناوخۆیاندا جۆرە پێکەوە هەڵکردن و گونجانێک لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنوێنن، ئەوا دادپەروەری لە دەوڵەتدا ئەوەیە کە هەر چین و توێژە ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ کە پێی سپێردراوە و سەرگەرمی بەدەستهێنانی پلەوپایەیەکی تر نەبێت!!

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتی نموونەیی، دەستەبەربوونی مانەوە و پاراستنی ڕێکوپێکی و ڕێگاگرتن لە ئاژاوە و سەرگەردانی بەلای ئەفلاتوونەوە بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵ و لایەنانە دەبێت.

یەکەم: هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی شیرازەی خێزان بە جۆرێک هیچ پیاوێک ژنەکەی خۆی و هیچ زارۆ و کۆرپەیەک دایک و باوکی خۆی نەناسێت (١٦)

دووەم: لابردن و نەهێشتن و بەیەکجارەکی پەکخستنی موڵکدارێتی تایبەتی. (١٧)

سێیەم: کار و پلەی سەرۆکایەتی دەوڵەت دەبێ بدرێتە دەست فەیلەسووف یاخود بەو کەسە بسپێردرێ کە بە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دانراو و درێژخایەنی پەروەردەدا تێپەڕ ببێ و لە فەلسەفەدا شارەزایی پێویستی هەبێ. ئەفلاتوون وتوویەتی:

«فەیلەسووف دەبێ شای وڵاتەکەی بێت یاخود ئەوانەی بە شا و فەرمانڕەوایان ناودەبەین فەیلەسووفی ڕاستەقینە بن، ئەگەر بێتو دەسەڵات و کاروباری دەوڵەت بە دەست کەسێکەوە نەبێ کە هەردوو هێز و توانای دەسەڵاتی سیاسی و فەلسەفەی هەبێ.. دەوڵەت و مرۆڤایەتی دووچاری دەستی بەدکاری و شەڕ و نەهامەت و خراپە دەبن» (١٨)

چوارەم: پێویستە حوکمرانی کردن جۆرە هونەر و دەستڕەنگینی و تەکنیک و لێهاتوویی و شارەزاییەک بێت کە بە زانینی ڕاست و دروستەوە بەند بێت، هەروەها یارمەتی و کۆمەک وەک ئەرک و چالاکی ئاڵوگۆڕکردنی شمەک (شت و مەک) و دابین کردنی پێداویستی نێوان تاکە کەسانێک کە بەهرە و زانین و شارەزاییەکەیان لەم ئەرکەدا پشتگیرییان دەکەن، بەولاوە نییە. (١٩)

ئەفلاتوون سێ هێز و توانایەکەی مرۆڤ و سێ چین و توێژەکەی کۆمەڵ بەرامبەر بەیەکتری دادەنێ و خەسڵەتی

جۆرە کانزایەکیان پێدەبەخشێ بۆ نموونە:
– توانای زاوزێ لە مرۆڤدا بەرامبەر بە چینی بەرهەم هێنەرە لە دەوڵەتدا و ئەمانە ئاسنن.
– لایەنی هەڵچوون و تووڕەبوون کە لە سینگدایە بەرامبەر پاسەوان و سەربازانی پارێزگاریکردنی کۆمەڵ و دەوڵەتە ئەمانە زیون.
– ژیر کە لە سەردایە بەرامبەرەکەی ئەو چینی سیاسەتمەدار و فەیلەسووفانەن کە کاروباری سەرکردایەتیان بەدەستە و (٢٠) خۆیان زێڕن.
بابەتێکی گرنگ کە لە کتێبی کۆماردا- لەچوارچێوەی هزری کۆمەڵایەتیدا - سەرنج ڕادەکێشێ، هەردوو خاڵی:
یەکەم: بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. (٢١)
دووەم: کێشەی بەند و کۆیلە-یە.
لە خاڵی یەکەمدا دانانی یۆنانی بەوپەڕی سووربوونەوە هەموو جۆرە بزووتنەوە و گۆڕانێکی کۆمەلایەتی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵی ڕەت کردۆتەوە و پێی لەسەر ئارامی و نەگۆڕان داگرتووە.
چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە یەکتری جیاوازن، هەر لایەنە ئەو ئەرکە ئەو فرمانەیان پێدەسپێردرێ کە سروشت ئاسا تێیدا شارەزاوو پسپۆڕن. ئەندامی هەر توێژێک سروشتی تایبەتی خۆیان و توانا و لێهاتوویی لە یەکتری جیایان هەیە و ناتوانن هەموو ئیش و کارێک کە شیاو و لێهاتووی نەبن ڕابپەڕێنن. بۆ ئەوەی چاوچنۆکی و چاوتێرنەبوون و تەماعی دنیا و ئارەزووی دەوڵەمەندبوون و کۆکردنەوەی ماڵ و پارە و سامان و دراو دایاننەگرێت و بۆ ئەوەی ئەندامی هیچ چینێک ئەو هەست و ئارەزووە نەکەوێتە کەللە و ناخ و دەروونییەوە، بیر لە چوونە ڕیزی چینێکی تر بکاتەوە، ئەوی جەنگاوەرە بیر لەوە نەکاتەوە ببێ بەکاربەدەستێکی تر لە پلەوپایەیەکی تردا، دەبێ هەر کەس لە شوێن و جێگای خۆیدا بمێنێ، ڕێگای هیچ جۆرە گۆڕانێکی کۆمەلایەتی نادرێت و ئەو هۆکارانە تەخت دەکرێن کە دەرفەتی پێچەوانەی ئەم مەبەست و ئامانجانە دێننەکایەوە.
کێشەی بەند و کۆیلایەتی، کە خاڵی دووەم بوو، بەلای ئەفلاتوونەوە نە کێشەیە و نە دیاردەیەکی نائاسایی و ناڕەوایە، بەڵکو شتێکی ئاسایی و سروشتییە، ئەوی نائاسایی بووە ئەوەی کە یۆنانی ڕەگەزێک یۆنانییەکی تر بکات بە کۆیلە و بەندی خۆی. (٢٢) ئەفلاتوون بەم جۆرە بوونی کۆیلە ڕەوا دەکات:
«من بەشبەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کە تاقم و دەستە و کەسانێکی تر هەن کە لە دەوڵەتدا کاردەکەن، تاقمێک کە ئاستی ژیرەکییان (ئەقڵیان) ڕێگایان نادات تێکەڵاوی کۆڕ و کۆمەڵ بن، بەڵام بەهۆی هێزی زۆر وزەبەندەی لەشیانەوە دەتوانن قورسترین و سەختترین کاربکەن و کرێی ئەم ئیش و کۆششەیان وەردەگرن، لێرەوە من وای بۆ دەچم کە ئەوان بە کرێکاری ڕۆژانە ناودەبرێن.» (٢٣)
کەوابوو بەپێی ئەم دەقە هەبوونی بەند و کۆیلە شتێکی سروشتی و ئاساییە و ئۆباڵەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسە خۆی کە لە زگماکەوە سروشت توانای ژیر و ئەقڵی ئاسایی پێ نە بەخشیوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەم کەم و ناتەواوییەی سروشت لەشێکی بەهێزی کارکردنی داوەتێ.
هەر لە کتێبی کۆماردا بەتایبەتی لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی بەشی پێنجەم سیستەمێکی ڕێک و پێکی پەروەردەکردنی پاسەوان و جەنگاوەر و سەربازان ڕەنگرێژراوە، لە تێکڕای پرۆگرامەکەدا ئەفلاتوون لە خەمی ئەوەدابووە کە دەبێ پاسەوانان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گوێڕایەڵی قانووندانەران و (٢٤) سەرۆکی دەوڵەت بن و لە جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیان بەولاوە بیر لە شتێکی تر نەکەنەوە.
ئەفلاتوون بەم جۆرە باسی پرۆگرامی پەروەردەکردنەکەی کردووە:
«لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا دەست بە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆگرامە دەکرێت» ، ئەم دەست نیشانکردنەی کات و شوێن دەری دەخات کە سەرەتای دەستپێکردن گرنگ و بایەخدارە، بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی زاڕوو و منداڵەوە هەبوو بۆ دابینکردنی نەوەیەکی نوێ. پەروەردەکردن لە خۆیدا بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو هەلومەرجانە کە لە دەوروبەر و نزیکەوە کار لە کۆرپە و ساوا و زاڕووەکان دەکەن، ئیتر مەبەست لە لایەنی ئاکار و ڕەوشت بێت یاخود لە پێگەیاندنی لەش و تەندروستی. ئەفلاتوون پتر وتوویەتی:
«چەند ئاهەنگێک دەگێڕین تیایاندا لاوی کوڕ و کچ بۆ ئاهەنگ و شایی و زەماوەندی بووک و زاوایی کۆدەکەینەوە و... داوا لە شاعیرەکان دەکەین هەڵبەستی ئەوتۆ دابنێن لەگەڵ ئاهەنکی جووت بوونی ئەم کوڕ و کچانە، ئەم بووک و زاوایانەدا بگونجێ» (٢٥)
دوای کۆتایی هاتنی ئەو ئاهەنگە کوڕ و کچە لاوەکان بۆ دواجار لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، نابێ یەکتری بناسن و بیر لەوە بکەنەوە ببن بە ژن و مێردی بەردەوام. دەبێ لە

كاتی دیاریکراودا زارِوو و منداڵەکان لە دایک ببێ. ئەو منداڵ و زارِوو و ســـاوایانەی لە رِۆژی دیاریکراودا لە دایک دەبن کــۆ دەکــرێنەوە، ســـاخ و هەڵکەوتەکـــان هەڵدەبژێردرێن و ناساخ و سەقەت و ئەوانەی پێش یاخود دوای رِۆژی دیاریکراو لە دایک بوون دوور دەخرێنەوە.. دەست بە پەروەردەکردنی هەڵبژێردراوەکان دەکرێت. بۆ ئەم ئەرکی پەروەردەییە دایەنی تایبەتی هەڵدەبژێردرێن نابێ هیچ پیاوێک ژنەکەی خۆی بناسێتەوە و هیچ باوک و دایکێک کۆرپەکەیان بناسن و هیچ کورِ و کچێک دایک و باوکی خۆیان بناسن. پەروەردەکە بە گشتی دەکرێ بە سێ قۆناخەوە.

یەکەم: لەم قـۆناخە سەرەتاییەدا کە زۆر لە باخچەی ساوایان و قۆناخی خوێندنی سەرەتایی دەچێ، منداڵەکان لەم تەمەنەدا فـێری نووسین و خوێندن دەبن و وەرزش و پەروەردەی لەش و مـوزیک دەخـوێنن ســەرەرِای چەند بابەتێکی بنەرِەتی پەروەردە. وەرزش و پەروەردەی لەش لەشیـان ساخ و بەهێز دەکات و فـێری ئازایی و پشـوو درێژیی و خۆرِاگرییان دەکات. موزیک دەروون و نەفس مشت و ماڵ دەکات و جۆرە نەرم و نیانی و لەسەرخۆییان پێدەبەخشێ. خۆ ئەگەر ئەمانەش بە یەکەوە بگونجێنرێن ئەوا دەبنە مـایەی هەمـاهەنگی و رِێک و پێکی و لە یەکـتـری وەشـاوەیی EbenmaB کـــەســـایەتی مرۆڤ. (٢٦)

ئەفـلاتوون لەم قـۆناخـەدا بابەتی ئەدەب (شـیـعـر) و هونەری خسـتـۆتە چوارچێـوەی مـوزیکەوە. لە سـەرەتادا داوای دوورخستنەوەی شیعرەکانی هومیرۆس و هیزیۆدی کـردووە، چونکە ئەم دوو کـەڵە شـاعـیـرە وشـەی وایان بەکارهێناوە و بۆچوون و وێنەی ئەوتۆیان داوەتە دەست، گوایە مێشکی کۆرپەکان تێک دەدات و هونەرمەندانیش نارِاستن. چونکە بە بەرهەمەکانیان لاسایی شتی لاسایی کـراوە دەکەنەوە، ئەمـەش دووجـار لە رِاسـتی و نموونەی بەرز دووریان دەخاتەوە.

دووەم: ئەم قۆناخە لە تەمەنی بیست ساڵییەوە تاوەکو سی ســاڵی دەخـایەنێ تێـیـدا پاسـەوانانی پاشـەرِۆژ بیرکاریی و ئەندازە و زانستە جۆربە جۆرەکان دەخوێنن.

هەر لەم بارەیەوە، ئەفــلاتوون وای داناوە کــە رِێک دەدرێ ژن لە ٢٠ ساڵییـەوە تاوەکـو تەمـەنی ٤٠ سـاڵی زاووزێ بکات و منداڵی ببێ، بەڵام بۆ پیاو ئەو ماوەیەی لە نێـوان ٢٥ سـاڵی تـاوەکـو ٥٥ سـاڵی تەمـەنی ژیانی پیاو دەستنیشانکردووە.

سێیەم: دوای تەمەنی سی ساڵی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بابەتی دیالێکتیک دەخوێنن. ئینجا بەسەر پۆستەکانی دەوڵەتدا دابەش دەکرێن و وەک تاقیکردنەوە و رِاهێنان ئیش و کـاری سـەخـتـیـان پێ دەسـپـێـردرێ. ئەوی سەرکەوتوو بوو، دەکرێ بە سەرۆکی دەوڵەت. ئەو کەسی تاقـیکردنەوەکـەی ســەرکــەوتووانە دەبرِێ و دەبێ بە سەرۆک، نابێ تەمـەنی لە پەنجا ساڵ کـەمـتـر بێت. بە واتایەکی تر، دوای پێنج سـاڵ خـوێندنی دیالێکتـیـک -فـەلسـەفـە، دەبێ ١٥ سـاڵ ئیش و کـارێک بکەن بە هۆیەوە شـارەزاییـەکی تەواو لە هەمـوو کـاروباری ژیان بە دەست بهێنن.

لەو پرۆگرامە سەرتاپاگیرەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەفلاتووندا سیاسەت و ئاکار و میتافیزیک ئاوێتـەی یەکـتـری کـراون و وەک سێ بابەت و لایەن توندوتۆڵ زنجیر ئاسا سێ ئەڵقەی بە یەکەوە بەستراون.

- لەلایەکـەوە پرۆگـرامـەکـە لەوەدا پشـتی بە ئاکـار بەسـتـووە کـە سـەرگـەرمی ئەوەبووە بیـر و ئایدیای دادپەروەری پیـادە بکات و مرۆڤی دادپەروەر و دەوڵەتی لە دووتای یەک تەرازوودا بەراورد کـردووە سـەرەرِای ئەوەی هەر چینێک لەو سێ چینەی دەستنیشانی کردوون ئەو چاکەکاری و ئەرکە کە ئەو پێی سپاردوون پیادە دەکـەن (٢٧)، چونکە وەک خـۆی وتەنی دادپەروەری لەوەدایە هەر کەس ئەو ئەرک و کارە بکات و رِاپەرِێنێ کە لە سروشتەوە پێی سپێردراوە.

- لایەنی میـتـافیـزیکەکە لەوەدا دیارە کە نموونە و ئایدیا و بیـر بنەمـا و جـەوهەری هەمـوو شـتـێکن. سەقامگیری و ئارامی و نەگۆرِان بەتایبەتی نەگۆرِانی جـەوهەرەکـان بنەمـا و بنج و بنچـینەن هەر لە بوونەوە تاوەکو زانین..تاد. بیـرو ئایدیا نموونەن دەبێ لە هەمـوو شتێکدا پەیرِەو بکرێن و پشـتـیـان بێ ببەسـترێت. ئەم بۆچوونە چەسپاندنی هەڵوێستێکی میتافیزیکییە کە خـەسـڵـەتی نەگـۆرِان و یەکـرِەنگی و ئارامی دەداتە پاڵ نموونەی بەرز و ئایدیا. بۆیە لە پەرەگــرافی (٦٠٨)ی کـۆمـاردا وتوویەتی بەدکـاری جـۆرە گـۆرِانێکە شت دەشێوێنێ و تێکی دەدات کەچی چاکەکاری ئەوەی شت دەپارێزێ و وەک خۆی دەیهێڵێتەوە.

- رِاسـتـە ئەفـلاتوون کـۆشـشی کـردووە دەوڵەتێکی نموونەیی دابمەزرێنێ، بەڵام ئەوی لەم شـــاکـــارەی - کـۆمـار-دا دەردەکـەوێ ئەوەی هەوڵی داوە سیـاسـەت لە سوود و قـازانج دووربخاتەوە و لەسەر بنەمای قـانوون و بنچینەکانی ئاکار دایبمەزرێنێ. ئیتر ئەو لەو باوەرِدابووە کە چاکسازی لەوەوە دەست پێدەکات خەڵک فێر بکرێن

-پەروەردە بکرێن- پێبگەیەنرێن چۆن ڕەفتار و کردار دەکەن، چونکە ئەو وای بۆچووە کە بنەماکانی سیاسەت و کردار کە ڕێنمایی دەوڵەت و کۆمەڵ دەکەن هەر هەمان بنەما لە کرداری چاکەکاری و ئاکاردا ڕێنمایی تاکە کەسانیش دەکات، بۆیە دەکرێ بوترێ کە نەخشەکەی ئەفلاتوون دوو لایەنە بووە، چاککردن و بنیاتنانی دەوڵەتێکی نموونەیی ئایدیالیستی و پەروەردەکردن و پەرەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ بەپێی چەند بنەمایەک کە کۆمەڵ خۆیشی دەگرێتەوە و تێیدا هەموو جۆرە کاروبار و سوود و قازانجێک پابەندی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئاکارەکی و ژیرەکی مرۆڤ دەبن.

ئەم دەوڵەت و پرۆگرامە کە دادپەروەری پیادە دەکەن لە هەمانکاتدا ئەو مەڵبەند و ژینگەیەن کە بەختەوەری هاوولاتیان دابین دەکەن. باوەڕی پتەوی ئەفلاتوون بەهێز و توانای بیرو نموونەی بەرز و ئایدیا ساخ دەکاتەوە. (٢٨) دەریدەخات کە تۆوی چاکەکاری Tugend دەکرێ بەهۆی سیستەم و پرۆگرامی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەلایەتییەوە لە ناخی مرۆڤدا بچێنرێ و مرۆڤ سروشت ئاسان و لە زگماکەوە چاک و چاکەخوازە.


**سەرچاوە:**

**١- محمد، دكتور محمد علي، تأريخ علم الاجتماع، الرواد والاتجاهات المعاصرة، دار المعارف الجامعية-الاسكندرية ١٩٨٣ ص١٩.**

**٢- هەمان سەرچاوە. ل: ١٦**

**٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢١.**

**4- Platon. Der staat.philosophische Bibliothek. Hamburg 1980. Felix Meiner verlag.**

**5- Platon. Der staat. par. 511. Buch.6.**

**6-Platon. Ebenda. par. 514. Buch.7.**

**٧- سارتون، جورج: تطور الفكر السياسي، ت: حسن جلال العروسي. القاهرة، دار المعارف بمصر ١٩٧١، ج١، ص٤٤ فما بعد.**

**8-Platon. Der staat. par. 473.**

**9- Russell, Bertrand, Philosophie des Abend Landes.**

**١٠-عبدالباقي، دكتور زيدان، التفكير الاجتماعي نشأته وتطوره، القاهرة مطبعة السعادة- ١٩٧٤. ط٢. ص٤٣. وفي الطبعة الثالثة مكتبة غريب ١٩٨١ ص٥١.**

**11- Hirschberger, Johannes., Geschichte der Philosophie. Bd.I.Komet.koln...s.134.**

**12-Platon. Der staat. par. 368.**

**١٣- باركر، ارنست: النظرية السياسية عند الاغريق، ت: لويس اسكندر القاهرة- ١٩٦٦. ج١. ص٢٨١-٢٨٢.**

**14-Plato., Der staat. par.436.**

**15- Plato,. Ebenda. Gleichen paragraph.**

**61-Plato., Der staat. par. 461.**

**17-Plato., Ebenda. par.462.**

**18-Plato., Der staat. par. 473.**

**١٩- سارتون، جورج. نفس المصدر السابق. ص٥١.ك١.**

**20-Plato., Der staat. par. 440-441.**

**٢١- قرني، دكتور عزت: الحكمة الأفلاطونية. القاهرة-١٩٧٤.ص٥١.**

**22-Plato., Der staat. par. 469.**

**23-Plato., Ebenda. par 371.**

**24- Russell,.B,Ebenda.s.130.**

**25-Plato., Der staat. par. 460.**

**26- storig, Hans Joachim., Klein Weltgeschichte der Philosophie. stuttgart 1961. s. 192.**

**27- Capelle, prof.Dr. Wihelm: Die griechische.**

**Philosophie. BerLIN.1971. Bd. I.s.263ff.**

**28-Capelle,Ebenda.s.261.**

# خەون و واتاکانی خەون لە ڕوانگەی ئالفرێد ئادلەرەوە

هەمـوو مـرۆڤـێک خـەون دەبینێ، زۆر کـەمن ئەوانەی خەون نابینن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەمن ئەوانەی شتێک لە بابەت خەونەکانیان تێدەگەن، ئەو حاڵەتەش پێوەندی بە بارێکی تایبـەتی مـرۆڤ و چۆنیـەتی باری دەروونی کەسەکانەوە هەیە، بێگومان ئەمەش بەدەر نییە لە هەڵەو ڕاستی، لێرەدا چالاکییەکی کارامان بۆ بەدیار دەکەوێت لە چالاکـیـیـەکـانی گـشـتی کـە هزری مـرۆڤی پێ دەناسرێتەوە، خەون یەکێکە لەو دیاردانەی کە گرنگەو مرۆڤیش زۆر لە ژیانیدا پێوەی خەریکە، هەمیشە مرۆڤ سەرسوڕماوە بەرامبەر بە خەون، دەیەوێ بزانێ ئەو خەونە بۆ کـوێی دەبات و چ واتایەک دەدات، زۆربەی خـەڵکان خـــــەون لێکدەدەنەوە و دەیـانـەوێ ڕووداوی دوای خەونەکانیان بزانن، دەیانەوێ ئاسۆی دەرکەوتنی ئەو شتە بزر و ونانە بزانن لە ڕووی گرنگی و نهێنییـەکـەیەوە، ئەوان تەنیـا لە ڕووکـارەکـەی ناوەستن، دەیانەوێ بزانن خەونەکە دەگاتە جێ یان نا، بۆیە وەک بیرێک دەیخزێننە نێـو ژیانی هزری و دەروونیـانەوە، ئەوان نووسـتـوون کـەواتە ئەمـە دیاردەیەکی نامـۆیە و ترسناکـیـشـە، گرنگیدانی مرۆڤ بە خەونەکانیـان بە ڕێگەی جیـاجیـا لەکـۆنەوە تاکـو ئەمـڕۆ ڕاڤـە و دەربڕینی بۆ کـراوە، لە سـەرووی هەمـوو ئەوانەشـەوە کـەسـانێک هەن بەدوای خـەونەکـانیـاندا وێڵن و بەدوای واتاکـەیدا دەگـەڕێن، ناشـزانن بۆچی خـەون دەبینن، لەلای ئەوان لێکدانەوەی سـەیر سـەیری بۆ دەکرێت، هەروەها جیـاوازی لە ڕاڤـە و لێکدانەوەی خەونەکانیاندا هەیە.

بەشێـوەیەکی زانسـتـیش بۆ ڕاڤـەی خـەون دوو تیـۆری زانسـتی دەربارەی لێکدانـەوەی خـەون هەیە، ئەوانیش

---

**لە عەرەبییەوە: شوکر سلێمان**



ئادلەر

قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی فرۆید و قوتابخانەی دەروونزانی تاکییە، لەنێوان ئەو دوو قوتابخانەیەدا تایبەتمەندانی دەروونزانی تاکی چاکتر توانیویانە لە لێکدانەوەی خەوندا شارەزاتر پەی بە نهێنی خەونەکان بەن و، ڕاڤەی ڕێک و پێک و، نزیکیش لەو واتایەی کە بانگەشە بۆ ڕاڤەی خەون دەکات بکەن، بێگومان لەو ڕاڤانەشدا بێ ئاگا نین کە بۆ خەون کراوە.

هەوڵی یەکەم بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەی خەون بە سروشتی خۆی نەیتوانیوە ڕێگەیەکی زانستی بدۆزێتەوە وەکو ئەوەی ئێستا هەیە، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە ئەو هەوڵانە شایەنی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە نین، بە پێچەوانەوە ئەو هەوڵانەش توانیویانە هەندێک ئاماژە بۆ لێکدانەوەی خەون بکەن، لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی ئاراستەی خەونەکان بدۆزێتەوە، خەون بەشێکی جیانەکراوەیە لە چالاکی داهێنانی مرۆڤ، ئەگەر بینیمان کەسانێک وا مەزەندەی خەونەکانیان دەکەن و بەدوای واتاکەیدا دەگەڕێن، لێرەدا دەتوانین زۆر نزیک بینەوە لەو مەبەستەی کە خەونەکە هەیەتی، لە سەرەتای سەلماندنی ڕاستییەکانی خەون خۆمان لەبەردەم هەندێ ڕاستیدا دەبینینەوە کە سەرنجڕاکێشن، ئەو ڕاستییەش ئەوەیە کە خەونەکان هەموو کاتێک هەندێک هەواڵی داهاتوویان بەدیار خستووە، وەک ئەوەی کە داهاتوو لە ویژدانی خەونەکان پێکهاتبێ و بەو شاردرابێتەوە، هەندێک کەس باوەڕیان وایە بە زۆربینینی خەون، بوونی سرووش یان شتێک لەو بابەتە لەلایاندا هەبێت، خەونیش لە گیانی خواوەند بەدەر نییە، یان ئەو گیانە یان ئەو سرووشە لە دنیای نادیارەوە هاتووە و، بووەتە موڵکی ئاوەزی ئەو کەسانە و تەحەکوم بە چارەنووسیان دەکات، کاریان تێدەکات و بەرەو جادوویییان دەبات، زۆربەی ئەو کەسانەی پشت بە خەونەکانیان دەبەستن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لە ڕوانگەی زانستییەوە ئەو بیروڕایانە بۆ ئێمە تازە و جێگەی سەرنجن، لەو کاتەوەی خەریکم بە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ خەون، ئەوەم بۆ ڕوون بووەتەوە کە مرۆڤ لە شەودا و لەکاتی نووستندا چەند ساتێک بە خەون بەسەردەبات، زۆر خراپترە لە دەرخستنی بەختی ئەو کەسەی کە بە خەبەر دێت لە بەیانیەکدا بە هێزەو تێربووە لە خەوەکەیی و تەواو دەسەڵاتی بەدەست خۆیەوەیەتی، هەروەها لە ڕووی بیرو هزرەوە لە بارێکی باشدایە و ئاگەداری خۆیەتی، ئەمەش واتای ئەوە نییە لە دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤ دەربڕین لە نەریتەکانی دەکات کە باوەڕیان بە هێزی خەون لە هەستکردن بە بڤەکانی دوارۆژ هەیە، ئەمەش وایان لێناکات لە هەموو باوەڕیاندا هەمیشە ئەوە جەخت بکەنەوە وەک ئەوەی لەسەر پەتێکی خزین بن، بەڵکو باوەڕیان لێرەوە سەرچاوەی گرتووە کە پابەندە بە کۆمەڵێک ڕاستییەوە، ئەگەر ئێمە تێبینی ئەو باوەڕ و نەریتانە بکەین و تێڕوانینێکی ڕاست و دروستمان هەبێت لەو بارەیەوە، ئەوا بێگومان ئێمە نهێنی ئەو کلیلە دەدۆزینەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ون بووە، بۆیە دەبینین مرۆڤ بە درێژایی مێژووی ژیانی خۆی خەونی وەکو چارەسەرێک بۆ کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی زانیوە، لێرەوە دەردەکەوێت کە مەبەستی تاک لە خەونەکانیدا بە یەکگرتنی ئەو ئاماژانەیە کە لە دوارۆژدا لە ڕووداو و کارەساتەکاندا هاوشانی خەونەکانی دەکات، ئەو بۆیە ئەو ڕێگەیەی گرتووەتەبەر، تاکو ئاراستەی دەرچوونی لە کێشەکان بدۆزێتەوە، بەڵام لەسەر ئێمەیە کە ئەو ڕێگەیە بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، چونکە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک لەکاتی خەوبینیندا بە هەر شێوەیەک بێت، ئەو چارەسەرە دروستە نییە، کە مرۆڤ لەکاتی بە ئاگاییدا دەیکات.

لە ڕوانگەی فرۆیدەوە توانایەکی ڕاست و دروست دەبینین، لەوەی کە خەون لە واتایەک پێکدێت کە تێگەیشتنەکەی تێگەیشتنێکی زانستییە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە کە ڕاڤەی فرۆید بۆ خەون نەگۆڕ و جێگیربێت کە ڕاڤەیەکە خەون زۆر لە بوارە زانستییەکەی دوور دەخاتەوە، ڕاڤەکەش ئەمەیە بۆ نموونە دەلاقەیەک هەیە کە چالاکی ئاوەز لەکاتی ڕۆژ جیادەکاتەوە و لە شەودا چالاکی بە خەون دەبەخشێتەوە، بە پێی

لێکدانەوەی فـرۆید (ئەو) لەنێـوان نەست و ئەودیوی نەستدا قیت دەبێتەوە وەک دوو شتی دژ بەیەک لە دوو مەیدانی جیاوازدا، لەو بوارەدا هەندێ یاسای تایبەت بۆ خەون دادەڕێژرێت کە تەواو لەگەڵ یاسای بیرکردنەوەی ئاوەزی تەندروست پێچەوانەیە، هەر کاتێ دژیەکییەکی وامان تووش بوو هیچ لەسەر ئێمە نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە خۆمان ڕزگار بکەین لەو ئاراستانەی کە هزری زانستی وەلاوە دەنێت، دژیەکی لەو کاتانەدا تەنیا لەو کەسانەدا دەبینینەوە کە بەدەردی نیرسیسەوە دەناڵێنن، لە ژیانی تاکدا ئاراستەی دژیەکی بوونی نییە، تەنیا لەنێو ئەو کەسانەی نێرسیسیان هەیە، دژیەکیش بەو واتایە نییە کە تێی گەیشتووین، بۆ نموونە دژیەکی ئەوە ناگەیەنێ، بەڵکو وەک دەستی چەپە و ڕاستە، لەنێوان ژن و پیاو، لەنێوان سووک و گران و سارد و گەرم، ئەوانە دژیەکی نین، وەک هەندێ کەس بۆی دەچن، بەڵکو گۆڕاون، ئەو پلانە لە هەرەمەکەدا وێنە کێشراون، ڕێکخراون، لەسەر لێک نزیکی کە بەرەو وێناندنێکی نموونەیی دەبات، خەڵکیش بۆیە دەیانناسێنێ تاکو هەست بە دڵنەوایی بکەن.

خاڵێکی دیکەی ئەم کەموکوریەی تێبینی دەکرێت لە وەڵامدانەوەی فرۆیدی کە پرسیارێکی سەرەکییە لە ڕاڤەی خەوندا، ئەویش ئەو پرسیارەیە بۆ نموونە: (مەبەست لە خەون چییە؟) یان پرسیارێکی دیکەی وەک (لە پێناوی چی ئێمە خەون دەبینین؟) ڕەنگە وەڵامی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی بەم شێوەیە بێت، وەک (مەبەستی خەون بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی تاکەکەسە کە نەهاتووەتە دی) بۆیە لە دوو تۆی ئەم تێڕوانینەوە ناتوانین بڵێین کە ئەوە بەسە بۆ لێکدانەوەی هەموو شتێک، بۆیە مرۆڤ دەپرسێ: (چییە ئەو تێربوونەی کە خەون دەیهێنێتە دی، لە کاتێکدا خەون لە دنیای تاریکی دەرووندایە، یان ئەو کاتەی تاک خەونەکەی لە بیردەکات، یان ئەو کاتەی لە توانایدا نییە لە خەونەکەی بگات) هەموو کەسێ خەون دەبینێ، بەڵام کەمن ئەوانەی لە واتای ڕاستی خەونەکانیان دەگەن، لێرەدا ڕایەکی دیکە هەیە دەڵێ: ئەو کەسەی خەون دەبینێ ئەوە چێژ لە خەونەکەی دەبینێ، لەم ڕووەوە دەپرسین: ئەمە چ چێژێکە خەونبین خۆشیی لێ دەبینێ، ئەگەر ژیانی خەوبین شەوبێت و دابڕاو بێت لە ژیانی ڕۆژانەی ڕاستی و ئاگایی، خەوبین لەکاتی نووستن و لەکاتی بە ئاگابوونی هەر هەمان تاکە، کەواتە بۆچی بە شێوەیەکی جیا سەیری کەسایەتی بکەین، لە جیاتی ئەوەی وا دابنێین کەسێتییەکەی یەکەیەکی تەواوە؟

لێرەدا زۆر جۆری مرۆڤ هەیە لە گۆشەنیگای خەونەکانیانەوە هەست بە خۆشی دەکەن، لە دەروونەوە ڕازین، لە ئارەزووەکانیان، بەڵام ئەو جۆرە کەسانە کێن؟ ئەوانە ئەو کەسانەن زۆر بە نازبوونە لەکاتی منداڵیدا، کەسێک ئەگەر لەم جۆرە بێت هەمیشە لە خودی خۆی دەپرسێت، چۆن بۆم دەگونجێت ئارەزووەکانم تێربکەم؟) یان ڕەنگە بپرسێت (ژیان چ شتێکی پێشکەش کردووم؟) کەسی لەم جۆرە تێربوونی دەروونی لە دنیای خەونەکانیەوە دەبینێ، بۆیە دەکرێ بڵێین قوتابخانەی دەروونشیکاری فرۆیدی هەمیشە جەخت لە هەڵوێستی کەسی بەناز دەکاتەوە، کەوا هەست دەکات کە غەریزەکانی ناتوانێ ڕێگر بێت لەبەردەم دەرچوونی، هەرچۆنێک بێت، ئەگەر لە تواناماندا بێت مەبەستی خەون ئاشکرا بکەین، لە هەمان کاتدا لەسەرمانە ئەو مەبەستە چییە لە خەوندا بهێنینەدی، کاتێ لەبیری دەکەین و هیچمان وەبیر نایەتەوە، یان لە کاتی ئەوەی ئێمە خەون دەبینین، بەڵام هیچ شتێکمان لە خەونەکان دەسگیر نابێت و هەستیش بەپانتایی خەونەکان ناکەین، ئەمە ئەو گرێ کوێرەیەیە کە ڕووبەڕووی ئەو قوتابخانەیە بووەوە.

ئەو بۆچوونەی سەرەوە یەکێک لەو کێشە دڕکاویانە بوو لە بەرامبەرم، بە درێژایی چارەگە سەدەیەک هەوڵم بۆ دا، دەمویست واتایەک بۆ خەون بدۆزمەوە، تاکو مرۆڤ دڵنیابێت، بەڵام ئێستا دەتوانم درک بەوە بکەم کە خەون شتێکی دژیەک نییە لەگەڵ ژیانی ئاگایی، ئەگەر ئێمە بە درێژایی ڕۆژ خەریکی کارێکی جدی بین لە پێناوی وەدەستهێنانی سەرکەوتن وەک ئامانجێک کە دەمانەوێت، بە هەمان شێوە لەکاتی خەودا دەبینین بە هەمان کارەوە خەریکین بۆ هێنانەدی هەمان ئامانج، خەون لەم تێڕوانینەوە دەبێتە وەدیهێنانی ئەو شێوازە و ئەو جۆرە ژیانە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین مەبەستی خەون لە پاشماوەی ئەو سۆزانەوە سەرچاوە دەگرێت کە خەون دووبارە وەئاگای دێنێتەوە، خەون چییە، تەنیا کەرستەیەک نەبێت، یان ئامراز، کە هەست و سۆز دەوروژێنێ، لە هەڵکۆڵینی واتاو مەغزاکانیدا ڕەنگە شتی شاراوەی لە دواوە هەبێت، ئامانجی خەون لەو کاتەدا تەنیا ئاگەدارکردنەوەیە بۆ ئەو شتانەی کە هەست و سۆز لە دوای خۆیەوە بەجێی دێڵێت.

ئەو سۆزەی کە مرۆڤ لە مێشکی خۆیدا لێکیدەداتەوە یان ئەوەی کە لە هزریدا کەڵەکە دەبێت، لەشێوازی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت و، لە بنەڕەتدا هاوڕێکە لەگەڵ

ئاراستەی هەستەکانی، ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان بیری خەون و بیری ژیانی بە ئاگای مرۆڤدایە، جیاوازیەکی ڕەها نییە، جیاوازیەکەش جیاوازیەکی فراوان نییە، شتێکی دیاریکراو نییە، کە لێکیان جیا بکاتەوە، بۆ دیاریکردنی جیاوازی لەنێوانیاندا هەندێک زاراوە دادەڕێژین، دەڵێین لەکاتی زۆربینینی خەوندا ئەو پەیوەندییانەی کە لە دنیای واقیعیدا هەیە، دووردەکەونەوە و نامێنن، ئەمەش واتای ئەوە نییە لە باری خەوبینیندا لە دنیای واقیعی خۆماندا دابڕاوین، ئێمە لەکاتی نووستندا دابڕاو نین لە دنیای واقیعی خۆماندا، ئەگەر ئێمە پەشۆکاو بین بەهۆی زۆری کێشەکانمانەوە بە هەمان شێوە لە کاتی نووستندا پەشۆکاو دەبین، ئێمە کە خەوتیشین لە پەیوەندی بەردەوامداین لەگەڵ دنیای دەوروپشتماندا، پەیوەندیمان لەکاتی نووستندا وەستاوە لەسەر دنیای دەوروبەرمان، بەڵام جیاوازی ئەوەیە لەکاتی نووستنماندا درکی هەستکردنمان ئامادە نییە، بەڵکو کەمتر چالاکە، ئێمە لەکاتی خەوبینیندا لە کەشێکی تایبەت بەخۆمانین، لە کاتی ئەوەی ئێمە لە خەونەکانماندا ڕۆچووینە، پێداویستیە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی داواکراو نییە لە ئێمە، ئێمەش داوای ناکەین، لە خەونەکانماندا ئەوە لەسەرمان پێویست نییە کە ئێمە وەڵامان هەبێت بۆ ئەو هەڵوێستانەی کە لە دەوروبەرمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو وەڵامدانەوەیە دەبێت، بە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و بە شەرەفەوە بێت، لەکاتی هەڵسوکەوتمان لە ژیانی بە ئاگاییدا، ژیانی نووستووی خەوبینینمان شتێکە و ژیانی ئاگایی شتێکی دیکەیە بەوەی کە ئێمە بە ئاگاین، لەکاتێکدا ئێمە خەون دەبینین ئێمە ئێمەین و، کەس وەک ئێمە نییە، لەبەر ئەوەی تاک لە باری ئاگایی و لە باری نووستن و خەوبینین ئەو هەر ئەوە، هیچ شتێکی لێ ناگۆڕێت.

کاتێک ئێمە لە نووستندا لە پەشۆکاوی ڕزگارمان دەبێت، ئەگەر ئێمە بەبێ کێشە و دوودڵی نووستبین و ئەو ڕۆژە هەموو کێشەکانی خۆمان چارەسەر کردبێت، لێرەدا ئەوەی بۆ نووستنێکی ئارام و جێگیر کێشمان ناکات، جۆرێکە لە پەشۆکاوی، واتای ئەوەیە کێشمان دەکات بۆ خەونبینین، دەتوانین بڵێین ئێمە تەنیا لەو کاتانەدا خەون دەبینین کە کێشەکانمان چارەسەر نەبووبێت، تەنیا لەکاتی هەستکردن بەوەی کە بوویەر پاڵەپەستۆمان دەخاتە سەر هەتا لەکاتی نووستنیشماندا ئەو بوویەرە ناخۆشییەکانمان زیاتر دەکات، ئەرکی خەونبین یان کاری خەون ئەوەیە کە لەکاتی نووستنماندا ڕووبەڕووی کێشەکانمان دەبینەوە، تاکو چارەسەرێکی بۆ بەدەست بێنین، ئێستا دەتوانین ببینین کە کێشەکان بە چ شێوازێک هێرش دێننە سەر هزرمان لەکاتی خەوتندا، لەکاتی خەوتندا ئێمە ڕووبەڕووی هەموو ئەو هەڵوێستانەی ژیان نابینەوە، تەنیا چەند کێشەیەکی هەڵپەسێردراو نەبێت، هەندێ ئاسانکاری بۆ هزر دەکات تاکو ڕووبەڕووی ببێتەوە، بۆیە خەون پاڵپشتیەک بۆ شێوازی ژیان دروست دەکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی شێوازی ژیان پاڵپشتی و هاندانی دەوێ؟ لەمەوە بۆمان بەدیار دەکەوێت کە مەبەستی خەون پاراستنی شێوازەکانی ژیان و پاڵپشتیەکە دژی پێداویستیە پاڵەپەستۆدارەکان.

خەون لە هەندێ لایەنەوە جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندن، یان جۆرێکە لە جۆرەکانی خەواندنی خود، مەبەستی خەونیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میزاجەی کە لە هەڵوێستەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەسەر ئێمە ئەوەیە توانای ئەوەمان هەبێت هەمان کاریگەری کەسایەتی ببینینەوە، ئەو کەسایەتییەی لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەماندا دەیبینینەوە، بەڵام ئەو کەسایەتیەی لە خەونەکانماندا دەیبینین دروستکراوی هزرە، بەڵام دەوەستێتە سەر جۆری ئەو ئامراز و ئامێرانەی بەکاری دەهێنێت، بەڵام چ دەبینین؟

ئێمە هەر لە سەرەتادا زۆر شتی کەڵەکەبوو لە چەندین وێنەی پڕ لە ڕووداو و دیمەن و یادگاری دەبینین، کاتێ مرۆڤ ڕابردووی پڕ دەبێ لەو هەموو شتانەی ڕۆژانە بەسەریدا ڕادەبوورێ، ئەوە لە شێوەیەک لە شێوەکان هەندێک لەو سەردێڕانە لەخانەی بیرکردنەوەیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش بە زۆر لە خەوندا دێتەوە دەست، لە خەوندا شێوازی ژیان ئەو ڕێڕەوە دەسەپێنێ کە دەیەوێت.

ئەو سەرچاوانەی دیکە چییە کە خەون پێکدێنێ؟ فرۆید جەخت لە خەون بە شێوەیەکی تایبەتی دەکاتەوە کە لەسەر بنەڕەتی وەرگرتن و سومبل و ئەندێشە و شتی دیکەوە دادەمەزرێنێ، جێگەی سەرسوڕمان نییە کە یەکێک لە دەروونزانەکان بڵێ (ئێمە لە خەونەکانماندا شاعیرین) پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی خەون بە شێوازێکی ئاسان و بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ نابینین بەبێ ئەوەی پێویستی بە زمانێکی هێما و سومبلی هەبێت؟ خەون دەتوانێ کۆمەڵێک واتا لەخۆوە بگرێ، واتا ئەو دەتوانێ لە یەک کاتدا دوو شت بڵێ، یەکێک لەو شتانە ڕاست نییە، ڕەنگە خەون لای مرۆڤ هەڵوێستێک یان ڕەفتارێک ڕاست بکاتەوە، وەکو ئەوەی خەون هەمیشە خاوەنەکەی بدوێنێ: وەک منداڵ هەڵسوکەوت مەکە،

ئاگەداری سەرکێشییەکانت بە، ئاگاداربە هەموو شتێک نرخی خۆی هەیە.

وەرگرتن و مەجاز لە ئامرازە جوانەکانی زمانەوانین، ئەگەر بەکارمان هێنان و قووڵبووینەوە لە وردەکاریەکانی، دەبینین هەموو کاتێک خودی خۆمان بە هەڵەدا بردووە، وەک (کاتێ هۆمیرۆس باس لە سەربازەکانی ئەغریق دەکات، کاتێ لەسەر سک دەخشن بۆ گەیشتن بە سەربازەکانی دوژمن، وا ناویان دەبات کە شێرن)، ئەو لێرەدا وێنەیەکی هزری گەورە و مەزنمان نیشان دەدات، بەڵام ئایا لێرەدا ئێمە ئەوە باوەڕ دەکەین کە لە قسەکەیدا باسی کردووە، وەک باسی ئەو سەربازە داماوانە دەکات کە ئەوان لەسەر سک دەخشن و پەشۆکاون، نوقم بوونە لە ئارەقەکردن و جل و بەرگیان چڵکن بووە، کاتێ ئێمە دەگەڕێینەوە سەر واقیعی بیرکردنەوەمان هیچ شێرایەتیەک لەوانەدا نابینین، وەک ئەو باسیان دەکات، ئەوانە خەڵکانێکن لەو کاتەدا زۆر بەزەحمەت هەناسە دەدەن.

لە خەوندا هەندێ شت لاوەکی و هەندێکی دیکەش دەربڕین لە تەواوی کێشەکانی ژیان دەکات، بۆ نموونە: قوتابی خۆی وا دەبینێتەوە لەکاتی ئەزموونەکان لەنێوان دوو کەوانە، نموونەکە لێرەدا ڕوون و ئاشکرایە، هیچ شتێک دادی نادات تەنیا ڕووبەڕووبوونەوە و ڕاستی و ئازایەتی نەبێت، ئەگەر لە شێوازی ژیاندا لەسەر خواری و خێچی و هەڵاتن ڕاهاتبێت، لە خەونەکەیدا بێ گومان خۆی وا دەبینێتەوە کە لە مەیدانی جەنگدایە، ئەو لەو خەونەیدا وێناندنی کێشەیەکی دیار بۆ خۆی دەکات لە وێنەیەکی وەرگیراوی هزری گەورەدا، لێرەدا پاساوێک بۆ خۆی دێنێتەوە، کە ئەو لە تاقیکردنەوەی قوتابخانە دەترسێ، لەوە ڕادەکات و لە جیاتی ئەوەی کەوا ڕووبەڕووی ببێتەوە بە دڵنیایی وەک قوتابیەکی باوەڕ بەخۆبوو، خۆی وا دەبینێتەوە کە لەسەر قۆرتێکی گەورە ڕاوەستابێت و هیچ بڕیارێکی نەبێت، هەڵدێ لە ترسی ئەوەی کە نەکەوێتە ناو ئەو قۆرتەوە، لە ژیانی ئاگاییدا ڕادەکات و ئەو هەستە لای خۆی دروست دەکات، کە نەچێتە تاقیکردنەوەوە، بۆ ڕاکردن لە تاقیکردنەوە خۆی بە هەڵەدا دەبات و پەیوەستێک لەنێوان تاقیکردنەوە و (ئەو) کە قۆرتی بەتاڵە، کە لەنووستنیدا ڕەنگی داوەتەوە دروست دەبێت، لێرەدا نموونەیەکی دی دەهێنمەوە کە هەڵوێستی قوتابییەکی هەندێک ئازاترەو وا سەیری داهاتووی خۆی دەکات کە لە هزری خۆیدا وێنەیەکی دروست کردووە، وەک ئەوەی لەم نزیکانە پێی بگات، ئەو قوتابییە وا خەون دەبینێ کە لەسەر لووتکەی چیایەکی بەرز وەستاوە، لەسەر ئەو لووتکە چیایە، دەوروبەری خۆی بەشێوەیەکی ڕوون و گەشەدار دەبینێ، بەیانی کە لە خەو هەڵدەستێ دڵخۆش و هەموو ژیانی چالاکی و گەشەپێدانە.

ئەو قوتابیە کە دەچێتە تاقیکردنەوەکان زۆر بڕوای بە خودی خۆی هەیە، چونکە سوورە لەسەر تەواوکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەی، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی دوارۆژی کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشاوە، لێرەدا وێنەی خەونەکەی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکەیەتی، بەو ئازایەتیەی کە لە خودی خۆیدا دروستی کردبوو لە خەونەکەیدا، ڕۆژی خۆی وا دیتبوو کە ئەو خۆی دەتوانێ لە ناخۆشیەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام بە کەمی دەبێت، ئەو بە بیروڕایەکی بەرزەوە ڕێ دەکات بەرەو سەرکەوتن، لای ئەو خەون هەموو شتێک نییە، تاکو هزری خۆی پێوە خەریک بکات، لێکدانەوەی خەون بۆ خۆشییە، لە خودی خۆیدا وا دادەنێ کە خەون بە هەڵەدا بردنە، بەڵام لە خەوندا هاندان دەبینێتەوە، خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەو هەڵوێستە و ئامادە دەبێت و، لە هێنانەدی ئاواتەکانی کاری بەردەوام دەکات.

ئێمەی مرۆڤ هەموو توانایەک و ئامرازێک و ئامێرێکی تەواومان لە هزرماندا هەیە، کە ئەرکی ئەوەیە هەموو توانایەک بخاتە گەڕ بۆ دەست بەسەراگرتنی بەردەوامبوونی شێوازی ژیان، جێگیرکردن، هاندان، یەک لەو ئامرازە گرنگانەی لە ژیانماندا تووانای ورووژاندنی سۆزەکانە لە خۆماندا، ورووژاندنی هەستەوەرەکان، ئێمە شەو و ڕۆژ بەوە خەریکین، بەڵام لە هەموو ڕوونتر ڕەنگە لەکاتی شەودا بەدیاربکەوێت، لێرەدا هەندێک لەو ورووژاندنانە باس دەکەین وەک نموونە کە بەرئەنجامی شارەزایی کارکردنمە: من لە کاتی شەڕدا بەرپرسی نەخۆشخانەی سەربازە نێرۆسیسیەکان بووم، کاتێ لەگەڵ سەربازەکاندا بەیەک دەگەیشتین و گفتوگۆمان دەکرد، هەستم دەکرد بۆ هەندێک حاڵەت وا پێویست دەکات هەندێک کاری ئیدارییان بدەمێ و دووریان بخەمەوە لە ئەرکی شەڕ، بەوەش توانیم لە زۆر لە پەشێویەکانی ئەوان کەم بکەمەوە، بەمەش زۆر لە ئازار و نێرسیسیەکەیان کەم بکەمەوە، ئەوە ڕێگەی من بوو، بەڵام من هەمیشە لە ناکۆکی بووم لەگەڵ خودی خۆم کاتێ من زۆر لەو کێشە و مەینەتیانەی سەربازەکانم کەم دەکردەوە، بەڵام من هەموو ڕێنماییەکانم دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ شوێنێکی باڵای سەربازی، جارێکیان سەربازێک هاتە لام کاتێ چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد، هەستم کرد لە تەندروستیەکی باشدایە، بەڵام حاڵەتەکەی وا پێویست دەکات لە بەشی

ئیداره بمێنیێتەوە، ئەمەم چۆن زانی، دەمانتوانی بۆ شەڕ سوودی لێ وەربگرین، بەڵام حاڵەتەکەی لەشەڕدا زۆر بە خێرایی دەگۆڕاو، دەهاتەوە سەر چەشنی جارانی کە نەخۆش بوو، کاتێ باسی ژیانی ڕابردووی خۆی کرد کە ئەو تاقە کوڕی دایک و باوکیەتی و قوتابی زانکۆیە و هەندێک کار دەکات بۆ ئەوەی بەخێویان بکات، لە دەروونەوە بڕیارم دا وا پێشنیار بکەم کە ئەو کەسە بۆ پاسەوانی بگوازرێتەوە لە جیاتی ئەوەی بۆ شەڕ بنێردرێت، ئەوە پێشنیارێک بوو کە تاکو ئێستاکە هەر لە هزرمدایە، پێشنیارێک بوو ئەگەر جێبەجێ کرایە ئەو سەربازە دوای ماوەیەکی کەم هەر دەنێردرایەوە بەرەی جەنگ، بۆیە من لە ناکۆکیەکی توند دابووم لەگەڵ خودی خۆمدا، لەو شەوەدا خەونێکم بینی، خۆم لەو خەوەدا وەک تاوانبارێکی بکوژ دیتەوە، لە دوای کۆڵانێکی تەنگ و تاریک دەگەڕام بەدوای ئەو قوربانیەی کە کوشتبووم، خۆم لۆمەدەکرد لەسەر ئەو کارە خراپەی کە کردبووم، من لەو خەوەدا خۆم وا دەدیت کە کەمێک ڕادەوەستام و گیانم نوقمی ئارەقە دەبوو، خەونێکی زۆر ناخۆش بوو کە هەرگیز لەبیرناکرێ، بە ترسەوە بە خەبەر هاتم، (پرسیارم لەخۆم کرد کێ بوو ئەوەی کوشتم لەو خەونەدا)، لەو کاتەدا شتێک بەبیرم داهاتەوە، ئەگەر بوارێکی کارکردن لە کاری ئیداری بەم سەربازە نەبەخشم لەم نزیکانە دەینێرنەوە بەرەی جەنگ و دەکوژرێ، لەو کاتەدا من دەبوومە بکوژی ئەو سەربازە، بۆیە بڕیارم دا سەرەڕای کاردانەوەی لایەنی سەربازی باڵا، ئەو سەربازە ڕزگار بکەم لەو ئەرکە ناخۆشەی کە زیانی پێدەگەیەنێ، لە کۆتاییشدا سوود بەهیچ لایەک ناگەیەنێت، ئەو نموونەیەم بۆیە هێنایەوە تاکو ئەوە ڕوون بکەمەوە کە چۆن سۆزەکانمان کارمان تێدەکەن و چۆن هەستەکانمان دەجووڵێن و بە ئاگامان دێنن، لێرەدا هزرمان دەبێتە مەیدانی شەڕ.

زۆر کەس لە خەونەکانیاندا خۆیان وا دیتوە دەفڕن، کلیلی کردنەوەی ئەو خەونانە بە هەستە ورووژاوەکانیان بەکۆتا دێت، کە لەخودیاندا جێگیر بووە، ئەو هەستانە دێن و دوایی ون دەبن، خەون بینین وێناندنی چ دەکات، لابردنی کۆسپ و تەگەرەکان و ئامانجی سەرکەوتن لە کارەکانیدا کە مرۆڤ هاندەدات بۆ سووربوون لە پێگەیاندنی ئامانجەکانی، ئەو خەوانەی هاندان لەخۆوە دەگرێت، بەڵام ئەم لایەنگیری تاکیەتی تێدایە کە ئەزموونەکانی ژیان ئەوانەیان بەدیارخستووە، هەندێ کەس لە خەونەکانیاندا وا دەبینن کە تووشی ئیفلیجی بوون یان خۆیان وا دەبینن بەدوای شەمەندەفەر ڕادەکەن، بەڵام پێی ڕاناگەن، یەکێک لە مانە لە قووڵایی دەروونەوە دەڵێت زۆر خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر ئەم کێشەیە بە ئاسانی بەسەر بچێت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ توانایەکی بۆ خەرج بکەم، دەبێ دوابکەوم لە ئامادەبوون لە گفتوگۆو پێداویستیەکان، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بینە و بەردەکانی نەبمەوە، بۆیە چۆن شەمەندەفەری زەمانە ڕۆیشتووە، با هەروا بڕوات.

زۆرجار کەسانێک دەبینین خەون بەتاقیکردنەوە دەبینن، هەندێکیان سەریان سوڕدەمێنێ کە تاقیکردنەوەیەک ئەنجام دەدەن لەکاتێکی درەنگ لە ژیانیاندا، هەندێکیان سەریان سوڕدەمێنێ کە تاقیکردنەوەیەکی بەسەردا سەپێنراوە و سەرکەوتووش بووە، لێرەدا لێکدانەوەی ئەو خەونەش لای هەندێ کەس وەک ئەوە وایە کە یەکێک لەمانە بدوێنێ، (تۆ شیاو و ئامادە نیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیەی کە ئێستا تۆ تیایدای)، سەبارەت بە دەستەیەکی دیکە وەک ئەوەی خەون یەکێک لەوانە بدوێنێ (تۆ ئەو تاقیکردنەوەیەت لە پێشوودا ئەنجام داوە، تۆ دیسان ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام دەدەی لە کاتێکی دیکەدا)، سومبلەکان لەلای ئەو کەسەدا هەمان سومبل نییە وەک لەلای کەسێکی دیکەدا دەردەکەوێت، ئەوەی کە پێویستە تێڕوانینی بۆ بکەین بە شێوەیەکی بنەڕەتی پاشماوەی ئەو میزاجەیە کە لەگەڵ ئەو میتۆدەی کە تاک پەیڕەوی دەکات لە ژیانیدا لە خەوندا ڕەنگ دەداتەوە.

لێرەدا باشە ئەو نموونەیەش بهێنمەوە سەبارەت بە نەخۆشێکی تووشبوو بە نێرسیسن کە تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو بۆ چارەسەرکردن هاتبووە لام، ئەو ئافرەتە دووەمین کەسی نێو خێزانەکەیان بوو، زۆربەی کات منداڵی دووەم بەوە ناسراوە کە ئاوات و ئارەزووی زۆرە، هەمیشە ئاواتی ئەوەیە یەکەمین کەس بێت و نایاب بێت لە هەموو شتێکدا، دەیەوێ چارەسەری کێشەکانی خۆی بکات بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی توندوتیژی ببێتەوە، ئەو ئافرەتە بەدەردی هەرەسی دەماری دەیناڵاند، کاتێ هاتەلام و پاش گفتوگۆ زانیم هۆیەکانی ئەو نەخۆشیەی ئەوەیە کە ئەو کەسێکی خۆش دەویست ژن و منداڵی هەبوو، هەروەها ئەو کەسە کاری سەربەستی دەکرد، بەڵێنی دابوو کە بیخوازێ، بەڵام سەری نەگرتبوو، چونکە نەیتوانیبوو لە خێزانەکەی یەکەمی جیابێتەوە، هەروەها لەبازرگانیدا ئیفلاسی هێنابوو، تا ئەو ڕادەیەی نەیدەتوانی خۆیشی بەڕێوە ببات، پێش ئەوەی بێتە لای من بۆ چارەسەرکردن خەونی دیتبوو، لە خەونیدا دیتبووی ئەو شوقەیەی لەناوی دەژیا بە کرێی دابوو بە کەسێک،

ئەو کەسەش کە هاتە نێو شوقەکەوە پاش دوو ڕۆژ ئیفلاسی کرد، نەیدەتوانی کرێی شوقەکە بدات، لەبەر ئەوە ئافرەتەکە لە شوقەکە دەری کرد، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا ڕاڤەی چی دەکەی؟ لە سەرەتادا لەو خەونەدا وا دەبینین پەیوەندی بە کێشەکانیەوە هەیە وەک ئەوەی باسمان کرد، ئەو لە ژیانیدا پەیوەندی بە پیاوێکەوە هەیە جاران دەوڵەمەند بووە و ئێستا هەژار بووە، بۆیە بە چارەنووسی خۆیدا چووەوە ئایا مێرد بە پیاوێک بکات کە ناتوانێ خۆزگەکانی بهێنێتەدی؟ لە کێبرکێی حەزەکانیدا بوو، بۆیە نەخۆش کەوت، تاکو ڕزگاری بێت لەو ناکۆکییانە، خەونی دیتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەو لە کوێیە، خەونەکەی وای لێکرد هەستەکانی بورووژێت و ڕقی لە شووکردن ببێتەوە، هەروەها خەونەکەی ئاگەداری دەکردەوە و پێی دەگوت، ئاستێک بۆ خۆزگەکانت دابنێ.

دەروونزانی تاکی بەپێی ئەو پێشکەوتنانەی خۆی هەمیشە هەوڵدەدات هەموو کاتێک باشترین چارەسەر بدۆزێتەوە، لەگەڵ زیادبوونی بڕوابوونی تاک بە خودی خۆی و بەرزکردنەوەی ورەی ئەو کەسە و ئاژاکردنی خود، تاکو بتوانێ ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیان ببێتەوە، هەروەها زانستێکە لە ڕاڤەی خەوندا دەتوانێ هەندێ جار ڕێڕەو و شێواز و هاندان و ئاستی خۆڕاگرتنی تاک بەرامبەر بە گرفتەکانی زیاد بکات، بۆیە سروشتی خەون بە نسبەت ئەو کەسانەی کە دووچاری نەخۆشییە دەروونییەکان بووینە خەونەکانیان ڕێگەی سروشتی نەخۆشیەکانیان دەگرن.

ئەمە چیرۆکی کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵانەیە بە تەنیا دەژێت و کاری سکرتێرەیی دەکات، گلەیی لەوە دەکات کە بەڕێوەبەرەکەی لە کارکردندا کەسێکی وشکە، هەمیشە دەیچەوسێنێتەوە، ئەو کچە هەست دەکات کە ناتوانێ هاوڕێیەتی دروست بکات، ئەگەر بە ڕێکەوت برادەرایەتییەکی بۆ دروست بوو، ناتوانێ پارێزگاری لێبکات، لە شارەزایی خۆم دەتوانم بڵێم ئەو کەسەی کە ناتوانێ پارێزگاری لە برادەرایەتی بکات کەسێکە وا ئارەزوو دەکات لەخودی خۆیدا هەمیشە زاڵ بێت بەسەر برادەرەکانیدا، هەژموونی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، پاڵنانی ئەو بۆ ئەو هاوڕێیەتیە لە پاڵنانی خۆشەویستی و پێکهێنانی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکاندا سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو هەژموون و پاڵنەری خۆشەویستی وای لێکردووە ئەو هەستەی هەبێت، بۆیە هەست ناکات و نازانێ هاوڕێیەتی چییە، بۆیە کەسی لەم چەشنە ئامانجی سەپاندنی سەرکەوتنیەتی بە هەر نرخێک بێت، ئەمەش بە ڕاست نازانرێ بۆ هەردوو ڕەگەز، ڕەنگە بەڕێوەبەری کاری ئەو کچەش هەمان دەردی هەبێت، کاتێ ئەو شەپۆلە ناکۆکە لە یەک دەدەن کێشە سەرهەڵدەدات، چونکە هەر یەکێک لەمانە دەیەوێ هەژموونی خۆی باڵا بکات.

ئەو کچە خاوەن دەموچاوێکی سەرنجڕاکێشە، حەوتەمین کەسە لەنێو خوشک و براکانیدا، هەروەها زۆر بەنازیشە، هەمیشە ئاواتی ئەوەی خواستووە کە کوڕ بوایە، بۆیە هەمیشە خزم و کەسەکانی تێبینی ئەوەیان دەکرد و بە (تۆم) ناویان دەبرد، ئەم ناوەش دەربڕینە لە خۆشەویستی (اسم دلع) ئەمەش لە زۆربەی کات بۆ کوڕان بەکاردەهێنرێ، بۆیە ناویان بەوە دەبرد، کاتێ گەورەبوو سینگ و مەمکی کرد دەیویست بە جوانیەکەی سوودێک ببەخشێت، بەڵام هەستە سەرکوتکراوەکەی وای لێ کردبوو وەک پیاو بێت، تاکو توانستەکانی بەر توانستەکانی کەسانی دیکە بکەوێت، زۆرجار ئەمە لەلای ئافرەتدا ڕوودەدات، ئەو ئافرەتە دەیویست پیاو لەژێر ڕکێفی ئەو بێت، ئەویش بە ژنایەتی و جوانییەکەی و تەواوی نەزعە دەرچووەکانی بۆ نێرینە دەیویست ئەمە ئەنجام بدات، بەڵام بوویەر ڕێگەی نەدا ئەو ڕابەرایەتیەک لەو ڕووەوە بنوێنێ، بۆیە ئەو ئافرەتە لە خەونەکانیدا خۆی لە شەڕێکی ناخۆش و ڕاکردوودا دەدیتەوە، ئەم خەونانە چییە، تەنیا دەربڕینە لەو ناکۆکیانەی کە لە دەروونی ئەو کەسەدایە، لەنێوان بوویەری ژنایەتی کە خۆی پێی ڕازی نییە و، ئارەزووی کپکردنی ئەو نەزعەیە بۆ نێرینە، ئەوەبوو کەوا هەوڵی بۆ دەدا و خۆزگەی بۆ دەخواست.

لێرەدا دەتوانین وای دابنێین و بڵێین بەدرێژایی مێژوو ناتوانین شوێنی خەون لە ژیانی مرۆڤدا فەرامۆش بکەین، ئەوە لەلایەنی سەرنجدانەوە هەندێ شت وادادەنێین کە ئێمە پشت گوێمان خستووە لە ژیانماندا، ئەمەش ئاوێنەیەکە ڕەنگدانەوەی ئاراستەکان و ڕەنگە دەسکەوتەکانیشمان بێت، ڕەنگە لە دواییدا نامەیەکی خود بێت لە بووندا، ڕەنگە ئاگەدارکەرەوەیەک بێت بۆ سەرچاوەی ئەو شتە سەرکوتکراوانەی ناخمان، کە ڕێنماییمان دەکات، کەواتە خەون جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەفتاری مرۆڤ.

**سەرچاوە:**

**سايكولجيتك في الحياة - كيف تحياها - ترجمة: د. عبد علي الجسماني - صنعاء - ٢٠٠٥.**

# لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنووسم

کاروان عومەر کاکە سوور
(دانیمارک)

(١ – ٢)

**پارچەیەکی دیکەی منداڵیمە و پێشکەشە بە «زیبا ئیسماعیل بەرزنجی» ئەو «مارڤێل»ەی لە قۆناغی سەرەتاییە و کتێبی «منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد»ی بە وردی خوێندۆتەوە.**

«کۆڵلارەکەم نەیهێشت من چیرۆکەکە ببیستم، ئەگینا هەر لە دوورەوە سەرنجی ڕاکێشام».

تێنەگەیشتم ئەو ژنە چی لەو هەموو ڕێبوارە جیاوازە، کە ڕۆژانە، تۆ بڵێی لە هەر ساتێکدا بەسەر ئەو شەقامەدا تێدەپەڕن، هەتا بەو شێوەیە هۆشم لای کۆڵلارەکەم نەهێڵێت.. سەیر ئەوەیە لای من هەڵدانی کۆڵلارە وەکو دەستبازی وایە لەگەڵ ژندا.. ڕەنگە زۆر منداڵی دیکەی گەڕەکیشمان وێنەی من هەستیان بە چێژێکی ئاوا کردبێت، بەڵام لە ڕوویان نەیەت بە کەسی بڵێن.. دەزووەکە شل شل دەکەیت.. کۆڵلارەکە دەڕوات و دەڕوات.. دەڵێی ژنێکی بالآبەرزە و لەسەر چیمەنێکی چڕ و نەرمدا بەنازەوە ڕادەکشێت.. دیمەنی ئاوام لە خەوندا زۆر بینیوە.. ئا، کۆڵلارەکەت نەرم نەرم ڕادەکشێت و لە هەوادا خۆی دەلەنگێنێت.. هاوکات نزم دەبێتەوە.. وا دێتە بەرچاو پچڕاوە، کەچی لەپڕ، پێش ئەوەی بگاتە سەرزەوی، دەستت تونددەکەی.. بۆ خۆتی دەهێنیتەوە و بۆ ئەوی درێژ دەکەیتەوە..بۆ خۆتی دەهێنیتەوە و بۆ ئەوی درێژ دەکەیتەوە.. ئەمە جووڵەیەکی هەندێک سەیرە.. حاڵەتێکی جیاوازە.. شتێک دەکەیت و مەبەستت شتێکی دیکەیە.. وەک ئەو حاڵەتەی کەسێکی ناحەز لە دوورەوە تووڕەت دەکات و دەنگت

پێی ناگات، بە ئاماژەی دەست پێی دەڵێیت: «هەر خۆم دەزانم چیت لێدەکەم».. ئەگەر جووڵەکان لە یەکتر دەچن، ئەوا مەبەستەکان تەواو جیاوازن.. لەو بێنە و بەرەیەدا کۆللارەکە بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە.. لێرە هەستێکی دیکە سەرهەڵدەدات.. هەستێک، کە پێت دەڵێت تۆ دەستەڵاتت هەیە... دەزووەکەت لە قوتوویەک ئاڵاندووە، چونکە قوتوو وەکو تەختە و بەکرە نییە، دەتوانێت زۆر بە خێرایی دەزووەکە شل بکات یان هەڵی بکاتەوە و چێژەکەشی گەورەترە.. جار جاریش بە پەنجەکانت وەکو تەپڵ لە بنی قوتووەکە دەدیت و گۆرانی دەڵێیت.. تا زیاتر کۆللارەکەت بەرز دەبێتەوە، ئەو دوو هەستە گەورەتر دەبن، بەڵام دەزووەکەی من کورتە.. لە چەکمەجەی مەکینەی دروومانی دایکمم دزیوە.. پچڕپچڕن و لە یەکترم گرێ داوە.. من بە دزیشەوە کۆلارە دروست دەکەم و بە قاچاغ هەڵیدەدەم.. ڕەنگە «منداڵێک بە قاچاغ کۆللارە هەڵدەدات» ناونیشانێکی سەیر بێت بۆ چیرۆکێک، بەڵام چی بکەم ئەوە منم... باوکم بزانێت ئەو پەڕانەم لە دەفتەرەکەم کردۆتەوە، هەڵم دەواسێت.. دەسا من بۆ هەر کۆللارەیەک چەند پەڕێک بەکاردەهێنم و زیاتریش لەدەفتەری نیگارکێشانەکەمیان دەکەمەوە، چونکە لەلایەک گەورەن و لەلایەکی دی لووس و بێگەردن... بە مەقەست بۆ سەری و بۆ کلک و باڵەکانیان باریک باریک دەیانبڕم... منداڵانی دیکە پێیان دەڵێن کلک و باڵ، ئەگینا ڕاستیتان دەوێت من ناویان دەنێم دەست و قاچ، بۆ ئەوەی شێوەی بە تەواوی لە ژن بچێت.. قژیشی بۆ دەکەم.. ئاخر من شێتی قژم.. لام گرینگ نییە قژ درێژ بێت یان کورت، لوول بێت یان خاو، ڕەش بێت یان زەرد و هەر ڕەنگێکی دیکە، بەڵکو گرینگە لە جووڵە دابێت.. بەڵام لە جووڵەیەکی سەیر دایە.. ئەو بایە زۆر جوان دەیلەرێنێتەوە.. خەونێکی دیکەم هەیە، ئەوەیان باوەڕ ناکەم هیچ منداڵێکی دیکە نە لەم گەڕەکەی خۆمان و نە لەو گەڕەکانەی ئەوبەر بیریان لێی کردبێتەوە.. پێم خۆشە کۆللارەکەم لە شێوەی ژنێکی سەماکەر دروست بکەم... وەک ئەو ژنە سەماکەرانەی لە تەلەڤزیۆن دەیانبینم و بە وردی سەرنجیان لێدەدەم.. «تەحیە کاریۆکا» «سامیە جەمال»، «هالە فوئاد» و «سوهێر زەکی» و زۆری دیکە.. یەک بەیەک نیشانەکانی سەر جەستەی نیمچەڕووتیان لە سروودی قوتابخانە چاکتر لەبەر دەکەم.. دەخوازم وەکو جەستەی ئەوان بە پوولەکەی بریسکەدار و توولی سپی شەفاف و موورووی دەنگدار بیانڕازێنمەوە.. دوو چەقەوانەیان بدەمە دەست و زرینگ زرینگ زرینگ لە هەوادا بیاندەن بە یەکدا.. ئەوسا من بە قوتووەکە تەپڵ لێدەدەم، بەڵام بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم، گۆرانییەکیان بۆ دەڵێم، کە لێیان بوەشێتەوە: «یا فەرحیتیک.. تەرەرەن.. یا فەرحیتیک.. تەرەرەن.. تەرەرەن.. یا فەریحتیک یا هەناکی.. یا هەناکی.. تەرەنەن نەنەنەن نەنەن».. وەکو زۆر لە منداڵانی گەڕەک ئەم گۆرانییە میسرییە و زۆری دیکەم لەبەرە، بەبێ ئەوەی بە تەواویش لەمانای وشەکانیان تێبگەم.. پێنج ژنی سەماکەری زۆر ناسک پێکەوە لەگەڵ ئەو گۆرانییەدا سەما دەکەن، کە لە فیلمێکی «نەجیب ڕەیحانی»دا بینیومە.. ئەگەرچی ئەو ئاوازە، یاخود ئەو گۆرانییە وەکو لە وشەکانیدا دیارە، باس لە خۆشی دەکات، بەڵام لای من ئەوەندەی خەم دەبارێنێت، نیوە ئەوەندە ئاسوودەیی نابەخشێت.. دە ئاخر من ئاوام.. چێژ لە گۆرانی خەمناک دەبینم.. تەنیا لەبەر شتێک، کە ڕابردووم بیردێنێتەوە.. ئەوەش سەیرە.. من هەر دەڵێی لەو ڕابردووە نەژیاوم، بەڵکو بەدەم خەوەوە لێی تێپەڕیوم.. دوایی کاتێ بە ئاگا هاتووم، پێیان وتووم، کە من ڕابردوویێکی مەزنم هەبووە.. ئەو سەرپۆشە تەنکەی ژنە سەماکەرەکان بەسەر جەستەی ڕووتیان داداوە و زۆر بەنازەوە دەیلەرێننەوە، لە کۆللارە و لە هەوری پایزان دەچن.. ئێستا من وشەیەک لەو گۆرانییە تێدەگەم، یان تێناگەم، هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە دەمەوێت بیلێمەوە.. گرینگ ئەوەیە کۆللارەکە ڕامتەکێنێت.. دیمەنێکی ئاوا، یاخود بەزمێکی لەم شێوەیە، دەبا بلێین ئاوازێکی وەکو ئەو ئاوازە خەیاڵێکی سەیرم پێ دەبەخشێت.. وا دەزانم لە لمێکی نەرمدا ڕۆدەچم.. لە پێشدا پەنجە و قولاپە پێ و پووزەکانم و دواییش تەواوی جەستەم.. بەرەو قووڵایی ڕۆدەچم، بەڵام لە لووتکەی لەزەت دام.. نازانم بۆ ئەوەی بێمەوە دۆخی جارانم، دەبێت سەرکەوم، یان دابەزم.. ڕۆحم لەگەڵ هەر جووڵەیەکی جەستەی ئەو ژنە سەماکەرەی ئاسمان هەڵدەفڕێت.. ئێستا ناکرێت من لەناو ئەو هەموو لەزەت و خۆشییەدا هەست بە ترسێکی گەورە نەکەم.. لە گیانی خۆم زیاتر لە گیانی ئەو دەترسم.. شتێکم بیر چوو، کە دەبووایە لەپێش هەموو شتەکانی دیکەوە بیلێیم.. سێبەری کۆللارەکەم لەسەر زەوی هەر بەڕاستی لە ژنێک دەچێت.. ئەوەتا ڕووت و قووت ڕاکشاوە.. هەندێک جار وا دەزانی نووستووە و هەندێک جار وا دێتە بەرچاو تازە لە خەو هەستاوە.. بەهەر حاڵ ئاسان نییە بزانی کاتێک خۆی لەسەردەمەوە بۆ سەر پشت یان لەسەر پشتەوە بۆ

سەر دەم وەردەگێڕێت، یاخود وەختێک بە سستی دەست و قاچی لە بارێکەوە دەباتە بارێکی دیکەوە، ئەوە نازە یان خەون دەبینێت.. زۆرجار من سێبەری کۆللارەکەم لە خۆی لا گرینگترە.. هەر کاتێ بزانم ئەو سێبەرە کتومت لە ژن ناچێت، ئەوا دەچم دەسکاریی خۆم دەکەم.. شێوەی دەگۆڕم.. لەوانەیە بە زیادکردنی شتێک یان کەمکردنی، ئەو وێنەیە بگاتە ئاستی تەواوبوون.. ئەو ئاستەی تۆ مەبەستتە پێی بگەیت.. لێرە بەدەست خۆت نییە فێردەبیت، کە مەرج نییە سێبەری شتەکان لە شتەکان خۆیان بچن.. لەوەش گرینگتر ئەوەیە تا گۆڕان لەو وێنەیەی ئاسمان نەکەیت، شێوەی سێبەر لەسەر زەوی ناگۆڕێت.. مادام سێبەر و شت هەمان شت نین، ئەوا دەبێت بزانی چ گۆڕانێک لەوێدا دەکەیت.. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت جووتێ مەمک لەو سێبەرەدا بخولقێنیت، لەوانەیە پێویستت بەوە بێت دوو شت لە کۆللارەکەت زیاد بکەیت، کە هیچیان لە مەمک نەچێت، بەڵام گرینگە لەو فەرهەنگە تێبگەیت.. دەبێت وردە وردە فێر ببیت، کە چ شتێکی سەر زەوی هاوواتای شتێکی ئاسمانە.. مەمکت دەوێ..؟! بڕۆ لە شتێکی دیکە بگەڕێ.. لەژێر پیتەکانی دیکەدا دەیدۆزیتەوە.. من کە کوڕێکی دەستەپاچەم، بەڵام بە شایەتی هەموو هاوڕێکانم لە دروست کردنی کۆللارەدا کەس پێمناگات.. دەتوانم عەیبەکانی خراپترین کۆللارەش چاک بکەم.. لە هەر کۆللارەیەکی سەر زەوی بڕوانم، دەزانم چەند بەرز دەبێتەوە و چەند تەقڵە لێدەدات و بە کام لادا قلٚپ دەبێتەوە و دەکەوێتە خوارێ.. کۆللارە بەپێچەوانەی کۆتر نابێت تەقڵە لێبدات.. بەڵام من دەزانم چۆن چارەسەری بکەم.. زۆریش گرینگە بزانیت ئەو چوار کونەی دەزووەکەیان تێهەڵدەکێشیت، لە کوێی ڕووبەری کاغەزەکە بکرێن و چەند لە یەکترەوە دووربن.. ئەگەر ئەوەت زانی، ئەوا کۆللارەکەت شاقوولی بۆ ئاسمان هەڵدەفڕێت، ئەگینا لار دەبێتەوە.. یاخود بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەفڕێت.. کاتێ کۆتر لەسەر تەلی ستوونی کارەبا یان ئالیەری تەلەڤزیۆن هەڵبنیشێت، ئەوە گەورەترین شەرمەزاری بۆ خاوەنەکەی دەهێنێت و دەبێت سەری هەڵبکێشێت.. کەس نازانێت ئەمە لە چییەوە هاتووە.. دەیان کۆترم بینیوە وەکو کچی دڵدار و ژنی ڕەدووکەوتوو سەریان پەڕیندراوە.. خوێنیان بەنینۆکی زبر و ڕەشهەڵگەڕاوی کوڕانی گەڕەکەوە نووساوە.. کۆللارەش نابێت نە بە دارتەلەوە ببێت و نە بە ئالیەری تەلەڤزیۆنیش.. هەمووی چەند ماڵێک تەلەڤزیۆنیان هەیە. شەوان منداڵان بە پێنج فلس لەو گازینۆیەی «فاتم نانەوا» سەیری تەلەڤزیۆن دەکەن.. لەسەر شۆستەکە دادەنیشن و جووڵە لە خۆیان دەبڕن.. گەڕەکی ئێمە تازەیە.. گۆڕەپانی گەورە گەورەی لێیە و بۆ هەڵدانی کۆللارە زۆر لەبارە.. لە پشت ماڵمانەوە دەشتێک دەست پێدەکات.. بە قەراغی «بەلاشاوە» و «باداوا»دا تێدەپەڕێت و کەس نازانێت لە کوێ کۆتایی پێدێت.. ئاواتم ئەوەیە کۆللارەکەم بگەیەنمە ئەوێ و لە چاوم ون بێت.. تەنیا بەهۆی دەزووەکەوە، کە پڕی بێت لە هێز و بەردەوام ڕام بتەکێنێت، بزانم نەپچڕاوە و لەژێر دەسەڵاتی خۆمدایە.. دەخوازم کاتێ بە هەمان هێز و تواناوە هەڵیدەکەمەوە، دەیان شتی سەیر سەیر، تۆ بڵێ سەدان نهێنی بۆ دۆزیبێتمەوە.. ئاخر تۆ کاتێ کۆللارە هەڵدەدەیت، خەیاڵەکان دەیان هەستی سەیر سەیر لە دڵدا دەخولقێنن، کە پێشتر بەخۆتەوەت نەدیون.. هەندێک جار ماسیگرێکیت و ماسییەکی گەورە بە قولابەکەتەوە بووە.. لەو ڕاکێش ڕاکێشەدا گیانت وەک میزەڵدانێکی گەورە هەڵدەئاوسێت.. پڕی دەبێت لە لەزەت.. بەڵام دەزووی کۆللارەی هاوڕێکانم زۆر درێژن.. من بۆیان هەڵدەدەم، بەو مەبەستەی عەیبەکانیان بدۆزمەوە.. لە هی خۆم زیاتر چێژیان لێ دەبینم.. ئەدی من وەستای کۆللارە نیم..؟! من خۆم بۆیان دروست دەکەم و خۆشم چارەسەر بۆ عەیبەکانیان دەدۆزمەوە.. هەر لەو ڕێگایەشە دەچمە ناو ماڵیان.. لە زۆر نهێنیان تێدەگەم.. تا ئێستا چەند ژن و مێردم لە باوەشی یەکتردا بینیوە.. ئەو وشە ئاودارانەشم بیستووە، کە لەسەر جێگا بە یەکتری دەڵێن.. منیش هەمان ئەو قسانە بە کۆللارەکەم دەڵێم.. کاتێکیش کۆللارە هەڵدەدەم، ئاگام لە دەوروبەرم نامێنێت.. جارێکیان پایسکیلی مامۆستایەکی قەڵە و خۆی پێدا کێشام.. یاخود من خۆم بەودا کێشا.. لەناو هەموو خەیاڵە قووڵ و چڕانەدا من چووزانم ئاراستەکان لە یەکتر جیا بکەمەوە.. چووزانم چی بەر چی و کێ بەر کێ دەکەوێت.. هەموو شتەکان تێکڕا لە جووڵەیەکی بێسەروبەردان و لە چرکەیەکدا هەزار جار بەر یەکتر دەکەون.. ئەوەندە دەزانم کەوتمە سەر زەوی.. ئەژنۆکانم ڕووشان.. پەنجەکانم خوێنیان لێدەچۆڕایەوە.. قوتووەکەشم لە دەست دەرچوو، بەڵام خۆشبەختانە لە تایەی پایسکیلەکە گیربوو.. هەڵم گرتەوە.. مامۆستاش بەو هەموو زلییەی خۆیەوە کەوت.. بە دەم جنێو و نەفرەتەوە هەڵدەستایەوە. جلەکانی دەتەکاند و جنێوی بۆ خزمە دوورەکانیشم دەنارد.. ژنان لە

بەردەرگاکان قاقا بە مامۆستا پێدەکەنین و ئەو زیاتر جنێوی بە من دەدا.. کۆللارەکە لەوەدا بوو بکەوێت، فریای کەوتم، بەڵام پەنجە خوێناوییەکانم دەزووە سپییەکەیان سوور کرد.. چەند جارێکیش زۆری نەمابوو ئۆتۆمۆبیلێک بم پلیشێنێتەوە و بەو قیرە ڕەقەوەم بنووسێنێت.. بەڵام نایشارمەوە ئەو جارەی لە خەونمدا کۆللارەکەم لە دارەبازەی سەر شانی چەند پیاوێک گیر بوو، کە بەسەر ئەو ڕێگایەیاندا دەهێنا و ژن و منداڵ بە گریانەوە دوای کەوتبوون؛ من زۆر ترسام.. یاخود با بڵێین سەرسامییەک وەک دارەبازەکە جەستە و ڕۆحمی لە خۆی گرت.. بۆ ماوەیەک هەموویان وەک من لە جووڵە و لە دەنگ کەوتن.. نە کەس دەگریا و نە کەس دایکەڕۆ و باوکەڕۆی دەکرد، بگرە وەک بتی قوڕەیشی نەدەبزوان.. هاوڕێکانم زیاتر دەیانترساندم، کاتێ پێیان دەوتم: «دەزانی ئەوە مانای چییە..؟!».. «تێنەگەیشتی بۆچی کۆللارەی تۆ بە تەنیا لەو دارەبازەیە گیربوو..؟!».. کاتێکم زانی وا لە جیاتی کۆللارەکە، مردووەکە بە دەزووەکەمەوەیە.. من هەرچەند دەزووەکەم شل دەکرد، ئەو زیاتر بۆ لای من دەهاتەوە.. نەشم دەتوانی قوتووەکە فڕێ بدەم و ڕابکەم.. لە ئاسماندا چەشنی کۆللارە دەست و قاچەکانی دەجووڵاند.. پیاوێکی کەتەی ڕیشن بوو.. دەمە زلەکەی دەکردەوە و لێی دەپرسیم:

– خانووی بەتاڵ پێنازانی...؟!

وایدەردەخست کە زۆر میهرەبانانە لەگەڵمدا دەدوێت، بەڵام لەودیوی ئەو وشانەوە گەورەترین ترسی دەنواند.. خەڵکەکەش دارەبازە بەتاڵەکەیان بەرەو گۆڕستان دەبرد و نەیاندەزانی وا مردووەکە بە دەزووەکەی منەوە بووە.. دەمویست بانگیان بکەم، بەڵام دەنگم دەرنەدەچوو.. سەگەکان لەو دەشتەوە دەهاتن و پێی دەوەڕین.. چاوەڕێ بوون بگاتە سەر زەوی و بە چڕنووک و کەڵبەی تیژیان لە توکوتی بکەن.. کاتێ لەناو قووڵایی ترسدا ڕاچڵەکیم و چاوانم بەناو ژوورە تاریکەکەدا گێڕا.. لە هەموو کاتێکیدی کە زیاتر باوەڕم هێنا، کە کۆللارەکەم گیانلەبەرێکی سەیرە و لە نهێنییەکان تێدەگات.. ئایندەی من دەبینێت.. بە هێما شتەکانم پێ دەڵێت.. هەر بۆیە ئاوا سووک و ئاسان لە دەوروبەرم دادەبڕێت.. بەڵام کاتێ زللەیەک بە ڕوومەتم دەکەوێت و بەرچاوم تاریک دادەهێنێت، ئەوا لەناو ئەو هەموو ئازار و تاریکییەشدا هێشتا ئەوەندەم هۆش دەمێنێت، تا بزانم ئەوە دەستی بەتینی باوکمە.. ئەو خەیاڵە قووڵەی منی بە هەل زانیوە.. ڕوومەتم وەکو سەرتاپای جەستەم لە حاڵەتێکی نیمچە چەسپاودا بووە.. تەنیا لەرەی هێمنی کۆللارەکەم جار جار لەگەڵ خۆیدا بزواندوویەتی.. ئەو کردوویەتی بە نیشانە.. قوتووەکەم لە دەست دەرچووە و نازانم کۆللارەکەم کەوتۆتە کوێوە.. ڕەنگە ئەویش لە ترسی باوکم سەری خۆی هەڵگرتبێت و نەوێرێت ببڕای بێتەوە.. منی بە تەنیا بەجێهێشت.. بەڵام ئەو ژنە چۆن توانی بەبێ ئەوەی زللەیەک بوەشێنێت، ئاوا لەناو ئەو خەیاڵە قووڵەم دەربهێنێت..؟! ئایا ئەویش لە کۆللارەیەک دەچێت..؟! نەخێر، ئەو لە هیچ کەسێک ناچێت.. پێشتر هیچ ژنێکیشم نەدیوە شتێک لە شتەکانی بچێتەوە سەر ئەو. هەموو ئەمانە مانای ئەوە نییە، من دەزانم بۆچی لام بۆتە مەتەڵ... گەیشتە ئاستم و لەنزیکەوە لەو سیمایەیم ڕوانی.. دەیان چیرۆکم لەو چاوانەی دەخوێندەوە.. ئەوەی نەدەچووە ئەقڵمەوە و نەمدەتوانی بیهێنمە بەرچاوم، ئەوەبوو، کە ئەو لەناو ئەو هەموو دەرگایەدا، لە دەرگای ئێمە بدات و دوای چەند دەقەیەک بچێتە ژوورێ.. نازانم چۆن ئەو دەزووەم لەو قوتووە هەڵکردەوە و دوای چەند دەقە خۆم گەیاندەوە ماڵ، بەڵام تا من گەیشتم، ئەو چیرۆکی خۆی بۆ دایکم گێڕابووەوە.. سیمای دایکیشمم خەمبار دەهاتە بەرچاو.. ئاخر ئەو ژنە لەچرایەک دەچوو، کە لە جیاتی تیشک، خەم بەسەر دەوروبەردا ببەخشێتەوە.. ئەمە وەسفێک نییە من کردبێتم، یان با بڵێین هەڵبەستێک نییە لە خەیاڵی خۆم دامهێنابێت، بەڵکو لە تابلۆیەکم وەرگرتووە، کە بە قەدی دیواری ماڵی هاوڕێیەکمەوە هەڵواسراوە.. کچێک بە کراسێکی پەمەیی و تەنوورەیەکی شینی کاڵ، من دەڵێم شینی کاڵ، بەڵام ڕەنگە ڕەنگێکی دیکەی هەبێت، یاخود هەر ڕەنگی نەبێت، دەی با بۆ ئاسانکردنەوەی مەسەلەکە بڵێین لە ئاوی ڕووبارێک دەچێت، کە جووڵەی ماسییەکان هەندێک لێڵیان کردبێت.. گرینگ ئەوەیە بە کراس و تەنوورەیەکەوە لەسەر تەختێکی پەڕپووت لەبەرامبەر دایکی دانیشتووە و سەری لەبەر ناوە.. دایکی بەپەڕۆیەکی شینی تۆخ ناوچەوانی بەستووە.. دەستەکانی بەشێوەیەکی سەرسام بۆ لای کچەکەی درێژ کردووە. کە تۆ خێرا دەزانیت وتوویەتی: «چۆن..؟!».. «بۆ..؟!».. «قسەم بۆ بکە».. «چی ڕووی داوە..؟! پێم بڵێ».. باوکە پیرەکەی، کە دەڵێی پەیکەری ئێسقانە و گوشیان تێوە پێچاوە، وا لە پشتییەوە وەستاوە و گوێچکەی کز و داتەپیوی بۆ بەسەرهاتی کچە خەمناکەکەی شل کردووە... ئاخر ئەویش وەک ئەو ژنەی هاتۆتە ماڵمان

چیرۆکێکی هەیە و دەبێت بیگرێتەوە.. دەکرێت تۆ بزانیت ئەو کاتێ بەو جلانەوە چۆتەدەرێ، ئاسوودە بووە و چاوەڕێی هەواڵێکی خۆشی کردووە، بەڵام بە دڵێکی شکاوەوە گەڕاوەتەوە.. تۆ کاتێک ئاسوودەیت یان خەمباریت، ئەوە هیچ مانایەکی نییە، کە جلێکی چۆنت پۆشیوە و ڕەنگەکانیان تەعبیر لەچی دەکەن، چونکە زەمەنی پۆشین و زەمەنی گەیشتنی خۆشی و ناخۆشی هەمان زەمەن نین.. ڕەنگە باشترین شت ئەوە بێت، تۆ بە ڕووتی هەواڵەکەت پێ بگات، تا بزانی چ جلێک لەو سیما خەمناکەت یان ئاسوودەییەت دەوەشێتەوە، بەڵام کێ ناڵێ ڕووتیش هەر خۆی جلێکی ئەستووری ناشیرین نییە.. نائومێدییەکی قووڵ و بێ سنوور نییە.. مەگەر هەر پۆشین نییە بەوانی دیکە دەڵێت ئێمە ڕووتین..؟! پۆشین نەبا، کێ دەیزانی ڕووتی چییە..!! دیوارەکەی پشتیان ڕەنگێکی زەردی فستقی هەیە.. وەکو پێشتر وتم ئەگەر من ئاوا سووک و ئاسان دەزانم نیگارکێشەکە ویستوویەتی خەمی کچەکە بەسەر دەوروبەردا دابەش بکات، بۆیە ئاوا ئاخەکان زەرد زەرد، سارد سارد بەسەر دیوارەوە دەبینین، ئەوە مانای وانییە منداڵێکی زیرەکم، بەڵکو هەر کەسێک لێی بڕوانێت، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت.. من دڵنیام دوای چەند ساڵی دیکەش لە دەستم دێت ئەو تابلۆیە بەبیر خۆم بهێنمەوە.. تەنانەت ئەو مێزە قاوەییەی قاپێکی چینی لەسەر دانراوە و لە خوارەوەی گۆزەیەکی بچووک پشتی بە قاچەکەی داوە، دەتوانم وەکو خۆی بهێنمەوە بەرچاوم.. بەڵام چ داخێکی گەورەیە، کە تۆ چیرۆکەکەی لەسەر زمانی خۆیەوە نابیستیت..!!

مەراقەکانم لە زێدەبووندان.. ئەو ژنە کێیە..؟! لەکوێوە هاتووە..؟! تۆ بڵێی لەکۆڵلارەکەی من نەکەوتبێتە خوارێ..؟! یان کۆڵلارەی یەکێ لە هاوڕێکانم لەو فەزا نادیارانە وەکو نهێنییەکی سەیر لەگەڵ خۆیدا نەیهێنابێت..؟! نازانم.. نازانم.. ئەوەندەم لا ڕوونە، دەبێت دایکم لەگەڵی بچێتە ماڵی «عادیل سەلیم».. منیش لەگەڵی دەچم.. هەر دەبێت ئەو چیرۆکە ببیستم.. کێ ناڵێ هەمان کچی ناو تابلۆکە نییە..!! بۆمنێکی حەوت هەشت ساڵان سەیرە ماڵێک بەناوی منداڵێکەوە بناسرێتەوە، کە هەر زانیومە باوک خاوەنی هەموو شتەکانە.. لەوەش سەیرتر لەخۆم دەپرسم: دەبێت ئەو منداڵە چی بێت، هەتا ژنێک بەو هەموو بایەخەوە ناوی بهێنێت و بچێت داوای یارمەتی لێ بکات.. ئینجا بۆ زیاتر باوەڕ نەهێنم، کە لە کۆڵلارەکەی من یان لە هی یەکێ لە هاوڕێکانم کەوتۆتە خوارەوە..؟! زۆر لەو چیرۆکانە بەبیر خۆم دەهێنمەوە، کە لە مامۆژنم بیستوون.. تەنیا لە چیرۆکەکانی ئەودا منداڵ شتی گەورەیان لەدەست دێت.. ئەوان ڕێگا بە گەوران نیشان دەدەن.. هەر ئەوانیش دەتوانن ڕێگاکانیان لێ بشێوێنن.. هەتا ئێستا کەسم نەبینیوە وەکو ئەو ژنە سەرنجڕاکێش چیرۆکی گێڕابێتەوە.. هەر ئەو خۆشی پێی وتووم، کە ژنێک هەبووە هەرچەندە چیرۆکی گێڕاوەتەوە، یەکسەر شتەکان لەبەرچاوی گوێگرەکاندا پەیدا بوون.. بۆ نموونە کاتێ وتوویەتی ڕەشەبایەک هەڵی کرد، ئەوا هەر بە ڕاستی ڕەشەبایەی زۆر بەهێز هەڵی کردووە و شتەکانی ئەو ناوەی بەرەو ئاسمان هەڵگرتووە.. بەڵام هەر ئەوەندە وتوویەتی باران باری، ئەوا هەموو گوێگرەکانی لە ژوورەوە ئاویان لێ چۆڕاوەتەوە.. ئاگردانەکە چز چز خامۆش بووە و وردە وردە کوژاوەتەوە.. خۆ ئەگەر لە جیاتی باران، بیوتایە تەرزە باری، ئەوا دەنکی تەرزە تێکڕای قاپ و پیاڵە و ئاوێنەکانی ژوورەوەی دەشکاند و بەوناوەیدا بڵاودەکردنەوە.. جار جار هەورە تریشقە بنمیچ و دیوارەکانی ڕووناک نیشان دەدا. ئینجا ئەگەر ئەوان گوێیان بەوانە نەدەدا، ئەوە لەبەر ئەوە بوو، کە ئەوسا هەموو گیانیان دەبووە گوێچکە و دەیانویست بەپەرۆشەوە سەرتاپای چیرۆکەکە ببیستن.

کێ دەڵێ من نەمدەویست سەرتاپای چیرۆکەکە ببیستم.. بەڵێ، دەمویست.. وردە وردە لە قسەکانی دایکم و ئەو ژنەوە تێدەگەیشتم «عادیل سەلیم» منداڵێک نییە، بەڵکو پیاوێکی گەورەیە.. لە ڕاستیدا ئەو ناوەی سەری لێشێواندم.. نەخێر، گوناهی «عادیل»ی هاوڕێم بوو.. ئەو وای لێ کردم وابزانم «عادیل» تەنیا ناوی منداڵانە.. هەر ئەوەش مەراقێکی گەورەی لە دڵمدا ڕواند.. دەمویست ئەو پیاوە ببینم، کە لە منداڵێک دەچێت.. بە درێژایی ڕێگا بیرم لێی دەکردەوە و دەمهێنایە بەرچاوم.. سەیر بوو هێشتا هەر نەدەچووە ئەقڵمەوە ئەو لەو پیاوانە بچێت، کە من ڕۆژانە لەسەر شەقام و کۆڵانە پێچاوپێچەکانی شاردا دەمبینین.

باشە ئێمە بۆ ماڵی «عادیل سەلیم» دەچین، یان بۆ بازاڕ..؟! دایکم وەک بڵێی ناخی منی خوێندبێتەوە، پێی وتم:

– ماڵیان لە بازاڕە.

من ئێستاش نەمزانی بۆچی لەو ڕستەیە ترسام، کە دایکم زۆر ئاسایی دەریبڕی.. بەڵام ئایائەوە ترس بوو..؟! ئێوارەیەکیان لەگەڵ کچێکی دراوسێمان لە

پۆلێک باڵندەی ئاسمانمان دەڕوانی.. ئەوان بەرز بەرز و بەتیژی تێدەپەڕین.. ئەو بەبێ ئەوەی چاوی لەسەر پۆلە باڵندەکە بگوازێتەوە، کە ئەوسا وەکو چەند پیتێکی کاڵی سەر دیواری قوتابخانە دەردەکەوتن؛ پێی وتم:

– دەزانی ئێمە ماڵمان بۆ قەڵات دەگوێزینەوە..؟!

لە هەموو ژیانمدا ئەو کچەم خۆش نویستبوو.. دەتوانم بڵێم حەزم نەدەکرد هەر چارەی ببینم، بەڵام نەمزانی بۆچی ئەو قسەیەی گریاندمی.. یەکسەر فرمێسک لە چاوم هاتەخوارێ.. وامدەزانی باڵندەیەکە لەو پۆڵە باڵندەیەی بە ئاسمانی سەرسەرماندا تێپەڕین و کەوتۆتە خوارەوە.. پێشتر کاتێ ڕووداوێک، یان گوتەیەکی بەسۆز یاخود دیمەنێکی خەمناک کاریان تێدەکردم، سەرەتا بیرم لێیان دەکردەوە و وردە وردە دڵمیان هەڵدەکۆڵی.. ئاویان لێ دەهێنا و هەتا ئاستی چاوەکانم فوارەی دەکرد.. کەچی ئەوجارەیان تەواو جیاواز بوو. هێنامە بەرچاوم لە پەنجەرەی یەکێ لە خانووەکانی قەڵات دەستەکانی بۆ چەناگەی کردۆتە جۆڵلانێ و لەو بەرزاییە کز و خەمناک و لەناو بازاڕ و لەسەرتاپای شار دەڕوانێت.. لە ترسی باوکم نەبووایە ئەو شەوە وەکو کەروێشکێکی شەرمن دەمهێنایەوە و هەتا بەیانی لە باوەشی خۆمدا دەمنواند.. وەکو ئەو کەروێشکانەی لە حەوشەی ماڵی «عادیل»ی هاوڕێمدا دەمبینین.. فرمێسکی دنیام بەسەر قژ و دەموچاویدا دەباراند.. زۆر کەسی دیکە لە گەڕەکی ئێمە باریان کردبوو.. بۆ زۆریان ئاخم هەڵکێشابوو، بەڵام بۆ کەسیان نەگریابووم.. ئایا ئەگەر لە جیاتی قەڵات، شوێنێکی دیکەی بوتایە، ئاوا کاری تێدەکردم..؟! بەڵام قەڵا لای من نهێنییەکی گەورەیە.. ترسێکی بێکۆتاییە.. هەر بۆیە هیوا دەخوازم ڕۆژێ لە ڕۆژان پەتێکی ئەوەندە درێژم بۆ کۆڵلارەکەم دەست بکەوێت، کە بیگەیەنمە ئەوێ و..

یەکەمین بارانی پایزی ئەمساڵ نم نم بەسەرماندا باری، بەڵام تەڕی نەکردین.. بۆنی خۆڵە وشکەکەی ئەم ڕێگایە چووە قوولایی لووتمانەوە.. ئەمە خۆشترین بۆنە لای من.. ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی هەندێک شتی ڕابردووم بیر دەخەنەوە، کە نازانم چین، بەڵام جوانترین دیمەن هی ئەو مریشک و کەڵەشێر و قەلەموونانەن، کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر خۆیان هەڵدەکورمێنن و لە پەنایەک دەگەڕێن، هەتا گیانیان لە تەڕبوون بپارێزن.. هەندێکیان دەچنە ژێر عەرەبانەی سەوزە و میوە فرۆشتن، کە لە هەر کۆڵانێک لەو کۆڵانە تەسک و پێچاوپێچانەدا یەک دوانێک ڕاگیراون.. بەڵام هەندێکیان خۆیان بە دیوارەکانەوە دەنووسێنن.. نەخێر، من دەڵێم ئەوان لە باران ناترسن، بەڵکو ئەوە تەنیا نازێکە و بەو شێوەیە دەری دەبڕن.. پەڕی ئەوانیش بۆنێکی خۆشی لێدێت.. بۆنی گەرمای سووتێنەری هاوین و شێی فێنکی پایزە، کە ئەو بارانە ورد ورد تێکەڵی یەکدیان دەکات.. ڕەنگی هەوری پایزان، ئەگەر بەچاوی منداڵێکی وەکو منەوە لێی بڕوانیت، ئەوا لە ڕەنگی پەڕی کوکوختی، یان لەو سەرپۆشە تەنک و شەفافانە دەچن، کە ژنە سەماکەرەکان خۆیانی پێوە دەنوێنن.. خۆڵەمێشییەکی هێمنە.. بەڵێ، هێندە تەنکە، زۆرجار وادەزانی هەور نییە، بەڵکو مەرەکەبە.. لە ڕاستیدا مەرەکەب ناوێکی پڕ بەپێستی ئەو نییە، بەڵام کاتێ لە خەیاڵی خۆتدا زۆر لە شتێک دەگەڕێیت، کە تەواو لەو بچێت و نایدۆزیتەوە، ئەوسا ناچار دەڵێیت مەرەکەبە.. هەربۆیە دوور لە خواستی خۆت بە زمانی منداڵێکیشەوە وەسفی ئەو بارانە ناسکە دەکەیت و دەڵێیت: «ئاسمان لەبەرخۆیەوە دەدوێت».. یاخود: «ئاسمان گۆرانی دەڵێت».. ئەگەر زانیت ئەو وشانە سوانەوە، ئەوا پەنا بۆ وەسفێکی دیکە دەبەیت و دەڵێیت: «ئاسمان زەوی ماچ دەکات».. تۆ کاتێ لە هەوری پایزان دەڕوانیت و باران نم نم بەسەر قژ و شانتدا دەبارێت، منداڵێکی و تازە پێت گرتووە، با تەمەنیشت لە سەدەیەک تێپەڕیبێت.. زۆرجار خەونم بەوەوە بینیوە، کە لە پارچە هەوری پایز کۆڵلارەیەک دروست بکەم و بیگەینمە شوێنە هەرە بەرزەکانی ئاسمان.. بەڵام من چەند منداڵێکی سەیرم.. هەتا وەرزەکە تێنەپەڕێت، جوانییەکەی چێژم پێ نابەخشێت.. هاوینان بیری زستان و زستان بیری هاوین دەکەم.. ئەگەر ئەمجارە زستان بێتەوە ئاوا و ئاوا دەکەم.. نەخێر، من حەزم لە هاوینە.. ئەرێ بەڕاستی من کام وەرزەیانم خۆش دەوێت و دەمەوێت لەکامیاندا بژیم..؟! جلێکی ئاگرینم پۆشیوە.. بێ پەروا تایەی گالیسکەیەک غل دەکەمەوە و لەناو تونێلی تاریکی وەرزەکاندا ڕادەکەم.. سرەوتنم نییە.. ئەمە خەیاڵێکە شەوان پێش ئەوەی خەو بمباتەوە، بەخۆیەوەم خەریک دەکات.. ئەو بارانە سیحرییەش ناتوانێت کەمێک لە سیمای خەمناکی ئەو ژنە بگۆڕێت، کە تاوێ لەمەوبەر لەژێر ئەو بارانە پایزییەدا زانیم ناوی «گوڵبەهار»ە.. بەوەدا کە بە خوێنی دەوت، خوون، بۆم دەرکەوت کۆیییە، چونکە ئەو وشەیە لە ماڵی «عادیل»ی دراوسێمانەوە فێربووم.. دایکی لە کاتێکدا دەیویست جلە شۆراوەکان لەسەر تەناف هەڵبخات، لێمان تووڕە بوو و وتی:

– ئێستا بیبڕنەوە.. خوون بێت یان خێن، هەر..؟!
لە پڕ لە مـێـــردەکــەی ڕوانی و قــســەکــەی بڕی. سەرنجەکانی منیش دوای سەرنجەکانی ئەو کەوتن و گەیشتنە سەر قاچە براوەکەی «باوکی عادیل»ەوە، کە ئەوسا خۆی لەسەر دارشەقەکانی بن باڵی ڕاگرتبوو و لە کەرویشکەکان ڕادەما.. یاخود وا دەهاتە بەرچاو، کە لەوان ڕادەمـێنێت، چونکە ئاسـان نەبوو بزانی لەکـام دەڕوانێت و بیـر لەچی دەکـاتەوە.. بەڵام ئەو بەردەوام بیـری دەکـردەوە، بۆیە زۆر کـەم دەدوا.. نەخـێـر، هەر نەدەدوا.. من نەدەچووە ئەقڵـمـەوە لە هەمـوو ژیانیـدا وشەیەکی لەگەڵ ژنەکەشیدا وتبێت، کەچی «لەیلا»ی خوشکە گەورەی «عـادیل» ئێـوارەیەکـیـان بە کـچـێکی دراوسێمانی وت:
– وا مەڵێ.. ئەگەر دەزانی جاران چۆن بوو..!! بۆچی ئەوەی بەسەری هات، کەمە..؟!
دوایی وتی:
– ئاواش سەیری مـەکـە ئێـسـتـا لاواز و بێـهـێـزە.. ئەوەندەی دوو کـــەس بوو.. یەکـــێـکی دیکە بوایە لە جێگای ئەو، دەمرد.. هاوڕێیەکی بەرگەی حەفتەیەکی نەگرت و گیانی دەرچوو.
«دایکی عادیل» بێجامەی مێردەکەی لەپێش جلەکانی دیکەوە لەســەر تەنافــەکــە هەڵخــست.. پۆپلینێکی هێڵدارە.. هێندەی ئاو هەڵمژیوە، گەورەتر لە قەبارەی خۆی دەکەوێتە بەرچاو.. ئەویش قاچێکی براوەتەوە.. نەخـێـر، هەر لە ئەزەلەوە بۆیان نەکـردووە.. جـارێکی دیکەش مـەسـەلەی جەسـتـە و پۆشین هاتەوە گـۆڕێ.. کـامـیـان لاسایی کـامـیـان دەکـاتەوە..؟! بەڵام منێکی منداڵ چی لەوە تێدەگـەم..!! کـامـێـرایەکـەشی، ئەوەی جـاران لەبن دیواری قەڵات وێنەی شـەمـسی پێدەگرت، لەسەر سێ قاچی درێژی دار دەوەستا.. پەڕۆیەکی ڕەشی وەکو چەرمی گامێشی پێوە بووە.. من کامێراکەی ئەوم نەدیوە، بەڵام هەر لە پەنا دیواری قەڵاتدا چەند پیاوێکی دیکە هەن و بەو کامێرایانە وێنە دەگرن، کە ئەگەر شەوان لە کـۆڵانە تەسک و پێـچـاوپێـچـەکـانی «سـەیداوە»دا بیانبینی، وا دەزانی بێچووی زەڕافەن.. ئاسان نییە بە یەک قاچ دانەیەکی ئاوا بەکاربهێنێت.. «عـادیل» پێم دەڵێت:
– ئێـمـە بە خوونی خۆمـان دەڵێین خـوون.. ئێـوەش بە خینی خۆتان بڵێن خێن.. باشە..؟!
من لە ترسی دایکی هیچ ناڵێم، بەڵام وا هەست دەکەم ئەو وشـانەی دەریاندەبڕێت، خـوێنیـان لێـدەچۆڕێتـەوە.. قوڕگم پڕیەتی لە گریان و دەمەوێت پێی بڵێم: «لەمەودوا من بە خـوێنی ئێـوە و بە خـوێنی خـۆمـان بەهەی هەمـوو هەولێـرییـەکـیش دەڵێم خـوون.. تۆ نازانی بەبێ ئەوەی مەبەستت بووبێت بەو ڕستە سادەیە چۆن دڵت پڕ کردم لە خوون».. بیـر لەو جارە دەکـەمەوە، کە پێی وتم قـاچی باوکیان لەناو گۆڕێدا ناشتووە.. کاتێ خۆیشی مرد، هەر لەوێ لەگەڵ قاچەکەیدا دەینێژن.. بۆ شەوەکەی من چەند دەترسام.. نەمدەوێرا بە تەنیا هەتا هەیوانیش بچم.. هەر بەو ترسـەوە لە پەنجـەرەوە دەمـڕوانیـە نـاو حـەوشـەوە.. ئەوسا کۆنکرێتە وەنەوشەییەکەی حەوشەمان وەکو هەموو شەوانی پێشـوو لە گۆمـاوەکەی پشت ماڵە کۆنەکـەمان دەچوو، بەڵام زیاتر لێی دەترسام.. وامدەزانی ئێـستـا لە پەنا شتێکدا قاچێک دێتە دەرێ و بەناو ئەو حەوشەیەدا دەڕوات.. بە پایەکانی قادرمەکەدا سەردەکەوێت و دەگاتە سـەربان.. هێندەی پێناچێت لەسـەر سـتـارەکـەوە خـۆی هەڵدەداتە خـوارێ.. بەناو قـوڕ و لیـتـەی باخـچـەکـەدا هەنگاو دەنێت و قـوڕاویی دەبێت.. پەیتـا پەیتـا ئەو بۆقانە دەپلیشێنێتەوە، کە تەنیا لە خەیاڵی شێواوی مندا شەوان دەرفەت دێنن و لەو گۆماوانەی نزیک ماڵـمانەوە خۆیان دەگەیەننە ناو حەوشە و باخچەکە.. لەناکاو خۆی بە پەنجـەرەی ژوورەکـەمـاندا دەکێشـێت و دەکـەوێتـە سەر زۆپای عەلائەدینەکە.. زۆپا قڵپ دەبێتەوە و نوێنەکانمان گڕ دەگرن.. خەڵک لە هەموو لایەکەوە بە سەتڵ و تەنەکە ئاو دەهێنن.. هەر ئەوەندە بەسـەر ئاگـرەکـەیدا دەڕێژن، دەبێتە خوێن و بۆ ئاسمان فوارە دەکات..
ئێستـا ئەگەر «پووره گوڵبەهار» بگری، ئێمە هەستی پێ ناکـەین، چونکە فـرمـێـسکەکـانی تێکەڵ بەو دڵۆپە بارانانە دەبن، کە بە ڕوومەتەکانیدا دێنە خوارێ.. ڕەنگە هەر ئەو گـریانەش بێت، ئاوا نـاهێـڵـێت من بەچاکی لە قسەکانی تێبگەم.. تا ئێستـا لام ڕوون نییە ئەو باسی چی دەکـات.. یان ڕەنگە نەیەوێت لوغـزی چیـرۆکەکـەی ئاشکرا بکات، تا ئەوکـاتەی بۆ «عــادیل ســەلیم»ی دەگێڕێتەوە.. سەیرە من هەتا ئێستاش نامەوێت بەخاڵ و مـام و مـامـۆسـتـا ناوی ئەو پیاوە بهێنم.. هەر سوورم لەسەر ئەوەی منداڵێکە لە تەمەنی خۆم..
وەکــو هەمـــوو جــارێکی دی، کــاتێ لە مـــاڵە گـامێـشـەوانەکـان نزیک بووینەوە، ترسـام و بە پارێزەوە هەنگاوم نا، چونکە دەمزانی، یاخود بینیبووم گامێشەکان بە شاخی تیژیان پەلاماری خەڵکیان دەدا و بەشێوەیەکی ترسناک دەیانبۆڕاند، بەڵام لەناکاو دەنگی دەف و زنجیر تێکەڵ بە دەنگی دەیان پیـاو و قـیـژەی ژن و منداڵ هاتنە

گـوێچکەمـانەوە.. دارەبازەیەک لەسـەر شـانی چەند دەروێشـێک دەبینم، کـە بە پەڕۆی سـەوز داپۆشـراوە.. دەیان دەروێشی دیکە لە دوایەوە دەڕۆن و بەدەم هاوار و سـەڵەواتەوە چەقـۆ و شـمـشـێـر لە سک و ڕان و قـۆڵە ڕووتەکـانی خـۆیان دەدەن.. قـژی درێژیان لە هەوادا تێکەڵی یەکدی دەبن.. وا دێنە بەرچاو پۆلێک قەلەڕەشن و ترسـێکی لەپڕ لە زەویەوە بەرەو ئاسـمـان هەڵی فڕاندوون.. هێندە قایم دەف دەکوتن، نەک هەرگـیاممان، بگرە زەوییەکەی ژێریشمان دەلەرێننەوە... ئێستا ئێمە وەکو ئەوە وایە بەسەر دەفێکی گەورەدا هەنگاو بنێین.. لەشمان سووک سووک.. ترسێکمان نییە ئەو دەفە گەورە و تەنکەی ژێرمان بتەقێنین.. لە حاڵەتێک داین، نە لە فڕین دەچێت و نە لە نیشتنەوە.. دەروێشـەکـان، بەبێ ئەوەی گۆڕانێک لە خێرایی ڕۆیشتنەکەیاندا بکەن، جار جـار تێکڕا دادەنەوێننەوە.. تۆ وا دەزانی دەفـەکـان بە ئەژنۆی خـۆیان، یان بەو بەردانەدا دەکـێشن.. دەیکەنە هەزاران پارچە و کـۆتایی بەو بەزمە دەهێنن، کەچی زۆر لە پڕ بەدەم قیژەیەکی تووڕەوە بەرز دەبنەوە و دەفەکانیان بۆ سەر سەریان هەڵدەبڕن.. ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت لە سـەمـایەکی بەجۆش داین.. زرەی زنجیـری قـەراغی دەفەکان، کە پەنجـە حاڵ لێهاتووەکان شێتانە دەیاندەن بەیەکدا، وەکو پۆلێ سەرباز ڕێتمی هەنگاوەکانی ئێمە و ڕێبـوارانی دیکەی ئەم دەوروبەرە هاوڕێک دەکـەن.. دەستەکاممان بە هەمان ئاڕاستەی یەکدی دەجوولێنن.. ئۆی گامێشەکانیان لەبیر بردمەوە..!! ئەگەرچی لای من ئەو چەرمە ئەستوور و ڕەشەیان کـاتێ لە بەرتیشـکی هەتاودا دەبریسکێتەوە، جوانترین شتە و پێم خۆشە بە قـووڵی لێـیـان بڕوانم.. دەمم پڕ دەبێت لەئاو.. «سەرتوێژی گامێش چەورە»... ڕستەیەکی ئاوا بەسە، کـە تۆ لەوپەڕی تێـریدا برسی بکات.. لە پۆل داڵغـەت بڕوات و ئاگـات لە مـامۆسـتـا نەمێنێت.. کەچی دایکم بێـزی نایەت وەکـو ژنانی دیکەی گـەڕەک لەو پیـاوە بکڕێت، کـە بە کـەرێکی ڕەش دەیهـێنێت و بە جوانتـرین شێوە بانگ دەکات: «هەی ماست.. هەی قەیماغ.. هەی مـاست.. هەی قـەیماغ».. لە گـوێچکەمـدا وا دەزرینگێتـەوە، کـە دەڵێت: «هەی مـاغێ.. مـاغێ.. مـاغێ».. قەیماغی زۆر سپی و چەرمی ئێجگار ڕەش.. ئەو ڕەنگانە من شێت دەکەن.. نەخێر، ئەو ترسە ڕێگام نادات، ئەگـینا دەمـەوێت دەست بە یەک بە یەکـیـاندا بهێنم، کە تەنیا بەچاو دەزانم چەندێ لووسن.. «لەیلا»ی خـوشکە گـەورەی «عـادیل» تەنوورەیەکی ڕەشی بۆ قـوتابخـانە دەپۆشی.. مـن هەرچەندە لێـیم دەڕوانی، چەرمی ئەو گـامـێشـانەم بیـر دەکـەوتەوە.. جلەکـانی دایکیـشی ڕەش بوون، بەڵام هی ئەو لە چەرمی گـامێش نەدەچوون.. نازانم من چۆن دەمـتـوانی جـیـاوازی لە نێـوانیـاندا بکەم.. ئەدی ناڵێن ڕەش هەر ڕەشـە..؟! لە حەوشەی ئەواندا جووڵە و تێکقژقژانی کەروێشکەکان لە هەمـوو شتێک زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشام.. لێرەو لەوێ هەڵدەبەزین و ئەو سەوزە و میوە بێکەڵکانەیان دەخوارد، کـە «عـادیل» و خـوشکەکـانی لەناو بەرمـیلی بەردەمی دووکانەکانی لای «حەمامی ئیسکان» بۆیان دەهێنان.. ئەوەندە زۆر بـوون، خـۆشـیـان نەیاندەزانی ژمـارەیان چەندە.. ئەگـەرچی لای ئەوان ژمارەیان لە تووکی نەرم و گوێی قوت و چاوی هەناریـیان گرینگتر بوو.. دایکـیان هەر زوو زوو هەندێکیـانی دەخـسـتـە ناو قـەفـەزی تەلبـەندەوە.. وەکو ژنە هەژارێکی ناو چیرۆکان دەیبردنە بازاڕ و دەیفـرۆشتن.. «باوکی عـادیل» لە بـنکی قـەفـەزێکدا هەندێک خـۆڵی ڕۆکردبوو و گـوڵێکی تێدا ڕواندبوو.. ئەمە لای من سەیرترین دیمەنی نیشان دەدا.. نەمـدەتوانی لەو هەسـتـە تێـبگەم، کـە لە دڵمـیـدا دەورووژاند.. نەمـدەزانی ئاسـوودەییـە، یان پەژارە.. سـەرەتا وای بۆ دەچووم لە ترسی کـەروێشکەکـان وای کـردووە، نەبادا بیـخـۆن، بەڵام پاشـان گـەیشـتـمـە ئەو باوەڕەی دەیەوێت بڵـێت لە هەمـوو مـاڵەکـەدا، بگرە لە تەواوی دنیـادا، تەنیـا ئەو گـوڵەی ناو قـەفـەزەکـە هی ئەوانە.. نەخێـر، ڕەنگە کـۆمـەڵێک مەبەستی دیکەی هەبوو‌بێت.. کـەروێشکەکـان هی ئەوان بوون، بەڵام من لەوان زیاتر چێـژم لە بینینیـان وەردەگـرت.. «حـاجی ڕەمەزان ڕەیحانی» خاوەنی خانووەکەشیان بە پێچەوانەی من دڵی پێـیـان تەنگ دەبوو.. هەر زوو زوو دەهاتە سەریان و نارەزایی دەردەبڕی.. کاتێ دەڕۆیشت «عادیل» دارێکی وەک گـۆچانەکـەی ئەوی بەدەسـتـەوە دەگـرت و لاسایی قسەکانی دەکردەوە، کە هێندە بە ڕقەوە دەیوتن، وەک تیشکی ئاگر لەژێر ددانە ڕزیوەکـانی دەردەپەڕین.. «عـادیل» بە دارەکـەی دەسـتی ئامـاژەی بە کـونی کەروێشکەکان دەکرد و دەیوت:

– باشە ئەوە سەریتی.. بەس دەزانن بنی لە کوێیە..؟! قـووڵە قـووڵە..!! لە گـۆڕی باوکـمـایە.. ئەگـەر ڕۆژێ نەڕووخا، بزانن من شیری حەرامم خواردووە.

# بوونی ئێستایی و مۆرفیمی ئێستایی (ـە) بریتین لەکار بە بەڵگەو بە شرۆڤە

د. شێرکۆ بابان
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئەندازە)

١- سەرەتایەک:

لە ڕانەبردوودا و لە ئاستی کەسی سێیەمی تاکدا ڕێژەی کاری (بوونی ئێستایی) بریتییە لە مۆرفیمی ئێستایی (ـە). لە زۆر جێدا ڕێزماننووسان مۆرفیمی (ـە) لەگەڵ (جێناو) ڕیز دەکەن و لە زۆر جێی تردا کاری (بوونی ئێستایی) هەر بەکار ناناسن. ئەوانەش کە بە (کار)ی دەناسن لە دەرگای ڕێزمانی زمانانی ترەوە سەودای دەکەن وەک کارێکی زمانی کوردی.

مامۆستای بەڕێز و گەورە (مەسعوود محەمەد)، هەرچەند جێدەستی دیارە بە زۆر بابەتی ڕێزمانی کوردییەوە، کەچی باوەڕ ناکات کە (بوونی ئێستایی بریتی بێت لە (کار)، هەر لەبەر ئەوە چەند بەڵگەیەک ڕیز دەکات، بەڵام هەر بەڵگەیەک لە ئەوانەی کە ڕیزیان دەکات، زیاتر و نیانتر باری (کارێتی)کاری (بوونی ئێستایی) دەسەلمێنێت. بەداخەوە، خۆزگا مامۆستا بمابا و ئێمەش بمان توانیبا ناوەرۆکی ئەم بابەتە بخەینە بەر دەستی.

٢- چەند بەڵگەیەک بۆ کاری بوونی ئێستایی:

لە ئەم کۆپلەیەدا چەند بەڵگەیەک دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە بوونی ئێستایی بریتییە لە کار وەک:

**بەڵگەی یەکەم:**

کاری بوونی ئێستایی بۆی هەیە، بەرانبەر بە هەر کارێکی دی، شەش کەسە ڕێزمانییەکە پڕ بکاتەوە و سێتەکەیان تەواو بکات. بۆ نموونە کاری (خەوتن) شەش

کەسی ڕێزمانی پڕ دەکاتەوە وەک:

من دەخەوم
تۆ دەخەویت
ئەو دەخەوێت
ئێمە دەخەوین
ئێوە دەخەون
ئەوان دەخەون

بەهەمان شێوە، کاری بوونی ئێستایی ئەو شەش کەسە ڕێزمانییە پڕ بکاتەوە، وەک:

من مامۆستام
تۆ مامۆستایت
ئەو مامۆستایە
ئێمە مامۆستاین
ئێوە مامۆستان
ئەوان مامۆستان

لە ئاستی ئەو نموونانەدا، گشت کوردیزانێک دەتوانێت لێکی بداتەوە کە سێتە شەش کەسییەکە، تەواوە بە بەراورد، چی بۆ کاری (خەوتن) و چی بۆ کاری (بوونی ئێستایی).

بە واتایەکی دی ئەگەر بوونی ئێستایی (کار) نەبا ئەوا نەدەتوانرا ئەو شەش ڕێژەیەی بۆ پڕ بکرێتەوە.

**بەڵگەی دووەم:**

کاری (بوونی ئێستایی) دەشێت جێگەی هەر کارێک پڕ بکاتەوە. هەربۆ نموونە لە بەڵگەی یەکەمدا، کاری بوونی ئێستایی بە واتای (مامۆستایەتی) توانیوەتی جێگای کاری (خەوتن) بگرێتەوە. بە واتایەکی دی، کاتێک کە ڕیزە جێناوی جودا (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بوون بە بکەر لە ڕستەیەکدا دەشێت کاری ڕستەکە هەر کارێک بێت، بە (بوونی ئێستایی)شەوە.

**بەڵگەی سێیەم:**

کاری بوونی ئێستایی دەتوانێت قەوارەی ڕستەیەک پڕ بکاتەوە، وەک:

من ئامادەم: ئێمە ئامادەین

بۆ نموونە، ئەگەر ئەو نموونانە ڕیزکران لەگەڵ کارێکی تردا، وەک (ڕۆیشتن)، ئەوا کاری بوونی ئێستایی ڕستەکەی خۆی جودا دەکاتەوە لەئەو کارە و یەکێک لە ئامرازەکانی ڕستەسازی داوا دەکات، وەک:

من ئامادەم (و) دەڕۆم
ئێمە ئامادەین (و) دەڕۆین

یان:
من ئامادەم (تا) بڕۆم
ئێمە ئامادەین (تا) بڕۆین

یان:
من ئامادەم (کە) بڕۆم
ئێمە ئامادەین (کە) بڕۆین

لە ڕاستیدا ئەگەر هەردوو ڕستەکەی کاری (بوونی ئێستایی) ڕستەی تەواو نەبان، ئەوا ئەو ئامرازانە پێویست نەدەبوون. ئەوەش لە بیرنەکەین کە ئەو ئامرازانە ئەرکیان ئەوەیە، کە ڕستەیەک ببەستن بە ڕستەیەکی ترەوە، واتە ببن بە ناوگری نێوان دوو ڕستەی هاوجێ.

**بەڵگەی چوارم:**

کاری بوونی ئێستایی بۆی هەیە ببێت بە بارگەی (ئامرازی گەیەنەر). بۆ نموونە دەگوترێت:

(ئەو کەسەی کە هات) گەڕایەوە

بەهەمان شێوە دەشێت کاری (بوونی ئێستایی) بخەنە جێی کاری (هاتن) وەک:

(ئەو کەسەی کە مامۆستایە) گەڕایەوە.

بێگومان بارگەی ئامرازی (کە) لە ئامرازی گەیەنەردا بریتییە لە (بڕگەی کار) و ئەگەر (بوونی ئێستایی) کار نەبا، نەیدەتوانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات.

**بەڵگەی پێنجەم:**

کاری (بوونی ئێستایی)، وەک گشت کاری زمانەکە، دەمکاتی ڕابردووی هەیە و دەشێت بەراورد بکرێت لەگەڵ هەر کارێکی دی، وەک:

| ڕانەبردوو | ڕابردوو |
|---|---|
| **من مامۆستام**<br>**تۆ مامۆستایت**<br>**ئەو مامۆستایە**<br>**ئێمە مامۆستاین**<br>**ئێوە مامۆستان**<br>**ئەوان مامۆستان** | **من مامۆستا بووم**<br>**تۆ مامۆستا بوویت**<br>**ئەو مامۆستا بوو**<br>**ئێمە مامۆستا بووین**<br>**ئێوە مامۆستا بوون**<br>**ئەوان مامۆستا بوون** |

هەر بۆ بەڵگە، کەس نییە بتوانێت بڵێت کە سێتە ڕستەکەی (دەستە چەپ) بریتی نین لە (دەمکاتی ڕابردوو) بۆ سێتە ڕستەکەی (دەستەڕاست).

**بەڵگەی شەشەم:**

وەک لە زمانی کوردیدا گشت کارەکان دەتوانن (بکەری جودا) فڕێ بدەن، وەک:

من دەخەوم: ـــــــ دەخەوم

تۆ دەخەویت: ـــــــ دەخەویت

ئەو دەخەوێت: ـــــــ دەخەوێت

ئێمە دەخەوین: ـــــــ دەخەوین

ئێوە دەخەون: ـــــــ دەخەون

ئەوان دەخەون: ـــــــ دەخەون

بەهەمان شێوە، کاری (بوونی ئێستایی)ش بۆی هەیە (بکەری جودا) فڕێ بدات وەک:

من مامۆستام: ـــــــ مامۆستام

تۆ مامۆستایت: ـــــــ مامۆستایت

ئەو مامۆستایە: ـــــــ مامۆستایە

ئێمە مامۆستاین: ـــــــ مامۆستاین

ئێوە مامۆستان: ـــــــ مامۆستان

ئەوان مامۆستان: ـــــــ مامۆستان

هەر بۆ بەڵگە نموونەی کەسی دووەم و سێیەمی کۆ یەکسان دەبن و دەبن بە (دەخەون). بەهەمان شێوە، لەکاری (بوونی ئێستایی)دا هەر دوو نموونەکە یەکسان دەبن و دەبن بە (مامۆستان).

٣- بەکارهێنانی (بوونی ئێستایی):

کاری بوونی ئێستایی بۆی هەیە لە چەند بەکارهێنانێکدا دەربکەوێت، وەک:

یەکەم: کاری بوونی ئێستایی بە ڕووتی وەک:

منم: ئێمەین

تۆیت: ئێوەن

ئەوە: ئەوانن

دووەم: کاری بوونی ئێستایی لەگەڵ (ئاوەڵناو) وەک:

من (زیرەک)م: ئێمە (زیرەک)ین

تۆ (زیرەک)یت: ئێوە (زیرەک)ن

ئەو (زیرەک)ـە: ئەوان (زیرەک)ن

سێیەم: کاری بوونی ئێستایی لەگەڵ (کۆمەڵەی ناو)دا وەک:

ئەم نووسینە بەڵگەیە

ئەم نووسینانە بەڵگەن

چوارەم: نموونەکانی خاڵی پێشوو، بۆیان هەیە بەکاری (بریتی بوون لە...) سەودا بکرێن وەک:

ئەم نووسینە بریتییە لە بەڵگە

ئەم نووسینانە بریتین لە بەڵگە

پێنجەم: کاری (بوون) بۆی هەیە کاری (هەبوون) ڕۆبنێت، وەک:

من هەم: ئێمە هەین

تۆ هەیت: ئێوە هەن

ئەو هەیە: ئەوان هەن

شەشەم: کاری (بوونی ئێستایی) بۆی هەیە لەگەڵ ئامرازی پێوەندی ڕێک بکەوێت:

من لە هەولێرم: ئێمە لە هەولێرین

تۆ لە هەولێریت: ئێوە لە هەولێرن

ئەو لە هەولێرە: ئەوان لە هەولێرن

سەرەڕای ئەو نموونانەی سەرەوە، کاری بوونی ئێستایی دیوی (تێپەڕ)یشی هەیە، بەڵام لە ئێرەدا هەر ئەوەندە بەسە.

٤- تایبەتمەندییەکانی کاری بوونی ئێستایی:

لە کاری بوونی ئێستاییدا هەندێک تایبەتمەندی هەیە کە لەکارەکانی تر جودای دەکاتەوە وەک:

یەکەم: گشت کاری زمانی کوردی پاشگری دووپاتی (ەوە) وەردەگرن، کەچی کاری بوونی ئێستایی و دارشتەکانی وەری ناگرن.

دووەم: ڕووداوی کاری بوونی ئێستایی و دارشتەکانی تەنیا یەک وێنە پیشان دەدەن لە ڕووداوی کارێک و ئەو وێنەیە جووڵەی تێدا نییە.

لە بەرانبەردا کارەکانی تر ڕووداوەکەیان جووڵەدارە لە چەشنی وێنەیەک کە بە (ڤیدیۆ) پیشان بدرێت.

سێیەم: کاری بوونی ئێستایی و دارشتەکانی، لە ڕانەبردوودا ئامرازی (نی) وەردەگرن لە ڕستەی (نەرێ)دا. بێ گومان بەرانبەر بە ئەو ئامرازە گشت کاری زمانەکە ئامرازی (نا) وەردەگرن، لە هەمان هەلومەرجدان.

چوارەم: پێشگری واتاگۆڕ لە چەشنی (هەڵ، دا، ڕا،

ڕۆ... تاد) بۆی هەیە بچێتە سەر زۆربەی کارەکان، بە بژار. کەچی لە ئاستی بوونی ئێستایی و هاوڕێکانیدا، ئەم چالاکییە قەدەغەیە.

پێنجەم: وەک درێژەیەک بۆ کاکڵەی خاڵی دووەم، ڕووداوی کاری بوونی ئێستایی و داڕشتەکانی دیاردەی (کات خایاندن) نانوێنن. لە بەرانبەردا، گشت کارەکانی دی، ڕووداوەکەیان ڤیدۆییەو و (کات خایاندن) دەنوێنن.

هەر بۆ پرۆڤە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا، دەتوانین چەند نموونەیەک بخەینە ڕوو بۆ سەلماندنی هەندێک لە ئەو خاڵانەی سەرەوە. بۆ نموونە ئەگەر گوترا (شیلان جوانە)، یان (شیلان دەخەوێت)، دەتوانین (ڕستەی دووەم) بکەین بە فیلمی ڤیدیۆیی جووڵەدار و کات خایەن. بەرانبەر بە ڕستەی یەکەم (شیلان جوانە)، تەنیا هەر دەتوانین پۆرترێتی دەم و چاوی شیلان بە وێنەیەکی مەندی فۆتۆگرافی پیشان بدەین.

٥- کاری بوونی ئێستایی و بەرکاری ڕستە:

لە ئەو بەڵگانەدا کە لە پێشەوە باس کران، ویستمان بیسەلمێنین کە کاری بوونی ئێستایی بریتییە لە (کار) و لە پاش ئەوەش دەرمان خست کە ئەو کارە بریتییە لەبارێکی تایبەتی لە (ڕێزمانی کار). ئێستاش، لە ئەم کۆپلەیەدا، توخمی (بەرکار) دەدۆزینەوە، لە پەرێزی ئەو کارەدا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کاری (بوونی ئێستایی) بۆی هەیە دیوی تێپەڕیش پڕ بکاتەوە و (بەرکار)ێک بخاتە سەر پلیکانەی ڕستەکەی خۆی.

بێگومان، ئەم دیاردەیەش دەبێت بە بەڵگەیەکی تر بۆی، ئەو ڕاستییەی کە بتوانین بڵێین.

(بوونی ئێستایی) بریتییە لەکار. هەر بۆ پراوە، لە ئەم بارانەی خوارەوەدا ئەوکارە بۆی هەیە کە (بەرکار)ێک لە پەرێزی خۆدا بکات بە کۆلکەیەکی ڕێزمانی:

یەکەم: بۆ نموونە وشەی (سەرما) بۆی هەیە ببێت بە (بەرکار) لەگەڵ کاری (چێژتن)دا وەک:

من (سەرما) دەچێژم

من (سەرما)م چێشتبوو

لەسەر ئەندازە و ڕێزمانی ئەم ڕستەیە کاری بوونی ئێستاییش بۆی هەیە کە وشەی (سەرما) بکات بە (بەرکار)، وەک:

من (سەرما)مە

من (سەرما)م بوو بوو

دووەم: لە ئاستی کاری (هەبوون) کە بریتییە لە داڕشتەیەکی (بوونی ئێستایی)، دەتوانین وشەی (پاسکیل) بکەین بە (بەرکار)، ئەمەش لەسەر ئەندازەو پێوانەی هەمان وشە لە پەرێزی کاری (کڕین)دا وەک:

من (پاسکیل)م هەبوو

تۆ (پاسکیل)ت نەبووە

لەسەر ئەندازەی:

من (پاسکیل)م کڕی

تۆ (پاسکیل)ت نەکڕیوە

سێیەم: لە ئاستی ئامرازی پێوەندیدا، دەتوانین وشەی (پاسکیل) بکەین بە (بەرکار) لە پەرێزی کاری (کڕین) و کاری (بوونی ئێستایی)دا، وەک:

من (پاسکیل) بۆ تۆ دەکڕم

من (پاسکیل) بۆ ئەو ناکڕم

یان

من (پاسکیل)م بۆ تۆیە

من (پاسکیل)م بۆ ئەو نییە

چوارەم: لە ئاستی ئەو خاڵانەی پێشەوەدا، دەتوانین گەمەی ڕێزمانی بەرپا بکەین

بە (جووت ڕستە)ی هاوڕێزمان وەک:

من (سەرما)مە ومن (سەرما) دەچێژم

من (سەرما)م بوو بوو و من (سەرما)م چێشتبوو

یان:

من (پاسکیل)م هەبوو و من (پاسکیل)م کڕی

تۆ (پاسکیل)ت نەبووە و تۆ (پاسکیل)ت نەکڕیوە

یان:

من (پاسکیل)م بۆ تۆیە و من (پاسکیل)م بۆ تۆ کڕیوە

من (پاسکیل)م بۆ ئەو نییە و من (پاسکیل)م بۆ ئەو نەکڕیوە

لە ئەم گەمە سفت و سخەدا، گشت کۆلکەکان بە خنجی و بەقنجی لە خشتبڕە هوردەکەی ڕێزمانی کوردی دراون و وشەی (سەرما) و وشەی (پاسکیل) لە خانەی (بەرکار)دا دەرکەوتوون.

ئێستاش ئەگەر هەر (موور)ێک لە ئەو نموونانەی سەرەوە بکەین بە (تەرازوو) دەبینین کە کاری (بوونی ئێستایی) لە تایەکی تەرازووەکەدایە و کە کارە ئاساییەکان (چێشتن، کڕین) لە تایەکەی تری دایە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەرازووەکە (هاوسەنگی ڕێزمانی) پاراستووە. بێ گومان (تەرازووی ڕێزمانی) لە ئەو

(گەمە ڕێزمانی)یەدا، بریتییە لە توخمی ڕێزمانی (واوی بەستن). کەواتە، لە تەرازووی (واوی بەستن)دا، ئەگەر هەردوو (تا)یەکەی یەک کێشیان نەبا، ئەوا واوی بەستن بە (لاسەنگی) خۆی دەنواند.

٦- پوختەکاری:

* چەند بەڵگەیەک هەن، دەیسەلمێنن کە کاری (بوونی ئێستایی) بریتییە لە (کار):

١- کاری (بوونی ئێستایی) بۆی هەیە بەرانبەر بەهەر کارێکی (تێنەپەڕ) بوەستێت و هەر شەش کەسە ڕێزمانییەکە پڕ بکاتەوە.

٢- کاری (بوونی ئێستایی) بۆی هەیە کە لە (کلۆری) هەر ڕستەیەکدا دابنیشێت و جێگای ئەو کارە پڕ بکاتەوە، کە ئەو کلۆرییەی بەجێ هێشتووە لە پلیکانەی ڕستەکەدا.

٣- کاری (بوونی ئێستایی) دەتوانێت قەوارەی ڕستەیەک دابمەزرێنێت.

٤- کاری (بوونی ئێستایی) دەتوانێت ڕستەی پاشکۆیی دابمەزرێنێت بۆ ئامرازی گەیاندن (کە) ئەمەش بە تەریبی لەگەڵ هەر کارێکی ئاساییدا.

٥- کاری (بوونی ئێستایی) دەمکاتی ڕابردووی هەیە وەک گشت کاری زمانەکە.

٦- کاری (بوونی ئێستایی) دیوی تێپەڕی هەیە و لە پەرێزی کاری تێپەڕدا بۆی هەیە کە (بەرکار)ێک داگیر بکات، وەک گشت کارە تێپەڕەکانی زمانەکە.

* وەک زمانی کوردی دیاردەیەک پەسەند دەکات لە چەشنی (لابردنی بکەری جودا) کە بە (pro- drop) ناسراوە. کاری (بوونی ئێستایی) ئەو دیاردەیە پەسەند دەکات وەک گشت کاری زمانەکە.

* لە نموونەیەکدا وەک:

(نان)م هەیە و (نان)م هێناوە ئەگەر هەردوو (تا)یەکەی تەرازووی (واوی بەستن) هاوسەنگ نەبان، ئەوا تەرازووی (واوی بەستن) بە سەنگەلایی دەردەکەوت، لە چاوی بیری هەر کوردیزانێکدا.

* لەبەر ڕووناکی خاڵی پێشوو ئەگەر کۆلکەکانی ڕستەی یەکەم (نانم هەیە) کە بریتین لە (بکەر، بەرکار، کار) یەکسان و (هاوڕیز) نەبان لەگەڵ کۆلکەکانی ڕستەی دووەم (نانم هێناوە)، ئەوا ئامرازی بەستن (و) خۆی نەدەکرد بە تەرازووی دوو ڕستەی (نابەرانبەر).

* کاری (بوونی ئێستایی)، بە بەڵگەو بەشلۆقە توخمی کاری تێدا هەیە و لەپاش ئەم سەلماندنە و لە پاش سەلماندنی ناسنامە ڕێزمانییەکەی، هەموومان بۆمان هەیە بڵێین کارێکی نائاساییە. لە ئەم خاڵانەی خوارەوەدا، هەندێک لە ئەو نارێکیانە دەردەخەین:

١- کاری بوونی ئێستایی (گرتە)یەکی وەستاو لە ڕووداوی کارەکە دەداتە چاوی بیر. لە بەرانبەردا، گشت کارەکانی تر، فیلمێکی ڤیدیۆیی جووڵەدار و (کاتخایەن) بە چاوی بیر پیشان دەدەن.

٢- کاری (بوونی ئێستایی) پاشگری دووپاتی (ەوە) وەرناگرێت بە ئاسانی، کەچی گشت کاری زمانەکە وەری دەگرن.

٣- کاری (بوونی ئێستایی) لە ڕانەبردوودا، ئامرازێکی نەرێ بۆ خۆی دەخاتە بەر (مەزاختن). ئەم ئامرازە بریتییە لە (نی)، کە لە ئاستی هیچ کارێکی زمانەکەدا بەکارهێنانی نییە.

٤- کاری (بوونی ئێستایی) بێ بەرییە لەگشت پێشکارە واتاگۆڕەکان لە چەشنی (هەڵ، دا، ڕا) کەچی لە کارەکانی تردا، ئەو واتاگۆڕانە بڕشتیان زۆرە.

* کاری (بوونی ئێستایی) لەسادەترین ڕوخساردا، لە ڕانەبردوودا و لەکەسی سێیەمی تاکدا، بە ڕوخساری بزوێنی (ـە) دەردەکەوێت، کە بە مۆرفیمی ئێستایی ناسراوە وەک (جوانە، زیرەکە). سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم نووسینە، دەتوانین بڵێین مۆرفیمی ئێستایی (ـە) بریتییە لە (کار) ئەگەر سەلمێنرا کە کاری (بوونی ئێستایی) بریتییە لە کار.

**سەرچاوە:**

**- د. شێرکۆ بابان، زۆربەی کارەکانی خۆمان لەمەڕ (بوون و هەبوون) و (مۆرفیمی ئێستایی).**

**- مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.**

**- د. ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (کردار)، سلێمانی ٢٠٠٠.**

# بزاڤی ڕۆژنامەوانیی کورد

ئارا ڕۆژهەڵاتی
(بۆکان)

ڕۆژنامـەگـەری و قـەڵەمی ئازاد دوو واتای لێک جـیـا نەکراوەن کە لە ئاستی گەردووندا باسیان لێوە دەکرێ و بەدیاردەیەکی شارستانییان دادەنێن. بزاڤێکی نەتەوەیی و ڕیفـۆرمـێکی گـشـتی پێک نایە تا ڕۆژنامـەوان و ڕۆژنامـەکـان دەگـەڵی نەکـەون و لایەنگری لێ نەکـەن. هەمـوو نەتەوەی گـەردوون و هەر بیـر و بیـرۆکـەو ڕوانگەیەک لەم دنیـایەدا، هەر دەسـەڵات و لایەن و حکومـەتێ کە لە جیـهانی پڕ لە ئاڵۆزی ئەمڕۆدا دەژی، خاوەنی چەندان ڕۆژنامـەو ڕۆژنامـەوانە، هەر بەو هۆیەوە ڕاگـەیاندنی گـشـتی و ناسـینی خۆی بۆ ناوەوەو دەرەوە دابین دەکا و بیر و بیرۆکەی خۆی شی دەکاتەوەو دەیخاتە بەر باسی ڕووناکبیران و لێهاتووانی ئەو گەردوونەوە، بە درێژایی مێژوو خەبات لە ڕێی ئازادی و مرۆڤایەتی: ئەمە دیرۆکی کوردە.

دیارە مێژووی پڕ لە سەخڵەتی نەتەوەی کورد بە دەیان جار خـەباتی جـۆراو جـۆری لە ڕێی مـرۆڤـایەتی بەخـۆوە دیوەو خـۆی وەکـو نەتەوەیەکی خـولیـای ئازادی و مرۆڤایەتی ناساندووە. وەک لە ناو نەتەوەکانی جیهاندا ڕۆژنامەوانی بۆتە ڕێبازێک بۆ دیالۆگ و کەرەستەیەک بۆ ڕاگەیاندن و ئامێرێک بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ دیکتاتۆر و نامـرۆڤـایەتی و پێـونووسی بێ لایەن و ڕۆژنامـەی سـەربەست بۆتە هێـمـایەک بۆ دیاردەی دیموکـراسی، کـوردیش هەر ڕۆژنامـەی بەو ناوەوە ناسیـوەو کـەڵکی لێ وەرگرتووە.

ڕۆژنامەوانی لە کوردستان پێی ناوەتە تەمەنی سەت و هەشت ساڵە و هەر لە سەرەتای دامەزرانی هەوەڵ ڕۆژنامەدا بیری خزمەت بە داب و نەریت و وێژە و زمان و خەبات و مرۆڤایەتی، کوردی وا هان داوە و ورەی بەر ڕووناکبیران هێناوە تا هەنگاو بۆ دەرکردنی هەڵهێننەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ڕێبازی ڕۆژنامەوانی کوردی ڕێبازێکی پیرۆز و بەرزەو دوور لە مرۆڤایەتی و ڕۆژنامەوانی گەردوون نییە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ڕۆژنامەگەری نەتەوەکانی تر هەیە. بە خوێندنەوەیەکی ئاسایی مێژووی ڕۆژنامەوانی و بینینی ڕۆژنامە جیاوازەکانی سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی ئەم جیاوازیانەمان بۆ دەردەکەوێت.

یەکەم ڕۆژنامە کە بە ناوی کوردستانەوە دەرکراوە لە لایەن بنەماڵەی ڕووناکبیر و دەست ڕۆیشتووی بەدرخانییەکانەوە بووە، کە ئەم ڕۆژنامەیە چەندین گرینگی بەخۆوە گرتووە.

دیارە لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ڕووناکبیری کە هەڵ دەهێندرێتەوە بیرۆکەیەکی تایبەتیشی لەگەڵە. ئەم ڕۆژنامەیەش لەو کردەوەیە بێبەش نییە. ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە، بەبیری خزمەت بە نەتەوەی کورد لە دایک بووە، بۆیەش سەرهەڵدانی ئەم ڕۆژنامەیە جیاواز لە یەکەم بوونی بایەخێکی تایبەتیشی پێ دەدرێت. ڕۆژنامەی کوردستان بە بیری خزمەت بە نیشتمان پەروەری کورد و بۆ خەبات لە ڕێی ڕزگاری ئەم نەتەوەیەدا سەری هەڵداوەو ڕێبازێکی دووری گرتۆتە بەر، ئەم ڕۆژنامەیە ئەو لایەنەی لە خەباتی کورد هەڵبژاردووە کە دەڵێ کورد وەک مرۆڤێکی ئاسایی مافی سەربەست بوون و ئازاد بوونی هەیە لە ڕاستیدا ئەو ڕێبازەی کە کوردستان دەستی پێکرد هاوار بۆ نەتەوەی ژێر چەپۆکە و دابین کردنی مافی نەتەوەیی و مرۆڤی کۆمەڵگای کورد بوو، بۆیەش پاش دەرنەچوونی کوردستان نەتەنیا ئەم ڕێبازە کوێر نەبۆوە، بگرە بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشتر و پیرۆزتر بووە ڕۆژنامەی کوردستان لە دەسپێکی خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوە دیالۆگی دیموکراسی بە دیاری بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ لە کێشەو ئاژاوە هێنا. ئەو لایەنەی کە کوردستان وەک خەباتی نەتەوەیی دەستی پێ کرد لە ڕاستی دابین کردنی مافی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ ئازادی نەتەوەیی بوو کە بەشێک لە دیاردەی دیموکراسی ئەمڕۆییە.

کوردستان هەر لە پێناوی هاتنە دی ئامانجی یەکەم ڕێی ڕوون کردنەوەو پێ ناساندنی مافی نەتەوەیی و بزواندنی هەستی ڕزگاریخوازی بۆ کورد گرتەبەر مرۆڤی کوردی بەرەو ئەو ئاستە هان دا کە خۆ بە نەتەوەیەک دانێ هەتا چیتر وەک کەمینەی ناو دەسەڵاتی داگیرکەر سەیر نەکرێ.

ڕۆژنامەی کوردستان وەک لە سەرەوە لێی دواین، لەلایەن دەسەڵاتێکی ناکوردی لە کوردستان دەرنەچووە و بنەماڵەیەکی ڕووناکبیری کورد هەوڵیان بۆ داوە کە ئەویش خۆی پیشان دەری ئەم ڕاستییەیە کە گەلی کورد بەگشتی و ڕووناکبیرانی بەتایبەتی هەستیان بە پێویستی ئەم لە دایک بوونە پیرۆزە کردووە. هۆیەکەشی گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی لە ناو کۆمەڵگاو ڕووناکبیرانی کوردستاندا بووە.

کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە بۆ مەبەستێکی کوردی دەرکراوە، بەڵام لەناو خاکی کوردستان دەرنەچووە، ئەویش دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە گەلی کورد لە سەردەمێکی ئەنگوستەچاودا کە باو باوی دەمارگرژی نەتەوەیی و دەسەڵاتدارێتی دیکتاتۆر بووەو هیچ مافێکی مرۆڤی و نەتەوەیی بۆ گەلی کورد دانەندراوە و هەتا سەر ئێسک چەوسێندراوەتەوە ئەم بیرە تروسکەدارە لە دایک بووە کە پیشاندەری ئەم بوونەیە لەگەڵ ئەوەی کە کورد لەناو خاکی خۆیدا تەنانەت بوونی نەتەوەیی ناسێندرێ، بەڵام ئەو بە دیالۆگی دیموکراسی و مرۆڤایەتی دەدوێ کە تا ئێستاش سەردەمیترین ڕاوێژە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕاستیدا سەرەتای دەسپێکی نووسینی هەموو لایەنە بوو بە زمانی کوردی و بزاڤێک بوو بۆ وێژەی کورد و هەر لەسەرەتای دەرچوونی هەوڵی دەدا ڕێنووسێکی تایبەت بۆ زمانی کوردی دامەزرێنێ.

بڵاڤۆکی کوردستان لەگەڵ ئەوەی نەیتوانیوە بە بەردەوامی دەرچێ و تەنانەت لاپەڕەیەکی هەواڵی ڕۆژ و ڕووداوەکانی کاتی لەخۆ بگرێ و بە پاراوی ئەرکی ڕاگەیاندن وە ئەستۆ گرێ، بەڵام لەسەرەتاوە بزاڤێکی دەست پێ کرد کە ئێستا بەشێک لە خەباتی نەتەوەیی کوردە هەر ئەوەش بۆتە هۆی بەرزو و پیرۆز ڕاگرتنی ئەم سەرهەڵدانە.

پاش ئەم بلاڤۆکە و لێدوانی پێشوو ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باس لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردستان بکەین ئەم سەرکۆزەرەیەمان بۆ دەمێنێتەوە (دیارە دووانمان سەبارەت بە گۆڤار و ڕۆژنامە سەرەتاییەکانە).

(١) لەبەر ئەوەی کە بلاڤۆکەکانی کوردستان بەردەوام دەرنەچوون و هەمـــوو ڕۆژێ نەگـــەیشـــتـــوونە دەست جـەمـاوەری کـورد، تەنانەت هێندێکیـان لە هەندەران و دەرەوەی کوردستاندا ژیاون، ڕوونە ماوەیەکی خایاندووە هەتا لە کوردستـان بلاوبۆتەوە. دیارە ڕۆژنامـەی کـوردی نەیتوانیوە لاپەڕەیەک وەک نووچە و ڕووداوەکانی ڕۆژ بۆ خـۆی تەرخـان کـا ئەگـەر هەشی بووبێ زۆر بە لاوازی ماوەتەوە.

(٢) ڕۆژنامـەوانی لە کـوردسـتـان لەسـەر دەسـتی ڕووناکبیـران و کـۆمـەڵە نەتەوەییە جیـاوازەکـان سـەری هـەڵـداوە، هەر ئەوەش بـۆتـە هـۆی ئـەوەی ئەم دیـاردەیـە بەردەوام لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی و خەباتی گەل دابێت و لە ڕاستـیدا ئامانجە پیرۆزەکەی دژایەتی لەگەڵ نامـرۆڤـایەتی و چەوسـانەوە بووەو هەتا ئێـسـتـا وەک ئامێرێک بۆ ناساندنی هەستی نەتەوایەتی ڕزگـاریخواز دەرچووە.

(٣) بەهۆی ئەوەی کـــە ئـامــێـــری ڕاگـــەیاندن لەو سـەردەمــەدا واتە پێش شــەڕی یەکــەم هەتا شــەڕی دووەهەمی گەردوونی بۆ کورد دەستی نەداوە لە پەنا کەم خـوێندەوار بوونی ئەم نەتەوەیەشـدا دیسـان ڕۆژنامـەو گـۆڤـارە کـوردییـەکـان بوونە ئامـێـرک بۆ پێناسـاندنی ئاڵوگۆڕە ڕێنسانسییەکان کە لە وێژە و زمان و سیاسەت و خـەباتی کـۆمـەڵگای کورددا سـەریان هەڵداوە. یەکـەم پەخشان و یەکەم شیـعـری نوێ و کورتە چیـرۆک هەر لە باوەشی ئەم بلاڤۆکـە نیـوە تەواوانەدا سـەریان هەڵداوە و لەسەر هەستی نەتـەوایەتی و ڕوون کردنەوەی جەمـاوەری کوردیش هەر هەمان باسە. «بۆ وێنە بۆ مەبەستی سیاسی و پەیامی نیـشـتـمـان پەروەری لە ژمـارەی ٩ی ڕۆژی کوردستان ساڵی ١٩٢٢ پێنج خشتەکییەکی م- نووری «شێخ نووری شێخ ساڵح» و عەلی کەمال هاتووە کە بە توانجی شاعیرانەوە، شاعیران هان دەدەن.

**«بەسیەتی ئەی شاعیران تەعریفی خەتی چاهی زەقەن**
**بەسیەتی ئەی مەئموور باسی مەعاشم بۆ مەکەن**
**بۆ وەتەن بۆ دین و میللەت پێێ نەسیحەت دابدەن**
**بۆ تەرەقی میللەت، با بکەن سەرفی بەدەن» (١)**

وەک لێی دواین لە ســەرەتای بیــری دامـــەزراندنی ڕۆژنامە، ڕۆژنامـەوانانی کورد هەوڵی سازدانی بزاڤێکی ڕێفورمـخواز لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیدا داوە، هەرچەندە هێندێ لەو وتارانەی بلاوبوونەوە ڕەنگە پاش دوایی هاتنی ڕۆژنامـەکـە لەبیـر چووبێـتنەوە یان بایەخـێکی زانسـتی سـەردەمـیـان نەبووبێ، بەڵام هەنگاوێکە کە هەڵهاتۆتەوەو دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ڕووناکبیری کورد ویستی لەسەر ناسینی لایەنی ئەرێتی و نەویسـتەکانی کـۆمەڵگاکـەی بووەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگا تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە بووە.

بۆ وێنە لە ژمـارەی ١٦٢ی ڕۆژنامـــەی ژیاندا (٢) وتارێک بە ناوی نەتەوەو زمانی کورد دەردەچێ کە باس لەســەر شـوێنی وێژەی کـورد دەکـا و هەوڵ بۆ ناسین و زانینی هەموو لایەنەی ئەو زمانە دەدا.

«لە ژمـارەی ٣٢٤ی ڕۆژنامـەی زبان کـە لە سـاڵی ١٩٣٢ دەرچووە باسی نووسینی کوردی دەکا و سەبارەت بە زمـانی کـوردی پەتی و پاککردنەوەی ئەم زمـانە لە وشـەی نارێک و دزێو و دەرەکـیـیـەکـان بۆ چوونی خـۆی دەخاتە ڕوو.» (٣)

ئەمە تەنیا چەند وێنەیەک بوو لەو هەوڵ و تەقەللایەی کە نورسەرانی ئەو دەم لە سەری ڕۆیشـتوون، دیارە وەک لە سەرەوەش باسـمان لێ کرد هەر ئەم ڕۆژنامانەش بوون کە بەفریای داهێنەرانی وێژەی کورد کەوتوون و هەڵبەست و چیرۆک و پەخشانی تازە بابەتیان بۆ بلاوکردوونەوە.

بۆ وێنە لە سـاڵی ١٩٢٢دا و لە ژمـارەی ٥ی ڕۆژی کـوردسـتـان م. نووری «شـێخ نووری شـێخ سـاڵح» شـیـعـرێکی هاوچەرخ کە بەیەکێک لە سـەرەتاییـتـرین شیعرەکانی سەردەم دەناسرێ، بلاوبۆتەوە.

**«ئەمرۆ زەمانی سەعیە عەتاڵەت برایەوە**
**سەرچاوەی ئومێدی وەتەن وا ژیایەوە**
**خونچەی ئەمەل شکۆفەی میللەت گەشایەوە**
**نووری حکوومەتی وەتەن شەوقی دایەوە» (٤)**

ئەو بزاڤە تا ئێستـاش هەر بەردەوامە و زۆر بابەتی نوێ

و لێــدوان و داهێنان و ڕەخنە خــۆیان لە گــۆڤــار و ڕۆژنامــەکـاندا دەبیننەوە و پاشـان دەچنە نێــو لاپەڕەی کتێبان. هەتا ئێـستا ڕۆژنامـە یەکێک لە ئامرازەکانی پێناساندنی بیـر و بیرۆکـەو داهێنانی ڕووناکـبیـران لە کۆمەڵگایە.

ڕۆژنامەی کوردی لە سەرەتاوە وا نەبووە هەر بە زمانی کـوردی بنووسـرێ، زۆرێک لە ڕۆژنامــەکـان وەک ڕۆژی کوردستان و هەتاوی کـوردستان و بانگی کورد و کـورد و تاد... بەدوو زمـان دەنووسـران کـە ئەمـەش بە داخـەوە بۆشـایی نووسـەری لێـهـاتوو دەردەخات کـە هۆیەکـەشی ڕەنگە بگەڕێتــەوە ســەر ئەوەی کــە لە هەمــوو خــاکی کوردستاندا نە تەنیا خوێندن و نووسین لە خوێندنگاکان بەشێوەی فـەرمی نەبووە، بگرە لە بەشێکی زۆریش وەک ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستـان زمان و وێژەو کـتێب و سیپارەی کورد و کورد بوون قەدەغە کراوە و لە کوولەکەی تەڕیش ناوی هاتبـا بە ناوی چەتە و ڕێگرو هێندێ جـار بەناوی جیابوونەوە و تێکدانی سنووری وڵات پەلاماریان داوە و تێیان دا بردووە.

دژایەتی ئەم دەسەڵاتدارانە گـەیشـتـووەتە ڕادەیەک کـە کوردیان بە کێوی زانیـوە و لە بەرامبەردا خۆیان بە دایکی شـارسـتـانیـیـەت و سـەردەم بـوون داناوە، وایان جـەمـاوەر حـاڵی کـردووە کـە بۆ شـارسـتـانیـیـەت دەبێ دەست لە کوردایەتی هەڵگرێ و بۆ سەرەتاییـتـرین مـافەکانی ژیان دەبێ دیرۆک و نەتەوەو خاکی بەر پێدا و هاووڵاتییـەک ڕێزی لێ دەندرێ کـە کـورد نەبێ و ئەگـەر بووش مــافی هاووڵاتی نییە.

ڕۆژنامـەوانی کـوردی وەک باسـمـان لێ کـرد گـرێدراوی چارەنـووسی گـەلەکـەیەتی و زۆر جـار و بە زۆر کـەڕەت ڕاونراوەو داخــراوە و ســووتێندراوە، تەنیــا لەبەر ئەوەی کورد نەتەوەی ژێر چەپۆکەو بێ دەسەڵات بووە، زۆر جار بە حــەرام و نـاڕەوایان زانیــوە تەنیــا بە هۆی ئەوەی لە بەرامـبـەر دیالۆگی دیکـتـاتۆر و داگـیـرکـەردا بە زمـانی دیموکراسی و ئازادی و مرۆڤایەتی نووسیویەتی.

کوردستـان وەک چۆن داگیـرکراوە، دیارە هەر بزاڤێکی کـوردی تێـیدا سەرکوت دەکرێ، بۆیەش گـەشـەسـەندنی بزاڤە کوردییەکان زۆر بەلاواز ڕوودەدا. هێنانەوەی چەند بەڵگەیەک لەسەر دژایەتی کردن لەگەڵ نەتەوەی کورد پێم وایە بۆ ئەم وتارە بێ کەڵک نییە.

باکــووری وڵات کــە بەشی هەرە زۆری لەژێر ڕکـێــفی تورکـیـە دایە، دەبینی لە پاش شـۆڕشی دژ بە دەسـەڵاتی دیکتاتۆری کەمالیستـەکان (واتە شۆڕشی شێخ سـەعیدی پیـران و کۆمـەڵەی خۆیبـبوون یان شـۆڕشی ئاگری کـە بە سـەرۆکـایەتی ژنەڕاڵ ئیـحـسـان نووری پاشـادا سـەری هەڵداوە) عیـسمـەت ئینونۆ سەرۆکی بەناوبانگی حیـزبی جـمـهـووری گـەل لە سـاڵی ١٩٣٠ کـە بۆ خـۆی سـەرۆک وەزیران بوو لە باسی ڕاپەڕینی باکوور دا دەڵێ:

«ئەو یاخی بووانەی کــە پێنج ســاڵە لە ناوچەکــانی ڕۆژهەڵاتی تووركیـە [باکووری کوردستـان] درێژەی هەیە هەتا ئێـستا نیـوەی هێزی خۆی لە دەستداوە، لەم وڵاتەدا تەنیــا نـەتەوەی تـورک مــافی ئەوەی هەیە داوای مــافی نەتەوەیی و ڕەگـەزی خۆی بکا، هیچ ڕەگـەزێکی دیکە ئەو مافەی نییە» (٥).

ڕادەی دەمارگرژی نەتەوەی تورک لەناو کاربەدەستـانی ئـەم وڵاتـەدا لـەوەش تـێـــــــپـــــــەڕ بـووە و هـەر لـەو ساڵەدا(١٩٣٠) مەحموود ئەسەد وەزیری دادی ئەو دەمی تورکـیـە لە وتـارێکدا کە بۆ سـەردەمی هەڵبـژاردن سـازی کردبوو، لە باسی کوردەکاندا گوتوویەتی:

«ئێمە لە تورکیا دەژین کە زیاتر لە هەموو وڵاتانی دنیا ئازادی تێـدا هەیە... لەم وەڵامـەدا تەنیــا تورک ئاغــا و فـەرمـانڕەوایە و ئەوانەی ناچنەوە سـەر ڕەگـەزی خـاوێنی تورک، تەنیـا مـافێکیـان لەلای ئێـمە هەیە، مـافی ئەوەی کە خزمەتکار بن، مافی ئەوەی کە کۆیلە بن، با دۆست و دوژمنەکانمان ئەو ڕاستییـە تێ بگەن و با کێوەکانیشی لێ حاڵی بن.» (٦)

دیارە ئازادییــەک کــە دەمــارگــرژی نەتەوەیی، دەسـەڵاتداری تێدا بکا بارتەقـای بیـری دەسـەڵاتدارانی بەرینی دەبێ. ئەم چەند دێڕە بوونی ســەدان و هەزاران بەڵگەی فەرمی لە دیرۆکی کورد سەبارەت بە ژینۆسایدی هەمـوو لایانەی ئەم گەلە و یەک قسە بوون و یەک بوونی دەسەڵاتە جیـاکـان و دەسـەڵاتدارە جیـاوازەکـان هەمـوو دەرخـەری ئەم ڕاسـتـیـیـەیە کە نەتەوەی کـورد جیـاوازی ئەوەی کــە نـیــشــتــمــانی داگــیــرکــراوە و ڕەوابوونی نەسـەلمێندراوە لە هەمــوو بـارێکەوە هەوڵ بۆ توانەوەی دراوە هەر بۆیەش نە تەنیا دەرکردنی ڕۆژنامـەیەک و بیری

خزمەت بەگەل و کوردایەتی کردن زۆر دژوار و سەختەت بووە، تەنانەت کوردایەتی کردنیش ڕێگایەکی پڕ لە تەلان و هەڵدێرە.

کوردی کلۆڵ و بەش خوراو ١٠٨ ساڵ بەر لە ئێستاو لە ڕۆژگارێکی ئەنگوست لە چاودا و لەسەردەمێک کە ئاغاکانی گەردوون تەنانەت مافی نەتەوە بوونی کوردیشیان نەسەلماندووە و دنیای مرۆڤایەتیان کردۆتە شوێنگەی تەڕاتێنی خۆیان ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد، ڕەنگە کەم بێ و بچووک بێ، بە حەوتوویەک جارێک و پاشان مانگێ جارێک دەرچووبێ، لەوانەشە تا ئێستا زۆر لەو ڕۆژنامانە هەر وا دەرچن، بەڵام ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی شیرین کردووە و ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردی لە ڕۆژنامەکانی جیهان جیاکردۆتەوە، ئەوە بوو کە ڕێبازی ڕۆژنامەگەری کوردی هەمان ڕێبازی پیرۆزی خەباتی کوردی گرتۆتەبەر کە ئەویش هاوار بۆ گەلێک کە بە درێژایی سەدەی بیستەم و خەباتی بۆ ڕزگاری نەتەوەو مرۆڤایەتی و دیموکراسی و ڕێزلێنان لە مرۆکردووە، خەباتێک کە دژ بە نامرۆیەتییەو بەس، بۆیەش ڕۆژنامەوانی کوردستان ئەم شانازییەی هەیە کە لە پێناوی دەمارگرژی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی گەلانی دراوسێوە، لە پێناوی بەرژەوەندی دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەنگاوی نەناوە و لە بەرامبەر ژینۆساید و کۆمەڵکوژی و پێشێل کاری هاواری یەکسانی و مرۆڤایەتی و خۆشەویستی پێ بووە، هەر ئەم ڕێبازەش وای کردووە کە ڕۆژنامەوانی کورد خۆی لەناو کۆمەڵانی ڕۆژنامەگەری جیهاندا دەبینێتەوە و ڕێزی لێ دەگیرێ.

**پەراوێز:**

**١- مەحموود زامدار، گەشتێک لە ناو جیهانی بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردستان، لاپەڕەی «١٢٠».**

**٢- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٠٥.**

**٣- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١٠٥.**

**٤- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ١١٥.**

**٥- د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، ١٩٦٧، لاپەڕەی «٥٠».**

**٦- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٥١.**

# ئەفسانە و خەون

محەمەد سلێمان عەباس

بۆ ئەوەی مرۆڤ ژیانی گەل یان کۆمەڵگەیەک شارەزا بێت و بیناسێ، پێویستە بۆ ناو ئەفسانەو خەون و فۆلکلۆرو کەلەپووری گەلەکە شۆڕ بێتەوە، واتە تەنیا بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەس نییە بۆ ناسینی میللەتێک یان کۆمەڵگەیەک، ئەم قسەیە کۆمەڵگەی ئایینیش دەگرێتەوە، واتە باوەڕی ئایینی باسی لایەنێک یان نیوەی چیرۆکەکەمان بۆ باس دەکات.

فەلسەفەی نوێ و هاوچەرخ ئەفسانەو خەون بە دەروازەو ڕێ پیشاندەر دادەنێت بۆ ناسینی مرۆڤ بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چین و کێین، بۆیە فەلسەفەو زانستی ڕۆژئاوا زۆر بایەخیان بە خەون و ئەفسانە داوە.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە مرۆڤی سەرسام کردووەو خستوویەتییە سەر ئەندێشە و خەیاڵ، دیاردەی خەوبینینەکە هەتا ئێستاش لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و مرۆڤی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاّت. خەون لەو دیاردانەیە کە مرۆڤی کۆن پێی سەرسام بووەو بیری لێکردۆتەوە و بەلایەوە سەیر بووە کاتێک خەوی بینیوە بەشوێنێکی دوور لە شوێنی خۆی، کاتێک بە ئاگا هاتووتەوە هەر لە شوێنی خۆیەتی ئەمە وای لێکردوە بڵێت مرۆڤ لە دووبەش پێک هاتووە:

بەشێکیان جەستەی مرۆڤە کە لە جێگای خۆی ناجوولێ، ئەوی دیکەیان شتێکی نادیارەو ناوی ناوە (ڕۆح).

بەلای مرۆڤی کۆن خەون هۆیەکی گرنگە بۆ پێوەندی کردن بە دنیای غەیب و نادیار (خوداوەند، جنۆکە، شەیتان، مردوو). پێی وابووە هەر شتێک لە خەوندا

مانای خۆی هەیەو نیشانەی شتێکە، بۆیە هەوڵی داوە ئەو ماناو نیشانانە لێک بداتەوەو تێی بگات.

(یۆنگ) لە بارەی خەون دەڵێ: خەون دەرگایەکی بچووک و پەنهانە لە ناخ و قووڵاییەکاندایە و لە شوێنێکی نادیاری نەفسدایە کە لە شەوانی گەردوونیدا دەکرێتەوە، ئێمە لە خەوندا شتەکان هاوشێوەی مرۆڤ دەخولقێنین و بەشێوەیەکی گشتیگرتر. خەون لە قووڵایی ناخدا سەر هەڵدەدات و دەردەکەوێ، بۆیە خەون غەریب نییە و نا ئەخلاقیش نییە و شتێکی منداڵانەش نییە.

هەر لەم بارەیەوە (مۆریس گۆدولیە) بڕوای وایە مرۆڤ دوو بەشە؛ بەشێکی واقیعیە و دنیای شتەکان وەک خۆی دەبینێت و مامەڵەو کرداری ڕۆژانەیان لەگەڵدا دەکات، بەشەکەی دیکەش تەواو پێچەوانەی بەشی یەکەمە و ئەم بەشەی مرۆڤ خەیاڵییەو پڕە لە ئەفسانەو خەون و خەیاڵ و وێنەو وێناندن.

مرۆڤ بۆ ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی جیهانی دەرەوەی خۆی، دەکەوێتە ناکۆکی و بەبەردەوامی هەوڵ دەدات بگاتە باوەڕێکی هاوسەنگ و سەنگین، بە مانا دەروونییەکەی واتە خۆی لە بێهوودەیی چەمکە جیاواز و ئاڵوزو نادیارەکان ڕزگاردەکات، واتە مرۆڤ بەهۆی خەون و خەیاڵ و ئەفسانەوە خۆی لە دنیای شتە ئاڵۆزو گرانەکان ڕزگاردەکات و لەوێشەوە پێناسەو بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی خۆی ئاراستەی نادیارێکی ترو حەشارگەیەکی دیکە دەکات. خەون و ئەفسانەش درێژ کراوەی خەیاڵ و هزرە فەنتازیا هەمەڕەنگەکانی مرۆڤ و نائاگایی کۆیە، مرۆڤ بڕێک لە واقیع و خەون و خەیاڵ و یاخیبوون دەوری داوە.

بە بڕوای (یۆنگ) ئەفسانە قۆناغێکی هەرە گرنگ و ناوەندی سروشتییە لەنێوان نائاگایی و دەرک پێکردن و ئاگایی تەواو، بەڵام نائاگایی زیاتر دەزانێ لە ئاگایی و نائاگایی هەموو شتێکی تێدایە ئەوەی دەیزانین و ئەوەی کە نایزانین و گشت ئەو بابەت و شتانەی کە هەستی پێدەکەین و ئاگادارین لێی، بەڵام لە عەقڵی ئاگاییدا نەمان پاراستووە، یا هەڵمان نەگرتووە.

دیارە نا ئاگاییەکانی هەر واقیعێک کە لە خەوندا بۆمان دەردەکەوێت وەک هزرێکی عەقڵانی دەرناکەوێت، بەڵکو وەک وێنەیەکی ڕەمزی دەردەکەوێت. هەندێک هێزی ناوەکی هەیە مرۆڤ دەبزوێنی و دەجووڵێنێ بەهۆی هەندێک وریاکەرەوەی دەرەکی، ئەو خولیاو هاندەرە ناوەکیەش لە سەرچاوەیەکی قووڵ سەر هەڵدەدات و دەردێت کە هۆشیاری و ئاگایی نایزانن و دەرکی پێناکەن و لەژێر دەسەڵاتی ئەو دانین.

لە میتۆلۆژیای سەردەمە کۆنەکاندا ئەم هێزە بە: مانا یان گیانەکان یان شەیتان یان خواوەند ناو براوەو ئێستاش ئەو هێزە وەک پێشتر چالاکە. هاندەرە بەراییەکان لە خەون و ئەفسانەدا بەشێوەیەکی دیارو ڕاشکاوانە دەرنابڕدرێ، بەڵکو ڕووپۆش کراوەو دەمامکدارە، بۆیە ئەو بنەماو پرنسیپانەی کە فرۆید بۆ ڕاڤەکردنی ئەفسانە پشتی پێدەبەستێ، هەمان ئەو بنەمایەیە کە بۆ ڕاڤەکردنی خەونەکان بەکاردێن.

ئەو ڕەمزوهێمایەی لە ئەفسانەدا هەیە بە دیدوڕای فرۆید بۆ قۆناغە بەراییەکانی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی و تێرکردنی وزەی لیبیدۆ دەگەڕێتەوە کە لە کۆنەوە خەفەکراوەو بەهۆی ئەفسانەوە دەربدەبڕێ، کەوا لە مرۆڤ دەکات حەزە ڕەمەکی و غەریزەکانی لە چوارچێوەی خەیاڵدا تێر بکات. ئەو توخمانەی کە لە ئەفسانە، یان خەون دەردەکەون و سەرهەڵدەدەن، بۆ سەردەمێکی کۆنی پەرەسەندن دەگەڕێنەوە ئەو توخمانە هەندێک جار خاسیەتی تۆقین و ترس لەگەڵ خۆیاندا هەڵ دەگرن و ئاماژە بەشتێکی نادیارو موحەرەم دەکەن کە زاڵە بەسەر زەین و هەست دەگرێت و ئەم جۆرە ترسە لە نەزانراوو شتی سەرسوڕهێنەرە.

گەلێک جار توخمی سەرەکی لە بابەتی ڕاستەقینەی خەون یا ئەفسانەدا بێ بایەخ دەردەکەوێت، یان وەک لایەنێکی بێ نرخ حسێب دەکرێت لە داڕشتن و و ڕواڵەتی دەرەوەی، کەچی لە ڕاستیدا داڕشتنە دەرەکیەکەی خەون، یان ئەفسانە لایەنێکی لاوەکییە لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینە.

ئەرکێکی سەرەکی خەون یان ئەفسانە بریتییە لە یادکردنەوەی جیهانی بەرایی و پێش مێژوو و جیهانی منداڵی تا دەگاتە ئاستی غەریزە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و مرۆڤ هەندێک توخم و یەکەی ئەفسانەیی لە یادەوەری منداڵیدا دەدۆزێتەوە و دەشێ بڵێین ئەفسانە خەونێکە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوەو باس دەکات. ئەفسانە بریتییە لە خەونەکانی ڕیوایەتی حیکایەتخوانی بەرایی (یۆنگ) بڕوای وایە نابێ مرۆڤ بەساکاری مامەڵە لەگەڵ خەونەکانیدا بکات، چونکە سەرچاوەی خەونەکان بەتەواوی بەگیانێکی مرۆیی نییە،

بەڵکو نەفس و گیانێکی سروشتی- خودایی لەگەڵدایە و ئەگەر توانیمان ئەو گیانە بناسین و دەستنیشانی بکەین، ئەوا ئاسانتر لە ئەفسانە کۆنەکان تێدەگەین یان لە حیکایەتی مرۆڤی سەرەتایی تێدەگەین.

زۆر خەون هەیە وێنەو وێناندنی وا دەخاتە ڕوو و پیشان دەدات کە هاوشێوەی هزرو ئەفسانەو سرووتی بەراییە.

لەم بارەیەوە (لیفی برول) دەڵێت: هەردوو جیهانی خەون و ئەفسانە لە ڕاستی و واقیع جیا دەکرێنەوە بەوەی کە دنیایەکە ڕابردوو و ئایندەو زەمەن و کات و شوێنی دیار نییەو ڕووداوەکان بە ڕێگەیەکی نارێک و نەساز ڕێک خراون.

مرۆڤ ئارەزوو و خولیاو دروستکردنی هێما، لە ڕێگەی خەونەکانی ئەو دەردەبڕێت.

یۆنگ دەگاتە ئاکامێک کە خەونەکان سەر چاوەیەکی ئاسان و بلاوە بۆ توێژینەوە لەسەر توانای مرۆڤ بۆ هێماوڕەمز، لەبەرئەوەی واقیع و ڕووداوەکانی خەونەکان وەک بیرۆکەیەکی عەقلانی ناخرێتە ڕوو، بەڵکو وەک وێنەیەکی ڕەمزی پیشان دەدرێت. بابەتەکانی خەون زۆرجار لێڵە و مرۆڤ تێیان ناگات، بۆیە شیکردنەوە و دراسەکردنی خەون پێویستی بەوە هەیە بەوردی وەسف بکرێت و گشت ڕەمزو توخمەکانی بەجیاو بەوردی لێک بدرێتەوە و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەفسانە.

وەک دەزانین بابەت و ناوەرۆکی ئەفسانە بریتییە لە خەیاڵ و هزرە هەمە ڕەنگەکانی مرۆڤ و نائاگایی کۆبە و زۆر لە بابەتە میتۆلۆژیەکان لە خەوندا هاتوون، خەون و ئەفسانە توخمەکانی درامای تێدایە وەک: خستنەڕوو، ڕەخنە، گۆڕان،.. خودی خەونیش بەتایبەتی خەونی پێشبینی بنەماو بنەڕەتی زۆربەی میتۆلۆژیا و ئایین و پیاوی ئایینی و سرووتی دینی پێکدێنێ، بۆیە بایەخدان بە دوێنی ڕەتیدا بۆ بایەخدان بەپێش دوێنێ، واتە گرنگی دان بە سایکۆلۆژیای خەون ئێمەی بەرەو گرنگیدان بەسایکۆلۆژیای ئەفسانە برد کە پێش دوێنێ دەگرێتەوە.

پێوەندیەکی توندوتۆکمە لەنێوان ئەفسانەو خەوندا هەیە و تەنانەت ئەفسانە بە وێنەی کۆ خەونی (الجمعی) ڕەگەزی مرۆیی ناوبراوە، خاسیەت و خاڵێکی هاوبەش لەنێوان خەون و ئەفسانە ئەوەیە کە ڕووداوەکان شوێن و کاتیان دیار نییە.

خەون و ئەفسانە ئەوەیە کە ڕووداوەکان شوێن و کاتیان دیارنییە خەون و ئەفسانە بە هەوڵ و کۆششی فرۆید و ئەوانی دیکە کە پاش ئەو هاتوون، بووەتە ڕێگای شاهانە بۆ ناخ و قووڵاییەکان لە پێناو زانین و دۆزینەوەی شتە نادیارو شاردراوەو خەفە کراوەکان.

ڕۆڵی ئەفسانەو خەون لە فەلسەفەی هاوچەرخدا، دۆزینەوەی ناخی نائاگاییە و مرۆڤ هەوڵدەدات بچێتە ناو قووڵاییەکان. لێرەدا پێویستە ئەفسانەو خەون وەک هێماو نیشانەیەکی کۆن و بەرایی سەیر بکرێت کە تۆوێکی گشتی و تەواوی لە ناخیدا هەڵگرتووە کە شیاوە ببێتە هۆشیارییێکی نوێ.

بۆیە کە باسی ئەفسانەو خەون دەکەین، مانای باسکردنە لەسەر شیاوی نوێکردنەوەی بوون و گوتەی فەلسەفی کە لە سەرچاوەکەیەوە دەست پێدەکات کە پێش گوتەی فەلسەفی دەکەوێت و لێی ڕەت دەدات و دەبێتە گوتەیەکی داهێنراو، بۆیە ئەرک و ڕۆڵی خەون و ئەفسانە لە فەلسەفەی هاوچەرخدا دوولایەنەیە: پێدان و بەخشینی نیشانەو هێما کە دیارکردن و پیشاندانی مەسەلە باوەکانی ناو کۆمەڵگەیە، پاشان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مرۆڤ بەشدار بێت لە ڕووداوەکانی گەردوون، تەنانەت ئەوکاتەی کە بیریشی لێناکاتەوە.

بۆیە خەون و ئەفسانە لە فەلسەفەی نوێدا ئەو ڕۆڵ و ئەرکە دەبینێ کە سروشی عەرافەی پەرستگای دلفی سەبارەت بەهیراکلیتس بینیویەتی: (خواوەندی عەرافە بەو ڕەمز دەئاخڤێ نەک بە وشە).

ئەفسانەو خەون بە فیعلی ئەو نیشانە پێک دێن کە دووبارەو سەر لەنوێ دەگەڕێنەوە بنەڕەتە بەرایی و قووڵاییەکان و پێوەندی پێوە دەکەن.

بایەخدان بە خەون و ئەفسانە نیشانەی درک پێکردنە بە حیکمەتی ئەو داواکاریە هەروەک هیراکلیتس لە یەکێک لە مرواریەکانی دەڵێ: خەڵکێک هەیە بەوە ناسراون لە کاتی ئاگاییدا زیاتر ئەو شتانەی لەبیردەکەن کە لە دەوروبەریان ڕوودەدەن، نەک لەکاتی بێ ئاگاییدا، بۆیە دەکرێ خەون و ئەفسانە وەک دوو سەرچاوەی ناردنی هێماو ئیشارەت تەماشا بکرێ کە بایەخی بۆ فەلسەفە هەیە و پێویستە بە وردی مانایەکەی تەماشا بکرێ و ڕاڤە بکرێت.

کەواتە بابەتی ئەفسانەو خەون پەیوەستە بە گەوهەری مرۆڤ، چونکە نێوەندێکی بەرایی و سەرەتایین بۆ وێناندنی حەدەسی لەمەڕ سروشت و بوونی مرۆڤ و

نیگاو وێناندنی هەر کلتوورێک هەیەتی. سەبارەت بە ئەفسانەو خەون ڕەنگدانەوەی دیدێکی سەرەکییە بۆ سروشتی مرۆڤ.

دیدوبۆچوونەکان سەبارەت بە ئەفسانەو خەون زۆر گۆڕاون، پێشتر بەوەقائعی دینی دادەنران، بەڵام دوا سەرهەڵدانی عەقلانییەت ئەم بۆچوونە گۆڕو و زیاتر بایەخ بە ئەفسانەوە خەون درا وەک ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ گەیشتن بەسەرەتای بوون.

هەر کاتێک دەرک بە ڕەهەندی ڕەمز بکرێت بە واتای ڕەتبوون لە ئەزموونی خودی تاکەوە و گەیشتن بە بابەتە گەردوونییەکان لە مرۆڤدا، جا چ ئەزموونەکە لە خەوندا ڕوویدات، یان لە ئاگاییدا ئەوکاتە ئەفسانە لە دایک دەبێت و بە ئەفسانە دادەنرێت، چونکە بەر یەک کەوتنی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ دەکات و بەڕەمز گوزارشتی لێ دەکات و ڕوانینێکی ناوەکیمان دەداتێ بەهۆیەوە هەست بە پەنهان و شاراوەکانی مرۆڤ بکەین و شۆڕدەبینەوە بۆ ناخی شتە نادیارەکان. ئەگەر بەم جۆرە بێ، ئەوا لایەن، یا بابەتی مێتۆلۆژی لە خەوندا هەیە ئەگەر هاتوو ئەزموونی کەسایەتی، یان مرۆیی زۆر کاریگەر بێت.

بەم شێوەیە کرداری خەوبینین بە سروشتی خۆی لە ئاستی کەسی بەرەو ئاستی ئەفسانە دەچێت و لەبەر ئەوەی خەون و ئەفسانە دوو ڕوو (لا)ن کە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەزموون دەنوێنن ئەویش ڕەهەندی ڕەمزو هێمایە. زۆر بەڵگە هەیە کە ئەوە دەسەلمێنن خەون بەشێکی گرنگە لە سیاقی ژیانی مرۆڤدا.

خەڵک هەندێک جار وشەی خەوبین (حالم) وا بەکاردێنن کە لە مانای خۆی ڕەت دەدات بۆ نموونە دەڵێین فلان کەس خەوبینە کاتێک دەرک بەوە دەکەن کەسێک خاسیەتی خەیاڵی و فەنتازی تێدایە ئەو کەسە خەیاڵی بۆ ڕابردوو، یان ئیستا دەچێت و تەرکیزی دەخاتە سەر بۆ دەرک پێکردنی ئایندە بە خەیاڵ.

ئەو کەسە نەک لەکاتی خەوتندا، بەڵکو لە کاتی ئاگاییدا خەون دەبینێ و هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ دیتنی ئایندەو مانای نوێ دەداتە ژیان و پێکهاتەکانی بوون.

خەون و ئەفسانە ڕەمزێکی ژیانن کە چالاکانە دەجووڵێن و واقیع دەکەنەوە لە پێناو دۆزینەوەی شتە نادیارەکان.

بۆیە دراسەکردنی ئەفسانەو خەون، بۆتە بوارێکی تایبەت و جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی زانستی دەروونزانی و مرۆناسییە، هەندێک زانای مرۆڤناسی بڕوایان وایە تواناو شیانی مرۆڤ بۆ خەوبینین دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەفسانە سەرهەڵ بدات، واتە خەونەکانی مرۆڤ سەرچاوەیەکە بۆ ئەفسانەکانی.

بەدیدی (ئای بی تاتلر) ئەفسانە: دەر ئەنجامی باوەڕی مرۆڤی بەراییە بەو گیانەی کە لە خەوندا دەبینین، بەپێی ئەم دیدوبۆچوونە ئەفسانە پەیوەستە بەسروشتی خەون و لە خەوندا مرۆڤ بەپێچەوانەی واقیع و ڕاستی دەژی و چەمکە ئاساییەکانی زەمەن و شوێن نامێنێت.

ئەو جیاوازیەی لەنێوان ئەفسانەو خەوندا هەیە، ئەوەیە کە ئەفسانە ڕاستی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتووە و پێکی دەهێنێ زیاتر لە ڕاستی تاکایەتی، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە خەون هیچ زانیاریەکمان لەبارەی ئەفسانەوە ناداتێ، لەبەر ئەوەی زۆرجاران بنیاتی ئەفسانە وەک بونیادی خەونە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئەفسانە بەپێی دیدو بۆچوونەکانی خەون هەندێک کێشەی گشتی دەورووژێنێ. هەر لە ڕێگەی خەوبینیەوە مرۆڤ ئەو نموونە گشتیانە ئەزموون دەکات کە ئاماژە بە قووڵاییەکانی نائاگایی کۆ دەکات و دەیگەیەنێتەوە سەرچاوە سەرەکییەکان و مانا پتەو و قایمەکانی و وێنەی کۆمەڵگەی مرۆیی و بەهایەکانی.

دەشێ ئەفسانە بە داهێنانێکی خەوبینینی ئاگایی دابنێین، یان بەخەونی زەینێکی هۆشیار و ئاگادار بزانین.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**١- الاساطير و الاحلام و الدين- جوزيف كامبل- دمشق- ٢٠٠١ ل٥٥، ٦٠، ٣٢، ٧٥، ١١٦، ١٧٥، ١٨٠، ١٨١، ٢٤٤، ٢٦٦.**

**٢- الانسان ورموزه- كارل يونغ، ترجمة: سمير علي- بغداد، ١٩٨٤ ل٢٢، ١٠٢، ١٢٦.**

**٣- اللغة المنسية، تأليف: إرك فروم، ترجمة محمود فنقد الهاشمي. دمشق- ١٩٩١. ل١٢٢، ٢٤٩، ٢٥٣.**

**٤- رمزية الحلم- أنيا تيار، ترجمة أديب الخوري، دمشق، ١٩٩٨ ل٢٣، ٣٢، ٥١.**

**٥- مجلة (أفاق العربية) عدد (١) سنة (١٢)، ١٩٨٧، ل٨٨.**

**٦- ئاینده ژ (٩،٨)، ٢٠٠٠، ل٤٦.**

# شانۆگەری
# هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە

لەسەر میوانداریکردنی «دەزگای یەکسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان» تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە لە ڕۆژانی (٩ و ١٠)ی نیسانی ٢٠٠٦ لە هۆڵی میدیا، سەعات (٥)ی دوای نیوەڕۆ، شانۆگەری «هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە» دەق و دەرهێنانی هونەرمەندی ناسراو گەزیزە نمایش کرا.

بەر لە چوونە ناو جیهانی شانۆگەرییەکەوە، حەز دەکەم ئاماژە بە خاڵێک بکەم، کە (گەزیزە) هەر لە منداڵییەوە کە چاوی کردەوە عاشقی نمایشکردنی شانۆگەری بوو، پەیتا پەیتا وەکو ئەکتەرێکی کارامەو لیهاتوو نەشونمای کردو لە باوەشی شانۆدا خۆی دۆزییەوە و لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوەو بەرەو ژوور، زیاتر هەنگاوی بەرەو داهێنان و ئەفراندن نا وەکو ئەکتەرێکی جیاکراوەی سەر شانۆ بوو بە کەسایەتی و دەنگوڕەنگ و سەنگی تایبەت بەخۆی کە وزە داهێنەرەکانی وایان دەربڕی کە بۆ شانۆ لە دایک بووەو بۆ شانۆش دەژی، لە هەردوو شانۆگەریی (خۆشەویستی یان تەلەفۆن) و (هیوا، یان دارتووەکە) کە مایەی پێ سەرسامبوونی بینەران بوو، بەڵگەو گەواهی بەرچاون بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگ و وزە داهێنەرەی کە لە گەزیزەی هونەرمەندا هەیە، کە شانۆگەرییەکەی دووەم لە نووسین و دەرهێنانی خۆی بوو، کەواتە گەزیزە وەکو هونەرمەندێک لە جیهانی شانۆدا لە هەنگاوی یەکەمەوە، هەنگاوی دووەم و سێیەمی هەڵیناو تەنانەت دوای شووکردنی و باری خێزانی و سەرقاڵبوونی بە ئەرکی دەرەوەی شانۆ، مەیدانەکەی چۆڵ نەکرد و بەردەوام

**کەمال غەمبار**

بوو و بەردەوامیشە:

ئەم شانۆگەرییەی کە لە هۆڵی میدیادا نمایش کرا، دەقەکەی لە مانگی حوزەیران ساڵی ٢٠٠٥ لەگۆڤاری (رامان)دا بڵاوکراوەتەوە؛ کە خۆی نووسیویەتی و بەم شێوەیە دەریهێناوە:

**ئەکتەرەکان:**

**بەیان مەحموود عەلی**

**بێگەرد ئەحمەد رەشید: دایک**

**دیاری عومەر رەحیم**

**رۆزا ئومێد مەعروف: کچ**

**بەرێوەبەری شانۆ: ناسک عومەر**

**یاریدەدەری دەرهێنەر: هەڤاڵ عومەر**

**پۆستەرو دەلیل: ئاری حەمە فەرەج**

**فۆتۆگراف: ئیسماعیل خەیات**

**جلوبەرگ: دەرهێنەر (گەزیزە)**

**دیکۆر: دەرهێنەر (گەزیزە)**

ئەم شانۆگەرییە موعاناتی خێزانێکی کلۆڵە، دایک لە ئەنجامی شەڕی براکوژی، هاوسەرەکەی دەکوژرێ و دووکچ و کورێک بۆ بێوەژنێکی بەستەزمانی بێ دەسەڵات جێ دێڵێ کە ئەویش مەردانە پێیان دەگەیەنێ و لە ئەنجامدا کورەکەی دەگیرێ و رژێمی فاشی لەناوی دەبات.

هەر لەسەرەتاوە. لە جووڵەی یەکەمدا دایکەکە وەکو تارماییەک دیارەو پشتی لە خەڵکەکەیەو دووکەڵی جگەرە جاروبار بە بادەکات و کێشانی جگەرەش نیشانەی بەباکردنی خەم و پەژارەیە. کە دەگاتە حاڵەتی تووڕە بوون، دەیکوژێنێتەوە.

ململانێی نێوان دایک و کچەکان، هی کۆن و نوێ دەست پێدەکات، دایکەکە لە هەوڵی ئەوەدایە کە کچەکان بخاتە ئەو قاڵبەی گەرەکییەتی. رەخنەش لە دەستە خوشکەکانی کچەکان دەگرێ کە قسەو کرداریان لێک دوورن، هەرچەندە کە کچەکەی یەکەمی رۆشنبیرە و نووسەرە، بەڵام ئەو بوێرییەی نییە ئەوەی لە دڵیایەتی بە راشکاوی دەربببڕێ با میوانەکانیش گوێیان لێ بێ. کچەکە دەکەوێتە سەر واقیعێکی تر، دەیەوێ لە قاوغی خۆیدا دەرچێ، ئەوەی بیڵێ بیکات، بەڵام دایکەکە رەخنەی لێ دەگرێ کە قسەکانی تەنیا چەنەبازییەو چیتر، جوینەوەی شتە کۆن و سواوەکانە، هیچی لە دەست نایەت بە کردەوە ئەنجامی بدا.

لە رەوتی نمایشکردنەکەدا دووفاقی و دوو رووی رۆشنبیران و نووسەران دەردەکەوێ کە بە نووسین شتێکن و بە کردەوە شتێکی دی. هەروەها کارە نارەواکانی کۆمەڵگە وەکو بەشوودانی کچێکی تەمەن بیست ساڵی بە پیرەمێردێکی هەشتا ساڵی و ئەنجامە تراژیدییەکەی.

جووڵەی دووەم: ململانێیەکەی نێوان دایک و کچ توندتر دەبێ، هێڵە شاردراوەکان روون دەبنەوە، تێروانینی کچەکە لە شوورەیی کە دایکی لەگەڵ خۆی بۆ بەندیخانەو دەزگاکانی رژێمی بەعس دەیبات بۆ سۆراغکردنی براکەیان کە دڵی دایک هێندە بە سۆزو میهرەبانە لەو باوەڕەدا نییە لە کورەکەی نەماوەوە، هەر چەند جارێ کچەکە رووبەرووی دایکی دەبێتەوە کە



براکەی نەماوە پەلاماری دەداو خۆی لێ تووڕە دەکات. هەروەها سەیرکردنی دایک کە ئەو نووسینانەی کچەکەی کە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان دەست پیاوانی ڕژێم بکەوێ و کچەکە ڕاپێچی بەندیخانە بکرێ، ئابڕوو چوونێکی گەورەیە، ئەوە لە کاتێکا نووسینەکانی لەسەر گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە کوشتنی کچێکی بەستەزمان بەناوی (گوڵێ) لەسەر شتێکی پڕوپووچ، لەسەر تەنیا ماچێک کە لە ئیرادەی ئەویشدا نەبووە، ئەمەش مەحکومکردنی دابونەریتی کۆمەڵایەتییە کە تا چ ڕادەیەک گەندەڵی تێکەوتووەو چەوساندنەوەی ئافرەت و نێر سالارییە، ئەوەی بەسەر ئەو دایکە کلۆڵەدا هاتووە کە کچەکەی ڕادەکات و جێی دێڵێ، زۆر لەو نووسینانە گەورەترە کە کچەکەی بەناوی داکۆکیکردن لە ئافرەت نووسیویەتی هەرچەندە کچەکان دەچنە ناو بەرمیلەکان لەشێوەی تونێل و بە خامەکە سەرپۆشی دەکەن، ئەوە نیشانەی سووتانی نووسینەکانە کە کچە واتێدەگات دووجار سووتاوە، نووسینەکانی و دڵەکەی، چوونە ناو بەرمیلەکان سووتانی نووسینەکانە لە کولخانی حەمامەکەی ماڵەوە.

لە ئاکامی دەمەقاڵێیەکی دوورودرێژی نێوان دایک و کچ نهێنییەکان زیاتر ڕوون دەبنەوە، کە دایکیان چۆن شووی کردووەو چ موعاناتێکی لە شاخدا بینیوە، هەروەها ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندی نێوان پیاوێکی پێشمەرگەی دڵسۆز کە لە پێناو ئەرکێکی پیرۆزدا دەجەنگێ، بەڵام بە داخەوە لەشەڕێکی براکوژیدا دەکوژرێ، ئەم پێوەندییەی نێوان ژنەکەو هاوسەرەکەی ڕەنگدانەوەی عەقڵییەتی دواکەوتوویی پیاوە، کە ژن وەکو ئامێرێکی حازر بەدەست بەکاردێنێ، نەک وەک هاوسەرو هاوخەم و هاوژینی و هاو چارەنووس، بۆیە تێرکردنی ئارەزووە ئاژەڵییەکانی هەموو شتێکە. ئەم شانۆگەرییە لە چەند دیمەنێکیدا دڵڕەقی و ستەمکاری نێر دەردەخات بەرامبەر ئافرەت: وەک بەشوودانی کچێکی جەحێڵ بە پیاوێکی سەرلێوار مەرگ، کوشتنی گوڵێ لەسەر ماچێکی بە زۆر لێکراو، ژیانی ئافرەتێکی شار لەگەڵ پیاوێکی پێشمەرگەی هەموو کات ژیان لە مەترسیدابوون، دوایی کوژرانی لەشەڕێکی ناڕەوایانەو ڕێ لێگرتنی کە جوان و جەحێڵە جارێکی تر شوو بکاتەوە و مانەوەی بۆ خەم و خەفەت و ئازاری کوشندەو لە ئەنجامی پشوو خواردنەوەیەکی زۆر و موعاناتێکی یەکجار بەتەوژم لە پڕ گیان لە دەست دەدات و کۆتایی بە ژیانە پڕ کلۆڵی و ئەشکەنجەکەی دێ.

بەڵام گرنگترین خاڵ لەم شانۆگەریەدا گۆڕینی کەسایەتیی کچەکەیە، کە سوور بوو لەسەر هەڵوێستەکانی و هەردەم خەمی لە سووتانی نووسینەکانی دەخوارد کە دوای ئەوەی حەقیقەتەکانی بۆ دەردەکەوێ و قەناعەت بە قسە ڕێک و ماقووڵەکانی دایکی دەکات و پەشیمانی دەردەبڕێت و دەڵێ: ئێستا دەزانم دایە گیان تۆ زۆر لەو نووسینانە گەورەتریت کە من دەمنووسین.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەوەی کە لە دەقی شانۆنامەکەدایە دایک و کچێکن، کەچی دوو کچ و دوو دایک لەسەر شانۆ دەردەکەون، ئەوەش مانای ئەوەیە هەریەک لە دایک و لە کچ دوو کەسایەتی جیایان تێدایە و تەعبیر لە خودی خۆ دەکەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە تێبینی ئەوەم کرد کە هەرچەندە دەرهێنەر سەرکەوتنێکی باشی لە دەرهێنانی شانۆنامەکە وە دەست هێناو ئەکتەرەکان ڕۆڵی خۆیان بەرێکوپێکی و سەرکەوتووانە بینی، بەڵام دەنگی ئەکتەرەکان بەڕوونی و بەچاکی نەدەبیستران، شانۆیەکەش و ئامرازەکانی تۆمارکردنی دەنگیش ڕەنگە هۆیەکی ڕاستەوخۆی ئەم کەموکوڕییەش بن.

هەروەها گرنگی هەموو شانۆ گەرییەک لەوەدایە چ شوێنەوارێک دوای خۆی جێی دێڵێ، ئایا ئەو کەموکوڕییانەی کە بە شانۆگەری چارەسەردەکرێن، بە نووسین لە ڕۆژنامە، یان قسەکردن لە کەناڵەکانی تردا، ئەو دەنگ و سەدایەیان دەبێ. هەڵبەت شانۆ- هەرچەندە بەداخەوە ئێستا ڕۆڵەکەی کەم بۆتەوە- ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەیەو ئەم شانۆگەرییەی (هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردووە) هاوارێکی ناڕەزایی و مەحکومکردنی بەشێک بوون لە گەندەڵییەکانی دابونەریت و عەقڵییەتی ڕزیوی کۆن و باوو ئاسایی ناوکۆمەڵ، قسەکان بە مەرگی دایکێکی کلۆڵی بێچارە تەواو نابێ، زۆریان ماوە تەواوبن و شانۆگەریی لەم جۆرە پێشکەش بکرێن، کە هاندەربن بۆ هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی شارستانی و چەسپاندنی یاسای یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەسەر زەمینەی واقیع بەکردەوە، نەک تەنیا هەر بە قسەی ڕووتی بێ بنەما.

# ڕێژیسیۆر و شانۆنامە

د. فازیل جاف
(سوێد)

هەر ڕێژیسیۆرێک تەرزێ شانۆنامەی لا پەسەندە. زۆرینەی ڕێژیسیۆران لەم سەردەمەی ئێستاماندا حەز لە شانۆی کلاسیک دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەدەبی شانۆی سایکۆلۆجی ڕۆژ دوای ڕۆژ لای ڕێژیسیۆرانی ئەوروپا پتر برەو پەیدا دەکا. بە هەمان شێوە گەلێ کەس هەن حەز بە شانۆی ڕیالیزم دەکەن.

گرنگ ئەوەیە ڕێژیسیۆر کلیلی کردنەوەی جیهانی شانۆنامەکەی پێ بێ و ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکا کە هەر ژانرێک، هەر ڕێچکەیەکی ئەدەبی زمانی شانۆیی تایبەتی هەیە و نابێ یەک زمانی شانۆیی بەسەر هەموو ئەم سنفانەدا بسەپێنرێ.

گەلێ جار وا ڕێک دەکەوێ کە ڕێژیسیۆر لەسەر تەرزە شانۆنامەیەک کار دەکا، یان چەندین بەرهەمی نووسەرێکی دراما پێشکەش دەکا، تا وای لێ دێ تەواو ئاشنای جیهانی ئەو نووسەرە دەبێ، ئیدی کارەکەی ئاسان دەبێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا مەترسی چەقبەستن و خۆ دووبارەکردنەوە و دەق پێوەگرتنی لێ دەکرێ. لەو حاڵەتەدا من وام پێ باشە ڕێژیسیۆر هۆشمەندانە ئەو ڕێچکەیە بشکێنێ و توانای خۆی لە بەرهەمی جیاوازدا بخاتە گەڕ. واتە دەستبەرداری ئەو نووسەرە بێت و بەرهەمی نووسەرانی دیکە هەڵبژێرێ، بە تایبەت ئەگەر هەستی بەخۆ دووبارەکردنەوە کرد.

ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەم لە تاقیکردنەوەی خۆم لە تیپی شانۆی ئاراراتەوە بۆ سەلما، کاتێ لەسەر یەک، سێ شانۆنامە (گێژەن- ڕووتبوونەوە- دوو پێغەمبەر)ی نووسەری پۆلۆنی مرۆژیکم دەرهێناوە. کە ویستم

شـانۆنامـەی چوارەم دەربهـێنم، هەسـتم بە هیچ جـۆرە بەرەنگارییـەک و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێ لە جیـهانی ئەو نووسەرەدا نەدەکرد. جیهانی شانۆنامەکانی مرۆژیک بۆ من جیـهانێکی بە شێـواز کراو و سیـمبـولیـستی گروتێسک ئامێز بوو. ئەم جیهانە گەلێ نزیکە لە چێژی هونەریمەوە، لەگەڵ ئەو میتۆدەی کە من لەسەری ڕاهاتووم باش دەگونجێ. هەستم دەکرد ئاشنای ئەم ستیلەم و ئیدی دەبێ ئەم ڕێچکەیە بشکێنم. یان هەر نەبێ بۆ ماوەیەک دەستبەرداری ببم. پێویستم بەوە بوو شێوازێکی نوێ تاقی بکەمـەوە. شـێـوازێک کـە تەکـانێکی دیکە بە کەرەسـتـەی هونەریم بدا و یارمـەتیم بدا وەکـو دەرهێنەر پێش بکەوم.

لە ڕاستیدا یەکێ لەو مەرجانەی کە ڕیژیسیۆر دەبێ لە هەڵبژاردنی دەقدا ڕەچاوی بکا، ئەوەیە کە ڕێژیسیۆر هەوڵ بدا لە هەر دەقێکدا کە هەڵیدەبژێرێ بۆ خۆی ئەرکێکی نوێی تێدا بەدی بکا، ئەو ئەرکە نوێیە یان بەرەو کەشفێکی تازەی دەبا، یان مەشق و ڕاهێنانێکی دیکەی لە یەکێ لە مەیدانە شاراوەکانی تەکنیکی دەرهێنان بۆ دەڕەخسێنێ، بەم شێوەیە ڕیژیسیۆر بەرهەم دوای بەرهەم ئەزموون و تاقیکردنەوەی نوێ و شێواز و کەرەستەی هونەری جودا بەدەست دەهێنێ. تەنیا دەقی سەرکەوتوو و بە پێز ئەم دەرفەتانە بۆ ڕیژیسیۆر دەڕەخسێنێ.

دیارە ئەم مەرجەی ڕیژیسیۆر لە دەقی شانۆیی پەڵپێکە لایەنی هونەری دەق دەگرێتەوە. ڕیژیسیۆرە بەهرەمەندەکانی مێژووی شانۆ دەرکیان بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە خۆیان لە دەقی لاواز نەداوە، چونکە دەقی لاواز و خراپ، ڕیژیسیۆرەکەی هەرچەندە داهێنەر و کارامە بێ، هەرگیز ناتوانێ شاکارێکی لێ دروست بکا.

ئەگەر دەقی لاواز، جا لە ڕووی ناوەڕۆکی ئەدەبییەوە بێ یان لە ڕووی پێکهاتە و بینای هونەرییەوە بێ، هەرگیز ئەو بوارەت بۆ ناڕەخسێنێ، وەکو ڕیژیسیۆر پەرە بەکاری خۆی بدا و پێش بکەوێ. فەرموو بە درێژایی مێژوو سەرنجی کارەکانی کەڵە ڕیژیسیۆرانی شانۆ بدە، دەست بەجێ بۆت دەردەکەوێ کە لە دەق هەڵبژاردندا هەمیشە پەنایان بۆ شاکارەکان بردووە و هەرگیز دەقی لاوازیان هەڵنەبژاردووە. خۆ ئەگەر جاروبار بە هەڵە دەقێکی لاوازیان هەڵبژاردبێ، ئەوە پاشتر باجی ئەو



**دیمەنێک لە شانۆگەریی «دوو پێغەمبەر»**

هەڵەیەیان داوە و لێی پەشیمان بوونەتەوە.

ئەو ڕێچکەیەی کە ڕیژیسیۆر لەسەری ڕاهاتووە، یان ئەو شێوازەی کە لە چەند بەرهەمێکدا دووبارە دەبێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی هیچ ئەرکێکی نوێ ناگرێتە خۆ، بۆیە تێکشاندنی بە مەبەستی خۆ نوێکردنەوە کارێکی پێویستە. من پێشتر کارم لەسەر ڕیالیزم و سیمبۆلیزم و لا مەعقوول و کلاسیک کردبوو، لەم ساڵانەی دواییدا دەمویست ڕێچکەی سایکۆلۆجیا تاقی بکەمەوە. ئەوە بوو لە ئارارات شانۆنامەی مەرگ و کچم لە نووسینی ئاریل دۆرفمان دەرهێنا، ئەم شانۆنامەیە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا لە شانۆ گەورەکانی ئەورووپا و ئەمریکادا، وەکو شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن و شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵم و هەروەها لە ئەڵمانیا و گەلێ لە وڵاتانی جیهان پێشکەش کرابوو. ئەمە جگە لەوەی کە ڕیژیسۆری بەناوبانگی سینەما ڕۆمان ڕۆلانسکی وەکو

فیلم پێشکەشی کرد.

دیارە من بۆیە باسی ئەمە دەکەم، تاکو بایەخ و گرنگی دەقەکە بسەلمێنم، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خاڵێکی گەلێ گرنگە بۆ ڕیژیسیۆر. ڕیژیسیۆر دەبێ تەواو لەوە دڵنیا بێ کە دەقی شانۆنامەکەی شاکارە و ئەدەبێکی بەرزە و بەرهەمی دراماتوسێکی کارامە و دەست ڕەنگین و وەستایە، هەروا بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، بۆیە ئەدەبی شانۆی جیهانی لەم ڕووەوە پتر جێگای متمانەیە، بە بەراورد لەگەڵ نووسینی خۆماڵی.

## شانۆنامەکەت و ڕیژیسیۆران

کە شانۆنامەیەک سەرنجت ڕادەکێشێ و بیر لە دەرهێنانی دەکرێتەوە بۆ ئەوەی پتر لە بایەخ و پایەی شانۆنامەکە دڵنیابی، دەکرێ ڕێگەیەکی دیکە بگریتە بەر، ئەویش ئەوەیە هەوڵ بدە لە مێژووی ئەو شانۆنامەیە لەلای ڕیژیسیۆرانی دیکە بکۆڵەوە، هەروەها بزانە لەکام شانۆی خاوەن پرۆفیل و پایەداردا پێشکەش کراوە. ئەمە بە جیهانبینی ڕیژیسیۆرانی دیکەت ئاشنا دەکات و دید و بۆچوونەکانت فراوان و قووڵتر دەکات.

گەر شانۆنامەی پشکنەری گۆگۆل بە نموونە وەربگرین، شانۆنامەکە لە سەردەمی خۆیدا لەلایەن ستانیسلاڤسکی و میرهۆلد، پاشان لەم سەردەمەدا لەلایەن تۆڤستۆنۆگۆڤ و پلۆچک و دەیان ڕیژیسیۆری بلیمەتی ڕووسیادا دەرهێنراوە، ئیدی گومان لەوەدا نامێنێ کە ئەم شانۆنامەیە شاکارە و لە ڕووی سەنعەت و تەکنیکەوە بێ غەل و غەشە و کەموکوڕی و کەلێن قبووڵ ناکات، چونکە بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەیان ڕیژیسیۆر و دراماناس و دراماتۆرگی پسپۆڕدا تێپەڕیوە، بۆیە ئەوە بکە بە پێوەر، ڕیژیسیۆرە بە تواناو کارزانەکان قەت شانۆنامەی سەقەت و لاواز هەڵنابژێرن.

یەکێ لە ڕێگا کورتەکانی یەکلاکردنەوەی دەقی شاکار ئەوەیە، لە مێژووی شانۆ ئەو ڕاستییەت بۆ ساغ بێتەوە کە ئەو دەقە سەرکەوتووانە کامانەن کە ڕیژیسیۆرە بلیمەتەکان پەسەندیان کردوون و کاریان لەسەرکردوون؟ گەر دیقەت بدەی یەکسەر بۆت دەردەکەوێ شاکارەکانی شانۆ لەم دەست و ئەو دەستی کەڵە ڕیژیسیۆرانی جیهاندا دەستاودەستی کردووە.

چەندین هەزار جار هاملێت لەلایەن ڕیژیسیۆرە بەتواناکانی غەیرە ئینگلیزەوە خراوەتە سەر تەختەی شانۆ، شانۆنامەکانی وەک تەرتووفی مۆلییر و ڤانیای چێخۆڤ و ماڵی بووکە شووشەی ئیبسن و سەدانی دیکەش، لە وڵاتانی دەرەوەی وڵاتانی نووسەرەکانیان پێشکەش کراون و بەردەوامیش پێشکەش دەکرێن. ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەفسانەی دەقی خۆماڵی پووچ دەکاتەوە، ئەوەش دەسەلمێنێ کە هەموو دەقێکی سەرکەوتوو و هونەری بۆ ڕیژیسیۆری خاوەن فەنتازیا و خەیاڵ، خاوەن بەهرە و میتۆد و ستیل، دەقێکی خۆماڵییە و لە هەمان کاتیشدا دەقێکی جیهانییە یان چاکتر وایە بڵێم گەردوونییە، ئەوەش پابەندە بە جیهانبینی و ئاستی ڕۆشنبیری و هونەری ڕیژیسیۆرەوە. ڕیژیسیۆری خاوەن دید و جیهانبینی فراوان و بەربڵاو، هەموو کەلەپووری ئینسانی بەهی خۆی دەزانێ و وا هەست دەکا کە شەکسپیر و مۆلییر و بێکیت لە دراوسێ و هاوشارییەکەی قووڵتر و هونەرییانەتر گوزارشتی لێوە دەکەن.

کە ڕیژیسیۆر کار لەسەر شانۆنامەیەک دەکا، دەبێ باوەڕی لەو هەستەوە سەرچاوە بگرێ کە ئەو بەرهەمە بەتایبەت بۆ ئەم و ئەنسامبڵەکەی نووسراوە. دەبێ باوەڕێکی ئەوتۆی هەبێ کە ئەم بەرهەمە هەر ئەمڕۆ بۆ ئەو سەردەمە نووسراوە. هەرچەندە کاری گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە شانۆنامەکە کردبێ، تەنانەت ئاگاداری شێواز و چۆنیەتی پێشکەشکردنەکەی لەلایەن ڕیژیسیۆرانی پێش خۆیەوە هەبێت، بەڵام کە دەست بەکاردەبێ، چ خۆی و چ ئەنسامبڵەکەی دەبێ وا کاری لەسەر بکەن وەک ئەوەی ئەو شانۆنامەیە بۆ ئەوان نووسرابێ و سەد لەسەد لەگەڵ سەردەم و توانا و ئیمکانیاتی ئەوان دەگونجێ. وەکو منۆچکین دەڵێ: وا هەست دەکەین نووسەر شانۆنامەکەی خۆی هەر دوێنێ بە فاکس بۆ ناردووین.

## هەڵبژاردنی تێکست

هەوڵ بدە لە هەڵبژاردنی تێکستی شانۆییدا هەڵە نەکەی. سەرکەوتنت لە هەڵبژاردنی دەقدا، یانی ئیمکانیەتی سەرکەوتن لە سەرجەمی نمایشەکەدا. بە پێچەوانەوە، گەر لە هەڵبژاردنی شانۆنامەکەدا بە هەڵەدا بچی، ئیدی هیچ شتێک دادت نادات و مەحاڵە



**دیمەنێک**
**لە شانۆگەریی**
**«ڕووتبوونەوە»**

نمایشێکی باش بەرهەم بهێنی.

ڕێژیسـێـوری ئەمـریکایی جیـمس ڕۆدگـەرس دەڵێ: هەڵبـژاردنی شانۆنامـە وەکـو هەڵبـژاردنی هاوسەر وایە، ئەگـەر لە هەڵبـژاردنیـدا بە هەڵە بچی، سـەرتاسـەری پرۆسەی پرۆڤەکردن و نمایشەکەت پڕ دەبێ لە گیروگرفت و کێشە، هەرچەندە هەوڵ بدەی و تێبکۆشی کارەکەت بە شکست و نەهامەتی کۆتایی پێ دێ.

هارۆلد کلورمـان دەڵێ، هەندێ جـار ئامـۆژگـاری قـوتابییـەکـانم دەکـەم و پێـیـان دەڵێم: دەقی باش و ئەکتەری باش هەڵبژێرن، دەبن بە ڕێژیسێوری باش. واتە دەقی خراپ کەس ناکات بە ڕێژیسـێورێکی باش. دەقی خراپ یان دەقی لاواز دەرگا و پەنجەرەی تێدا نییە تاکو ڕێژیسـێور بە کلیلەکـانی خۆی بیـانکاتەوە، دەقی لاواز پانتایی و فەزای تێیدا نییە تاکو ڕێژیسێور ئیمکانیاتی خۆی و کەشفـەکانی فەنتازیا و خەیاڵی تێدا پیشـان بدات. دەقی لاواز لەسەر شانۆدا جیـهـانێکی زیندوو و دینامیکی لێ ناوەشێتەوە.

سێ پرسیاری گرنگ هەن کە ڕێژیسێور دەبێ لە دەست نیـشـانکردنی دەقـدا ئاراسـتـەی خـۆی بکا. ئەم سێ پرسیـارە پێیان دەگـوترێ سێ گۆشـەکە: ئەو دەقـە تا چ ڕادەیەک بۆ خەڵک دەگونجێ؟ تا چ ڕادەیەک بۆ شانۆکەت و بۆ ئەکـتـەرەکانت دەگـونجێ؟ تا چ ڕادەیەک بۆ جیـهانی سەر شانۆ دەگونجێ؟

بۆ خـەڵـک واتە: چەند بەلای خـەڵکەوە پەسـەندە و بابەت و فیکرەکەی چەند لە خەڵکەوە نزیکە و تا چەند گـوزارشـتـیـان لێ دەکـات. ئایا زمـانی ئەو شـانۆنامـەیە لەگـەڵ ئاسـتی ئەو خـەڵکە دەگـونجێ. ئایا پەیامی شـانۆگـەرییـەکـە بۆ ئەوانەی دێن بۆ تەمـاشـاکـردنی بە کەڵکە؟ ئایا پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی شانۆنامەکە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ ئەو جـەمـهـوورەی تەمـاشـای دەکـا؟ ئایا لە شـانۆنامـەکـەتدا دیمەنی جـووڵە و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەوتۆی تێدایە کە لەگەڵ چێژی گشتی ئەو خـەڵکەدا نەگونجێ؟ بۆ نموونە دیمەنی سێکس یان ماچ کردن یان سەما و دەست لەملانێ... تاد.

بۆ شـانۆکـەت و بۆ ئەکـتـەرەکـانت: ئایا شـانۆکـەت لە ڕووی دارایی و بودجەوە دەتوانێ ئەو شانۆگەرییە بەرهەم بێنێ؟ ئایا ئەکـتـەرەکـانت توانای هونەرییـان بەسـەر نمایشکردنی ئەو شـانۆنامـەیەدا دەشکێ؟ سـەبارەت بە جیـهـانی شانۆش: دەبێ ئەوە لێک بدەیتەوە کە جیهانی ئەو دەقە تا چ ئاستێک لەسەر شانۆدا زیندوو دەبێ. ئایا لایەنی تەکنیکی شانۆگەرییـەکـە وەکو سینۆگـرافیـا و ڕووناکی و دەنگ و مۆسیقاو جلوبەرگ و ئێکسسوار لە

ڕووی پراکتیکییەوە ئەنجام دەدرێ؟ ئایا ئیمکانە وێنەیەکی هونەری ئەوتۆی دەقەکە لەسەرشانۆدا بخوڵقێ؟

**ئەرێ شانۆگەرییەکە دەربارەی چییە؟**

ئەم پرسیارە ساکارە پرسیاری جەمهوورە. کە بە هەر کەسێک دەڵێم شانۆنامەیەک نمایش دەکرێ و برۆ بیبینە، یەکسەر لێم دەپرسێ، باسی چی دەکا؟ دەربارەی چییە؟

لە ڕاستیدا تەنانەت تۆش وەکو ڕیژیسیۆر، کاتێ کە بۆ یەکەم جار دەقێک دەخوێنیتەوە، هەر ئەم پرسیارە سادەیە دەکەیت.

یەکەم بڕیارت لە هەڵبژاردنی شانۆنامەیەکدا گەلێ گرنگە. پرسیارێک سەبارەت بە هەڵبژاردنەکەت گەلێ گرنگە کە ئەوەیە: چی وات لێ دەکات ئەو شانۆنامەیەت بەدڵ بێ و بتەوێ بیخەیتە سەر شانۆ؟ گەر ڕاشکاوانە و بێ پێچ و پەنا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە دەڵێم: بابەتەکە و فۆرمە هونەرییەکەی.

کە وەڵامی ئەم پرسیارەت دایەوە و زانیت ئەو هۆکارە چییە، ئەمجا تا دەتوانی ئەو شتە یان ئەو ڕەگەزە لە نمایشەکەتدا تەواو ساغ بکەرەوە و جەختی لەسەر بکە و هەمەوو هەوڵێ بدە زیندوو ڕایگری. وەکو ستانیسلاڤسکی دەڵێ ئەو شتە بکە بە ئەرکی سوپەر سەرەکی.

بەڵام بە تەنیا ئەوەش بەس نییە. لە سەرووی هەمەوو ئەمانەوە، دەبێ ئەو شانۆنامەیەت خۆش بوێ و تەواو حەزی لێ بکەی. دەبێ ناخت ببزوێنێ و تەواو بێگومان بی لەوەی کە ئارەزووی بەرجەستەکردنی ئەو دەقەت هەیە. ئەنجا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدە. حەقیقەتی ئەوەی کە دەقەکە سەرکەوتووە و لەهەمەوو ڕوویەکەوە بێ خەوش و کەلێنە، بەس نییە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەی، دەبێ عاشقی ئەو دەقە بی، ئەگەرنا تووشی کێشەیەکی گەورە دەبی.

تۆ کە شانۆنامەیەک هەڵدەبژێری، دەبێ بە درێژایی کارکردن هەوڵ بدەی گیانی بخەیتە بەر. لە ڕاستیدا دەرهێنانی شانۆیی یانی گیان خستنەبەر دەق، واتە، کاری ڕیژیسیۆر لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ژیان بەدەق ببەخشێ.

تۆ ناتوانی گیان بخەیتە بەر دەقێک ئەگەر تا ڕادەی عیشق خۆشت نەوێ. ئەگەر یەک تۆزقاڵ لە دەقەکە بەگومان و دوو دڵ بی، ئاکامی کارەکەت بێ هوودە دەبێ و پاش چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک لە پرۆڤەکردن مایەپووچ دەبی.

دوو جەمسەر کار دەکەنە سەر هەڵبژاردنی هەر شانۆنامەیەک، ئەویش ناوەرۆک و فۆرمی هونەرییە. هەوڵ بدە قەت یەکێ لەم دووانە فەرامۆش نەکەی.

لە هونەردا ناوەرۆک و فۆرم شان بەشانی یەکدی دەڕۆن. ڕاستە پێوەندی نێوانیان بەگشتی ئاڵۆزە، لە مەیدانی ئێستێتیکادا گەلێکی لەسەر نووسراوە، بەڵام لە هونەری شانۆدا چ هاوئاهەنگیان چ کۆنتراستیان لەگەڵ یەکتری، گەلێ گرنگە.

ستریێلەر دەڵێ: قەت شانۆنامەیەکم تەنیا لەبەر ناوەرۆکەکەی یان تەنیا لەبەر فۆرمەکەی هەڵنەبژاردووە.

**بۆ ئەم شانۆنامەیە؟ بۆ ئێستا؟ بۆ لێرە؟ بۆ کێ؟**

هارۆلد کلورمانی کەڵە ڕێژیسیۆری ئەمریکایی دەڵێ: لە هەر ڕیژیسیۆرێک بپرسی چیت دەوێ؟ لەوانەیە پیت بڵێ شانۆنامەیەکی باشم دەوێ، بەڵام مانای شانۆنامەی باش لە ڕیژیسیۆرێکەوە بۆ ڕیژیسیۆرێکی دی دەگۆڕێ. لێرەدا نامەوێ بچمە ناو مەیدانی ئەدەبی شانۆیی و بواری دراماتورگییەوە.

ئەوەندە دەڵێم کە شانۆنامەیەکی باش بەلای منەوە چی دەگەیەنێ، یان ڕاستتر وایە بڵێم کە لە هەڵبژاردنی شانۆنامەیەکدا چی لەبەر چاودەگرم.

منیش وەکو ڕێبەرەکانی شانۆ، وەکو مەیەرهۆڵد، ستانیسلاڤسکی، تۆڤستۆنۆگۆڤ، کلورمان پێم وایە دەقێکی باش ئەو دەقەیە کە بەرهەمێکی ئەدەبی ئاست بەرز بێ، پێوەندی بە ڕۆحی سەردەمەوە هەبێ، زمانێکی گەرم و پڕ وزەو توانای مەجاز و شیعری هەبێ و کەسایەتییەکانی زیندووبن و خاوەن سیمای دیار و ئاشکرابن.

من دەزانم لەناو ڕیژیسیۆراندا کەسانی وا هەن کە شانۆنامەیەک دەردەهێنن، هەر لەبەر ئەوەی دەرهێنانەکەی بە ئاسانی بۆ دەڕەخسێ، دەشزانم ڕیژیسیۆری وا هەیە کە دەڵێ من گوێ بە جەمهوور نادەم، یان بەلامەوە گرنگ نییە جەمهوور هەبێ یان نەبێ. من دژ بەو جۆرە ڕیژیسیۆرانە نیم، بەڵام من لەو جۆرە ڕیژیسیۆرانە نیم.

پێوەری سەرەکیم لە هەڵبژاردنی دەقدا، پێوەندی

دەقەکەیە بە سەردەمەکەوە و گەیاندنی ئەرکی وەکو ستانیسلاڤسکی دەڵێ سوپەر سەرەکییە، واتە: بۆ ئەم شانۆنامەیە؟ بۆچی ئێستا؟ بۆ لێرە؟ بۆ کێ؟

### تۆ ناتوانی هاملێت بێ هاملێت دەربهێنی

بەر لە هەموو شتێک دەبێ دەقێک هەڵبژێری کە لەگەڵ توانای شانۆکەت و ئەکتەرەکانتدا بگونجێ. تۆ ناتوانی هاملێت دەربهێنی ئەگەر ئەکتەرێکی بە توانات نەبێ ڕۆڵی هاملێت ببینێ. ئەگەر هەر سەرکێشی بکەی بەرهەمێکی کرچ و کاڵ بە ئەنجام دەگەیەنی. ئەمە خاڵێکی گەلێ گرنگە، کە پێم دەڵێن فلانە ڕێژیسێر هاملێت یان یۆلیۆس سیزەر دەردەهێنێ یەکسەر دەپرسم کێ هاملێتە؟ کێ یۆلیۆس سیزەرە؟ ئەگەر جەمهوور توانای ئەکتەرەکەت بزانن و پێشتر بیناسن و بزانن ئەکتەرەکەت ئەو بارەی پێ هەڵناگیرێ، کارەکەت بە هەند وەرناگرن و بە چاوێکی نزمەوە تەماشای بەرهەمەکەت دەکەن.. گەلێ لە ڕێژیسێرانی دنیا خەون بەم شانۆنامە و بەو شانۆنامەیەوە دەبینن، بەڵام لەبەر نەبوونی کاستی تەواو خۆیانی لێ نادەن.

لە ئینگمار بێرگمانیان پرسی بۆچی خۆت لە شانۆنامەکانی چیخەف نادەی، لە وەڵامدا گوتی چونکە شانۆنامەکانی ئەگەر تاکە یەک ئەکتەری لاواز بێ، تێکرای بینای شانۆگەرییەکە دەڕووخێنێ.

هارۆلد کلورمان دەگێڕێتەوە کە جارێک لە هێلینا ڤایگڵی هاوسەری بریختیان پرسی کە ئەو سەردەمە بەڕێوەبەری شانۆی بەرلینەر ئەنسامبل و ئەکتەری یەکەمی شانۆکەش بوو، کە بۆچی شانۆنامەی شڤایگ لە جەنگی دووەمی جیهاندا دەرناهێنن؟ ئەمە لەکاتێکدا کە شانۆنامەکە لە پاریس و لە چەندین شاری دیکەی ئەڵمانیادا نمایش کرابوو، لە وەڵامدا گوتی: چونکە ئەکتەرێکی وا باشمان نییە کە ڕۆڵی شڤایگ ببینێ.

### هزری سەرەکی

هزری سەرەکی دەبێ لای هەموو ئەکتەران و کارمەندان و تەکنیکارانی شانۆمەکە ڕوون و ئاشکرا بێ، ئەمەش تەنیا کاتێ دێتە دی کە لەلای ڕێژیسێر خۆی ڕوون و ئاشکرا بێ و سووک و ئاسان و پوختە داڕێژرابێ. ئەکتەران لە هەموو هەنگاوێکیاندا دەبێ هزری



**دیمەنێک لە شانۆگەریی «دگێڕەن»**

سەرەکییان لە مێشکدا چەسپابێ، پێم وایە کەس وەکو ستانیسلاڤسکی ئەمەی بە وردی و میتۆدیکانە ڕوون نەکردۆتەوە. گەر ڕێژیسێر بیەوێ لە گرنگی هزری سەرەکی تێبگا و کاری لەسەر بکا، باشتر و بەوردی بابەتی ئەرک و ئەرکی سەرەکی و سوپەر ئەرکی سەرەکی ستانیسلاڤسکی بخوێنێتەوە و لە پراکتیکدا کاری لەسەر بکا، ئەم قسەیە بێگومان نەک هەر ئەکتەران، بگرە هەموو هاوکارانی ناو شانۆگەرییەکە دەگرێتەوە.

لەوە خراپتر نییە ڕێژیسێر لەنێوان دوو سێ هزردا مەلەوانی بکا. دڵنیابە ناتوانێ هیچیان بگەیەنێ، بەڵام کە ڕێژیسێر جەختی لەسەر هزرێک کرد و لە پلەی سەرەکی و یەکەمدا داینا و مامەڵەی لەگەڵدا کرد، تەنانەت ئەگەر بە تەواوەتیش گوزارشتی لێ نەکا، ئەوە تاڕادەیەکی باش دەگەیەنێ، باشتر لەوەی چەند هزرێک بەنیوە و ناچڵی بەدەستەوە بدات.

چەند باش لە هزری سەرەکی شانۆنامەکەت تێگەیشتبی، ئەوەندە ئاسانتر و کارامەتر بەرجەستەی

دەکەی. ئەگەر ڕاست لە هزری سەرەکی شانۆنامەکەت بگەی، دەتوانی هەموو بەش و دیمەنەکانی شانۆنامەکە لە یەک یەکەدا، لە یەک سەرجەمدا بەرجەستە بکەیت، چونکە لە ڕاستیدا هزری سەرەکی ئەو هزرەیە کە هەموو پارچەکانی شانۆگەرییەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

جارێک لە کچە دەرهێنەرێکی سوێدی کەم ئەزموونم پرسی کە خەریکی دەرهێنانی شانۆنامەیەکی نەرویجی بوو: پرۆڤەکانت چۆن دەڕۆن؟ گوتی خراپ ناڕوات، بەڵام سەبارەت بە هزری سەرەکی شانۆنامەکە کێشەیەکی گەورەم هەیە. شانۆنامەکە ئەوەندە هزری جۆر بەجۆری تێدایە، نازانم کامیان بە سەرەکی بژمێرم و کامیان بە لاوەکی دابنێم.

پێم گوت: ئەوە تەنیا پابەندە بەخۆتەوە. کامیان بەلای تۆوە مەبەستە، کامیان لەوانی تر بەهێزترە، ئەوەیان دەبێ بە هزری سەرەکی. تۆ سەرپشکی، بەڵام بەرپرسی لە گوزارشت کردن لەو هزرە و بە هەمان شێوەش بەرجەستەکردن و گەیاندنی.

ئەمەی من بەو کچەم گوت، یەکێکە لەوانە بنچینەییەکانی بواری دەرهێنان. ڕێژیسێری ئەمریکایی ڕۆبیرت ولسن دەڵێ: شانۆ بەر لە هەموو شتێک دەبێ باس لە یەک شتی سەرەکی بکا، پاشان دەکرێ باسی ملیۆنان شتی دیکە بکا.

تا بۆت دەکرێ هزری شانۆنامەکەت بە کورتی دارێژە، ئەگەر دەکرێ لە یەک ڕستەدا دایڕێژە. تێری جۆن کۆنڤیرس، ڕێژیسێر و مامۆستای هونەری دەرهێنان لە ئەمریکا، پێی وایە باشترین دیمەن بۆ دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی هزری سەرەکی، دیمەنی لوتکەیە، چونکە لەوێدا کێشە و ململانێ زەق و ڕوونتر دیارە. لە دیمەنی لوتکەدا بواری زۆر بڵێی و پێچ و پەنا نییە، هەموو کەسێ لەوێ دەیەوێ ڕاستەوخۆ و ڕاست و ڕەوان گوزارشت لە خۆی بکا.

هزری سەرەکیش دەبێ ئاوا بێ و ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا بێ.

### دەستنیشانکردنی هزری سەرەکی

دەست نیشانکردنی هزری سەرەکی شانۆنامەکە هەموو دەمێ ئاسان نییە، بەتایبەتی کە شانۆنامەکە چەند هزرێک هەڵ بگرێ و قابیل بەوە بێ بە چەند جۆرێک لێک بدرێتەوە، ئەمە بۆ نموونە لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا بەزەقی بەدی دەکرێ. لە کۆتاییدا ڕێژیسێر سەربەستە لە خوێندنەوەی شانۆنامەکە و داکۆکی کردن لەو هزرەی پێی پەسەندە، گرنگ ئەوەیە چەند لە چەسپاندن و گوزارشت لێوەکردنیدا سەرکەوتوو دەبێ.

گەر بۆ نموونە باس لە هزری سەرەکی شانۆنامەی ئۆتێللۆی شەکسپیر بکەین، دەکرێ بڵێین هزری سەرەکی شانۆنامەکە دەربارەی دڵ پیسییە، دەشکرێ بڵێین دەربارەی خۆشەویستی و ڕقە، مییرهۆڵد دەڵێ نە ئەمیانە و نە ئەو، شانۆنامەی ئۆتیللۆ بەلای منەوە دەربارەی شەڕخوازی ناو دەروونی مرۆڤە. دیارە شانۆنامەکە بەم هەموو هزرە جیاوازانەوە پێشکەش کراوە، هەر نمایشە و بەڵگە و مۆتیڤی خۆی هەیە. لەلایەکی دیکەوە، دەبێ ئەوە لەبیر نەکەی، هەموو کاتێ هزری نووسەر و هزری ڕێژیسێر مەرج نییە یەک بن، ئەو نموونەیەی مییرهۆڵد وا بزانم، بەڵگەیەکی باشی ئەم بۆچوونەیە.

هەرچۆنێ بێ دەبێ هزر یان هزرەکانت لە ناو هەناوی شانۆنامەکەتەوە هەڵبقوڵێ، دەنا لەگەڵ نووسەردا دەکەویتە شەڕێکی بێ هوودەوە، کە لەکۆتاییدا لە بەرژەوەندی پرۆسەی داهێناندا نابێ.

کە هزری سەرەکی شانۆنامەکەت دەستنیشان کرد، هەوڵبدە دوای حەدسی خۆت بکەوی و ئەو هێڵەی کە هزری سەرەکی شانۆگەرییەکە دەیەوێ، ئەو هێڵە بگرە و لێی لامەدە. هەوڵ بدە دوای خەیاڵ بکەوی نەک مەنتیق، هەوڵ بدە دوای دڵت بکەوی نەک عەقڵ. بیر لە جەمسەر بکەوە نەک لە کەماڵ.

### دەق و تاکە تایبەتمەندییەک

نەکەی شانۆنامەیەک تەنیا لەبەریەک تایبەتمەندی هەڵبژێری. وەکو ئەوەی شانۆنامەکەت باسی بابەتێکی گرنگ بکات و ناوەرۆکەکەی سەرنجت ڕاکێشێ، بەڵام پێکهاتەی هونەری و تەکنیکی نووسینی لاواز بێ. ڕەنگە شانۆنامەیەک لە دارشتنی دیالۆگ و ئاخاوتنەوە گەلێ پەسەند بێ، بەڵام وەکو دراما و کردار لاواز بێ. هەندێ کەس بە زمانی شیعری شانۆنامەیەک دەخەڵەتێن کە ڕەنگە لە ڕووی بینای دراميیەوە لەنگ بێ. دەبێ بە یەک ڕەهەند و بەیەک چاو تەماشای دەقی شانۆیی نەکەی،. شانۆنامەی سەرکەوتوو ئەو شانۆنامەیەیە کە

هەموو ڕەگەزەکانی شانۆ نووسینی تێدایە، تەنیا یەک تایبەتمەندی، شانۆنامەیەک ناکات بە شانۆنامەیەکی سەرکەوتوو. ڕیژبسیۆران زۆرجار بایەخ و گرنگی بابەتی شانۆنامەکە وەکو ناوەرۆک یان هزری سەرەکی، هەڵیاندەخەڵەتێنێ و چاویان لە ئاستی لاوازی لایەنەکانی دیکەی دەقەکە دەنووقێنن. پاشان لە پرۆڤەکان و نمایشدا کێشە ڕاستەقینەکانی دەقەکەیان بۆ دەردەکەوێ، چونکە هەرچەند و وردبینانە دەق بخوێنێتەوە وەکو ئەوە لێی تێناگەی کە لە کاتی پرۆڤەدا لێی تێدەگەی.

**هێڵی چیرۆکی شانۆنامەکە / چیرۆک گێڕانەوە**

لەناو شانۆنامەکەتدا یەک چیرۆک هەیە کە چیرۆکی سەرەکییە، ئەویش ئەو چیرۆکەیە کە بیناو هەیکەل (حبکە)ی شانۆنامەکەت پێکدێنێ، ئەگەر شان بەشانی چیرۆکی سەرەکی، چیرۆکێ یان چەند چیرۆکێکی دیکە هەبن، ئەوە ئەو جۆرە چیرۆکانە پێیان دەگوترێ چیرۆکی لاوەکی، کە لە بنەڕەتدا دەکەونە پەراوێزی چیرۆکە سەرەکییەکەوە.

کاری تۆ بە پلەی یەکەم دەبێ لەگەڵ چیرۆکە سەرەکییەکە بێ. دەبێ چیرۆکی سەرەکی بەرز ڕاگری و بە هیچ جۆرێ لێی لا نەدەیت. دەبێ بایەخ پێدانت بە چیرۆکەکانی پەراوێزی چیرۆکە سەرەکییەکە، تا ئەو ڕادەیە بێ کە خزمەت بە چیرۆکە سەرەکییەکە بکا.

ئەوەی کە سەرنجی بینەر بۆ شانۆگەرییەکەت ڕادەکێشێ و بە درێژایی نمایشەکە ڕایدەگرێ، هێڵی چیرۆکی سەرەکی شانۆنامەکەیە و چۆنیەتی گێڕانەوەیەتی. گەر لە هێڵی چیرۆکی سەرەکی شانۆنامەکە لابدەیت یان بزری بکەی، ئەوە سەرنج و ئاگا و هۆشی بینەر لە دەست دەدەی.

ڕیژبسیۆری کارامە ڕێگا نادات چیرۆکەکانی پەراوێز زاڵ بن بەسەر هێڵی سەرەکی گێڕانەوەکەدا و دەزانێ تا چی ئاستێک دەبێ بایەخیان پێ بدرێ و لەکوێ و کەی دەبێ تیژبکرێنەوە.

بێگومان ڕەگەزی چیرۆک و هونەری گێڕانەوە نەک هەر لە شانۆدا، بگرە لە زۆربەی زۆری چەشنەکانی ئەدەبدا هەمان شتە، بەڵام لە شانۆدا بە پێچەوانەی چیرۆکی کورت و ڕۆمانەوە پتر زارەکییە. بینەر زووتر تاقەتی لە چیرۆکێک دەچێ ئەگەر هێڵی گێڕانەوەی تێدا بە ڕەوانی نەڕوات. لە ناسینەوەی هێڵی سەرەکی چیرۆکدا منداڵ گەلێ لە گەورەکان وریاترن، باشترین مەشق ئەوەیە چیرۆک بۆ منداڵ بگێڕیتەوە و سەرنج بدە کە لە هێڵی سەرەکی چیرۆکەکەت لادەدەیت چۆن ئاگادارت دەکەنەوە.

خۆڕاهێنان و مەشقکردن لەسەر هێڵی چیرۆکی سەرەکی و هونەری گێڕانەوەی چیرۆکەکە، بۆ هەموو ڕیژبسیۆرانی شانۆ و سینەما گەلێ گرنگە. کە ڕۆمانێک یان چیرۆکێک دەخوێنێتەوە، کاتێ تەماشای شانۆگەرییەک یان فیلمێ دەکەی، بایەخ بە هێڵی سەرەکی ڕووداوەکە بدە، بزانە چیرۆکەکە چەند بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەکتەران تا چ ڕادەیەک ئاستی گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە ڕادەگرن، ئایا دەتوانی ئەم تەکنیکە ئاسانە بۆ خۆت بکەی بە مەشق و ڕاهێنان؟

تەرزێک شانۆنامە هەیە کە نەک هەر ڕەگەزی چیرۆک گێڕانەوەی تێدا گرنگە، بگرە هەر شانۆنامەکە خۆی لەسەر ستروکتۆر و قەوارەی حیکایەتخوانی نووسراوە.

لە دەرهێنانی ئەو جۆرە شانۆنامانەدا چاکتر وایە، و ۆرک شۆپێکی چیرۆک گێڕانەوە، یان حیکایەتخوانی بۆ ئەکتەرەکانت ڕێک بخەیت.

یان چاکتر وایە شارەزایەک یان پسپۆڕێکی ئەو بوارە مەشق بە ئەکتەرەکانت بکا، ئەگەرنا با ئەکتەرەکان خۆیان و ۆرک شۆپەکە ببەن بەڕێوە و سەرنجی یەکدی بدەن و یارمەتی یەکدی بدەن.

ئەزموونی شەخسی خۆم لەم بوارە و لە شانۆگەری هەزار و یەک شەوەدا ئەوەی بۆ سەلماندم کە و ۆرک شۆپی گێڕانەوە بێ ئەندازە سوودبەخشەو توانی تەکنیکی گێڕانەوەی ئەکتەران گەلێ بەجوانی ڕێک بخات. شانۆنامەی هەزار و یەک شەوە بریتی بوو لە چەند چیرۆکێکی ناو کتێبی هەزار و یەک شەوە.

دراماتۆرگ و ڕیژبسیۆری بەریتانی دومەنیک کووک لە دارشتەیەکی درامیدا، هونەری گێڕانەوە و حیکایەخوانی تێکەڵ بە هونەری ئەکتەر کردووە و شانۆنامەیەکی پتەوی لێ خولقاندووە.

هونەری گێڕانەوە لەم سەردەمەدا لە زۆربەی هەرە زۆری کۆلێج و پەیمانگاکاندا دەخوێندرێ.

لە خۆڕاییش نییە کە ڕیژبسیۆرێکی وەکو پیتەر برووک ڕێگای وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیای گرتەبەر، بۆ ئەوەی

ئاشنای دینامیکیەت و وزەی هونەری گێڕانەوەی ئەو وڵاتانە بێ و سوودیان لێ وەرگرێ. لە ئەنجامیشدا نمایشگەلێکی نەمری وەکو مەهاباراتا و کۆنفراسی باڵندانی پێشکەش بە شانۆی سەدەی بیستەم کرد، کە تێیاندا وزە و دینامیکیەتی تەکنیکی هونەری چیرۆک گێڕانەوە باڵادەست و بێ وێنەیە.

مەشق و ڕاهێنان لەسەر هونەری چیرۆک گێڕانەوە یەکێکە لە ڕاهێنانەکانی برووک بۆ پێگەیاندنی ڕیژیسێور. هونەری گێڕانەوە بەپێی چەشنی ئەدەبی و فۆرمی هونەری لە شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەکی دی دەگۆڕێ، بۆ نموونە شانۆی داریو فۆ، چ وەکو پێکهاتەی دراماکە و چ وەکو دەرهێنان و نواندن، یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی شانۆی سەدەی بیستەم، کە لەسەر تەکنیکی گێڕانەوە بنیات نراوە. شێوازی شانۆی داریۆفۆ لەسەر بنەماکانی کۆمیدیای میللی و کۆمیدیای دیل ئارتێ دەڕوات.

ئەرکی بنچینەیی ئەکتەرێ کە بە زارەکی چیرۆک دەگێڕێتەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە توانای ئەوەی هەبێ فانتازیا و خەیاڵی بینەر ببزوێنێ. ئەکتەر کە نمایش دەکا دەبێ پێوەندی لەگەڵ بینەردا دروست بکا، بە شێوەیەک کە ڕایکێشێتە ناو جیهانی چیرۆکەکەوە. ئەکتەر بە پێچەوانەی چیرۆکخوان یان داستانبێژی ئاسایی، دوو ئەرکی لەسەرە، دەبێ بیگێڕێتەوە و بەرجەستەش بکا.

ئەکتەرەکانت فێری لێک جوداکردنەوەی ئەم دوو ئەرکە بکە، چونکە کام شانۆنامە بگری خۆی لەخۆیدا چیرۆکێکی تێدایە و ئەکتەر دەبێ بیگێڕێتەوە، ئەرستۆ دەڵێ شانۆگێڕانەوەی چیرۆکێکە. تەنانەت شانۆی مەلحەمەئامێزی برێختیش کە بەرامبەر بە شانۆی ئەرستۆ وەستاوەتەوە، لەسەر گێڕانەوە دەڕوات و پێویستی بە ئەکتەرێکی حیکایەت بێژە، ئەکتەر لە شانۆی برێختدا ئەگەر لە تەکنیکی گێڕانەوەدا کارامە نەبێت، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. هونەری گێڕانەوە مەرجێکی دراماتۆرگیانەی شانۆی برێختی نووسەرە. لە هەمان کاتدا تەکنیکێکی هونەریشە لەلای برێختی ڕیژیسێور. برێخت تا ئەو ڕادەیە گێڕانەوەی لە شانۆنامەکانیدا بە بەردی بناخە داناوە، ئیدی ناوی بەش و دیمەن و ئێپیسۆدەکانی شانۆنامە مەلحەمییەکانی لەشێوەی چیرۆکدا داڕشتووە. هەر بۆ نموونە بڕوانە شانۆنامەی گالیلیە: گالیلیە لە ڤاتیکان، گەلیلیە لە ڕۆما..

بەر لە پرۆڤەکردن لە شانۆنامەی هەزارویەک شەوە، پسپۆڕێکی چیرۆک گێڕانەوەم بۆ سازکردنی و ۆرک شۆپێکی سێ ڕۆژە بۆ ئەکتەران بانگهێشت کرد. ماتس ڕێنمان، پسپۆڕێکی بەناوبانگی تەکنیکی گێڕانەوەیە و نووسەری کتێبی (دەنگی چیرۆک)ە کە لە سوێد بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم هونەرە دادەنرێ. لە دیالۆگەکانی شانۆنامەی هەزار و یەک شەوەدا، گێڕانەوە و نواندن هاوتەریبن و هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی شان بە شانی یەکدی دەڕۆن. وای پێویست دەکرد ئەکتەر تەواو بەسەر تەکنیکی هەردوو هونەرەکەدا زاڵ بێ. نەک هەر ئەوەندە، ڕۆڵ گۆڕینەوە بەشێوەیەکی خێرا لەنێوان نمایشکردن و چیرۆک گێڕانەوە، مەرجێکی سەرەکی نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیەیە. کە لەسەر شانۆنامەی گیلگامێش دەستم بە پرۆڤەکرد لە شانۆیەکی دیکەدا هەمان ئەزموونم لەگەڵ ماتس ڕێنماندا دووبارە کردەوە. ئەمجارەیان و ۆرک شۆپەکەمان هەفتەیەکی خایاند، هەر لە بەیانییەوە تاکو ئێوارەی دەخایاند.

لە ئاکامی ئەو و ۆرک شۆپەدا، گەیشتمە ئەو باوەڕەی دەبێ سەرلەنوێ دەستکاری پێکهاتەی درامی شانۆنامەکە بکەم، کە هەر خۆم ئامادەم کردبوو. ئەمەش یەکێک بوو لە کەشفە باشەکانی ئەو هزر و بۆچوونانەی کە لە ئەنجامی مەشق و ڕاهێنانەکانی و ۆرک شۆپەکەوە فێری بووم. هەرچەندە گیلگامێش لەبەر گەلێ هۆی ئیداری پێشکەش نەکرا، بەڵام ئەزموونێکی گەلێ بە سوود بوو، بەر لەهەموو شتێک لە ئاستی چیرۆک گێڕانەوە و حیکایەتخوانیدا. گەر پوختەی ئەو دەرسە گرانبەهایەی کە لە ڕەینمانەوە فێری بووم داڕێژم دەڵێم: فێری تەکنیکێکی کردم کە لەناوەرۆکدا جەختکردنە لەسەر بەگەڕخستن و ئەکتیڤکردنی خەیاڵی بینەر.

بەشداری کردنی ویژدانی و لە هەندێ حاڵەتیشدا جەستەیی بینەر پێوەندییەکی پتەوی بە هونەر و تەکنیکی گێڕانەوەوە هەیە. ڕیژیسێور بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بەوە هەیە باش کار لەسەر ئەم هونەرە بکاو بزانێ چۆن هێڵی چیرۆکەکە لە دەقدا دەستنیشان بکا.

# سەمای پەرستگا، یان گەشتی مەرگ و ژیان

دانا ڕەئووف
(سوید)

**شانۆ و سەمای:**
**بەسەرهات و سەمای: ئێم تای**
**دید و ڕیژی: ئۆنگ کێنگ سێن**
**ماڵی سەما لە ستۆکهۆڵم**
**بۆچی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەمانکوژن؟**
**ئەمە ئەفسانەیە؟**
**گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە کوێن؟**
**بۆچی نابێت ئەمە لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت؟**

ئەم شانۆییە مانیفێستێکی ڕامیاری، ئاکاریی و لە هەمانکاتدا هونەرییە و گوزارشت لە قۆناغێکی خوێناوی گەلی کەمبۆدیا دەکات، نمایشەکە زۆرکاری تێکردم، هەست و هۆشی جوولاندم و ئازار و کارەساتەکانی خۆمانی هێنایەوە یادم، هێڵی هاوبەشی زۆرە، بەڵام ڕێچکە و بەر ئەنجامی کارەساتەکانی جیاوازن: هەردوو لامان ئەنفالکراوین، ئێمە بە دەستی دوژمنەکانمان، ئەوان بە دەستی خۆیان، هەردوو لامان بە شەڕی ناوخۆییەوە گلاوین، ئەوان توانییویانە ئەو کارەساتانە بکەنە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ کاری هونەری و داهێنان، ئێمە نەک کارەساتەکانمان نەبۆتە هیچ سەرچاوەیەک، بەڵکو کاری هونەریشی لێ لە دایک نەبووە.

**سەرنجێک لە ڕابردوو**

لە حەفتاکانی هەزارەی ڕابردوودا وڵاتی کەمبۆدیا تووشی کارەساتێکی گەورە و ترسناک دێت، هەزاران ژن

و منداڵ، گەنج و پیر و خەڵکی بێگوناح لە شەڕێکی دێژخایەنی ناوخۆیدا دەکوژرێن «١». لاشەی نووسەر و هونەرمەندەکان لەسەر شەقام وکۆڵانەکاندا مێش تێیان وەردێت. گوندنشین، سەرباز، ڕۆژنامەنووسەکان، بەبێ جیاوازی لە زێدی خۆیان، لەناو کێڵگە و دەزگا فەرمییەکاندا دەدرێنە بەرگوللە. هەموو ولاتەکە ئەنفال دەکرێت.

لەو هەڵمەتەدا لەسەدا نەوەتی هەموو سەمازانەکان، مۆسیقاژەن، ئەکتەر، نووسەر، شاعیر، شانۆنامەنووس، ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندەکان دەدرێنە بەر گوللە و زۆر بە ئاسانی دەکوژرێن، ڕەبەن، مامۆستا و پزیشکەکان لە سێدارە دەدرێن. لەو سەردەمەدا ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ولات بڕوانامەیان هەبووە، یان زمانێکی بیانییان زانیووە و پێوەندییان بە دەرەوەی ولاتەوە هەبووە، بە تاوانی جاسووسیی لە سێدارە دراون، یان گوللە باران کراون.

ڕژێمی پۆل پۆتس و کەمێرە سوورەکان دەیانەوێت کەمبۆدیا بکەنە هاوشێوەیەکی توندوتیژی ولاتی چین و شۆڕشە کەلتوورییە سوورەکەی «ماو» بگوێزنەوە بۆ کەمبۆدیا «٢». یەکێک لە دوژمنە گەورەکانی ئەم ڕژێمە هونەرمەند و نووسەر و کەسایەتییە ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامە بەرزەکان دەبێت، بێگومان هونەری سەماش بەر لەهەموو لقە ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەرییەکانی تری ئەم ولاتە، بەر هێرشێکی توندوتیژی قەلاچۆکردن و لەناوبردنی دەکەوێت «٣». کەمبۆدیاش خاوەنی ترادیشۆنێکی دێرینی سەما و گۆرانییە و سەرەتاکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم بنەماڵە وخێزانە پادشاکانی ئەو ولاتە.

هونەرمەندی سەمازانی پەرستگا ئێم تای یەکێکە لەو کەسایەتییە کولتوورییە زۆر کەمانەی کە توانیویەتی لە جەنگی قەلاچۆکردنی سوپا دڕندەکەی کەمێرە سوورەکاندا ڕزگاری بێت، ئەم خاتوونە سەمازانە هەر لە منداڵییەوە لە کۆشکە شاهانەییەکانی کەمبۆدیاوە پەروەردە بووە، ئێستاش تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵە و پاڵەوانی یەکەمی ئەم نمایشە سەما ئامێزەشە.

## کارەساتێکی هەمیشە ئامادە

یەکێک لە خاڵە دژوارەکانی ئەو جەنگە ناوخۆییە ئەوەیە کە تاکو ئێستا قۆناخی کەمێرە سوورەکان وەک



برینێکی سارێژ نەکراو ماوەتەوە، کەمبۆدییەکان بۆیان نییە باسی ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە بکەن، یادی قوربانییەکانیان بکەنەوە و لە هەمووشی سەختتر ئەوەیە کە هیچ کام لە پیاوکوژ و تاوانبارەکان تاکو ئێستا نەدراون بە دادگا، هیچ کەسێک سزا نەدراوە و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، نەک هەر ئەوە، بەڵکو زۆربەی دەسەلاتدارانی ئەو ڕۆژگارانە، ئەمڕۆ لە هەرەمی دەسەلاتدان و پێکی سەرکەوتن دەنۆشن. پۆل پۆتس خۆیشی، کە یەکەم بەرپرسیاری ئەو قەسابخانەیە بوو، زۆر بە هێمنی و لەسەر جێگایەکی گەرم و نەرم کۆچی دوایی دەکات، یەکێکە لە زامە قووڵەکانی هەموو تاکێکی ئەو گەلە هەژارە قوتاربوونی بێ سزای پۆل پۆتسە.

تاکو ئێستا هیچ کەسێک قەرەبوو نەکراوەتەوە، تاکو ئێستا برینی هیچ کەسێک سارێژنەکراوە، تاکو ئێستا زۆربەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان نە دۆزراونەتەوە و تاکو ئێستاش هەزاران کەس بێسەر وشوێنن لەبەر ئەوە ئەم نمایشە بۆ بەشدارانی پرۆژەکە بەتایبەتی و بۆ هەموو ئەندامانی تیپەکە بە گشتی بەهایەکی گەورەی هەیە، بەهایەکی دەروونی، سیاسی، کۆمەلایەتی، ئاکاری. بۆ



یەکەم جار ئەم هونەرمەندانە ڕووبەڕووی ئازارەکانیان بوونەتەوە و زۆر ڕاستەوخۆش لە دەرەوەی بازنەی ڕووداوەکانەوە، وەک چاودێر و بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک و قورگێکی پڕ لە هەنسکەوە دەڕواننە ڕووداوەکانی خۆیان، سەر لەنوێ تێیدا دەژینەوە، سەرلەنوێ یادەوەرییەکانیان هەڵدەکۆڵن و بەرجەستەی ڕووداو و ئازارەکانیان دەکەنەوە ئەم نمایشە سەما ئامێزە دیکۆمێنتییە لە کەمبۆدیا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و وەزارەتی ڕۆشنبیری بە کۆمەڵێ بەهانەی جۆراوجۆر نمایشەکەی قەدەغە کردووە، بەڵام تەنیا بۆ یەکجار و لە یەکێک لە زانکۆکانی شاری پنۆم پێینی پایتەختی کەمبۆدیا و کۆمەڵێ قوتابی نمایش کراوە«٤» .

## ئۆنگ کێنگ سێن

هونەرمەندی بە ڕەچەڵەک چینی ئۆنگ کێنگ سێن ong keng sen لە وڵاتی سینگاپورا دەژی، گرووپێکی شانۆیی نێونەتەوەیی The atre worksهەیە و لە هەمانکاتدا لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا، ئەوروپا، ئەمەریکا پرۆژەی شانۆیی، سەما و پێرڤۆرمێنسییەکانی پێشکەش دەکات «٥» .
ئەم هونەرمەندە نمایشێکی سەما ئامێزی دیکۆمێنتاری سەبارەت بە «سەمای پەرستگا» و ژیانی هونەرمەندی کەمبۆدی ئێم تای خولّقاندووە، هەموو سەماکە مێژوو، سیاسەت، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کلتووریی لە خۆ دەگرێت، نمایشەکە کۆمەڵێ شێواز و ستایلی جیاوازی هونەریی کۆدەکاتەوە، بەڵام دەتوانین وەک پرۆژەیەکی پێرڤۆرمێنسی دیکۆمێنتاری -documentary perforance ئاماژەی بۆ بکەین.

ئۆنگ کێنگ سێن خۆی سەبارەت بەم پرۆژەیە دەڵێت: بۆ من ئێم تای سمبولی بەهای مرۆڤ و توانای بەرەنگاربوونەوە دەگەیەنێت.

کاری ئەم هونەرمەندەش گەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوامی تیئۆری و پراکتیکی زمانی جەستە، ئاماژە و ڕووبەڕووبوونەوەیە لە نێوان دابونەریت و ترادیشیۆنەکانی ڕابردوو و بۆچوون و دیدەکانی سەردەمدا .«٦»

ئەم هونەرمەندە زۆر سەربەستانە مەرزەکان دەبڕێ، مامەڵە لەگەڵ ستایلی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات و چەرخ و سەردەمەکان، شێواز و تەکنیکە هونەرییەکان تێکەڵاو دەکات .«٧»

لەم نمایشەدا بەسەرهاتەکە، یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەورووژێنێ و وەک تارماییەکی ترسێنەری مەرگ، گەمارۆی وەچەکانی دەدات:

ڕووداوەکـــان لە دایکەوە «وەچەی یەکـــەم» زۆر بە خێرایی، لە ئاماژەکانی جەستە و جووڵەیەکی خێرای دەست و مەچەکی ئافرەتێکی بە تەمەنی حەفتاوپێنج ساڵییەوە، بۆ کچەکەی «وەچەی دووەم» دەگوێزێتەوە، ئەم هونەرمەندە ئۆنگ کێنگ سێن، زۆر زیرەکانە سێ نەوە: خـــۆی وەک ڕێژیســـۆری پرۆژەکـــە تێکەڵاوی هونەرمەندێکی بە تەمەن و کچە گەنجەکەی دەکات.

ئۆنگ کێنگ سێن، ئێم تای، وەک ئافرەتێکی بەرگر و سەمازان، کە لەیەکێک لە دژواترین جەنگەکانی قەڵاچۆکردندا قوتار بووە، دەکاتە هێمایەکی هونەری بۆ ئەو ئازار و ڕێگا سەخت و ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پرسیارمان دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەم ئافرەتە چۆن توانی ڕزگاری بێت؟ چی کردۆتە قوربانی؟ ئایا هونەر ڕێگایەکە بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی ژیان؟

## گەڕان بە دوای سەمایەکی جیاوازدا

ئۆنگ کێنگ سێن بەر لە شەش ساڵ دەچێتە وڵاتی کەمبۆدیا، سەرەتا لە شاری پنۆم پێینی پایتەخت و دواتر لە شار و شارۆچکەکانی تر دا بە دوای



سەمازانەکان و بنەماکانی ئەم سەمایەدا دەگەڕێت، گەڕان بە دوای نەژاد و سوود وەرگرتن لە میتۆدەکانی سەمای پەرستگا ئامانجێکی ڕاستەوخۆی ئەم هونەرمەندە بووە. هەر لەم گەشتەدا و لە شاری پنۆم پێین بۆ یەکەم جار چاوی بە ئێم تای، شاژنی سەمای پەرستگا دەکەوێت. ئەم دوو هونەرمەندە هەر زۆر زوو یەکتری دەدۆزنەوە و بە ئاسانیش لەیەکتری حاڵی دەبن.

ئێم تای چیرۆکێکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە: خۆی و سەمای پەرستگا، هەمـوو کەس و کار و هاوڕێ نزیکەکانی، ئەو هاوڕێیانەی کە ون بوون و هەرگیز جارێکی تر بۆ ماڵەکانیان، بۆ شوێنی کارەکانیان و بۆ ناو هاوڕێ و کەس وکارەکانیان نەگەڕانەوە، ئەم ئافرەتە لەسەر و هەموو ئەو کارەساتانەشەوە باسی چۆنییەتی وزە و هێزی سەما دەکات؛ چونکە سەما هانی داوە بەرگە بگرێت، بەرەنگار بێتەوە و لە بەرئەنجامیشدا سەرفراز و ڕزگاری بێت.

هەموو تێکست و بەسەرهاتەکانی ئەم نمایشە سەما ئامێزەی پەرستگاش لە ڕوانگەی یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارانەوە ئامادە کراوە.

هونەرمەند ئۆنگ کێنگ سێن کۆمەڵێ دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەشدارانی نمایشەکە و کەسانی تر کردووە کە بە ڕێکەوت، یان بە پەرجوو ڕزگاریان بووە. «٨»

## یادەوەرییەکی تاڵ

ئێم تای لە یەکێک لە بەشەکانی نمایشەکەدا زۆر بە هێمنی ڕوو دەکاتە بینەران و یادەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە: کە لە بەندیخانە دەست بەسەر بووم، ڕۆژانە لە کێڵگەکانی برنجدا کاریان پێ دەکردم، لەکاتی پشووەکانیشدا یاساوڵەکانی کەمێرە سوورەکان ناچاریان دەکردم کە سەمای کلاسیکی پەرستگایان بۆ بکەم. دەیانویست بە هەموو شێوەیەک سووکایەتیمان پێ بکەن، بەشێوەیەکی کاریکاتۆری لاساییان دەکردمەوە، پێم پێ دەکەنین و لێیان دەپرسیم: بۆچی سەمای پەرستگا بە دوو دەست دەکرێت کە لە هەوادا دەسووڕێتەوە، لەکاتێکدا یەکێک لە قاچەکانت بەرز دەکەیتەوە!

ڕۆژێک کە خەریکی سەماکردن بووم، پیاوێک لە نەخۆشخانەی ناوچەکەمانەوە هات و پێی ڕاگەیاندم کە کوڕەکەم مردووە، تووشی حاڵەتێکی دەروونی گران هاتم،

خۆم خواردەوە و ئازارێکی برووسکە ئاسا بەناو دڵما هات، بەڵام لە هەمان کاتدا نەشم دەوێرا هیچ بڵێم، یان چەند دڵۆپە فرمێسکێک بە چاوەکانمدا بێتە خوارەوە گەر بگریمایە ئەوە سەربازەکانی کەمێر سوورەکان بەبێ هیچ گومانێک دەیانکوشتم. دواتر بە هێمنی لێیان پاڕامەوە کە ڕێگام بدەن تابچم لاشەی کوڕە مردووەکەم ببینم، بەڵام ئەو ڕێگایەم پێی نەدا، بەڵکو ئەوان زۆر بە ساکاری و خەم و ساردییەوە پێیان ڕاگەیاندم کە پێویست ناکات ناڕەحەت و دوو دڵ و خەمباربم بەرامبەر بەتەرمی کوڕە مردووەکەم، بەڵکو ئەوە کاری دەوڵەتە و هەڤاڵ و سەربازەکانی وڵات بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەوکارە هەڵدەستن! کە ڕێگاکەشم پێ درا خێرا چووم بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی لاشەی کوڕە مردووەکەم بۆ دواجار ببینم، بەڵام کارمەندانی نەخۆشخانەکە پێیان ڕاگەیاندم کە کوڕە مردووەکەم دەمێکە نێژراوە: تا ئەمڕۆش نازانم کۆرپەکەم لە کوێ و چۆن نێژراوە!

تا ئێستا ئەم بەسەرهاتانەم بۆ کەس نەگێڕاوەتەوە، بەتایبەتیش لەسەر شانۆ، لەسەرەتادا زۆر دوودڵ بووم کە لە توانامدا بێت، یان بتوانم ئەم ڕووداوانە بگێڕمەوە. دواتر بیرم کردەوە، تێڕامان و هەستم بەوە کرد، گەربێت و جیهان بەم ڕووداوە گرانانەی ژیانم بزانێ، لەوانەیە هەندێ باری شانم سووک بێت، خەم و ئازارەکانیشم بڕەوێتەوە.

### ڕیتمێکی جیاواز و سەرەتاییەکی سەخت

ئەم نمایشە تەنیا سەما نییە، سەماش سەمایەکی مۆدێرن، یان ترادیشیۆنی نییە بە ماناکانی ئەم وشەیە، بەڵکو تێکەڵاوێکی هێمن و بە سەلیقەی هەموو بنەما کۆن و نوێیەکانە. سەما. فیلمی کورتی سینەمائی، شانۆی سێبەر، شانۆی بووکە شووشە، نواندن و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ وگێڕانەوەی ڕووداوەکان زۆر بە ڕووتی و لە ئەتمۆسفێرێکی ئارام و شانۆیەکی ساکار و ڕیتمێکی غەمگیندا تێکەڵاوی یەکتر دەبن و یەکە گرنگەکانی نمایشەکە پێک دەهێنن: هیچ کەسێک دەنگ بەرز ناکاتەوە، کەس ناگری، هیچ کاریگەرییەکی بەهێزی شانۆیی، لە تەکنیک و دەنگ و ڕووناکی بەکارناهێنرێ.

ئۆنگ کێنگ سێن لە پانتاییەکی بۆش و بە ستایل و تەکنیکێکی زۆر ساکار نمایشەکەی خولقاندووە، هەر لەم



ڕووەوە ئۆنگ کێنگ سێن خۆی شێوازی نمایشەکەی بە نمایشێکی «نا شانۆیی» ناوزەد دەکات. تەنانەت ڕووناکی هۆڵەکەشی بە تەواوەتی ناکوژێنرێتەوە، بینەرانیش دەقی شانۆنامەکەیان بەدەستەوەیە و لەکاتی خودی نمایشەکەدا، بینەران تێکستەکە دەخوێننەوە. ئەمەش شێوازێکە، یان ڕاستتر دابونەریتێکی دێرینی ڕێساکانی گەمە و شانۆی «نو»ی ژاپۆنییە.

ئۆنگ کێنگ سێن هەمیشە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت مرۆ بەوپەڕی ڕێزەوە بڕوانێتە دابونەریت و ترادیشیۆنە کۆنەکان، بەڵام دەبێت هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنە ئامێز لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی نوێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ڕەگ و ڕیشەی هەموو کارێکی مۆدێرن لە کلاسیکەوە سەرچاوەی گرتووە.

دیەنی سەماکان گوزارشت لە ئازارەکانی دوێنێ، لە خوێن، جەنگێکی خوێناوی دەکات دژ بە خەڵکی بێگوناه، لە هەمان کاتدا سەمای بوون و بەردەوامی و گەش بینییە، ئێم تای بە پەنجەی پێ، پەنجەکانی هەرد و دەست و هەندێ جار بە مل سەما دەکات، ئەم شاژنە هونەرمەندە لەکاتی سەماکەیدا، لە هەمان کاتدا نزیک و دوورە پەرێزە لە خودی خۆیەوە، هەوڵ دەدات ئازارەکانی مێژوو و خودی خۆی لە سەماکەدا بەرجەستە بکات، تەنیا لەم کاتانەدا، لەگەڵ تەنیایی و لەگەڵ سەماکەیدا بە تەواوەتی خودی خۆیەتی.

ئەم هونەرمەندە سەمای پەرستگای لە مردن و فەوتان ڕزگارکردووە و بە ئاسانی جێگایەکی تری لە شوێن و کاتێکی تردا بۆ دەکاتەوە. لەم شوێن وکاتە نوێیەشدا، چارەنووس و ئازارەکانی دوێنێ ڕووبەڕووی ئەمڕۆ و ئایندەی وەچە نوێیەکان دەبێتەوە. لە یەکێک لە



دیمەنەکاندا ئیّم تای زۆر بە جوانی وانەی سەما بە قوتابییەکانی، بە نەوەیەکی نوێ دەڵێتەوە، سەمایان فێردەکات و فرمێسک و خەندە تێکەڵاوی جوڵە و ڕیتم دەکات.

لە ڕوانگەی وشە، گۆرانی و سەماکەی «ئیّم تای»یەوە گەشتێکی بێ وێنە دەکەین بەنێو کێڵگەکانی مەرگ و یادەوەرییەکانماندا، یادەوەرییەکانمان زامەکانمان دەکولێنێتەوە: لە بیرکردن دڕندەترین دوژمنی ڕاستییە، ئەو ڕۆژگارە ڕەشانەش نابێت لە یاد بکرێت، بۆ ئەوەی هەرگیز جارێکی تر کارەساتی وا ڕوو نەداتەوە.«٩»

لە نمایشەکەدا جگە لە ئیّم تای خۆی ، کچەکەشی و ئەکتەرێکی پیاویش بەشدارن، کچەکەی «پێریاب» گوزارشت لە وەچە نوێیەکەی ئەو دابونەریتە کۆنە دەکات و ئەکتەرە پیاوەکەش، «کۆسال» هەندێ یادەوەری بەهێزمان بە شانۆی بووکە شووشە و شانۆی سێبەر بۆ بەرجەستە دەکات. نمایشکە کە لە پاڵ پەیامە هونەرییەکەیدا، پەیامێکی مرۆڤایەتی و پەیامێکی لێبووردەیی لە خۆ دەگرێت.

هەر لەبەر ئەوەشە هونەرمەند ئۆنگ کێنگ سێن ستایلێکی دادگا ئاسای بەکارهێناوە، کارەکتەرەکان وەک ئەوەی لە دادگایەکی نێونەتەوەییدابن شایەتی دەدەن و هەڵوێستە بەرامبەر بە ڕووداوە خوێناوییەکانی ئەو ڕۆژگارانە وەردەگرن. هەندێ جار کە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، لە هەمان کاتدا بە ڤیدیۆ، دەمو چاویان زۆر بە گەورەیی، لەسەر شارمێکی گەورە پیشان دەدرێ، بەم شێوەش بینەران لە نزیکەوە و بە چاوێکی زەڕەبینی هەموو وردەکارییەکانی کارتێکردن و کاردانەوەکانی دەموچاوی سەمازان و بەشدارەکان دەبینن.

**پەراوێزەکان:**

١- کەمبۆدیا وڵاتێکی کۆمارییە، زمانەکەیان کەمێر و ئایینەکەیان بوودیزمە، گەلی کەمێر لە نەژاددا هیندۆیزمن، لە ساڵی ١٨٦٣ تا ساڵی ١٩٥٥ لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا دەبێت، لە دوای ڕزگاربوونیشیانەوە هەمیشە لە جەنگێکی خوێناوی دەسەڵاتدا بوون. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥دا گەورەترین جەنگی خوێناوی، بە بەشداری ئەمەریکا و ڤێتنامیش لە کەمبۆدیا هەڵدەگیرسێ. هەر لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی پۆل پۆتس هەموو گەلی کەمبۆدیا لە گوند و دێهاتەکاندا توند دەکات و نزیکەی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس دەکوژرێت، لە ساڵی ١٩٧٩دا ڤێتنام بە تەواوەتی ئەم وڵاتە داگیر دەکات و ڕژێمێکی سەربەخۆی تیا دادەمەزرێنێ، لەنێوان ساڵانی ١٩٩١- ١٩٩٣دا un وڵاتەکە بەڕێوە دەبات لە ساڵی ١٩٩٣دا و بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنێکی سەربەست دەکرێت.

٢- کەمێرە سوورەکان سوپایەکی کۆمۆنیستی دڕندە بوون و لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩ دا دەسەڵاتدا بوون لە کەمبۆدیا.

٣- سەمای پەرستگا سەمایەکی دێرین و ناسنامەیەکی کەلتووری ئەم وڵاتەیە، ئەم هونەرە لە دیوەخان و کۆشکە شاهانییەکانی کەمبۆدیاوە سەری هەڵداوە و بە سەمای پادشایەتیش ئاماژەی بۆ دەکرێت.

کەمێرە سوورەکان وەک سەمایەکی بۆرژوازی و داروەستەی پادشایەتی سەیری دەکەن، لەبەرئەوە هەموو هونەرمەندەکانی سەمای پەرستگا دەکوژن و کۆشک و تەلاری سەماکانیشیان دەڕووخێنن.

٤- ئەم نمایشە بۆ یەکەم جار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و لە زانکۆی یەیل yele نمایش کراوە.

٥- ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٨٥ دا شانۆی Theatre worksی دامەزراندووە، هەر لە سەرەتای پرۆژە و کارە هونەرییەکانییەوە گەڕاوەتەوە بۆ دابونەریتە کۆنەکانی شانۆی ڕۆژهەڵات و مامەڵەکردنێکی ڕەخنە گرانە و لە هەمان کاتدا سوود وەرگرتن لە تەکنیک، تەوژمەکانی شانۆی ئەوروپی، شێوازێکی ڕاستەوخۆی کارەکانی بووە. بۆ نموونە ئەم هونەرمەندە و شانۆی Theatre works لە بەرهەم و دیدار و سیمینارە شانۆییەکاندا کار لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگ دەکەن و

لەوانەیە چی بە ،کـەلتـووری ڕۆژهەڵات و ترادیشـیـۆن ناوزەد دەکرێت لە جیهانێکدا کە گلۆبالیزم، بە جیهانی بوون، مـۆدێرنیـزم، گـۆڕانگاری و بە مـەدەنی بوونی کۆمەڵگەکان. لەم دەروازەیەوە ئەم هونەرمەندە شێوازێکی تایبەت بەخۆی بەرەوپێشەوە بردووە، خۆی ئەو تەکنیکە بـە چەمـکی docu-perfprmance ئامـاژەی بۆ دەکات.

لەم چەمکەدا پرۆسەکە و مرۆڤ لە پشت نمایشەکانەوە زیاتر بایەخی پێ دەدرێت و تیشکی ڕووناکی دەخرێتە سەر.

ئەم هونەرمەندە دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین ئەو شانۆکارانەی کە توانیوویەتی بەشێوەیەکی مۆدێرن بنەمـایەکی هونەری بۆ هونەری شـانۆی ڕۆژهەڵات بچەسپێنێت، ئەمەش ناوبانگێکی نێو نەتەوەیی بۆ پەیداکردووە و ڕاستەوخۆ نزیکیشی کردۆتەوە لە ناوەندە گرنگەکانی شانۆی جیهانییەوە، بۆ نموونە ئۆنگ کێنک سێن یەکەم هونەرمەندی دەرەوەی سنوورەکانی ئەوروپایە کە بانگهێشت کراوە بۆ سەرپەرشتی و ئەندامی لیژنەی هەڵبژارنی بەرهەمەکانی فیستیڤاڵەکانی
Haus der Kulturen der welt
Intransit-festivalen لـە بـەرلـین و -con
Institute for temporary Art
لە لەندەن، هەروەها ئەمـساڵیش لە دەزگـا گـرنگە هونەرییەکانی وڵاتانی باکووری ئەورپاوە بانگهێشت کراوە بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێ پرۆژە، لابووری هونەری و سیمینار و ئێستاش خەریکی کارێکی ترە سەبارەت بە ژیانی تاراوگە.

٦- ئەم هونەرمەندە لە سیمینارێکدا لە ستۆکهۆڵم دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەو زیاتر وەک ڕێژیسۆرێکی سینەمایی کار دەکات شانۆ، دیکۆمێنتار سەما تێکەڵاو دەکات، شێوازی مامەڵە و کارکردنیشی زۆر جیاوازە، بۆ نموونە یەک هەفـتـە تا دە ڕۆژ زۆر بە چڕی لەگـەڵ گـرووپێکدا کـار دەکـات، دوای ئەوە گـرووپەکـە بەجێ دەهێڵێ و بە کـارێکی تر و گـرووپێکی ترەوە خـەریک دەبێت. پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە لای گرووپی یەکەم و بۆ ماوەی سێ تا چوار هەفتە زۆر بە چڕی و بەردەوامی کاریان لەگەڵ دەکات، لەم ڕووەوە وتی: زۆر حەز دەکەم کە کار لەگەڵ کولتووری جیاواز بکەم، ئێمە یەکتر دەبینین، یەکتر تەواو دەکەین و لە یەکتریش دادەبڕێین.

ئەم هونەرمەندە دید و تێڕوانینی بۆ کارکرن ئەوەیە کە ئێمە هەموومان لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا، لە دەرەوەی سنوورەکاندا و بە تەنیا دەژین.

٧- یەکێک لە ئەزموونە گرنگەکانی ئۆنگ کێنگ سێن شانۆنامەی شالیری شەکسپیرە، ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٩٧ دا لە شاری تۆکیۆی پایتەختی ژابۆن و بە بەشداری ئەکتەری شەش وڵاتی جیاواز شانۆنامەی ناوبراو پێشکەش دەکات. لەم نمایشەدا زیاتر دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە وەچەیەک،کچێک باوکی خۆی دەکوژێت؛ شالیر ئەکتەرێکی ژاپۆنی و سەر بەدابونەریتی شانۆی «نو»بووە، کچەکانیشی سێ ئەکتەری چینی و سەر بە کلتووری ئۆپێرای پەکین بوون، ئەم دوو شێواز و ستایلەش زۆر لە یەکترییەوە جیاوازن، بۆ نموونە شانۆی «نو»زیاتر فۆرمێکی ئێستاتیکی بەرز و ئەتمۆسفیرێکی هێمن پێوەدانگەکانی بەرجەستە دەکات، بەڵام تەکنیکی ئۆپێرای پەکین تەواو بە پێچەوانەوەیە و زیاتر سەما، ئەکرۆپاتاتیک، گۆرانی و مۆسیقا لە خۆ دەگرێت، ئەم دوو کولتووە جیاوازە چۆن لە یەک یەکەی هونەری و ئێستاتیکیدا چارەسەر دەکرێت؟ بەڵام بەر ئەنجامەکەی ئەو ئەزموونە بەم شێوەیە دەبێت: کەسایەتی شالیر بە شێوازی «نو»ی ژاپۆنی دەمرێت، کچەکانیشی بە تەکنیکی ئۆپێرای پەکین.

٨- ئەم هونەرمەندە بۆ ماوەی دە ڕۆژ و لەلابوورێکی زۆر سەختدا لەگەڵ ئەو گرووپە کاری کردووە، گرووپەکە بۆ یەکەم جار لەو لابوورەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانە و برینەکانیان دەکولێتەوە. کاری ئەو دە ڕۆژە دژوار و ئاستەنگی دەبێت، هەست و سۆزیان هەڵدەچێ، هەندێ جار بێزارو و هەندێ جار دەگیرێن، بەڵام لە ئەنجامدا بەسەر هەست و سۆزی خۆیاندا زاڵ دەبن و پرۆژەکە دەگەیننە بەر ئەنجامێکی باش.

٩- ئۆنگ کێنگ سێن لە سیمینارێکی تایبەت بە چەمکی «بیرچوونەوە»دا هێڵە گشتییەکانی خۆی سەبارەت بەم چەمکە ڕوون دەکاتەوە، لەم ڕووەوە ئەم پرسیارە دەکات، ئایا کۆمەڵگایەک دەیەوێت چی لەبیر نەچێتەوە و چی لە بیر بکا، لەم ڕووەوە دەڵێت: (ئێمە دەمانەوێت دەنگ و ڕوو ببەخشینە ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەترسێن باسی لێوە بکەن، ئەو شتانەی کە نابێت ئێمە هەرگیز لەبیرمان بچێتەوە).

# تابلۆ (پۆرتریێت)یەکانی ڤان کوخ

## «ئەو تابلۆیانەی زۆرترین دەربڕینیان تێدایە بۆ نیگەرانی»

**حەمە هاشم**

ڕەنگە سەرنجڕاکێش بێت کە وێنەکێشێک کارەکانی لەسەر بنەمایەکی مۆسیقی بنیات بنێ کە کاریگەریەکانی لە هەڵچوون و ئەو بەریەک کەوتنانە بوەستێتەوە کە لە پێوەندیەکانی نێوان ڕووناکی و سێبەردا هەیە، لە ڕەنگە بەهێزەکاندا کە گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەیە لە ڕەنگدانان لەسەر ئەو تابلۆیانەی کە شێوەی دەموچاوی ئادەمیزاد دەردەبڕن، یان وەک پۆرتریێت کاریان لەسەر دەکرێت، دوای هەموو ئەم شتانەش، وێنەکردنی دەموچاوی ئادەمیزاد، یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو هەست و بیرکردنەوە و بابەتە ڕۆحییانەی کە لە بینیندا هەستیان پێدەکرێت، ئەی کەواتە چۆن ئاستەنگێکی گەورە نییە کە تەنها لەشێوەی خاڵی ڕەنگی و پنتی بچووک ئەو هەموو بابەتانە ڕەسم بکرێت؟ ئەی ئەو پشوودانە درێژخایەنە چی بووە کە (ڤان کوخ) توانیویەتی هەموو ئەو کەرەستە و بابەتانەی بخاتە تای تەرازووی داهێنانەکانییەوە و ئەو ڕەنگە دانسقە و شاعیریانەمان پیشان بدات کە لە تابلۆکانیدا دەبینرێت... بەتایبەتی لەکارە هونەریەکانی وەک (گوڵەبەڕۆژە) یان تابلۆی (کێڵگەی گەنم و قەلەڕەشەکان)؟.

بەڵام ڤان کوخ لە هەندێ تابلۆکانیدا توانستی گەیشتن بەو هێزە زۆرەی ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە لە تابلۆی (ئارلیسین) کە تێیدا بە سەلیقەیەکی داهێنەرانەی پڕ بایەخەوە ڕەنگی سەوزی پیرۆزەیی خستۆتە سەر پاشینە (باکگراوند)ێکی زەرد، کە لە زەردەپەڕی دەمەو ئێواران دەچێت، وەک پرتەقاڵییەکی زەرد باو، کە ئەمانەش بۆ خۆیان دەربڕێ ئەو ڕاستییەن، کە ڤان کوخ لە ڕەنگدانانندا هەستکردنێکی بێ سنووری هەبووە، کە هەستێک لەلای



ئێمەش دروست دەکات کە ڕواڵەتەکانی لە سیحر دەچێت.. ئەو دەموچاوە ماندوو و پڕ لە دەربڕینەی لە تابلۆی پۆرترێتی دکتۆر (کاشێت)دا هەیە، سەرسامت دەکات بەوەی کە لەسەر پاشینەیەکی شین وەک شینایی ئاسمانێکی پڕ لە باران داینراوە، سەرنجمان بۆ کۆکردنەوەی پارچەی شکاوی ئەو دڵە پڕ لە ئەوینە دەباتەوە کە لە نسێکانیدا کۆتاییەکانمان لێ ون دەکات.»

لە قۆناخێکی گرنگی ژیانی ڤان کوخدا و لە ڕێڕەوی وێنەکێشانیدا، ئەوە بەدی دەکرێت کە ئەم هونەرمەندە، هێندەی مەبەستی وردبوونەوە بووە لە لێکۆڵینەوەی دەروونزانی بۆ دەموچاوەکان، هێندە گرنگی و بایەخی بە جۆری ڕەسم کردنەکە نەداوە.

دواتر لە قۆناغێکی دیکەی ژیان و هونەرەکەیدا لە (هۆڵەندا) زۆربەی بایەخەکانی ڕەسم کردنی چڕ کردۆتەوە لە جووڵە و ڕوانین و بەشەکانی سیمای دەموچاوی کرێکار و جووتیار و خەڵکی ڕەنجدەری دەوروبەرەکەی کە ئەو زۆر لە نزیکەوە هەستی بە مەینەتییە سەرەکییەکانی ژیانی ئەو خەڵکانە دەکرد، ئەمەش لە تابلۆ بەناوبانگەکەیدا (پەتاتە خۆرەکان) بە ڕوونی بەدەردەکەوێت، جگە لەمەش لە تابلۆی (ژنە جووتیارێکی پیر) ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڤان کوخ بەشێکی گرنگی لە جۆری کارکردنەکانیدا بەم بابەتانە بەخشیوە.. ئەمە ئەگەرچی ڕواڵەت و سیماکانی ئەو کەسایەتییانەی بە نەناسراو و تەماوی بە جێهێشتووە لە بینیندا، بەڵام لە بەکارهێنانی هێڵی بەهێزی دەرەکی (ئاوت لاین) و قورسایی ئەو هێڵانە وەک سێبەرێکی کاریگەر و دانانی ڕەنگە قاوەییە سەیرو پڕ لە نهێنییەکان و ڕەنگە سوورە زەرد باوەکان جۆرێک لە ژیان و زیندەگی بەخشیوەتە ئەو کەسایەتییە ڕەسم کراوانە.

ڤان کوخ تابلۆ گەلێکی لەم جۆرە کارانەی ئەنجام داوە وەک (پۆرترێت) کە نزیکەی هەزار کاری هونەری دەبێت، بەمەش بیرو ڕای زۆرێک لە ڕەخنەگرانی پەلکێش کردووە بەلای خۆیدا بەوە کە ئەم تابلۆیانە لە بواری هونەری (پۆرترێت)دا لە سەرانسەری جیهاندا پانتاییەکی قورس و بەهێزی هونەری جیدی بۆ خۆی و جۆری وێنەکێشانەکەی دروست کردووە، ئەمەش نەک هەر تەنها لە هونەری ڤان کوخدا بەڵکو لە مەیدانی هونەری (پۆرترێت)دا بەگشتی کاریگەری خۆی خستۆتەوە، بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم هونەرمەندە تا چەند ڕووبەڕووی تەنگژەو کێشەی قورسی هونەری بۆتەوە لەگەڵ (پۆرترێت)دا کە ماندووبوونێکی زۆری ویستووە بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە ڕەسەنێتی و توانست و نەمری.

ئەگەر سەرنجەکانمان وردتر و چڕتر بکەینەوە لەسەر کارە هونەرییە (پۆرترێتییەکانی) ڤان کوخ کە زیاتر لە سێ ساڵی لە ژیانی داگیر کردووە و بە بەردەوامی لە میانی ئەو سێ ساڵەدا کە بە پێی پۆلێنەکانی ژیانی دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٨٨٦- ١٨٨٧- ١٨٨٨) وێنەی دەموچاوی کێشاوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو تابلۆیانە، تابلۆی دەموچاوی خۆیەتی، کە کۆمەڵێک تابلۆن، لە هەندێک لەو تابلۆیانەدا ویستوویەتی بەشێوەی ڕاستەقینە تەقلیدییە باوەکان ڕەسم بکات، لە هەندێکی دیکەدا، لەم (پۆرترێتانەیدا) شێواز و تەکنیکە تایبەتمەندییەکەی خۆی پاراستووە، ئەمەش وانەبێ کە لە تابلۆکانی دیکەیدا سیمای کارکردنی تایبەت بەخۆی ون کردبێت، بەڵام ئەمانەش دەخرێنە نێو ئەو مومارەسە گرنگانەیەوە کە لەم بوارەدا بۆی هەوڵ داوە، ویستوویەتی ئاقارە نهێنییەکانی ئەم ستایلانە بدۆزێتەوە کە لە ڕەسم کردنەوەی دەموچاوەکاندا جۆرێک لە پێوەندی بە هونەرەکەوە هەیە، یان وەک هەر هونەرمەندێکی دیکە ویستوویەتی توانستەکانی خۆی تاقی بکاتەوە و کەسایەتییەکان وەک حەقیقەتێک نیشان بداتەوە، دواتر دۆزینەوەکانی لەم بوارە گەیشتە ئەو ئاقارانەی کە هەستەکانی وەک ڕوویەکی تری کەسایەتییەکان یەکالا

بکاتەوە، ئەم دیراسە و لێکۆڵینەوە قووڵانەی ڤان کوخ وای کرد کە بگاتە کەنارەکانی هونەرێک کە هێزێکی شاراوەی لەخۆ کۆکردبۆوە لە هەڵبژاردن و دانان و گونجاندنی ڕەنگەکاندا.. و بۆ جارێکی تریش دوو حاڵەتی پێوەندیدار و سیمبڵ ئامێز دووبارە دەبنەوە لەسەرجەم کارە هونەرییەکانیدا کە ئەوانیش: ڕەنگی شین و زەردن یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین دەربڕینی ئەم دوو ڕەنگە وەک دوو واتا بۆ ئاسمان و ڕۆژ کە بە سەلیقە و لێزانییەکی ڕەهاوە گونجاندنیان جوانبەخشییەکی بەهێزی تێدایە. هەروەها ڕەنگی سوور و سەوزێکی پیرۆزەیی کە بە ڕەنگە سەوزە ئەهریمەنییەکەی ڤان کوخ دەناسرێتەوە، کە گوزارشتێکی گرنگە بۆ گەمژەیی و وێران بوونی ئادەمیزاد، بەڵام ناتوانین ئەم دوو حاڵەتە وا لە قەڵەم بدەین کە ڤان کوخ مەبەستێکی تێدا هەبووبێت و جگە لەوەی کە ئەم دوو حاڵەتە هەم لە ڕووی تەکنیک و جۆری کارکردنی ڤان کوخ جێگای تێڕامانە، وەک هونەر و هەم لە ڕووی لێکۆڵینەوە دەروونزانییەکان مایەی سەرنجدانە، کە هەموو حاڵەت و گوزەرانی ژیانی ڤان کوخی تێدا شیتەڵ دەبێتەوە.

بەڵام ئەگەر سەیری ئەو دوو تابلۆ (پۆرترێتییەی) بکەین کە لە دوای گوێ بڕینەکەیەوە کێشاویەتی، دەبینین کە سیمای گەمژەیی و ئەهریمەنانەی لە تەواوی تابلۆکاندا بەهۆی دانانی ڕەنگ و هێڵە دەرەکییەکانەوە پیشان داوین، هەروەها بە دانانی ڕەنگی شین و زەرد لە تابلۆکاندا دەیەوێت تاریکی مێشک و دەرخستەی نەخۆشییەکانیمان بداتەوە، کە ئەمەش دەکرێت وەک قۆناغێکی دیکەی بدەین لە قەڵەم لە ڕەوشی کارکردنی هونەری هونەرمەند ڤان کوخ، یان لە تابلۆیەکی دیکەیدا کە ڤان کوخ (پایپ)ێکی بە دەستەوەیە و دەیکێشێت، دانانی ڕەنگی سوورو سەوز کایەیەکی بە توانای بۆ دەرخستووەو، نوقمی ڕووناکییەکی گەشی دەکات لە نێو بێدەنگییەکی پڕ لە ئارامی.

ئەم جۆرە کارکردنانە لە هونەری ڤان کوخدا جێگایەکی بەرچاوی هەبووە و تایبەتمەندییەکی بەنرخی بۆ ڕەخساندووە، ئەمە بە جیا لەوەی کە ڕەفزی واقیعێکی گەورەی پێکردۆتەوە، واقیعێک کە ژیانی ئەوی لێوان لێو کردووە لە مەرگەسات و نەهامەتی، ئەم ڕەفز کردنەوەیەش بەشێوەیەکی دیار لەو نامانەدا بەرچاومان دەکەون کە لەنێوان خۆی و (تیۆ)ی برایدا هەیبووە، بەتایبەت لەو کاتەی کە تابلۆیەکی بۆ (گۆگان)ی هاوڕێی دروست کردووە لە ساڵی ١٨٨٨ کە لە تابلۆکەدا هەندێ نیگای لێڵ وەک تاریکییەکی خۆڵەمێشی.. و سەوزێکی پیرۆزەیی تاریک و ناڕێک تا ڕادەیەکی بەرچاو کە هەست بە تەنگژەو ناخۆشییەکانی تێدا هەیە، کە وەک سیمبڵێکی هەمیشەیی ئامادەیی خۆی دەنوێنێتەوە، کە ئەمەش پێگەیشتنەوەی سەرلەنوێی ڕەنگەکانمان لەلای ڤان کوخ پێدەڵێتەوە، هەر لەم کارە هونەرییەیدا کۆمەڵێ ڕەنگی وەک قاوەیی تۆخ و سوور و سەوز لە هێڵە گشتگیرە دەرەکییەکاندا هێزێکی دیکە دەسەپێنن لەسەر بینین و تێڕوانینەکانمان.

جارێکی دیکە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هەمان ئەو تابلۆیەی کە وێنەی دەموچاوی خۆی تێدا دەردەکەوێت کە (پایپ) دەکێشێت و شەبقەیەکی جووتیارانەی لە زەل (پووش) دروستکراوی لەسەردایە کە لە ساڵی ١٨٨٨ وێنەی کێشاوە، زۆر قورسە باوەڕ بەوە بهێنینەوە کە ڤان کوخ لەو کەشە بێدەنگ و ئارامەیدا جیا نەکەینەوە، کە تێیدا بەشەکانی دەموچاوی زۆر بە ڕێکوپێکی بەدەردەکەون و ڕیشە سوورە نەرمەکەشی وەک ئەوەی بە شانەیەک دایهێنابێت ڕێک وەستاوە، دیسانەوە پاشینەیەکی ڕەنگ پەمەیی و پیازی داناوە کە سەرنجی ڕوانینەکان لە خۆی نزیکتر دەکاتەوە.

لەم کارە هونەرییەیدا هونەرمەند ڤان کوخ ڕەسەنێتی و هونەری بەرزی خۆیمان لەلا دەکات بە بەشێکی دانەبڕاو لە داهێنانێکی مرۆڤانەی ئەوتۆ کە دوایییەکەی نەمری دەبێت... ئەمەش بەهۆی بایەخ دانەکانی بە بابەت و مەسەلە گرنگەکان و دوور کەوتنەوە لە هەوڵدان بۆ مەیسەر بوون تەنها لە شێوەیەکی ڕووت، هەروەها ڕێکخستنی تابلۆکە وەک هەر تابلۆیەکی باوی تر دەردەکەوێت، کە تێیدا دەموچاوێک لە پێشەوە و بەڕەنگ کردنێکی تێرتر وەدەردەکەوێت کە شێوە گشتییەکەی نزیک دەبێتەوە لە شێوەی چوارگۆشە، کە ئەمەش شێوەیەکی ئاسایی تابلۆکە دەردەبڕێت، ڕەسم کردنەکەی جۆرێک لە دیقەت و وردبوونەوەی زانستییانەی تێدا بەدی دەکرێت و ڕەنگ کردنی دەموچاوەکە بەشێوەیەکی زاڵتر بۆ ئەوە بووە کە ڤان کوخ بینینەکان لەسەر سیماکە چڕتر بکاتەوە و کەسایەتییەکی حەقیقیمان لەلا بخولقێنێت.

لێرەدا و بۆ جارێکی دیکە ڕۆحی بێنەوای ڤان کوخ بەدەردەکەوێتەوە، کە وەک کایەیەکی ماندوو و غەریب ژیانی بەسەربردووە و کارکردنێکی خێرای ئەوتۆی هەبووە لە ژیانیدا بەرەو کۆتاییەکی پڕ لە ئازار و مەینەتی.

لە قۆناغەکانی ژیانیدا ڤان کوخ، بەتایبەتی ساڵەکانی ١٨٨٧ تا کارەساتی مەرگی، نەریتێک کەوتە ژیانیەوە بەوەی کە ڕۆژانی یەکشەممان وەک گەڕیدەیەک کە لەدوای

فریشتـە ڕوونەکانی بەختی بگەڕێت، دەگـەڕاو دەهاتە دەرەوەی مـاڵەکـەی و پیـاسـەی بە نـاو کـێـڵگەو باخ و دەشتـەکـاندا دەکرد، بە ڕیشێکی سووری قرمزی و دوو چاوی شـینی بزۆز بەسـەر بینین و شـتـە تازەکـاندا، شـێـوەیەکی ڕێک و گـونجـاو تەنانەت لە لەبەرکـردنی جلوبەرگەکانیشی مایەی تێڕامانێکی بایەخدار بوون، بە ڕوویەکی پەمەیی و پێچانی بۆینباخێکی تایبەتی شین وەک شینی ئاسمانی و شەبقەیەکی ڕەنگ کایی و مەیلەو پەمـەیی، کـە بە قـردێلەیەکی تۆخ دەورپێچ درابوو، کـە دەشێت بیشـوبهـێنین و گونجاوتر بیـخـەینە بەرچاومان لەگەڵ ئەو پاشینە (باکگراوند)ە شینانەی کە خۆی بۆ کـارە هونەرییـەکـانی دایدەڕێژێت بەشـێـوەیەکی زیاد لە سەرنج ڕاکێشی.

لەدوا تابلۆکـانیـدا ڕەنگەکـان لە بەرییـەک کـەوتنێکی بەهێزدا ڕوو بەڕووی یەکـتـر دەبنەوە، بەتایبـەتی شین و سەوز بەیەکەوە کە ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو ڤان کوخ ئەو تەجرەبەیەشی خستەوە نێو کارە هونەرییەکانی، بۆ جاری یەکـەمـیش بوو کـە بۆ ڕەنگی قـژ و ڕیش و سـمـێـڵی سوورێکی تۆختری بەکارهێنا، ئەم تابلۆیە دەربڕینێک بوو بۆ سەرەتاکانی گڕ تێبەربوونێکی سوور لە هۆش و بیر و ڕۆحی پڕ لە خۆشەویستی و داناییەکەی.

لەنێـو هەردوو قـۆناغـە دوور و جیـاواز و دیارەکـەی مـێـژووی ژیان و بەرهەمـە هونەرییـەکـانی ڤـان کـوخدا، پێشکەوتن و گەشەسەندنە هونەرییەکانی بەدەردەکەون، لە پاڵ ئەمـەشـدا ڕەوڕەوەی ژیانە پڕ لە چەرمـەسـەری و نەهامـەتی و پەژارەییـەکەی، بە شـێوەیەکی ساکـارتریش دەتوانین هەست بەو گۆڕانکارییـانە بکەین بەهۆی گۆڕان لە شێـوەی لەبەرکردن و جۆری جلوبەرگەکـانی کـە بەهۆی بینینی تابلۆکانیەوە دەتوانین بەڕوونی هەست بەم حاڵەتە بکەین، کـە دەکـرێت بەپێی سـەردەم و کـاتی ڕەسم کـردنەکـانی پۆلێنیـان بکەین، بۆ نموونە لە تابلۆی (پاریس)یدا هەندێ لەو گـۆڕانکارییـانە بە ئاشکرا بە یەخـەی چاکـەتەکـەیەوە دیارە کـە شـێـوەیەکی تەسک و ڕاستی هەیە و شەبقە تایبەتەکەی کە لە جلی گەنجێکی سـەردەمی خـۆی دەچێت، بەڵام لە هەمـان تابلۆدا هیچ ئاسـوودەییـەک لە چاوانیـدا بەدی ناکـرێت و دەمـیـشی بەداخراوی گوزارشت لە شاردنەوەی کۆمەڵێ نهێنی... کەچی لە ئەرلیس جلوبەرگەکانی سادەییەکی بەرچاویان پێوەدیارە.

لە هۆڵەندا ڤان کوخ لەبەردەم بێسـتـانە سەوزەکـانی بەهار و ئاسمانە سوور و شەپۆلە بریسکەدارەکانی دەریا و دەشتـە پانەکـان کـە (با) وەک شـەپۆلی ئاو بەسـەریدا



تێدەپەڕێت لەژێر ئاسمانێکی شینی کاڵ و کراوەدا چاوی گۆش بوو بەو دیمەنانە.

جگە لەمـەش لە خـوارووی فـەرەنسـاش دیمەنەکـانی سروشتی بینی کە جۆرێک لە جوانی سیحری تێدا بوو کە لە تابلۆ یابانییـەکان دەچوو، ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنانەی خوارووی فەرەنسا زیاتر کاریگەرییەکانی لە زاکیرەی ڤان کـوخـدا بە جـێـهـێـشت وەک لە دیمەنەکـانی هۆڵـەندا، هەرلەوێ شەبقەیەکی گەورەتری خستە سەری کە لە زەل دروست کراوە و چاکەتە سەوزە کاڵەکەی لەبەردایە، کە لەو تابلۆیەدا بەدەردەکەوێت (پایپەکە)ی بە دەمەوەیە و لە پێشتر باسمان کرد.

کە ئەمەش هەرهەمووی سیماو ڕەوشی کارکردنی ڤان کوخمان لەسەر هونەری (پۆرترێت) لەلا ئاشناتر دەکات.

لە تابلۆی (زیورخ) کـە لە سـاڵی ١٨٨٨ دروسـتـی کـردووە، ڤـان کـوخ بە جـۆرێکی تر دەردەکـەوێت، بەبێ سـمـێڵ و ڕیشـو بە چاکـەتێکی زۆر سـادە، و پاشـینەی تابلۆکـەی بە ڕەنگی شـینێکی تێکەڵ دارشـتـووە، جگە لەمەش ئەوەی زۆر بەڕوونی سەرنجمان ڕادەکێشێت لەم تابلۆیەدا ڤـان کـوخ بە دەمـوچاوێکی پڕ لە تووڕەبوون و

گرژەوە دەردەکەوێت وەک ئەوەی پیاوێک بیەوێت بڕیار بدات کە بەسەر هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی ژیانیدا سەربکەوێت.

لە هەندێ کاتدا کە ڤان کوخ ئەگەر هەستی بەسەرما کردبێت و پێویستی بە گەرم بوونەوە هەبووبێت ئەوا لەو کاتانەدا پاڵتۆیەکی گەورەی قورسی لەبەرکردووە، کە یەخەیەکی گەورە و کڵاوێکی لە خوری دروستکراوی لەسەر دەنا وەک ئەوەی لە یەکێک لە تابلۆکانیدا دەردەکەوێت بەم جلانەوە، دوای گوێچکە بڕینەکەی کە لە ساڵی ١٨٨٩ وێنەی کێشاوە، هەر کاتێک کە ڤان کوخ ویستبێتی وێنە بکێشێت لە بەرامبەر ستاندەکەیدا چاکەتێکی بەبێ یەخەی لەبەر کردووە کە تەنها یەک قۆپچەی گەورەی پێوە بووە بۆ داخرانی چاکێتەکە، ئەمەش لە یەکێک لە تابلۆ (پۆرترێتییەکانی) دیکەیدا بە دەردەکەوێت کە خۆی وەستاوە بە دیار تابلۆیەکی خۆیەوە لەسەر ستاندێکەوە کۆمەڵێ فلچە و پالێتی ڕەنگەکانی بەدەستەوەیە کە پاشینەیەکی خۆڵەمێشی مەیلەو شینی داناوە، کە لە ساڵی ١٨٨٨ ئەم تابلۆیەشی بە ئەنجام گەیاندووە، لەم تابلۆیەدا لەسەر دەموچاوی کۆمەڵێ ڕەنگی بە شێوەی پنتی ڕەنگی داناوە لە (پرتەقاڵی لەسەر شین و زەرد لە ڕووی پرتەقاڵی بریسکەدار و گەش، هەروەها ڕەنگی سپی وەک ڕووناک کردنەوە)، هەموو ئەم کردارانە بوون بە کارلێکێکی لە ڕادەبەدەر جوانبەخشی.. جگە لەمەش تابلۆیەکی پۆرترێتی دیکەشی هەیە کە هەمان کەرەستەی ڕەسم کردنی بەدەستەوەیە کە لەساڵی ١٨٨٩ کێشاویەتی، تێیدا گونجاندنێکی سەرنج ڕاکێش دەبینین لە دانانی ڕەنگی شینی تۆخ لەگەڵ سەوزی هاوێتە لەگەڵ زەرد، کە زۆر جوان لەسەر ئەو پاشینە شینە هاتووە کە ڤان کوخ دایناوە بۆ کارە هونەرییەکەی و لە تابلۆکەدا چاکەتەکەی بووە بە کراسێکی یەخە داخراو.

لە سەراپای ئەم کارە هونەرییە پۆرترێتییانە و بەرهەمە هونەرییەکانی دیکەیدا ڤان کوخ وەک فریشتەیەکی هەستیار و چاودێر بۆ ڕەنگەکانی سروشتی ژێر تیشکی زێڕینی هەتاو بەدەردەکەوێت، ئێستا تێڕوانینەکانی تایبەتن و کاریگەری خۆیان هەیە، هەردوو ڕەنگی شین و سەوز بوون بەدوو هێزی لەبن نەهاتوو بۆ دەربڕین و گوزارشتەکان لەهێز و بەرەنگاربوونەوە و هاندان.

لە هەندێ تابلۆی دیکەیدا جلوبەرگەکانی جۆراوجۆر دەگۆڕێت و کاردانەوەی لەسەر جۆری تەکنیک و ناوەڕۆک و دەربڕینەکانی بە جێدەهێڵێت کە بە مەبەست و بەبێ مەبەست هونەرمەند ڤان کوخ کاری لەسەر کردوون.

ئەم کارە هونەرییە (پۆرترێتییانە)ی هونەرمەند ڤان کوخ، دەموچاوێک کەشف دەکات کە هیچ کایەیەکی جوانی لەخۆ ناگرێت و هەرگیز خۆشبەختی نەبووە بە سیمایەک لە سەر ئەم دەموچاوە، بەڵام تێیدا مەیدانێک بۆ جەنگ و بەرەنگاربوونەوە دەبینرێت، لە ڕواڵەتەکانی ئەو چەمانەوەی لووت و فراوان نیشاندانی دوو کونە لووتەکەی و دەموچاوە سێگۆشە ناجێگیر و ناهاوسەنگ و نەگونجاوەکەی، کە ماسوولکەکان تێیدا خەریکە لە ڕەقێتی خۆیان بدوێن، هەروەها ڕیش و سمێڵە سوورە زبرەکەی کە هیچ نەرمییەک نابەخشێت، کە تەنها ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە دەموچاوێکی گوزارشت ئامێزی سەیر لەبەر دیدەنیماندایە.. کە وێناکردنێکی نائاسایمان بۆ دەخاتەوە، کە تەنانەت بە دوو چاوەکانیشی جوانییەکانی بۆ ناگەڕێتەوە، کە هەمیشە دووچاوی پڕ لە دوودڵی و ڕاڕامان بەرەو ڕوو دەخاتەوە، دوو چاوی بچووک کە لێوان لێوە لە چاوەڕوانی و قەلەقی و پڕ مەینەتی و دوور لە یەکترەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت و زۆربەی ڕەخنەگرانی هونەر لەسەری کۆکن، لە تابلۆ هونەرییە (پۆرترێتییەکانی) هونەرمەند ڤان کوخدا باشترین تابلۆی ئەو تابلۆیانەن کە زۆرترین دەربڕینیان تێدایە بۆ نیگەرانی، کە بە دڵنیاییەوە دوا بەرهەمی لە تابلۆکانیدا زۆرترین ئەو یەکە ئەندازەییانەی لە خۆ گرتووە کە گوزارشتی بەهێزن بۆ جۆری ئەو نیگەرانییانە.

هەروەها لە دوو تابلۆی (پۆرترێتی) دیکەیدا کە لە هەردووکیاندا شەپقەی لەسەرە، لە دەموچاویدا جۆرێک لە سادەیی و کەمێک دڵخۆشی پێوە دیارە، ئەمەش بۆ قۆناغی ژیانی لە (پاریس) دەگەڕێتەوە لە ساڵی ١٨٨٧.

**سەرچاوە:**

**١- روبرت جينيل- ترجمة رياض لفتة/ مجلة الرافد/ عدد ٤٥- مايو ٢٠٠١**

**مجلة شهرية ثقافية جامعة- تصدر عن دائرة الثقافة والاعلام- الشارقة**

**٢- عدنان حسين احمد- الحوار المتمدن- العدد ١٢١٤- ٢٠٠٥/٥/٣١**

**٣- جون فنلاي، ترجمة- عادل العامل- جريدة الصباح ٢٠٠٥.**

# وێنەی ڕۆژنامەنووسی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

فارس سەعدی

ئەوەی وای لەو کەسانە کرد کە لە بواری ڕۆژنامەگەری کار دەکەن یا کردوویانە، بیر لە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی بکەنەوە، کە پانتاییەکی چاکی لەنێو جوگرافیای ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەیان، یان گۆڤارەکەیان بۆ تەرخان بکەن، ئەوەیە کە وشەکان پێویستیان بە وردبوونەوە و قووڵ بوونەوە و بیرکردنەوە هەیە تا مرۆڤ دەگاتە مەبەستی وتارەکە یا بابەتە نووسراوەکە. بەڵام وێنەی فۆتۆگرافی جگە لەوەی لایەنێکی جوانکاری و نەخشەسازی بە دیکۆرو ئەوا وێستگەیەکی خۆشی و ئیسراحەت بەخشینە بە دیدی چاوەکانی خوێنەر، چونکە شتەکانی نێو وێنە زۆر بەخێرایی و بەبێ بیرکردنەوەی قووڵ و زمان زانینی و خوێندەواری، ئەوا ڕاستەوخۆ بابەتەکەی دەزانرێت و هەرس دەکرێ. لەمەش زیاتر ڕاستگۆیی و پێوەندییەکی پتەو لەنێوان خوێنەر و ڕۆژنامە و گۆڤارەکەدا دروست دەکات.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی وێنەی فۆتۆگراف زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرا، هەڵبەتە لەبەر باری تەکنیکی و هونەری بووە، لە ساڵانی ١٩٢٥- ١٩٤٠، لەو ماوەیەدا وێنەی فۆتۆگرافی وەک هونەر زیاتر مەمەڵەی لەگەڵدا دەکرا، لەوەی کە وەک بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی و هەواڵە وێنە، واتە لێرەدا وێنەگر زیاتر بایەخی بە لایەنی هونەری وەک کۆمپۆزیشن و هاوسەنگی و ڕیتم و زاڵبوون و شێوازی هێڵەکان لەنێو پانتایی وێنەکە دەدا. بەڵام دوای ئەو ماوەیە کۆمەڵێک وێنەگر هاتنە مەیدانەکەوەو



گرنگییان زیاتر بەلایەنەکانی دۆکیومێنتی کردنی وێنەکە دەدا وەک بە لایەنەکانی هونەری، بۆیە ئەم قوتابخانەیە، یا ڕێبازەی وێنەی دۆکیومێنتی بووە هەوێنی دروست بوونی وێنەی ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە. کەواتە لەم قۆناغەدا وێنەگران بایەخیان بەلایەنەکانی ڕاگەیاندن دەدا زیاتر لە بوارەکانی جوانکاری و ئیستاتیکا، ئەو شتانەی دواتر بەپلە دوو لەنێو بایەخەکانیان دەهاتن. وێنەگری ڕۆژنامەنووسی بەپلەی یەکەم هەوڵی دەدا (سبق الصحفي) لە وێنەکەیدا ئەنجام بدات، ئەمەش وای لێ دەکرد لە شوێنی ڕووداوە گەرمەکاندا ئامادەیی هەبێت.

لە دوای ناوەڕاستی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، گۆڕانێکی چاک بەسەر چۆنیەتی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هات، کە وێنەش کاردانەوەی ئەمەی بەسەرەوە بوو. پێشتر لە ڕۆژنامەیەکدا تەنیا تاسێ وێنەی فۆتۆگرافی لەنێو یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکە، یا گۆڤارەکە بڵاو دەکرایەوەو (١٠-١٥) وێنەش لە نێو لاپەڕەکانی ناوەوەیدا بڵاو دەکرایەوە.

ئەو کات وێنەگران، کە وێنەیەکی پۆرترێتی کەسایەتییەک، یا هونەرمەندێک یا ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرا، کەسەکەی وەک بت ڕادەگرت، هەروەها هەناسەشی پێ دەبڕی ئینجا وێنەیەکی وشک و برینگ کە هیچ هەست و نەست و ناخی ناوەوەی کەسەکەی پێوە دیار نەدەبوو، دەبوایە کەسەکە ڕووی لە کامیرا بێت و وێنەگریش تا (٣،٢،١)ی بۆ دەژمارد ئێنجا چرکەی لە دوگمەی کامیراکەیەوە دەهێناو وێنەکەی دەگرت، بەداخەوە، ئێستاش هەندێک لە وێنەگرەکانمان هەمان هەڵس و کەوت دەکەن، لە کاتێکدا ئێستا فیلمی زۆر خێرا و هاوێنەی کامیرای زۆر بەهێز دروست کراون، کە لەچاوترووکانێکدا چەندین وێنەی یەک لەدوای یەک دەتوانێ بگرێ.

بەڵام ئەمڕۆ شێوازی وێنەگرتنەکە گۆڕاوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای وێنەگرتن و ئامێرو فیلم و پێداویستییەکانی وێنەگری، بۆیە وێنەی کەسێک دەگرن، کاتێک دەچتە نێو ناخی بابەتەکەی کە دەیەوێ قسەی لەسەر بکات، ئیتر بەهەوەسی خۆی دەستەکانی دەجووڵێنێ و دەموچاوی لە گۆڕانێکی بەردەوام دەبێت واتە تەفاعول لەگەڵ دەوروبەر و بابەتەکەی دەکات، ئەوجا وێنەگر لەو ساتە ناسکانەدا چەندین وێنەی دەگرت، کامیان زیاتر دەربڕو کاریگەر بن، ئەو وێنەیە لەگەڵ بابەتەکەی بڵاو دەکەنەوە، ئەم وێنانە پڕن لە ئیحساس و ناخی کەسەکە بەبێ ڕتووش دەخوێندرێتەوە، کە بەم جۆرە وێنانە دەگوترێ وێنەی پۆرترێتی (ئێن فۆرماڵ)، واتە وێنەی غەیرە ڕەسمی. ئێستا وای لێهاتووە، زۆر بایەخ بە وێنەی فۆتۆگرافی دەدرێت، ئەوەتا چەندین ئاژانس دروست بوونە لە جیهاندا کە پسپۆریان تەنیا لە ئامادەکردن و وێنەگرتن لە هەموو جیهاندا ئەنجام دەدەن و بەدەزگاکانی ڕۆژنامەوانی تر دەفرۆشنەوە و سوودی لێ وەردەگرن، وەک ئاژانسی گاما، سیبا..تاد، هەروەها زۆر لە ڕۆژنامەکان هەندێ لاپەڕە بە تەواوی بۆ وێنەکان تەرخان دەکەن، یا هەندێکی تر دوا لاپەڕەکانیان بە دەیان وێنەی فۆتۆگرافی دەڕازێننەوە، یا هەندێکی تر لە کۆتایی هەفتەدا گۆشەیان هەیە بەناونیشانی (هەواڵەکانی هەفتە بە وێنەی فۆتۆگرافی)، یا (وێنە دەدوێ)، یا زۆر جار وێنەی دیاردەکان بڵاو دەکەنەوە دەنووسن (بەبێ تەعلیق)، واتە وێنەکە خۆی لە خۆیدا دەدوێ سەرەڕای

ئەمـەش قـەبارەی وێنەکـانیش گـەورەتر کـران لـە جـاران، هەندێ وێنە جاری وا هەیە بەقەدەر نیـو لاپەڕەی ڕۆژنامە دەبێت یا بەقەدەر لاپەڕەی تەواو لە گۆڤارەکان، کە ئەمە جاران ستـەم بوو. بە زۆریش ئەو وێنانەی قەبارەیان زۆر گـەورەیە، زیاتر بابەتی وەرزشین، یا چالاکی و پۆرترێتی هونەرمەندان و سیاسەتمەدارانن. ئێستا لەلای خۆشمان زۆر جـار لە نێـو لاپەڕەکـانی ڕۆژنامـەی (التـــآخي)دا دەبینین چەندین وێنە بڵاو دەکـەنەوە کـە هیچ وتاری لە تەکدا نییـە، تەنیا چەند وشـەیەک لەژێری دەنووسرێ بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەکە، هەندێ جار دەگاتە یەک دێڕیش، واتە گەرماو گەرم وێنەکان دەگیرێن، بەر لەوەی خەڵکی بەقسە باسی ئەو ڕووداوە بکات، ئەمان بە وێنە دەیخەنە بەردەستی خوێنەران و خەڵکی.

ئێستـا جـۆری وێنەکانیش گـۆڕانیـان بەسـەردا هاتووە، گـەر لەگـەڵ جـاران بەراورد بکرێن، پێـشـان ڕووبەڕووی کەسەکە وێنەکەت دەگرت، واتە کەسەکە هەردەم بە ئاگا بوو، زۆر پێچەوانەی ناخەوەی، خۆی نیشـان دەدا، بەڵام ئەمـڕۆ، بەهۆی ئەو پێـشکەوتنە گـەورانەی، جـۆرەکـانی هاوێنە (بەتایبەتی هاوێنەی زوومی تەلی فۆتۆ) و فیلمی زۆر هەستیـار بەرز و هاوێنەی زۆر بەهێز و بوونی مـاتۆڕ درایڤ لە کـامیـراکـاندا، هەروەها بوونی سیـسـتـەمی ئۆتۆفۆکەس و ئێکسپـۆزەری ئۆتۆمـاتیکی، ئەمانە وایان لە وێنەگر کردووە کە زۆر سەربەستانە بتوانێ حاڵەتەکان بەبێ ڕتووش تۆمـــار بکـات و تروپکی هەڵچـــوون و چالاکـیـیـەکـان تۆمـار بکات، هیچ بیـر لە لایەنەکـانی تەکنیکی کامیرا ناکاتەوە، پاشان زۆر حاڵەت هەیە دوور بە دووری وێنەکـان دەگـیــرێت، وەک بڵـێی لەبەردەم کـــەســـەکــە وێنەکــە دەگــرێت، بۆیە زۆرجـــار لایەنە نێگەتیـڤـەکـانی کـەسایەتییـەکی سیـاسی بە ئاسـانی دەتوانرێ بەرجەستـە بکرێ، یان هەندێ ڕەوشت و هەڵس و کـەوتی شـازی هونەرمـەندێک تۆمـار بکات بۆ ئەوەی خەڵکی سـەرنجی بدەن و حـاڵـەتێکی ناباو لەنێـوانیـاندا بورووژێنێ، هەروەک چەند سـاڵانێک لەمـەوبەر چەندین وێنەی شـازادە دایانایان بڵاو کـردەوە، کـە حـاڵـەتێکی نامـۆبوو لەلای خـەڵکی هەمـان شت، مـان گـرتنەکـان و ڕاپەڕین و چەندین ڕووداوی گـەرم گـەرمی تر کـە جـاران ئەمـــانە بابـەتی نابـەجێ بـوون، نەدەتوانرا وێنەی ئەو حاڵەتانە بگیرێ لەم چەند ساڵەی دواییدا، هەموومـان هەست بـەو گـۆڕانە گـەورەیە دەکـەین، دوای پەرەسـەندنی کـامیـرا و وێنەی دیجیتـاڵی، کـە گـەرمـا و گـەرم وێنە دەگیـرێ و لەم سـەری دنیـا بەهۆی تۆڕی ئینتـەرنێـتـەوە دەگـوازرێتـەوە ناو دەزگـا ڕۆژنامـەوانیـیـەکـەی لەوسـەری دنیا، کە جاران دەبوایە فیلمی گیراو بە یەکەم فڕۆکە کە سەفەری دەکرد بۆ وڵاتەکەی ڕەوانە دەکراو دەشووراییەوە و چاپ دەکـرا، ئینجـا سکان دەکـرا و دەکـرایەوە فـیلمی چاپەمەنی و چاپ دەکرا، بەڵام وێنەی دیجیتاڵی، ئێستا ڕاسـتـەوخـۆ سـەرەڕای گـواسـتنەوەکـە، ئەوا یەکـســەر نەخشەسازی لاپەڕەی ڕۆژنامەکە دەیخاتە نێو نەخشەی لاپەڕەکەو لەنێو وشـەکـان و وتارەکاندا جێی دەکاتەوە و دەیکاتە فیلمی چاپ و چاپی ڕۆژنامەکە بەبێ دواکەوتن ئەنجام دەدات.

هۆیەکـانی فـێرکـاری وێنەگرتن و ئاسانکارییـەکـانی وێنەگـرتن هێندە ئاسـان بـووە، کــە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی وێنەی جۆراوجۆر دەگرن، هەندێ جار هانا دەبرێتە بەر وێنەگـرێکی ئارەزوومـەند کـە وێنەیەکی دەگـمـەنی هونەرمـەندێک، یا سـیـاسـەتمەدارێک، یا ڕووداوێکی سەیری گرتووە، لە ڕۆژنامەکەیاندا بڵاوی دەکەنەوە. کەوا ئەمـڕۆ کـەسـانێکی ئێـجگار زۆر لە بواری وێنەگـری کاردەکەن. ئەوەتا هەندێ کەس تەنانەت بە مۆبایلەکانیان وێنەی پێ دەگرن، لەو کاتەی کە ئەم ئامێرە بۆ قسە کردن لەگـەڵ یەکـتـری کـراوە. بۆیە سـەدەی بیـسـتـەم بەسـەدەی وێنەی فـۆتۆ ناوزەد کـرا، هەر ئەمـەش وای کـرد کـە وێنە ببێتە بەردی بناغەی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ.

لەمەش زیاتر، ئێستا هێشتان ڕۆژنامە، یا گۆڤارەکە لە چاپخـــانە نەکــەوتۆتە بـازاڕ، بینەر لە مـــیــانی تۆڕی ئینتەرنێتەوە کە هەر گۆڤارە، یا ڕۆژنامەیە سایتی خۆی هەیە، بینەر دەیکاتەوە و بابەتەکـانی دەخـوێنێـتـەوە، ئەمـــەش وێنەیەکی ئیلـکتـــرۆنی ڕۆژنامـــەکـــەیە کــە بەکـۆمپـیـوتەر دەکرێ، هەر لاپەڕەیەکیش یا بابەتێک بە دڵت بێت، ئەوا وێنەی دەگری و کـۆپی دەکـەیت و بەهۆی پرنتەری کۆمپیوتەرەکەت وێنەیەکیت دەست دەکەوێ، کە جاران چەند بەزەحمەتی ئەو میدیایانە بە سەیارە و تەیارە و پۆستەچی بەنێو خەڵکاندا دابەشیان دەکرد.

سەرچاوە:
- محـمـود علم الدين، الصـورة الفـرتوغـرافـيـة في مـجـالات الاعلام، مصر، ١٩٨١.

# ژیان کورتە

هاشم سەڕاج

**کتێب: ژیان کورتە «نامەیەک بۆ قەشە ئاگۆستین»**
**ژانر: ڕۆمان**
**وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی**
**چاپخانە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان، ٢٠٠٥**

[یۆستاین گاردەر] لە کتێبی [جیهانی سۆفیا]دا کە تێکستێکی ڕۆمانئامێزە، لە ڕێگەی کاراکتەرەکانی، وەک «سۆفیا» و «هیلدە»ی کچی ناو ئاوێنەکەو بیرمەندێکی گەڕاڵی شەبەنگ شێوەوە کە هەڵوەدای چرکەکانی ئەڤینە، لەسەر لەبەری مێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفەی یۆنانی




دەدوێت و هێندی هێندیش بەهۆی کردەی نووسینەوە هزرگەلێکی فەلسەفی هەڵدەدات و هاوکات چەندین تیشکی بەهێزی فکری و شوێنی پیرۆز و چەمکی زاراوەی دەگمەن و جیاواز جیاواز دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە، لای (تالیس) ئاو سەرچاوەی هەموو شتێکە، یان هەموو شتێک پڕە لە خودا]، [ئەکرۆپۆلیس] مانای «قەڵای شار» شاری سەربەرزی لە «ئەسینا»یە و پاشای فارس «زەرکسیز» هەموو بینادارینەکانی ئەکرۆپۆلیسی سووتاندو پاشان ئاوەدان کرایەوە، یان پەرستگای «پارسینۆنە» واتە «ماڵی کچ» لەبەر ڕێزلێنانی «ئەسینا»ی خواژن کە پارێزەری ئەسینییەکان بوو، [Eros] لای ئەفلاتوون تاسەی خۆشەویستییە، تاسەی گەڕانەوە بۆ ماڵی ڕاستەقینەی ڕۆح و خۆ دەربازکردن لە زیندانی لەش، چونکە هیچ «ئەسپێک» بۆ هەتا هەتایە ناژی، بەڵام فۆرمی ئەسپەکە نەمرونەگۆڕە، یان لە سینیک- «Cynic» سینیکەکان دەدوێت کە لە وشەی Cyon «سەگ» هاتووە، چونکە سینیکەکان وەک سەگ دەژیان و بێ شەرم و بە هەموو شتێک ڕازی بوون، «دیۆگێنیس» لە بەرمیلێکدا دەژیاو گۆچانێک و پاڵتۆیەک و کیسەیەک نانی پێبوو، بەختەوەری

خۆی لەم جۆرە گوزەرانەدا دەدۆزییەوە، دەیگوت: پێویست ناکات مرۆڤ نیگەرانی لەشساغی بێت، یان لە خودی ئازارو مردن بترسێت. یان لە هزرو بۆچوونی- ستۆیکەکان.. دەدوێت بەپێی ستۆیکەکان جیاکردنەوەیەکی ئاشکرا لەنێوان باشەو خراپەدا بوونی نییە، ستۆیک- Stoic- بەردەم پاپە- و- زینۆن و سڕینەوەی جیاوازی نێوان مرۆڤ و گەردوون، واتە مرۆڤ گەردوونێکی چکۆلەیە، یان ڕەنگدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیان کەسێک کە جیهان بە وڵاتی خۆی بزانیت یان کەسێک کە دووربێت لە نەریتی ناوچەگەری و وڵات پەرستی» یان ئاماژە بە بۆچوونی «سێنیکا» دەدات کە فەیلەسووفێکی ستۆکی بوو، دەیگوت «مرۆڤ شتێکی پیرۆزە بۆ مرۆڤ».. هەروەها لەبارەی هزرو بۆچوونەکانی هەریەک لە ئەپیکۆرو دیمۆکریت و سوکرات و فیختە و هیگل و تۆماس ئەکوینی و بیکۆو بارکێلی و کانت و کیرکەگۆر وسپینۆزا و هیوم و قدیس ئاگۆستین و ئەگنۆستیکەکانەوە دەدوێت.

لێرەدا پێویستە چەند گوفتارێکی ئاگۆستین دیاری بکەین، چونکە تێکستی «ژیان کورتە»ی [ یۆستین گۆردەر] کە لە وەرگێڕانی «ڕێبوار سیوەیلی»یە.. پەیوەستە بە ژیانی ڕەوحانیەتی ئاگۆستین و بەوەلانانی چرکەی ئیرۆتیکی و جەستە پەروەری، بەڵام لە «جیهانی سۆفیا»ی [ یۆستاین گاردەر] کە [ بەهرۆز حەسەن] لە دانیمارکییەوە وەری گێڕاوە.

قدیس ئاگۆستین بەم شێوەیە لە مرۆڤ دەدوێت.

[ مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕۆحانییە، کە خاوەنی لەشێکی ماددیە، لە شیش سەر بەجیهانی فیزیاوییەو ملکەچی نەمان و فەوتانە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ خاوەنی ڕۆحێکیشە کە دەتوانێت درک بە خودا بکات و بیناسێت] قدیس ئاگۆستین کە خاوەندی کتێبی «شاری خوداوەند» و «دانپیانانەکان».. و تاد... لە شەوێکی تەڕوتووشی تۆف و باوباراناویدا گابەردێکی سپی دەبێتە پەناگەی گیانی و مانەندی «مەسیح» دالدەی دەدات و ئیتر ئاگۆستین لەو شەوەوە باوەڕ بە میهری باڵا دێنێت و دڵ و دەروونی ڕووەو ئەڤینی خودا ئاوەڵا دەکرێت، بەڵام تێکستی «ژیان کورتە» خەریکە لە ڕێگەی عیشقی «فلۆریا ئامیلیا»وە نەک هەر سەرکۆنەی جیهانە ڕۆحانییەکەی ئاگوستین دەکات، بەڵکو لەمیان دوالیزمی ڕۆح و جەستەدا کێشەیەکی ئاڵۆسکاو دەنێتەوە، چونکە ئاگۆستین هەموو کارە هەستەوەرییەکان بەکاری جەستەپەروەری دەزانێت، کەچی «فلۆریا ئامیلیا» نامەیەکی بۆ قدیس ئاگۆستینی بەناوبانگ دەنووسێ و تێیدا خۆشەویستی خۆیانی بیردەخاتەوە کە کرایە قوربانی عەشقی ئاسمانی، گوایا ئاگۆستین لەلایەن «مۆنیکا»ی دایکییەوە کۆنترۆڵ کراوەو لەسەرەتای تەمەنییەوە ئازادی لە دەست داوە لەم دەقەدا «ئۆرڵ» ناوی «قەشە ئاگۆستین»ەو «ئادیۆ تا دۆس»یش ناوی کوڕەکەیانە، «کچە ئەوەتا ئێستێ لە قەرتاجنە بە ژنێکی زانام تێدەگەن کەوانەی تایبەتی دەڵێمەوە»..

یۆستین گۆردەر هەوڵی داوە مانەندی بابەتی سەرەکی دەقی «شفرەی دافنشی»دان بڕاون شالیسێک لە چەشنی [ مەریەمی مەجدەلی] بۆ ئاگۆستین بخولقێنێت، تا نرخ و بەهایەکی پڕاوپڕ لە ئێستەتیک بە لایەنی لەززەت و جەستە پەروەری ببەخشێت، لێرەوە «ئۆرڵ» شوێنی «مەسیح» دەگرێتەوەو «فلۆریا ئامیلیا».. جێگەی «مەریەمی مەجدەلی» و«ئادیۆ تادۆس»یش، وەک فەرزەندێکی بێ ناز کە قوربانی ڕەفتاری لە خۆبایی بوونی [ مۆنیکا ]ی دایکی ئاگۆستینە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ «سارا»ی کچە چکۆلانەی مەریەمی مەجدەلی گرنگ نییە نووسەر وەک کاراکتەرێک لە بەهاری ساڵی ١٩٩٥دا، لە پێشانگای کتێبی «بوینۆس ئایرس» و دوای گەڕان و سووڕان بە بازاڕ و کتێبخانەکاندا و لە کتێبفرۆشییەکی بچکۆڵە و لە سنووقێکی سووردا دەسنووسێکی کۆنی لاتینی «فلۆریا» دەدۆزێتەوە.. کە لێی نووسراوە «سڵاو لە فلۆریا ئامیلیاوە بۆ ئۆرلیۆس ئاگۆستین، قەشەی شاری هیپۆ...».. دەبێ ئاماژە بەپێشەکییەکەی نووسەری دەق بکەین کە تێیدا هاتووە و دەڵێ [ هەڵبەتە باشترین سەرچاوە لەسەر ئاگۆستین، هەر ئاگۆستین بۆ خۆبەتی، ئەویش لە ڕێگەی کتێبی دانپیانانەکانییەوە کە لە دەوروبەری ساڵی «٤٠٠ ی. پ. ز»دا نووسراوە ئەو لەو کتێبەدا تێڕوانینێکی بێ نموونە هەم لەسەر سەدەی چوارەمی پڕ ئاژاوە بەشێوەیەکی گشتی و هەم لەسەر گیرۆدەبوونە ڕۆحییەکانی خۆیشی سەبارەت بە بڕواداری و گومان، دەخاتە ڕوو، وادیارە ئاگۆستین لە چاو خەڵکانی پێش

سەدەی ڕێنیسانسدا، نزیکترین کەسە لە ئێمەوە. هەروەها وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت:

ئایا ئەمە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی گۆردەری ڕۆمانووس نییە بۆ ئەو کولتوورە ئایینییەی کە بەوجۆرە وێنای ئافرەتی دەکرد و لە سێبەری ئەوەشدا چەندین تاوانی گەورەی وەک «سووتاندنی جادووگەران» لە مێژووی ئەوروپادا، ئەنجام دران؟ «تۆ ئەڤین ڕەت دەکەیەوە، ڕەنگە ئەمە قەبووڵ بکرێ، وەلێ «بۆچی» بەناوی خوداوە ئەڤین ڕەت بکرێتەوە».. بەڵام دەبێ بزانین کە سانت ئاوگستین لە ڕێگەی «مانەوی»یەتەوە لایەنی سۆفیگەری هێناوەتە ناو مەسیحییەت، چونکە مانیایەتیش بێ چەندو چۆن وەک زەردەشتایەتی دوولایەنخوازە، بەڵام بەچ جیاوازییەکەوە «مانیایەتی» خراپەکاری و مادە، چاکەو ڕۆح یەکسان دەکات، بۆیەش بە جۆرێکی تایبەتی وەکو بناغەی بیروباوەڕی هەموو جۆرێ لە سالیکگەرایەتی و گەلێ جۆری سۆفیگەری زۆر گونجاوە، بیرو بناغەی یەکەمی «مانەویەت» ئەوەیە کە ئەو جیهانە لە مادەی شەیتانیەوە دروست کراوە زۆر بە قووڵی لەلایەن زەردەشتییەکانەوە بێزلێکراوە بوو، هەروەها لەلایەن زەردەشتیان «لەش» ڕێزی بنەڕەتی خۆی هەیە، ئەوەش ڕاستەکە لە ڕۆح نزمترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزدارە، یان خراپە نە جیهان خۆیەتی و نەهی ئەم جیهانەشە وەک «مانیەکان» وا دەڵێن.

بەڵام دوایین جار لای زەردەشتیان «ڕۆحی ڕزگاربوو دەگاتە ڕووناکی بێ کۆتایی کە ئەوێ ئەوپەڕی بەختەوەرییە».. کتێبێک «دەربارەی ئایینی زەردەشت- وەرگێڕانی ئازاد حەمە شەریف....» بۆیە لە کتێبی «چەند فەیلەسووفێکی بوونگەرا»دا هاتووە کە قەدیس ئۆگستین لەگەڵ خودا دەدوێت و دەڵێت «من خۆم و تۆیش دەناسم» یان دەڵێت «دڵەکانمان هەر بە نیگەران دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی کە لە خودادا پشوو دەدەن»... دەکرێ عیشقی «فلۆریا» و «ئاگۆستین» بە هەمان عیشقی [کیرکە گۆر] و [ڕێژین] بچوێنرێت یان بەپێچەوانەوە کە هەردوو کەسایەتییەکان دەست لە کردەی عیشق و ئەڤین هەڵدەگرن و لایەنەکانی ئیرۆتیک و جەستە پەروەری فەرامۆش دەکەن و یەکسەر ڕووەو جیهانی ڕۆحانییەت هەنگاو دەهاوێژن، بەڵام کیرکەگۆر وەک بوونگەرایەکی باوەڕداری ڕۆحانی تا دوایین چرکەساتی گیانەڵاش ناتوانێت دەسبەرداری هەستە ئەڤینیەکانی [ڕێژین] بێت و بۆیە لە وەسیەتنامەکەیدا هاتووە کە بەنرخترین و گرانبەهاترین شمەک و کەلوپەلەکانی پێشکەش بە ڕێژین بکرێت، ئیتر دەکرێ بڵێین یۆستاین گاردەر کە چۆن لە ڕۆمانی «کچەی پرتەقاڵ»دا کار لەسەر نامەو زەمەن و یادوەری و ئولفەت و نهێنییەکانی گەردوون و تەلیسکۆبی هۆبڵ و عیشقی «فیرۆنیکا» و چەمکەکانی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە دەکات، بەهەمان شێوە لەیرەش لەم تێکستەشدا، واتە لەم ڕۆمانەی «ژیان کورتە»شدا کار لەسەر دوالیزمی ڕۆح و جەستە وزەمەن و نوستالژیا) دەکات، واتە زمان و بۆچوون و گۆشە نیگا ئاڵۆز ئاڵۆزو ڕۆحانییەکانی ئاگۆستین وەک ئەزموونی ژیان دەکەوێتە خانەی مودێرنەو کەچی ئەزموونە لەززەتدارو پڕاوپڕ لە ئیرۆتیکییەکەی «فلۆریا ئامیلیا» سەربەخانەی ژیانە بێ پرۆژەکەی پۆست مودێرنەیە، ناکرێ لەبەرخاتری عیشقی ڕەها دەست لە جوانییەکانی مەخلووق و ئافەریدەکانی میهری باڵا هەڵبگرین، یۆستین گۆردەر لەم دەقەدا هەوڵی داوە بۆندو پێوەندی نێوان دوالیزمەکان هەڵبوەشێنێتەوە و لە میان کەرنەڤاڵێکی دیۆنیزۆسییەوە لە چێژو لەززەت و حەز و چرکە خۆشنوودییەکانی ژیان بڕوانێت..

با لە دووتوێی ئەم بڕگەیەوە لە گۆشەنیگای تێکستەکە بڕوانین [ئەوساتەی پرچە درێژەکانمت ئاوەڵاکردن تا بۆن بەعەترەکەیانەوە بکەی، لەسەر گەردنم هەستم بە هەناسەت کرد، وەک ئەوەی بتەوێ سەراپای بوونم هەڵمژیتە ناوخۆتەوە، مەبادا جێگەی من، ناو دەروونی بوونی تۆ بێت، هەر بەو جۆرەی لە من نزیک بوویتەوە، ئاواش لە پێناوی بەخشینی ڕۆحی خۆتتدا فرۆشتمت، چ خیانەتێ، ئۆرڵ، چ گوناهێکی!... ئەگەر وەکو خودایەک هەیە، لێگەڕێ با چاو دەگوناهەکانی تۆ بپۆشێ، بەشکم ڕۆژێکیش بەو هۆیەوە کە جەنابت پشتت لە هەموو چێژەکانی ژیان کرد، دادگاییت بکا، تۆ ئەڤین ڕەت دەکەیەوە، ڕەنگە ئەمە قەبووڵ بکرێ، وەلێ «بۆچی» بەناوی خوداوە ئەڤین ڕەت بکرێتەوە من بڕوا بە خودایەک ناکەم کە ژیانی ئافرەتێ دەخاتە سارایێ لە پێناوی ئەوەیدا گوناهەکانی پیاوێ ببەخشێ]... گوتت لەبەر ئەوەی لە خۆمت جوێ دەکەمەوە، چونکە بێ سنوور خۆشم دەوێی، تێکست بە زمانێکی حەسرەت ئامێزی شیعری و هەڵدانی

گوفتارگەلێکی فەلسەفی و ڕۆحانی لە دامرکاندنەوەو خامۆشکردنی ئاگری کوانووی عیشقێک دەدوێت ئەمەش بەهۆی هێنانەوەی چەندین وتەو گوفتاری هەریەک لە هۆراس و سیسەرۆ و چیرۆک و سەربهووردی ئەڤیندارانەی دیدرۆ و ئاینیاس و هزری مانەوەی و ئەفلاتوونی و نامەکانی پۆڵس و فەرمایشتەکانی مەسیح و کۆمەڵێک هێمای میتولۆژیای گریکی و ڕۆمانی.. وەک ئیکارۆس و دیدالۆس و شانۆنامەکانی سۆفۆکلیس و یۆرپیدس و بەتایبەتی مەرگەساتی «ئۆدیب»ی پاشاو فەلسەفەی گومانکاران... تاد وەلێ [تێکستی «ژیان کورتە» هەڵگری بونیادێکی ئەپیکۆرییەو چەندین بوقعەو مەودای شڵەژاوی ئیرۆتیکی لە دووتوێی زمانەوە، لەززەتەکانی عیشق و ئەڤین و جەستە پەرستی دەورووژێنێت بەرامبەر زوهدو خەڵوەت و ڕۆحپەرستی و پەنابردن بۆ بەرقاپی میهری باڵای ئەبەدیەت، بۆیە دەکرێ لە ڕوانگەی «ڕۆلان بارت»ە وە بە دەقێکی ئیرۆتیکی و شاوەتی نێوزەد بکرێت، چونکە تێکستێکە بەو پەڕی هێزو جەبەروت و بەهۆی سیستمی ئایرۆنیەتی زمان و یادوەری و زەمەنە وەتێکستێکی نەشئەداری حەسرەتئامێزی لێوانلێو لە شیعرییەت دەخولقێنێت. دەقێک پابەندە بە چرکە ئاگراوییەکانی عیشق و ئەڤین و نۆستالژیا «فلۆریا ئامیلیا» لە نامەکەیدا بەم شێوەیە سەرکۆنەی ئاگۆستین دەکات [ئایا من لە جەستەی ئافرەتێ شتێکی تر نەبووم بۆ تۆ؟ بۆ خۆت دەزانیت کە ئەمە ڕاست نییە، چۆن دەتوانی لەنێوان جەستەو ڕۆحدا جیاوازی بکەیت، ئایا ئەمە بە دەستێوەردان لەکاری یەزدان ناژمێردرێ؟ ئۆف، بەڵێ پڵنگە سپڵەکەم بێگومان وا دەژمێردرێ، ئەو دەمەی جەستەی من لەنێوان پەنجەکانتا بوو، بە دووی ڕۆحمدا دەگەڕایت] یان لە شوێنێکی تری نامەکەدا دەڵێت [ئەرێ دێتەوە بیرت بەرلەوەی خونچەکان بپشکوون، چۆن نەوازشت دەکردن؟ چۆن لە چنینی من چێژت وەردەگرت؟ چۆن بۆنی منت بە کەپووی گیان هەڵدەمژی؟ خۆراکت لە بوونی من وەردەگرت؟. پاشانیش جێت هێشتم و منت فرۆشت لە بەهای ڕزگارکردنی ڕۆحتدا. درێغا لە دەست ئەم سپڵەیی و بێوەفاییە، ئەوە چ گوناهێ بوو، ئۆڕڵی ئازیز، نەخێر، من باوەڕم بەو خودایە نییە کە قوربانی لە مرۆڤ دەوێ، من ئیمانم بەو خودایە نییە کە ژیانی ئافرەتێ بەرباد ئەکا بۆ ئەوەی ڕۆحی پیاوێ ڕزگار بکا».. تۆیەک کە سەر دەمانێ لەکاتێ پیاسەکردندا بەسەر پردی ڕووباری ئارنۆدا، چەمایتەوە تا عەتری پرچەکانی من بۆن کەیت» حەز دەکەم سەرنجت بۆ لای هەندێ پەیڤی هۆراس ڕابکێشم: «هەردەم دەبیرت بێ هەموو ڕۆژێ کە خۆرهەڵدێ بۆی هەیە دوا ڕۆژی ژیانت بێ» ژیان کورتە زۆریش کورت،.. فلۆریا لە نامەکەدا لە بارەی مەرگی مۆنیکاو جوانە مەرگبوونی کوڕەکەیەوە دەدوێت و دەتوانم بڵێم [یۆستین گۆردەر] لەم تێکستەیدا پەیڕەوی شێوازی «کۆمیدیای خوداوەندی] دانتێ ئەلیجیری و [وێرانە خاک]ی ت- س- ئیلیەتی کردووە.. بەتایبەتی لە ڕووی زمانی ئاماژەو کارکردنی لەنێو دەقە زیندووەکانی جیهانی داهێنان و بەکاربردنی شاکارگەلێکی بێ شومار کە بوونەتە پاژێکی درەوشاوەی نێو فەزای نامەکە و میهری تیشکبەخشی هزری جیاواز جیاوازی دووتوێی ڕۆمانەکە، لەوانە مامەڵە کردنی دەق لەگەڵ مەزامیرەکانی داوود و مەرگەساتی بورجی بابل و میتولۆژیاکانی ئۆڤید و داستانی [ئەنیادە] و ڤەرژیل و دیالۆگی فایدۆن]ی ئەفلاتوون کە تێیدا [سوکرات] باس لە نەمری و مانەوەی ڕۆح و گیان دەکات، هەروەها گەمەکردن بە زۆر جۆر پەندوگوفتار وەک ئەوەی کە دەڵێ [هەڵم لە مردووەوە هەڵناستێ].

یا ئەو بۆچوونە سۆفیزمەی ئاگۆستین کاتێ دەڵێ [لە هەر جێیەک تۆ هەبووی منیش هەبووم] دوور نییە پشوودانی ژێر دار هەنجیرەکە ئاماژە دانێک بێت بۆ چرکەی ئارامی [بوودا] بەم جۆرە دەقی [ژیان کورتە]ی یۆستین گۆردەر لە ڕێگەی وروژاندنی یادوەری گەلێکەوە لەنێو زەمەنێکی ونبوودا کاردەکات و هێدی هێدیش چرکە لەززەتدارەکانی زیندەگی دەتەقێنێتەوە، چونکە ئەڤین وەک ڤەرژیل دەڵێت (بەسەر هەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێ) «فلۆریا» دەیەوێ بەهۆی عەترو لەززەتەکانی لەش و ئاگرەکانی ئیرۆتیک و خۆشنوودییەکانی ئیرۆسەوە ئاگۆستین لەژێر دەسەڵاتی مەرگدۆستی ڕزگار بکات و ئارامی و دڵنیایی گیانیش بە چرکەساتەکانی ئەمێستاوە پەیوەست بێ، چونکە ژیان کورتەو بەشی عیشق و ئەڤینیش ناکات!

# سیمای هۆزانی ڕۆژهەڵاتی لوڕستان

عەباس سلێمان سمایل

## پێشەکی

تا سەردەمی سەفەوییەکان ناوی لوڕ و لوڕستان نەخزابووە نێو فەرهەنگان، هەر لەسەردەمی ئەشکانیان تا بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئێران، هەر ناوی کورد هاتووە لەناوچەکانی نێوان شیراز و هەمەدان و خوزستان، زیاتریش لەدوای ڕووخانی قاجاریەکان هەوڵ درا ناوچەکانی ناوبراو لە کوردستان داببڕن، بۆیە نەژاد پەرستانی فارس زۆر گرنگیان دا بە لوڕ و لوڕستان و بە بەشێک لەگەڵی فارسیان دادەنا و جاری ئاواش هەبوو بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە کوردان، کوردانیش، لوڕان هەر بە کورد دەزانن، بۆیە ئەوەندەیان لەسەر دەنووسن، ئەگینا بۆ لەسەر فارس و بەلووجان و نانووسن، ئیتر لەم (٢٠-٣٠) ساڵەی دواییدا بەدەیان کتێب و بابەتی جۆراوجۆر لەسەر لوڕ و لوڕستان هاتە چاپکردن لەنێو فارس و لوڕ و کوردان، جا لە ئەنجامی تۆژینەوەی ئەم نووسراوانە و ڕاپرسی لە لوڕستان، زۆربەی لوڕ خۆیان بە کوردە دەزانن نەک بە فارس یا گەلێکی سەربەخۆ، جا ئەگەر ئێران ڕزگار بێت لە دەست دیکتاتۆریەتی بەناو حکومەتی ئیسلامی، ئەوا بێگومان لوڕستان دەگەڕێتەوە باوەشی کوردستان.

جا کتێبی سیمای لوڕستانی ڕۆژهەڵات کە ئەمڕۆ ئوستانی چارمەحال و بەختیاری و بەشێک لە ئوستانی خوزستان و ئیسفەهان دەگرێتەوە بریتییە لە (١٤٤) لاپەڕە کە لەلایەن بەڕێز (حوسێن گودەرزی) لە ساڵی (١٣٧٤) هەتاوی لە دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی نرسیم) بەچاپ گەیشتووە. ئەم کتێبە خزمەتێکی گەورەی بە کوردستان بە گشتی و هۆزانی لوڕ بەتایبەتی کردووە. نووسەر لە کتێبەکەیدا زیاتر لەسەر کۆچەرایەتی و ڕۆشنبیری لوڕستانی ڕۆژهەڵات دواوە، هەروەها داب و نەریتێکی زۆری هۆزەکانی ناوبراوی خستۆتەڕوو کە زۆریان لە فەرهەنگی زەردەشتیەتەوە نزیکە یا درێژە پێدراویەتی، هەروەها



نزیکایەتیەکیش لەنێوان فەرهەنگی دەشتی هەولێر و لوڕستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، جا بۆ ئاشنابوون بە نزیکایەتی هۆزانی ڕۆژهەڵاتی لوڕستان لەگەڵ هۆزانی دیکەی کوردستاندا بە پێویست زانرا ئەم نزیکایەتیە بخەینە ڕوو.

## بەشەکانی کتێبەکە

## بەشی یەکەم

### ڕابردووی کۆچەرنشینان

لەو سەردەمەی کە مرۆڤ لە ڕێگای کۆکردنەوەی خۆراک دەژیا، جا بە مەبەستی ئامادەکردن و بە دەست هێنانی خۆراک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە کۆچی کردووە هەڵبەتە ئەم کۆچکردنەش بەهۆی جۆراوجۆری سروشت و گۆڕانی وەرزەکان بووە، واتە نزیک بووە لە کۆچکردنی باڵندان، ئەم کۆچڕەویەی مرۆڤیش لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازی هەبووە.

قۆناغی دووەمی کۆچڕەویش لەماڵیکردنی ئاژەڵەوە دەست پێدەکات، لەو سەردەم کە ژیانی مرۆڤ پەیوەست بووە بە بەخێوکردنی ماڵات، جا بە مەبەستی دابینکردنی لەوەڕ لەناوچەیەکەوە کۆچی کردووە بۆ ناوچەیەکی دیکە یا گەرمیان و کوێستانی کردووە.

لەو سەردەمیش، مرۆڤ هەوڵی ماڵداری داوە و بۆ بەرزکردنەوەی ئابووریەکەی پشتی بە بەروبوومی ئاژەڵ بەستووە، مێژووی ماڵیکردنی ئاژەڵ و گەرمیان و کوێستانکردن و گەڕان بەدوای پاوان و لەوەڕ بۆ ١٢,٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە بووەتە هۆی پوختەکردنی ژیان و ڕۆشنبیرکردنی.

ئیتر ژیانی ڕەشماڵنشینی هەر لەم قۆناغەدا سەری هەڵداوە، سەرەتا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و دواتر گەییوەتە دەشتەپڕ لەوەڕگەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا، ئیتر لە هەزارەی یەکی پێش زایینەوە ئابووری هۆزایەتی هاتەکایەوە و هەر هۆزێکی ئابووریەکەی بەهێزتر بوایە دەستی بەسەر پاوانی زیاتر دادەگرت و دواتر هەندێکی دیکە بە فرۆشتنی و کڕینی ئاژەڵەوە خەریک بوون.

لە قۆناغی کشتوکاڵیشدا زۆر لە هەواری گەرمیان یا کوێستان دەبوونە هەواری هەمیشەیی و لەجیاتی ڕەشماڵ خانوویان لە بەرد و قوڕ دروست دەکرد و بەمجۆرە ژیانی گوندنشینی هاتەکایەوە.

ئیتر بەگوێرەی قسەی مێژوونووسان، ڕۆژهەڵاتی لوڕستان ناوچەیەکە لەم ناوچانەی کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر مرۆڤی تیا ژیاوە و بەمەڕدارییەوە خەریک بووینە گەرمیان و کوێستانیان کردووە، لەو مێژوونووسانە (ئەستاین)ە کە دەڵێت: لوڕەکان لە هەزارەی یەکی پێش زایین ژیانی یەکجارنشینان دەستی پێ کردووە، واتە گوندنشین سەری هەڵداوە.

هیرۆدۆت دەڵێت: لەسەردەمی هەخامەنیشیان و ساسانیان کۆچەری لە ئێران کەمتر بووە، دیارە ئەویش کاریگەری ئایینی زەردەشتی بووە لەسەریان کە دوای وازهێنان لە کۆچەری و گۆڕان بەرەو نیشتەجێ بوون و خەریک بوون بە کشتوکاڵ کردنەوە.

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ئێران بەتایبەتی لەخۆراسان و ئیسفەهان و فارس کۆچەری پتر بووە، کە هەموو لوڕستانی ئەمڕۆشی گرتۆتەوە.

لە چاخەکانی (٥- ٦) کۆچی هۆزێکی دڕندەی کۆچەری تورک و مەغۆل هێرشیان کردە سەر گوندنشینانی ئێران بەتایبەتی لە ئازربایجان و هەمەدان و ئیسفەهان و گوندنشینانیان ئاوارەکردن و ژمارەی کۆچەری پتر بوو لە جاران، هەروەها عەرەبی ئیسلامیش لە سەرەتای فەتحی ئێران ڕۆڵی بینی لە زیادکردنی کۆچەر بەهۆی کاولکردنی گوند و شارێکی زۆری ئێران.

### ڕەوشی ئەمڕۆی کۆچڕەوان

ئەمڕۆ لە سەرتاسەری ئێران هۆزانی کۆچەر و نیوە کۆچەر و نیشتەجێ دەبینرێت و بەپێی ئاماری ساڵی (١٣٦٦) هەتاوی (٩٦) هۆز و (٥٤٧) تایفەی سەربەخۆی کۆچڕەو لە هەموو ئێران دەبینرێت و ژمارەیەک لەوانەش لە لوڕستانی ڕۆژهەڵاتە.

دواتر نووسەر دەربارەی پێکهاتنی جۆراکی هۆزایەتیان دەڵێت: کۆمەڵگەی هۆزایەتی ئەم هەرێمە بەشێکیان پشتیان بە ژیانی مەڕداری بەستووە و بەشێکی دیکەیان نیوە کۆچەرن و گەرمیان و کوێستان دەکەن و لە گەرمیان واتە لە زستانان لە خانووی لەبەرد و قوڕ دروستکراوی باش ژیان دەبەنە سەر و کشتوکاڵی دێمیش دەکەن و لە هەواری کوێستانیشیان لە ڕەشماڵان دەژین، بەشی سێیەمیشیان گوندنشین و زیاتر بە کشتوکاڵەوە خەریکن و مێریش بە خورتی کۆچەران نیشتەجێ دەکات.

بە قسەی هەندێک لە کۆمەڵناسان نیمچەکۆچەری لە چەرخی برونز (مفرغ) لە هەندێ ناوچەی

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەری هەڵداوە، بەرلەوەش لە ئاسیای ناوەڕاست سەری هەڵدابوو.

خێڵ و هۆزانی نیشتەجێ: نیشتەجێ بوونی هۆزان کاریگەری سروشت و گۆڕانی ئاوو هەوای لەسەربووە. بەردەوامی چالاکی کشتوکاڵیش بەردەوام کۆچڕەوانی نیشتەجێ کردووە و دواتریش بەهۆی دۆزینەوەی نەوت لە خوزستان و دامەزرانی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی بەختیاری لە کۆمپانیاکانی نەوت، وای کرد ژمارەی کۆچڕەوان کەمتر ببێتەوە و ئەمڕۆکەش تەنیا (٢ ٪) بەختیاریەکان لەسەر ژیانی کۆچڕەوی ماون.

ئەو کۆچڕەوانەی لە گوندان نیشتەجێ بوون ئاژەڵەکانیان لە دەوروبەری گوندەکانیان دەوڵەوەڕاند، یان بەشێوەی (بنە) لەو پاوانانەی بەکرێی دەگرن دەمێننەوە.

## ڕەوشی بەڕێوەبردن لە هۆزانی ڕۆژهەلاتی لوڕستان

زۆربەی هۆزانی بەختیاری لە ڕۆژهەلاتی لوڕستاندا تاکو ئەمڕۆ نیوەکۆچەرن، لە سەرەتای مانگی مێهر (ئەیلوول) بۆ باکووری خوزستان و باشووری لوڕستان کۆچ دەکەن، هاوینانیش بەرەو کوێستانەکانی ئوستانی بەختیاری ئاژەڵەکانیان ڕادەدەن، نێوان ئاران و زۆزانیشیان دەوروبەری (١٥٠کم)ە، گوندەکانیشیان لەناوەڕاستی گەرمەسێر و سەردەسێر هەڵکەوتووە کە لە سەرەتای پایزەوە تا سەرەتای بەهاری تیا دەمێننەوە.

لە چوونیشیان بۆ هەریەک لە هەواری گەرمیان و کوێستان دوو هەفتەیان پێدەچێت، لەم سالانەی دواییش بۆ گواستنەوەی ئاژەڵەکانیان سوود لە شەمەندەفەر و ئۆتۆمۆبێل وەردەگرن ژمارەیەکیش لە گوندنشینەکان تەنیا لە وەرزی گەرما بەرەو چیاکانی نیزیکیانەوە مەڕومالاتەکانیان ڕادەدەن و کەلوپەل لەگەڵ خۆیان نابەن و لە هەر ماڵە و ژمارەیەک لە ئەندامەکانی خێزان لە گونددەمێننەوە، کشتوکاڵیان لەگوند زیاتر دەغڵ و دانەو لە هاوینانیش هەندێکیان لە هەواری کوێستانیان دەگەڕێنەوە بۆ دروێنە و دوای هەڵگرتنی خەرمان دەچنەوە کوێستان.

لە سەرەتای پاییزیش مەڕو مالاتیان ڕادەدەن و دەگەڕێنەوە گوندەکانیان.

سەرەک هۆزەکانی بەختیاری لەم سەد ساڵەی دوایی لە شارەکان نیشتەجێ دەبن و زۆر تایفەش ئەمڕۆکە لە گوندەکان نیشتەجێن و مەگەر ژمارەیەکی کەمیان مابێت گەرمیان و کوێستان بکەن لەوانە تایفەی حاجیوەند. ئیتر هۆزانی بەختیاری چەند سەدەیەکە لە ژیانی کۆچەریدان، زۆرجار وا دەبێ هەندێکیان لە گوندان نیشتەجێ دەبن دواتر دووبارە دەست بە کۆچەری دەکەنەوە، بەلام لەم سەد ساڵەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لەکۆچڕەوان لە گوندەکان نیشتەجێ دەبن و لەم پەنجاساڵەی دواییش حکومەت بە خورتی ژمارەیەکی زۆریانی نیشتەجێ کرد، بەگشتیش ئەمڕۆکە کۆچڕەوانی بەختیاری کە بۆ شاخەکان و دۆڵە قووڵەکان لە وەرزی گەرما کۆچ دەکەن و دوای بەسەرچوونی گەرما دەگەڕێنەوە گوندەکانیان، بەم جۆرە ژیانەش دەڵێن دووجانشینی.

لە زۆر ناوچەش کە نەهاتی ڕوویان تێدەکات، بەهۆی باران نەبارین یا کلۆ بە دەرکەوتن یا پەیدابوونی سن و کیسەڵە و زیندەوەری زیانبەخشی دیکە یا بەکارهێنانی زەویەکانی ناوچەیەک لەلایەن سوپای میریەوە، ئەوا خەڵکەکە بەناچاری دەست بە کۆچڕەوی دەکەن، لەوانە هۆزی (تا سالی) لوڕە، کە لە باکووری خوزستان بە دەست ئەو جۆرە نەهاتیەوە کۆچ دەکەن و ناگەڕێنەوە و ئەم دێرە هەڵبەستەش لەسەر بەردێک دەنووسن لەکاتی کۆچکردنیان:

**مارفتیم از دست بالدار و نالدار و سوز**

**هرکس منع ماکند افتدبه این روز**

واتە: ئێمە ڕۆیشتین لە دەست زیندەوەر و سەرباز و گەرما- هەر کەسێکی ڕێمان پێ بگرێت بەو ڕۆژەی ئێمە بچێت.

کارکردن و خوێندنی لاوەکانی بەختیاری لە شارەکان هۆیەکی دیکەی نیشتەجێ بوونی کۆچەرەکانە، چونکە هەر لاوێکی هاتە شار دواتر زەحمەتە بگەڕێتەوە سەر ژیانی کۆچەری.

## بەشی دووەم
## ڕابردووی دیرۆکی لوڕ

بەپێی بەڵگەنامەکان و قسەی لێکۆڵەرەوان دانیشتوانی لوڕستان زیاتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، لوڕستان کۆچڕەوی تیا هەبووە، واتە بەرلەوەی ئارییەکان لە دەوروبەری قەزوێنەوە کۆچ بکەن بۆ ئەم هەرێمە و لەو کاتی چەند گەلێک فەرمانیان گێڕاوە ناودارترینیان ئیلامییەکان بووینە، ئیلامییەکانیش خاوەن شارستانیەتێکی بەناوبانگی جیهان

بوون کە فەرمانڕەواییان لە خوزستان و لوڕستـــان دەکـرد و شـوێنەوار و هونەرێکی زۆریان لە تەلارسـازی و کەلوپەلی ماڵ و جووتکردن لێ بەجێ ماوە.

## هۆی ناولێنانی لوڕ

خاوەنی (زبدة التواریخ) دەڵێت: هۆی ناولێنانی دانیشــتوانی ئەم هەرێمە بە لوڕ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ویلایەتی مانڕود گوندێک هەبووە بەناوی کـــــورد و هەر لەم ناوە دەربەندێک هەیە بەناوی کـــوول و شـــوێنێک هەیە لەناو ئەو دەربەندە بەناوی لـوڕ، جـــــا لەبەر ئەوەی دانیشـــتوانی ئەم شـوێنە بە هەر شـێـوەیەک بێ بە دەردەکـەون و لە هەرێمەکە بەناوی لوڕ دەناسرێن هۆی دووەمی ناولێنانی دانیشـتوانی ئەم هەرێمـــــە بـە (لـوڕ)، بۆ نـەژادی کـەسـێکی باڵادەست بەناوی (لوڕ) دەگەڕێتەوە. «حمدالله مستوفی» لە «تاریخ گـزیدە» هەمـــان بیـــروڕای صـــاحب زبدەی هەیە و دەڵێت لوڕ بەناوی شـوێنێک لە دەربەند کـولی مانڕود ناولێنراوە.

## لوڕ دەبن بە دوو دەستە

لوڕی گەورە و لوڕی گچکە. لوڕی گەورە لە چارمـحـال بەخـتـیـاری و ئوسـتـانی کـهگیلویە و ئوسـتـانی داودی و بەشـێک لە خـوزسـتـان و بەشێکیشـیان لە ئوستـانی فـارس نیـشـتـەجـێنە، کـەچی لوڕی گـچکە زۆربەیان لە ئوسـتـانی لوڕسـتـان نیشتەجێنە کتێبی «روضة الصفا» دەربارەی ئەم دابەشبوونە دەڵێت: لوڕ لەگەلانی جۆراوجۆری ئێرانی پێک هاتوون و نیـشـتـمـانیـان بە دووبەش دابەش کـراوە: لوڕی گـەورە و لوڕی گچکە، کـاتی خۆی دوو برا بەناوی (بەدر) و بەناوی (مـــەنســـوور) هەریەکە لە بەشێکی ئەم نیشتمانەدا فەرمانڕەواییان کردووە.

(بەدر) لە بەشی گەورەی ئەم خاکە فـەرمـانی گـێـڕاوە، بۆیە بەم بەشـەی لوڕسـتـان دەگـوترێت لوڕی گـەورە و مـــەنســـووری براکـــەشی لە بەشـــە گـچکەکـە فـەرمـانی گـێـڕاوە، بۆیە ئەویش بە لوڕی گچکە کە ئوستانی لوڕســـتـــــانە ناوی دەرکـــــردووە. فـــــەرمـــــانڕەوایی ئەم برایانە و نەوەکانیان تا سەرەتای قاجارییەکان بەردەوام بـوو، هەروەها نـووســـــەر دەڵێت لەنێـوان لوڕی گەورە و شاری شیراز ناوچەیەکی دیکەی لوڕ هەبووە بەناوی (شولستان)، لوڕی گچکەش کە ناوەندەکەی شاری خوڕەم ئابادە و ناوچەکانی پشتکۆ دەگرێتەوە جاران دانیشتوانەکەی زیاتر ناوی بە فەیلی دەرکـردبوو ئوسـتـانی کـرمـاشـان و هەمەدانیش لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەم دوو برایە بووینە.

فــەرمــانڕەوایانی لوڕســـتــان تا ســـەردەمی ئەتابەگـــەکـــان (٥٥٠ کـۆچی) زۆرجـار سـەربەخـۆ بووە و زۆرجاریش نیـمـچە سەر بەخۆبیـان هەبـووە، لـەچاخی شـــــەشــــــەم فــەرمـــانڕەوایانی (فـــەزلەوی) یا ئەتابەگانی لوڕستان فەرمانڕەواییان لە لوڕسـتـان کـردووە و ئەوانیش بە نەژاد کـوردی (شـام)ن کە لە ڕێگای مـیـــافـارقین هاتوونەتە ئێـران و لە کلکەی چیای ئشتران کوە نیشتەجێ دەبن و ناوەندی نیشـتەجێ بوونیان هەردوو شـارۆچکەی ئیـذەج و مـاڵ میر بووە.

لە ســـاڵی (٨٣٧ کـــۆچی) ئەم حکومـــەتە بەدەســـتی ســـوڵتـــان ئیبراهیمی کوڕی شاهڕخی تەیمووری لەناوچووە. لەو مــــاوەیەدا (١٧) کـــەس لە لوڕســـتـــانی گـــەورە فـــەرمـــانڕەواییـــان کـــردووە. دواتر نووســـەر بەدرێژی لەسـەر بنەمـاڵەی فـــەزلەوی دەدوێ کـــە لە ســـاڵی (٥٠٠) کـــۆچی لە شـــامـــەوە دێنە لوڕســـتـــان و ســـەرەتا گـــەرمـــیـــان و کـوێسـتـان دەکەن، دواتر توانیـویانە فەرمانڕەوایی لە خوزستان و فارسەوە تا سنووری عـیـراق و لە ڕۆژهەلات تا ئیسفەهان و هەمەدان بگیرن هەروەها نووســــــەر بـە درێـژی لـەشــــــەڕ و تێکهەڵچوونیـان لەگەڵ نەیارانیـان دەدوێت و باس لە ئەبوتاهیــــری دامەزرێنەری ئەتابەگیـان دەکـات کە چۆن دەست بەســـەر شـــولســـتـــان دادەگرێت:

دوایین فـەرمـانڕەوای ئەتابەگـانی لوڕسـتـان ناوی (قیاسـەدین کـاوس) بوو، واتـە (٢٤)ەمین فـەرمـانڕەوای لوڕستانی گەورە بوو.

بەڵام لوڕی گـــچکە لە ســـاڵی (٥٠٠) کۆچی لەلایەن شـوجاعـەدین خـــورشـــیـــدی دامـــەزرا لە هۆزی جانکروی بوو.

## هۆی ناولێنانی بەختیاری لە جیاتی لوڕی گەورە

ناوی بەختـیاری کە لە دوو بڕگە یا بێـــــــژەی (بـەخت) و (یـار) واتـە ئەوانەی بەخـتـیـان هەیە یا بەخت یاوەریانە پێکهاتووە، ئەم ناوەش بەم دواییـە جێگای ناوی لوڕی گـەورەی گرتۆتەوە.

لێکـۆڵـەرەوانـیـش وای بـۆ دەچـن ناوی بەخـــتـــیـــاری نوێ بێت و لەســـەردەمی سـەفـەویەکـان سـەری هەڵداوە و شـــوێنی لوڕی گـــەورەی گـــرتۆتەوە، لەم بارەیەوە ئەم چەند بیروڕایە هەیە:

أ- ئەمـانە تایفـەیەکن لە نەژادی

یۆنانیـــان کـــه لەدوای هێـــرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر ئێران و داگیرکردنی، ئەم هۆزە یۆنانیە لەم هەرێمـە ئاووهەوا خۆشـە دەمێننەوە دەست بە مـــەڕداری دەکـــەن، جـــا ئێـرانیـان ئەمـانەیان بە بەخـتـیـار ناوهێناوە بەهۆی ئەوەی بەخـتـیـان هەبووە لەم شوێنە خۆشەماونەتەوە.

ب- لەسـەردەمی یـەک لـە سوڵتانەکانی سەفەوی سوپای ئێران شکست دەخوات بەرامبەر سوارانی ئەم تایفەیە، بۆیە دواتر بە بەختیاری ناودەردەکەن.

ج- بەختیاری هۆزێکی لوڕی گەورەیە لەسەردەمی سەفەویەکان بەهۆی ئازایەتیان لە هەرێمەکە ناویان دەرکرد.

د- ئەو هۆزانەی کەلەشامەوە هاتن و نیشتەجێ بوون لە لوڕستان یەک لەو هۆزانە هۆزی بەختیاری بوو، ئەمڕۆکەش تیرەیەک لە ئوستانی بەختیاری بەناوی بەختیار وەند هەیە، بەختیار وەندیش یەک لە چوار تایفە گەورەکەی هەفت لنگی بەختیارییە.

بەختیاری ئەمڕۆ دەبن بەدوو بەش. بەشی گەورە چارلنگە و ئەوی دیکەش حەفت لنگە، ئەم دابەشکردنەش لەسەر بنەڕەتی ئابووری و پتری زەوی و زار و گوندان دابەش کراوە، ئەو هۆزانەی زەوی و گوندی زیاتر بووە (٤/١). باجی زەوی و ماڵاتیان لێوەرگرتووە، ئەوەی زەوی و گوندیشی کەمتر بووە (٧/١) بەروبووم و سامانی ئاژەڵیان لێوەرگرتووە، هەریەک لەمانەش لە کۆمەڵێک تایفە و تیرە و بنەماڵە پێک هاتوونە.

**چەند تایفەیەکی حەفت لنگ:**

١- تایفەی دورکی.
٢- تایفەی دینارانی.
٣- تایفەی بابادی.
٤- تایفەی بەختیاروەند.

**چارلنگ لەم تایفانە پێک هاتووە:**

١- تایفەی مەحموود ساڵح، کە لەم تیرانە پێک هاتووە (ئورش، موم جەمالی، کاقلی، عادکار، ئال داود، قول، ئادپنایی، مومزایی.

مومزایی لە (٧) بنەماڵە پێک هاتووە، لەوانە: ئورک، کولەون، کشول.

٢- تایفەی کونرس، ئەم تایفە بریتییە لە (٧) تیرە لەوانە: هرکل، گشتیل، جانکی گەرمەسیر، ئەمەیان لەم بنەماڵانە پێک هاتووە: مکوند، زەنگەنە، کورد زەنگەنە، بلواسی، گریجە، سەیدان، لهۆنی، ئەمەیان لەم خانەوادانە پێک هاتووە: باوە، ساد، کهش، مترک شنگی.

٣- تایفەی زولفی، لەم تیرانە پێک هاتووە: دوغ زدن، جاوند، مەهمون جائیو..

٤- تایفەی موگویی لەم تیرانە پێک هاتووە: شێخ سەعد بیگوئی، دێوستی، ئیاسی.

٥- تایفەی مەمیوەند، لەم تیرانە پێک دێت:

١- ساک (ئیسحاق) ئەم تیرەیە بریتییە لە (١٢) بنەماڵە، لەوانە: بوزی، گرگیوەند، میرفوند، ئەتابەگ، سۆفی.

٢- پولادوەند شامل، بریتییە لەم بنەماڵانە: هیودی، سالاروەند، خانەجەمالی، خانەقائد، گراوند.

٣- عەبدولوەندشامل، بریتییە لەم بنەماڵانە: کوشاری، پیراوەند، دەروێش، زرین چقایی، تونی، ماهروئی، دەقازی، چکان.

٤- حاجی وەندشامل: بریتییە لەم بنەماڵانە: غالبی، کائد، هیل هیل، ئەلیاسی.

٥- عیساوەند شامل، بریتییە لەم بنەماڵانە: خانە قائد، کیروئی، ورکی، زیبایی، ئەداوی، گوروئی، جەعفەروەند.

بێجگە لەمانەش کە لە هەرێمی دیکەی کوردستانەوە هاتوون و لەم ئوستانە، نیشتەجێ بووینە، کە بەمیهمان واتە میوان ناودەبرێن.

## بەشی سێیەم
## جوگرافیای سروشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

نووسەر لەم بەشەدا باس لە کێوەکانی ئەم هەرێمە دەکات، کە بەهۆی ئاوی زۆر و دارودرەخت و هەبوونی حەشارگە و پەناگە، هەزاران ساڵ لەمەوبەر دانیشتوانەکەی بە مەڕداریەوە خەریک بووینە دواتر نووسەر باس لە خۆشی ئاووهەوای چیاکانی هەرێمەکە دەکات لەگەڵ ناوهێنانی دارودرەخت و گژوگیا سروشتییەکانی و ئەمانەش چیا بەناوبانگەکانی هەرێمەکەیە:

ئشتران کوە: بەرزترین و سەختترین چیای لوڕستانە و بڵندترین لووتکەی (٤٠٥٠) مەتر لەسەر ڕووی دەریا. ئاواییەکانی ئەم زنجیرە چیایە بەدرێژایی مێژوو بنکەی فەرمانڕەوایانی لوڕ بووە لەوانە زنجیرەی فەرمانڕەوایانی فەزلەویە یا ئەتابەگانی لوڕ،

لەنێو چیای ئشتران کوە شوێنێکی دیرۆکی هەیە بەناوی «جابلق» بەدرێژایی مێژوو مرۆڤی تیا نیشتەجێ بووە، بەگشتی ئەم چیایە زۆزانی مەڕدارانە و زۆر جۆرە

گیانلەبەری کێوی تیا دەژی. چیا بەناوبانگەکانی دیکەش ئەمانەن: قالی کوە، کوەمالو، کوەسالی، کوەدز.

### شوێنە بەناوبانگەکانی دێرۆکی ئەم هەرێمە

لوڕستان هەرێمێکی دێرینی شارستانیەتە و شوێنەواری زۆری لە نووسینی و قەڵا و پرد و شار و گوندی گەلانی کۆنی ئێرانی تیادەدیترێت.

لەوانە شوێنەواری (کوەدز)ە کە کەوتۆتە باشووری لوڕستان، هەروەها ژمارەیەک گۆڕستانی کۆنی تیایە، بە قسەی دانیشتوانەکە، ئەمانە گۆڕستانی زەردەشتیانە.

هەروەها (دەرەشوی) شوێنەواری گوندێکە لە بنار چیای سالی و شوێنەوارێکی زۆری لەخانووبەرە و کەلوپەلی ناوماڵ تیایە.

دوو ناوچەش لە نزیک شول ئاباده، کە شوێنەواری گوندی زۆر دێرینیان تیاماوە، هەروەها کەلوپەلی کشتوکاڵ کردنی دوو هەزارەی بەر لە زایینی تیا دۆزراوەتەوە پاشماوەی ئاتەشکەدەیەکی گەورەی زەردەشتیان لە دۆڵی چکان تاکو ئەمڕۆ ماوە.

دواتر نووسەر باس لە چەند هۆزێک دەکات کە لە شوێنی دیکەوە هاتوون لەوانە: بادخیری کە هاوسێی تیرەی جاچاوەندی سەر بەهۆزی میموەندن لەنێو هۆزانی چارلنگ نیشتەجێن زۆزانیان دۆڵی چکانە و ئارانیشیان دەوروبەری ڕێگەی شەمەندەفەرە، دەڵێن ئەمانە بەر لە (٢٠٠) ساڵ لە (خمین) هاتوونە و دەگەڕێنەوە سەر بەرمەکیەکان.

هەروەها تایفەیەکی دیکەش بەناوی (ماکونالی) لە لوڕستانی گەورە نیشتەجێ بووینە خۆیان بە نەوەی بەرمەکیەکان دەزانن.

بەناوبانگترین تاڤگەی ئەو هەرێمە تاڤگەی (تافچکانە) کە هەموو ساڵ لە ڕۆژی (١٣)ی نەورۆز دەنگێکی زۆر گەورەی لێوە دێت و دەتەقێتەوە تا کۆتایی پاییز ئاوی دەمێنێ و دواتر وشک دەکات.

### ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتی لوڕستان

بەهۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی لوڕستان چیاکانی بەردەوام بە بەفر داپۆشراون و بارانێکی مام ناوەندی لێدەبارێت، هەردوو چیای ئشتران، کوە و قالی کوە بەسەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکانی هەرێمەکە دادەنرێت، لەوانە ڕووباری ئاب زز، ئاب کول، ئاب سزارن، ئاب واسک.

## بەشی چوارەم
## ئابووری هۆزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی لوڕستان

نووسەر لەم بەشەدا بەدرێژی لەو ئابووریەی لە ماڵات بەخێوکردن وەدەست دەکەوێت لەگەڵ ئاستەنگەکانی بەخێوکردنی ماڵات دەدوێت، ئابووری ئەم هەرێمەش لە ماڵات بەخێوکردن و کشتوکاڵ کردنەوەیە.

هەروەها چنینیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئابووری وەک چنینی ڕەشماڵ، پێخەفی جۆراوجۆر و جەواڵ و هەگبە و توورەگەی ئارد (هور و) توورەگەی هیزەی ڕوون (هورکول) ئەمانەش لە دەستکاری ئافرەتانە.

## بەشی پێنجەم
## بیروباوەڕی ئایینی هۆزانی ڕۆژهەڵاتی لوڕستان

نووسەر دەڵێت جاران هەموو هەرێمەکە زەردەشتی بوون بەڵگەش بۆ ئەمە هەبوونی گۆڕستانێکی زۆر و ئاتەشکەدەیەکی زۆری زەردەشتیەکانە لە هەرێمەکە، ئەمڕۆکەش هەرێمی لوڕستانی ڕۆژهەڵات موسڵمانی بەمەزهەب شیعەن.

## بەشی شەشەم
## جێگای ئافرەتان لە جڤاتی هۆزایەتی

ئافرەتانی ئەم هەرێمە دوو خەبات دەکەن، خەباتی ماڵەوە و خەباتی دەرەوە، ئەمەیان بریتییە لە مەڕدۆشین و ئالیکدانی ماڵات و چوونە هەوێز و گیشەکەری و ئاوهێنان و دارهێنانە ئیتر ئافرەتیان ڕۆژانە بەر لەوەی خۆر دەربکەوێت تا ماڵ نووستنان خەریکی ئیش و کارن، بەتایبەتی خواردن ئامادەکردن و چنین و دروستکردنی پەنیر و ژاژی و زۆر جۆرە سرکە و گوشراوی دیکە. سەرەڕای یارمەتیدانی پیاو لەکاتی پێویست لەکاری مەڕداری و کشتوکاڵ کردن.

دەربارەی مافی ئافرەتانی هەرێمەکە دەڵێت:

ئافرەتان مافێکی ئەوتۆیان نییە و لە شووکردن و میرات بۆ نموونە کچیان تەمەنی بگاتە (١٢- ١٤) ساڵ بەبێ پرسی کچەکە بە شوو دەدرێت، دواتریش بەشدار نییە لە میراتی باوکی و ئەگەر ئافرەتی بێوەژنی ئەم هەرێمە مێرد بکاتەوە، ئەوا هەموو ماڵەکەی لێدەستێننەوە.

## بەشی حەوتەم
## فەرهەنگی هۆزانی ڕۆژهەڵاتی لوڕستان

فەرهەنگ لە وڵاتی ئێران واتای

دابونەریت و ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە کـە هەمـــوو هەڵســوکــەوتێک لە مـیـوانداری، شین و شـایی، جل و بەرگ، مـــەڕداری و کـــۆچەری، کـشـتـوکـاڵ، ئۆل و دەرەبەگـایەتی دەگرێتەوە. جا هەندێ لە بیروباوەڕی ئەم هەرێمــە پێــوەندی بە ئایینی زەردەشتی و ئایینە کۆنەکانی دیکەی ئێـرانەوە هەیە. لەوانە باوەڕیان بە دوو ئالی خـێــرو شــەڕ و ڕۆژانی گـەشـتـەوە هەیە کـە پێـوەندی بە دەرکەوتن و ونبوونی ئەستێرەکانەوە هەیە، بەلای وانەوە ئەســتــێــرە سەرچاوەی خێرو خۆشی و نەهامەتی ئەوانە، جا دەرکەوتن و ونبوونی هەر ئەستێرەیەک و شوێنی لە ئاسماندا زانراوە لەلایەن خـەڵکەکـە بۆ نموونە کەی ئەستێرەی گەشت بەدەرکەوێت ئەوکاتی گەشت دەکەن.

هەروەها پیـرۆزی درەخـتـیش لای لوڕانی ڕۆژهەڵات پێوەندی بە ئایینە کـۆنەکـانی کـوردسـتـانەوە هەیە، درەخت لە زۆر کـۆنەوە لەم هەرێمـەدا پیـرۆز و جـێگای ڕێزلێنانی بووە و داوا لە درەختـان دەکەن لە نەخۆشی چاکیان بکەنەوە، زۆرجاریش درەخت جێگەی مـراز لە خۆگرتنی ئافرەتان و جێگای ڕاز و نیازیانە هەردەم.

هەروەها باوەڕیـان بە هـەمــــوو گـیانلەبەرێکی خاوەن هێزی هێمادار هەیە کــە وێنەیان دەکــردن لەســەر تاشـەبەرد و قـوڕ و شـتـی دیکە، ئەمــەش بۆ سـەردەمی ســروشت پەرسـتـی دەگـەڕێتــەوە، لەوانە هەبوونی بیـــرو باوەڕ دەربـارەی هەڵسوکـەوتەکـانی دڕندەکـان، هەر هەڵس و کـــەوتێکیـــان چی لێـدەکەوتەوە بەرامـبـەر بە مـرۆڤ و ئاژەڵەکـــانیـــان و هەروەها لەو باوەڕەدان شـوانێکی غـەیبی تواناداری هەیە کە هێـمـای مەڕومالاَتە بەناوی (نمەدکـال). کـە مـالاَتان لە دەست دڕندان دەپارێزێ و بە ســەلامــەتی دەیانبـاتەوە مـاڵ و ئاژەڵی ونبـووش دەدۆزێتەوە.

ئاگریش زۆر ڕێزی هەیە لەنێوانیان بۆ نموونە ئەگەر یەکێکیان لێ بمرێت، دەبێ سێ ڕۆژ لەسەر یەکـتری ئاگر لەسەر گۆڕەکەی بکەنەوە و هەمیشە ســـوێندیش بە ئاگــــر و ڕۆژ و ئەستێرەکان دەخۆن، یەک لە داب و نەریتە کـۆنەکـانیـان ئەوەیە کـاتێ کە بووک لەماڵە باوانی دەڕوا، سێ جار لە دەورەی ئاگـردانەکـەی مـاڵەوەیان دەسووڕێتەوە ئینجا دەڕوات.

## گرنگی خێر و خێرات بۆ مردووان

ئێرانیـان بەر لە ئیـسلام هەمـیشە خێر و خێراتیان بۆ مردووان دەکرد، هەروەها لە جــەژنی تایبــەت بە مردووانیشیان بەناوی (فروردیگان) خێر و خێرات بۆ مردووان دەکرا، بۆ ئەوەی گیانیان شادبێت، جا هۆزانی بەختـیـاری ئەمڕۆش هەمـان خـێـر و خــێــراتی بەر لە ئیــســـلام بۆ مردووەکـانیـان دەکەن، بەتایبـەتی لە جـەژنی فـروردیگان یا پێنج ڕۆژەی کۆتایی ساڵ سێ ڕۆژ لەسەر یەکتری جۆرە شیـرینیـەک دروست دەکـەن لە ئارد و خـــورمـــا و ڕۆن، هەندێک بەخۆیان دەخۆن و هەندێکیش لەسەر گـــۆڕەکـــە دادەنـێن، بـۆ ئەوەی مــردووەکـــان بیـــخـــۆن، دەربارەی هەڵبەست هۆنینەوەش بەختیاریەکان هەر لە کـۆنەوە هەڵبـەســتـیـــان هۆنیـوەتەوە، بەتایبـەتی هەڵبەستی نیـشـتـمـانی، لەهاندانی لەشکر و شـەرکـردنیـــان دژی دوشـــمـن و هەڵبـــەســـتی شین و شـــایی، ئافـرەتانیـشـیـان زۆر دەست ڕەنگین بووینە لەم بوارە.

دەربارەی ژن و ژنخـوازیش دەڵێت: جـیـــازی بووکـێـیـــان دوو جـۆرە: جــۆرێکیـــان ئەوەیە کــە لە بازاڕ دەکـــڕدرێت وەک زێڕ و زیو و جل و بەرگ، ئەوی دیکەش دەســـتکردی خۆیانە لە چنراو و کەلوپەلی ناوماڵی لە دار دروستکراو لەگەڵ هێندێک لە (ڕس) واتە ڕیس.

**پەراوێزەکان:**

*** مــەبەســتی نووســەر لە ڕۆژهەڵاتی لورسـتـان لوڕی گـەورەیە، بەڵام ناوەرۆکی کتێبەکە کە زیاتر لەسەر کۆچەرەوی و نیوە کۆچەرەوی بەختیاریەکانە کە لەنێوان شاری ئەهواز و شـاری ئیـسـفـەهان گـەرمیـان و کـوێسـتـان دەکـەن کـە ئەوان پێی دەڵێن گەرمەسێر و سەردەسێر، لە کـوردسـتـانی قەفقاسیش دەڵێن ئاران و زۆرزان.**

*** بنە: لە ســـەرەتای پایزان مـــەڕدارە گوندنشینەکان، تەنیـا نیـوەماڵیـان دەبەنە چیایەکی نزیک گوندەکەیان و مەڕەکانیان لە پاوان دەکـــەن، تا ســـــەرەتای بەهار دەمێننەوە خۆشیـان لە ڕەشمـاڵ دەژین، لە دەشــتی هەولێــرێ بە بنە دەڵێن بنەگــە، بنەگـەی دەشـتی هەولێـریش هەمـیـشـە پاوانەکـانی گـەلیـەکـانی چیـای قـەرەچووغ بووە.**

*** شـولسـتـــان: ناوچەی شـولسـتــان، ئەمـڕۆکـە بە مـەمـســانی دەناســرێت و دانیشتوانەکەی لوڕن.**

*** لهـۆن: ناوی ناوچەیەکە لە هەورامانی بەشی ڕۆژهەڵات، دوورنیـــــە تیـــرەی (لهۆنی) لەم ناوچەیە هاتبن.**

*** ورکی: بنەمـــاڵەیەکـــە لە تیـــرەی عیساوەند، لە ڕووی ناوەوە نزیکە لەناوی هۆزی هەرکی، چونکە هەمیشە پیتی (هـ- و- ئـ) لە زمانی کوردی جێ گۆڕکێ دەکەن لەناوان وەک هورمـزیار، لە هەندێ ناوچان دەبێــتــە ئورمـزیار و لە هەندێ ناوچەش دەبێتە ورمزیار.**




# چەکچەکیلە و مێوەی زۆڵەک

مەحموود زامدار



ئەم کوردستانە خار خار و سەمەندەراسایەی ئێمە و گەلە بەلەنگاز و دڵقایم و شازدە ڕۆحەکەی، بەسەدان ساڵ و لە قۆناغی مێژووی جیاجیایدا، لەژێر پەرژەنگی پاڵەپەستۆی داگیرکەرە بژێولووشە دراوسێکانیدا سەنگەسار و لە چوار مێخە دراوە و هەر ئەوانیش بەگوێرەی سەدان پلان و پیلانەوە، ویستوویانە ئەم گەلە، لە زنە و سەرچاوە و دەراوی لێوڕێژی خۆی دابڕن و ددانیان لە زمان و کولتوورەکەی تیژ بکەن و خیزاوی بکەنە قورگەوە و دەستی بەزاخا ببەن و خەونەکانی بپەڕێنن و لە ئەنجامیشا تاکەکەسی کورد بخەنە نێو گێژاوی چاشبوون و نامۆیی و دڵەڕاوکێ و بزربوونی ناسنامەکەی.

ڕاستە تەڵەزگەی ئەو تەنگژەیەی کە ئەمڕۆ زۆر بە زەقی خۆی دەنوێنێ، وانییە هەر بەسەر ئەم گەلە هاتبێ، نا بەڵکو هەموو وڵاتە هەژار و گەشەکردووەکانی تەنیوەتەوە، بەڵام ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە- کەمتابێژ- جۆرە جیاوازییەکی هەیە، چونکە کورد کەم سوودی لە دەرفەتەکانی مێژوو وەرگرتووە.. بۆ؟ هەر زۆر زەقە.

وەک ئاشکرایە، موزیک و دیلۆک و گۆرانی بەخششێکی درەوشاوەی بەرنیسکێی ڕۆحە و هەنسکە بڕکێی دڵ و سینەسۆزەی دەروونێکی بەرهەراوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئەو موزیک و سترانە لەنێو بازنەی باوەخولێ و سەرلێشێوان و خولخولەیەکدا دەژی، کە دەبێ ئاوڕ لە هەموو ئەوباری سەرنج و ڕا هەڵخستن و بۆچوونە گێڕوگەورانە بدرێتەوە کە هەندێ لەوانەی لەم بوارە هەرە ناسکەدا دەسبەکارن و بە تەواوی لە ڕەگەز و بنەما و ڕێسا زانستی و مێژووییەکانی ئەم کەلەپوورە شیرینە تێناگەن و بە لووتبەرزی و چنەچنەوە سەیری دەکەن و کەوتوونەتە نێو داوودەهۆی ستران و موزیکی بیانی، نەخازمە ئەوروپاوە، لای ئەو چەکچە کیلانە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئاوازو گۆرانی کوردی، بەندە بە ئامێر و ئاوازی ئەوروپا و دەرودراوسێکانەوە و تێپەستاوتن و هەڵاخنینی ئەو ئامێر و ئاوازانەش کەشوهەوایەکی دی دروست دەکا.

ئەم پرۆسە دوو ڕەگ و دەڕەگ و ئامێژەنکراوە، جگە لە بوونەوەرێکی سەیرو دەعەجانی و ڕمووزن زیاتر، هیچ نییە و هیچ وەبەرهەم ناهێنێ.. ئەو کەودەنانەش تەنیا بەدوای بازرگانی و نانی حەڕام و گیرفان پڕکردن و ڕابواردن دەگەڕێن و هیچی تر.

کە ئەمە دەڵێم، ئەوەش هەڵنابوێرم کە: ئێمە دەبێ دەرگا و دەروازە و کلاو ڕۆژنە و پەنجەرەکانمان لەبەردەم ڕووناکی و شنەبای شەماڵی جیهانی وازو واڵای گلۆبالیزم و تیکنۆلۆژیادا واڵاترو واڵاتربێ، بەڵام بە مەرجێ هەناسە هەناسەی خۆمان و چاویش چاوی خۆمان بێ کە ئەمەش لە بنواشەیەکی زانستانە و بە بناشتەوە بەرپەرچی دەدەینەوە، چونکە وەرچەرخان و گۆڕان لە کانیاوی ڕوونی خودی مرۆڤ خۆیەوە هەڵدەزیپێ. هەر بۆیەشە دەبێ خۆمان خۆمان بگۆڕین، نەک بە هەوا و هەوەسی خەڵکانی تر ئەو گۆڕانە بێتەدی. خۆ ناپێواریش نییە پشە پایزە و توێکڵی سووک و پووچ بەهیچ کلۆجێ، جێی کاکڵ و جەوهەری خاراو ناگرێتەوە. ئەو جەوهەرەش تەنیا بە متمانە بەخۆکردن و بە بووژاندنەوەی ناخی پڕ لە زایەڵەی ئەو مرۆڤەی کە ڕەگوماکی لەم خاکە خاسەڕەنگە داکوتاوە سەرهەڵدەدا.. ئەوساش هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک نامێنێ و دەبا درەختی سایەبانی گۆرانی و ئاوازمان سەدان سەد لق و شالق و پژوپۆ بگرێ. مێوەی تامسارو کرمۆڵ و زۆڵەکیش بۆ ئەو دیوی دڕکەزی پەرژینەوە.